مسعود بارزانی

# بارزانی

# و

# بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد

بەرگی سێیەم - بەشی یەکەم

**شۆڕشی ئەیلوول ۱۹٦۱ - ۱۹۷٥**

وەرگێڕان و پێداچوونەوە و ئامادەکردنی
چاپی کوردیی ئەم کتێبە
لەلایەن لیژنەیەکەوە کراوە

پێشکێشە بە:
- قارەمانانی شۆڕشی ئەیلوول
- شەهیدانی ئازادی لە هەموو شوێنێک

خوا شایەتە من ڕکم لە شەڕ دەبێتەوە. شەڕ نالەبارترین شێوازی چارەسەری هەر کێشەیەکە. بەڵام بەعس ڕێگەیەکی تری بۆ نەهێشتینەوە. پێشنیازەکەشیان، لەوە بەولاوە کە وازیان بۆ لە کەرکووک و ناوچەکانی تر بهێنین، هیچ واتایەکی تری نییە، ئەمەشیان مەحاڵە. ئەگەر لە نێوچەوانمان نووسرابێ هەموو لە ناوبچین، با بە بەرەوپیری ئەم چارەنووسەوە بڕۆین. من ئەوەم لا ناخۆشە کورد بێن تف لە گۆڕەکەم بکەن و بڵێن: بۆچی کەرکووکت فرۆشت؟

بارزانی - ١٩٧٤

# ناوەڕۆک

**پێشەکی** ........................................ ١١

**بەشی یەکەم** ........................................ ٢٩

ماوەی خۆئامادەکردن و بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١. کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندی. بارودۆخی خێڵەکایەتی. مانگرتنەکەی شەشی ئەیلوول. ڕۆڵی پۆلیسی کورد. بەرپابوونی شۆڕش (١١ی ئەیلوولی ١٩٦١). شەڕە گەورەکەی بارزان. هەڵکوتانەسەر بارزان. گەیشتنی عومەر مستەفا (دەبابە) و عەلی عەبدوڵلا بۆ بارزان. وەستانی شەڕ و دەست پێکردنی گفتوگۆ. چوونی شێخ ئەحمەدی بارزان بۆ بەغدا. نەخشەکەی بەدرەدین عەلی بەهاوکاری لەگەڵ هەندێ جاشاندا. لێبووردنێک لە عەبدولکەریم قاسمەوە. کۆبوونەوەیەک لە گوندی سەیدان. بزووتن بەرەو ناوچەی نێروە. بەرەو خێڵی بەرواریی باڵا.

**بەشی دووەم** ........................................ ٥٣

زستانی ١٩٦١ – ١٩٦٢. هەڵوێستی خێڵەکانی تر. شەڕی زاویتە.

**بەشی سێیەم** ........................................ ٦١

یەکەمین گفتوگۆ و پیلانگێڕی. کەوتنەڕێ بەرەو ناوچەکانی بەرواریی ژێری، مزووریی ژێری و ئاکرێ. ڕێکخستنی کارگێڕیەتی و سەرپەرشتیی لەشکری و حزبایەتی لە بادینان. چوونم بۆ ناو شۆڕش. هاتنی مەحموود کاوانی بۆ لای بارزانی.

**بەشی چوارەم** ........................................ ٧٣

سۆران پاش بادینان. بەرەو ناوچەی باڵەک. گەمارۆدانی قەڵای ڕایات. پێکدادانی تر لەگەڵ چڵکاوخۆراندا. بەرەو خۆشناوەتی. لە بارەی هەڵوێستی ئەندامانی پارتییەوە. گەڕانەوە بۆ گفتوگۆ: هەوڵێکی تازە.

**بەشی پێنجەم** ........................................ ٨٧

١٩٦٢ ساڵی سەرکەوتنە گرینگەکان. هەوڵدانی حکوومەت بۆ گرتنەوەی هەندێ شوێن. کردەوەکەی عەین زالە. بارودۆخ لە زستانی ١٩٦٢ – ١٩٦٣دا، دەست پێشخەرییەکی لێبڕاوانە. بەرەو قەڵادزێ ١٩٦٣.

**بەشی شەشەم** ........................................................ ١٠١

کودێتای ٨ی شوبات. دەست پێکردنی گفتوگۆ لە نێوان پارتی و ڕژێمی تازەدا. کۆنگرەی کۆیە. بەیاننامەی ژمارە ١٣ بۆ قەلاچۆکردنی شیوعییەکان. پێکهاتەکانی حەرەسی قەومی. مەکتەبی لێکۆڵینەوەی تایبەت. دوارۆژەکانی گفتوگۆ. خراپبوونی بارودۆخەکان. خۆئامادەکردن بۆ داکۆکی لە کوردستان. گوندی سرێشمە. دەست پێکردنی شەڕ. شەڕە سەرەکییەکان. شەڕی سەری ئاکرێ. شەڕ لە پیرس. شەڕی هەیبەت سوڵتان. شەڕ لە سپیلک. هێرش بۆ سەر بارزان بەفیرقەی یەک و فیرقەی دوو. شەڕ لە مەتین. داوای شەڕ وەستاندن. هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی. بارزانی دەگوازێتەوە بۆ ناوچەی باڵەک. هێرشی ڕژێم بۆ سەر چەمی ڕێزان.

**بەشی حەوتەم** ........................................................ ١٥٣

کودێتای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣. ڕژێمی نوێ داوای گفتوگۆ لەگەڵ شۆڕشدا دەکات. گەیشتنی وەفدەکە بۆ ڕانیە. سەردانە حکوومەتییەکان لە بارزانی.

**بەشی هەشتەم** ........................................................ ١٦٥

دوولەتبوونەکەی ١٩٦٤. کۆنفرانسی ماوەت. ناوبژیوانیی هەندێک کەسایەتیی کورد. پێوەندی کردنی ئێران بە بارزانییەوە. کۆنگرەی شەشەم. لە ماوەت-ەوە بۆ هەمەدان. بەرەو هەمەدان. ڕێکخستنی پارتی و سوپای شۆڕش. یاداشتێک بۆ سەرکۆمار و ئەنجوومەنی وەزیران. دەست لەکار کێشانەوەی وەزارەتی تاهیر یەحیا.

**بەشی نۆیەم** ........................................................ ١٩١

ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٦٥ . گرینگترین شەڕەکانی ساڵی ١٩٦٥، شەڕی سەفین. شەڕەکانی پیرەمەگروون. شەڕەکانی قەرەداغ. شەڕەکانی ئەزمڕ و چوارتا. شەڕی زینەتیر. کردەوەگەلەکەی زەنبوور. شەڕە گەورەکانی بەرەی ڕەواندز. سەعاتی سفر. کاردانەوەیەکی دڕندانە. شەڕی کێوەڕەش. گەڕانەوەی تاخمەکەی ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسی بۆ کوردستان. هاتنی مەحموود بابان. گواستنەوەی بارزانی بۆ ناوچەی پێنجوین. ناکۆکی لە نێوان سەرانی ڕژێمدا.

**بەشی دەیەم** ........................................................ ٢١١

پێوەندییەکانی تاخمی مەکتەبی سیاسیی کۆن بەڕژێمەوە. نەخشەی (توکلتُ علی الله). قۆناغی جێبەجێ کردن. ڕۆڵی جاشەکانی ٦٦ لە پلانی (توکلتُ علی الله)دا.

بەیانی ٢٩ی حوزەیران. بارودۆخ لە ماوەی نێوان بەیانی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦و کودێتای ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨دا. سەرکۆمار لە سەردانی بارزانیدا. کۆنگرەی حەوتەم. دەزگای پاراستن (ئیستیخباراتی شۆڕش). ئیدریس سەر لە بەغدا دەدا و، ئینجا سەردانی من بۆ بەغدا. کۆنگرەیەکی سەربازی لە کانی سماق.

**بەشی یازدەیەم** ........ ٢٣٩

شەڕی ١٩٦٧ی نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتە عەرەبەکان. سەردانی سەرۆکی وەزیران لە بارزانی. بارزانی ڕوو دەکاتە سلێمانی بۆ لێدانی جاشەکانی شەست و شەش. خافڵکوژیی کادیرانی پارتی لە هەولێر. دزێوبوونی بارودۆخ لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٨دا. کوژرانی شێخ حەنەشی سەرۆک فورسان. عەزیز شەریف نامەکانی بارزانی دەگەیەنێ.

**بەشی دوازدەم** ........ ٢٥١

دوو کودێتاکەی ١٧ و ٣٠ی تەمووز. داستانێکی تر لە قەرەداغ. پێشنیازی نەخشەیەک بۆ دەست بەسەرداگرتنی سپیلک و ڕەواندز. کۆچی دوایی شێخ ئەحمەد. لێدانی نەوتی کەرکووک (بابەگوڕگوڕ).

**پاشبەندەکان** ........ ٢٦٣

**بەشی یەکەم** ........ ٢٦٩

ئەو بەڵگەنامانەی لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا ئاماژەیان بۆ کراوە .

**بەشی دووەم** ........ ٤١٣

نامە و یاداشتی تر بۆ بارزانی و وەڵامەکانیان لە بۆنەی جیاجیادا کە لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا ئاماژەیان بۆ نەکراوە .

# سوپاس و پێزانین

کاتێک کە چاپی عارەبیی ئەم کتێبەم بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاوکردەوە دەمزانی کەوا رەنگە لە هەندێک جێدا هەڵە و کەموکورتی یان لەبیرچوون روویان دابێ بەتایبەتی لە بارەی مێژووی رووداوەکان یان ناوی ئەو کەس و شوێنانەی لە کتێبەکەدا هاتوون، ئەوەبوو لە پێشەکیی ئەو چاپە عارەبییەدا داوام لە خوێنەران بەتایبەتی ئەوانەی لەناو یان لە نێزیکی رووداوەکانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا ژیاون، لە هەر کوێ کەموکورتی یان بەهەڵەچوونێکیان سەرنج دا، ئاگەدارم بکەنەوە تا منیش لە چاپە داهاتووەکاندا سوودیان لێ وەربگرم.

لێرەدا دەمەوێ سوپاسی ئەو بەرێزانە بکەم کە نامەیان بۆ نووسیوم و رەخنەیان لێ گرتووم، لە راستیدا منیش ژمارەیەکی باشی ئەو سەرنج و رەخنانەم رەچاو کردووە و، لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا بەپێی پێویست راستم کردوونەتەوە.

جارێکی تریش سوپاسیان دەکەم و هیوادارم هەموو لایەکیان سەرکەوتووبن.

مسعود بارزانی

# پێشەکی

نووسینەوەی ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلوولم زۆر لا ئاسانتر بوو لەوەی لە (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد)دا نووسیومە، چونکە خۆم هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەو شۆڕشەدا ژیاوم و لە ناوەندی بڕیار دروستکردن و دەزگا شادەمارەکانیەوە نێزیک بووم، پاشانیش بووم بەبەشێک لەو ناوەندە.

لە لایەکی تریشەوە، خۆم بەپاراستنی ئەرشیڤە گەورەکەی دۆکۆمێنت و بەڵگەنامەکانی شۆڕشەوە خەریک کردبوو کە ئەو ئەرشیڤە ئەو مایە بنەڕەتییەیە هەموو لێتوێژەوەیەک پێویستی پێیەتی و، هەر کەسێ بیەوێ خۆی بەڕووداوێکی مێژوویی پڕ بایەخی واوە خەریک بکا ناتوانێ لێی دەسبەردار ببێ. بەهۆی ئەمەوە زۆر بەپێویستم دەزانی ئەو زانیارییانەی لەیادمن و ئەو سەرنجانەی نووسیومەتەوە و ئەو دۆکۆمێنت و بەڵگەنامانەی پاراستوومن و نەمهێشتووە لەناوبچن، بەشێکی دەست لێ هەڵنەگیراو و پشتگوێ نەخراوبن لەو گشتە بابەتانەی لەبارەی شۆڕشی ئەیلوولەوە نووسراون.

مێژووی ڕاستینەی هەڵگیرسانی شۆڕش ڕۆژی ٩ی ئەیلوولی ١٩٦١ بوو کە ئەو ڕۆژە لەشکری عێراق لە زۆر ناوچەدا هێرشی هێنایە سەر هێزەکانی کورد، هێزەکانی کوردیش زاخۆیان لەو ڕۆژەدا ئازاد کرد، بەڵام ١١ی ئەیلوول بەمێژووی ڕەسمیی هەڵگیرسانی شۆڕش دانرا چونکە باڵەفڕە جەنگییەکانی عێراق لەو ڕۆژەدا لە ئاسمانی کوردستاندا بەدەرکەوتن و دەستیان دایە بۆردمانکردنی ناوچەگەلێکی بەربڵاو کە چەندین گوند و شارۆچکەیان دەگرتەوە بەتایبەتی دێهاتە پرژ و بڵاوەکانی ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگەی کەرکووک - سلێمانی و، گوندەکانی دەوروبەری ئەستێڵی دووکان کە دەکەونە دۆڵی خەلەکانەوە.

من هیچ نکووڵیم لەوە نییە کە عەبدولکەریم قاسم زۆری نەخایاند لە ڕاستەڕێ لای دا و دەستی دایە دوژمنایەتیی گەلی کورد و، مافە ڕەواکانی پشتگوێ خست، بەڵام بەهیچ جۆرێکیش ئینساف و دادپەروەرانە نییە هەموو ئەو تاوان و بەدڕەفتارییانەی لە ماوەی شۆڕشدا دەرهەق بەشۆڕشی کورد و گەلی کورد کران، هەمووی بدەینە پاڵ ئەو و بیخەینە ئەستۆی ئەو، چونکە دوو بەرە هەن ئەو بەرپرسییەیان بەهاوبەشی دەکەوێتە ئەستۆ. منیش

پێویستە لەسەرم و دان بەوە دابنێم زۆر جار حەکیمانە و دووربینانە مامەڵەمان لەگەڵ عەبدولکەریم و ڕێژیمەکەیدا نەدەکرد، بگرە هەڵەشەیی و سەرەڕۆیی پێوە دیاربوو و، ئەو مەترسییانەمان ڕەچاو نەدەکرت کە حکومڕانی و ڕێژیمی عەبدولکەریمیان دەخستە مەترسییەوە. ئێمە هەندێ جار وا دەجوولاینەوە کە بۆ خۆمان دەوڵەتێک بین لە چوارچێوەی دەوڵەتدا، ئەوەش ئەبوو بەمایەی دڵەکوتە و لێکدانەوە و ترس و لەرزی عەبدولکەریم لە چارەنووسی بەر هەڕەشەکەوتووی یەکەتیی نیشتمانیی عێراق. بەمەش بیانوویەکی بەهێزمان دایە شۆڤێنییە هەلپەرستەکانی دەوروپشتی ئەو کە هیچ دڵسۆزی و لایەنگیرییان بۆی نەبوو و، زۆرترین ڕادەی کینە و بوغزیان بەجۆرێکی تایبەتی بەرامبەر گەلی کورد و ئاواتە نەتەوەییەکانی لە دڵدا بوو. ئیتر بۆ خۆیان کەڵکیان لەو بیانووە وەرگرت و لەو هەوڵ و تەقەلایەدا سەرکەوتن کە دەیاندا بۆ ئەوەی ڕای کێشن بۆ ناو سەنگەری خۆیان و، دیوارێکی شک و بەدگومانییان لە نێوان ئەو و مەلا مستەفای بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و گەلی کورددا، بەمەبەستی تەراخستنی لە دۆست و لایەنگرەکانی و جوێکردنەوەی لێیان، دروست کرد، تا بتوانن بەئاسانی پیلان بۆ عەبدولکەریم سازکەن و لای بەن و بیرووخێنن و ئەو کودێتایە بکەن کە خۆی و ڕێژیمەکەشی بەجارێ لەناو برد. من بۆ خۆم لام وایە زۆر دوور بوو ئەو کودێتایە سەربکەوێ ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانیی سەرۆکی پارتی لە پاڵ عەبدولکەریمدا مابوونایە، لێرەدا نابێ بەرپرسیی حزبە سیاسییە گەورەکانیش لە وەرسووڕانی قاسمدا پشتگوێ بخەم. هیچ شایەن نەبوو بۆ شیووعی و پارتییەکان بەدوورخستنەوەی خۆیان لە قاسم، مەیدان بۆ نەتەوەچییە شۆڤێنییەکان چۆڵ بکەن و ئەو بۆشاییە سیاسییە جێ بهێڵن کە پیلانگێڕەکان بێن پڕی بکەنەوە و ئازادانە پیلان و فڕوفێڵی خۆیان بهۆننەوە و تاخم و دەستەبەشەکانی خۆیان یەک بخەن کە سەرەنجام توانییان عەبدولکەریم لەناوببەن.

مەسەلەکە هەر چۆن بووبێ، شۆڕشی ئەیلوول هەڵگیرسا کە بێگومان گەورەترین شۆڕشی گەلی کوردە بەدرێژاییی ئەو ئازار و ژانە مێژووییەی چەشتوویەتی و دەیچێژێ، بەڕاستیش ئەم شۆڕشە دایکی هەموو شۆڕشەکانیەتی چونکە نەخشەی ڕێڕەوێکی مێژوویی نوێی بۆ گەلی کورد کێشا و خەباتی ئەم گەلەی گواستەوە بۆ قۆناغێکی مێژوویی وا کە لەوەوپێش شتی وای بەخۆیەوە نەدیبوو، یا بەواتەیەکی شایەنتر ئەم شۆڕشە سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ نووسینی مێژوویەکی تازە بۆ گەلی کورد، چونکە پاڵی

بەمەسەلەی کوردەوە نا بۆ ئاسۆیەکی بەربلاو و، خستیە بەردەم کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان. هەروەها ئەم شۆڕشە، لە سۆنگەی ئەوەی کە سەرانسەری کوردستانی عێراقی گرتەوە و پشتیوانیی بێ سنووری گەلی کوردی لە دەرەوەی سنووری عێراقیشدا وەدەست هێنا و شۆڕشێکی تەنیا ناوچەیی نەبوو، لەناو گشت شۆڕشە ناوخۆییەکانی ئەم گەلەدا، تاقانە بوو. گەورەترین سەرکەوتنێ ئەم شۆڕشە بەدەستی هێنابێ، بەلای منەوە، ئەوەبوو بۆچوون و هۆشیاریی نەتەوەیی و بیروباوەڕی دیموکراتیی لەناو هەموو توێژاڵەکانی گەلی کورددا، هەر لە زاخۆوە تا خانەقین، بلاو کردەوە. یەکێ لە ئەنجامەکانی ئەم شۆڕشە ئەوەبوو متمانەبەخۆییی لەناو خەڵکی کورددا بلاو کردەوە و ئاواتێکی هێنایەدی کە دەمێ ساڵ بوو ڕۆشنبیران و نیشتمانپەروەرانی کورد چاویان تێ بڕیبوو ئەویش برێتی بوو لە یەکدەنگی و بواردنی داوونەریت و گوێ بەفەرمانییە ئاساییەکانی لەوەوپێش. شۆڕش بازی بەسەر هەموو دەمانەدا دا و، بەتوندی و خۆڕاگری و بیرتیژی و وێڵ و کەماڵ و هەنگاو هەڵهێنانەوە و، شارەزاییی بەربلاوی بارزانی لە کاروباری گەلەکەی و لایەنەکانی هێز و کەلەبەرەکانی لاوازیی ئەم گەلەدا، لەو داوونەریت و سەر بەم و بەویانەی جاران پەڕییەوە و ئەوانەی هەموو خستنە لاوە. وەنەبێ من پەردەم لە ڕووی نهێنییەک هەڵمالیبێ ئەگەر بڵێم ئەم شۆڕشە لە بارودۆخێکی لە هەموو سەرێکەوە ناباردا هەڵگیرسا، چونکە نە توانی مایەیی و نە توانی واتایی بۆ سەرکردایەتییەکەی نەڕەخسابوو کە ئەم کارەی پێ بەرێوە ببات. هۆشیاریی نەتەوەیی لەو سەردەمەدا هێشتا ساوایەکی تازە هاتووە دنیاوەبوو، پێویستیی بەپێگەیشتن و لە خەم ڕەخسین و هێز و توانی ئەوتۆ بوو کە یارمەتیی بدا بۆ دەربازبوون لە داوی سەر بەم خێڵ و بەو خێڵی کە ئەو ڕۆژە بۆ خۆی دەسڕۆیشتووی مەیدان بوو. هەروەها گەلی کوردیش فێری هەڵگرتنی باری تەوژمی حکوومەت و جەنگی بەدەرەتان نەبووبوو، بەو هەموو سەختیی ئازار و ژان و مەترسییەوە کە ئەم جەنگە هەیەتی و، بەو هەموو ئەرک و نەداراییی و قوربانیدانەوە کە بەسەر گەلیدا دەسەپێنێ. بۆیە دەماندی بەشێکی پڕ بایەخی پیاوە چەکهەڵگرەکانی گەل دەچوونە پاڵ حکوومەت و، لایەنگریی خۆیانیان پێشان دەدا کە ئامادەن بچنە پاڵ هێزەکانی دژی شۆڕش. ئەمانەش ئەوانەن ناوی (جاش)یان لێ نراوە کە واتاکەی بۆ خوێنەر شاراوە نییە، ناوەکە پێیانەوە نووسا و بەهیچ کلۆجێ نەیاندەتوانی لێی ڕزگار بن یا پاکانەی لێ بکەن. حکوومەت، لە سەرەتادا، ئەمانەی وەک قەڵغانێکی پارێزگار لە پێشی هێزە سوپاییەکانی تری خۆیەوە دادەنا و، هەمیشە دەماندین وەک پێشقەرەوڵ لە

پێشی هێزە هێرش هاوەرەکانی سوپاوەن. بایەخ و مەترسیی ئەم جاشانە لە باری خۆیی و پێکهاتی ئەو سەردەمەی سوپای عێراقەوە دیاری دەدا کە سوپایەکی لاوازی بێهێزی متمانە بەخۆنەکردوو بوو، ناکۆکی و چەند بەرەیی و حەز لێک نەکردن و سەر بەم لایەنی و بەو لایەنی لەناوخۆیا دای ڕزاندبوو و، کێشەی ئایدیۆلۆجی و بیروباوەڕیی نێوان ئەفسەرەکانی و، هەرا و ئاژاوە و خۆش لە یەکتر نەهاتنی نێوان سەرکردایەتییەکانیان کردبوونی بەچەند پارچەوە. لێرەدا، لەسەرخۆمی بەپێویست دەزانم بەجەختەوە بڵێم ئەم سوپایە هەر لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەکانیدا لەگەڵ پێشمەرگە، دەبوو بەنێچیرێکی نەرمەقووت بۆ جەنگاوەرەکانی ئێمە و، بەسەریەکدا تێک دەشکێنرا ئەگەر ئەو جاشە چڵکاوخۆرانە نەبوونایە. هەروەها دەبێ بەداخیشەوە دان بەوە دابنێم کەوا ئەو جاشانە ڕۆڵێکی سەرەکییان لەوەدا دی کە نەیانهێشت پێشمەرگە لە سەرەتادا بەخۆڕاگرییان و جەنگینی بەڕاستییان سەرکەوتنی بنەبڕ و کاریگەر وەدەست بهێنن.

بەڵام زۆری نەبرد بەهۆی خۆڕاگریی پێشمەرگە و ڕیشەی خۆ قایمکردنی شۆڕشەوە بارودۆخەکە گۆڕا. جاشەکان کە لەوانەشە هەستیان بەوە کردبێ سوپا خراپ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکا و بەچاوی سووک بۆیان دەڕوانێ، جاروباریش بەهۆی ئەوەوە کە دەروونیان بێدار دەبووەوە، وایان لێ هات تێ دەگەیشتن ئەو کارەی دەیکەن کارێکە لە دژی بەرژەوەندی نیشتمان و بگرە لە ئەنجامدا و درەنگ وەخت دژی بەرژەوەندی خۆشیانە. بەڵام ئەم بێداربوونەیان درەنگی پێ چوو. تا ئەوان وردە وردە کەوتنە خاوبوونەوە و گەرم و گوڕییەکەی جارانیان نەما و ئەو دڵسۆزییەی بۆ حکوومەتیان بەو جۆرە نەمایەوە و، ئەو پاڵەپەستۆیەی جاران دەیانخستە سەر هێزەکانی شۆڕش کزبوو، ئیتر سوپای عێراق گەلێ شتیان لێوە فێربووبوو تا تاکتیکی وەک ئەوان بگرێتەبەر و بەشێوەکەی ئەوان بجووڵێتەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە چەکی تازەی زۆریشی بۆ هاتبوو، تا کار گەیشتە ڕادەیەک لەشکری حکوومەت وەک سەگی ڕاوپێکردن بەکاری دەهێنان و تاخمی کەم کەمی لێیان لە پێش سوپاکەیەوە دەنارد بۆ ئەوەی ئەو شوێنانەی بۆ بدۆزنەوە کە پێشمەرگە خۆیانیان تێدا قایم کردبوو، ئینجا باڵەفڕەکانی دەناردنە سەریان و بۆردمانیان دەکردن یا دەیاندانە بەر تۆپی دوورهاوێژ تا پێشمەرگە لەو شوێنانە هەڵکەنن، ئەنجا لەشکر هێرش بەرێ بۆ گرتنی ئەو شوێنانە. ئەرکی سەرشانی جاشەکان لە دوا قۆناغەکانی جەنگدا بووبوو بەمە و، ئەمەمان لەم کتێبەدا بەدرێژی لێک داوەتەوە و نموونەی ڕووداوی ئەم کردارانەمان گێڕاوەتەوە.

ئەگەر لە ڕووی کاروباری دەرەوەشەوە سەیر بکەین، شۆڕشی ئەیلوولی کورد یەکێک بوو لە نێچیر و قوربانییەکانی جەنگی سارد.

ئەو جەنگی ساردەی لە پاش جەنگی دووەمی جیهانەوە لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، یان بەواتایەکی وردتر لە نێوان گەورەترین دوو دەوڵەتی جیهان بەقەوارە و بەهێز: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکەتیی سۆڤیەتدا هەڵگیرسا، مەینەت و دەرد و ئازارێکی زۆری بەسەر گەلانی چەوساوەدا هێنا کە گەلی کورد، بێ قسە، لە ڕیزی پێشەوەی ئەو گەلانە بوو. جەنگی سارد دەرگەی ڕووتاندنەوە و تاڵان و چەپاوکردنی لەسەر حیسابی گەلی کورد بۆ ئەو دەوڵەتانە خستە سەر پشت کە کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردبوو. ئەم دەوڵەتانە کەڵکیان لە کێشەی گەرمی نێوان ئەم دوو هێزە وەردەگرت بۆ دەستدرێژی کردنە سەر گەلی کورد و، دان نەنان بەمافەکانیدا و ڕاوەدوونانی ڕێکخراوە نیشتمانییەکانی، بێ ترس لە هیچ جۆرە دەست تێوەردانێکی دەرەوە یا لە هەر جۆرە هەوڵێک بۆ لەسەرکردنەوە و هاتنەدەنگ لە هیچ ڕادە و پلەیەکدا، لەلایەن هیچ یەکێ لەلاکانی ئەو جەنگە ساردەوە، لەو جەور و ستەمەی لەو گەلە دەکرا. بیانووشیان لەم بێدەنگییە و لەم کڕوکپ وەستانەیاندا ئەوەبوو کە پرسی کورد پرسێکی ناوخۆییە و چارەکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەوڵەتانەی پێوەندییان پێوەیە و، هیچ هێزێکی دەرەکی مافی ئەوەی نییە دەستی تێ وەردا، یا هەوڵی ئەوە بدا بیگوێزێتەوە بۆ ئاستی نێودەوڵەتان و وەک گیروگرفتێک بیخاتە بەردەم دەستە و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان لەو ڕووەی کە پرسی گەلێکە نکوڵی لە پێناسەی نەتەوەیی و مافی چارەی خۆنووسینی کراوە.

هەڵکەوت وابوو شۆڕشی ئەیلوول لە سەردەمێکدا بەرپابوو توندوتیژیی کێشەی جەنگی سارد گەیشتبووە چڵەپۆپەی. بەهۆی ئەمەوە شۆڕش لەبارەی پێوەندیی نێودەوڵەتییەوە تووشی نیمچە تەراکەوتنێ هاتبوو و هەموو لایەک پشتگوێیان خست. لایەنەکانی کێشەکە لەم جەنگەدا لە هەموو کاروبارێکی نێودەوڵەتیدا لێک جوێ بوون، بەڵام لەوەدا هاودەنگ بوون کە هیچ لایەکیان دەست لە پرسی کورد وەرنەدا. نەمانی جەنگی ساردیش گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەر بارودۆخەکەدا نەهێنا کە هەستی پێ بکرێ و، وەزعەکە هەروەک خۆی مایەوە. خۆ ئەگەر جۆرە خۆپێشاندانێکیش لەلایەن دەوڵەتێکی ناوچەکەوە بووبێ کە گوایە سۆزی دڵی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردە تا ڕادەیەک کە دەستی یارمەتیی بۆ درێژ بکا، ئەوە بۆ ئەوەبووە خۆی لێ نێزیک بخاتەوە و، پاشان کوتەکێکی تێ سرەوێنێ وەک کە

شای ئێران کردی.

یەکێ لە ئەنجامەکانی کێشەی سەخت و دڕندانەی ماوەی جەنگی سارد ئەوەبوو نەیهێشت بیروبۆچوونی دیموکراسی لە جیهاندا بڵاوببێتەوە و، ڕێی بۆ بەرپابوونی ڕێژیمگەلێکی دیکتاتۆری و ملهوڕانەی وا چۆڵ کرد کە بەهیچ کلۆجێ لەگەڵ بنەما و سەرەتاکانی دیموکراسیدا نەکەونەیەک. هەردوولاکەی جەنگی سارد لەم تاوانە نێودەوڵەتییەدا هاوبەش بوون، چونکە هیچ لایەکیان مەبەستیان نەبوو ڕێژیمی حوکمڕانی لە وڵاتێکدا چۆنە و چۆن نییە هەر ئەوەندە ئەو وڵاتە سەر بەخۆیان بێ. ئەنجامی ئەمەش ئەوەبوو زۆر ڕێژیمی دیموکراتی لە ڕێگەی کودێتای بەزۆر بەرپاکراوەوە قڵپ کرانەوە و حکوومەتگەلی وا لەو وڵاتانەدا هاتنە ڕووی کار، گوێ بەهیچ پێرەوێکی دیموکراتی نەدەن و، ببن بەکۆسپ لە ڕێی هەر چالاکییەکی نێودەوڵەتیدا کە لە بواری مافی مرۆڤ و جێگیرکردنی ئازادیدا بنوێنرێ. ئەمانەش کۆسپی سەخت بوون لە ڕێی شۆڕشی ئەیلوولدا کە ئایدیا و سەرەتایەکی دیموکراتییانەی ڕەسەن و سیمایەکی مرۆڤییانەی هەبوو. بەڵام شۆڕشی ئەیلوول، لەگەڵ ئەمەشدا، توانیی لەو جەنگی ساردەدا خۆی لە ئەنجامەکانی ببوێرێ و بژی و بەهێز ببێ و، ڕیشە لە خاکی پاکی نیشتماندا داکوتێ و، ڕێ نەدا باوەڕی بەخۆی لەق ببێ و، بەهەر جۆرێ لە دەرفەتیدا بێ تێ بکۆشێ خۆی بەکۆمەڵگەی دەوڵەتان بناسێنێ و هێزی خۆی -کە لە ئامادەیی گەلی کوردەوە بۆ گەورەترین قوربانیدان و پشت بەبەربڵاوترین بنکەی گەلێری کە چینی جووتیارانە، هەڵقوڵابوو- پتەوتر و، عەزمی خۆی بەتینتر بکا. جووتیارانی کوردستان، لە ڕاستیدا، هەمیشە سووتەمەنیی شۆڕش و، بڕبڕەپشتی پێشمەرگە ئەوان بوون، لەسەر لاشەی پیرۆزی ئەوان بوو کۆشکی شۆڕش بیناکرا و، ئەوان بوون بەخوێنی ئاڵی خۆیان داری شۆڕشیان ئاو دا تا هاتە بەر. سەرجەمی گەلی کورد قەرزارباری جووتیارانی کوردستانە.

شۆڕشی ئەیلوول گوێی نەدایە ئەوەی کە جەنگی سارد چ کۆسپ و تەگەرە و بەربەستێک دێنێتە ڕێ، هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی خۆی و ئامانجەکانی و ستەمدیدەییی گەلی کورد و ڕاستی و دروستیی خواستەکانی و، ئەو هۆیانەی ناچاری چەکهەڵگرتنیان کردبوو بەجیهان بناسێنێ و، بەشێوەیەکی تایبەتی بایەخێکی فرەی بەگۆڕەپانی عارەبان دا. زۆرم پێ ناخۆشە کە دەڵێم: بەداخەوە ئەو گوێ بۆ شلکردنەی شۆڕش هەوڵی بۆ دەدا، نە لەلایەن دەوڵەتان و نە لەلایەن ڕێژیمەکانی عارەب و نە لەلایەن هۆیەکانی ڕاگەیاندن و خاوەنبیرانی عارەبەوەی نەدی، بگرە هەندێکیشیان هەڵوێستی شک و گومان و سڵ لێکردنەوە و

تەنانەت دوژمنانەشیان لە ئاستیدا گرتەبەر. هەڵوێستی هەموو ئەم لایەنە عارەبانە مایەی نائومێدی بوون بۆ کورد، لە کاتێکدا کە ئێمە هیوای زۆرمان پێیان هەبوو و چاوەڕێی زۆرمان لێ دەکردن، ئێمە چاوەڕوان بووین هەر هیچ نەبێ لە دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا و هۆبەکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا، زیاتر بەدەنگمانەوە بێن و گوێمان بۆ شل بکەن.

بەڵام خۆڕاگرتن و پایە لەق نەبوونی شۆڕش و گواستنەوەی لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر و، دارمانی یەک لە دوای یەکی ڕێژیم و حکوومەتەکانی عێراق بەهۆی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی شۆڕشەوە، ئەو لایەنانەی ناچار کرد لایێ بەلای شۆڕشدا بکەنەوە و تیشکێکی بهاوێنە سەر، کار گەیشتە ڕادەیەک شۆڕش لە بوارەکانی هاوکێشە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا حیسابی خۆی بۆ بکرێ تا ئەوەندەی ئەوانەی لە پێشاندا هەڵوێستی دوژمنانەیان لە ئاستیدا هەبوو ناچار بوون لە دوا قۆناغدا لێی نیزیک بکەونەوە و، بکەونە مامەڵە لەگەڵ کردنی.

سەرکردایەتیی شۆڕش کە «دیموکراسی بۆ عێراق و، ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان»ی کرد بەدروشمی ناوەندیی خۆی، واقیع بینانە و دووربینانە بیری دەکردەوە. ئەم دروشمە تێمان دەگەیەنێ کەوا گەلی کورد و شۆڕشی کورد چەند بایەخ بەهێنانەدیی حوکمڕانییەکی دیموکراتی بۆ عێراق دەدەن. هەر بەو جۆرەش سەرکردایەتیی گەلی کورد دەیزانی کەوا گیروگرفتی کورد لە عێراقدا چارەیەکی باش ناکرێ بەوە نەبێ کە حوکمڕانییەکی لەسەر دیموکراسی ڕاوەستاو بۆ وڵاتەکە بێتە دی.

لە بارەی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی جەنگیشەوە لە دژی هێزەکانی شۆڕش، جەنگەکە جەنگێکی بەربەری بوو، جیاوازیی لە نێوان منداڵی شیرەخۆرە و پیاوی جەنگاوەردا نەدەکرد و، هێزەکانی حکوومەت لە هیچ قۆناغێ لە قۆناغەکانی جەنگدا گوێیان نەدەدایە یاساکانی جەنگ کە کۆنگرەکانی جنێڤ و لاهای و گفت و پەیمانە نێودەوڵەتییەکانی تر لەبارەی بەڕێوەبردنی جەنگەوە مۆریان کردبوون. جەنگێ بوو بەتەواوی واتای وشەی تۆڵەسەندنەوە، جەنگی تۆڵەسەندنەوە بوو. ئەو پێشمەرگانەی بەدیل دەگیران زۆر جار دەستبەجێ هەر لەگەڵ بەدیل گیراندا دەکوژران و، جاری واش بووە خەڵکی شارستانی ناوچەکانی شۆڕش بەکۆمەڵ کوژراون و هەر بەکۆمەڵیش گۆڕکراون. حکوومەتەکانی عێراق هەر جۆرە چەکێکی لە نێودەوڵەتاندا قەدەغەیان دەسگیر بووبێ، هەر لە بۆمبای هێشووییەوە بیگرە تا دەگاتە بۆمبای سووتێنەکی ناپاڵم، هەموویان بەکارهێناون و

تێکڕای دانیشتوانی ناوچە ئازادکراوەکانیان بەشەرکەر داناوە و، جیاوازییان لە نێوان ژن و منداڵ و جەنگاوەراندا نەکردووە و، مەیدانی جەنگ و مزگەوت و بنکەی پێشمەرگەیان لە لووتکە بەرزەکانی چیاکان و، گوندە ئارامە دوور لە ناوچەکانی جەنگیان هەموو بەیەک چاو سەیر کردووە.

بەپێچەوانەی ئەمەوە، سەرکردایەتیی شۆڕش هەمیشە بەپێی ئەو بنەما و یاسایانە جووڵاوەتەوە کە پەیمان و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان بڕیاریان داون. هەرگیز دەستدرێژی نەکراوەتە سەر دیلێک. زۆر جار پەیامنێرە بێگانەکان سەرنجیان داوە کە لای ئێمە چ چاودێرییەکی دیل دەکرێ و، چەندی خۆراک بۆ پێشمەرگە خۆیان تەرخان دەکرێ ئەوەندەش بۆ دیل تەرخان دەکرێ، ئەم مامەڵەیە تەنانەت دیلی جاش و چڵکاوخۆرەکانیشی گرتووەتەوە کە بەهەموو بیروبۆچوون و سەنگ و ترازوویەک لە ڕیزی خائین و خۆفرۆشاندا دەژمێردرێن. لە کاتێکدا کە دوژمن هەرگیز سڵی لەوە نەکردووەتەوە کە تیرۆریست و وێرانکارەکانی خۆی بەنیازی ئاژاوەنانەوە و بڵاوکردنەوەی ترس و لەرز و بەمەبەستی کوشتنی سەرکردەکان بنێرێ بۆ ناوچەکانی شۆڕش، شۆڕش هەرگیز ڕێی هیچ کارێکی تۆڵەسەندنەوەی لە بەرامبەری ئەم کردارانەدا نەداوە و بەخەیاڵیدا نەهاتووە لە هیچ ناوچەیەکی عێراق یا دەرەوەی عێراقدا کارێکی تیرۆریستانە بکا، لە کاتێکدا کە ئەو جۆرە کارانەشی زۆر بۆ ئاسان بوو. شۆڕش هەمیشە مەبەستی ئەوەندە بووە تەنیا شوێنە سوپاییەکانی دوژمن بکا بەنیشانە بۆ لێدان و تێسرەواندنەکانی، لە هەمان کاتیشدا وریابووە نەهێڵێ پریشکی ئاگری جەنگ کەسانی شارستان بگرێتەوە کە ئەمەش کارێکی زەحمەتە چونکە بەشی زۆری گەلی کورد لە بارودۆخی داکۆکی لەخۆکردندابوو و لە بارودۆخی واشدا مرۆ زۆر بیر لەوە ناکاتەوە کێ دەپێکی و کێ ناپێکێ.

شۆڕش تا دواییش بەگوێرەی بنەما و پێڕەوەکانی جەنگ دەجووڵایەوە کە لە پەیمان و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکاندا بڕیار دراون و، هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان نەیهێشتووە جەنگ شێوەی جەنگی نێوان دوو گەلی عارەب و کورد بگرێتە خۆی، هەرچی ئەو هەوڵ و تەقەلایانە بووە کە بنووسان و شۆڤینی و داخ لەدڵەکان بۆ واپیشاندانی جەنگ داویانە کە جەنگێکە لە نێوان عارەب و کورددا، هەمووی بەهیچ دەرچوو و هیچ ئەنجامێکی نەبەخشی.

بەم بۆنەیەوە ئەوە نابوێرم کە دان بەوەدا بنێم هەندێ ڕەگەزی کوردی دەمارگرژیش

هەبوون هەوڵیان دەدا بیروبۆچوونی لەم چەشنەمان لە نێواندا بڵاوبکەنەوە کە گوایە ئەم شەڕە شەڕی عارەب و کوردە، ئەمەش لەو هەموو جەور و ستەم و جۆرەها چەوساندنەوەیە سەری هەڵدابوو کە گەلی کورد تووشی هاتبوو. ئەم جۆرە بیروبۆچوونە شتێ بوو سەرەنجام دەیکێشایەوە بۆ ئەوە کە شێوەیەکی دزێو بەخەباتمان ببەخشێ و، لە ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی وەری چەرخێنێ و سیمایەکی تۆڵەسێنانەی بداتێ. بەڵام ئێمە زۆر توند لە ڕووی ئەم هەوڵ و تەقەلایانەدا وەستاین و بەکرداری ڕۆژانەمان پووچەڵمان کردنەوە و، بەسەربەرزیی خۆمان ماینەوە و، شانازیمان بەوەوە دەکرد کە بەدەستمان هێنابوو.

لە نێوان ئەمە و ئەوەشدا، تۆ لە هەموو ئەو شتانەدا کە لە بارەی شۆڕشی ئەیلوولەوە نووسراون و تەنانەت ئەوەی بەخامەی دوژمنانیش نووسراوە، نووسراوێ نابینی تاقە کارێکی تیرۆریستیی لەخۆوە یا بەفەرمانی شۆڕش کراو بداتە پاڵ شۆڕش خۆی یا یەکێ لە پیاوانی شۆڕش، شۆڕش لە سەرەتایەوە تا بڕانەوەی هەر بەخاوێنیی خۆی مایەوە. لەمەوەبوو هەموو لایەنەکان قەدر و حورمەتیان لێ دەگرت و بەچاوی ڕێزەوە بۆیان دەڕوانی و، ئەوەتا ئێمە ئەمڕۆ بەروبوومی ئەم سیاسەت و هەڵوێستە دەڕنینەوە.

شۆڕشی ئەیلوول بنەمای پتەوی بۆ خەباتی دواڕۆژی گەلی کورد لە پێناوی ئازادیدا داڕشت. گەیشتن بەم ئامانجەش کارێکی ئاسان نەبوو، بگرە بەرهەمی ڕەنج و مەینەت و نارەحەتی و قوربانیدانێکی زۆربوو کە ویستوومە بەشێکی لەم کتێبەمدا بگێڕمەوە. بەرەی جەنگ زۆر بەرفراوان بوو، پێویستی دەکرد پێشمەرگە و سەرکردەکانیان مەودایەکی بەربڵاو و پانوپۆڕ لەناو چیا و عەردی ڕەقەنی بێ ڕێگەوباندا ببڕن تا بێ ئەوەی تۆزێ بحەسێنەوە و پشوویەک بدەن یەکسەر لەگەڵ دوژمندا بچنە کۆڕی جەنگەوە. ئێستە ساڵنامە تایبەتییەکەی بارزانیم لە بەردەستدایە کە هەمیشە پێی بوو، هاتوچۆ و ئەم لا و ئەولا کردنەکانی خۆی لە کاتی جەنگدا تێدا دەنووسییەوە، تیایدام خوێندووەتەوە لە ماوەی سێ مانگی دوایی ساڵی ١٩٦١ و سەرەتای ساڵی ١٩٦٢دا ٢٧ جار، جا یا بۆ بەڕێوەبردنی جەنگ یا بۆ خۆپاراستن لە پەلاماری ئاسمانی، لە شوێنێکەوە گواستوویەتیەوە بۆ شوێنێکی تر.

بەڵێ، لە ئاداری ١٩٧٥دا شۆڕشی کورد نسکۆیەکی هاتە ڕێ، بەڵام ڕاستییەک لە بارەی ئەم نسکۆیەوە هەیە ناتوانم لێرەدا پشتگوێی بخەم، ئەگەر بارزانی لە بارەی کەرکووکەوە خۆی بدایە بەدەستەوە و ڕازی بوایە کەرکووک لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدا

نەبێ کە بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمییان دیاری کردبوو، مەسەلەکە نەیدەکێشایەوە بۆ ڕوودانی ئەو نسکۆیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەرپرسیارییەکەی لەسەرشانی خۆی لانەدا و خۆی بە بەرپرس دانا و، هەروا ئیدریسی براشم بەئارەزووی خۆی بەرپرسیارەتیی بۆ خۆی قبووڵ کرد. بەم جۆرە ئەوان خۆیان کرد بەقەڵغان بۆ پاراستنی ئێمە لەو تیرە ژاراوییانەی نەک تەنیا بێگانە بگرە هەندێ لای سەرکردایەتیش لەوەپاش پێوەیان دەناین. مەبەستی ئەوانە ئەوەبوو خۆیان لە بەرپرسیارەتی دەربازکەن کە بەرپرسیارەتییەکەی بەکۆمەڵ بوو، هەموو یەکێکی لە ئەندامانی سەرکردایەتی دەگرتەوە.

شۆڕشی ئەیلوول لە ڕووی سوپاییەوە نەشکا، بگرە ئەوەی ڕووی دا ئەوەبوو لە ڕووی سیاسییەوە شکا. بەهۆی ئەو شکانە سیاسییەوە ئەو پەناگە بێ مەترسییەی هەمانبوو لە دەستمان دا و، دۆستەکانی دوێنێمان بوون بەدوژمنی ئەمڕۆمان.

ئەو کاتە من لەو کەسانە بووم ئەوەیان پێ باش بوو تا دوا کەس و دوا گوللە لە جەنگدا بەردەوام بین. ئەم هەڵوێستەی من هەڵوێستێکی سۆزپەروەرانەی ڕووت بوو، لە خوێن گەرمی و لە حیرسمەوە بۆ بەردەوامیی شۆڕش هاتبوو. من لە ڕاستیدا ئەوەم پێ باشتربوو ژیانم لە خاکی کوردستاندا بەکۆتا بێ نەک بڕۆم بۆ ئێران. بەڵام پاشان لە مەترسییەکانی ئەم زاڵبوونی سۆزە بەسەر عەقڵ و بیردا و، لە ڕاستی دووریی ئەو بڕیارانە گەیشتم کە لە سەرچاوەی سۆزەوە سەر هەڵدەدەن. بڕیاری لە سەرچاوەی سۆزەوە سەرهەڵداو زۆر جار مەترسیی گەورەی تێدا دەبێ، مەسەلەکەش هەر چۆن بێ، فەرمانی باوکم، بەش بەحاڵی من، دەرفەتی هیچ گفتوگۆ لەسەرکردنی تێدا نییە.

زۆر کەس وایان گومان دەبرد کە شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥دا گەیشتە کۆتایی خۆی. ئەمانە بەهەڵەدا چووبوون. لەوانەشە سەرچاوەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەوە هاتبێ کە نسکۆکە لە پڕ ڕووی دا و، چاوەڕوانی شتی وا نەدەکرا کە ئەمەش ڕێی لەوە گرت بەرنامە و نەخشە بۆ بەردەوامیی شۆڕش لە کاتی خۆیدا دابنرێ. بەڵام ئێمە لە ماوەیەکی کەمدا توانیمان بنەمای نوێ و نەخشەی کار دانێین و، بڕیاری پڕ بایەخ بۆ بەردەوامیی بزووتنەوەی چەکدار بدەینەوە. لەسەر ئەم بنەمایە چەندین مەفرەزەی چەکدارمان لە پێشمەرگە دێرینە دەرکەوتووەکانی جەنگەکانی لەوە پێشمان پێکەوەنا و، ئەم مەفرەزە چەکدارانە لەگەڵ ڕێکخراوە حزبییە ناوخۆییەکاندا لە سنوور پەڕینەوە و لە ٢٦ی ئایاری ١٩٧٦دا جاڕی هەڵگیرسانی شۆڕشێکی چەکداریان دا کە بەناوی (شۆڕشی گوڵان)ەوە

ناسراوە و، لە ڕاستیدا هەر درێژەکێشانی شۆڕشە پڕ شکۆکەی ئەیلوولە.

جەنگ دەستی پێ کردەوە و بێ وەستان بەردەوام بوو. پێشمەرگە هەروەک هەمیشە دیبوومانن، ئامادەبوون بۆ قوربانیدان و گیانی خۆ لە پێناوی کورد و کوردستاندا بەخت کردن و، چوونە کۆڕی جەنگ لە دژی دوژمنێکی چ لە بارەی ژمارەی سەر و چ لە بارەی چەک و ئازووخەوە لە هی پێش خۆی دەسڕۆییوتر و، بێ بەراورد لەوان دڕتر. تیپەکانی پێشمەرگە هەمیشە مەکۆکانی دوژمنیان دەکوتایەوە و، ڕێکخراوەکانی حزبیش، لەگەڵ ئەوەی کە حوکمڕانانی نوێ جۆرەها زەبروزەنگیان بەکار دەهێنا و، خەڵکیان بەکۆمەڵ دەکوشت و ڕایان دەگوێستنەوە، بەردەوام بیری جەماوەریان ڕوون دەکردەوە و ئامادەیان دەکردنەوە.

دیسانیش دەیڵێمەوە ئەوەتا ئێمە ئێستە بەری خۆڕاگریی ئەو تیپە تێکۆش و قارەمانانە دەڕنینەوە و، ئەنجامی ئەو بەربەرەکانێ سەخت و قوربانیدانە قەبانە دەدروویینەوە.

نیازی ئەوەم نییە شان لە بەرپرسیی نسکۆی ١٩٧٥ دەرکەم، من خۆم ئامادەم بۆ لە ئەستۆگرتنی هەرچی بەرپرسییەک دەکەوێتە ئەستۆی تەنیا بارزانی و ئیدریسی برام و خۆم. ئەوانی تریش دەبێ بەخۆیاندا بچنەوە و هیوام وایە بوێرن دان بەبەشە بەرپرسیی خۆیان لەم نسکۆیەدا بنێن. بەڵام، خواش شایەتی ڕاستیی ئەم قسەیەمە، هەرچیمان کردووە و هەر نەخشەیەکمان کێشاوە لە نیازپاکی و دڵسۆزیی بێ کۆتایی و نەبڕاوەمانەوە بووە بۆ پرسی گەلی کورد و لە پێناوی ئازادیی ئەودا. زۆر جاریش وا دەبێ مرۆ دەبێ بەقوربانیی بیروبۆچوونی خۆی و دڵسۆزی و دۆستایەتییەکانی، نەخوازەڵا کە باوەڕ بەڕاستگۆیی هەندێ لایەن و دەستە و دەوڵەت دەکا کە لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بەولاوە بایەخ بەهیچی تر نادەن و، سیاسەتیان جێگەی سەرەتا و بەها مرۆڤانی و ڕەوشتییەکانی تێدا نابێتەوە.

بارزانی هەرگیز شانی لەژێر بەرپرسی دەرنەکردووە و لێی هەڵنەهاتووە، هەرگیزیش لافی ئەوەی لێ نەداوە کە بێ گوناهە و نەکەوتووەتە هەڵەوە. ئەویش ئادەمیزادە و وەک هەر ئادەمیزادێکی تر لەوانەیە یا ڕاست هەنگاو هەڵبهێنێتەوە یا بکەوێتە هەڵەوە، بەڵام کەم جاریش دەکەوتە هەڵەوە. ئەمەش یەکێکە لە سروشتەکانی سەرکردەی ئیلهامدار. سادەیی و بێ فیزی، سروشتێکی بێ دەستکرد و بەسەرخۆدا نەهاوردووی ئەو بوو. هەرچەندیش کەسانێکی کەمی داخ لە دڵ و بەغیل و کینەوەر بیانەوێ تارمایی ڕەش و تاریک بهاوێنە

سـەر ڕۆڵی گـەورەی ئەو و، ژیانی خـەباتکارانەی ئەو لەکـەدار بکەن، ئەو هەمـیـشـە نیـشانەیەکی زیندووی یەکەتیی ئەم نەتەوەیە و شەرەفی تێکۆشانیەتی. ئەوانەی ژیانی تێکۆشەرانەی بارزانی لەکەدار دەکەن، مێژوو ئاوەژوو دەکەن و خراپە دەرهەقی خەباتی نەتەوەیەک و ڕەمزی ئەو نەتەوەیە دەکەن.

پرسیارێکی سەرەکیی گەلێ پڕ بایەخ هەیە ئێستەش زۆر کەس دەیپرسن و بەخەیاڵی زۆر کـەسی تریشـدا دێت. ئەوەیش ئەوەیە: چی بوو وای لە بارزانی کـرد هەر پاش مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیری ١٩٧٥ بڕیاری وەستاندنی کارە سوپاییەکانی شۆڕش بدا؟

واتای زۆر بۆ ئەم بڕیارەی بارزانی لێ دراوەتەوە و گـەلێ شـیکردنەوەی بەرەوڕوو کراوەتەوە. هیی وایان هەیە لە کەسانی دڵسۆز و لە بارزانییەوە نێزیکەوە دەرچووە کە قایل نابن لایەنە نەرێنییەکانی هەر کار و هەنگاوێ ببینن کە ئەم سەرکردەیە کردبێتی یا نابێتی، هیی واشیان هەیە لە ڕەگەزگەلێکی ناحەز و کینەدار و داخ لە دڵەوە دەرچووە کە ئەوانیش قایل نابن لایەنە ئەرێنییەکانی هیچ کار و هەنگاوێکی ئەم سەرکردەیە بەدی بکەن. ئەم جۆرە ڕەگەزانە نسکۆی شۆڕشیان بەهەلی بۆ هەڵکەوتووی تەمەنیان زانی بۆ بەدناوکردنی بارزانی خۆی و، سێبەری گومان و دوودڵی خستنە سەر مێژووی گەشاوەی خەباتی ئەو.

پێویستە لەسەرم دان بەوەدا بنێم ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ لە بارەی بەرژەوەندی دەوڵەتان و کێشەی نێوانیان و ئاڵۆزیی ئەم کێشەیە و دیوی پشتەوەی دروستکردنی بڕیارە چارەسازەکانی دەوڵەتە گەورەکانەوە دەیزانین، لەکاتی شۆڕشدا هیچ شارەزاییەک و تەنانەت بیرۆکەیەکیشمان لە بارەیانەوە نەبوو، سەرەڕای ئامانجەکانی هەردوو تەوەرەکەی جەنگی سارد و، کێشەی تاڵ و سەختی نێوانیان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و، بەتایبەتی ئەندازەی ڕەنگدانەوەی لە وەزع و بارودۆخی میللەتی کورد و شۆڕشەکەی ئەم میللەتەدا، کە هەر هیچمان لەوەش نەدەزانی.

کە نسکۆی ساڵی ١٩٧٥مان بەسەردا هات بارزانی پیرێکی ٧٢ ساڵە بوو. ئەمە تەمەنێکە لە زۆر لە وڵاتانی جیهاندا ٧ ساڵی لە تەمەنی ڕەسمیی خانەنشینی ڕەت کردووە. لەم تەمەنەدا زۆر کەس ناچار دەکرێن دانیشن و ئیتر بەتەواوی بحەسێنەوە و دەست لە هەر کارێ هەڵگرن لەوانەبێ ماندوویان بکا، چ جای کارێکی وەک

سەرکردایەتی کردنی جەنگێکی پارتیزانیی ئەوتۆ ڕووبەرێکی بەربلاوی وای گرتبێتەبەر سێ ئەوەندەی ڕووبەری ولاتێکی وەک لبنان بێ و، ئەو هەموو چیا بەرز و گەردنکەشانە و ئەو هەموو دۆڵ و شیوە قوولانە و ئەو پیادەڕێ سەخت و ڕەقەنانەی تێدابن.

من وەنەبێ نهێنییەک بدرکێنم ئەگەر بۆ بخوێنی بگێڕمەوە کەوا بارزانی تووشی نەخۆشییەکی پڕ مەترسی بووبوو نیشانەکانی لە حوزەیرانی ١٩٧٤دا پێیەوە دەرکەوتن. بارزانی بەشی زۆری هاوینی ئەو ساڵەی بۆ چارەسەرکردنی خۆی لە تاران بەسەربرد و هیچ دەرفەتێکی ئەوەی نەبوو بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی بڕواتە دەرەوە.

بارزانی بەو وەزعە پڕ مەترسییە و لەو بارودۆخە قورسەدا کە ئەو پیلانە گەورەیە بۆ شۆڕش هێنابوویە گۆڕێ، توانای ئەوەی نەبوو بەردەوام بێ لە سەرکردایەتیی کردنی شۆڕشدا، بەتایبەتی پاش ئەوەی بۆمان دەرکەوتبوو کە ئەو پیلانە لە بەربلاویی مەودایدا گەیبووە ڕادەیەکی گەلێ لەوە دوورتر کە ئێمە بۆی دەچووین، پاش ئەوەی بەتەواوی دیاری دا کە هەردوو حکوومەتی عێراق و ئێران ڕێککەوتنێکی سوپاییان لە نێوان خۆیاندا بۆ هاوکاری و ڕێکخستنی کاروباری نێوانیان بەمەبەستی گەمارۆدانی شۆڕش و لەناوبردنی مۆر کردووە و، لە کاتێکدا کە هەرچی ئەوانە بوون لەوەپێش دۆستایەتیی خۆیانیان بۆ دەردەبڕین، بێ گوێدانە هیچ ڕێ لێ گرێکی دەروون، وازیان لێ هێناین و دەستیان لێ هەڵگرتین.

ئێستە، پاش وەلاخستنی هەموو سۆزێکی دەروونی، لام وایە بڕیاری بارزانی بەڕاگرتنی ڕەوتی شۆڕشی ئەیلوول، لەناو گەلێ قوربانیدا کە ئەم سەرکردەیە لە پێناوی نەتەوەکەیدا داونی، لە هەموویان گەورەتر بوو. بارزانی ناوبانگی خۆی و ڕابردووی و ئێستەی و دواڕۆژی و مێژووی خەباتیشی خستە مەترسییەوە بۆ ئەوەی گەلەکەی لە بەلایەک بە دوور بگرێ کە هیچ گومانی تێدا نەبوو بەسەریدا دێ.

لە کاتێکدا کە ئێمە دوای سۆز کەوتبووین، بارزانی لەسەر هەق بوو. ئەوەتا ئێمە ئێستە بەری ئەم ژیرییەی ئەو و ئەم نیشانەپێکانەی بیروبۆچوونی ئەو دەدرووینەوە.

تێکڕای گەلی کورد ڕۆڵی مەزنی بارزانی لە سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ئەم گەلە و، توند بەدەستەوە گرتنی جڵەوی ئەم سەرکردایەتییەی لەناو گێژاو و گەردەلوولی جەنگی سارددا لەیاد نەکردووە. ئەمەش لەوەدا بەئاشکرا دیاری دا کە هەزاران کەس لە ١٩٧٩/٣/٥دا، وەک پێشوازی لە سەرکردەیەکی لە جەنگدا سەرکەوتوو

بکەن، پێشوازییان لە تەرمی بارزانی کرد کە لە تاراوگەوە هێنرایەوە و، بەفرمێسک و هوتاف کێشان و کەفوکوڵی گەرمەوە بەڕێیان کرد. بارزانی یەکێک بوو لەو سەرکردە کەم وێنە و دەگمەنانەی لە سایەی بەهرەی سەرکردایەتی کردنیان و دڵسۆزیی بێ سنووریان بۆ ئەو پرسەی بۆی تێکۆشاون، سەرکردایەتیی خۆیانیان سەپاندووە.

گەڕانەوەی بارزانی لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨دا لە یەکەتیی سۆڤیەتەوە، زەنگی یەکەتیی نەتەوەی کورد بوو لێ درا. لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣شدا گیانی بارزانی گەڕایەوە بۆ یەکخستنەوەی سەرانسەری نەتەوە.

شۆڕشی ئەیلوول سەرچاوەیەکە کەس نییە پێویستی پێ نەبێ بۆ لێ وەرگرتنی دەرسی سیاسی و سوپایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی. پێویستیشە لەسەر ئەوانەی لە بواری نیشتمانیدا کار دەکەن و، لەسەر ئەو وەچانەی پاش ئێمە دێن، ئەو پێڕەوانە پشتگوێ نەخەن کە ئەو شۆڕشە نەخشی کێشاون و، ئەو ڕێبازانەی ئەو شۆڕشە لەسەریان ڕۆیشتووە پەند و ئامۆژگارییان لێ وەرگرن.

دەرسێکی ناوەندیش هەیە ئەم شۆڕشە فێرمانی دەکا ئەویش ئەوەیە هەمیشە سووربین لەسەر ئەوە کە لە مەیداندا بین تا کەسانی تر حیسابمان بۆ بکەن و بزانن هەین. پێویستە لەسەرمان هەرگیز وا گومان نەبەین لایەک هەیە ئامادەیە بەرژەوەندی خۆی بکا بەقوربانی ئێمە یا بەخۆڕایی یارمەتیمان بدا. با بزانین کەسانێ هەن پێشانمان دەدەن کەوا دەیانەوێ دۆستایەتی و هاوکاریمان لەگەڵدا بکەن، جا ئەگەر ئەوەمان پەسند کرد و پێی قایل بووین، دەبێ سەرەتا ئەوە لەپێش چاوی خۆمان دانێین کە ئەم هەڵوێستەی ئەو کەسانە لە بەرژەوەندی تایبەتیی خۆیانەوە هاتووە و، ئێمەش دۆستایەتیی خۆمان لەسەر ئەم بنەمایە بینا دەکەین. زۆر لا هەن دەزانن دۆستایەتی لەگەڵ کردنمان لەگەڵ بەرژەوەندییان یەک دەگرێتەوە، بەڵام بەرژەوەندی ئێمە لەو دۆستایەتییەدا ئەوەیە بگەینە ئامانجی دواجارمان واتە کە پرسی نیشتمانیمان بگەیەنینە ئامانجی خوازراوی خۆی. پێویستە لەسەرمان بزانین بەبێ چارەسەرێکی دادپەروەرانە و هەمەلایەنەی پرسی کورد، ئاشتی و ئارامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرناگرێ. جا کە وامان لێک دایەوە، پێویستە لەسەرمان بەردەوام ورد و بابەتییانە لەو گۆڕاوە زووزوو ڕووداوانە ئاگەداربین کە لە جیهاندا ڕوو دەدەن و، خۆمان لە دوورەپەرێزی دووربگرین. بگرە دەبێ شوێنی خۆمان لەم گۆڕاوانەدا دیار و دەستنیشان بکەین و نەخشەی کاری نەتەوەییی خۆمان بەشێوەیەکی ڕوون و دیار و

هاوسەنگ و دوور لە سەرشێتی و سەرەڕۆیی و لاپەڕگیری و هەست و سۆزی خۆیی و، لەبەر ڕووناکیی ئەم گۆڕاوانەدا بکێشین و ئاگامان لێ بێ نەکەوینە کەندالی ڕەنگاوڕەنگی و فێلبازییەوە بەجۆرێ کە لە یەک کاتدا لەگەڵ لایەک و دژیشی بین. گومانی تێدا نییە، هەڵوێستێکی وا برێتییە لە خۆکوشتنێکی سست و لەسەرخۆ.

لێرەدا پێویستە ئاماژ بۆ ئەوەش بکەم کەوا شۆڕشەکەمان هەمیشە لەسەر سەربەخۆیی بڕیاری سیاسیی خۆی سووربوو و، ئەوەشی پشتگوێ نەدەخست کەوا ئێمە هەرچەند بمانەوێ باز بەسەر هۆکاری جیۆگرافیاییدا بدەین یا لە یادی خۆمانی ببەینەوە، ئەوا ئەو هۆکارە چ لەمەوپێش و چ لەمەوپاش خۆی بەسەر ئەم بڕیارەی ئێمەدا سەپاندووە و دەسەپێنێ.

لە هەمان کاتیشدا پێویستە لەسەرمان ئەوە لەپێش چاوی خۆمان دانێین و هەوڵ بدەین چەندمان پێ بکرێ دۆست بۆ خۆمان زۆر و، دوژمن بۆ خۆمان کەم بکەینەوە، ئەوەش بزانین کە هێنانەدیی ئەم ئامانجە سەبر و هێوری و بیندرێژییەکی فرەی ئەوێ، دەشبێ هەمیشە لە ڕووی هەوڵ و تەقەلای کەسانی لاپەڕگیری چ ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردووە و، چ لایەنە کوردییەکاندا بوەستین کە دەیانەوێ خەباتی گەلی کورد بکەن بەجەنگێک لە نێوان گەلان نەک لە نێوان گەلێکی چەوساوە و دەوڵەتگەلێکی ستەمکاردا.

پرسێکی تریش هەیە پێویستە بایەخێکی تایبەتیی بدەینێ، ئەویش ئەوەیە کە حکوومەتەکانی هەرێمەکە، چ لەمەوپێش و چ لەمەوپاشیش، هەوڵێکی زۆر و گەورەیان داوە و دەدەن بۆ ئەوەی نەهێڵن کورد خاوەنی یەک بڕیاربێ. ئەمەش ئەو کاتە بەئاشکرا و لە باشترین شێوەدا دیاری دا کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەیلوولی ١٩٩٦دا دەرکرا بۆ ئێران و، پاشان بەهاودەنگیی هەموو دەوڵەتەکانی هەرێم گێڕدرایەوە. هەروەها دەبێ ئەوەشمان بەهیچ کلۆجێ لەیاد نەچێ کە بنەمای هەمیشەی بەرودوامان و سەرچاوەی هێزمان هەر گەلەکەمانە و هاوپەیمانی ستراتیجیمان تەنیا ئەوە.

***

کە دەستم دایە نووسینەوەی ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلوول، لە کاتی نووسینەوەکەدا وام بەخەیاڵدا دەهات کەوا بەدیمەنەکانی فلیمێکی سینەماییدا ڕەت دەبم. خۆ ئەگەر ئەو دۆکۆمێنت و بەڵگە و بیرەوەرییانە نەبوونایە کە لە یادی خۆمدا ڕام گرتبوون و، ئەو

سەرنجانە نەبوونایە کە کاتی خۆی نووسیبوومەوە، ئەوا ئەو ڕووداوانە لە چنراوێکی خەیاڵ یا لە ڕۆمانێکی بەرهەمی عەقڵی ڕۆمان و چیرۆکنووسەکان بەولاوە، وەک هیچی تر نەدەهاتنە پێش چاو.

لەو سەردەمی نووسینەوەدا هەموو جارێ سەرسامی دای دەگرتم: ئاخۆ چی بنووسمەوە و، چی بخەمە لاوە؟ شۆڕشی ئەیلوول پڕە لە کاری قارەمانانە و کەس نەکردەی ئەوتۆ قەڵەم یارای ئەوەی نییە باسی بگێڕێتەوە و بیخاتە سەر کاغەز. ئەگەر من جڵەوم بۆ خۆم شل بکردایە و هەموو کارێکی قارەمانانەی پێشمەرگەم لە ماوەی ئەو کێشە تاڵەماندا بنووسیایەتەوە، ئەوا پێویستی دەکرد چەندین ئەوەندەی ئەوەی لەم کتێبەدا هەیە ڕووداوم بنووسیایەتەوە. لەبەرئەوە تەنیا ئەوەندەم کرد هەندێ نموونەم لەم ڕووداوانە نووسییەوە.

لەناو ئەو قارەمانانەدا چەندین دۆستی ئازیزم هەبوون گیانی خۆیانیان کرد بەقوربانی و لە مەیدانی شەڕدا گلان و، هەریەکە کۆمەڵێ بیرەوەریی پڕ لە ئێش و ئازاریان لە دڵمدا بەجێ هێشت و وێنەیان بەزیندوویی لە زەینمدا ماوەتەوە و هەرگیز بەجێی ناهێڵن. زۆر جار ئەو وێنانەم بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە هێناوەتە پێش چاو. ئەوانە کەسانێ بوون گیانی خۆیان لە پێناوی بەئازادی ژیانی خەڵکانی تردا بەهەرزان دا. لەناو ئەوانەدا یادی ئیدریسی برامم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە. دنیاش بێ دۆست و برادەر ئەوەندە ناهێنێ، بەڵام ئەوەی سەبووری بەدڵم دەدا و تۆزێ خەمم دەڕەوێنێتەوە ئەوەتە خوێنی ئەوانە بەفیڕۆ نەڕۆیشتووە و، بەری شەهیدبوونیان ئەوەیە ئێمە ئەمڕۆ بەخۆمانەوەی دەبینین کە ئەوەتە قەوارەیەکی سیاسیمان هەیە و ئازادییەکمان دەستگیر بووە لە حکوومەت و پەرلەمان و دەزگا بەڕێوەبەرییەکانی کوردستاندا خۆیان دەنوێنن، سەرەڕای ئەو خۆشبژییە ئابوورییەی کە ناوچەگەلی تری وڵات شتی وا بەخۆیانەوە نابینن.

وەک لە سەرەتای ئەم پێشەکییەدا ئاماژەم بۆ کرد، من لەم بەشەی ئەم زنجیرە کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد)ەمدا ویستوومە بەیارمەتیی ئەو سەرنجانەی کاتی خۆی نووسیومەتەوە و، پشت بەو بەڵگانەی مەبەستم بووە کۆیان بکەمەوە و نەهێڵم بفەوتێن، ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە سەرەتایەوە لە ١٩٦١ تا نسکۆکەی لە ١٩٧٥دا بنووسمەوە. ویستووشمە هەموو شتێ بێ پێچ و پەنا بخەمە سەر کاغەز و، ئاگەداریی ڕیزی مێژوویی لە زنجیرەی ڕووداو و قەوماوەکاندا بکەم و، لەهەر کوێیەکدا بەلامەوە پێویست بێ ڕاوبۆچوونی خۆم لەم ڕووداو و لەو ڕووداودا دەرببڕم. لافی نەکەوتنە

هەڵەش لێ نادەم لەم شتانەدا کە نووسیومەتەوە، بەڵام هەوڵیشم داوە خۆم لە کارتێکەریی سۆز دوور بخەمەوە و نەکەومە ناو بازنەی لایەنگیری و بەلای لایەکدا شکاندنەوە. هەموو مەبەستێکم ئەوە بووە ئەم کتێبەم و ئەو بەڵگانەی خستوومەتە پاڵی، بەشێ بن لە سەرچاوە پشت پێ بەستراوەکانی لێکۆڵینەوەی شۆڕشی ئەیلوول و، کانییەک بن لێکۆڵەوان و مێژوونووسان لێی هەڵێنجن و بۆ وەچەکانی لەمەوپاش دێن، بێ سوود نەبن.

دیسانەوە دێمەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە من ئەم کتێبەم بەمێژوویەکی تەواو دانانێم کە هەموو ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلوول بگرێتە خۆی. مەبەستیش لەم کتێبە نە کەمکردنەوەی قەدری کەس و نە بەرزکردنەوەی پلە و پایەی کەسیشە. نە بەدوتنی کەس و نە بەرزهەڵدانی کەسە. ڕووداوەکان و ڕۆڵی هەر کەسێکم بۆ خۆیان چۆن بوون و چۆنم بەچاوی خۆم دیون، وام نووسیوەتەوە و وام خستووەتە دووتوێی ئەم کتێبەوە.

لە دواییشدا لەوە پترم لە دەست نایەت کە داوای لێبووردن لەو قارەمان و خەباتکارانە بکەم کە ناوێکیان لەم کتێبەدا نەهاتووە. ئەوەش نە بەدەسەنقەست بووە و نە بەمەبەستی هەڵاوێردنی کەسێک بەسەر کەسێکی تردا، بگرە مەسەلەکە تەنیا ئەوە بووە باسەکە چۆن دێتە پێشەوە و چۆن پێویست دەبێ بکرێ، وابێ.

زۆریش سوپاسگوزار دەبم ئەگەر لێتوێژەوان و شوێن هەڵگران ڕەخنەم لێ بگرن و بەسەر نووسینەکەمدا بێنەوە و، لەسەری بنووسن و چیی ناتەواو بوو و من لە یادم چووبوو ئەوان تەواوی بکەن. کارێکی وا بەشێکە لە خزمەت کردنی ڕاستی و خاوێن کردنەوەی مێژوو لە (ڕووداو)ی ساختە و ڕوونەداو و هەواڵی دەستهەڵبەست. من نە بنووسم و نە خۆشم لە ڕیزی مێژوونووسان و لێتوێژەواندا دادەنێم. بەڵام ئەو هەڵاوێردەییەی بەحوکمی بوونم لە ناوەندی بڕیار دروستکردندا و پاشانیش بەحوکمی بوونم بەیەکێ لە دەستەی ئەو ناوەندە – دەستگیرم بووە، ئەرکی نووسینەوەی ئەوەی خستە ئەستۆم کە ئاگام لێ بووە و بەشداریم تێدا کردووە و، ئەمە بەشێکە لە ژیانی منیش.

لە خوا داوا دەکەم گەلی کورد و گەلانی تێکۆشی تریش کە لە پێناوی ئازادیی خۆیاندا تێ دەکۆشن، لە قوربانیدانی زیاتر و مەینەت بەسەرداهاتنی زیاتر بپارێزێ و هەموویان بەئامانجی خۆیان بگەیەنێ و، دۆستی و خۆشەویستی و دڵپاکی لەناو گەلاندا بخاتە جێی یەکتر نەویستن و، کینە لەیەک هەڵگرتن و دەمارگرژیی کوێرانە. لەسەر هەمووشمان

پێویستــه دەرس و پەند و ئامـۆژگـاری لە ڕابردوو وەربگرین بۆ ئەوەی نەهێـڵین دەرد و مەینەتەکەی جاران دووبارە ببێتـەوە و، بتوانین دواڕۆژێکی بێ ترس و لەرز و بەختەوەر پێکەوە بنێین.

پاش ئەمەش و لە دواییدا لە جیاتی باوکم و ئیدریسی برام و بەناوی خۆمەوە داوای لێبووردن لە گەلی کورد دەکەم لە هەرچی کە پێویست بێ داوای لێبووردنی بۆ لێ بکرێ.

مسعود بارزانی
٢٠٠٠/٥/١٢

## بەشی یەکەم

# ماوەی خۆئامادەکردن و
# بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١

لەگەڵ ئەوەشدا بەئاشکرا دەزانم میلەکانی سەعات ناگەڕێنەوە دواوە، نامەوێ ئەو ئاواتە لەوانە بشارمەوە کە ئەم کتێبەم دەخوێننەوە، کە هەمیشە بەدڵمدا هاتووە و جۆرێکە لە خەیاڵێکی ڕووت، بەڵام لە ڕاستیدا هەست و سۆزێک دەردەبڕێ دەسەڵاتی شاردنەوەیم نییە. لە ناخی دەروونمەوە ئاواتی ئەوەم دەخواست شۆڕشی ئەیلوول لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا هەڵنەگیرسایە و، ئەگەر هەر دەبوو هەڵگیرسێ با یان بەر لە سەردەمی ئەو یان پاش سەردەمی ئەو هەڵگیرسایە. لەوانەیە بخوێن لێم ببوورێ کاتێک دەزانێ ئەم خەیاڵەم لەو هەستەوە هەڵقوڵیوە کە ئێمە چەند قەرزاری پیاوەتیی گەورەی ئەم کەسایەتییە مێژووییەیەین – مەبەستیشم لە ئێمە تێکڕای گەلی کوردە بەتایبەتیش خێڵی بارزان. ئەو شۆڕشەی ئەم پیاوە لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا کردی، بوو بەمایەی لە زیندان ئازادبوونی گەورەمان شێخ ئەحمەد کە یازدە ساڵی تێدا بردە سەر. دادگەی سوپاییی عورفی لە پاش شۆڕشی ١٩٤٥ی بارزان حوکمی لەناوبردنی شێخ ئەحمەدی دابوو. لەگەڵ ئەوەش کە –بەپێی یاسا– ڕای سپاردبوو حوکمەکەی بۆ بگۆڕێ بەزیندانی هەتاهەتایی، ئەم پرسە هەر وا مابووەوە. شێخ ئەحمەد، پاش ئەوەی، وەک هەموان دەزانن، لە ئێرانەوە گەڕابووەوە بۆ عێراق، گیرابوو و خرابووە زیندانەوە. هەروەها حوکمی لەناوبردنی مەلا مستەفا و هەندێ لە هەڤاڵانیشی درابوو بێ ئەوەی خۆیان لە دادگەدا ئامادە بووبن، بگرە ئەو کاتە ئەوان لە تاراوگە بوون لە یەکەتیی سۆڤیەت. پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز حوکمەکەی ئەمانیش هەڵوەشێنرایەوە و پووچەڵ کرایەوە، مەلا مستەفا و هەڤاڵەکانی لە تاراوگەوە گەڕانەوە و وەک قارەمان پێشوازییان لێ کرا و هەموو قەدر و حورمەتێکیان لەلایەن ڕێژیمی نوێوە لێ گیرا.

هەر بەپێ داگرتنی عەبدولکەریم قاسمیش بوو بەندی سێیەمی دەستووری کاتی دانرا

که له ٢٧ی تەمووزی ئەو ساڵەدا دەرچوو و، بۆ یەکەمین جار له مێژووی عێراق و بگرە له مێژووی کوردستاندا دانی بەهاوبەشیی عارەب و کورد له یەک نیشتماندا، نا.

بەڵام پێوەندیی نێوان عەبدولکەریم قاسم و پارتی دیموکراتی کوردستان هەر له ساڵی ١٩٦١ەوە و بەجۆرێکی ئێجگار تایبەتی له پاش گەڕانەوەی بارزانییەوە له کانوونی دووەمی ١٩٦١دا له سەفەری مۆسکۆ بۆ بەغدا، بەردەوام ڕوو له خراپی بوو. گومان و دوودڵیی عەبدولکەریم له بارزانی زۆر زیادی کردبوو. ساردییەک له نێوانیان هەبوو. بارزانی هەر کە هاتەوە کەوتە هەوڵدان بۆ دیدار و چاوپێکەوتنی قاسم. بەڵام قاسم، بەدەسەنقەست، گوێی خۆی لێ کەڕ کرد و دەستی دایە خاوە خاوکردن و دەستبەجێ بەدەنگ داواکەی بارزانییەوە نەچوو و، ماوەیەکی دوورودرێژ بەسەرچوو تا له شوباتدا چاوی پێ کەوت. بارزانی لەم دیدارەدا هەوڵی دا دڵی قاسم بهێنێتەوە جێ، گومانەکانی بڕەوێنێتەوە و گەرد بەدڵیەوە نەهێڵی و دڵنیای بکا کەوا هەرچی گومان له دڵیدایە هیچی له جێدا نییە و، ئەو و پارتی هیچ نیازێکی خراپیان بەرانبەری ئەو نییە، هەرچی بەڵگە و هۆیەکی متمانە پێ پەیداکردنی قاسمی شک برد هەمووی لەگەڵدا بەکارهێنا، بەڵام هیچ دادێکی نەدا و ئەنجامێکی نەبوو. کە مەسەلە گەیشتە ئەم ڕادەیە، بارزانی وای بەباش زانی بۆ ماوەیەک بەغدا بەجێ بهێڵێ و بگەڕێتەوە بۆ بارزان. ئەمە له مانگی ئاداردا بوو.

له ماوەی سەردانەکەی مۆسکۆیدا، بارزانی بارودۆخی ئاڵۆزی عێراقی بەشێوەیەکی گشتی و بارودۆخی کوردستانی بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ گەورە گەورانی کرملین و بۆ بەرپرسەکان لێک دابووەوە و باسی ڕێ تێچوونی بەرپابوونی ڕاپەڕین (کودێتا)یەکی دژی ڕێژیمی قاسم بۆ کردبوون. هەروا داواشی لێ کردبوون دەستی یارمەتی له هەموو ڕوویەکەوە بۆ گەلی کورد درێژ بکەن و، چەند گفتێکیشی لەم بارەوە لێ وەرگرتبوون. یەکێ لەو گفتە سەرەتاییانەی دابوویانێ ئەوەبوو ئەوەندەی بەش بکا چەک و جبەخانەی بەباڵەفڕ بۆ بنێرن و باڵەفڕەکە له شوێنێکدا بنیشێتەوە کە بارزانی خۆی دیاری بکا، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتبوون له دۆڵەهوری بنیشێتەوە کە شوێنێکە دەکەوێتە پشت چیای شیرینەوە له باکوری بارزان و باشووری گوندی سێلکێ، بەڵام ئەم گفتە لەبەر هەندێ هۆی سیاسی و تەکنیکی جێبەجێ نەکرا و له جیاتیی ئەوە بڕێک پارە تەرخان کرا تا بەشی کڕینی چەک و جبەخانە بکا کە له سەرچاوەی تروە هەر له کوردستان خۆیدا له ڕێگەی قاچاخچییە نێودەوڵەتییەکانی چەکەوە بکرێ. باڵیۆزخانەی سۆڤیەت له بەغدا خاڵی پێوەندیی نێوان

بارزانی و مۆسکۆ بوو، ئەو پارەیەی مۆسکۆ تەرخانی دەکرد لە ڕێگەی ئەم باڵیۆزخانەوە دەهات و دەگەیەنرایە بارزان. بەرپرسی ڕاستەوخۆش لەم مامەڵەیەدا سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانە بوو کە ناسکۆڤی ناو بوو لەگەڵ برواپێکراوی تایبەتی بارزانی کە حوسێن مستەفا ئاکرەیی بوو. ئەو کەسەیش کە وەرگرتنی پارە تەرخانکراوەکە و کڕینی چەک و ناردنی بۆ بارزانی پێ سپێردرابوو شەهید حەمید کاوانی بوو کە بەیارمەتیی ڕەسووڵ فەقێ گەرۆتەیی و لقی پارتی لە هەولێر نەخوازەلا شانەکانی حزب لە ڕیزی پۆلیسدا کارەکەی ڕادەپەڕاند. ڕێکخراوەکانی حزبی لەناو پۆلیسدا لە پلەیەکی بڵند و باڵای هێز و ڕێکوپێکی و لە خۆبوورندا بوون، بەڵام بەتەنیا خۆشیان کارەکەیان نەدەکرد، لایەنی حزبیی تریش هەبوون هاوبەشیان بوون. بەشی زۆری ئەو چەکەی دەکڕا چەکی چیکی و ئینگلیزی بوو لەو جۆرەی لە جەنگی دووەمی جیهاندا بەکاردەهێنرا، بەڵام هێشتا زۆر باش و بەکاربوو. لە نێوان مانگی ئایار و ئەیلوولی ١٩٦١دا نیزیکەی ٣ هەزار پارچە چەک کڕا و هەر کە دەگەیشتە جێ وردەوردە دابەش دەکرا. ڕێکخراوەکانی پارتی، بەم جۆرە، کەوتنە ئامادەکردنی جەماوەری گەل لە هەموو ئاستێکدا بۆ بەرەوڕووبوونەوەی هەرچی لە دوارۆژدا لە پڕ و بێ چاوەڕوانی ڕوویبدا. لە هەمان کاتدا دەزگا سەرکوتکەرەکانی دەوڵەتیش کەوتنە ڕاوەدوونانی ئەندامانی پارتی و، پاشان بڕیارێک لە لایەن فەرماندەری سەربازی دەرچوو بەهەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی (خەبات)ی ڕۆژنامەی پارتی و، دەستگرتن بەسەر هەموو بارەگاکانی پارتیدا و، فەرمانی گرتنی ئەندامانی پارتی و بەندکردنیشیان دەرچوو. هەندێکیان خۆیان شاردەوە و ڕزگاریان بوو و، هەندێکیشیان توانییان خۆیان بگەیەننە ناوچە ئازادەکانی کوردستان.

## کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندی

لە ئاخری حوزەیرانی ١٩٦١دا کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆبوونەوەیەکی بۆ کۆڵینەوە لە بارودۆخی نوێ و کردنی هەرچی پێویست بێ بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ئەم بارودۆخە نوێیە کرد. لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا، یەکەم یاداشتێ بدرێ بەعەبدولکەریم قاسم[١]. لە ئاخری تەمووزدا لە نووسین و داڕشتن و پێشکێشکردنی ئەم یاداشتە بوونەوە کە مەبەست

(١) سەیری پاشبەندی ژمارە (١) بکە لە بەشی پاشبەندەکاندا.

لێی دەوەبوو ناکۆکی و ئالۆزی لە نێوان پارتی و عەبدولکەریم قاسمدا نەهێڵرێ و ئارامی و ئۆقرە بگەڕێنرێتەوە بۆ ناوچەی کوردستان و، رێ لە خراپبوونی دۆخەکە بگیرێ، بەڵام قاسم هیچ گوێیەکی نەدایە و دۆخەکە خراپتر بوو و، کەلێنی ناکۆکی و کەلەبەری نێوان پارتی و بارزانی لەسەرێکەوە و، قاسم لە سەرەکەی ترەوە زیاتر کرایەوە.

بڕیاری دووەمیش کە لە کۆبوونەوەکەدا درا پێوەندیی بەهەنگاوی دووەمەوە هەبوو، واتە ئەگەر قاسم گوێی لە یاداشتەکە نەگرت، بیروڕای هەمووان لەسەر ئەوەبوو کە هەرچەندە هێشتا کاتی شۆڕش نەهاتووە، دەبێ بێ دواخستن خۆی بۆ ئامادە بکرێ و بایەخی زۆریش بەکۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی چەک بدرێ و گەلی کورد تێکڕا چەکدار بکرێ و لە باری دەروونییەوە ئامادە بکرێ، لەگەڵ پابەندبوون بەوریایی و خۆپاراستن و ئامادەیی بۆ بەرەوڕووبوونەوەی هەر هێرشێکی حکوومەت بۆ سەر هەر شوێنێکی کوردستان. پاش وەرگرتنی ئەم بڕیارانە بەڕێز جەلال تاڵەبانی وەک پەیک نێردرا بۆ لای بارزانی بۆ وەرگرتنی رەزامەندیی ئەو لەسەر ئەو بڕیارانە و هەر ڕێنوێنییەکی هەبێ لەلای خۆیەوە. ئەم پەیکە نامەیەکیشی لە ساڵح میرانی نوێنەری بارزانی خۆیەوە پێ بوو بۆی، کە ڕادەی ئامادەیی خێڵەکانی بۆ پابەندبوون بەپرسی شۆڕش و چوونە پاڵ بارزانیی تێدا باس کردبوو[٢].

لە ١٢ی تەمووزی ١٩٦١دا جەلال تاڵەبانی گەیشتە بارزان و لەوێوە برا بۆ هاوینەهەواری چالی لە چیای شیرین کە بارزانی لەوێ بوو. تاڵەبانی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندیی بۆ بارزانی یەکالا کردەوە و جەختی لەسەر ئەوە کرد کە مەکتەبی سیاسی ئامادەیە بۆ بەرەوڕووبوونەوەی هەر ڕووداوێکی لەپڕ. بۆچوونی بارزانیش ئەوەبوو جارێ هیچ نەکەن و، لە خۆئامادەکردن بەردەوام بن تا ئەگەنە پلەیەکی باشی توانی بەرەوڕووبوونەوەی حکوومەت. پاش ئەمە تاڵەبانی بەم ڕێنوێنییەی بارزانییەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی سلێمانی. بەڵام بارودۆخەکە زۆر بەپەلە دەگۆڕا و لەوە دەرچوو کە بتوانرێ دەستی بەسەردا بگیرێ، نەخوازەڵا پاش ئەوەی هۆزەکان خوێنیان بەتەواوی گەرم بوو و، لە دوو ناوچەی بازیان و خەلەکان خڕبوونەوە و گوێیان نەدایە فەرمانەکانی بارزانی و پارتی.

(٢) سەیری دەقی نامەکە و وێنەکەی بکە لە پاشبەندی ژمارە (٢) لە بەشی پاشبەندەکاندا.

## بارودۆخی خێڵەکایەتی

نەک هەر لەنێو تێکڕای خێڵەکاندا، تەنانەت لەناو هیچ تاکە خێڵێکیشدا هەڵوێست یەک نەبوو. لە قۆناغەکانی سەرەتای شۆڕشدا بیروڕا جیاجیا و بەش بەش بوو. بەرژەوەندی تایبەتیی خێڵەکی ڕۆڵێکی دیارتر و بەهێزتری هەبوو و بەسەر هەستی نەتەوەییدا زاڵ و لە پێش داخوازییە نیشتمانییەکانەوە بوو. سەرباری ئەمەش دوژمنایەتیی کۆن و ناکۆکیی بەرپای نێوان ئەم خێڵ و ئەو خێڵ ئەبوو بەهۆی ئەوە هەندێ لە خێڵەکان کە خێڵە ناحەز و نەیارەکانی خۆیانیان ئەدی لایەنی شۆڕش دەگرن، ئەوان دەچوونە پاڵ دەسەڵات. ئەمەش وەنەبێ تایبەت بووبێ بەتاقە خێڵێکەوە، بگرە تەنانەت دوژمنایەتی و شەڕی خێڵەکیی نێوان خێڵێکیش بەتەنیا، دەبوو بەهۆی دابەشبوونێکی توندی نێوان لایەنگرانی شۆڕش و لایەنگرانی حکوومەت لە ڕیزی ئەو تەنیا خێڵەشدا. بەم جۆرە، وەکو ڕووداوەکانی لەمەوپاشیش دەریان خست، خێڵەکانی سەر بەحکوومەت بوون بەسەرەڕمی ڕووکراوە پێشمەرگەکانی شۆڕش و، لەمەوە بوو دەکەوتنە پێش سوپای حکوومەتی عێراقەوە و لە کاتی پەلاماردانی پێشمەرگەدا ڕێگەیان پێشانی سوپا دەدا. لەمەشەوە بوو ناوی جاش لەم چڵکاوخۆرانە نرا کە زاراوەیەکی سووککراوی وشەی (جحش)ی عارەبییە و، بەهۆی فرە بەکارهێنانی لەلایەن ڕاگەیاندنی بێگانەوە بووە بەزاراوەیەکی جیهانی و لە واتادا هاوتای خیانەت و خۆفرۆشی و نۆکەرایەتییە، وەک چۆن زاراوەی پێشمەرگەش بووە بەناوێکی جیهانی بۆ تێکۆشە بەشەرەفەکان کە خۆیان تەرخان کردووە بۆ داکۆکی لە نیشتمانی خۆیان و بۆ تێکۆشان لە پێناوی ئازادیی نیشتمانیاندا. جەماوەری ئەو خێڵانەی باوەڕیان بەبنەماکانی شۆڕش هێنابوو و هاتبوونە ڕیزەکانیەوە، ڕاستی و گەرمی و ئامادەیی و قوربانیدانێکی وایان لە خۆیاندا پێشان دا هاوشانی ئەوە ئەوەستایەوە کە ئەندامەکانی پارتی پێشانیان دەدا، تا کار گەیشتە ڕادەیەک ئەو گوتە پێشینانەیان بەسەردا ڕاست دەردەچوو کە دەڵێ: «کاسە لە ئاش گەرمتر». ئەم وەرگەڕانە مەزنە بەو عەزیمەتە ڕاستگۆیانەی ئەوان لەسەر شەڕکردن، ڕووی دا، هەرچەند مەبەست و ئامانجی هەر لایەکیشیان لە هی لایەکی تریان جیاواز بووبێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم خێڵانە هیچیان ئەوەیان بەخەیاڵدا نەدەهات شۆڕش ئەوەندە زۆر دەخایەنێ و ئەوەندە سەخت و خوێناوی دەبێ.

هەندێ خێڵ بەهۆی خراپ جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵەوە هاتبوونە پاڵ

شـۆڕش. هەندێکیش هەبوون بەهۆی یاسـای خـەرجـوباجی زەوییـەوە هاتبـوونە پاڵی. هەندێکیـشـیـان چاوەڕێی ئەوەبوون قـاسم پاش مـاوەیەکی کـورت داخـوازییـە هیچوپووچەکانیان بۆ جێبەجێ بکا. ئەوانی تریشیان بەڕاستی باوەڕیان بەشۆڕش هەبوو، لە نیاز و مەبەستیاندا دڵسۆزبوون و، بێ ڕادە و سنوور ئامادەبوون بۆ قوربانیدان و گیان بەختکردن. زۆر جار قسەی وەک ئەمەت لە دەمی کوڕانی ئەو خێڵە سەر بەشۆڕشانەوە دەبیست: "ئەو بارزانییانە لە هەر لایەنێکی تر زیاتریان لە پێناوی کورد و کوردستاندا کردووە و لە ئەرکی سەرشانی خۆیان پتریان بەجێ هێناوە. ئێستەش دەبێ ئێمە ڕاست ببینەوە هەندێ لەو ئەرکەی سەر شانیان هەڵگرین و بیخەینە ئەستۆی خۆمان".

پارتی هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی بەسەر خێڵەکاندا وەدەست نەهێنا. خێڵەکان لە کۆمەڵە خەڵکێکی خڕەوەبوو زیاتر نەبوون کە سەرکردایەتییەکی فەرماندەری یەکگرتوویان نەبوو. تەنیا سەرۆکەکانیان سەرکردەیان بوون و، هەر خێڵێکیشیان لەبەر هۆیەک کە هیچ پێوەندییەکی بەئامانجێکی نەتەوەییەوە نەبوو، وەک پێشتر ڕوونمان کردەوە، بەدەم دەیانوت: ئێمە لەژێر سەرکردایەتیی بارزانی و پارتیداین، بەڵام لە ڕاستیدا هیچی وانەبوو. ئەو ئامۆژگارییانەی بارزانی بۆ تاڵەبانیی کردبوون کە چۆن ڕەفتار بکا و چۆن بجوولێتەوە، بەتەواوی ڕوون و ئاشکرابوون و پێویستیان بە زیاتر نەبوو. ئەو ئامۆژگارییانەش ئەوەبوون کە خۆیان لەوە بپارێزن لەگەڵ حکوومەتدا دەستەویەخە ببنەوە یا جاڕی شۆڕش بدەن. تەنیا ئەوە بکەن کە خۆیان ئامادە بکەن و کۆ بکەنەوە و ئەگەر حکوومەت هێرشی هێنایە سەریان داکۆکی لە خۆیان بکەن. پاشانیش تاکڕۆیی و سەربەخۆیی سەرۆک خێڵەکان و لە خۆیان بەولاوە بەگوێی کەس نەکردنیان، دەورێکی چالاکانەی بوو لە کەرت کەرت کردنی ڕیزەکاندا، ئەوەش بزانین کە هێزەکانی ئەوان بەژمارە، چەند پلە لە ژوور ئەو هێزانەوە بوون کە لە ژێر فەرماندەییی پارتیدا بوون.

## مانگرتنەکەی شەشی ئەیلوول

پارتی بڕیاری دا شەشی ئەیلوول لە سەرانسەری کوردستاندا ڕۆژی مانگرتنی گشتی بێ. گەلی کوردیش بەتێکڕایی بەدەم ئەم بانگەوازەوە چوو. مانگرتنەکە مانگرتنێکی وا بوو هەموو لایەکی گرتەوە و کوردستان لەوەوپێش هەرگیز مانگرتنێکی وای بەخۆیەوە نەدیبوو. مەبەست لەم مانگرتنە ئەوەبوو ببێ بەهۆیەک بۆ گێڕانەوەی قاسم لەوەی

هێزەکانی بنێرێتە سەر کوردستان و، تا بەو مانگرتنە لەوە تێ بگا کە پارتی چەند لەناو جەماوەری کوردستاندا قسە ڕۆیشتووە و، چۆن جەماوەر یەک پارچە لە پشت پارتییەوە وەستاوە و بەفەرمانی ئەو دەجوولێتەوە.

## ڕۆڵی پۆلیسی کورد

ڕێکخستنی پارتی لە ڕیزی پۆلیسدا گەیشتبووە پلەی ئەوپەڕی هێز و پتەوی. بەشی هەرە زۆری پۆلیس لە کوردستان لە هاوولاتیانی کوردستان بوون و، بەهۆی باوەڕیان بەو بنەمایانەی پارتییان لەسەر بینانراوە و ئەو ئامانجانەی بۆیان تێ دەکۆشێ، هاتبوونە ڕیزی پارتییەوە.

هێشتا مانگی ئاب نەهاتبوو کە بەشی هەرە زۆری پۆلیسخانەکانی کوردستان پێوەندییان کردبوو بەپارتییەوە و، پۆلیسەکان بەخۆیان و چەک و جبەخانەیانەوە، هاتبوونە ڕیزی شۆڕشەوە و، ناوکەی لەشکری کوردستان لە سەرەتای شۆڕشدا لەوان پێک هاتبوو. ئەمانە قارەمانەتیی وایان پێشان دەدا لە کەسی تر نەدەوەشایەوە و نیشانەی بەرزی وای جەنگاوەرییان پێوە دیاری دەدا کە بوو بەمایەی ئەوەی زۆریان سەربخرێن و پلەی سەرکردەییان پێ بدرێ و سەرلق و ئامیر بەتالیۆن و ئامیر هێزیان[3] تێدا هەڵکەوێ. ئەو قارەمانەتییانەی ئەمانە لە کۆڕی جەنگدا پێشانیان دەدان، بەسەر زمانی هەموانەوە بوون و خەڵک بەنموونە دەیانهێنانەوە، بۆیە ئەمانە بەڕاستی شایەنی سوپاس بوون لەلایەن نیشتمانەوە. هەڵوێستی پۆلیسی کورد لە شۆڕشی ئەیلوولدا بەهەق دەیڵێم، هەڵوێستێکی سەرەکی و لە پلەی ئەوپەڕی پڕ بایەخیدا بوو. بەبۆچوونی من گەلی کورد قەرزاری ئەم پۆلیسانەیە و دەبێ سوپاسگوزارییان لێ بکا و قەدریان بزانێ.

## بەرپابوونی شۆڕش (١١ی ئەیلوولی ١٩٦١)

هەموو بیروڕاکان لەوەدا هاودەنگ بوون کە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ سەرەتای شۆڕشی مەزن بوو. لەم ڕۆژەدابوو دەسەڵاتی عێراقی دەستی دایە بۆمبارانکردنی لە ئاسمانەوەی

(٣) لق: سرية. بەتالیۆن: فوج. هێز: لواء
لێرەدا ئاماژە بەڕۆڵی خوالێخۆشبوو عەریف عوسمان یووسف دەکەین کە بەیارمەتیی شەش پۆلیسی تر، توانیی کۆگەی چەکی قشڵەی هەولێر بشکێنێ و ٦٨ تفەنگ و ٢٧ دەمانچە وێڕای بڕێکی زێدە لە تەقەمەنی دەربهێنێ و، پێوەندی بکات بە بنکەی پێشمەرگەوە لە سەفین.

خڕبوونەوەکانی شۆڕشگێڕان لە دەربەندی بازیان و دۆڵی خەلەکان و دەوروپشتی دهۆک، ئەوجا هێزی پیادەش کە قاسم ناردبووی، هێرشێکی ڕامالکەری بەمەبەستی کردنەوەی ڕێگەی نێوان هەردوو شاری کەرکووک و سلێمانی هێنا، بەڵام هێزی شۆڕشگێڕان نە هیچ بەربەرەکانێی کرد و نە پەلامارێکی ئەوتۆی بزووتنەوەکەی لەشکری حکوومەتی دا کە شایەنی باس بێت. خێڵە چەکدارە خڕبووەوەکان هەموو بڵاوەیان لێ کرد و بێ ڕەنجکێشانێکی ئەوتۆ ڕێگەی نێوان کەرکووک و سلێمانی کرایەوە.

بەر لەو بۆمبارانە ئاسمانییەی باسمان کرد، موتەسەریف (پارێزگار)ی سلێمانی چووبوو بۆ دۆڵی خەلەکان و لەوێ لەگەڵ سەرۆک خێڵەکان کۆبووبووەوە تا بزانێ چییان دەوێ. ئەوانەی لەوێ خڕبووبوونەوە بەکۆمەڵێ سکاڵا و داخوازیی وا هەریەکە لە ڕەنگێکەوە بەرەوڕووی بوونەوە هیچی پێوەندیی بەهیچ ئامانجێکی دیاری نەتەوەییەوە نەبوو. لەو سکاڵا و داخوازییانەدا، تێکڕا هیچ شتێ لە بارەی مافی پێشێلکراوی گەلی کوردەوە باس نەکرابوو. موتەسەریف گفتی دا گازن و داخوازییەکانی خڕبووەوەکان بگەیێنێ بەعەبدولکەریم قاسم و دڵنیای کردن کە ئەویش - واتە عەبدولکەریم قاسم- بۆیان جێبەجێ دەکا و، تێی گەیاندن کە هیچ کام لەم داخوازییانەیان لەوانە نییە جێبەجێ کردنی زەحمەت بێ و بۆ چارەکردن نەشێ. لەو کاتەدا عومەر مستەفا (عومەر دەبابە) کە یەکێک بوو لەوانەی لەوێدا کۆبووبوونەوە، ڕاست بووەوە داخوازییە نەتەوەییەکانی پارتیی پێشانی موتەسەریف بدا و وێنەیەکی لە یاداشتەکەی پارتیی بۆ عەبدولکەریم قاسمی دایە کە لە ٣٠ی تەمووزی ١٩٦١دا پێشکێشی کردبوو. موتەسەریفیش بەتوندی وەڵامی عومەر دەبابەی دایەوە و پێی وت من بۆ چاوپێکەوتنی تۆ نەهاتووم بۆ چاوپێکەوتنی سەرۆک خێڵەکان هاتووم و، ئەوانیش گلە و داخوازییەکانی خۆیانیان بۆ باس کردووم و من ئامادەنیم گوێ لە تۆ بگرم. پاشان هەستا و کۆبوونەوەکەی بەجێ هێشت و گەڕایەوە.

لە ئەنجامی سەردانەکەی موتەسەریفدا بەئاشکرا دەرکەوت کەوا جڵەو لە دەست دەرچووە و، لایەنێکی سەرکردایەتیی دیار نییە بتوانێ لە بارەی پرسی وەستاندنی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارەوە بڕیار بدا و، دەرکەوت کە حکوومەتیش لەمە گەیشتووە و دەیزانێ. ئەوەبوو بۆ سبەینێ حکوومەت، بێ ئەوەی کەس چاوەڕوانیی شتێکی وا بکا، باڵەفڕە مێگەکانی ناردە سەر خڕبووەوەکان و هەردوو شوێنەکەی بۆمباران کردن و پاشانیش سوپا بەرەو سلێمانی پێش کەوت بێ ئەوەی کەس بەرەوڕووی ببێتەوە، هیچ

کامێکیش لە کۆمەڵە خێڵەکییەکان بەریان لێ نەگرت، بگرە کۆمەڵێکیان نەبێ بەسەرکردایەتیی کوێخا حەمەی تەلان کە هەر لەو ڕۆژەدا پێکرا و شەهید بوو، هەموو بڵاوەیان لێ کرد و پاشەکشێیان کرد. بەشێکیشیان لە سنوور پەڕینەوە و لە ناخۆشترین بارودۆخدا پەنایان بردە بەر ئێران و نەیاندەزانی چی بکەن و هەرکامیان بگری بیری لە ڕزگارکردنی خۆی دەکردەوە چۆن لەو تەنگوچەڵەمەیە دەرباز ببێ. دوودڵ و سەراسیمە بوون ئاخۆ بگەڕێنەوە و جاڕی مل کەچکردن بۆ قاسم و گوێڕایەڵی لێ کردنی بدەن، یا لە ئێران بمێننەوە و داوا بکەن بەپەنابەریان وەربگرن. هەرچی جەلالیش بوو چوو بۆ چەمی ڕێزان و لەوێ بەیارمەتیی عەزیز شێخ یووسف بەخۆحەشاردراوی مایەوە و، عومەر دەبابەش لە ناوچەکانی بیتوێن و پشدەر و ئاکۆ خۆی شاردەوە.

لە ناوچەی هەولێریش جەنگاوەرە پارتییەکان پێشمەرگە کە هەواڵی ئەوەیان گەیشتێ لە ناوچەی سلێمانی ڕووی دابوو، وایان بەباش زانی بگوێزنەوە بۆ چیای سەفین. ئەمانە هەموو بەسەرکردایەتیی مەحموود کاوانی و حەمید کاوانی و مورشید کاوانی و ڕەسووڵ فەقێ گەرۆتەیی و میرکەی خەیلانی بوون (کە ئەمەی دواییان سەرۆک خێڵ بوو). لە ڕووی حزبایەتیشەوە بەرپرسیی ئەمانە بەپارێزەر شەمسەدین مفتی سپێردرابوو، دوای ئەوەش کە شەمسەدین لە سەفین گوێزرایەوە، مەحموود کاوانی سەرکردایەتیی گشتیی بەیارمەتیدەریی خورشید شێرە گرتەئەستۆ.

لە دهۆکیش هێزە حزبی و گەلێرییەکان هێرشیان بردە سەر زاخۆ و ئازادیان کرد، بەڵام زۆر بەدەستی شۆڕشگێڕەکانەوە نەمایەوە، لێی کشانەوە و هێزەکانی حکوومەت خستیانەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. لە دهۆکیش، هەروەک چۆن لە سلێمانی ڕووی دا، تەنیا کەمێک لە هێزە ڕێکوپێکە حزبییەکان نەبێ، هێزی خێڵەکان هەموو بڵاوەیان لێ کرد و هێزە ڕێکوپێکە حزبییەکەش پەنایان بردە بەر دۆڵ و دەرەی ناو چیاکانی دەوروبەر کە ناوی ئەمانەیان لێ دەهێنین: جەمیلە سوور بامەڕنی، حەسەن مراد بامەڕنی، ئەحمەد شانە، فارس کورەمارکی و بنەماڵەی حاجی سادق بڕۆ لە سەرۆکەکانی خێڵی گلی و، عەلی هالۆ و کەسانی تر. ئەو کاتە عەلی عەسکەری بەرپرسی لقی یەکەمی پارتی بوو. ئەویش چووە لای ئەوانەی پەنایان بردبووە بەر چیا. ئەم شکستانەی لە زۆربەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا روویان دا، شکستی کاتی بوون.

## شەڕە گەورەکەی بارزان

لە ١٦ی ئەیلوولدا، واتە پاش پێنج ڕۆژ لە هەڵگیرسانی شۆڕش، عەبدولکەریم قاسم باڵەفڕە بۆمباوێژەکانی خۆی ناردە سەر گوندی بارزان و، هەندێ گوندی تری دەوروبەریان لە ناوچەکەدا وەک گوندی ڕێزان و هاوینەهەواری بەبانیا لە چیای شیرین بۆمباران کرد. چوار باڵەفڕی جۆری میگی ١٥ و ١٧ ئەم ئەرکەیان بەجێ هێنا. ئەو کاتە ئێمە ماڵمان لە هاوینەهەوار بوو لە داوێنی چیای شیرین کە بەسەر بارزاندا دەڕوانێ. باڵەفڕەکان شەپۆل شەپۆل دەهاتن و تا دەمەوئێوارەی ئەو ڕۆژە بەردەوام هەر هاتن. هەندێ بۆمبای ئاگر تێ بەردانیشیان دا بەو شوێنانەدا و بەگوندی تریشدا و، بەهۆی ئەوەوە ئاگر لەو ناوچانەدا کەوتەوە. حەوت ڕۆژی ڕەبەق بۆمبارانی ناوچەکە بەردەوام بوو. لەو باوەڕەدام تاقە گوندێکی ناوچەی بارزان نەبوو لەم بۆمبارانە کوێرانەیە دەرباز بووبێ، بەڵام خۆشبەختانە زیانی گیانی لەچاو زۆری و توندیی بۆمبارانەکەدا کەم بوو. ئێمە وامان چاوەڕوان دەکرد ماڵەکەمان نیشانەیەکی بەردەوامی بۆردمانە ئاسمانییەکە بێ، بۆیە ماڵ و منداڵ و خێزانمان لەوە بەولاوە چارەیەکیان شک نەدەبرد کە هەموو ڕۆژێ هەر لە سبەینێ زووەوە ماڵ بەجێ بهێڵن و ڕووبکەنە ئەم لا و ئەولای چیاکان. زۆر چاکم لە یادە کە باڵەفڕەکان ماڵیان کردین بەنیشانەی خۆیان و دەستیان کرد بەبۆمباران کردنی، من لەگەڵ شەهید میرزا ئاغا ڕەشۆی مێرگەسۆری لەوێ بووین. پێی وتم بڕۆین بۆ ڕەشماڵەکەی باوکم (واتە ڕەشماڵەکەی بارزانی) جانتایەکی هەبوو کاغەزی ئەوی تیابوو، بیهێنین نەوەک بفەوتێ. بەپەلە ڕۆیشتین و جانتاکەمان ڕزگار کرد و لەژێر ڕەشماڵەکە دەرچووین. هەموو ئەوەندەی چاو تروکاندنێکی نەبرد باڵەفڕەکان دەرکەوتن و مووشەکێک دای لە ڕەشماڵەکە و ئەوجا ڕیزێ شەستیریشی تێ گیرا و ئاگری تێ بەربوو و سووتا. لێدانەکە ئەوەندە نێزیک بوو بەجۆرێک هەموو لایان وابوو بەرکەوتووین و مردووین. بەڵام هەر لوتفی خوا بوو ویستی بەسەلامەتی دەرچین و تەنانەت شوێنێکیشمان لێ نەڕووشێ.

## هەڵکوتانەسەر بارزان

لە ئەنجامی ئەو نسکۆیەی کە تووشی شۆڕش هات، هیچ هێزێک لە مەیداندا نەما بەرەورووی سوپای عێراق بووەستێ. ڕێژێمیش هێزێکی گەورەی لە جاش و یەکە نیزامییەکان خڕکردەوە و بەرێی خست بۆ ئەوەی بارزانی پێ داگیر بکا. هێرشەکەی جاشان

و سوپا له دوو قۆڵەوه بوو: قۆڵی ئاکرێ – سەری ئاکرێ – چیای پیرس و ئەنجا بارزان، قۆڵی ڕەواندز – مێرگەسۆر – بارزان. له هەردوو بەره، نەخوازەڵا له بەرەی ئاکرێ – پیرسدا، هێرشبەرەکان لەگەڵ بەربەرەکانێیەکی سەختی جەنگاوەرانی بارزاندا ڕووبەڕووبوونەوه. بارزانی بۆ خۆی سەرپەرشتیی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەی دەکرد و پاڵەپەستۆی دوژمنیش زۆر سەخت و قورس بوو. بارزانییەکان له هێڵەکانی داکۆکی کردندا مەردانه خۆیان ڕاگرت. لەو سەردەمەدا جەنگاوەرەکان هیچ ئامێرێکی نوێی پێوەندی کردن (بێتەل)یان نەبوو، لەبەرئەوه زۆر بەزەحمەت دەهاته پێش چاو ئەو بەره پان و بەرین و بەربڵاوه بخەنه ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوه.

له دۆڵی نەهلەدا که دەکەوێتە نێوان دوو چیای پیرس و سەری ئاکرێ، ئەو هێزانەی بارزانی بۆ خۆی سەرکردایەتیی دەکردن، بەهۆی ئەوەوه که وەک پێشتر وتم، هیچ دەزگایەکی نوێی پێوەندیکردنیان نەبوو، ئەوەندەی نەمابوو بەرەو ڕووی کارەساتێ ببنەوه. بارزانی بۆ خۆی و بیست جەنگاوەر که لەگەڵیدا بوون، گەمارۆیەکی بێ کەلەبەر گەمارۆ دران، بارزانی خۆی له نێوان جاشان و هێزەکانی سوپای عێراقدا دیتەوه و ڕزگاربوونی له پەرجووێک دەچوو، سەرۆکی پاسەوانه تایبەتییەکانی ئەو، که میرزا ئاغا ڕەشۆ شێروانی بوو شەهید کرا.

له کاتێکدا که کشوماتی ڕەشماڵی خۆی بەسەر هەموولایەکی کوردستاندا هەڵدابوو، تەنیا بەرەی بارزان مابووەوه مەیدانی جەنگ و کاری سوپایی بێ. بەهۆی ئەم بەربەرەکانییەوه دەرکەوت کەوا بارزانییەکان ناتوانن بەتەنیا بۆ خۆیان و بەو ئازووخه و خۆراک و جبەخانه و ئەو پێویستییه کەمانەی تری درێژەپێدانی شۆڕش که لەژێر دەستیاندا بوو، هەتا هەتایه ئەرکی شەڕکردن له ئەستۆ بگرن. ئەو هێڵی داکۆکییەی بارزانی له چیای پیرس پێکەوەی نابوو ئەوەندە پتەو بوو سوپای عێراقی زەبوون کردبوو و، نەیدەتوانی بەسەریدا ڕاببوورێ و لێی بپەڕێتەوه و، نەیهێشت پێش بکەوێ. له بەرەی مێرگەسۆریش که بەرەوڕووی هەڵکوتانی ڕەتڵی دوو دەبووەوه سەرکردایەتیی بەدەست محەمەد ئەمین میرخان مێرگەسۆرییەوه بوو، ئەویش توانیی هەڵکوتانی سوپای عێراق لەسەر سنووری مەزنێ بووەستێنێ.

له بەغداش، عەبدولکەریم قاسم کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییە بەناوبانگەکەی خۆی له ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٦١دا گرت و تیایدا جاری دا کەوا شۆڕش، یا بەواتەی ئەو (یاخیبوونەکە) بڕاوەتەوه.

## گەیشتنی عومەر مستەفا (دەبابە) و عەلی عەبدوڵڵا بۆ بارزان

لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١دا دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی عومەر مستەفا دەبابە و عەلی عەبدوڵڵا گەیشتنە بارزان، لەو ڕۆژانەدا کۆبوونەوەیەکی پڕ بایەخ دەکرا کە بارودۆخەکە پێویستی کردبوو. مەبەستیش لەو کۆبوونەوەیە، هاوئاهەنگکردنی کاری نێوان هێزەکانی بارزان و هێزەکانی پارتی لەگەڵ ئەو خێڵانەی تردا بوو کە مابوونەوە و مەیدانیان چۆڵ نەکردبوو و پەنایان نەبردبوو بۆ ئێران.

## وەستانی شەڕ و دەستپێکردنی گفتوگۆ

هەوڵ و تەقەلای سوپا لە هەردوو بەرەی پیرس و مێرگەسۆردا بۆ کەلێن تێخستنی هێڵەکانی داکۆکیی پێشمەرگە و نەهێشتنی بەربەرەکانێ و گەیشتنە بارزان، بەو جۆرەی نەخشەی بۆ کێشرابوو، بەهیچ دەرچوو. بەڵام جەنگاوەرەکان لە بارودۆخێکی سەختدابوون کە ڕۆژ بەڕۆژیش سەختتر دەبوو. شێخ ئەحمەدی بارزان، پاش ڕاوێژ و گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوون و لێکۆڵینەوەی هەڵوێست لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی برایدا، وای بەباش زانی بەمەبەستی ڕێ خۆشکردن بۆ گفتوگۆ لەگەڵ قاسم، جارێ وەستاندنی شەڕ لە بەرەی بارزاندا بدات. بەڵام قاسم گومانی وابوو هەناسەی شۆڕشی بڕیوە و بەسەریاندا سەرکەوتووە و، بەهۆی ئەو لە خۆبایی بوونەوە کە پاش ئەو ئەنجامانەی سوپاکەی لە ناوچەگەلێکی تردا وەدەستی هێنابوون، هاتبوو بەسەریدا و، لای وا بوو کە هیچ پێویستییەک بەهیچ جۆرە گفتوگۆیەک لە ئارادا نەماوە، هەرچەندیش سەرەتایی بەپێشنیازەکەی شێخ ئەحمەد قایل بووبوو کە بۆ خۆی ناوی (دەخالەت)ی لێ نابوو بەو مەرجەی کە شێخ ئەحمەد، بارزانی و هەڤاڵە جەنگاوەرەکانی، بێ هیچ جۆرە مەرجێک لەوانەوە و هیچ گفتێک لەمەوە، بدا بەدەستییەوە. جا ئەوەبوو بەرانبەر بەمە قاسم ئەم وەڵامەی لە بارزانییەوە وەرگرت:

> «من داوای هیچ لێبووردنێکم لێ نەکردووی و پێویستیشم بەلێبووردن نییە. ئەوەندی لە توانامدا بێ بەربەرەکانێ دەکەم. ئەگەر هیچ هۆیەکی داکۆکی لە خۆکردنیشم بەدەستەوە نەما، ئەوا وڵات بەجێ دەهێڵم».

لە ئەنجامی ئەمەوە بارودۆخێکی نوێ هاتە گۆڕێ. پێویست بوو لەسەر بارزانی، تا دوا هەناسە داکۆکی لە خۆی بکا بێ ئەوەی هیچ بیرێ لە خۆبەدەستەوەدان بکاتەوە و بەهەر جۆرێ بێ چارە بۆ مەسەلەی بەردەوامیی خەبات بدۆزێتەوە. بینا لەسەر ئەمە، بارزانی لە

٨ی تشرینی یەکەمدا داوای لە شێخ ئەحمەد کرد ڕێگەی بدا بچێتە گوندی دۆرێ و چەند ڕۆژێ لەوێ مایەوە، چاوەڕوانی شوێنکەوتووانی و ئەو پیرەوکارانەی بوو کە چارەنووسی خۆیانیان بەچارەنووسی ئەوەوە گرێ دابوو و نیزیکەی ٦٠٠ بارزانی و ٥٠٠ کەسی تر بوون لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە.

## چوونی شێخ ئەحمەدی بارزان بۆ بەغدا

پاش ئەوەی شێخ ئەحمەد بڕیاری شەڕ وەستاندنی لەگەڵ هێزەکانی حکوومەت دا، پێشمەرگە لە بەرەی مێرگەسۆر کشانەوە و گواستیانەوە بۆ دوو گوندی پیران و بێدوود، ئەوانەش کە بەری پیرسیان داگرتبوو کشانەوە بۆ دوو گوندی دۆرێ و لێرەبیر. عەبدولکەریم قاسم داوای لە شێخ ئەحمەد کرد بێ بۆ بەغدا بۆ چاوپێکەوتنی و، هەموو خێزانەکان لە دوو گوندی بارزان و مێرگەدا کۆکاتەوە، ئینجا هێزەکانی سوپای عێراق ڕوویان کردە هەردوو ناوچەی مێرگەسۆر و بارزان، هێزەکانی لیوای پێنجەم بەسەرکردایەتیی زەعیم (عەمید) حەسەن عەبوود چوونە ناو گوندی بارزانەوە و فەوجێکی هێزی سێی پیادەش بەسەرکردایەتیی عەقید وەهبی چووە مێرگەسۆرەوە و، خێزانەکانی شێخانی بارزان بەخێزانی بارزانی خۆشیەوە لە گوندی مێرگەسۆردا یەکیان گرتەوە. عەبدولکەریم قاسم لە سەرەتادا بڕیاری دابوو هەموو خێزانەکانی شێخانی بارزان دوورخاتەوە بۆ ناوچەی فوراتی ناوەڕاست، بەڵام پاش چاوپێکەوتنی شێخ ئەحمەد لەم نیازەی خۆی پاشگەزبووەوە.

عەبدولکەریم قاسم ئەم کارەی بەسەرکەوتنێکی واتایی و ستراتیجیی گەورە دانا کەوا بارزان کرا بەناوچەیەکی بێ لایەن و ئارامی، تا دەگاتە ئەوەی کە هێزەکانی بارزانی لە سەرجەمی ناوچەکە دوور بخرێنەوە. پشتیشی بە بەڵێنی شێخ ئەحمەد بەست لە بڵاوکردنەوەی ئارامی و جێگیری لە ناوچەکەدا بۆیە هات سوپای عێراقی لێ کشاندەوە. لەلایەکی تریشەوە شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفای برای لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە ئەگەر هاتو گفتوگۆ لە نێوان حکوومەت لەلایەکەوە و بارزانی و سەرکردەکانی تری شۆڕشدا لەلایەکی ترەوە، سەری نەگرت، ئەوا ئەم ناوچەیە لە هەموو کردەوەیەکی سوپایی دوور ڕاگیرێ. هەروا ڕێک کەوتبوون کەوا پێشمەرگە هیچ شوێنێ لەم ناوچەیە داگیر نەکا و هیچ بنکە و بارەگایەکیان تێیدا نەبێ. پاش ماوەیەکی کەم دەرکەوت ئەم کارەی بارزانی و شێخ ئەحمەدی برای کردیان، کارێکی لەوپەڕی ژیریدا بووە و سوودێکی زۆری بۆ شۆڕش و

بەردەوامیی شۆڕش هەبوو. هەرگیز ئەو کارە دوور لە هەموو بنەمایەکی شەرەف و ڕەوشت بەرزییانەم لەبیر ناچێتەوە کە عەقید وەهبی لە مێرگەسۆردا کردنی و، ئەو ئازار و ناڕەحەتییانە لەیاد ناکەم کە ئەو کابرایە پێی گەیاندین، یەکێکیان ئەوەبوو لوقمانی برامی گرت و بەزنجیر و کەلەپچەکراوی ناردی بۆ بەغدا و لەوێ فڕێی دایە زیندانی سوپایی ژمارە (١)ی مۆڵگەی ڕەشیدەوە. ئەم شوێنە کەم دەرەتانەی ئێرە ئەوەندە تەسکە جێی ئەوەی تێدا نابێتەوە باسی ئەو جۆرەها تەنگ پێ هەڵچنینە دەستەنقەستانە بگێڕمەوە کە بەرانبەر بەخێزانە شێخەکانی تر و تێکڕای بارزانییەکان کران.

## نەخشەکەی بەدرەدین عەلی بەهاوکاری لەگەڵ هەندێ جاشاندا

بەدرەدین عەلی کە کرابوو بەپارێزگاری هەولێر، هیچ هەست و سۆزێکی مرۆڤانەی لەدڵدا نەبوو. بگرە لە هەموو هەستێکی نیشتمانی داشۆرابوو. سەیرکە چیی کرد:

خێزانەکانی گوندەکانی دەوروبەر و دراوسێی بارزان هەموو لە مێرگەسۆر و گوندی بارزان خڕبووبوونەوە. تیپەکانی جاش و یەکەکانی سوپاش گەمارۆیان دابوون. بەدرەدین عەلیش کە ئەمەی دی دەستی دایە گەرمکردنی هۆیەکانی تۆڵەسەندنەوە و، کەوتە هەوڵدان بۆ ژیاندنەوەی ناحەزییە کۆنەکانی نێوان ئەو جاشانە و بارزانییەکان لە ڕێگەی هاندانیان لە دژی بارزانییەکان و چاوپۆشی کردن لە دەستدرێژی کردنەکانیان بۆ سەر بارزانییەکان. هەندێکیش لە جاشە سوورچی و زێبارییەکان کەوتنە هەڵگیرساندنی ئاگری فیتنە و دەستدرێژی بۆ سەر بارزانییەکان، بەڵام عەمید حەسەن عەبوود هەڵوێستێکی توندی وەرگرت و نەیهێشت ئەوەی دەیانویست بیکەن جێبەجێ ببێ و، فەرمانی دەرکردنیانی لە ناوچەکە دا. بنەمای دوژمنایەتیی نێوان ئەم سەرکردەیەی سوپا و بەدرەدین عەلی لێرەوە بوو. بارزانیش ئەم پیاوەتییەی حەسەن عەبوودی هەرگیز لەیاد نەکرد و کە بەعسییەکان لە ٨ ی شوباتی **١٩٦٣**دا هاتنە سەر حوکم و حەسەن عەبوودیان گرت و بڕیاری کوشتنیان دا، بارزانی ئەو پیاوەتییەی زووی حەسەن عەبوودی لەیادبوو و نەیهێشت ئەو چارەنووسەی بۆیان بڕیار دابوو جێبەجێی بکەن و لە مردنی ڕزگار کرد. بارزانییەکانیش هەروەها ئەم هەڵوێستە مەردانەیەی ئەم سەرکردەیەیان لەبیر نەچووەتەوە و هەمیشە یادی دەکەنەوە.

لە مێرگەسۆریش کۆمەڵێ لە جاشگەلی سۆفی و هەرکییەکان هاتن ویستیان بەرەزامەندی و چاوپۆشی کردنی عەقید وەهبی و بەدرەدین عەلی بێنە ناو دێوە. زۆر چاکم

لەیادە چۆن دەنگی گوللەی جاشەکانم گوێ لێ دەبوو و چەند لەوە دەترساین ئەوانە هێرشمان بهێننە سەر و خوێن و ماڵمان حەلاڵ بکەن. لێرەشدا بەپێویستی دەزانم مەردایەتییەکی ئەسعەد شێتنە بگێڕمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەوەوپاش هەمیشە هەر یەکێ بووە لە سەرۆک جاشەکان. ئەم پیاوە چەکدارەکانی خۆی خڕکردنەوە و وەکو دیوارێک لە ڕووی ئەو هێرش هاوەرانەدا وەستا و پێی وتن: "بچن بەپێشوازیی مەرگی خۆتانەوە. ئێمە پێویستە لەسەرمان تا دوا دڵۆپی خوێنمان داکۆکی لەم بنەماڵەیە بکەین". ڕووشی کردە عەقید وەهبی و پێی وت: "ئەگەر شەڕ لە نێوان حکوومەت و بارزانییاندا بێ، من لەگەڵ حکوومەتم، بەڵام ئەگەر لە نێوان خێڵەکان و بارزانییاندا بێ، ئەوا من لەگەڵ بارزانییانم". جاشەکان چەندین گوندی خێڵی دۆڵۆمەری و شێروانی و گەردییان سووتاند کە دانیشتوانیان چۆڵیان کردبوون و، بۆ خۆیان پەنایان بردبووە بەر مێرگەسۆر وەک پێشتر باسمان کرد. کەچی محەمەد ئاغای مێرگەسۆری خزمەتگوزاریی خۆی دەخستە پێش دەم عەقید وەهبی و چەند پارچە چەکی لێ وەرگرت و، کەوتە شەڕ لەگەڵ شۆڕشگێڕەکاندا، بەڵام هەر کە پێشقەرەوڵەکانی هێزی پێشمەرگە بەسەرکردایەتیی محەمەد ئەمین میرخان دەرکەوتن، ئەو پێی پێوەناو هەڵات.

لەو دەمەدا نێزیکەی هەزار پێشمەرگەی چەکدار لە دوو گوندی دۆرێ و لێرەبیر لە دەوری بارزانی خڕبووبوونەوە. شێخ ئەحمەد دیتی کەوا بەهۆی ڕێککەوتنی نێوان جاشان و سەرلەشکری هێزی نیزامیی حکوومەت عەقید وەهبییەوە، مەترسی بۆ سەر بنەماڵەی بارزانی بووە بەشتێکی بێ گومان، بۆیە هیچ چارەیەکی بۆ ئەم مەترسییە لەوە بەولاوە نەدی کە پێوەندی بەبارزانییەوە بکا و داوای یارمەتیی هێزەکانی لێ بکا بۆ لادانی ئەم مەترسییە. یەکێکی نارد بارودۆخەکەی بۆ باس بکا و هانی بدا کە بەخۆی و بەپێشمەرگەکانیەوە بێت و، بێتە پێشەوە و نیازی جاشەکان پووچەڵ کاتەوە و، بەری هەر هێرشێکیان بگرێ کە لەوانەبێ بیهێنن. بارزانیش بەفەرمانەکەی شێخ ئەحمەدی کرد و پێشمەرگەکانی بەرەو مێرگەسۆر بەڕێ کرد تا لەپڕ و بێ ئەوەی ئەوان پێ بزانن لە دوو کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی مێرگەسۆرەوە بدا بەسەر کۆمەڵەگەلی جاشاندا. جاشەکان خۆیان لەبەر پەلامارەکەی بارزانیدا پێ نەگیرا و لە یەکەم پێکداداندا هەڵاتن و پشتیان هەڵکرد و بێ ئەوەی لا بکەنەوە بۆ دواوە، سیدەکان و ڕەواندز خۆتان بگرن وا هاتین. پێشمەرگە دەوری مێرگەسۆریان گرت و سوپا نیزامییەکەی حکوومەتیان گەمارۆ دا و عەقید وەهبی هیچی پێ نەکرا و چارەیەکی نەدی لەوە بەولاوە کە دەستەودامێنی ئەو کەسانە ببێ کە

کەمێک لەوەپێش لەژێر ڕەحمەتی خۆیدا بوون. داوای یارمەتیی لە ئیدریسی برام کرد و بانگی کرد بۆ لای خۆی. ئیدریس و بنەماڵەی بارزانی لە ماڵەکانی خوار لێژاییییەکەوە لە گەڕەکی ئاڤا ژێری بوون لەو خانووانەدا کە کەکشار و خزمەکانی پێیان دابوون تیایاندا دانیشن. ماڵەکانی شێخ ئەحمەد و خێزانەکەشی لە بەرزاییییەکەدا بوون لەو شوێنەدا کە بارەگای سوپاش لەوێ بوو. عەقید وەهبی بەکورتبینی و کەریەتیی خۆی، مەبەستی ئەوەبوو ئیدریس و ماڵە نێزیکەکانی شێخ ئەحمەد بکا بەقەڵغانێک، خۆی لە هێرشی چاوەڕوانکراوی پێشمەرگە پێ بپارێزێ و ئەندامانی بنەماڵەش بکا بەدیوارێک تا لە پشتیەوە پەنا بگرێ یا وەک بارمتە لای خۆیان بهێڵێتەوە بەڵکو بەهۆی ئەوانەوە لەهەر هێرشێکی پێشمەرگە بێ ترس بێ کە لە خەیاڵی خۆیدا دروستی کردبوو، بێ ئاگا لەوە کە هەرگیز ڕێی تێ ناچێ پێشمەرگە لە هیچ شوێنێکدا جموجوڵی چەکداری یا هیچ بەرەوڕووبوونەوەیەک بکەن مادەم شێخ ئەحمەد لەو شوێنەدابێ.

تا بوو بە ١٥ی ئەم مانگە ناوچەکە هەمووی لە جاشان خاوێن بووەوە و، لە هێزی نیزامی بەولاوەی تێدا نەما کە بەپێی ڕێککەوتنەکەی نێوان عەبدولکەریم قاسم و شێخ ئەحمەد لە بارزان و مێرگەسۆردا مابوونەوە، ئەویش بەمەرجێ مانەوەیان لەو شوێنەدا کاتی بێ. لە کۆتایی تشرینی دووەمی ١٩٦١دا ڕێگەی خێزانەکانمان درا بگەڕێنەوە بۆ بارزان و، ڕێگەی خێزانی بارزانییش درا لە گوندی بێداروون نیشتەجێ بن کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ڕێی نێوان بارزان و مێرگەسۆر. خەڵکی گوندەکە مێوانداریيان کردین و چییان پێ کرا بۆ دابینکردنی حەسانەوەمان کردیان، تەنانەت خانووەکانی خۆشیان بۆ چۆڵ کردین. ئێمە هەمیشە قەرزارباری چاکەی ئەمانەین. خوا پاداشتی چاکەیان بداتەوە.

## لێبووردنێک لە عەبدولکەریم قاسمەوە

پاش ئەو پێکدادانە کورتەی لە دەوروبەری مێرگەسۆردا ڕووی دا، قاسم بۆی دەرکەوت جاشەکان چەند لاوازن و هیچ ورەیەکیان نییە، هەروەها تێ گەیشت چ ناڕەحەتی و مەینەتێ تووشی هێزی سوپا دەبێ لەهەر پێکدادانێکدا کە ڕەنگە لەمەوپاش و، لە هەر شەڕێکی درێژخایەندا ڕوویدا. ڕەنگ بێ لەهەمان کاتدا واشی بەخەیاڵدا هاتبێ کەوا مەلا مستەفا ئامادەیە بۆ پەسەندکردنی هەر بڕیارێکی لێخۆشبوون هەر بەمەرجێ قەدر و حورمەتی لەکەدار نەکا. بۆیە دەست پێشخەرییەکی کرد و پێوەندیی بەشێخ ئەحمەدەوە کرد

و داوای لێ کرد کەسێ بنێرێ بۆ لای مەلا مستەفا پێی ڕاگەیەنێ کەوا عەبدولکەریم ئامادەیە لێی خۆش ببێ بەمەرجێ لە ناوچەی بارزان نەمێنێ و، ئەو -واتە قاسم- وای پێ باشترە لە بەغدا بێ و لە پایەتەخت بمێنێتەوە. من لەو باوەڕەدام کەوا قاسم لەوە بێگومان بووە کە مەلا مستەفا بێ هیچ دوودڵییەک بەپیر ئەو پێشنیازەیەوە دەچێ و، بەپێی ئەم باوەڕەی خۆی کەوتە خۆ ئامادەکردن وەک بڵێی پێشنیازەکەی هاتووەتەدی و بووە بەڕاست. بۆیە فەرمانی دا بەفەرماندەری لیوای سێیەم لە ڕەواندز بۆ خۆی بڕوا بۆ مێرگەسۆر و هەر خۆی پێشوازی لە مەلا مستەفا بکا و لەگەڵ خۆیدا بیهێنێ بۆ بەغدا. شێخ ئەحمەدیش عوسمانی کوڕی و محەمەد ئاغای مێرگەسۆریی نارد بۆ لای مەلا مستەفا کە لە دوو گوندی بیێ وکانی بۆت لە پشت چیای شیرینەوە لەشکری خۆی مۆڵ دابوو و خۆشی ئامادە دەکرد لە ناوچەکە بکشێتەوە، نامەکەی عەبدولکەریمیان دا بەمەلا مستەفا. بۆچوونی شێخ ئەحمەد خۆشی ئەوەبوو مەلا مستەفا بەدەم ئەم بانگهێشتنەی قاسمەوە نەچێ و، بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنەی خۆی لەگەڵی ڕێک کەوتبوو پشت بەخوا بەردەوام بڕوا بۆ پێشەوە. وەڵامی بارزانییش لەسەر پێشنیازەکەی عەبدولکەریم قاسم ئەمەبوو:

«من تاوانبار نیم تا داوای لێبووردنت لێ بکەم. تۆ پێویستە داوای لێبووردن بۆ خۆت لەو تاوانانە بکەی کە دەرهەق بەگەلی کوردت کردوون. بەیارمەتیی خواش بەم نیزیکانە پێشانت دەدەم کێ تاوانبارە و کێ پێویستی بەوەیە گەل لێی ببوورێ».

## کۆبوونەوەیەک لە گوندی سەیدان

دەنگوباس گەیشتە حکوومەت کەوا بارزانی سەخت بریندار کراوە و بەهۆی برینەکەیەوە ژیانی لە مەترسیدایە. دەنگوباسەکە زۆر زل کرا و ئەوەندەی پێوەنرا مەسەلەکە گەیشتە ئەو ڕادەیە هەواڵی مردنی کرا بەشتێکی ڕاست و ڕووداو، لەوانەشە مەبەست لە زڕاندنی ئەم دەنگوباسە درۆینە ئەوە بووبێ کار بکاتە سەر وورەی میللەتی کورد و لە ڕاستیشدا ئەمە ڕووی دا. بەم بۆنەیەوە دەمەوێ ئەم ڕووداوە بگێڕمەوە: سەربازێکی کورد لە ڕیزی هێزی نیزامی لە مێرگەسۆر لە دووکانێکدا ناسیمی و هاتە لام. لێم نیزیک بووەوە و زۆری لێ کردم کەوا سوێندی بۆ بخۆم ڕاستی پێ دەڵێم. وتی: ڕاستە مەلا مستەفا برینداره؟ وتم: درۆیە و، بارزانی ساغ و سەلامەتە و تەنانەت شوێنێکیشی نەڕووشاوە، سەربازەکە هەر کە ئەمەی لێ بیستم لەبەر شادمانیی فرەی خۆی هەڵدا و کەڵەمبازێکی برد و هاواری

کرد: "سوپاس بۆ خوا" ئەوجا بەڕاکردن ڕای کرد و وتی: دەڕۆم ئەم مژدە خۆشە بەبرادەر و هاوڕێکانم دەگەینم[٤].

لە کاتێکدا کە لایەنە حکومەتییەکان خەریکی ئەوە بوون ئەم هەواڵە درۆینەیان بەهەموو لایەکدا بڵاو دەکردەوە، مەلا مستەفا بەڕێوەبوو بۆ سەیدان دەچوو. ٢٠ی تشرینی یەکەم گەیشتە سەیدان و فەرمانی دا هەموو تیپەکانی تری پێشمەرگە لەو گوندەدا کۆببنەوە. ژمارەیان -وەک پێشتریش وتمان- گەیشتە نێزیکەی هەزار کەس، مەلا مستەفا کۆبوونەوەکەی بەوتەیەک دەست پێ کرد، تیایدا وتی:

«براینە، نازانم پاشەڕۆژ چیی بۆ حەشارداوم، تا ئەوپەڕی توانی خۆم بەربەرەکانێ دەکەم و تا بتوانم کوردستان بەجێ ناهێڵم. ئەگەر هیچ هەوڵ و تەقەلایەکیشم لە دەسەڵاتدا نەما و وام لێ هات نەتوانم لەوە زیاتر بەردەوام بم، دەچم بۆ سووریا. ئەوەتا ئێوە دەبینن من بەئارەزووی خۆم مەرگم بۆ خۆم هەڵبژاردووە. جا ئەو کەسەی مەرگ بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ، با لەگەڵم بمێنێ. من بەم ڕێگەیەی خۆمدا هەر دەڕۆم بۆ پێشەوە و لەوە بەولاوە کە لەگەڵ خۆمم هەڵگرتووە لە چەک و فیشەک و پارەیەکی کەم، هیچی ترم پێ نییە. ئەوە هەموو ئەوەیە کە من هەمە. ئەوانەی لە مەرگ و برسیەتی و سەرما ناترسن، با لەگەڵم بمێننەوە، ئەوانەش کە چاوەڕێی هیچم لێ ناکەن با بمێننەوە چونکە منیش وەک ئێوەم، نە پارەم هەیە و نە چەک. بەڵام ئەوانەی کە وزەی لە ئەستۆگرتنی ئەم ناڕەحەتیانەیان نییە کە بۆم باس کردن، با بڕۆن بەڕێی خۆیانەوە و خوا پاداشتی خۆیان بداتەوە، چونکە تا ئێستە زۆریان لە ئەستۆ گرتووە و لەم ڕێگەیەدا ماندووبوون. دەمەوێ سەرەڕای ئەم قسانەم ئەوەش بڵێم کەوا ئێمە نەتەوەیەکی موسوڵمانی کوردی ستەمدیدەین، پێویستە لەسەرمان داکۆکی لە ماف و شەرەفی خۆمان بکەین. مایەی شکۆ و شانازی و شەرەفیشمان دەبێ کە گیانی خۆمان بکەین بەقوربانی ئازادیی میللەتەکەمان».

پاشان لای کردەوە بەلای حوسێن جەرجیس پێندرۆییدا کە یەکێ بووە لەو هەڤاڵانەی لەگەڵیدا چووبوون بۆ تاراوگە لە یەکەتیی سۆڤیەت و تەمەنی لە حەفتا تێپەڕی کردبوو، پێی وت:

(٤) ڕێکەوت وای هێنا لەم دواییەدا بزانم ئەم سەربازە چیی بەسەر هاتووە کە کاتی خۆی هاتە ناو ڕیزەکانی شۆڕشەوە. ئەم سەربازە ناوی فوئاد مەحموود جومعەیە و ئێستە لە ئەڵمانیایە و لەوێ پەنابەرە.

«حوسێن، تۆ پیربووی، بڕۆوە بۆ ماڵ و بۆ خۆت بحەسێوە، با منداڵەکانت لە جیاتیت لەگەڵمان بمێننەوە».

حوسێن وەڵامی دایەوە:

«مەلا مستەفا، من لەگەڵ ئەوانەم و لەجێی خۆم نابزووم و ناگەڕێمەوە بۆ ماڵ. تۆش ئەگەر حەزت لێیە بۆ خۆت بگەڕێوە بۆ ماڵی خۆت. خوات لەگەڵ بێ».

ژمارەی پێشمەرگە بارزانییەکان لە دەوروبەری ٦٠٠ کەسدا بوو. ئەوانی تریشیان کە ٥٠٠ کەسێک بوون لە خێڵەکانی نێروەیی و گۆران و بەرواریی ژێری و ئامێدی بوون، ئەمانە هەموو بڕیاریان دابوو تا دوا هەناسەیان لەگەڵ بارزانیدا بن و لەژێر سەرکردایەتیی ئەودا و، لە فەرمانی ئەو دەرنەچن.

## بزووتن بەرەو ناوچەی نێروە

دەستپاکی پێویستی دەکا لەسەرم باسی ئەو هەڵوێستە قارەمانییە جوانە بخەمە سەر کاغەز کە خێڵی نێروەیی لەو ڕۆژە سەختانەدا لە پاڵ بارزانی و شۆڕشدا وەستان و، جاڕیان دا کە لەگەڵ بارزانی و شۆڕشن و، پیاوەکانیان بەچەک و سامان و دەرامەتیانەوە چوونە پاڵ پێشمەرگە و چارەنووسی خۆیان بەچارەنووسی ئەوانەوە بەست کە هاوبەشیکردنی بارزانییان لە خەبات لە هەر هەڵوێستێکی تر پێ چاکتر بوو، ژمارەیەکی زۆریان لە مەیدانی خەباتدا لێ کەوتن و شەهیدبوون، یەکێکیان سەرکردەی قارەمان نەزمی نێروەیی بوو کە لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦١دا لە شەڕی چۆم جیهاندا شەهید کرا.

کەسانی تریش هەبوون لە خێڵەکانی گۆران و مزووریی ژێری و بەرواریی ژێری و ئامێدی چوونە پاڵ بارزانی و لە گوندی سەیدان و لەگەڵیدا ڕۆیشتن بۆ ناوچەی نێروە و، هەندێکیان تا دوایی لەگەڵی مانەوە و هەندێکیشیان ڕیزەکانی شۆڕشیان بەجێ هێشت و لە دوا قۆناغدا چوونە پاڵ هێزەکانی حکوومەتەوە.

مێژووی شۆڕش هەڵوێستی جوانی بۆ نێروەییەکان تۆمار کردووە کە چ لە خۆبووردن و دڵسۆزییەکیان پێشان داوە و، چ بەخشش و قوربانیدانێکیان لە داکۆکی لە خاکی نیشتمان و لە مەسەلەی ڕزگاریخوازیدا هەبووە. لەبەرئەوە زۆر شتێکی بەجێ و سروشتی بوو هێزەکانی بارزانی بەرەو شوێنەکانی ئەم خێڵە دڵسۆزە بجووڵێن کە لە ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١دا گەیشتنە ئەوێ و، سەرکردایەتییەکانی هێزە شۆڕشگێڕەکان بەم جۆرەی

بنەوە لەوێ ڕێک خران:
١- محەمەد ئەمین میرخان بەسەرکردایەتیی هێزێکی ٢٥٠ کەسی لە پێشمەرگە.
٢- حاجی بێرۆخی بەسەرکردایەتیی هێزێکی تری ئەوەندە پێشمەرگە.
٣- حەسۆ میرخان دۆڵۆمەری، ئەویش بەسەرکردایەتیی هێزێکی تری ئەوەندە پێشمەرگە.
٤- عیسا سوار، هەروا ئەویش بەسەرکردایەتیی هێزێکی تری ئەوەندە پێشمەرگە.

چەند یارمەتیدەرێکیش بۆ هەر کام لەم چوارە لە ناوچەی تردا دانران، بارزانی، ئەسعەد خۆشەویی بەیارمەتیدەری شەخسیی خۆی لەگەڵ چەند کەسێکی تردا لە لای خۆی هێشتەوە. هێزێکی تایبەتیش بەسەرکردایەتیی عوزێر محەمەد دۆلۆمەری بۆ پارێزگاریی بارزانی جوێ کرایەوە.

ئەم فەرمان و ڕاسپێرییانەی خوارەوەش بەسەر پێشمەرگەدا بڵاوکرانەوە:
١- نەچوونە ناو هیچ گوندێک بەهەر بیانوویەک، نەوەک گوندەکە تووشاری بۆمبارانی ئاسمانی ببێ.
٢- قەدەغەکردنی بەیەکجاریی زەوتکردنی هەر شتێک یا بەزۆر سەندنی لە دانیشتوانی گوندان.
٣- گوێڕایەڵیی پێشمەرگە بۆ ئەو فەرمانانەی لە سەرکردەکانیانەوە دەردەچن بێ هیچ بەرپەرچدانەوە و دوودڵییەک.
٤- بەفیڕۆنەدانی فیشەک بەبێ سوود و دەست پێوەگرتنی بەتەواوی.
٥- خۆپاراستنی تەواو لە کەوتنە بەر بۆمبارانی ئاسمانی و تۆپباران.
٦- سووربوون لەسەر دەست نیشانکردنی خاڵە لاوازەکانی دوژمن و هێرش بردنە سەری لەو خاڵانەوە.
٧- قەدەغەکردنی کوشتن و سوکایەتی کردن و ئازاردانی دیل بەهیچ جۆرێ.
٨- پێویستیی ئاڵوگۆڕکردنی هاوکاری لە نێوان هەموو هێزەکاندا و، دەست پێشخەری لەلایەن هەر هێزێکەوە بۆ یارمەتیدانی هەر هێزێکی تر کە کەوتبێتە جەنگەوە، هەروەها پەنابردنە بەر جەنگی پارتیزانی بەچەند تاخمێکی بچووک بچووک کارێکی پێویستە بەمەبەستی کەمکردنەوەی قەوارەی زیان تا کەمترین ڕادەیەک کە لە دەسەڵاتدابێ.

فەرمان و ڕاسپێریی تریش هەبوون، بەڵام ئەمانەی باسم کردن لە هەموویان پڕ بایەختر بوون.

## بەرەو خێڵی بەرواریی باڵا

لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١دا هێزەکانی پێشمەرگە لە زێی گەورە پەڕینەوە و گەیشتنە ئالووکە و پاشان گواستیانەوە بۆ تەڕوانش و سەرزێری، موحسین بەگی بەرواری و جاشەکانی لەوێ بوون. تەبای کۆمەڵێک پۆلیسی عێراقی لە کانی ماسی ڕێیان لە پێشمەرگە گرت و ڕێیان نەدەدان تێ پەڕن و هەرچی هەوڵیان لەگەڵ درا سوودی نەبوو. لەبەرئەوە چار نەبوو دەبوو پێشمەرگە بەهێزی چەک ڕێ بۆ خۆیان بکەنەوە. ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی شەڕ دەستی پێ کرد ئیتر ئەوەندەی پێ نەچوو مەفرەزەکانی پۆلیس و جاش هەڵاتن و ڕێی هەڵاتنیشیان نەبوو مەگەر لە سنووری تورکیا بپەڕنەوە چونکە ڕێگەی ئامێدی گیرابوو، هەروەها ڕێگەی بێگۆڤاش کە بەدەست چەند تیپێکی پێشمەرگەوە بوو جیا لەوانەی هاتبوونە پاڵ بارزانی کە ئەمانەش بەگەیشتنی هێزەکانی بارزانی ئەوەندەی تر ورەیان زیادی کرد. لەو ڕۆژانەدا عەلی عەسکەری بەرپرسی لقی یەکەمی پارتی بوو، هات بۆ لای بارزانی بۆ ئەوەی لەوێ لای ئەو بحەوێتەوە و لە ڕاوەدووی هێزەکانی حکوومەت ڕزگاری ببێ کە بەگەرموگوڕی لە دووی دەگەڕان بیگرن. ئەو لەو ڕۆژانەدا و تا ماوەیەکیش بەردەوام دەیوت و دەیوتەوە کەوا بۆ یەکەم جار، پاش چەند مانگ زەحمەت و مەینەتی و ڕاوەدوونان و خۆشاردنەوە و دەربەدەری، ئەمن و ئەمانی دەستگیر بووە و دەتوانێ بێ ترس لە بارەگای بارزانیدا چاو بەیەکدابنێ. هەروەها زانیشمان کەوا هاووڵاتیانی کوردی گوندی داشتانیەی تورکیا بەفیکە و گاڵتەپێکردن و هۆبها کێشان پێشوازییان لە موحسین بەرواری و جاشەکانی کردبوو و بەجۆرێ تەنگیان پێ هەڵچنیبوون کە ناچار بووبوون داوای یارمەتی لە تورکان بکەن و خۆیان دابوو بەدەستیانەوە و ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە گێرابوونیانەوە بۆ عێراق.

لەم کردەوەگەلەدا چوار پێشمەرگە شەهید کران هەموویان نێروەیی بوون. زیانی جاشەکانیش ١٠ کوژراو و چەند دیلێک بوو. ورەی پێشمەرگە بەم سەرکەوتنە و بەو دەنگەی لە هەموو لایەکی کوردستاندا دایەوە زۆر بەرزبووەوە و گوڕ و تینێکی دا بەشۆڕش و تیپەکانی تری پێشمەرگە و ئەندامانی پارتی، کە بڵاوەیان لێ کردبوو و، لە چیا و دۆڵ و دەرەکاندا پەنایان گرتبوو. پاش ئەمە ئیتر ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر جەنگاوەر دەهاتنە ناو سوپای شۆڕشەوە. مانگی تشرینی یەکەم هێشتا تەواو نەبووبوو، شۆڕش نێزیکەی دوو هەزار پێشمەرگەی هەبوو.




نەخشەی ژمارە ١ - عێراق




نەخشەی ژمارە ٢
ئەو ناوچانە پیشان ئەدا کە لە شۆڕشی ئەیلوولدا ئازاد کران

## بەشی دووەم


# زستانی ١٩٦١ - ١٩٦٢

لە ئاخر و ئۆخری مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٦١دا ناوچەی کانی ماسی بەتەواوی لە هێزی پۆلیس و جاش پاک کرایەوە و لەشکری شۆڕش دەسەڵاتی تەواوی خۆی بەسەر بەرواریی باڵادا سەپاند و کەسێ لەو ناوچەیەدا نەما نوێنەری حکوومەتی حوکمڕانی ئەو سەردەمەبێ.

پێویست بەوتن ناکا کەوا هەڵوێستی شەرەفمەندانەی هەموو خەڵکی بەرواریی باڵا، بەموسوڵمان و مەسیحییانەوە و لە پیاو و لە ژن، ناوچەی ئەم خێڵەی وا لێ کردبوو ڕۆژگارێ وا دەکەوتە پێش چاو کە وەک بارەگای گشتیی سەرکردایەتیی شۆڕش بێ.

ڕۆڵەکانی ئەم خێڵە هیچ جۆرە درێغییەکیان نە بەپارە و نە بەگیانی خۆیان نەدەکرد بۆ شۆڕش و، بەجۆرێک خامە ناتوانێ باسی ئەو کارانە بنووسێتەوە کە ئەوانە کردیانن. نێرینە جحێڵەکانیان هەر هەموو زوو چوونە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەوە بێ گوێدانە ئەوەی کە چەکی خۆیانیان بەدەستەوە بووبێ یا نە، ئافرەتانیشیان، بەشەوان خۆیان دەکرد بەقوربانی بۆ خزمەتکردنی پێشمەرگە و، نان بۆ کردنیان و ئامادەکردنی هەر جۆرە خواردەمەنییەک دەستیان پێ بگەیشتایە، بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرهەڵدانی گزنگی بەیاندا یەکە یەکە منداڵەکانیان بگرن بەکۆڵیانەوە و ڕووبکەنە دۆڵ و نەواڵی ناو چیاکان، بۆ ئەوەی لە پەنا تاوێرێک یا لە سای درەختێکدا پەنا بگرن تا خۆیان لە بۆمبارانی باڵەفڕەکانی حکوومەت بپارێزن کە ڕۆژ نەبوو لە هەموو لایەکی ناوچەکەدا نەیەنە سەریان و، هیچ گوێیان بەباران و ڕەهێڵە و زوقم و سەرما نەدەدا و وچانیان بۆ ناوچەکە نەهێشتبوو.

لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦١دا و پاش خاوێنکردنەوەی ناوچەکە، وەک پێشتریش وتمان، بارەگای پێشمەرگە لە گشت لایەکانی ناوچەکەدا دانران. لێرەدا پێم ناکرێ بەسەر باسکردنی مەردایەتیی ئافرەتێکی خەڵکی گوندی ئورمانادا تێ پەڕم کە بارزانی خۆی




نەخشەی ژمارە ٣ – مەیدانی کردەوەگەل لە دوو ساڵی ١٩٦١ و ١٩٦٢دا

بۆی گێڕاوەمەتەوە. فەرمووی:

«لە ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٦١دا باڵەفڕ بەجۆرێکی زۆر دڕندانە گوندەکەی ئەو ئافرەتەیان بوردمان کرد و سێ منداڵی بچووکیان کوشت. ئەو دڕندەیییە ئاشکرایە کارێکی زۆری کردە دڵ و دەروونم. کە پرزۆڵە بەم لا و ئەولادا پرژ و بڵاوەبووەکانی لاشەی ئەو منداڵانەم دی خۆم پێ نەگیرا و، فرمێسک بەچاوەکانمدا لووزەی بەست. ئەو ڕۆژە لە ماڵی عەبدوڵڵا عومەر حەمەڕەش بووین. دایکی عەبدوڵڵا کە ناوی مریەم بوو لێم نێزیک بووەوە و پێی گوتم: ئەز گوری، دەزانم بەهۆی شەهیدبوونی ئەو بچووکانەوە زۆر ناڕەحەت بووی. تکام لێت ئەوەیە خەم و پەژارە دات نەگرێ. شۆڕش و سەربەخۆیی نرخی خۆیانیان هەیە کە پێویستە بدرێ. ئێمەش ئامادەین بەری ساڵێکی منداڵدان و کزەی جەرگمان بکەین بەقوربانی بۆ لادانی ستەمی قاسم و، هەمووومان بەقوربانی کوردستان دەبین. شەرمە بۆ مرۆڤی کورد ببێ بەجاش و چڵکاوخۆر. لە دەورت گەڕێم، لەسەر ناوی خوا بڕۆ بۆ پێشەوە لە پێناوی کوردستاندا و گوێت لە سەرەنجام و چارەنووسی ئێمە نەبێ».

بارزانی گەلێ جاران ئەم قسانەی ئەم ئافرەتەی دەگێڕایەوە و باسی ئەو کاریگەرییە قووڵەی دەکرد کە ئەو قسانەی ئەو ئافرەتە لە دڵی ئەویان کردبوو و تا چ ڕادەیەک نیاز و باوەڕیان بەپەیامی خۆی لە دڵیدا بڵاوکردبووەوە، بەئافرەتانی کوردستانیدا هەڵدەدا و قسەکانی ئەو ئافرەتەی دەکرد بەبەڵگە. مارگرێت جۆرجی کیژە ئاشوورییش چەکی هەڵگرت و هاتە ڕیزی شۆڕشەوە و، بوو بەپێشڕەوی چاولێکەری بۆ کیژانی کوردستان.

لێرەدا ئەوەش شایەنی وتنە کە عەبدوڕەحمان بناڤی چ خزمەتێکی بارزانیی دەکرد و بەدرێژایی شۆڕش چ چاودێرییەکی تایبەتیی ئەوی دەکرد کە هەرگیز لەیاد ناچێتەوە، ئەو بەرپرسیی دابینکردنی خۆراکی بارزانی و دڵنیایی لە ساغ و سەلامەتیی ئەوی لە ئەستۆی خۆی گرتبوو[١].

## هەڵوێستی خێڵەکانی تر

پاش دەستگرتنی شۆڕش بەسەر ناوچەی خێڵەکانی تری دەوروپشت وەک خێڵی گلی و سندی و دۆسکیی ژێری و بەرواریی ژێری، نۆبەی خستنە ژێر فەرمان و گوێڕایەڵیی ئەو

(١) شایەنی وتنە ئەم ناوچەیە لە شۆڕشی گوڵانیشدا مەکۆی شۆڕشگێڕان و قەڵای پێشمەرگان بوو.

ناوچانەش هات کە بەپێی بەرنامەیەکی ئامادەکراو و بەیارمەتیی دڵسۆزان و ئەندامانی پارتی جێبەجێ کرا. لە دوادوای تشرینی دووەمدا هێزەکانی گلی و سندی دەستیان دایە خاوێنکردنەوەی ناوچەکانی خۆیان بەدەستی خۆیان و، پێشوازییان لە بارزانی و هێزەکانی کرد. سەرجەمی چەکدارەکانی ئەم دوو خێڵە هاتنە ریزی هێزەکانی پێشمەرگەوە و ژمارەشیان زۆر بوو.

ناوچەی ئەم دوو خێڵە پانتاییەکی بەرین و بەربڵاوی لە سەرەتای سنووری بارزان و سنووری نێودەوڵەتی لە باکورەوە بەرەوخوار تا خێڵەکانی ڕێکانی و نێروەیی و بەرواریی ژێری و دۆسکیی ژۆری و گلی و سندیی دەگرتەوە. ئەم ناوچەیە کەوتە ژێر دەسەڵاتی تەواوی هێزە شۆڕشگێڕەکانەوە، لێرەدا زەحمەتە ناوی حاجی سادق برۆی سەرۆکی خێڵی گلی لەیاد بکەین.

هەرچی خەسڵەتی مەردایەتی و پیاوەتی و ڕاستگۆیی و دەستپاکی و گفت نەشکاندن هەیە هەمووی لەم مرۆڤەدا هاتبووەدی، لایەنگریی تەواوی خۆی بۆ بارزانی تەرخان کرد و خۆی و داراییی خۆی هەموو خستەکار بۆ خزمەتی پرسی کورد، بەهەموو سنگ فراوانییەکەوە ئامادەیی خۆی بۆ پێشوازی لە بارزانی و هێزەکانی پێشان دا. حاجی سادق لە ڕێز لێگرتن و خزمەتگوزاری و گوێڕایەڵیی هەموو ڕۆڵەکانی خێڵەکەی بەهرەمەندبوو. ئەو گفتەشی کە بەبارزانیی دابوو بەجێی هێنا و، مەسعوودی کوڕی لە یەکێ لە شەڕەکانی ساڵی ١٩٦٢دا شەهید کرا.

ژمارەیەک لە سەرۆک تیرەکانی خێڵی سندی هاتنە پاڵ هێزەکانی پێشمەرگە و بەشدارییەکی مەردانەیان لە جەنگەکانی تردا کرد. لە قوربانیدان و قارەمانەتیدا نموونە و چاولێکراو بوون. ئەمانە خزمەتی زۆری هەرگیز لەیاد نەچوویان پێشکێش بەشۆڕش کرد.

پاش خاوێنکردنەوەی ناوچەی سندی و پێکەوەنانی چەندین بارەگای پارتی و سەرکردایەتییەکانی پێشمەرگە لەو ناوچەیەدا، بارزانی بەبەشێ لە هێزەکانیەوە ڕووی کردە ناوچەی دۆسکیی ژێری و خاوێنکردنەوەی ئەو ناوچەیەی تەواوکرد و بەهاوکاریی نێوان حزبییەکان و ڕۆڵە دڵسۆزەکانی خێڵەکە، دەسەڵاتی تەواوی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بڵاوکردەوە. بارزانی و هێزەکانی لەو ناوچەیەش، هەمان پێشوازی و بەخێرهاتنی گەرمی لێ کرا کە لە ناوچەکانی تریش لێی کرا. لێرەدا بەپێویستی سەرشانی خۆمی دەزانم هێما بۆ ئەو هەڵوێستە شەرەفمەندانەیە بکەم کە هەندێ لە سەرۆکەکانی ئەم خێڵە و بەتایبەتی

کادیرەکانی پارتی پێشانیان دا.

لە ڕووی ڕێکخستنی کارگێڕی و سەرکردایەتیشەوە، ناوچەکە هەمان بایەخی پێشووی ناوچەکانی تری بەخۆوە بینی. لە ماوەی هەفتەی یەکەمی مانگی کانوونی یەکەمیشدا توانرا ئەو ناوچەیە خاوێن بکرێتەوە و، بەتەواوی بکەوێتە ژێر دەسەڵات.

## شەڕی زاویتە

کە کانوونی یەکەمی ١٩٦١ داهات، شۆڕش قۆناغێکی دووری لە مەیدانی پتەوکردنی شوێنەکانی خۆیدا بڕیبوو و بەتەواوی دەستی بەسەریاندا گرتبوو. بەپێچەوانەی ئەوەوە کە عەبدولکەریم قاسم لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەیدا لافی لێ دابوو گوایە سەری شۆڕشی پان کردووەتەوە، دەنگوباسی سەرکەوتنەکانی شۆڕش لە هەموو لایەکی وڵات و بەتایبەتی لە کوردستاندا بڵاوبووبووەوە. خەڵک و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکان دەنگوباسی باو و دەماودەم گەیشتوویان بەهەموو لایەکدا بڵاو دەکردەوە و، هەموو ئەو دەنگوباسانە هاشەوهووشەکانی حکوومەتیان بەدرۆ دەخستەوە، دەسەڵاتی حوکمڕان کەوتبووە سەرسامییەوە و سەری لێ شێوابوو نەیدەزانی چی دەکا و وەک کەسێکی لێ هاتبوو هەر هەنگاوێکی هەڵدەهێنایەوە تا ئەژنۆی دەچەقییە قوڕ و لیتەوە. لە جاران زیاتر پشتی بەجاشە چڵکاوخۆرەکان دەبەست و دڵی بۆ لای خۆی ڕادەکێشان و بەپارە و پایە هەڵی دەخڕاندن. پشت بەستنی حکوومەت بەچڵکاوخۆر ڕاگرتن لە پلەی یەکەمدا لەوەوە هاتبوو کە سوپای نیزامی شارەزای سروشتی خاکی کوردستان و، ڕێگە و پیادەڕێ چیاییە سەختەکان نەبوو، سەرەڕای ئەوەش کە ورەی سوپای نیزامی تەواو تەپیبوو و هیچی لە شەڕی پارتیزانی نەدەزانی. لە بارەی جاشە چڵکاوخۆرەکان و بایەخیشیانەوە لە بواری شەڕدا، هەمووان دەیانزانی ئەمانە خاوەنی هیچ پرسێک نین و لە پارەوەرگرتن بەولاوە هیچی تریان نییە. لەبەرئەوە، وەک ڕووداوەکانیش پێشانیان دەدا، ناتوانین بڵێین ئەمانە ئەو قارەمانەتی و لەخۆبووردنەیان هەیە کە کوردی لە جیهاندا پێ ناسراوە. لە شەڕی زاویتەدا کە ئێستە باسێکی دەکەین، بەرەوڕووبوونەوە تەنیا لەگەڵ یەکەکانی پۆلیس و سوپادا بوو و، جاش تیایدا بەشدار نەبوون.

لە ١٠ی کانوونی یەکەمدا ناحیەی سەرسەنگ لە چنگی هێزەکانی حکوومەت ئازاد کرا و، پێشمەرگە دەستیان بەسەر دۆڵی زاویتەدا گرت کە دەڕوانێ بەسەر دهۆکدا. کە ئەوە ڕووی دا حکوومەتیش هێزەکانی خۆی بەمەبەستی هێرشێکی بەربڵاو بۆ کردنەوەی ڕێگەی

سەرسەنگ و گرتنەوەی خڕ کردەوە. لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٦١دا دوو فەوجی سەر بەلیوای یەکەمی پۆلیس و فەوجی سێیەمی لیوای یازدەیەمی سوپا بەسەرکردایەتیی عەقید بەشیر ئیبراهیم بەرەوپێش ملیان نا، تا هێزە وەڕێ کەوتووەکە گەیشتە ناوەڕاستی دۆڵەکە، پێشمەرگە خۆیان گرت و هیچ تەقەیەکیان لێوە نەهات. لەو کاتەدا کە ئەوان گەیشتنە جێ، پێشمەرگە لەمبەر و لەوبەری ڕێگەوە دەستیان کرد بەتەقە. ڕێکردنی سوپاکە بەو شێوەیە بوو کۆمەڵێک بەتەنیا بۆ خۆیان کەوتبنە ڕێ. نە پەرژینێکیان بۆ خۆیان دانابوو و نە پارێزگارییەک کە بەپێی داوونەریتی سوپایی لە ئاگری بەرانبەریان بپارێزێ. هیچ بەخەیاڵیاندا نەهاتبوو کەوا گەلیی زاویتە کەوتووەتە دەستی شۆڕشگێڕان. شەڕەکە شەڕێ نەبوو بەواتای ناسراوی سەربازی، بگرە قەسابخانەیەک بوو. ئەم سێ فەوجە هەموو کەوتنە ناو بۆسەیەکی پتەوەوە و کەمێکیان نەبێ کەسیان لێ دەرباز نەبوو. وا لە بنەوەش ئەنجامی ئەو شەڕە پێشان دەدەین:

- ٦٠٠ کوژراو (بەشی زۆری کوژراوەکان لە پیاوانی سوپابوون).
- ٥٠٠ بەدیل گیراو (بەشی زۆری دیلەکان لە پیاوانی پۆلیس بوون).
- ٧٦ ئۆتۆمۆبیل کە هەموو سووتێنران.
- ١٥٠٠ پارچە چەک کە لە مەیدانی شەڕدا کۆکرانەوە و هەموو تفەنگی سیمینۆڤ و کلاشینکۆڤ و تفەنگی ئینگلیزی (لە جۆری لی ئینفێڵد ٣٠٣) بوون.
- ئەندازەیەکی گەلێ زۆریش فیشەک و تەقەمەنی گیرا.

لە شۆڕشگێڕانیش ٦ پێشمەرگە شەهید کران و ١٩ کەسیش بریندار کران.

شۆڕشی کورد، بەم شەڕە گواستیەوە بۆ قۆناغێکی نوێ و ڕیشەی خۆی قووڵ داکوتا و هەموو ئەو دڵەکوتەی دا بەدەم باوە کە لە بارەی چارەنووسی شۆڕشەوە تووشی هەندێ کەس دەبوو. ئیتر لەوە مەپرسە کە ئەم ڕووداوە چ کارێکی کردە دڵی ئەفسەرانی سوپای عێراق. من پەنجە تەنیا بۆ دان پێدانانی یەکێکیان درێژ دەکەم ئەویش موقەددەم سەعید حەمۆیە کە یەکێک بوو لە فەرماندەرانی فەوجەکانی هێزی یازدەم. ئەم ئەفسەرە لەلاپەڕە ٢٠ی کتێبەکەیدا وەسپێکی ئەو شەڕەی کردووە و تیایدا دانی بەشکانی لەشکرەکەی حکوومەتدا ناوە.

لام وابێ زیادەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم شەڕی زاویتە یەکێ بوو لە شەڕە جوێکەرەوەکان لە مێژووی شۆڕشی ئەیلوولدا کە بۆ یەکەم جار سوپای حکوومەت زیانی وا قورسی لە

گیان و چەک و جبەخانەدا لێ بکەوێ. بەربەرەکانێ تەنیا لەو شوێنانەدا خۆی دەگرت کە بارزانیی لێ بوو. کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیش لە عەودالآن لە پاش ئەو سەرکەوتنانەوە بوو و، لەوێشەوە جوولّە لە ناوچەکانی ڕۆژهەلآتی کوردستاندا دەستی پێ کرد.

یەکێ لە شوێنەوارەکانی ئەم شەڕە ئەوەبوو کە گیانی هەنگاو هەڵهێنانەوە و نیاز و متمانە بەخۆکردنی بلاوکردەوە و ورەی ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە هەموو لایەکی ولآتدا بەرز کردەوە و، ئیتر ڕێکخراوەکانی پارتی کەوتنەوە چالاکی نواندن بێ ئەوەی لە ڕاوەدوونانی کاربەدەستان بترسن، وەک بلێن: ئێمە ئا ئەوەتاین کار دەکەین و تێ دەکۆشین. پاش ئەم شەڕە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لە گوندی عەودالآن کۆبووەوە و بڕیاری ڕێکخستنی ڕیزەکانی پارتیی دەرکرد و، بنەما و بنکەکانی ڕێکخستنی پێشمەرگەی دانا و هەروەها دروشمی «دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان»ی کرد بەدروشمی ناوەندیی خۆی.

ئەم دروشمە ڕەنگدانەوەی وێلّ و کەمالّ و ئاسۆبەرینیی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوولە و، وێنەیەکی زیندووی خەباتی پێکڕای عارەب و کورد لە عێراقدا پێشکێش دەکا و، ئەوە دەردەبڕێ کە چۆن چارەسەری پرسی کورد پێوەندە بەپرسی دیموکراسییەوە لە عێراقدا.

پاش ئەم تێشکانانەی سوپا، حکوومەت بەپلەی سەرەکی کەوتە پشت بەستن بەهێزی ئاسمانی و ئیتر ڕۆژ نەبوو کۆمەڵێ گوند بۆمباران نەکرێن.

پاش ئەم شەڕە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، بەنیازی کۆکردنەوەی تیپەکانی شۆڕشگێڕان، بەسەرناوچە جیاجیاکاندا دابەش بوون. جەلال تالّەبانی بەیارمەتییەکی بەنرخی شێخ عەزیز شێخ یووسف چوو بۆ ناوچەی چەمی ڕێزان و لەوێ لەلایەن شێخی نیشتمانپەروەری بەغیرەت شێخ فەتاحی عەودالآن و تاخمەکەیەوە پشتگیرییەکی بەهێزی لێ کرا، چالاکیی جەلال تالّەبانی لە چەمی ڕێزان ناوچەی سلێمانیشی دەگرتەوە. ئەوەندەی پێ نەچوو ژمارەیەکی گالّتە پێ نەکراوی لە کادیرەکانی پارتی و پێشمەرگە و ڕۆڵە دلّسۆزەکانی خێلّەکانی لە دەور خڕبوونەوە کە بەهۆیانەوە توانیی دەست بەکردەوەی سەربازیی وا بکا کە پۆلیسخانە و بارەگاکانی حکوومەتیان تێدا بکا بەنیشانە بۆ تێسرەواندن. هەروەها بارەگایەکی نیوچە جێگرتووشی بۆ مەکتەبی سیاسی (م.س) لە ناوچەی ماوەتدا پێکەوە نا.

لەلایەکی تریشەوە عومەر مستەفا (عومەر دەبابە) لەگەڵ ژمارەیەک لە کادیرانی پارتی

بەپشتگیری و یارمەتیی هەندێ لەو ئاغایانەی خێڵەکان کە خۆیان ڕاگرتبوو و خۆیان نەدابوو بەدەستەوە وەک عەباس ئاغا و ئەنوەر بەگ و شێخ حوسێن بۆسکینی و شێخ خدری سەیداوا و کەسانی تر لە ناوچەی پشدەر و بیتوێن، دەستی دایە چالاکی نواندن.

**بەشی سێیەم**

# یەکەمین گفتوگۆ و پیلانگێڕی

ڕێژیم پاش شەڕی زاویتە ڕاچەنی کاتێ مەودا سیاسییە ڕاستینەکانی ئەو شتەی بۆ دەرکەوت کە لە کوردستاندا ڕووی دەدا. تێ گەیشت کەوا شۆڕشێکی کوردیی، تەواو مەودا و نیشانە و ئامانج ئاشکرا و ڕوونە و تەنیا ڕاپەڕینێکی خێڵەکیی دەرەتان تەسکی ناوچەیەکی تایبەتی نییە. پاش ئەو شەڕە گیانێکی تر بەبەری شۆڕشدا کرا و، وەک ئاگرێ لە پووش بەربووبێ هەموو کون و کەلەبەرێکی کوردستانی گرتەوە. عەبدولکەریم قاسم تووشی جۆرە سەر لەبەرد دانێک بوو کە نە چاوەڕوانی بوو و نە لە لێکدانەوەکانی خۆیدا داینابوو شتێکی وا ڕووبدا. ترسی ئەوەی لێ نیشت نەوەکا سەرەنجامێکی خراپ بەرێوەبێ بۆی و، ناچار بوو بکەوێتە بیرکردنەوە لەوە کە پێش ئەوەی ئەم پرسە زۆر گەورە ببێ چارەسەرێکی تری جیا لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەجەنگی بۆ بدۆزێتەوە. پەنای بردە بەر فرو‌فێڵ و پیلانگێری و، وای پێشان دا کەوا یەکێ لە یاریدەرانی خۆی دەنێرێتە شوێنێکی دیاریکراو بۆ گفتوگۆ، نیازی ئەوەی لە دڵی خۆیدا هەبوو کەوا کاتێ بارزانی و یاریدەرە نێردراوەکەی بەیەک گەیشتن، شوێنی بەیەک گەیشتنەکەیان بۆمباران بکرێ بەهیوای ئەوەی بارزانیش و پیاوە گفتوگۆکەرە نێردراوەکەی خۆشی هەردوو بەجارێ لەو بۆمبارانەدا بکوژرێن.

شایەنی وتنە ئەم کابرایە (قاسم) کە پێشتر لە یەکێ لە وتەکانیدا جاری دابوو کەوا بارزانی کوژراوە یا هەڵاتووە، لەو قسەیەی خۆی پاشگەز بووەوە و نامەیەکی بۆ شێخ ئەحمەد نارد تیایدا نووسیبووی کەوا ئامادەیە لە بارزانی خۆش ببێ و، ئەو قسەیەی خۆی تێدا کردبووەوە کە هەردەم دەیوت و دەیوتەوە (خوا لە ڕۆیشتووان بووردووە: عفا الله عما سلف)، هەر بەو مەرجە کە بگەڕێتەوە بارزان و ئارام بۆ خۆی دانیشێ و، ئەویش ئامادەیە بڕیاری لێ سەندنەوەی مۆڵەتی کارکردنی یاسایی پارتی هەڵوەشێنێتەوە و، ڕێگەی چالاکی نواندنی ئاشکرای وەک جاران بداتەوە و، دۆستی و خۆشەویستی و بێگەردی

بکەوێتەوە نێوان هەردوولا.

شێخ ئەحمەد دەقی نامەکەی قاسمی لەگەڵ دوو نێردەی خۆی وەلی هەسنی و ئۆسمان ئاغای بارزانیدا نارد بۆ بارزانی. بۆ خۆشی پاش دوو ڕۆژ لە گەیشتنی نامەکە، داوایەکی لە قاسمەوە وەرگرت کە لەگەڵ نێردەی ئەو عەمید حەسەن عەبوودی فەرماندەری لیوای پێنج دانیشێ. بارزانیش بەوە قایل بوو. لە ١٧ی کانوونی یەکەمدا حکوومەت شوێنێکی لە نێزیکی سەرسەنگ بۆ هەردوو گفتوگۆکەر دیاری کرد، بەڵام بارزانی نەچووە ئەو شوێنە و لە شوێنێکی نێزیک لە گوندی بامەڕنیدا مایەوە ئەنجا چەند نێردەیەکی نارد بۆ ئەو شوێنەی بۆ کۆبوونەوەکە دیاری کرابوو تا چاوەڕوانیی گەیشتنی حەسەن عەبوود بکەن و لەگەڵ خۆیانی بەرن بۆ ئەو شوێنەی بارزانی خۆی بۆ کۆبوونەوەکەی هەڵبژارد بوو. بۆچوونەکەی بەڕاست دەرچوو، قاسم نیازی وابووبوو ئەویش و حەسەن عەبوودی نێردەی خۆشی لە شوێنی بەیەک گەیشتنەکەیاندا پێکەوە لەناو ببات. هەر کە حەسەن عەبوود شوێنەکەی بەجێ هێشت و لەگەڵ نێردەکانی بارزانیدا چوو بۆ لای بارزانی، چوار باڵەفڕ هاتن و شوێنەکەیان زۆر بەتوندی و بەوردی بۆمباران کرد. حەسەن عەبوود ئەو بۆمبارانە توندەی لە دوورەوە بەچاوی خۆی دی و شەرمەزارییەکی سەخت دای گرت و ئەو هەڵوێستەی تا ڕادەیەکی زۆر بەلاوە گران بوو. هیچ شتێکی لە بارەی ئەو تاوانەوە کە سەرۆکەکەی سازی کردبوو لە زەینیدا نەبوو. حەسەن عەبوود یەکێک بوو لە ئەفسەرە بەشەرەفەکان. دڵی پاک بوو و لە هەمموو دڵیەوە حەزی دەکرد ئاشتی لە نێواندا بەرقەراربێ. ئێمەش لەو هەڵوێستە بەرزەی دڵنیا بووبووین کە پیاوێکی نیازپاکە، ئەویش ئەوکاتەی بوو بەکۆسپ لەڕێی جاشاندا و نەیهێشت ئازاری بارزانییەکان بدەن. بارزانی کە لەو شوێنەدا خۆی هەڵی بژاردبوو چاوی بەحەسەن عەبوود کەوت، پێی وت: «من داوای هیچ لە قاسم ناکەم بمداتێ. ئەو با مافەکانی گەلی کورد بدا و من عێراق بەجێ دەهێڵم و دەڕۆم». پێشتر چەردەیەکمان لە بارەی ئەوەوە باس کرد کە ئەم ئەفسەرە چ پایە و پلەیەکی لای بارزانی هەبوو، بەڵام ژیانی لای قاسم، وەک دەرکەوت هیچی نەدەهێنا ئەگەر قاسم لەوەدا سەربکەوتایە کە ژیانی بارزانیش و ئەوی نێردەی خۆشی بەجارێ لەناوببات. بەڵام دووربینیی بارزانی دەرفەتی ئەوەی نەدا و پیلانەکەی پووچەڵ کردەوە.

بەر لەوەی حەسەن عەبوود ناوچەکە بەجێ بهێڵێ شەڕێکی تر لە ناوچەی شەرەفان بەمەبەستی گرتنەوەی گوندی مرێیا ڕووی دابوو کە گوندی عەبدوڵڵا شەرەفانییە.

قارەمانی نەبەرد محەمەد ئەمین میرخان[1] و چەند کەسێکی تری وەک عیسا عەبدوڵڵا و زوبێر فەقۆ لەم شەڕەدا شەهید کران.

بەدوای ئەو شـەڕەدا چەند پێکدادانی تریش روویان دا وەک شـەڕی ئەترووش لە ٢٢ی شوباتی ١٩٦٢دا و شەڕی سەری باعەدرێ لە ٢٣ی ئاداری هەمان ساڵدا و پێکدادانێکی تریش پاش سێ ڕۆژ و، لە هەمـوو ئەم شەڕانەدا سەرکەوتن بۆ پێشمەرگەبوو. بەڵام هەندێ زیانیشیان لێ کەوت و چەندین کەسیان لێ شەهید کران. شۆڕش ڕۆڵی قارەمانەتیشی بۆ چەندین کـەسی تریان نووسی، وەک نەژاد بێرۆخی و سلێـمان میـرخان خەردەنی و عـەلی خورشید و حەسەن شێخ هەسنی و محەمەد سەلیم نێروەیی و شەریف محەمەد کورەماری.

حـەسەن عـەبوود گەڕایەوە مـووسڵ و عـەبدولکەریم قـاسم بانگی کـرد بچێ بۆ بەغـدا و ئەویش چوو. لەوێ دەمەقاڵەیەکی گەرمیان لە نێواندا ڕوودەدا. قاسم لەم دەمەقاڵەدا هەر هەڕەشە و گوڕەشەی لێ دەکا. یەکێ لەو قسـانەی پێی وتبوو ئەوەبوو: تۆ چۆن دەڵێی من دڵسـۆزی تۆم لە کـاتێکدا کـە لەکـاتی کـۆبوونەوە هەوڵی ئەوەت نەدا بارزانی بـکوژی؟ حەسەن عـەبوودیش لـە وەڵامدا پێی دەڵێ: چۆن دەمـتوانی بیکوژم؟ دەڵێ: دەمانچەکەت لێ هەڵکێشایە و بتکوشتایە! حەسەن عـەبوود دەڵێ: من بۆ ئەوە لەگەڵی کۆبووبوومەوە لەگەڵی ڕێـک کەوم و ئاشتیی لەگەڵدا بکەم. ئەویش هێشتی من چەکەکەم بەقـەدمەوە بێ و قـەدریان گـرتم و چەکـەکـەیان لێ وەرنەگـرتم کـە دەشـیـتـوانی لێم بسـتێنێ. ئەگـەر وام بکردایە کـە تۆ دەیڵـێـیت هیـچ سـەرکـەوتنێکم دەسـتگیـر نەدەبوو چونکە چواردەورمـان بەپاسەوانە وریا و زیتەکانی ئەوان گیرابوو.

قـاسم زۆری پێ نەچوو حەسەن عـەبوودی لە سەرکـردایەتیی لیـوای پێنج لادا و عـەمـید عـەلی عـامیـریی لەجێ دانا. حـەسـەن عـەبوودیش مـامەڵەیەکی خراپی دەرهەق کرا و خرایە ژێر دەستی بەڕێوەبەرێتییەوە (امرة الادارة)، خستـنە ئەو شوێنەش سزای ئەو ئەفسـەرانە بوو کە غـەزەبیـان لێ دەگـیـرا و قـاسم ڕقی لێ هەڵدەستـان و کەمتـەرخەمیـیـەکیـان لێوە دەردەکەوت. تا ئەو ڕۆژەش کە حوکمڕانیی قـاسم بڕایەوە ئەو هەروا لە خزمەتی بەکردەیی

(١) لە ٧ی ئادار لە شەڕدا پێکراو، بەپێی بڕیاری قاسم بەلێبووردنی بەشدارانی بزووتنەوەکە، نێردرا بۆ نەخۆشخانەی مووسڵ بۆ تیمارکردنی، بەڵام کاربەدەستانی ناوخۆی مووسڵ ڕێیان بۆ چڵکاوخۆرەکان خـۆش کـرد چوون لەو ژوورەی نەخـۆشـخـانەدا کـە تیـایدا کـەوتبـوو دایانە بەر ڕێژنەی گـولـلە و لە قەرەوێڵەکەیدا کە لە سەری ڕاکشابوو کوشتیان.

دوور بوو. قاسم دانی بەوەدا نەدەنا کە ئەو ناردبێتی چاوی بەبارزانی بکەوێ و تۆمەتی ئەوەی دەدایە پاڵ کەوا گوایە لەخۆیەوە چووە بۆ چاوپێکەوتنی و، بێ ئاگەداریی ئەو و بێ فەرمان وەرگرتن لەو ڕۆیشتووە.

قاسم هەوڵی گفتوگۆی لەگەڵ بارزانی دووبارە کردەوە. ئەمجارەیان ژمارەیەک لە سەرۆک خێڵەکانی پشدەری لە ١٥ی ئاداری ١٩٦٢دا نارده لای بارزانی کە لە گوندی شەهیا چاوی بەوەفدە خێڵەکییەکە کەوت[٢].

شاندەکە پرسەکەی وا پێشان دەدا کە بابەتێکی کەسانی بێ لە نێوان قاسم و بارزانیدا. وەڵامی بارزانی بۆ شاندەکە بەم جۆرە بوو کە پێی وتن:

«بەعەبدولکەریم بڵێن پرسەکە لەوە بەربلاوترە کە پرسێکی کەسانی بێ لە نێوان من و ئەودا. ئەو لەسەری پێویستە داخوازییەکانی کورد پەسەند بکا و مافەکانی بۆ دەستەبەر بکا. لە بارەی منیشەوە من داوای هیچ بۆ خۆم ناکەم. بەڵگەشم لەسەر ئەو قسەیە ئەوەیە هەر کاتێ قاسم داخوازییەکانی گەلی کوردی جێبەجێ کرد، من ئامادەم وڵات بەجێ بهێڵم. (ئەم داخوازییانەش ڕوون و دیارن و لە یاداشتەکەی پارتیدا کە لە تەمووزی ١٩٦١دا پێشکێشی ئەوی کردووە، لێک دراونەتەوە و بەدرێژی قسەیان لە بارەوە کراوە)».

ئەم وەڵامەی بارزانی، نە لە ناوەڕۆک و نە لەواتادا، هیچی لەو وەڵامەی جیاواز نەبوو کە بەعەمید حەسەن عەبوودی وتبوو.

ئەوەمان بەسەردا تێ پەڕی کە بڵێین قاسم بەر لەوە بەهەفتەیەک و بەتەواوی لە ٧ی ئاداری ١٩٦٢دا لێبووردنێکی گشتیی بۆ گشت بەشداربووانی بزووتنەوەی کورد دەرکردبوو و وێنەیەکیشی بەشاندەکەدا ناردبوو بۆ بارزانی[٣].

لە ئەنجامی ئەو کارەساتەدا کە لە شەڕی گەلیی زاویتەدا بەسەر سوپای عێراقدا هاتبوو و، پیلانی دەستدرێژی کردنە سەر ژیانی بارزانیش سەری نەگرت و پووچەڵ بووەوە، قاسم فەرمانی بۆ هێزی یازدە کە یەکێک بوو لە پێکهاتەکانی سوپا و، بۆ لیوای یەکەمی پۆلیس - دەرکرد کە بەرەو سەرسەنگ و پاشان بەرەو بامەڕنی پێش کەون. هەواڵمان پێ

(٢) وەفدەکە لەم کەسانەی خوارەوە پێک هاتبوو: ١- ئیبراهیم مامەند ئاغا ئاکۆ. ٢- شێخ جونێد. ٣- حەمە کەبتانی مامەندئاوا. ٤- بابەکر سەلیم حاجی ئاغا.

(٣) سەیری بڕیاری لێبووردنە گشتییەکە لە پاشبەندی ژمارە (٣)دا بکە لە بەشی پاشبەندەکاندا.

گەیەنرا کەوا فەرماندەری فەوجی یەکی لیوای یازدە عەقید عەبدوڵڵا حەسەن کە هەڵبژێردرابوو بۆ ئەوەی لە پێشەنگی یەکە سوپاییەکانەوە بڕوا، قایل نەبووبوو ئەو فەرمانە جێبەجێ بکا کە بۆی دەرچووبوو و، داوای کردبوو ڕێی بدرێ بۆ خۆی بەدوای دەستخستنی ئاشتیدا بڕوا بۆ لای بارزانی. کارێکی زۆر سەیر و سەمەرە بوو ئەفسەرێ فەرمانی فەرماندەرەکەی جێبەجێ نەکا. ئەمە وەکو سەر لە فەرمان هەڵپێچان وابوو، دەبوو سزای لەسەر بدرێ، بەڵام وا دیارە قاسم نەیویستبوو هیچ کارێ لە دژی ئەفسەرە سەرپێچی کەرەکەی بکا. لەو ناوەدا ئەم ئەفسەرە تووشی شێوە دەمار دارمانێک (الانهيار العصبي) بوو، لە نەخۆشخانە کەوت و پاشان خانەنشین کرا و، فەرمانی هێرشەکەش بۆ سەر سەرسەنگ و بامەڕنی هەر بەجێبەجێ نەکراوی مایەوە.

## کەوتنەڕێ بەرەو ناوچەکانی

## بەرواریی ژێری، مزووریی ژێری و ئاکرێ

دەسەڵاتی تەواوی پارتی و هێزەکانی شۆڕش بەسەر ئەو ناوچانەدا کە ناومان هێنان هەروەک خۆی بەتەواوی مایەوە. پاشان وا بەباش زانرا چوارچێوەی ئەم دەسەڵاتە بەربلاوتر بکرێ و پەرەی پێ بدرێ بەجۆرێک کە ناوچەکانی دەوروبەریش بگرێتەوە. بەم مەبەستە بارزانی بەهێزێکی پێشمەرگەوە بەرەو ناوچەکانی بەرواریی ژێری و مزووریی ژێری کەوتەڕێ و ئازادی کردن، خەڵکی ئەو ناوچانە لایەنگریی خۆیان لە پارتی ڕاگەیاند و بەشی زۆری چەکدارەکانیان هاتنە پاڵ هێزی پێشمەرگەوە، جگە لە ژمارەیەکی کەم کە وایان بەباش زانی بچنە پاڵ حکوومەت. ئەم دیاردەیە لە ئاکرێ و ناوچەکانی تریشدا ڕووی دا. ڕێژەی ئەمانەی دەهاتنە پاڵ شۆڕش و ئەوانەی دەچوونە پاڵ حکوومەت، بەپێی شوێن دەگۆڕا. لە هەندێ ناوچەدا، بەشی زۆر هاتنە پاڵ هێزەگەلی شۆڕش و، لە هەندێ ناوچەی تریش بەشی زۆر چوونە پاڵ هێزەگەلی جاشان.

پاش ئەمە بارزانی بەرەو ناوچەی نەهلە کەوتەڕێ بۆ ئازادکردنی، چونکە ئەو ناوچەیە شوێنێکی ستراتیجیی پڕ بایەخی بۆ شۆڕش هەبوو.

ناوچەی دۆڵی نەهلە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر گوندی مەسیحییانی لێیە، هەرگیز گومان لە دڵسۆزییان بۆ شۆڕش نەبوو. خێڵی زێبارییش هەروا بەم ناوچەیەدا بڵاوبوونەتەوە، لەم زێبارییانە کەسانێکیان هاتنە پاڵ شۆڕش، بەڵام بەشی زۆریان لایەنی حکوومەتیان گرت

و بوون بەبەشێ لە جاشە چڵکاوخۆرەکان. ئەمە لە ئەنجامی ئەو دوژمنایەتییە ریشەداکوتاوە درێژخایەنەوە بوو کە لە نێوان خێڵی بارزان و هاوپەیمانەکانی و، خێڵی زێبارییاندا هەبوو. کە هێزەکانی شۆڕش چوونە ناوچەی نەهلەوە، ناوەندی ناحیە فەوجێک پۆلیسی لێ بوو. ئەمانە بەربەرەکانێیەکی ئەوتۆیان نەکرد، سوپاش بەدەنگیانەوە نەهات. شان بەشانی ئەوانەی چوونە پاڵ حکوومەت، پیاوانی ئەم فەوجەش کە بینییان بارەکە بەو جۆرەیە، هەڵاتن و لە ئاکرێ خۆیان گرتەوە و لەوێ جێگیر بوون. هەندێ وردە پێکدادانیش لە چیای ئاکرێدا قەوما. لەو ماوەیەدا باڵەفرەش سەرومڕ بۆمبارانی شوێنەکانی پێشمەرگەی دەکرد. لە ئەنجامی ئەو بۆمبارانانەوە هەشت پێشمەرگە شەهید بوون شەشیان لە خێڵی نێرەیی بوون.

شایەنی وتنە بەشێ لە چەکدارانی زێبارییانیش، پاش ئەوەی هێزەکانی شۆڕش هاتنە ئەم ناوچەیە، خۆیان لە جاشەکان دزییەوە و هاتنە پاڵ پێشمەرگە.

لە نیسانی ١٩٦٢دا سەرانسەری ناوچەی نەهلە، سەرەڕای ناوچەی بەربنیا و سەری ئاکرێ و گەلیی بێخمەش ئازادکرا و، نە لە بەرێوەبەریەتیی حکوومەتی و نە لە هێزەکانی سوپا و پۆلیس و نە لە چڵکاوخۆرەکانیش کەسیان تێدا نەما. ئەوەش بڵێین کە هەرچەند گەلیی بێخمە ناوچەیەکە سوورچیی تێدا دادەنیشن و بەشی زۆریان لە چڵکاوخۆرەکان بوون، هیچ بەربەرەکانێیەکیان پێشان نەدا و کشانەوە. ورەی پێشمەرگە بەم سەرکەوتنە پێداپێدا بەردەوامانە زۆر بەرزبووەوە و متمانەیان بەشۆڕش و بەخۆیان چەند قات زیادی کرد. هەرگیزیش ئەوەم لەیاد ناچێ کە قەدرزانینی خۆم لە دانیشتوانی گوندە دیانەکان و، لێرەدا سوپاسی خۆمیان بۆ تۆمار بکەم لە سۆنگەی ئەو خزمەتە گرانبایی و ئەو لەخۆبووردنانەیان لە پێناوی شۆڕشدا بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ پاداشتێک بن لە بەرانبەری ئەم خزمەتەیان کە بەهێزەکانی پێشمەرگەیان دەکرد، خۆیان داوتەڵەب کردبوو بۆ ڕێگە پێشاندان بەپێشمەرگە و، بەهۆی ئەوەوە ئازار و سزایەکی گەورەیان لە هێزەکانی حکوومەتەوە دەدی و گوندەکانیان بەردەوام لە تۆڵەدا بۆمباران دەکران، هەروەها تالآوی زۆریان بەدەست جاشەکانیشەوە چێشت.

کە پێمان نایە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٢، سەرانسەری هەرێمی بادینان، جگە لە ناوەندی قەزاکان و هەندێ ناحیە نەبێ، بەدەستی شۆڕشەوە بوو. نەگرتنی ئەو شوێنانەش بەگوێرەی نەخشە و بڕیارگەلێ بوو پێشتر دانرابوون و درابوون بۆ خۆدوورگرتن لە

داگیرکردنی ناوەندە گەورە و فرە دانیشتووانەکان. بەم جۆرە شۆڕش ڕیشەی خۆی داکوتا و قـوولّ بەخـاکی کـوردسـتـاندا چووە خوارێ و، بیـروبۆچوونەکـانی پارتی لەناو جـەمـاوەردا بلاّوبـوونەوە و لاوانی کـورد پۆل پۆل لە شـارەکـانەوە دەهاتنە دەرەوە بۆ پالّ هێـزەکـانی شـۆڕش. ورەی کـوردانی دانیـشـتـووی شـارەکـانیش کـەوتە بەرزبوونەوە بەتایبـەتی لەناو لاوانی خـوێندەوار و کـۆڕ و کـۆمـەڵە ڕۆشنبـیـرەکـاندا و، بەرانبـەر بەوە ورەی دوژمنـانیش ڕووی دەکردە کزی و حکوومەت لەناو خەڵکدا قەدر و قیمەت و زۆر و زاتی نەدەما.

ئەمـەش لیـسـتـەیەکی ئەو زەرەر و زیانەیە کە لە ماوەی نێـوان ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ (سـەرەتای شـۆڕش) تا ٣٠ی نیـسـانی ١٩٦٢دا لە سـوپای حکوومـەت و جـاشـەکـان لەلایەکەوە و، لەو لاکەی تریشەوە لە پێشمەرگە کەوتووە:

لە پێشمەرگە ٤٠ شەهید و ٧٨ بریندار.

لە سوپا و لە پۆلیس و لە جاشـەکـانیش ١٢٢٥ کـوژراو و ١٤٥٠ بریندار و ١٣٢٦ دیل (دیلەکان بەرەڵلاّ کران).

## ڕێکخستنی کارگێڕیەتی و سەرپەرشتیی لەشکری و حزبایەتی لە بادینان

پاش ئازادکردنی هەرێمی بادینان، بارزانی بەمەبەستی ئازادکردنی هەرێمی سۆرانیش، وەک لە بادینان کردی، بڕیاری ڕووکردنە ئەو ناوچەیەی دا. بەر لە دەست دانە کشان بەرەو سۆران، بارزانی ئەم کەسانەی لەم پایە و پلانەدا دانا:

١- ئەسعەد خۆشەوی: بەفەرماندەری گشتی لە هەرێمەکەدا.

٢- محەمەد ئەمین میرخان: بەفەرماندەری هێزە لێدەرەکان لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی بارزانیدا و، حاجی بێرۆخی و مستەفا نێروەیی و عەریف یاسین و کەکۆ مێرگەسۆری و حەسەن خالّ هەمزە و شەریف عەبدوڵلاّ و مەلا ئەمینیش وەک یارمەتیدەری وی.

٣- عیسا سوار: بەفەرماندەری ناوچەی زاخۆ و، عەلی هالۆش بەیارمەتیدەری وی.

٤- عەلی خەلیل: بەفەرماندەری ناوچەی دهۆک بەیارمەتیی فارس کورەمارکی.

٥- حەسۆ میرخان دۆڵۆمەری: بەفەرماندەری ناوچەی شێخان و، غازی حاجی مەلۆ و هورمـز مـەلەک چەکـۆ و عـومـەر ئاغـا دۆڵۆمـەری و شـوکـر عـەبدالّ شـێـخکی بە

یارمەتیدەری وی[٤].

ئەم پێکهاتە سوپاییانە بەناوی ئەو ناوچانەوە ناونران کە لەژێر دەسەڵاتیاندا بوون و تا ساڵی ١٩٦٤یش هەر وا بوو.

لەو کاتەوە سیستمی سوپای عێراق بەسەر هێزی پێشمەرگەشدا جێبەجێ کرا و لیوا و فەوج و سەرییە و فەسیل دروست کرا و ناوی کوردی بەم جۆرە لە هەرکامێکیان نرا: هێز، بەتالیۆن، لق، پەل.

## چوونم بۆ ناو شۆڕش

باوکم، لەو ماوەیەدا کە لە بادینان خەریک بوو و دەستی گیرابوو، هەرگیز بۆی ڕێک نەکەوت لەگەڵ کوڕەکانی و ئەندامانی خێزانەکەیدا یەک بگرێتەوە. ئەندامانی خێزانی ئێمە و هەموو شێخەکانی تر، وەک پێشتریش باسم کردووە، هەموو لە مێرگەسۆر بوون. بۆیە چی ئامۆژگاری و ڕێ پێشاندانێکی هەبووایە هەمووی بەعەلی شەعباندا بۆ دەناردین و، کاروباری وا ڕێک خستبووین کە ئیدریس جێنشینی بێ و، هەموو بەفەرمانی ئەو بجوولێینەوە و، ڕای سپاردین کە من و ئیدریس هەمیشە لەناو خۆماندا کۆک بین و هاریکاری لەگەڵ یەکتردا بکەین و، بەگوێرەی ئەو ڕستەیەی ئەو بجوولێینەوە کە بەدەمی خۆی فەرمووبووی و بەئێمەیان ڕاگەیاندبوو، ئەویش ئەوەبوو: «دەبێ ئیدریس و مسعود گیانێک بن لە دوو جەستەدا» و، لەسەری پێویست کردبووین لەهەر چییەکدا پێویست بوو پرس و ڕاوێژ بەشێخ بابۆی مامان بکەین و، ئەگەر بەرژەوەندییەکیش پێویستی کرد، ئەو – واتە شێخ بابۆ– بگەڕێتەوە بۆ شێخ ئەحمەد و پرس بەو بکا. شێخ بابۆی مامان پیاوی ئایین بوو، پیاوی دنیا نەبوو. بەدرێژاییی تەمەنی دەستی نەخستە کاروباری دنیا و

(٤) ڕەنگە یەکێک بپرسێ: بۆچی سەرکردایەتیی ئەم بەرانەی جەنگ تەنیا بەبارزانییەکان سپێردرا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە: هەموو خێڵەکان ڕازی بوون بەوە کە لەژێر سەرکردایەتیی کەسێکی بارزانیدا کار بکەن، بەڵام بەگوێکردنی فەرماندەرێکی تریان ڕەت دەکردەوە. لەلایەکی تریشەوە ئەو سەرکردانەی بارزانی دایانان هەموو لە هاوڕێیانی ڕۆیشتنەکەی بوون بۆ یەکەتیی سۆڤیەت و لەو کەسانە بوون لە شەڕەکانی ١٩٤٣ و ١٩٤٥ و لە شەڕەکانی داکۆکیکردن لە کۆماری مەهاباددا بەشدارییان کردبوو و، تاقیکردنەوەیەکی جەنگیی زۆریان لە سەردەمی ڕۆیشتنەکەیاندا کۆکردبووەوە. سەرەڕای ئەو زانستە جەنگییانەی کە لەو خولە سەربازییانەشدا دەستیان خستبوون کە ساڵی ١٩٤٨ لە یەکەتیی سۆڤیەت بەشدارییان تیادا کردبوو. ئەمانە وەک مامۆستای وەچە نوێیەکانیان لێ هاتبوو.

سیاسەت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەمیشە بەگوێرەی فەرمانەکەی باوکم دەجوولاینەوە و، ئەویش هەمیشە چاودێریی دەکردین، ماڵیان دراوسێی ماڵمان بوو. کە ئێمە گواستیشمانەوە بۆ گوندی بێداروون، نەفسی بەرز و بەخشندەی قایل نەبوو بەتەنیا بگوێزینەوە، ئەویش ماڵی خۆی لەگەڵدا گواستینەوە بۆ ئەوێ تا هەمیشە لەژێر چاودێریی خۆیدا بین.

لە ڕێگەی عەلی شەعبانەوە داوام لە باوکم کرد ڕێگەم بدا بکەومە پاڵی، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو. من لەو کاتەدا ١٥ ساڵان بووم. ئەو لەسەر ئەوە سوور بوو کە لەگەڵ ئیدریس بم، منیش بەفەرمانیم کرد. بارەکە بەو جۆرە مایەوە تا باوکم هات بۆ گەلیی نەهلە، ئەو کاتە تکاکەم لێ دووبارە کردەوە کە بچم بکەومە پاڵی و نامەیەکم بۆ نووسی و ئارەزووی زۆری خۆمم تێدا دەربڕی کە لەگەڵی بم. وەڵامی ئەوەبوو پاش ئەوەی ئیدریسی برام ڕازی بێ ڕێگەم دەدا، بەمەرجێ مامم شێخ بابۆ و مستەفا عەبدوڵڵا ڕازی بن، پاشانیش بڕیاری یەکجاریی دایە دەستی شێخ ئەحمەد. زۆرم بەئیدریس وت تا ڕازیم کرد، ئیدریس لەگەڵ شێخ بابۆ چوون بۆ لای شێخ ئەحمەد تا ئیزن و ڕوخسەتم بۆ لێ وەربگرن. لەو ماوەیەدا کە ئەوان لە ماڵ نەبوون و چووبوون بۆ لای شێخ ئەحمەد کە دوو ڕۆژی خایاند، من هەمیشە دڵم لەناو پەراسووەکانمدا زیاد لێی دەدا و تەپەتەپی بوو. دڵەکوتەم پێ کەوتبوو، دەترسام شێخ ئەحمەد ڕازی نەبێ و ڕێگەم نەدا، چونکە نەمدەزانی ئەگەر ڕێگەم نەدا و بڵێ: نەء، من چی لە خۆم بکەم، وام دەزانی ئەوە ئیتر کۆتایی هەموو شتێکە بۆم، بەڵام خواستی خوا بەدەنگمەوە هات و ئاواتەکەی بۆ هێنامەدی و مامم و ئیدریس ڕێیان دام بڕۆم.

ئیدریس نامەیەکی بۆ باوکم نووسی تیایدا باسی کرد کەوا هەموو ڕازی بوون بەوەی بکەومە پاڵی و، داوای لێ کرد هەموو زانیارییەکی پێویستی لە بارەی ئەوەوە بداتێ کە کەی و کوێی پێ باشە بمنێرێ بۆ ئەوێ. بارزانیش عوزێر دۆڵۆمەریی نارد بۆ ناوچەیەکی دیاری لە نێوان ناوچەی ڕێزان و ئالکە کە لەو شوێنەدا پردێ بەسەر زێوە هەیە، ئیتر ئەو لەوێوە بمبا بۆ لای. لەگەڵ محەمەد مستەفادا کە یەکێک بوو لە پاسەوانەکانی خۆمان لە زێ پەڕیمەوە ئەوبەر، هەر کە چاوم بەعوزێر و کۆمەڵی پێشمەرگە کەوت کە هەموو ناسیاوی خۆم بوون شادمانییەکی زۆری وا دایگرتم بۆم باس ناکرێ، هەستم کرد کەوا بووم بەخاوەنی هەموو دنیا و ئامادەم لەگەڵ بادا بکەومە پێشبڕکە بۆ ئەوەی بگەمە لای ئەوان.

شەوی ١٩-٢٠ی ئایاری ١٩٦٢مان هەمووی بەڕێگەبڕینەوە بردە سەر. بۆ سبەینێی ڕۆژی دوایی کەوتینە سەرکەوتن بەچیای پیرسدا تا گەیشتینە لوتکەکەی کە سەری

ئامادە. بۆ عەسری ئەو ڕۆژە گەیشتینە کانیا تۆزی واتە کانی چنار لە گەلیی بێخمە. لە ڕێگەدا تووشی چەندین کۆمەڵ و دەستە پێشمەرگە دەبووین ڕوویان گەش و پڕ بوو لە مژدە و خۆشی و باوەڕ بەخۆکردن. دیمەنێکی زۆر جوانی بەسام بوو لەوەپێش شتی وام نەدیبوو، کە بەلایاندا تێپەڕدەبووم سەرەڕای باوەڕ و هیوا، شانازیش دڵ و دەروونی هەموو دەگرتمەوە. سەعات ٦ی عەسری ٢٠ی ئایار گەیشتمە بارەگای باوکم، بەڵام ئەو بۆ خۆی لەوێ نەبوو، چووبوو بۆ بەسەرکردنەوەی بارودۆخی ناوچەی بێخمە. کە گەڕایەوە و چاوم پێ کەوت، شەپۆلێکی پێخۆشحاڵی دای گرتم، خۆم پێ نەگیرا فرمێسک بەچاوەکانمدا هاتە خوار، سەرنجم دا باوکم چەند بەدیتنم شادمان بوو. یەکەم شت هەواڵی تەندروستیی شێخ ئەحمەد و مامم بابۆی لێ پرسیم، پاشان کەوتە پرسیارکردن لە بارەی ئەندامانی تری خێزانەوە و یەکەیەکە ناوی دەهێنان، منیش وەڵامم دەدایەوە و پاشان سڵاوی ئەوانم پێ دەگەیاند. کەواتە ڕۆژی چوونە ناو شۆڕشی من ٢٠ی ئایاری ١٩٦٢وە و، ئەم ڕۆژە مێژوویەکی تیشکنە لە ژیانمدا.

باسی ئەو خۆشییەم بۆ ناکرێ کە لەو کاتەدا دڵ و دەروونمی گرتەوە. دیمەنی ئەو لەشکرە ڕێکخراو و سیلاحشۆڕەم زۆر پێ سەیر بوو. هەرچیم دی لە سەرووی ئەوەوەبوو کە خەیاڵم لێ دەکردەوە. دیمەنی ئەو دەزگای بێتەلە کە بەرپرسی هەواڵ گەیاندن، پێشمەرگەی جاران معاونی پۆلیس شەوکەت ئیسماعیل و مەلا سلێمانی یارمەتیدەری هەڵیان گرتبوو، بەشێوەیەکی تایبەتی سەرنجی ڕاکێشام. چاوم تێ دەبڕی چۆن کار بەدەزگاکەی دەکات و ئەو برووسکانە وەردەگرێ کە لەبارەی شەڕەوە دەگەیشتن و ئەو برووسکانەشی دەقۆستەوە کە یەکەکانی سوپای عێراق لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕیان دەکردن و، مۆرسەکانیانی لێک دەدایەوە و تاقە جوولەیەکی سوپای عێراقی نەدەبوارد. یەکێ بوو لە خاوەن بەهرەکانی جیهانی لێکدانەوەی ئەو مۆرسانەی سوپا بەکاری دەهێنان و بەدەست هیچیانەوە دانەدەما، نەخوازەلا ئەو مۆرسانەی هەواڵی نێزیکبوونەوەی هێرشی ئاسمانییان بۆ سەر ناوچەیەک ڕادەگەیاند، ئیتر خەڵکەکە خۆیان بۆ ئامادە دەکرد و، هاتنی باڵەفڕ بۆ سەریان شتێکی لەپڕ نەدەبوو. ڕۆژی ٢٠ی ئایاری ١٩٦٢ یەکێ بوو لەو ڕۆژانەی ژیانم کە هەرگیز لە یادم ناچنەوە، لەو ڕۆژەدا بوو لە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستاندا بووم بەجەنگاوەر، هیوام زۆر گەورەیە کە تا دوارۆژی ژیانم هەروا بمێنم و هەر پێشمەرگە بم.

## هاتنی مەحموود کاوانی بۆ لای بارزانی

مەحموود کاوانی هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە هەروا لە پەنای چیای سەفین و ناوچەی خۆشناوەتیدا ئەمین و بێ ترس بەخۆڕاگری مابووەوە و خۆی نەدەدا بەدەست ئەو تەماعانەی حکوومەتەوە کە دەیانخستە بەری و هەوڵیان دەدا لە خشتەی ببەن. بووبوو بەپەناگە بۆ کۆبوونەوەی هێزی شۆڕشگێڕان و بووبوو بەبارەگای پارتی. مەحموود کاوانی لە ناوچەی هەولێردا هیوای بەرگریی نیشتمانی بوو. کۆڕە تایبەتییەکان، گوێ قوڵاخی دەنگوباسی کارە قارەمانییەکانی دەبوون و دەیانگێڕانەوە، بنکەکەی بووبوو بەتەوافگە و وەک کابەیەکی لێ هاتبوو هاوڵاتیانی دڵسۆز دەچوونە زیارەتی و لەوێوە هەواڵی چوونە ڕیزی شۆڕشی خۆیانیان ڕادەگەیاند. ئەمە ڕاستییەکی ڕووداوە هیچ گومانی تێدا نییە.

ئەو ڕیزە سەرکەوتنەی شۆڕش لە ناوچەی بادیناندا وەدەستی هێنابوو، دەنگوباسی بەهەموو لایەکدا بڵاوبووەوە و بوو بەمایەی چەند قات زیادکردنی ئەو هێزانەی کە بەرەی کاوانی ڕێکی دەخستن بەجۆرێ کە توانیی هێزی خۆی بەناوچەگەلێکی بەربڵاودا بڵاوبکاتەوە و بتوانێ چەند پارچەی پڕ بایەخی ئەو دەڤەرە ئازاد بکا و پێوەندیشی بەبارزانییەوە بەردەوام بوو.

لە ١٩ی ئاداری ١٩٦٢دا کاوانی لەگەڵ نێزیکەی سەد پێشمەرگەدا گەیشتە بارەگای بارزانی و عوبەیدوڵڵاشی لەگەڵدا بوو کە توانیبووی لە بەغدا دەرچێ و خۆی بگەیەنێتە لای مەحموود کاوانی. ڕێژیم لە ئەیلوولی ١٩٦١دا فەرمانی گرتنی عوبەیدوڵڵای دابوو، بەڵام ئەو توانیبووی خۆی دەرباز کا و تا ئاداری ١٩٦٢ بەخۆوەشێری لە بەغدا بمێنێتەوە و پاش ئەوە بەیارمەتیی هەندێ لە ئەندامانی پارتی لە بەغدا دەرچێ و بگاتە بارەگاکەی کاوانی.

کاوانی بارودۆخی ستراتیجیی ناوچەی هەولێری بۆ بارزانی لێک دایەوە. پێش ئەویش شەهید ئەحمەد تۆفیق، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەیشتبووە لای بارزانی و ئەوەندەی پێویست بێ زانیاری لە بارەی هەردوو ناوچەی سلێمانی و هەولێرەوە پێ گەیاندبوو. هەروا چەندین نامەشی لە ژمارەیەکی زۆر لە گەورەپیاوان و سەرۆک خێڵەکانی ئەو ناوچانە و، هەروا زیاد لەوان لە گەلێ لە کادیرەکانی پارتیشەوە گەیاندبوویێ کە هەموو داوایان لێ دەکرد پێویستە بڕوا بۆ ناوچەکانی ئەوانیش.

بەگەیشتنی کاوانی و گوێ شلکردن بۆ قسەکان و لێکدانەوەکانی، بارزانی بڕوای

بەڕاستیی ئەو بۆچوونە کرد کە دەڵێ پێویستە ڕوو بکاتە ئەو ناوچانەی کە ئەحمەد تۆفیق ئاماژەی پێ دابوو، ئیتر دەستبەجێ دەستی کرد بەئامادەکردنی نەخشەی کشان بەرەو سۆران. کە بارزانی ناوچەی بادینانی بەجێ هێشت، ژمارەی هێزەکانی پێشمەرگە لە پێنج هەزار کەس تێپەڕی کردبوو.

## بەشی چوارەم

# سۆران پاش بادینان

سەعات ٦ی عەسری رۆژی ٢١ی ئایاری ١٩٦٢ بارزانی فەرمانی کەوتنەرێی بەرەو بواری مەندان دەرکرد کە دەکەوێتە بەرانبەری گوندی سوورانکێ لەبەرئەوەی پێویست بوو هێزەکانی بەشەو لە زێیەکە بپەڕنەوە و، بەر لە خۆرهەڵاتن بگەنە چیای برادۆست بۆ ئەوەی بیکەن بەپەناگەی خۆیان. پێش ئەو کەوتنەرێیە، گەڕانێکی زۆر بەناوچەی بێخمەدا کرابوو بەمەبەستی دۆزینەوەی بوارێکی وا کە لەبەرچاوی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت و جاشەکان دووربێ کە لەو ناوچەدا خڕبووبوونەوە و چاویان دەبڕییە هەر شوێنێ بۆ لێ پەڕینەوە بشێ. بۆیە بارزانی چارەیەکی لەوە بەولاوەی نەدی کە ئەو تاقە بوارە بەکاربهێنێ کە دەکەوتە ناوچەی بارزانەوە و، بەگوێرەی رێککەوتنەکەی نێوان شێخ ئەحمەد و سەرۆکی رێژیم لێی قەدەغەکرابوو. ئەوەش بزانین کە بوونی سوپای حکوومەت لە ناوچەی سپیلکدا بەئەندازەی یەک لیوای جەحفەل بوو، لیوایەکی تری وەهاش لە ناوچەی باپشتیان لە نێزیکی رەواندزەوە هەبوو.

بێ ئەوەی هێزەکانی حکوومەت لێیان وەئاگابێن، سەرکەوتووانە لە زێیەکە پەڕینەوە. ئامانجی پلانە نەخشە بۆکێشراوەکە ئەوەبوو رووبکەنە ناوچەی باڵەک و دەستی بەسەردا بگرن کە ئەم ناوچەیە سۆران و بادینان پێکەوە گرێ دەدا چونکە دەکەوێتە ناوەڕاستی کوردستانی عێراق. ئەو ناوچەیە ناوچەیەکی شاخاویی هەزار بەهەزارە و بەئاسانی داکۆکیی لێ دەکرێ و، بۆ ئەوەش دەشێ وەک باشترین شوێن بکرێ بەشوێنی بارەگای گشتیی بارزانی و پارتی.

ئەوەندەی لەبیرم بێ باسی ئەم جمانە دەگێڕمەوە:

«هەر پاش خۆرئاوا گەیشتینە بوارەکە. من و باوکم لە بەلەمێکدا بووین. مەحموود شڤان شانەدەریشمان لەگەڵ بوو کە لەگەڵ خزمێکی سەوڵی بەلەمەکەی لێ دەدا، بەتەواوی لە خوار گردی ئاڤدەلی رۆمییەوە گەیشتینە بەری ئەوبەری زێیەکە.

ئەو بەرزاییەمان لە پێش بوو کە دەیبردین بۆ گەلیی سوورانکێ و، کانییەکی لێیە پێی دەڵێن کانیا کێندەلا. بەر لەوەی دەست بدەینە سەرکەوتن بەسەر ئەو بەرزاییەدا، باوکم تفەنگە تایبەتییەکەی خۆی دایە دەستم و وتی: ئەگەر بتوانی بەدرێژاییی ڕێگەکە هەڵی بگری دەڵێم شایەنی ئەوەیت پێشمەرگەبیت. تفەنگەکەم لێ وەرگرت و بەملمدا کردمە شانم. لەگەڵ تاخمێک پێشمەرگەی تازە هەڵچوو کە یەکێکیان مستەفا عەبدوڵلا کرکەمویی بوو، دامە سەرکەوتن بەسەر بەرزاییەکەدا. بێ وەستان هەر ڕێمان دەکرد تا گەیشتینە لووتکەکەی. ئێجگار زۆر دڵم بەوە خۆش بوو و مەرجەکەی باوکمم بەڕاست وەرگرتبوو. جێبەجێ کردنیشی کارێکی زۆر ئاسان بوو لام. دڵم بۆ ئەوە لێی دەدا بەڵگە بۆ باوکم بهێنمەوە کەوا لە منداڵی دەرچووم و، ئازار و نارەحەتیم پێ لە ئەستۆ دەگیرێ.

کە بارزانیش گەیشتە شوێنەکە و چوومە لای، لایەکی لێ کردمەوە و بەزەردەخەنەیەکەوە پێی وتم: بارەکەڵلا، بەڕاستی گەورەبوویت و شایەن و لێوەشاوەیت، لە ئەزمووندا سەرکەوتی. نازانم چۆن باسی ئەوە بگێڕمەوە کە ئەو پێداهەڵدانەم لە دەمی باوکم بیست، چ بەختەوەرییەک دای گرتم».

لە ۲۲ی ئایاردا بارزانی فەرمانی بەپیاوانی هێزەکە دا بۆ ئەوەی کۆببنەوە بۆ وەرگرتنی ڕاسپێری لەبارەی هەنگاوی دواتر، فەرمانی دا سێ ڕۆژ بۆ خۆیان بحەسێنەوە. لەو سێ ڕۆژەدا هەموو هێزەکە بەسەر کرایەوە تا بزانرێ پێویستیان بەچییە و چ ناتەواوییەکیان هەیە بۆیان پڕ بکرێتەوە.

## بەرەو ناوچەی باڵەک

سەرکردایەتیی شۆڕش ناوچەی باڵەکی هەڵبژارد بۆ ئەوەی بیکا بەبارەگای خۆی چونکە یەکێک بوو لە شوێنە هەرە گونجاوەکان و، یەکێک لەو شوێنە هەرە سەختانەی دوژمن بەئاسانی زەفەریان پێ نابات. زنجیرەیەک چیای گەردنکەش ئەم ناوچەیەی لە هەموو لایەکەوە لە باوەش گرتووە و، دەشکەوێتە ناوەڕاستی کوردستانەوە و ڕێگە ستراتیجییەکەی هاملتۆن بەنێوانیدا تێ دەپەڕێ و دوو کەرتی دەکا و، لە حاجی ئۆمەران – پیرانشەهریشەوە عێراق بەئێرانەوە دەبەستێ.

دوو چیای هەندرێن و زۆزک وەک دوو بەربەستی قایم و پتەو وان، پاش ئەوانیش چەندین بەربەستی سروشتکردی تر هەن هەموو بۆ ئەوە دەست دەدەن هەریەکەیان بکرێ

بەهێڵێکی ئەستووری وای داکۆکی کە زەحمەت بێ بسمرێ و کەس لێیەوە بچێتە ئەودیو.
هەر بۆیەش هەمـوو ئەو هەوڵ و تەقـەلایانەی هێـزەکـانی حکوومـەت لە سـاڵی ١٩٦٥ەوە دەیاندان بۆ ئەوەی ئەم ناوچەیە داگیـر بکەن و گشت هۆیەکی داگیـرکردنیـان تێـدا بەکـار دەهێنا، هەمووی بەهیچ دەرچوون.

گەلاڵە ناوەندی نـاحیـەیە و تا سـاڵی ١٩٧٠ سەر بەقـەزای ڕەواندزی پارێزگەی هەولێر بـوو. پاشـــان قـــەزای چۆمـــانی لێ دروست کـــرا. ئەم قـــەزایە ئێـــســـتـــەش لە بـارەی بەڕێوەبەریەتییەوە سەر بەهەولێرە.

پێشەنگەکانی هێزەکانمان لە ٢٨ی ئایاری ١٩٦٢دا گەیشتنە سەری بەردی کە شوێنێکە لە سـیـدەکـان لە دۆڵـی نافـرۆیین. پێکدادانێک لـەسـەر لووتکەی سـەری بەردی لە نێـوان مـەفـرەزەیەکی ئێـمـە و تاخـمێک لە سۆفـیـیـە جاشـەکانی برادۆسـتـیـیـەکـاندا ڕووی دا لە ئەنجامدا ئەوان شکستیـان خوارد و لاشەی چوار لە کوژراوەکانی خۆیان بەجێ هێشت و، ئێمەش شەهیدێکمان لە پێشمەرگەکانی خێڵی نێروەییدا.

لە ٢٩ی ئایاردا هێزەکانی شۆڕش چوونە گوندی بێشێ و گوندەکانی دەوروپشتـیـشیـان ئازاد کـرد. دانیـشـتـوانی ئەو گـوندانە بەقـەدر و حورمـەتەوە پێـشـوازییـان لێ کـردین و بەخێرهاتنێکی ئەوتۆیان لە پێشـمـەرگە و کـادیرە پارتیـیـەکان کـرد لە هەمـوو سنوورێک بەدەربوو. پێیـان وتین: ئێمە چاوەڕێی هاتنتـان بووین. ڕاستـەکەشی هەندێکیـان ئەندامی پارتی بـوون و لەگـەڵ گـەیشـتنی ئێـمـەدا هەلی بەشـداریکردنیـان لە ئەرکی نیـشـتـمـانیی خۆیاندا بۆ هەڵکەوتبوو.

پاشان هێزەکانمان لە بەرزاییـیەکانرا پەڕینە خوار بۆ پردی بەرسیرین و، بەرزاییـیەکـانی ئەمـبەر و ئەوبەری پردەکەیان گـرت و دەستـیـان بەسـەر گـەلیی دۆڵـبـالـیـزیشدا گـرت. لەو کـــاتانـەدا هێـــزێکی ســـوپا لـە ڕەواندزەوە هاتبـــوو دەیـویست بۆ باڵەک و ڕایات بچێ، نـەیاندەزانی ئـەو ڕێگـایانە کـــەوتوونەتە دەســـتی ئێـــمـــە. لەپڕ بەرەوروویان بـووینەوە، سـەرجـەمی کـاروانەکـە خـۆی بەدەسـتـەوە دا و نەفـەرەکـانی هەمـوو بەدیل گـیـران. لەم پێکدادانەدا:

* شەش لۆریی جۆری زیل.
* دوو ئۆتۆمۆبێلی جیپی سەرکردایەتیمان گرت.
ئەو چەک و جبەخانەیەشی کەوتە دەستمان فرە زۆر بوو.

بەڵام چارەنووس لە چارەی نووسـیـبـووین ئەو چەند سـەعـاتە پڕ بەختـیـاریـیـانەی

سـەركـەوتنمـان هەروا بەخـۆشی بەسـەردا تێ نەپەڕن بێ ئەوەی شـتـێكی وا ڕوویدا بێگەردییەكەیان لێ لێڵ و تەماوی بكا. ئەوەبوو لەو ڕێكەوتەدا شۆڕش یەكێ لە سەركردە قارەمانەكانی خۆی لە دەست دا، ئەویش نەبی سەرئاسن بوو كە لە پێكدادانێكدا لەسەر پردی حـافـز، لە كـاتی گـرتنیـدا، گـیـانی خـۆی لە نرخی ئەو سـەركـەوتنەدا بەخـشی. شەهیـدبوونی ئەم پێشمەرگەیە كارێكی پڕ ئازاری بەشێوەیەكی تایبەت كردە سەر دڵی بارزانی.

بارزانی بەر لەوەی بكەوێتـەڕێ بۆ ناوچەی سـۆران، كـاتێ هێـشـتـا لە نەهلە بوو، ڕاسپێریی بۆ بارەگای پارتی لە باڵەک ناردبوو، لە ڕاسپێرییەكەیدا هانی دابوون ڕیزەكانی خۆیان پتەو بكەن و پێوەندییـان بەرەگـەزە خێـڵـەكـیـیـە دڵسـۆزەكانەوە درێژە پێ بدەن و بیـانكەن بەسـەربازی شـۆڕش و، ئەندامـانی پارتی كـۆبكەنەوە و بەپێی ئەوەی كـە بارودۆخەكە پێویستی دەكا و لەبەر ڕووناكیی جێ پێ قایم بوونی شۆڕش لە كوردستاندا و بەگوێرەی ئەوە بەرپرسییان بەسەردا دابەش بكرێ.

هێزەكانی مەحموود كاوانیش گەیشتنە بەرسیرین و لەگەڵ هێزە سەرەكییەكانی بارزانیدا یەكیان گرتەوە. كاوانی بەگوێرەی پلانێ كە زووتر دانرابوو و نەخشەی بۆ كێشرابوو، بەرەو ئەم ناوچەیە كەوتبووەڕێ و هاتبوو.

لە ناوچەی باڵەک دیان بەرپرسی پارتی عومەر مستەفای پارێزەر (عومەر دەبابە) و ڕێكخـراوەكـانی تری پارتی هاتبـوونە پێـشـوازیمان. سەرەڕای سـەرۆک خـێـڵـە دۆست و لایەنگرەكانمان و، لەپێش هەموویانەوە عەباس ئاغا مامەند ئاغای گەورەی ئاكۆیان و شـێـخ حـوسـێنی بۆسكینی كـە دەسـەڵاتێكی زۆری لە ناوچەكـەدا هەبوو و چەند سـەرۆک خـێـڵـی تریش كـە هاتبـوون بۆ ناوچەی باڵەک بۆ ڕاگـەیاندنی لایەنگریكردنی خۆیان لە شۆڕش.

بەم جۆرە ناوچەی نێوان دوو سنووری باشووری بەرزێوە و باكوری ناوكێلەكان و هەروەها گەلیی ڕەژووكەریا هەموو كەوتنە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەوە، هەروەها پۆلیسخانەكانی ناحیەی گەلاڵە و ڕایات و حاجی ئۆمەران هەموو گەمارۆدران و ڕێگەی ڕەواندز - ڕێگەی هاملتـۆن -یان لێ بڕا و هیچ چارەیەک لەوە بەولاوە بۆ نەفەرەكـانیـان نەما جگە لەوەی شوێنەكانی خۆیان بەجێ بهێڵن و پەنا بەرنە بەر مەخفەرە قایم و پتەوەكەی ڕایات كە لە قەلا دەچوو.

لێرەدا نابێ ئەوەشم لە یاد بچێ باسی بكەم كە بەشێكی كەمی خەڵكی خێڵەكانی

ناوچەی باڵەک وەک تاخمەکەی مستەفا ئاغای وەلاش و چەند کەسێکی تر ئەوەیان بەباشتر زانیبوو بچنە پاڵ حکوومەت، بەڵام هیچ کەس لەمانە بەرەورووی ئێمە نەوەستا و رێیان بەهێزەکانمان نەگرت و بەشی هەرە زۆریان هاتنە پاڵ شۆڕش و، ئەوانی تریان گەڕانەوە سەر ئیش و کاری ڕۆژانەی خۆیان. بەرانبەر بەمانە، لە ناوچەی باڵەک و ڕەواندز کەسانێکیش هەبوون پشت پێ بەستراوی نیزیکی بارزانی بوون و ڕۆڵی نیشتمانپەروەرانەی بەرچاو و دیاریان هەبوو وەک شێخ عوبەیدوڵڵا کەمالی زادە لە گوندی زینوێ و عەبدولوەهاب محەمەد عەلی لە گوندی بێشوکی نێزیک ڕەواندز.

## گەمارۆدانی قەڵای ڕایات

ڕایات قەڵایەکی سەخت و پتەوە لە سەردەمی پاشایەتیدا، وەک بەشێک لە پلانی حکوومەت بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەکەدا، بەبەرد و چیمەنتۆ دروست کراوە، جێگەی فەوجێکی تەواوی تێدا دەبێتەوە و دەتوانێ ماوەیەکی درێژ لە ڕووی گەمارۆدا خۆی بگرێ و بەربەرەکانێ بکا. وەک وتمان پۆلیسی مەخفەرەکانی دەوروبەر و ئەفسەرەکانیان، سەرەڕای بەڕێوەبەری ناحیەی باڵەک و کاربەدەستانی بەڕێوەبەریەتیی ناحیەکە و هەندێ خێزانیشیان لەگەڵدا، هەموو بەسەر ئەو قەڵایەدا دابارین.

لە ٤ی حوزەیرانی ١٩٦٢دا پێشمەرگە گەمارۆی قەڵای ڕایاتیان دا و، داوایان لە هێزە گەمارۆدراوەکان کرد خۆیان بدەن بەدەستەوە، بەڵام پێشنیازەکەیان لەلایەن گەمارۆدراوەکانەوە پەسەند نەکرا و کەوتنە بەربەرەکانێ و بەبێتەل داوای یارمەتییان لە حکوومەت دەکرد. ئێمە برووسکەکانی ئەوانمان وەردەگرت و ئاگەدار دەبووین داوای چی دەکەن. هەندێکیش لەو برووسکانەیان بۆ عەبدولکەریم قاسم خۆی دەنارد. هەروەها ئەو وەڵامانەشمان وەردەگرت کە بۆیان دەنێردران و تێکڕا هەر ئەوەیان تێدا دەوترا کە ئافەرینیان لێ دەکردن و هانیان دەدان بەردەوام بەربەرەکانێ بکەن و خۆیان بگرن و، گفتیان دەدانێ کەوا یارمەتییان بۆ دەنێرن.

یەکێک لە کاردانەوەکانی ئەم داوای یارمەتی کردنانە ئەوەبوو حکوومەت باڵەفڕی دەنارد بۆمبارانێکی کوێرانەی دەکرد کە هیچ زیانێکی بەهێزەکانی ئێمە نەدەگەیاند. جاروباریش باڵەفڕ دەهاتن ئازووخە و فیشەک و کەلوپەلیان بەچەتر بۆ گەمارۆدراوەکان هەڵدەدا بەڵام لەم هەموو هەوڵانەدا تەنیا یەکێکیان نەبێ ئەویتر هەمووی ژێرکەوت لەبەرئەوەی ئەوەی هەڵیان دەدا دەکەوتە دەستی هێزەکانی ئێمە. ئەم گەمارۆیە نێزیکەی

دوو هەفتەی خایاند، پاشان هێزێک کە لە فەوجی سێیەمی لیوای سێیەم پێک هاتبوو، لە ڕەواندزەوە بەمەبەستی کردنەوەی گەمارۆکە بەرێگەی بەرسیرین بەرەو ڕایات کەوتەرێ. ئەم هێزە بەر لەوەی بگاتە پردەکە، هێزەکانی پێشمەرگە بەرەورووی بوونەوە و شەڕێکی قورس لە نێواندا قەوما سەریەی پێشەنگی فەوجەکەی تێدا لەناوبرا و هەموویان یان کوژران یان بریندارکران یان بەدیل گیران و، ئەوی تری فەوجەکە بەهەزار ناری عەلی توانیی خۆی ڕزگار بکا و بەرەو دوا بگەڕێتەوە. ڕێکەوتێکی سەیر لەم شەڕەدا ئەوەبوو فەرماندەری فەوجەکە هەمان عەقید وەهبی بوو کە لە مێرگەسۆر بوو و، ئازار و سزایەکی زۆرمان بەدەستیەوە چێشتبوو وەک پێشتر باسمان کرد.

سەرکردەی ئەم شەڕە مەحموود کاوانی و مام حارس بێداروونی بوون، بارزانی پاراستنی پردەکە و ئەو ڕێگەیەی خستبوونە ئەستۆ کە لە پردەکەوە تێ دەپەڕی.

پاش ئەم هەوڵە سەرنەکەوتووە وا دەرکەوت حکوومەت هیچ هیوایەکی نەمابوو بتوانێ ڕێگەی بەرسیرین بکاتەوە و، سوپای نیزامی یارمەتیی گەمارۆدراوەکان بدا. پاشان حکوومەت ویستی داوای یارمەتی لە چلکاوخۆرەکان بکا، بۆیە بەسۆفی و هەرکییە جاشەکانی ڕاگەیاند کەوا لە چیای هەڵگوردی بەرانبەری ڕایاتەوە داپەڕنە خوار و لە پشتەوە لە پڕ بدەن بەسەر هێزەکانی ئێمەدا و بەوە هەوڵێکی کردنەوەی گەمارۆکە بدەن.

ئەو پلانە ئەگەر سەر بکەوتایە، مەترسییەکی گەورەی تێدابوو و دوور نەبوو هەموو دەسکەوت و سەرکەوتنەکانی شۆڕشی لە ناوچەی باڵەکدا بدات بەدەم باوە. کۆمەڵە خڕبووەوەکانی جاش لە پشت چیای هەڵگوردەوە بوون کە ناوچەی لەوەڕی هەرکی و برادۆستییەکان و زۆزانی ئەوانە. بەم پێیە ئەوان لە پشتەوە دەیاندا بەسەرماندا. بەڵام بارزانی دەستی خۆی لەوان پێش خست و شەڕوانە هەڵبژاردەکانی خۆی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و کاری گەمارۆکەی بەعەلی عەسکەری سپارد و، بەر لەوەی ئەوان خۆیان ئامادە بکەن، ئەم لە ٢٧ی حوزەیراندا و لە ناوچەی چیغەدەری و دۆڵۆمەیدان و هوڕنی باڵەکیادا بەسەر کۆمەڵە خڕبووەوەکانیدا دا و، پاش چەند شەڕێکی توند کە سێ ڕۆژی خایاند تەفروتووناى کردن و کەوتە دووی پاشماوەکانیان کە هەڵاتبوون و لایان بەهیچ لایەکدا نەدەکردەوە، هەندێکیان لە سنوور پەڕینەوە و چوونە ناو خاکی ئێرانەوە و هەندێکی تریشیان پەنایان بردە ناو شیو و دۆڵەکانی لۆلان. پاشان بارزانی بەڕێوەبردنی ناوچەکەی دایە دەستی پێسپاردەی پارتی عومەر مستەفا دەبابە و هەندێ هێزی خێڵەکی، بۆ خۆشی گەڕایەوە بۆ ناوچەی ڕایات.

بەم جۆرە تەقەلای دووەمی حکوومەتیش بۆ کردنەوەی گەمارۆی ڕایات سەری نەگرت و تێک شکێنرا و، پێشمەرگە دەستیان دایە هەڵکەندنی تونێلێک لەژێر دیواری قەڵاکەدا بۆ ئەوەی توورەکەیەک دینامیتی هەڵتەکێنی لە ژێردا دانێن و بیتەقێننەوە. هەر کە دەنگی پاچ لێدان و تونێل هەڵکەندن کەوتە بەرگوێی گەمارۆدراوەکان، دەستبەجێ ئاڵای سپییان هەڵکرد و ئامادەییی خۆیانیان بۆ خۆبەدەستەوەدان پێشان دا و، لە ١١ی تەمووزدا خۆیان دا بەدەستەوە. عەلی عەسکەریش نامەیەکی نارد بۆ بارزانی بەدرێژی باسی ئەو شتانەی تێدا کردبوو کە بەدەسکەوت گیرابوون[١] و ژمارەی هێزە خۆبەدەستەوەداوەکانیش چەند بووە.

بۆ گرتنی قەڵاکە هیچ کارێکی تر نەبوو بکرێ لەوە بەولاوە کە تونێلێک لە بنی دیوارەکەدا هەڵکەنن و بیتەقێننەوە چونکە پێشمەرگە نە تۆپی هەڵتەکێنیان هەبوو و نە بۆمبای بازووکا تا دیواری قەڵاکەی پێ هەڵتەکێنن یا کەلێنێکی تێ بکەن. تاکە چەکیان تفەنگ بوو.

## پێکدادانی تر لەگەڵ چڵکاوخۆراندا

هەر لەو ڕۆژەدا کە قەڵای ڕایات خۆی تێدا دا بەدەستەوە، شەڕێک لە نێوان هێزەکانی شۆڕش و چەندین کۆمەڵی جاشاندا ڕووی دا کە بەڕێوەبوون بچن یارمەتیی پارێزگارە گەمارۆدراوەکانی ڕایات بدەن. برووسکەی حکوومەت یەک لە دوای یەک بەسەر قەڵا خۆ بەدەستەوەداوەکەدا دادەباری بۆ هاندانیان لەسەر خۆڕاگرتن و بەربەرەکانێ و، گفتی دەدانێ کەوا یارمەتی بەڕێوەیە بۆیان، ئەوانیش هیچ بایەخێکیان بەو برووسکانە نەدەدا چونکە پاش ئەوەی کە لێکیان دابووەوە ئەگەر توورەکە دینامیتە هەڵتەکێنەکە لەژێر دیوارەکەدا بتەقێنرێتەوە چ کارەساتێک ڕوودەدا، هیچ هیوایەکیان بەسوودی خۆڕاگرتن و بەرگری نەمابوو. ڕاستەکەشی ئەوەبوو هیچ نیازێکی بەڕاست گێڕانی هەڵتەکاندنی دیواری قەڵاکە لە کایەدا نەبوو، چونکە بارزانی فەرمانی بڕاوەی دەرکردبوو کە نابێ ژیانی ژن و منداڵ و کەسانی بێ چەک، لەبەر هیچ هۆیەک بخرێتە مەترسییەوە، مەبەستیش لە تونێل هەڵکەندنەکە تەنیا ترس خستنە دڵی گەمارۆدراوەکان بوو بۆ ئەوەی ناچاربن خۆیان بەدەستەوە بدەن.

(١) دەقی نامەکە و وێنەکەی لە پاشبەندی ژمارە (٤) دایە لە بەشی پاشبەندەکاندا.

له ١١ی تەمووزی ١٩٦٢دا نامەیەکی بەپەلە لە عومەر مستەفا دەبابەوە[٢] هات بۆ بارزانی تیایدا نووسیبووی کەوا شەڕێکی سەخت لە نێوان هێزەکانی ژێر فەرمانی ئەو و چەندین کۆمەڵی چڵکاوخۆراندا گەرمە و، داوای یارمەتییەکی بەپەلەی لە هێزەکانی بارزانییان کردبوو بۆ ستاندنەوەی هەندێ شوێن کە چڵکاوخۆرەکان توانیبوویان داگیریان بکەن، بارزانیش بۆ خۆی لەگەڵ کۆمەڵێکی هەڵبژاردە لە جەنگاوەرە بارزانییەکان چوو بۆ یارمەتیدانی. هەر بەدەرکەوتنی پێشەنگانی ئەم هێزە، چڵکاوخۆرەکان وەک لە پەلوپۆ کەوتبن وایان بەسەر هات و شەڕیان وەستاند و نەیانوبست بەردەوام بن. لەم شەڕەدا تا بارزانی بەسەرکردەییی هێزێکی زەبروەشێنەوە گەیشتە جێ و، مەسەلەکەی لە بەرژەوەندی شۆڕش بڕیەوە، شێخ حوسێن بۆسکێنی و تاخمەکەی قارەمانەتییان پێشان دا.

تا ٢٥ی مانگ بارودۆخی بەرەی شەڕ هەر بەم جۆرە بوو، هەر لەو ڕۆژەدا بارزانی هێرشێکی ڕامالەی لە هەموو ئەو ناوچانەدا کە هێشتا لەژێر دەسەڵاتی چڵکاوخۆرەکاندا مابوون -بردە سەریان و، هەموو ئەو شوێنانەیان لێ داگیرکرا و تا دوا چڵکاوخۆریان ناچاری هەڵاتن و پەڕینەوە بۆ خاکی ئێران کران. لەم شەڕەدا دوو جەنگاوەرمان شەهید کران یەکێکیان خدر عومەر ئەحمەد بوو کە ئازیزترین برادەرم بوو و ئەوەی تریش خۆشەوی بێخشاش بوو کە یەکێک بوو لە هاوڕێیانی ڕەوتەکەی بارزانی بۆ یەکەتیی سۆڤیەت و ١٢ پێشمەرگەش بریندار کران یەکێکیان عوزێر محەمەد خەلانی بەرپرسی پەلە تایبەتییەکەی پارێزگاریی بارزانی بوو کە یەکێ بوو لە هاوڕێیانی خەبات و تاراوگەی و، یەکێکی تریش حەمید بیری بوو کە یەکێک بوو لە ئازیزترین و نێزیکترین دۆستانی.

ئەنجامی ئەم شەڕە ڕادە دانەرە شکستێکی تەواوی بوو بۆ جاشەکان و، ئیتر لەوەپاش هیچ مەترسییەکی جاش بۆ سەر ڕەوتی کاری شۆڕشگێڕی و پەرەسەندنی نەما لە ئارادا. لێرەدا نابێ ئەوەشم لەیاد بچێ کە ئاماژە بەهەڵوێستی ڕێکخراوەکانی پارتی لەم جەنگانەدا بکەم لە بەجێ گەیاندنی ئەرکی سەرشانی خۆیان بۆ دابینکردنی ئازووخە و پێویستییەکانی تری پێشمەرگە بەگوێرەی ئەوەی ئەو بارودۆخە پێویستی دەکرد.

دۆخەکە لە ناوچەی سیدەکان جوێ و بەجۆرێکی تر بوو، بەشی زۆری خێڵەکان

(٢) دەقی نامەکە و وێنەکەی لە پاشبەندی ژمارە (٥) دایە لە بەشی پاشبەندەکاندا.

بەسترابوون بەشێخ و ئاغاكانی ناوچەكەوە، نە لەوێ و نە لە برادۆست، لە حەمیدەفەندی و كەسوكار و هاورێكانی بەولاوە كە هەر لە سەرەتایەكی زووەوە هاتبوونە ریزی شۆڕش و بەشدارییەكی پڕ بایەخیان لە جێگیركردنی شۆڕش لە ناوچەكەدا هەبوو، نە پارتی هەبوو و نە پێشمەرگە. كەسوكاری سەید تەهای نەهری و پەیرەوەكانی و خێڵەكەشی كە بەمهاجیر ناوبانگیــان دەركــردبوو، هەر لەو ناوچەیەدا بوون و بەشی زۆریان هاتنە پاڵ شــۆڕش و قوربانییەكی زۆریشیان لە پێناویدا بەخشی.

ســاڵێكی نەخــایاند وەرگــەڕانێكی مــەزن لەو نــاوچەیەدا ڕووی دا. ئەوەبوو پیــاوانی ناوچەكە هەموو هاتنە ریزی پارتییەوە و بەشی زۆریان بوون بەپێشمەرگە و، ئەوانەشیان كە رێگەی خیــانەتیــان بۆ خــۆیان هەڵبــژارد ناوچەكــەیان بەجێ هێــشت و حكوومــەت لە دەوروبەری هەولێردا نیشتەجێی كردن.

لێــرەدا دەمــەوێ كــەمــێك پێش ڕووداوەكــان بكەوم بۆ ئەوەی هەندێ شت لە بارەی بابەتێكەوە كە تا ماوەیەكی زۆریش مایەی سەرسووڕمان و سەرسامی بوو بۆم، بۆ ئەوانە باس بكەم كە ئەم كتێبە دەخوێننەوە، ئەو باسەش باسی سەرەنجامی قادر بەگ مەحموود بەگی برادۆستییە. ئەوانەی كــاتی خۆی هەڵاتبوون و پەنایان بردبووە هەولێــر و تا ســاڵی ١٩٩٦ لەوێ بوون، دیمانن بەسەركردایەتیی ئەو قادر بەگەی برای كەریم خان كە ڕۆژێ لە ڕۆژانیش دۆستی شۆڕش بوو، بەهاندانی ئێران هاوكارییان لەگەڵ یەكێتیی نیشتمانیی كوردستاندا كرد و، ئێران لە ١٩٩٦/٨/٢٠دا، لەودیوی سنوورەوە بەئۆتۆمۆبێل هێنانی بۆ ناوچەی سیدەكان بۆ داگیركردنی و، پاش گرتنی ئەوێش بۆ هێرش بردنە سەر مێرگەسۆر و دیانا. خەڵكی ناوچەكەیش لە ڕوویاندا ڕاپەڕین و شەڕێك لە نێوان هەردوولادا ڕووی دا تا هاتنی پێشمەرگەی خایاند و، بەهاتنی پێشمەرگە ئەوان خراپ شكان و پشتــیان هەڵكرد و پارچە پارچە بەهەمــوو لایەكــدا بڵاوەیان لێ كــرد و تەنانەت لاشــەی كوژراوەكانیــشیــان كە یەكێكیــان قادر بەگی سەركردەیان بوو، بەجێ هێشت. هەر لەو شەڕەی ئەو ڕۆژەدا سەعید بەگی برای قادر بەگیش بەدیل گیرا. ڕۆڵەكانی خەڵكی ئەو ناوچەیە لەو بارە سەخت و دژوارەدا، بەرزترین پلەی پابەندی بەشۆڕش و نیشتمانپەروەری و قوربانیدانیان ئیسپات كرد. ئەو ڕۆژەی شكستی ئەوان و سەركەوتنی پێشمەرگە ڕۆژێ بوو لە ڕۆژە ڕووناكەكانی شۆڕش.

## بەرەو خۆشناوەتی

پاش ئازادکردنی باڵەک و سیدەکان و جێبەجێ کردنی ئەو کردەوە ئاساییانەی کە پاش خاوێنکردنەوەی ناوچەکە لە چڵکاوخۆران و نۆکەرانی حکوومەت دەکرێن و، پاش کردنەوەی ڕێگەکانی سەر سنووری ئێران و تورکیا و، پاشانیش گەڕانەوەی هەندێ لەو خێڵانەی هەڵاتبوون و، هاتنەوەیان لە ئێرانەوە بۆ ناو باوەشی شۆڕش و، پاشتریش ڕێکخستنی هێڵێکی پتەوی داکۆکی بەدرێژایی بەرەیەکی درێژ لە کلکەی ڕۆژهەڵاتی چیای زۆزکەوە تا کلکەی ڕۆژئاوای چیای هەندرێن کە ڕێگەی هاملتۆن دەکەوێتە نێوانیان هەمووی کەوتبووە دەستی شۆڕشگێڕان، پاش هەموو ئەمە، سەرکردایەتیی سوپاییی ئەم پارچەیە درایە دەستی موقەدەم ڕوکن عەزیز ئاکرەیی کە لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی تر هاتبوونە ناو شۆڕشەوە. عومەر مستەفاش تا ماوەیەک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆ و سەرپەرشتیکردنی ڕێکخراوەکانی پارتی مایەوە. ئەنجا بارزانی بەهێزەکانی خۆیەوە بەرەو خۆشناوەتی کەوتەڕێ و، لە ڕێگەدا بەگوندەکانی دۆڵی ڕەژووکەریا و وەرتێ و دۆڵی ئاکۆیاندا تێ پەڕی و، لە ٩ی ئابی ١٩٦٢دا هێزە بەرێکەوتووەکان تووشی بۆمبارانێکی سەخت بوون.

بنکە بچووکەکانی چڵکاوخۆران خاوێن کرانەوە، لە ١٧ی ئابدا شەڕێک لە گوندی ئەسپیندار ڕووی دا ٣ پێشمەرگەی تێدا شەهید کران. بارزانی لە کشانەکەی خۆیدا بەردەوام بوو. بەڕێوە چووە سەر ناوەندی ناحیەی هیران کە چەندین بنکەی چڵکاوخۆرانی لێ بوو. ڕۆژی ٢٢ی ئاب گەیشتە ئەوێ و لەو چڵکاوخۆرانەی لێی بوون پاک کرایەوە. جا بارزانی خۆی بۆ ئازادکردنی چیای سەفین ئامادەکرد و، پاش شەڕێکی سەخت ئەم کارە جێبەجێ کرا و چیاکە و ناوچەکەش لە سوپا و چڵکاوخۆرەکان خاوێن کرانەوە. ئەم سەرکەوتنە فرە کاریگەر بوو. حکوومەت ئیتر هیوای ئەوەی نەما بتوانێ دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێتەوە. پاش ئەم سەرکەوتنانە، ئیتر ئەوانەی هێشتا دوودڵ و ڕاڕابوون، دەبوو هەڵوێستی خۆیان لە ئاستی شۆڕشدا بەتەواوی دیاری بکەن. بۆیە هەندێکیان بەختی خۆیانیان خستە تەک شۆڕش و هەندێکیشیان چوونە پاڵ حکوومەتەوە.

سەرانسەری ناوچەی خۆشناوەتی خاوێن کرایەوە و، ئەو کارانەی لە بادینان و باڵەک و برادۆستدا کران بۆ ڕێکوپێک کردنی کاری حزبایەتی و بنکەکانی پێشمەرگە، لەوێش

هەمان شت کرا.

بارزانی سەرکردایەتیی ناوچەی خۆشناوەتیی دایە دەست بەکر عەبدولکەریم بەمەرجێ مەحموود کاوانی یارمەتیدەری بێ. ئیتر ناوچەی خۆشناوەتی بوو بەیەکێ لە قەڵا سەختەکانی شۆڕش و یەکێ لەو لانانەی کە شۆڕشگێڕان پێ دەگەیەنن و تا دواییش هەر وا مایەوە. ئەوەش لەسایەی هەڵوێستی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە لە ئاست شۆڕشدا و ئەو لەخۆبووردن و بەخشش و یارمەتییەی شۆڕش لە دڵسۆزانی خۆی چاوەڕوانی دەکا. بەڵام زیانی گەورە لە شۆڕش کەوتبێ ئەوەبوو جەنگاوەری قارەمان مەحموود کاوانی لە ئەنجامی بۆمبارانی سەرەمەرِ و بێ وچانی ناوچەکە لەلایەن حکوومەتەوە، بەئەنگاوتنێکی کوشندە ئەنگووا و، ئەجەل مۆڵەتی نەدا و بەو برینانەی بۆمبارانەکە لێی کردبوون گیانی دا بەدەستەوە، مەرگی کاوانی برینێکی لە لەشی شۆڕش کرد کە ساڕێژبوونەوەی زەحمەت بوو، شەهید یەکێک بوو لە نێزیکترین خەباتکاران لە بارزانییەوە.

## لە بارەی هەڵوێستی ئەندامانی پارتییەوە

لە کاتێکدا کە پێشمەرگە و ئەندامانی پارتی لە ناوچەی سیدەکان بەدانانی بەڕێوەبەرێتییەکان و ڕێکخستنی پێوەندیی نێوانیان و خۆئامادەکردن بۆ کشان ڕووەو ڕۆژهەڵات بۆ ناوچەکانی پشدەر و شارباژێڕ خەریک بوون و سەرقاڵی ئەم کارانە بوون، چەند هێزێکی جاش و چڵکاوخۆری سەر بەسۆفییەکانی برادۆستی و هەرکی بەهاندان و یارمەتیدانی ئێران ئەمەیان بەهەل زانی و لە تەقەلایەکی دووبارەیاندا گەڕانەوە بۆ ناوچەی سیدەکان و لە چەند لاوە هێرشیان بردە سەر بەرەیەکی بەربڵاو و، لە ئەنجامی ئەم هێرشەدا دێهاتی مهاجیرەکانی کەسوکاری سەید تەهایان داگیر کرد و ئاگریان تێ بەردان و سووتاندنیان. بارزانیش بڕیاری دا هێزێکی بارزانی هەڵبژێرێ بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی پێشمەرگە کە لە ناوچەی سیدەکاندا تەیار بوون. سەرکردایەتیی ئەو هێزەی بەشەریف عەبدوڵڵا کرکەمویی سپارد کە یەکێک بوو لە سەرکردە پاڵەوانە قاڵبووەکان. ئەم سەرکردەیە لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چڵکاوخۆراندا شەهید بوو، شەهیدبوونیشی کارێکی گەورەی کردە سەر دڵ و دەروون و ورەی جەنگاوەرەکان و کەلێنی خستە ڕیزەکانیانەوە و، ئەوەبوو بەرەودوا کشانەوە و جاشەکانیش هاتنە پێشەوە و ناوچەیەکی گەورەی بەربڵاویان داگیر کرد تا گەیشتنە داوێنی چیای سەری بەردی کە بەسەر دەشتی

دیانادا دەڕوانێ، ئەو کاتە بارزانی ناچاربوو بگەڕێتەوە بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخەکە. لە ڕۆژی ٣ی ئەیلوولی ١٩٦٢دا هێزەکانی بارزانی گەیشتنە مەیدانی شەڕ و دەستبەجێ چوونە کۆڕی زنجیرەیەک شەڕی سەرکەوتوو و پارچەپارچە ناوچە داگیرکراوەکانیان ئازاد دەکردەوە و لە دوژمنیان خاوێن دەکردنەوە. تا ڕۆژی ١٤ی مانگ سەرانسەری ناوچەکە وەک جاری جارانی لێ هاتەوە کە لەژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا بوو، جاشەکان شکستێکی تەواویان خوارد و هەڵاتن و کۆمەڵێکیان پەنایان بردە بەر ئێران و کۆمەڵێکیشیان پەنایان بردە بەر تورکیا. کە کار گەیشتە ئەم ڕادەیە بارزانی نامەیەکی بۆ دەسەڵات بەدەستانی ئێران و تورکیا نووسی و تیایاندا وتبووی هیچ لەوەدا دوودڵ نابێ کە لە سنووری هەردووکیان بپەڕێتەوە بۆ ڕاوەدوونانی هێرش هاوردووە تاڵانچییەکان و لەناوبردنیان ئەگەر بێتوو لەودیوی سنوورەوە یارمەتییان بدرێ و کار ئاسانییان بۆ بکرێ و ڕێگەیان بدرێ جارێکی تر بگەڕێنەوە و هێرش بهێننەوە. وەک کارێکی خۆپارێزانەش، بارزانی چاودێریکەر و سەربازی پارێزگاری بەدرێژاییی ناوچە سێگۆشە سنوورییەکەی چیای داڵانپەڕ و کێلەشین[٣] دانا.

لەو دەمەدا کەریم خان مەحموود خەلیفە سەمەد توانیی خۆی دەرباز بکا و لەگەڵ کۆمەڵێک لە جاشەکانی بگەڕێتەوە بۆ هەولێر و لە ڕێگەدا لە سەری بەردی لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگە کەوتە شەڕێکەوە ئەنجامەکەی ئەوەبوو سەرکردەی پێشمەرگە سلێمان نەبی شەهید بوو و، کەریم خان ڕزگاری بوو و توانیی خۆی بگەیەنێتە بارەگای ئەو لیوایەی سوپا کە ئۆردووگای لە ڕەواندز بوو.

تشرینی دووەمی ١٩٦٢ هات و زستانیشی لەگەڵ خۆیدا هێنا. حاڵی خۆفرۆشەکان بەهۆی هاتنی زستانەوە زۆر شڕ بوو، چونکە ڕانەمەڕ و بزنەکانیان نە شوێنیان هەبوو تێیدا بحەوێنەوە و نە لەوەڕگە هەبوو تێیدا بلەوەڕێن. حکوومەتی ئێرانیش بڕیاری دابوو ئەوانەی پەنایان بردووەتە ئێران لە ڕێگەی قەسری شیرینەوە بیانگێڕێتەوە بۆ عێراق و، حکوومەتی تورکیاش بڕیاری دابوو ئەوانەی پەنایان بردووەتەبەر تورکیا بیانگێڕێتەوە بۆ ناوچەی زاخۆ. هەرچەندیش هاوئاوازییەکی باش لەم بارەوە لە نێوان حکوومەتی عێراق و

(٣) لە پاشبەندی ژمارە ٦دا لە بەشی پاشبەندەکان، تەماشای دەق و وێنەی نامەیەکی حاجی محەمەد شێخ ڕەشید بکە کە بۆ مەحموود بەگی ناردووە باسی ئەوەی تێدا دەکا کە حکوومەتی تورکیا گفتی پشتگیریی پێ داوە. مایەی داخە ئێستەش و پاش تێپەڕبوونی ٤٠ ساڵ هەندێ لە بەرپرسانی تورک بەهەمان شێوە بیر دەکەنەوە و بەهەمان ڕێبازدا دەڕۆن.

هەردوو حکوومەتی ئێران و تورکیادا هەبوو، بەڵام وێڕای ئەمەش جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە زۆر زەحمەت بوو، چونکە ڕێگەکان بڕابوون و ڕێبازگە چیاییەکانیش بەفر گرتبوونی. هەرچەندیش زستان پتر دەهاتە پێشەوە باری پەنابەرەکان خراپتر دەبوو. سەرەنجام پاش ئەوەی حاڵی ئەم پەنابەرانە تەواو ناخۆش بوو و هەرسێ حکوومەتی عێراق و ئێران و تورکیا نەیانتوانی چارەسەرێک بۆ گیروگرفتی ئەمانە بدۆزنەوە، ناچاربوون بۆ خۆیان پێوەندییان بەبارزانییەوە کرد و پاکانەیان بۆ خۆیان کرد و تکایان لێ کرد ڕێگەیان بدا لەو پیادەڕێیانەوە کە جاران پیایاندا دەهاتن و دەچوون بگەڕێنەوە، وەک باسمان کرد، هەموو ئەو پیادەڕێیانەش کەوتبوونە ژێردەستی پێشمەرگەوە.

فەتاح ئاغای هەرکیی، گەورەی هەرکییانیش، ئەنوەری برازای هەر بۆ ئەم مەبەستە نارده لای بارزانی و گفت و پەیمانی دایە کە نە خۆی و نە خێڵەکەی بەهیچ جۆرێ چەک لە ڕووی شۆڕشدا بەرز نەکەنەوە. بارزانیش ڕێگەی دان و، ئەوانیش گفتەکەی خۆیانیان بەجێ هێنا، ئەوەبوو فەتاح ئاغا و خێڵەکەی و بەتایبەتی ئەسعەد ئاغای کوڕی بەدەستپاکی مانەوە لەگەڵ ئەو گفت و پەیمانەی دابوویان و، تەنانەت خزمەتی وای شۆڕشیان کرد کە شایەنی سوپاسن لەسەری و، ئەسعەدی کوڕیشی هەمان ڕۆڵی دەبینی و خزمەتی پڕ بایەخی بەشۆڕش کرد.

هەرچی سۆفییەکانی برادۆست و هەرکییەکانی محێ ئاغای هەرکی و خێڵەکەشیەتی، ئەوان دەستەودامێنی شێخ ئەحمەد بوون و تکایان لێ کرد ڕێگەیان بۆ بکاتەوە لە دەشتی بەرازگری دۆڵۆمەرییەوە بڕۆن بۆ هەولێر تا لەوێ خۆیان بخەنە ژێر پەنا و پارێزی حکوومەتەوە. پاش ئەمە ئیتر سۆفییەکانی برادۆست زیانێکی ئەوتۆیان بۆ شۆڕش لێ نەوەشایەوە. بەڵام محێی هەرکی هەر لەسەر هەڵوێستی خۆی بوو بەرانبەر بەشۆڕش و هیچ درێغیی نەکرد و، هەر هەلێکی بۆ هەڵکەوتایە لێی نەدەگەڕا و کەلکی بۆ بەڵگە هێنانەوە بۆ خیانەتی خۆی لێ وەردەگرت و، تا کۆتاییش هەروا مایەوە.

بارزانیش، پاش ئەمە هەمووی، لە ئاخروئۆخری تشرینی دووەمی ساڵی ۱۹٦۲دا گەڕایەوە بۆ ناوچەی خۆشناوەتی.

## گەڕانەوە بۆ گفتوگۆ: هەوڵێکی تازە

لە تەمووزی ۱۹٦۲دا حکوومەت گەڕایەوە بۆ گفتوگۆ، دەستپێشخەرییەکە ئەمجارە لەلایەن عەمید مەحموود عەبدوڕەزاقی فەرماندەری فیرقەی دووەوە بوو کە عەبدولوەهاب

ئاغای جندیانیی ڕاسپاردبوو پێوەندی بەبارزانییەوە بکا و ئەویش نامەیەکی لە عەمید مەحموودەوە بۆ بردبوو تێیدا نووسرابوو سەرۆکی حکوومەت عەبدولکەریم قاسم ئێستە ئامادەیە بۆ گفتوگۆ[٤]. بەگوێرەی ئەوەی من دەیزانم وەڵامی بارزانی لەسەر ئەم پێشنیازە ئەوەبوو:

«ئێمە هەموو کاتێ حەزمان لە ئاشتییە و ئامادەین لە بارەیەوە بکەوینە گفتوگۆ».

بەڵام بەداخەوە هیچ هەنگاوێ لەم بارەوە نەنرا و ناشزانم هۆیەکەی چی بوو. هیچ گومانیشم لەوەدا نییە کە یەکێ لەو هۆیانەی پاڵیان بەحکوومەتەوە نا ئەم هەنگاوە بنێ پاڵەپەستۆی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتربووی میللەت بوو بۆ سەر حکوومەت بەتایبەتی لە بەغدا پاش ئەو سەرکەوتنانەی شۆڕش لە کوردستاندا وەدەستی هێنان و بڵاوبوونەوەی دەنگوباسیان بەناو جەماوەردا، هەرچەند حکوومەت هەوڵی دەدا کەس ئاگەدارییان لێ پەیدا نەکا و لەناو خەڵکدا باسیان نەکرێ. سەرەڕای قورسیی ئەو زەرەر و زیانە گیانییانەی کە لە ریزەکانی سوپادا کەوتن. ئەوەبوو حزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە میللییەکان و لە ریزی پێشەوەیانەوە حزبی شیوعیی عێراق وێرایان یاداشت لە دوای یاداشت بدەن بەعەبدولکەریم قاسم و تێیاندا داوای لێ بکەن چارەسەرێکی ئاشتیخوازانە بۆ پرسی کورد بدۆزێتەوە[٥]. بەغداش خۆپێشاندانی گەورەی جەماوەریی بەخۆیەوە دی بۆ داوای دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیخوازانە بۆ پرسی کورد.

لێرەدا ئەمە شایەنی باسکردنە کەوا تاخمێک ئەفسەری لە سنووری ئەو سەردەمەدا نەناسراو پێوەندییان بەیەکێک لە بەرپرسانی پارتییەوە لە کەرکوک کردبوو، داوای یارمەتییان لە پارتی کردبوو بۆ ئەوەی نەخشەی کودێتایەک ئامادە بکەن، ئەمە لە نامەیەکدا نووسرابوو کە لە مێژووی ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٢دا لە مەکتەبی سیاسیی پارتییەوە بەرەوڕووی بارزانی کرابووەوە[٦].

(٤) دەقی نامەکە و وێنەکەی لە پاشبەندی ژمارە (٧) دایە لە بەشی پاشبەندەکاندا.
(٥) نموونەیەکی ئەو یاداشتانە لە پاشبەندی ژمارە (٨) دایە لە بەشی پاشبەندەکاندا.
(٦) دەقی نامەکە لە پاشبەندی ژمارە (٩) دایە لە بەشی پاشبەندەکاندا.

## بەشی پێنجەم

# ١٩٦٢ ساڵی سەرکەوتنە گرینگەکان

بەهۆی ئەو سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکانەوە کە سوپای شۆڕش وەدیی هێنان و، بەو ڕەنجە سیاسی و ڕێکخستنییانەی کە پارتی بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوون و ئامانجەکانی خۆی لەناو چینەکانی گەلدا دابووی، دەسەڵاتی شۆڕش بەتەواوی بەسەر کوردستاندا دیاربوو. جا ئەگەر سەبارەت بەوەی کە هێزی پێشمەرگە لە هەموو لایێ نەبوو، ئەو دەسەڵاتە بەکردەوە نەبووبێ، ئەوا لەو شوێنانەی کوردستاندا کە لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی حکوومەتدا بوون، لەلایەنی واتاییەوە لای هاوڵاتیانی کورد ئاشکرابوو. یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەمەش تەراکەوتنی تاخمە لەڕ و لاواز و خۆفرۆش و هەلپەرستەکان بوو لە تاخمە دڵسۆزەکان کە باوەڕیان بەپرسی ئازادیی گەلەکەمان هەبوو.

پێویستە لەسەرمان دان بەوەدا بنێین کە شۆڕش لە سەرەتای دەست پێکردنی لە ئەیلوولی ١٩٦١دا، بەرنامەیەکی نەخشە بۆکێشراوی نەبوو و شۆڕشگێران لە پلەی یەکەمدا لەژێر کاریگەریی خوێنگەرمی و سۆزی دەروونیدا بوون. ئێمە هیچ تاقیکردنەوەیەکی شۆڕشگێڕیی پێشترمان نەبوو. وەک وتیشم، هەر لە بنەڕەتەوە هیچ نیازێکی خۆ ئامادەکردنمان بۆ شۆڕش نەبوو. شۆڕش وەک باسم کرد، شتێکی لەخۆوەبوو، لە پڕ و بێ ئامادەکردن و نەخشە بۆکێشان ئاگرەکەی هەڵگیرسا. لە پێشاندا چەند تاخمێکی چەک بەدەست جگە لە نارەزایی و بێزاری لە ڕێژیم هیچ شتێ پێکەوەی کۆنەدەکردنەوە و، لە یەکەمین پێک هەڵپژانیشدا لەگەڵ هێزەکانی حکوومەت، هەریەکە بەلایەکدا پرژ و بڵاوبوونەوە. کە وای لێ هات ئیتر ئەرکی ڕێکخستنەوە کەوتە ئەستۆی کادیرەکانی پارتی و بارزانییەکان. بەهیچ جۆرێ نکووڵی لەوە ناکرێ کەوا هەندێ لەو سەرۆک خێڵانەی سەرکردایەتیی ئەو تاخمە چەک بەدەستانەیان دەکرد خۆیان نەدا بەدەست حکوومەتەوە و، تا شۆڕش سەرکەوتنە مەزنەکانی خۆی وەدەست هێنا، هەر لەگەڵ پێڕەوکارانی خۆیاندا بەچیاکانەوە مانەوە. بەڵام ڕاستیییەکەی ئەوەیە شەڕی گەلیی زاوێتە بوو کە ڕەوتی شۆڕشی لە کرۆکەوە گۆڕی و گیانی بەربەرەکانێ و متمانە بەخۆیی لە دڵی

خەڵکدا بڵاوکردەوە. لەم شەڕەدا بوو هێزەکانی گەل لێهاتوویی و توانی ڕووبەڕووبوونەوەی لەشکری حکوومەتیان، نەک هەر بەخۆڕاگرتنی خۆیان و بەس، بگرە بەوەدەستهێنانی سەرکەوتنە مەزنەکەشیان، هێنایەدی. ئەو سەرکەوتنانە جەماوەری کوردیان لە پشت شۆڕشەوە پتەو و ڕیزبەندی کرد، نەخوازەلا لە ناوچەی سۆران کە هۆکاری شۆڕش و ڕاپەڕینی بەڕووی حکوومەت و، یەکخستنی ڕەنج و تەقەلاکانی لەگەڵ هێزەکانی شۆڕشدا کرد بەشتێکی ڕاست و هاتووەدی.

کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکراتی کوردستان لە شوباتی ١٩٦٢دا، لە گوندی عەودالان کۆبووەوە و، بڕیاری درێژەپێدانی بەشۆڕشی دا و دروشمی «دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان»ی هەڵگرت. ئەو ساڵەش بەئازادکردنی چەندین پارچەی گەورەی کوردستان لەسەر دەستی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان بەسەرکردایەتیی پارتی و بارزانی و بەیارمەتیی جەماوەری کورد، بڕایەوە. لەم ساڵەدا گەلێ هەڵسووڕان و چالاکی لەلایەن هێزەکانی پارتییەوە لە سۆران جێبەجێ کران، بەتایبەتی پاش گەیشتنە ناوچەی باڵەک و دەست بەسەرداگرتنی لەلایەن لەشکری بارزانییەوە کە ئەم لەشکرە چووەتە چەندین جەنگی ناوخۆییەوە و لە هەموویاندا سەرکەوتووە و چەندین تاقیکردنەوە هاریویانە[1].

لەناو ئەو چالاکییانەدا، ناوی ئەو شەڕە پڕ قارەمانەتییانە دەهێنین کە لە ناوچەکانی هەولێر و کەرکووک و سلێمانیدا ڕوویان دا، وەک شەڕەکانی گەرمیان و شوان و شێخ بزەینی و دەشتی هەولێر و تەقتەق[2] و شارباژێڕ و شلێر بەسەرکردایەتیی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی، کە چالاکترینیان جەلال تاڵەبانی و ژمارەیەک ئەفسەری لاوی خوێنگەرمی وەک ڕەشید سندی و تاریق ئەحمەد و عەبدولوەهاب ئەترووشی و عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری و فازڵ تاڵەبانی و تاهیر عەلی والی و محەمەد سەید عەلی حافز و فازڵ سۆرانی و کەمال شێخ غەریب و ئیبراهیم ئەفەندی و کەمال مفتی بوون. لە ٢٤ی ئایاری

(١) سەلامی مەلا سابیر، هەر لەخۆیەوە و بێ ئەوەی کەس پێی وتبێ، سەرۆک جاشێکی هەمەوەندیی لە سلێمانی، بەشێوەیەکی قارەمانانە و بوێرانەی بێ وێنە، کوشت و، بەم کارەی ڕێی لەوە گرت کە داوای بوون بەجاش و چوونە پاڵ چڵکاوخۆرەکانی حکوومەت لە ناوچەی سلێمانیدا پەرەبسێنێ.

(٢) ڕۆڵی هەردوو شەهید ئەحمەد حاجی عەلی و عەلی حوسێن دیکتاریۆڤ لە ڕزگارکردنی ناحیەی تەقتەق و دەسەڵات ڕواندنی شۆڕش بەسەریدا، ڕۆڵێکی قارەمانانەبوو. هەردوو شەهید لە ئەندامە چالاکەکانی ڕێکخستنی پارتی لەناو پۆلیس بوون.

۱۹٦۲دا شارۆچکەی پێنجوین ئازاد کرا و یەک بەیەکی پۆلیسەکانی قەزا خۆیان دا بەدەستەوە. بەجۆرێکی تایبەتیش باسی ئەوە دەکەم کە معاونی پۆلیسی قەزا و سەرکردەیان کەمال شێخ غەریب لەگەڵ یەک بەیەکی پۆلیسەکانی ژێردەستیدا هاتنە پاڵ شۆڕش و کەمال تا دواییش هەر بەدڵسۆزی بۆ شۆڕش مایەوە، هەروەها خەڵکی ناوچەی شلێریش ڕاپەڕین بۆ یارمەتیدانی شۆڕش بەسامان و بەپیاو. ڕۆژی پاش گرتنی پێنجوین، حکوومەت لیوایەکی تەواوی لە ناڵپارێزەوە نارد بۆ سەندنەوەی. پێشمەرگە ڕێیان لێ گرت و هەردوولا ڕژانە ناویەک و چەند کەسێک شەهید بوون(۳).

لیوا سەربازە نێردراوەکە، پاش دانی نرخێکی گران لە گیانی سەربازەکانی و پاش خۆفرۆشتنی شێخ نەسرەت نەبێ نەیتوانی بچێتەوە پێنجوین، ژمارەی کوژراو و برینداری ئەم لیوایە لە ۱۵۰ کەس تێپەڕی کرد.

لە ڕۆژی ۱۱ی ئابی ۱۹٦۲دا ناحیەی تەقتەق خۆی دا بەدەست سوپای شۆڕشەوە. لە ۱۲ی ئابدا قەزای چوارتا ئازاد کرا و معاونی پۆلیسی قەزا عەبدولوەهاب ئەترووشی هاتە پاڵ هێزەکانی شۆڕش. شایەنی وتنە ئەم قەزایە و ناوەندەکەی پێشتر لە ناوەڕاستی مانگی ئاداری ۱۹٦۲دا کەوتنە دەست هێزەکانی شۆڕش، بەڵام ئەو کاتە بەهۆی کەمیی پێشمەرگە کە دەبوو لەو شوێنەدا دانرێن بۆ داکۆکی لێ کردنی، نەدەکرا بەدەست پێشمەرگەوە بمێنێتەوە، ئەوەبوو پاش شەڕێکی قارەمانانە کە حەمید کاوانیی تێدا شەهید کرا لێی گەڕان بۆ سوپای عێراق.

لە ۲۱ی ئەیلوولی ۱۹٦۲دا مۆڵگە سەربازییەکانی بەمۆ و سەرتەک لە ناوچەی خانەقین ئازادکران، هەروەها ناوچەگەلی تاوەگۆزی و شەمیران و نەورۆڵی و هەورامان و بناری سوورێن ئازاد کران. هەروەها ناوچەی شارباژێڕیش ئازاد کرا و ماوەت هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی بارەگای مەکتەبی سیاسی لەوێ بێ. هەڵوێستی شەرەفمەندانەی خەڵکی ناوچەی شارباژێڕ هەرگیز لەوانە نییە لەیاد بکرێ، بەتایبەتی هەڵوێستی عەبدوڕەحمان ئاغا و محەمەدئەمین ئاغای نۆڕک و حەمەئەمین ئاغای بارێ و شێخ عەبدوڕەحمان سیری و ئەوانی تریش.

لەگەڵ دوایی هاتنی ساڵی ۱۹٦۲دا شوێنە ستراتیجییەکان لە هەموو کوردستان

(۳) قارەمانان مەلا ڕەسووڵ گدروون و حەمە چاڵەویس و سدیق شوان و ئەحمەد شەدەڵەیی لەو شەهیدانە بوون.

کەوتبووە دەستی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و، سنووری ئێران و عێراق لە خانەقینەوە تا حاجی ئۆمەران و سنووری عێراق و تورکیا لە دالانپەڕەوە تا زاخۆ هەمووی لەژێر دەسەلاتی هێزەکانی شۆڕشدا بوو. هەرچی تەقەلایەکیش حکوومەت دای بۆ سەندنەوەی هەر بەشێک لەم ناوچانە لە بەهیچ دەرچوون بەولاوە ئەنجامێکی نەبوو.

لە هەمان کاتدا شۆڕش لەو ماوەیەدا ڕێگەی دەنگ گەیشتنی بەجیهانی دەرەوەش دۆزییەوە و دەنگدانەوەی شۆڕش، سەرنج و بایەخ پێدان و لا لێ کردنەوەی دەوڵەتە گەورەکانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، سەرەڕای ئەوەش کە ناودارانی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی ڕاگەیاندن دادەباریین بەسەریدا و هەندێکیشیان لەم ڕێگەیەدا مەینەتیی زۆریان دەچێشت و نارەحەتیی زۆریان تووش دەبوو تەنانەت گیانی خۆشیان دەخستە مەترسییەوە تا دەگەیشتنە ناوچەکانی شۆڕش بۆ ئەوەی لەبارەیەوە بنووسن، لەوانە ناوی ئەمانەیانم لە یادە: دێڤید ئادامسن، ریچار ئەندرێگ و، دانا ئادەم شمیدت[٤]. ئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهانیش بەدوای هەواڵەکانی شەڕ لە کوردستان و سەرکەوتنەکانی شۆڕشدا وێڵ بوون و، لە ڕۆژنامەکانی جیهاندا بڵاویان دەکردنەوە و لەسەریان دەنووسین.

دوکتۆر کامەران بەدرخانیش هەوڵ و تەقەلای خۆی تەرخان کرد بۆ خزمەتی شۆڕش و بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی لە وڵاتانی ڕۆژاوادا. قوتابیانی کوردیش کە لە وڵاتانی دەرەوە دەیانخوێند و خەڵکی هەموو هەرێمەکانی کوردستان بوون، هەڵوێستیان لە بارەی شۆڕشی کوردەوە هەر بەو جۆرە بوو، ئەوانیش کۆبوونەوەیان ڕێک دەخست و کۆڕیان

(٤) کاتی خۆی کتێبەکەی لە بارەی شۆڕشی کوردەوە «گەشتێک بۆ لای پیاوە قارەمانەکان» خەڵاتی باشترین کتێبی ساڵانەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا وەرگرت. ڕاپۆرتەکانیشی لە بارەی شۆڕشەوە بایەخێکی زۆریان لەلایەن کۆڕە دیپلۆماتیکەکانەوە دەدرایێ، چونکە شوێنێکی دیار و بەرچاویشیان لە دوو ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز و کرستیان ساینس مۆنیتێردا بۆ تەرخان دەکرا کە لە هەموو ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا زیاتر بڵاو دەبنەوە. کتێبەکەی لەلایەن پارێزەر جەرجیس فەتحوڵلاوە وەرگێڕدراوەتە سەر عەرەبی. بەم بۆنەیەوە دەمەوێ بڵێم کەوا حکوومەت هەرچۆن بووبێ زانیبووی ئەم ڕۆژنامەنووسە مێوانی ئیدریسی برامە و بەڕێوەیە بچێ بۆ لای بارزانی لە گوندی ڕاوەشان کە ماڵی ئێمەی لێ بوو. ڕاوەشان گوندێکی دووری پچڕاو لە ئاوەدانییە و لە بەشی زۆری نەخشە بەربڵاوەکاندا ناوی نییە. هەر ئەوەندەمان زانی ئەو گوندە بۆمبارانێکی ئاسمانیی توند و یەک لەسەر یەک کرا، بەڵام خواستی خوا لەسەر ئەوەبوو کەس لە خەڵکی گوندەکە، بەدانیشتوانی ماڵی ئێمەشەوە، بەرنەکەون و تووش نەبن.

دەبەست و تیایاندا خەڵکی وڵاتانی دەرەوەیان لە پرسی کورد بەتێکڕایی و لە شۆڕشی کوردستانی عێراق بەتایبەتی ئاگەدار دەکرد(٥).

(٥) باوەڕ و متمانەیەکی زۆر بەشۆڕش لەناو ئەفسەر و کاربەدەستانی کورددا هەبوو کە لە دەزگاکانی حکوومەتدا کاریان دەکرد. زۆر کەس لەوانە ئامادەییی خۆیان پیشان دەدا بۆ ئەوەی بێنە ناو شۆڕشەوە یا هەر فەرمانێکیان لە سەرکردایەتیی شۆڕشەوە پێ بسپێردرێ، جێبەجێی بکەن. وا بۆ نموونە لێرەدا دەقی نامەیەک دەنووسینەوە کە کۆمەڵێک لە ئەفسەرانی سوپای عێراق لە دەوروبەری پایزی ١٩٦٢دا بۆ بارزانییان نووسیبوو:

قارەمانی کوردستان و ئازادکەری نەتەوەی کورد، برای گەورەمان مستەفا بارزانی!

سڵاوێکی پاکی شۆڕشگێڕانە!

ئێمە کە ئەفسەرانی کوردین و لە ئۆردووگاکانی سوپادایین، لە کاتێکدا کە بەچاوی ڕێزەوە دەڕوانینە ڕەنج و تەقەلای ئازایانەتان بۆ ڕزگارکردنی نیشتمانە خۆشەویستەکەمان لە چنگی دیکتاتۆریەتی بێ شەرم و شکۆ، هەموو گیانمان حەز و ئارەزووە بۆ ئەوەی بێینە ناو ڕیزە قارەمانەکانی پێشمەرگەوە تا وەک سەربازگەلێکی دڵسۆز، لەژێر سەرکردایەتی ئێوەدا بۆ گەیشتن بەئامانجە بەرزە نەتەوەییەکانمان کار بکەین.

ئەی پێشەوامان!

ئێمە تا ئێستە دوو هەوڵمان داوە بۆ دەربازبوون لە ئۆردووگاکانمان و هاتنە پاڵ ڕیزەکانی پێشمەرگە، بەڵام داخی گرانمان هەردوو جارەکە، بەهۆی چاو لەدوویی توندی جاسووس و خەفیەکانەوە، کەند و کۆسپی وا هاتووەتە ڕێمان نەیهێشتووە بەئامانجی خۆمان بگەین. ئێستەش ئێمە وا بەفەرمانی ئێوە بەسراوینەوە کە فەرمانمان بدەنێ لە نێزیکترین هەلدا بێینە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەوە. هەروەها کۆمەڵێکی تریش لە برا ئەفسەرە بەشەرەفەکانمان هەن، ئەوانیش لەگەڵمانن، هەرچەند بۆیان ڕێک نەکەوت ئەم نامەیە ئیمزا بکەن، بەڵام ئامادەن بۆ جێبەجێ کردنی هەر فەرمانێ لە ئێوەوە دەرچێ.

ئەی پێشەوامان!

ئێمە لە ئەنجامدانی هیچ کارێ لە ناو ئۆردووگاکانماندا کە ببێ بەمایەی ئەنجامی باش دوودڵ نین، بەڵام بەداخەوە زۆریی جاسووس و خەفیە و ئەو چاو لەدووییە توندەی لەسەرمانە، ناهێڵێ هیچ بکەین. بەڵام ئۆردووگای مازنە هەیە کە ژمارەیەکی باش سەربازی کوردی کوڕی چاک لەوێ لە فەوجی سێی لیوای سێن، زۆریی ژمارەیان دەرفەتی ئەوەیان دەداتێ هەر کارێک لەناو ئۆردووگاکەدا بکەن و، بەشێوەیەکی باشیش ڕێکوپێکییان لەناودا هەیە و، ئامادەی جێبەجێ کردنی هەر فەرمانێکن.

ئێمە چاوەڕوانی نێزیکترین هەلین بۆ هاتنە پاڵ ڕیزەکانی پێشمەرگە بەم نێزیکانە ئەگەر خوا مەیلی لێ بێ. بژین بەئازادکەریی خاکی پاکی کوردستان!

دڵسۆزتان:

١- ملازمی تۆپچی ڕەشید یونس ٢- ملازمی تۆپچی تاهیر عەلی ٣- ملازمی پیادە تاریق محێدین ٤- ملازم ئەفسەری بژیەنی جەمال مەحموود بەگ ٥- ملازم ئەفسەری مووچە تاهیر شێخ ڕەئووف ٦- ملازمی پیادە محەممەد سەعید ئەکرەم ٧- ملازمی تۆپچی ئیسماعیل نادر.

## هەوڵدانی حکوومەت بۆ گرتنەوەی هەندێ شوێن

لە ماوەی نێوان پاییزی ١٩٦١ و بەهاری ١٩٦٢دا هێزەکانی شۆڕش سەرکەوتنی گەورە گەورەیان بەسەر هێزەکانی سوپا و چلکاوخۆراندا وەدەست هێنا و گەلێ ناوچەی بەربلاویان ئازاد کرد. حکوومەتیش بەهیوای سەندنەوەی ئەو ناوچانەوە چەند پلانی سوپاییی دانا و توانێکی فرەی ئامادە کرد و سوپایەکی بەقەبارەی فیرقەیەکی تەواو ساز کرد و لە سەرەتادا قورساییی خۆی خستە سەر ناوچەی زاخۆ و، زنجیرەیەک هێرشی توندی بەپشتیوانیی هێزی ئاسمانی و تانک هێنا.

پێشمەرگە بەسەرکردایەتیی عیسا سوار لە بەردەمی هەموو ئەم هێرشانەدا خۆیان گرت و لە دواقۆناغەکاندا لە باری داکۆکی لەخۆکردنەوە گواستیانەوە بۆ باری هێرش و، چەندین شێوەی نوێیان لە هێرشەکانیاندا داهێنا و بوونە یاریدەر بۆ ئەوەی بتوانن شکستێکی دزێو بەپارچە لەشکرەکانی سوپا بگەیەنن.

هێرشی سوپا و چلکاوخۆران دوو مانگیان خایاند و سەرەنجام بەسەرکەوتنێکی پشتشکێنی سوپا و بۆ سوودی پێشمەرگە تەواو بوون. ئەمەش لە ئەنجامی هێرشێکی لە پڕەوە بوو کە پێشمەرگە لە دوو ڕۆژی ٧ و ٨ی ئابی ١٩٦٢دا بردیانە سەر دوژمن. لەم هێرشەدا فەوجێکی تەواوی سوپا تێک شکێنرا و فەرماندەرەکەی کە عەقید مەجید سەبع بوو کوژرا، باڵەفڕەیەکی جەنگی لە جۆری فیووریبیش خرایە خوارەوە کە لە گوندی ئاڤگەنیدا کەوت، هەشتا بارهەڵگری سوپایی و چوار زرێپۆشیش سووتێنران و، چوار ئەفسەر و ١٧٣ سەرباز بەدیل گیران و، ئەم دەسکەوتانەی خوارەوەش دەستی پێشمەرگە کەوتن:

٢٥٠ تفەنگی سووک و، ٦ ڕەشاشی برێن و، ١٠ تۆپی هاوەنی عوقدە ٢ و عوقدە ٣ و، ٤ دەزگای بێتەل و، پتر لە ٨٠ هەزار فیشەکی چەکی سووک و ٣٠٠ گوللەی هاوەن.

زیانی پێشمەرگە لەم شەڕانەدا لە ١٠ شەهید و ١٨ بریندار تێ نەپەڕی. ئەنجامی شەڕی دوو ڕۆژی ٧ و ٨ی ئابی ١٩٦٢ دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو و دەنگوباسی ئەم سەرکەوتنە مەزنە هەر تەنیا عێراقی نەگرتەوە، بگرە لە سنووریش پەڕییەوە و هۆیەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکانی دەرەوەش باسیان کرد و لەسەریان نووسی.

مەسەلەکە برێتی نەبوو لە تەنیا سەرنەکەوتن لە گرتنەوەی دەوروبەری زاخۆدا، بگرە لەو کاریگەرییە گشتییەدا بوو کە شکستی هێزەکانی حکوومەت کردیە سەر ورەی سوپای

عێراق و لەوەشدا بوو کە پێشمەرگە توانییان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر شوێن و پێگە و ناوچە و دێهاتی تری ئەو بەرەیەدا بسەپێنن.

گەلێ هەوڵی تری لەم شێوەیەش کە سوپا لەم لا و لەولا دانی بۆ گرتنەوەی هەندێ شوێن، هەموو بەهیچ دەرچوون وەک هەوڵی گرتنەوەی چەند شوێنێک لە باکوری دهۆک و سەری ئاکرێ و داوێنەکانی بەربنیا لە ئاکرێ بەهەموو گوند و ناوچە ئاوەدانەکانیەوە و، هەندرێن و سەفین و ئاغجەلەر و سووورداش و شارباژێڕ و زۆر شوێنی تر.

بەم بۆنەیەوە ئەوەتان بۆ دەگێڕمەوە کە لیوا ڕوکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساریی سەرکردەی فیرقەی دوو پاش شەڕ وەستاندنەکەی شوباتی ١٩٦٤ هاتبوو بۆ سەردانی بارزانی. لەو سەردانەیدا باسی ئەو شەڕانەی کرد کە ئەو سەرکردەیان بوو لە دژی هێزەکانی شۆڕش و، لەو باسکردنەیدا شانازیی بەو کارانەوە کرد کە لەو شەڕەدا کردبوونی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دانی بەئازایەتیی پێشمەرگە و بەتایبەتی ئازایەتیی عیسا سواردا دانا کە لە شەڕی ٧ی ئابی ١٩٦٢دا لە گەلیی زاخۆ ئەوی بەزاند، کە ئەو لەو سەردەمەدا سەرۆکی ئەرکانی فیرقەی دوو و سەرکردەی مەیدانیی ئەو یەکە سوپاییيانە بوو کە لە هێرشەکەدا بەشدار بوون.

ئەنساری پرسیی: ئاخۆ دەکرێ عیسا سوار ببینێ؟ ئەو کەسەی ئەو دەیویست ببینێ، لەو کاتەدا لە بارەگای بارزانی بوو. دوو ڕۆژ لەوەپێش هاتبوو بۆ ئەوێ. بارزانی بە بەڵێ وەڵامی ئەنساریی دایەوە و، فەرمانی بەمن دا کە بانگی کەم. هەر کە عیسا سوار خۆی کرد بەژووردا، ئەنساری بەرزەپێ لەبەری هەستا و باوەشی پێدا کرد و ئەم لا و ئەولای ڕوومەتی ماچ کرد و دەیگوت: عیسا، سوێند بەخوا من لافی بوێری و سڵ نەکردنەوەم بۆ خۆم لێ دەدا، بەڵام تۆ لەوەدا لە من لە پێشتر بووی و تۆ لە پێشبڕکەدا لە منت بردەوە و، بانگی کرد بڕوا بۆ سەرلێدانی لە کەرکووک و مێوانی ئەو بێ لەوێ.

## کردەوەکەی عەین زالە

بنکەی کۆمپانیای بریتیش پترۆلیۆم کە بە دوو پیتی BP دەناسرێ و نەوت دەردەهێنێ، لە عەین زالە بوو کە دەکەوێتە بەری دەستەڕاستی ڕووباری دیجلە لە بەرانبەری زاخۆ. ئەم کۆمپانیایە ژمارەیەکی زۆری لە پسپۆڕانی بێگانەی کاروباری نەوت و ئەندازیاران

تێدابوو، هەروەها گەلێ ئاوایی و کارگەی نەوتیشی لێ بوو. ئەم هەڵمەت بردنە سەر عەین زالە و دەست بەسەرداگرتنی بۆ ماوەیەک، کارێکی بوێرانە و ورد نەخشە بۆکێشراوی کەس نەکردەبوو، مەبەست لێی ئەوەبوو پێشانی حکوومەتی عێراق بدرێ کەوا قۆڵی پێشمەرگە ئەوەندە درێژە وەنەبێ تەنیا تا ناوچە چیاییەکان بگات و بەس، بگرە دەشتوانێ لەوە زیاتر بڕوا و کاری وەک کارە چیاییەکان لە دەشتە تەخت و کشاوەکانیشدا بکا. ئەوەتا عەین زالە کە هەڵمەتیان بردە سەر و دەستیان بەسەردا گرت، لە دەشتێکی کاکی بەکاکیی بەربلاوی وا دایە هیچ هۆیەکی داکۆکی لەخۆکردن و خۆتێدا شاردنەوەی بۆ پێشمەرگە تێدا بەدی نەدەکرا.

ئەندامی ئازای پارتی حەمەسوور حوسێن کە پۆلیس بوو و لە عەین زالە کاری دەکرد، بەدرێژی و بەوردی شارەزای هەموو دامەزراوەکانی کۆمپانیاکە و چۆنیەتیی پارێزگاری لێ کردنیان بوو. پێشنیازی بۆ عیسا سوار کردبوو کە هەڵمەتێکی لە پڕ ببەنە سەر عەین زالە و ئەمیش بیرەکەی پەسەند کردبوو. بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی پارتی لە عەین زالە نەخشەی هەڵمەتەکە کێشرا و ڕێگەکەیان بەسەر کردەوە و لە ڕووبارەکە پەڕینەوە و، شوێنی لەباریان بۆ خۆ لێ حەشاردان دەستنیشان کرد. دەبوو هەڵمەتبەرەکان ڕێگەکە هەموو بەپێ ببڕن کە نێزیکەی پازدە سەعاتی دەخایاند. هەڵمەتبەرەکان ٣٠٠ پێشمەرگە بوون. پێشەنگەکەیان کە هێزی دەسوەشێن بوو، بەسەرکردایەتیی عیسا سوار خۆی بوو. بەشی دووەمیشیان بەسەرکردایەتیی عەلی هالۆ و، بەشی سێیەمیشیان بەسەرکردایەتیی شەهید هاشم مێرۆزی بوو. بەنهێنکارییەکی تەواوەوە لە دیجلە پەڕینەوە. شەوی ١٠ – ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٢، دەست کرا بەکاری هەڵمەتبردنەکە و لە ماوەیەکی کورتدا عەین زالە کەوتە ناو چنگی پێشمەرگەوە و هەموو دامەزراوەکانی کۆمپانیاکە گیران و دەستیان بەسەردا گیرا. بەرگریی ئەو سریەیەی پۆلیس کە تەرخان کرابوو بۆ پاراستنی کۆمپانیاکە، زۆری نەخایاند و پۆلیسەکان خۆیان دا بەدەستەوە کە ژمارەی خۆیان و ئەفسەرەکانیان ٧٠ کەس بوو. هێزەکانمان بەشێکیش لە کاربەدەست و پسپۆڕ و ئەندازیارانی کۆمپانیاکەشیان بەدیل گرت. هەمووی چەند سەعاتێکی نەبرد تەواوبوونی هەڵمەتەکە ڕاگەیەنرا و هەڵمەتبردووەکان لەگەڵ دیل و گیراوەکان گەڕانەوە.

لەم هەڵمەتەدا پێشمەرگە شاهین شێخۆ شەهید کرا.

ئەم هەڵمەتە دەنگدانەوەیەکی ڕاگەیاندنەکیی گەورەی لەناو کۆڕ و کۆمەڵە داراییە

نێودەوڵەتییەکاندا هەبوو. لە ئەنجامی ئەم کارەدا بایەخدان بەشۆڕش و لێهاتوویی شۆڕش دووقات بووەوە و، بەرانبەر بەوەش پلەی ناوبانگی حکومەت دەهاتە خوارەوە چونکە نەیتوانی دامەزراوەکانی خۆی بپارێزێ. دڵەکوتەیەکی سەختیش کەوتە ناو کۆڕ و کۆمەڵە دەوڵەتییە بێگانەکانەوە کە بەرژەوەندیی نەوتییان لە عێراقدا هەبوو. بەر لەم کاری هەڵمەت بردنەسەر و دەست بەسەرداگرتنەی عەین زالە، هیچ کردەوەیەکی سەربازیی تری لەم بابەتە دەنگدانەوەیەکی وەک دەنگدانەوەی ئەم کارەی نەبووبوو، سەرەڕای بارمتە بێگانەکانیش کە کەوتبوونە دەستی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان.

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە کە ناوی دێرک دانکۆرت بوو یەکێ بوو لە بەدیل گیراوەکان. هەروەها دوو ئەندازیاری بەریتانیش. بارزانی برووسکەیەکی پیرۆزباییی بەرانبەر بەم کارە پرشکۆیە بۆ عیسا سوار لێ دا و فەرمانی دایە کەوا دیلە بێگانەکان بنێرێ بۆ بارەگای ئەو. ئەویش ناردنی و بارزانی بۆ خۆی پێشوازیی لێ کردن و قەدر و حورمەتی گرتن، و هەموو هۆیەکی حەسانەوەی بۆ مەیسەرکردن و ڕێگەی دان بەهەر لایەکی کوردستاندا ئارەزوویان لێیە بگەڕێن. یەکێ لەو شتانەی بەم بۆنەوە لەیادمن ئەوەیە دانکۆرتی بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەی عەین زالە لە کاتی هەڵمەتی پێشمەرگەدا سەعاتەکەی دەستی ون کردبوو. بارزانی کە بەمەی زانی دەستبەجێ قایشی سەعاتەکەی خۆی کردەوە و لە دەستی خۆی داماڵی و بۆ بژاردنەوەی سەعاتە ون بووەکەی بەڕێوەبەر، پێشکێشی کرد[٦].

هەڵمەت بردنە سەر عەین زالە، لە بارەی نەخشە بۆکێشان و جێبەجێ کردن و ئەو شوێنەوارە مەزنانەی لێی کەوتنەوە، یەکێک بوو لە داستانە قۆناغ گوێزەوە، کەم نموونەکانی شۆڕش.

(٦) ئەم سەعاتە بۆ خۆی چیرۆکێکی هەیە و لە سەرەتادا هی من بوو. باوکم، بەبۆنەی بەپلەی یەکەم دەرچوونمەوە لە ئەزموونی پۆلی یەکەمی ناوەندیدا، ئەندازەیەک پارەی پێ بەخشیبووم و منیش وام بەباش زانیبوو ئەو سەعاتەی پێ بکڕم کە مارکەی لۆنجین بوو. کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە و باوکم چاوی پێ کەوت، ژمارە فسفۆڕییەکانی کە لە تاریکاییدا تیشکیان دەدایەوە سەرنجیان ڕاکێشا و شادمانی بەڕوویەوە دەرکەوت. پێی گۆڕیمەوە بەسەعاتەکەی خۆی کە مارکەی ئومێگا بوو و چەند قات لە سەعاتەکەی من گرانبەهاتر بوو و، بەدیاری پێشکێشیان کردبوو. بیست دیناریشی بەزیادە باقی دامەوە، منیش بەرانبەر بەوە سوپاسێکی زۆرم کرد. باوکم هەموو جارێ، بۆ خۆشی، باسی ئەم ئاڵوگۆڕەی دەگێڕایەوە و، لە یادیشی نەدەچوو بەشان و باڵی سەعاتە هەڵبژاردەکەی مندا هەڵبڵێ و باسی ژمارە ڕووناکە تیشکدەرەکانی دەکرد.

## بارودۆخ لە زستانی ١٩٦٢ - ١٩٦٣دا

## دەست پێشخەرییەکی لێبڕاوانە

بەهۆی بارودۆخی کەش و هەواوە ماوەیەکی ئارامی باڵی بەسەر بەرەکانی شەڕدا کێشابوو. کات ئەوەندە هەبوو بەشی چاوگێڕانەوە بەرێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و دابەشکردنی بەرپرسییە سەرکردەییەکان و ڕێکخراوە حزبییەکان و سپاردنی سەرکردایەتیی ناوخۆیی و لقەکان لە هەردوو لایەنی بەڕێوەبەریەتی و ڕێ پێشاندانی بیری و سیاسییەوە بکات.

هیچ گومان و دوودڵییەک لەو بارەوە نەمابوو کەوا گڕی شۆڕش هەروا بەهەڵگیرساوی دەمێنێتەوە و دەسەڵات بەدەستان هەرگیز پێیان ناکوژێتەوە.

بارزانی هەمیشە لە جووڵەدا بوو و هەرگیز پاڵی ڕەحەتیی لێ نەدەدایەوە، بەردەوام لە سەرلێدانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا بوو و بەسەری دەکردنەوە. لەناو ئەو ناوچانەدا بەتایبەتی ناوی ناوچەگەلی خۆشناوەتی و پشدەر و ئاکۆ دەهێنم. لە ناوچەی ئاکۆ ماوەیەک میوانی عەباسی مامەند ئاغا و، لە میوانیی ئەنوەر بەگی بێتواتەدا بوو. پاش ئەوە ئیتر بێتواتە بوو بەبارەگایەکی گرینگی سەرکردایەتیی شۆڕش. بارزانی، لە ڕووی حزبایەتییەوە، بەرپرسیی ئەم کەرتەی بەمەلا عەبدوڵڵای ناسراو بە مەلا ماتۆڕ و عەلی شەعبانی یارمەتیدەری سپارد.

لە یەکێک لە گەشتەکانی باوکمدا کە دەچوو بۆ سەروچاوە، ئافرەتێک کاروانەکەی پاڵ بارزانیی وەستاند و بەدەنگێکی بەرز بانگی کرد:

- کێتان مەلا مستەفایە؟

بارزانی وەڵامی دایەوە:

- کچم، من ئەوەم تۆ لە دووی دەگەڕێی. چیت لێ قەوماوە؟

کە باوکم ئەوەی وت، ئافرەتەکە هەردوو دەستی هەڵبڕی و دای بەسەر و ڕووی خۆیدا و هاواری کرد:

- تۆ ئا بەمە کوردستان ئازاد دەکەی؟

جا بەم جۆرە دەستی کرد بەباسکردنی سکاڵاکەی خۆی و وتی:

«من ئافرەتێکی بەشووم، شووەکەم ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانە. ئەندامێکی پابەند و دڵسۆز و فەرمانبەرداری پارتییە. بەڵام بەرپرسەکەی کە ناوی مەجید گورگە لێی ناگەڕێ، هەموو ڕۆژێ بەئەرکی حزبایەتی دەینێرێ بۆ ئەم لا و ئەولا، لەم دواییەشدا دەرکەوت کەوا بەنیازێکی خراپ بەم لا و ئەولایدا دەنێرێ. جارێکیان لە ماڵەوە بووم، هاتە سەرم و دەوروخولی دام، دەیویست بمگاتێ، منیش تفێکم کردە ناو چاوی و قیژاندم بەسەریدا گوتم: شەرم لە خۆت ناکەی داوای ئەم کارە ناپەسەندەم لێ دەکەیت؟ تۆ لای خۆت کادیری پارتیت پێویستە لەسەرت داکۆکی لە شەرەفی کوردستان و خەڵکی کوردستان بکەیت! ویستم لە خۆمی دوور خەمەوە و دەری کەمە دەرەوە، بەڵام ئەو پاڵی بەمنەوەنا و ویستی بەزۆر پڕم پێدا بکا و لاقەم بکا، لە ئەنجامی ئەوەدا بریندار بووم و جلەکانی بەرم دڕان و ئەمەش جلە دڕاوەکانمە ( جلەکانی بەدەستییەوە بوون، لەبەردەمی باوکمدا بڵاوی کردنەوە و دەیگوت: ئەم جلانە شایەتی ئەو ڕووداوەن. هەڵیانگرن و کاتێ کە کوردستان ئازاد دەبێ بیانکەن بەبەیداخی کوردستان».

بەدرێژایی تەمەنم باوکمم بەوجۆرە نەدیوە کە لەو کاتانەدا بەسەری هاتبوو. سەری دانەواندبوو، گوێی بۆ ئافرەتەکە شل کردبوو، هەردوو چاوی فرمێسکیان تێ زابوو. پاش کەمێک خۆی گرت و فەرمانی دا دەستبەجێ کابرای تاوانبار بگرن و بینێرن بۆ بێتواتە و لەوێ بیخەنە گرتووخانەوە تا خۆی دەگەڕێتەوە و بڕیاری خۆی لەبارەیەوە دەدات، جا لای کردەوە بەلای ئافرەتەکەدا و بەم قسانەی دڵنیای کرد:

«کچم! دڵنیابە هەقی خۆتت لەو کەسە بۆ دەستێنم کە ویستبووی دەستدرێژی بکاتە سەر نامووست. سزاکەشی سزایەکی پڕ بەپێستی تاوانەکەی دەبێ، کەواتە دڵنیابە ئەوەی ڕووی داوە، ڕووی داوە و تازە ناگەڕێتەوە. بەڵام تۆ بڕۆ و ساجێک بهێنە، ڕەشاییەکەی بێنە ڕووی منی پێ ڕەش کە، من شایەنی ئەوەم. ئەگەر من کاربەدەست نەبوومایە کابرایەکی وەک مەجید گورگ نەیدەوێرا و زاتی نەدەکرد و ئازادیی ئەوەی نەدەبوو کارێکی وا ناپەسەند و شوورەیی بکات».

ڕاستەکەی مەجید گورگ یەکێک بوو لە کادیرە کارا و چالاکەکان، بەڵام ئەوە بەس نییە بۆ بەبێگەرد دانانی ئەندامێکی پارتی کە لە ڕەوشت شۆراوە بێ. ڕەوشتی باش هەمیشە لەسەرووی گشت خەسڵەتەکانی تێکۆشەری پارتییەوەیە.

مەلا ماتۆڕ ئەوەی بەهەل زانیبوو کە بارزانی لە ماڵ نییە. هەر کە مەجید گورگ بەگیراوی و دەستبەسەری گەیشتبووە بێتواتە، ئەو کاری بەرەڵلاکردن و ڕفاندنی بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی بۆ ساز کردبوو. بارزانی کە گەڕایەوە لەم کارەی مەلا ماتۆڕ زۆر تووڕەبوو و ئاگەداری کرد کە دەبێ تاوانبارەکە بهێنێتەوە و هەمیشە ئەمەی دەدایەوە بەگوێی مەلا ماتۆڕدا چونکە هەرگیز لەیادی نەدەچووەوە تا سەرەنجام مەسەلەکە کێشایەوە بۆ لادان و دەست لێ هەڵگرتنی مەلا ماتۆڕ. ئەم ڕووداوە یەکێکیش بوو لە هۆیەکانی ساردی لە نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسیدا.

## بەرەو قەڵادزێ ۱۹٦۳

بارزانی زانیبووی کەوا تاخمێک لە ئاغاکانی میراودەلی بەدزییەوە لەگەڵ حکوومەت ڕێک کەوتوون کەوا هەوڵ بدەن ئەندامانی پارتی و پەلەکانی پێشمەرگە کە لە ناوچەکەدا بوون دەرپەڕێنن بەمەرجێ حکوومەت پارە و چەکیان بداتێ و، لەلایەنی سەربازیشەوە پشتیان بگرێ. بارزانیش لەسەر ئەمە بڕیاری دا هێزێکی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان کە بەشی ئەو ئەرکە بکات، بەسەرکردایەتیی خۆی، لەگەڵ تاخمێک لە بەرپرسانی پارتی بەرەو قەڵادزێ بخاتەڕێ.

ڕاستییەکەی، هیچ ڕێی تێ نەدەچوو ئەو ئامانجەی حکوومەت بهێنرێتە دی، چونکە تەقەلایەکی لەو چەشنە بەتەواوی ژێر دەکەوت و بەهیچ دەردەچوو، ئەوەش لەبەر هۆیەکی سادە و ئاشکرا کە ئەوەبوو خەڵکی ناوچەکە بەدڵ و بەگیان لەگەڵ شۆڕش بوون و هێزە شۆڕشگێڕەکان و پارتی دەسەلاتی تەواو و سەرکەوتنی خۆیانیان هێنابووەدی. لەمەش بەولاوە ناوچەکە زۆر لەوە دوور بووە کە دەستی حکوومەتی بگاتێ. ئەوەی لەم بارەوە لە هەموو شتێ زیاتر ڕێی تێ دەچێ ئەوەیە کە ئەو ئاغایانە هەر ئەوەیان مەبەست بووبێ پارە و پوولێ لە حکوومەت هەڵکرێنن لە ڕێگەی ئەوەوە کە وای حاڵی بکەن ئەو کارەیان پێ دەکرێ.

هەرچۆن بێ لەشکری شۆڕشگێڕ لە ٤ی شوباتی ۱۹٦۳دا گەیشتە ناوچەی قەڵادزێ، لە ۷ی شوباتیشدا بارزانی لە گوندی سارکێوە لە دۆڵی دۆڵەڕەقە بەنیازی قەڵادزێ کەوتەڕێ و، بۆ شەو گەیشتە گوندی پیرانەڕەش. سبەینێی ڕۆژی داهاتوو کودێتای ۸ی شوبات ڕووی دا، جەلال تاڵەبانی کە ئەو کاتە لە ساڵی ۱۹٦۲ەوە لەگەڵی بوو بەهەڵەداوان هات بۆ چاوپێکەوتنی بارزانی. زانراویشە کەوا سەرکردایەتیی شۆڕش و پارتی لەمێژ بوو

پێوەندییان لەگەڵ پیلانگێڕەکانی بەغدادا هەبوو.

لە ١٠ی شوباتدا کە بارزانی لە گوندی دووگۆمان بوو، هەموو ئاغاکانی میراودەلی هاتن بۆ لای بۆ ڕاگەیاندنی لایەنگریی خۆیان لە شۆڕش و بارزانی. تەنانەت ئەگەر کودێتاکەش ڕووی نەدایە، لەمە بەولاوە چارەیەکی تریان نەبوو[٦].

(٦) پێشتر بارزانی لە ئەیلوولی ١٩٦٢دا، ئەحمەد تۆفیقی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی ناردبوو بۆ ناوچەی پشدەر بۆ هاندانی ئاغاکانی میراودەلی کە بێنە پاڵ شۆڕش و پشتی بگرن. ئەم نێردەیە هەڵوێستی ناوچەی پشدەری، لە نامەیەکیدا لێک داوەتەوە کە دەقەکەی لە پاشبەندی ژمارە ١٠ی بەشی پاشبەندەکاندا نووسراوەتەوە.

**بەشی شەشەم**

# کودێتای ٨ی شوبات

شۆڕشی ئەیلوول ڕێی بۆ ڕوودانی ئەم کودێتایە خۆش کرد، وەک چۆن لەوەپاش ڕێی بۆ چەند کودێتای تریش خۆش کرد، هەروەها شۆڕش هۆی لاوازبوونی هەموو ئەو حکوومەتانە بوو کە پاش ڕێژیمی عەبدولکەریم قاسم هاتن وەک چۆن هۆی لاوازبوونی ڕێژیمی عەبدولکەریم قاسمیش بوو.

کودێتای ٨ی شوبات بەرهەمی ڕێککەوتنێک بوو لە نێوان حزبی بەعس و ئەفسەرە نەتەوەییە ناسرییەکاندا. ئەمانە لە کاتی ئامادەکردنی کودێتاکەیاندا پێوەندییان بەپارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە کرد و گفتیان دا سەرجەمی داخوازییەکانی شۆڕشی کورد لە بارەی مافە سیاسییەکانی گەلی کوردەوە جێبەجێ بکەن. ئەڵقەی پێوەندی لە نێوان هەردوولادا ئەفسەر تاهیر یەحیا بوو لە ڕێگەی ئەفسەرێکی خانەنشینی برادەریەوە ئەویش کەریم قەرەنی بوو کە بەش بەحاڵی خۆی بابەتەکەی لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتیدا هێنایە ئاراوە. ئەو نامەیەی کەریم قەرەنی لە پیلانگێڕەکانیەوە هێنابوو بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی، ئەوەی تێدا نووسرابوو کە ئامادەن ئەگەر کودێتاکەیان سەرکەوت ئۆتۆنۆمی بدەن بەکوردستانی عێراق، بەمەرجێ کە شۆڕشی کوردیش یارمەتییان بدات و شەڕ بووەستێنێ و پەلاماری سوپا نەدات و هەرچیی تر کە بارودۆخەکە پێویستی بکات لە یارمەتی و پشتگیری لە سنووری توان و دەسەڵاتدا. هەروەها کودێتاچییەکان داوای ئەوەشیان کرد کە سەرکردایەتیی شۆڕش، هەر کە دەرکەوت کودێتاکە سەرکەوتووە، دەستبەجێ برووسکەیەکی پشتگیرییان بۆ لێ بدات.

قاسم زۆر بەئاسانی وەک تاڵانی کەوتە دەستی کودێتاچییەکان. بەشی هەرە زۆری سوپاکەی وەک بزمار داکوترابوو بەکوردستاندا، ئەو یەکە سەربازییانەش لە بەغدا هەیبوون بەشی زۆریان بەدەستی پیلانگێڕەکانەوە بوون. شتی زۆریش دەربارەی کۆدێتاکە و درێژەی ڕووداوەکانی نووسراوە کە لێرەدا پێویست نییە دووبارە بیانگێڕینەوە، هەر ئەمە لەجیاتی قسەیەکی زۆر لەم بارەوە بەسە کەوا هێرشی کودێتاچییەکان لە زەوی و لە ئاسمانەوە هەر بۆ سەر وەزارەتی بەرگری بوو، ئیتر پاش ئەو هێرشە و پاش شەڕێکی خوێناوی لەناو

وەزارەتی بەرگری خۆیدا قاسم و یاوەرەکانی گیران و، قاسم بەکێش کرا بۆ ئێسگەی ڕادیۆ کە سەرکردایەتیی پیلانگێڕەکان لەوێ بوو و بەشێوەیەکی بەربەرییانەی وا کە نیشانەی دڵڕەقی و دڕندەییەکی بێ وێنە بوو، گوللەباران کرا.

گەلێ کتێب و وتار لەبارەی قاسم و سەردەمی قاسمەوە لەلایەن نووسەری بیروبۆچوون و ڕا جیاوازەوە نووسراوە و هەیانە بەشان و باڵیدا هەڵدەڵێ و هەشیانە خراپەی دەڵێ و ڕەخنەی لێ دەگرێ. من بۆ خۆم گومانم لەوەدا نییە کەوا هەردوولا لایەنگر ( متحيّز)ن و بەهۆی ئەم لایەنگرییەوە زۆر ڕاستی هەن شاردراونەتەوە.

بێجگە لە دەستدرێژییەکەی بۆ سەر گەلی کورد و شەڕ بارکردنەکەی بەسەر کوردستاندا و نکووڵی کردنی لە مافەکانی کورد، لە هەموو ئەو شتانەدا کە نووسەران بەخراپەیان بۆ ناونووس کردووە، من تاقە خاڵێک بەدی ناکەم بۆ ئەوە بشێ حیساب و کیتابی لەگەڵدا بکرێ لەسەری یا بە بەدنیازیی ئەو بژمێردرێ لە چارەسەرکردنی کاروباردا، هەرچەند هەڵەنگوتن و هەڵەشی گەلێ هەبوو. ئەو کە لە چڵەپۆپەی دەسەڵات و حوکمڕانیدا بوو دەیتوانی هەموو ئەو پیلانگێڕانە بەتەواوی لەناوبەرێ کە ئەو و گەلی عێراقیان تەنانەت لە پارچە زەوییەک بێ بەش کرد تەرمی ئەو کەسەی تێدا بەخاک بسپێردرێ کە کۆماری عێراقی دامەزراند.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو شەڕە ستەمکارانەیەی عەبدولکەریم قاسم بەسەر گەلی کوردیدا سەپاند بەهەموو ئەو کڵۆڵی و کوێرەوەری و ماڵوێرانییەی ئەو شەڕە بەسەر کورد و بەسەر گەلی عارەبشیدا هێنا، من لێرەدا دەڵێم کوشتنی قاسم هیچ هەست بەخۆشی و شادمانییەکی نەخستە دڵمەوە. من باوەڕم بەوە هەیە کە عەبدولکەریم لەگەڵ بەدڕەفتاریشی لەئاست ئێمەدا، بەڵام وێڕای ئەمەش زۆر لەوانەی کودێتاکەی شوباتیان کرد، بەرز و باڵاترە.

لە ١٣ی ئاداری ١٩٧٠دا و پاش جاڕدانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار لەگەڵ ساڵح مەهدی عەماش کە ئەو کاتە وەزیری ناوخۆ بوو، لە بەسرە بووم. لێم پرسی: عەبدولکەریم قاسمتان بۆ کوشت و نەتانناردە دەرەوەی عێراق؟ هەڵوێستی چۆن بوو کە هێناتانە ئێسگەی ڕادیۆ؟ وای وەڵام دامەوە:

«ڕاستەکەی ئەوەیە ئێمە هیچ جۆرە لە دادگەدانێکی ئەومان نەکرد، ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لەبارەی چارەنووسی ئەوەوە خەریکی گفتوگۆ بوو کاتێ دەنگی چەند ڕستە گوللەی تفەنگی ئۆتۆماتیکمان بەرگوێ کەوت. هاتینە دەرەوە

بزانین مەسەلە چییە، دیمان عەبدولکەریم و مەهداوی و تەها شێخ ئەحمەد لاشەی بێ گیان بوون و گوللە بێژابوونی. ئەوەی فەرمانی تیربارانی ئەوانی دابوو، عەقید عەبدولغەنی ڕاوی بوو. ئەو بێ ئەوەی ئێمە ڕێگەی بدەین، فەرمانی بەسەربازەکانی دابوو بیاندەنە بەر گوللە و لەناویان ببەن».

لە هەموو ئەو شتانەی لە بارەی ئەو ڕووداوە تراجیدییەوە خوێندوومەتەوە یا بیستوومن، هەر ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە عەبدولکەریم لەو کاتانەی دادوەری کردن و پێش کوژرانیدا بەهیچ جۆرێ زەلیلی و ملکەچیی پێشان نەداوە، بگرە قارەمانانە بەرەوڕووی پیلانگێڕەکان بووەتەوە و بەتایبەتی بەرەوڕووی عەبدوسەلام عارف. تا دوا هەناسەی نەقسەیەکی لەگەڵدا کردووە و نە وەڵامی پرسیارە منجڕانەکانی داوەتەوە لە بارەی ئەوەوە کێ بوو شۆڕشی ١٤ی تەمووزی بەرپا کرد کە دەیویست بەهەر جۆرێ بووە پێ لێنانێکی وای لێ وەرگرێ نیشانەی لاوازی و سەرشۆڕکردن بێ.

پێش دەستکردن بەکودێتاکە بە ٤ ڕۆژ، ساڵح یووسفی نێردرا بۆ ئەوەی لەگەڵ عەلی ساڵح سەعدیی ڕازڕاگری گشتیی سەرکردایەتیی قوتریی بەعسدا کۆببێتەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا سەعدی بۆ نوێنەری ئێمەی دووپات کردەوە کەوا هەر لەگەڵ سەرکەوتنی کودێتاکەدا جاڕی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد دەدرێ.

لە ڕۆژی یەکەمی کودێتاکەدا گۆتیاری ڕادیۆی بەغدا داوای لە عەمید فوئاد عارف و ساڵح یووسفی کرد بەپەلە بڕۆن بۆ ئێستگەی ڕادیۆ بۆ دابینکردنی پێوەندیکردن لە نێوان سەرکردایەتیی پارتی و بەعسدا، بەڵام ئەو ڕاگەیاندنە درێژە ژمارە (١)ەکەی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش دەرچوو هیچ باسێکی مافەکانی گەلی کوردی نە لە نێزیک و نە لە دوورەوە تێدا نەبوو[١].

## دەست پێکردنی گفتوگۆ لە نێوان پارتی و ڕێژیمی تازەدا

پێشتر پارتی گفتی بەکودێتاچییەکان دابوو کەوا شەڕ ڕادەگرێ و بۆ داکۆکی لەخۆکردن نەبێ پەلاماری هێزەکانی حکوومەت نادات. بارزانیش فەرمانی بەجەلال تاڵەبانی دا کە بچێ بۆ قەڵادزێ بۆ ئەوەی سەر لە فەرمانەدری ئەو لیوایەی سوپای حکوومەت بدا کە

(١) سەیری دەقی ڕاگەیەندراوەکە لە پاشبەندی ژمارە (١١) لە بەشی پاشبەندەکاندا بکە.

لەوێ بوو و، بڕیاری شۆڕشی بەوەستاندنی شەڕ پێ ڕابگەیەنێ. فەرماندەری لیواکەی سوپا زۆر بەوە شادمان بوو.

پێویست بوو هەردوو لا، بۆ ئەوەی بگەنە ئەو چارەسەرەی لە دووی دەگەڕێن، نیازیان خاوێن بێ. بەڵام حوکمڕانەکانی بەعس وا نەبوون و، وەکو لەوەوپاش دەرکەوت هەر لە بنەڕەتەوە باوەڕیان بەوە نەبوو کە گەلی کورد هیچ مافێکی هەبێ و، دادپەروەری وا پێویست دەکات کە دان بەو مافانەدا بنێن با هیچ ڕێککەوتنێکیش لە نێواندا نەبێت. بۆیە گەیشتنە مافی دادپەروەرانەی داواکراو و چاوەڕوانکراو، لەگەڵ حوکمڕانانێکی لەم بیچمەدا کارێکی ئێجگار زەحمەت بوو.

زۆری نەخایاند دەرکەوت ئەو گفتەی عەلیساڵح سەعدی، لەبەردەمی ساڵح یووسفی و شەوکەت ئاکرەییدا لەجیاتیی بەعس دابووی کە وتبووی: «ئێوە وەنەبێ تەنیا مافی ئۆتۆنۆمیتان هەبێ، بگرە لەمە زیاتریش مافی دیاریکردنی چارەنووسیشتان هەیە». گفتێکی درۆ و درۆزنانەی ڕووت بوو.

لەم بارەوە ئەمەش شایەنی وتنە کەوا تاهیر یەحیا کە بەناوی بەعسەوە گفتوگۆی دەکرد، نامەیەکی بۆ سکرتێری پارتی، ئیبراهیم ئەحمەد ناردبوو تیایدا داوای لێ کردبوو ناوی چەند کەسێکی کورد دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی بخرێنە ناو وەزارەتی نوێوە و، دانی بەوەدا نابوو کە ڕژێمی نوێ لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی دامەزراوە.

مەکتەبی سیاسیش پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی بارزانی، وەڵامی ئەو نامەیەی بەم جۆرە دابووەوە:

> «دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان» ئەمە دروشم و سیاسەتی پارتیمانە. ئەو ناوانەش کە ئێمە پێشنیازیان دەکەین ئەمانەن: «بابە عەلیی شێخ مەحموود، فوئاد عارف، بەکر عەبدولکەریم، عومەر مستەفا، جەلال تاڵەبانی، عەلی عەسکەری».

کودێتاچییەکانی عێراق چاوەڕوانی کودێتایەکی وەک کودێتاکەی خۆشیان بوون لە سووریا، ئەوە بوو لە ٨ی ئاداری ١٩٦٣دا ڕووی دا. لەو ماوانگەی نێوان هەردوو کودێتادا، بەعس بەدەسەنقەست هەر ئەمڕۆ و سبەینێی دەکرد. پاش دە ڕۆژ لە ڕوودانی کودێتاکەیان، جەلال تاڵەبانی بەسەرۆکایەتیی وەفدێک چوو بۆ بەغدا و لەوێ دەستی کرد

بەگفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسە حکوومەتی و حزبییە بەعسییەکاندا. لە بەغدا جەلال تاڵەبانی و فوئاد عارفیان قایل کرد کەوا لەگەڵ ئەو وەفدە ڕەسمییەدا بڕۆن کە بۆ چاوپێکەوتنی جەمال عەبدوناسر و گفتوگۆ لەگەڵ کردنی لەبارەی بەیەک بوونی عێراق و میسر و سووریاوە دەنێردرا بۆ قاهیرە. تاڵەبانیش بێ ئەوەی پرس و ڕا بەبارزانی بکا و ڕەزامەندیی ئەو وەرگرێ، قایل بوو و خۆی و فوئاد عارف لەگەڵ شاندەکەدا چوون بۆ میسر. ئەندامانی وەفدەکە گەیشتنە قاهیرە و، عەبدوناسر لەگەڵ دوو نوێنەرە کوردەکە بەتەنیا خۆیان کۆبووەوە و بیروڕای خۆی بۆ باس کردن کەوا دژی جوێبوونەوەی کوردە، بەڵام لایەنی ئەوە دەگرێ کە مافەکانی گەلی کورد بدرێ و ئامۆژگاریی هەردوو لای کرد ناکۆکییەکانی نێوانیان بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە و لە ڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەر بکەن. ئەو ئەرکەی وەفدەکە بۆی چووبوو بۆ میسر، هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە.

یەکەمین وەفدی ڕەسمیی ڕێژیم بەسەرۆکایەتیی تاهیر یەحیا – کە کرابوو بەسەرۆکی ئەرکانی سوپا و ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش– نێردرا بۆ لای بارزانی، وەفدەکە گەیشتە چوارقوڕنە و بابە عەلیی شێخ مەحموود و فوئاد عارف و عەمید فەتاح شاڵیشی لەگەڵ بوو.

بارزانی پرۆژەی ئۆتۆنۆمییە داواکراوەکەی دایە دەستی وەفدەکە و، بەر لەوەی وەفدەکە بگەڕێتەوە بۆ بەغدا، بارزانی هەڕەشەی ئەوەی پێدا ناردبوو کەوا ئەگەر تا دوایی هاتنی مانگی ئادار ئەو داخوازییانە جێبەجێ نەکرێن کە لە پرۆژەکەدا باس کراون، شەڕ دەست پێ دەکاتەوە.

پرۆژەکە خرایە بەردەمی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش. هەر پاش ئەوە ڕێژیم لە تەقەلایەکدا بۆ کەم کردنەوەی ئەو داخوازییانەی لە پرۆژەکەدا داوایان کرابوو و بۆ ئەوەی وا لە سەرکردایەتیی شۆڕش بکا هەڵوێستی خۆی بگۆڕێ، وەفدێکی گەلیی نارد بۆ لای(٢).

وەفدەکە گەیشتە چوارقوڕنە و چاوی بەبارزانی کەوت. بەرهەمی کۆبوونەوەی وەفدەکە لەگەڵ بارزانی ئەوەبوو لەسەر چەند خاڵێک ڕێک کەوتبوون کە بکرێن بەبناخە بۆ ئەو

(٢) وەفدە گەلییەکە لە محەمەد ڕەزا شەبیبی و فایق سامەڕایی و حوسێن جەمیل و فەیسەڵ حەبیب خەیزەران و دوکتۆر عەبدولعەزیز دووری و زەید ئەحمەد عوسمان پێک هاتبوو.

چارەسەرەی لە دووی دەگەڕێن(٣).

پاشان وەفدەکە گەڕایەوە. لە ڕۆژی ١١ی ئاداردا ڕێژیم بەیاننامەیەکی لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕشەوە بلاوکردەوە، سیاسەتی حکوومەتی دەربارەی پرسی

(٣) داخوازییەکانی شۆڕش کە لە ٥ی ئاداری ١٩٦٣دا پێشکێشی وەفدەکە کرابوون، ئەمانە بوون:
١- داننانی دەستبەجێ بەئۆتۆنۆمیدا بۆ کوردستان لەگەڵ دانی وێنەیەکی دان پێدانانەکە و دەستووری کۆماری عێراق بەکۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و بلاوکردنەوەی لە ئێستگەی بەغداوە و بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمی و ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا.
٢- سنووری جیۆگرافیایی: لە باکورەوە تورکیا، لە ڕۆژهەلاتەوە ئێران، لە ڕۆژئاواوە سووریا، لە باشوورەوە زنجیرە چیای حەمرینە.
٣- زمانی کوردی زمانی ڕەسمی دەبێ. خوێندنیش هەروەها بەزمانی کوردی دەبێ. بەلام لەو ناوچانەدا کە هاولاتیانی غەیرە کوردیان تێدا دادەنیشن، خوێندن شان بەشانی زمانی کوردی، بەزمانە تایبەتییەکانی ئەو هاونیشتمانانەش دەبێ.
٤- ئۆتۆنۆمی:
أ- فەرمانڕەوایی پەرلەمانی و دیموکراسی دەبێ بەمەرجێ پێک بێت لە جێگرێکی سەرکۆمار و ئەنجوومەنێکی وەزیران و ئەنجوومەنێکی نیشتمانی لە کوردستاندا. لەگەڵ هێشتنەوەی وەزارەتەکانی دەرەوە و بەرگری و دارایی بەشێوەی ناوەندی و، دانانی چەند وەزیرێکی دەوڵەت بۆ ئەم وەزارەتانە لە حکوومەتی ئۆتۆنۆمیدا.
ب- ژمارەیەکی وا وەزیری کورد کە لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی کوردستاندا بگونجێ، لە وەزارەتی کۆماری ناوەندیی عێراقدا بەشدار دەبن. هەروەها ئەوەندەش نوێنەری کورد کە لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانی کوردستاندا بگونجێ، هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراق.
٥- سوپا:
أ- ڕێژەیەکی دیاری لە سوپا دادەنرێ کە لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی کوردستاندا بگونجێ. پێکهاتنی ئەم یەکە سوپاییانە لە ئەفسەر و ئەفسەرریز و سەرباز لە ڕۆڵەکانی کوردستان خۆیان دەبێ.
ب- سوپا لە هەموو بەشەکان پێک دێ: هێزی ئاسمانی، پیادە، زرێپۆش، هەواڵگری، ئەندازیاری، تۆپخانەی دژەباڵەفڕ.
ج- دانانی دامەزراوەی سوپایی لە جۆری ئەوەی لە کۆماری عێراقدا هەیە.
٦- بوودجەی گشتی: لە دەرامەتی خەرج و باج و گومرگ و هەر ڕەسمێکی تر پێک دێ... تاد و، بەڕێژەیەکی دادپەروەرانە لە دەرامەتی نەوت کە لە سێیەکی دەرامەتی کوردستان کەمتر نەبێ.
٧- هێشتنەوەی هێزەکانی پەلە پێشمەرگە نیشتمانییەکانی کوردستان تا تەواوبوونی ئامادەکردنی میلاکەکانی سوپا و تەرخانکردنی مووچە و خۆراک و پۆشاک بۆیان.
٨- پێکەوەنانی حکوومەتی چاوەڕوانی کراوی ئۆتۆنۆمی یەکێکە لەم داخوازییانە.

کورد و داخوازییەکانی شۆڕش بەدرێژی تێدا یەکالا کردبووەوە[٤].

## کۆنگرەی کۆیە

ئەم بەیاننامەیە شتێکی ئەوتۆی تێدا نەبوو هیچ کام لە ئامانجەکانی شۆڕش بهێنێتەدی. هێنان و بردنی نێوان حکوومەت و سەرکردایەتیی شۆڕشیش هیچ ئەنجامێکی لێ نەکەوتەوە. لەو کاتەدا بارزانی وای بەباش زانی پرس و ڕاوێژ لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە نیشتمانپەروەرە دڵسۆزەکاندا بکا. بۆ ئەم مەبەستە کۆبوونەوەیەکی بەربڵاو کرا کە هەموو لایەنە گەلی و سیاسی و پیشەییەکانی گرتەخۆی و

(٤) ئەمەش بەیاننامەکەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕشە لە بارەی جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی هاوڵاتییە کوردەکانەوە:
کورد و عەرەب بەبرایەتی ژیاون، یەک خاک و یەک باوەڕ و یەک بەرژەوەند پێکەوەی بەند کردوون و، لە ئیمپریالیزم و نۆکەران بەولاوە کەس ڕوونیی ئەم برایەتییەی لێڵ نەکردووە.
شۆڕشی ١٤ی تەمووز بۆ ئازادکردنی گەل هات. یەکێ لەو شتانەی ئەم شۆڕشە دووپاتی کردنەوە برایەتیی عەرەب و کورد بوو، وەک دەستووری کاتی بێ پێچوپەنا دەیڵێ. بەڵام لادان و تیرۆر لە چەرخی ستەمکار عەبدولکەریم قاسمدا کوردیشی گرتەوە وەک عەرەبیشی گرتەوە. ئاژاوەی خستە جێی پێکەوەژیان و، گومانی خستە جێی بڕوا و متمانە، مەینەتیی بەسەر وڵاتدا هێنا. شۆڕشی ١٤ی ڕەمەزانی پیرۆزیش بۆ ئەوە بەرپابوو ئەو لادانە لابدا و جەخت لەسەر بنەماکانی ئازادی و دادپەروەری بکاتەوە. شۆڕشی ١٤ی ڕەمەزان لای وایە هاوکاریی عەرەب و کورد و نەتەوەکانی تر بنەمای یەکێتیی عێراقە، جا لەبەرئەوە کە یەکێ لە بایەخدارترین ئامانجەکانی ئەم شۆڕشەش دامەزراندنی دەزگایەکی هاوچەرخی وەهایە باشترین شێوەی بەڕێوەبەرێتی و حوکمڕانی بگرێتەبەر، لەبەرئەوەش کە شێوەی (لامركزية) ناناوەندیەتی شێوەیەکە سوودی لە جێبەجێ کردندا لە گۆشە و کەنارە جیاجیاکانی جیهاندا دەرکەوتووە، لەبەرئەوە و بۆ گرتنەبەری ئەم شێوەیە و، بەهەنگاو هەڵهێنانەوە لە بنەماکانی شۆڕشەوە کە لە بەیاننامەی یەکەمیدا جاڕی پتەوکردن و بەتینترکردنی برایەتیی عەرەب و کوردی داوە و بەجۆرێ کە بەرژەوەندە نەتەوەییەکانی ئەم برایەتییە مسۆگەر و دابین بکا و خەباتی پێکەوەیان لە دژی ئیمپریالیزم بەهێز و تین بکات و، ڕێز لە مافە نەتەوەییەکانی کەمایەتییەکانی تریش بگرێ و، دەرفەتی ئەوەیان بۆ بڕەخسێنێ کە بەشداری لە ژیانی نیشتمانیدا بکەن... لەبەرئەمە، ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕش، لەسەر بنەمای ناناوەندێتی دان بەمافە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا دەنێ. ئەم بنەمایەش لەمەوپاش، لە کاتی دانانی دەستووری کاتی و هەمیشەییدا، دەخرێتە ناویان. هەروەها لێژنەیەکی تایبەتیش لەمەوپاش پێک دەهێنرێ بۆ دانانی هێڵە پانەکانی ناناوەندێتی.

ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕش
١٩٦٣/٣/١١

هەموو ڕێکخراو و نەقابە و ئامۆژگا زانستییەکان نوێنەریان تێیدا هەبوو. بانگ ڕاهێڵ بۆ هەموو لایەکی کوردستان نێردران بۆ ئەوەی خەڵکەکە نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن بۆ ئەو کۆبوونەوەیە.

بارزانی هەستی کرد کەوا کورد پێویستیان بەکۆنگرەیەکی بەربلاوی نوێنەرانیانە، پێویستیان بەشتێکی گەورەتر لە ئەو خۆی و لە پارتیشە. پێویستیان بەکۆمەڵەیەکی گشتییە بەدەربڕینێکی ڕاست ڕای گشتیی کوردان لەسەر ئاستی نەتەوەیی دەرببڕێ. ئەم بیرە زادەی خەیاڵی مەلا مستەفا خۆی بوو و ئەو خاوەن و جێبەجێکاری بوو. ئەویش بوو هەندێ لە نوێنەرەکانی دەستنیشان کرد و نوێنەری خۆی نارد بۆ هەموو لایەکی هەرێمی کوردستان تا لە دووی دەمڕاستانی گەل بگەڕێن و بیاننێرن بۆ کۆنگرەکە.

بارزانی دوای تەواوبوونی کاروباری خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرە و ئامادەکردنی پێویستییەکانی، چوارقوڕنەی بەجێ هێشت و ڕووی کردە کۆیە و لە ١٦ی ئاداری ١٩٦٣دا گەیشتە ئەوێ و، لە ماڵی یەکێک لە ڕاستترین دۆستەکانی و دڵسۆزترین نێزیکەکانی دابەزی کە نیشتمانپەروەری گەورە کاکە حەمەزیاد ئاغای کۆیە بوو. ئەویش ماڵەکەی خۆی خستە ژێردەستی بارزانی و هەموو ئەرکێکی مێوانداری کردنی بارزانی و هەر کەسی لەگەڵ بوو تا لە کۆیەبن، گرتە ئەستۆی خۆی. پاداشی ئەم پیاوەتییەی حەمەزیاد ئاغا ئەوەبوو کە هێزەکانی حکوومەت پاش دەست پێکردنەوەی شەڕ هاتنەوە ناو کۆیە ئەو ماڵەیان خاپوور کرد و لەگەڵ زەویدا تەختیان کرد.

ئەو کۆبوونەوەیەی بارزانی بانگی بۆ ڕاهێشتبوو، لە ڕۆژی ١٨ی ئاداری ١٩٦٣دا دەستی پێ کرد و چوار ڕۆژی خایاند و لە ٢٢ی ئاداردا بڕایەوە و، نێزیکەی دوو هەزار کەسی تێدا بەشداربوو و، نوێنەرانی پارتی و سەرکردایەتیی سوپای شۆڕش و نیشتمانپەروەران و ڕۆشنبیران و سەرۆک خێڵە لایەنگرەکانی شۆڕش و نوێنەرانی تایەفە ئایینییەکان و نەتەوەکانی تری کوردستانی گرتبووە خۆی. کۆبووەوەکان، پاش بڕانەوەی کۆبوونەوەکەیان یاداشتێکیان دا بەحکوومەت بڕیارەکانی کۆنگرەکەیان تێدا نووسیبوو. وەفدێکیشیان بەسەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی هەڵبژارد ئەو پرۆژەیەی لەگەڵ خۆی برد بۆ بەغدا کە کۆنگرە دەنگی لەسەر دابوو(٥).

وەفدەکە لە ٣٠ی ئاداری ١٩٦٣دا گەیشتە بەغدا. حکوومەتیش چەند کەسێکی دانا

(٥) لە پاشبەندی ژمارە (١٢)ی بەشی پاشبەندەکاندا، تەماشای دەقی پرۆژەکە بکە.

بۆ گفتوگۆ لەگەڵ وەفدی کورددا[٦].

چەند گفتوگۆیەک لە نێوان هەردوولادا کرا. باری سەرنجی هەردوولا لە چەند خاڵێکدا لەیەکەوە نێزیک بوو، بەڵام کاتێ قسە لە بارەی سنوورەوە دەستی پێ کرد کە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوێ دەگرێتەوە و تا کوێ دەڕوا، باری سەرنجیان لە یەک دوورکەوتەوە. ڕێژیم بەهیچ جۆرێ ئامادە نەبوو لە هەڵوێستی ڕەتکردنەوەی هێشتنەوەی کەرکووک و خانەقین و شنگار و زەمار لە چوارچێوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، پاشگەز بێتەوە. کە گەیشتنە ئەم قۆناغە دەرکەوت ئەوان لە گفتوگۆ هەڵدێن و خۆیان لە دانیشتنەکان ون دەکەن[٧].

هەر کە قسە بهاتایەتە سەر ئۆتۆنۆمی و پاشەڕۆژی سیاسیی کوردستان، وەفدەکەی حکوومەت دەستبەجێ باسەکەی دەگۆڕی و دەکەوتە دوان لەبارەی ئەوەوە کە پێویستە بارزانی بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێ بکات و ئەو چەک و جبەخانە و کەلوپەلە حکوومییانە بداتەوە کە لە شەڕدا دەستی شۆڕش کەوتوون، دوو برووسکەشیان لەم بارەوە نارد. بەم هەڵوێستەیان، بۆ خۆیان بەڵگەیان بۆ ئەوە هێنایەوە کە ئاسۆی بیرکردنەوەیان لە سنوورێکی چەند تەسکدایە[٨].

(٦) نوێنەرە دانراوەکانی حکوومەت ئەمانە بوون: ساڵح مەهدی عەماش وەزیری بەرگری، حازم جەواد وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری سەرکۆماری، ناجی تالیب وەزیری پیشەسازی، عەلی حەیدەر سلێمان باڵیۆز لە وەزارەتی دەرەوە. ئەندامانی وەفدە گەلێرییەکەشیان خرایە پاڵ. (بگەڕێوە سەر پەراوێزی ژمارە ٣ی ئەم بەشە)

(٧) سەیری پاشبەندی ژمارە (١٣) بکە لە بەشی پاشبەندەکاندا.

(٨) ئەمە دەقی یەکێک لەو دوو برووسکانەیە:

بۆ مەلا مستەفای بارزانی –حەرەکات– سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکان
لە فیرقەی دووەوە
ژمارە ١١٤٣ – ٩
مێژوو ١٩٦٣/٣/٢٠

تکایە فەرمانتان بدەن بۆ گێڕانەوەی هەموو ئەو چەک و دەزگای بێتەل و کەلوپەلە حکوومەتییانەی تر کە کۆمەڵەکەی ئێوە لە سەرەتای دەست پێکردنی حەرەکاتی باکورەوە تا ئێستە گرتوویانن. بدرێنەوە بەنێزیکترین پێگەی سەربازیی. تکایە خەبەردارمان بکەن.

## بەیاننامەی ژمارە ١٣ بۆ قەڵاچۆکردنی شیوعییەکان

کە کودێتاکەی ٨ی شوبات ڕووی دا، بەهۆی ئەو بەربەرەکانێیەوە کە لایەنگرانی قاسم و شیوعییەکان لە دژی کودێتا کردیان، ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بەیاننامەی ژمارە ١٣ی دەرکرد و، تیایدا کوشتنی شیوعییەکان و قەڵاچۆکردنیانی لە هەموو شوێنێکدا بۆ ئەندامانی حزبی بەعس و لایەنگرەکانی حەڵاڵ کرد.

سەلام عادل (حسين الرضي) سکرتێری حزبی شیوعیی عێراق و ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی حزب گیران و پاش سزادانێکی دڕندانە کوژران. پاش ئەوەی بەربەرەکانێ سوودێکی نەما، کوردستان بوو بەڕووگەی شیوعییەکان و ئیتر یەکەیەکە و بەکۆمەڵ ڕوویان دەکردە ئەوێ. کەچی لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە مامەڵەیەکی زۆر خراپیان لەگەڵدا کرا. بەڵام بارزانی پێشوازی لێ کردن و ژیانی پاراستن و گوزەرانێکی خۆشی بۆ دابین کردن و ڕێگەی هەڵسووڕان و نواندنی چالاکیی سیاسیی دان، هەرچەند هەڵوێستیشیان لە ئاستی شۆڕش لە یەکەمین ڕۆژەکانی شۆڕشدا باش نەبوو. بەعسییەکان ئەم هەڵوێستەی بارزانییان لەگەڵ شیوعییەکان بەکارێکی دوژمنایەتی لە ئاست خۆیان لە قەڵەم دا و، بەیەکێک لەو تۆمەتانەیان دانا کە لەوەوپاش لکاندیان بەبارزانییەوە و دەیانوت گوایە داڵدەی دوژمنانی ڕێژیمی داوە و ڕێگەی کارکردن و نواندنی چالاکیی دوژمنانەی لە دژی ئەوان پێ داون.

من یەکێک بووم لەو خەڵکە زۆرانەی گوێیان بۆ مامۆستا عەزیز محەمەد شل کردبوو کە باسی ئەوەی دەگێڕایەوە چۆن لە ماوەت چاوی بەئیبراهیم ئەحمەد کەوت و چۆن ئیبراهیم سووکیی پێ کرد و بەهیچی دانەنا و هیچ جۆرە یارمەتی و پشتگیرییەکی پێشان نەدا و بەجۆرە دەرکردنێک لای خۆی بەڕێی کرد و، ئەویش بەدڵێکی شکاو و خەم و کەسەرێکی زۆری لە ناخەوە گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی، بەڵام کە چاوی بەبارزانی کەوت ئەو هەموو خەم و خەفەت و هەست بەتەنیاییەی ڕەوییەوە. بارزانی بەخێرهاتنی گەرمی لێ کرد و قەدر و حورمەتی گرت و باڵی چاودێری و پارێزگاریی بەسەر خۆی و ئەندامانی حزبەکەیدا کێشا و هەموو جۆرە پێویستییەکی بۆ جێبەجێ کردن. عەزیز محەمەد هەمیشە باسی ئەم

هەڵوێستەی بارزانیی بۆ بەراورد لە نێوان ئەو و ئیبراهیم ئەحمەددا دەگێڕایەوە(٩).

لە ئەنجامی ئەم مامەڵە مەردانەیەوە بوو حزبی شیوعیی عێراق هەموو توانێکی خۆی خستە کار بۆ خزمەتکردنی سەرکردایەتیی شۆڕش و، هەڵوێستی هەمیشە مایەی سەربەرزی بوو و، سەرکردایەتییەکەشی شوێنی باوەڕ و متمانەی سەرکردایەتیی شۆڕش بوو، بەجۆرێ کە سەرکردایەتیی ناوچەی گرینگی هەندرێنیان پێ سپێردرا و، تا ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بەدەستیانەوە بوو. ئەوانیش ڕۆڵی خۆیان زۆر جوان تێدا بینی و چەندین شەهیدیان لەوێدا دا و، قارەمانەتی و نەترسیی وایان پێشان دا بەڕاستی لە ئەفسانە دەچوو.

هەڵوێستی لەباوەڕەوە هاتووی بارزانی لەم کۆستەی لە شیوعییەکانی عێراق کەوت، دەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی لە وڵاتە سۆشیالیستەکان و لە پێشی هەموویانەوە لە یەکەتیی سۆڤیەتدا هەبوو بەڕادەیەک کە دوژمنەکانی بارزانی و دوژمنەکانی شیوعییەکان کە بەعسییەکان و هەندێ لە لایەنە نەتەوەییەکان بوون، ناتۆرەی (مەلای سوور)یان بۆ گاڵتەپێکردن و بەدناوکردنی - لێ نابوو. قسە، قسە دێنێتە پێشەوە، هەر ئەمانە و هەندێ لایەنی تریش پێشتر بارزانییان بەنۆکەرایەتیی ئیمپریالیزم بەدناو دەکرد و پێیان دەوت (پەروەردەی دەستی ئیمپریالیزم) و (هاوکاری ڕۆژئاوا).

## پێکهاتەکانی حەرەسی قەومی

بەعسییەکان هیچ متمانەیان بەسوپای عێراق نەبوو چونکە ئەفسەری ئەندام و ڕێکخراویان لەناو سوپادا کەم هەبوو، بۆیە زۆری نەخایاند دوودڵی و گومان لەیەک کردن جێگەی دۆستایەتی و دڵ لەیەک پاکیی لە نێوان ئەوان و ئەفسەرە نەتەوەییەکاندا گرتەوە

(٩) بارزانی هەمیشە قەدر و حورمەتێکی زۆری عەزیز محەمەدی دەگرت. زۆر جاریش هەر لەبەر خاتری ئەو چاوی لە هەندێ هەڵوێستی نادروستی حزبی شیوعی دەپۆشی کە عەزیز محەمەد سکرتێری گشتیی ئەو حزبە بوو. لەم بابەتەوە لەیادمە کاتێک کە عەزیز حاج ویستی دووکەرتی بخاتە ناو حزبی شیوعیی عێراقەوە و داوای کرد بێت بۆ کوردستان، ڕێگەی هاتنی درا و لە ئاداری ١٩٦٨دا لەگەڵ حەبیب محەمەد کەریمدا هات بۆ دیلمان و داوای پشتگیریی لە بارزانی کرد، بارزانی داواکەی ڕەت کردەوە و ئامۆژگاریی کرد کە بگەڕێتەوە ناو حزبەکەی. هەروەها بارزانی ئامادەیی خۆی بۆ ناوبژیکردن لە نێوانیاندا پێشان دا. لەیادمە بارزانی پاش ئەم چاوپێکەوتنە بەئێمەی وت: «دەبێ ئەوەتان هەمیشە لەیاد بێ من پشتی ئەو لایە دەگرم عەزیز محەمەدی تیابێ. باش لەمە بگەن».

کە ژمارەیان زۆر بوو. لەبەرئەوە بەعسییەکان دەستیان دایە گرتنیان و هەندێکیان لێ خستنە ژێر سزادانێکی بەربەری و جۆرەها تاوانیان دەدانە پاڵ و، ناچاربوون ڕێکخراوێکی نیمچە سوپاییبیان لەناو ئەندامان و لایەنگرانی خۆیاندا پێکەوەنا و شتێکیان دروست کرد ناویان لێ نا (حەرەس قەومی) و نەقیبی باڵەفڕوان مونزیر وەنداوییان کرد بەسەرۆکی.

زۆری نەبرد دەستی حەرەس قەومی کەوتە ژوور هەموو دەسەڵاتێکەوە و بەشی هەرە زۆری ئەم حەرەسانە لە چەورە و کۆنە تاوانبار و پاشەڵ پیس پێک هاتبوون. تارماییبیەکی تیرۆر و زەبروزەنگ و جەور و ستەمیان بەوڵاتدا بڵاوکردەوە و دەستدرێژییان دەکردە سەر ماڵ و نامووسی خەڵک و، کاری بەد و ناشیرینی ئەوتۆیان کرد باسکردنی بەسەر زماندا نایەت.

بەو دەسەڵاتەی درابوویانێ، وایان لێ هات لەسەرووی یاساوە بوون و فەرمانەکانی حکوومەتیان جێبەجێ نەدەکرد و گوێیان بۆ قسەی سەرۆکەکانی خۆیان ڕانەدەگرت و تەنانەت فەرمانەکانی ساڵح مەهدی عەماشیشیان بەهیچ نەدەزانی کە وەزیری بەرگری بوو و ئەوان لە باری ڕەسمییەوە لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بوون.

## مەکتەبی لێکۆڵینەوەی تایبەت

سەرچاوەی گەورەی دووەمی تیرۆر و ترس، دەزگایەک بوو حوکمڕانیی بەعس دایمەزراند و ناوی لێ نا مەکتەبی لێکۆڵینەوەی تایبەت (مكتب التحقيق الخاص) و، بەرپرسیارەتیی ئەم مەکتەبەی دایە دەستی نازم گزار و کۆشکی دوایی (قصر النهاية)ی کردە بارەگای کاری ئەو کە جاران لە سەردەمی پادشایەتیدا ناوی (قصر الرحاب) بوو. نازم گزار، دوژمنە سیاسییەکانی دەسەڵاتدارانی بەعسی لەوێ توند دەکرد و تاڵاوی جۆرەها ئازار و سزای دەکرد بەقورگیاندا و کەم وا ڕێ دەکەوت کەسێک بەزیندوویی لەو مەکتەبە بێتە دەرەوە. لاشەی قوربانییەکانیشیان لە حەوزێکی پڕ لە تێزابدا دەتواندەوە بۆ ئەوەی بەدەستیانەوە گیرنەخۆن و گیراوەکانیان بەسووتاندن و ئەندام بڕین و هەڵواسین سزا دەدا. ئەو کەسە تاکوتەرایانەی بەختیان یاربووە و لەو گرتووخانەیە دەرباز بوون، کەمیان بەعەقڵێکی تەواو و لەشێکی ساغەوە هاتوونەتە دەرەوە.

بەڕێز نوعمان ماهیر کەنعانی کە ئەفسەرێکی پێشووی نەتەوەیی و وەزیرێکی سەردەمی حوکمڕانیی جووتە برای عارفە، کتێبێکی بەناوی (المنحرفون: لاداوەکان) نووسیوە هەندێ

ڕووداوی وای لە تاوانەکانی حەرەسی قەومی و مەکتەبی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەدرێژی تێدا گێڕاوەتەوە کە ئەمەی دووەمیان نازم گزار سەرپەرشتی بوو، مرۆڤ کە دەیخوێنێتەوە موچوڕک بەلەشیدا دێ. مرۆڤ ناتوانێ وشە و ڕستەی وردی وا بدۆزێتەوە بۆ ئەوە بشێ باسی ئەو کردەوانەی پێ بگێڕێتەوە کە ئەم دوو دەزگا بێزراوە کردوویانن. ئەو ڕۆژەی ئەم دوو دەزگایەی تێدا لەدایک بوون لەو ڕۆژانە نین مرۆڤایەتی شانازییان پێوە بکات و، مێژوو بەهەستێکی شەرم و شوورەییەوە نەبێ یادی ناکاتەوە و ناوی ناهێنێ. ئەو ڕۆژە سەرەتای ڕۆژانێکی ڕەش بوون بەسەر پانتایی خاکی عێراقدا هاتن و بەردەوام لەبارێکی خراپەوە بەرەو بارێکی خراپتریان دەبرد.

## دواڕۆژەکانی گفتوگۆ

پاش تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک و کردنی چەند کۆبوونەوەیەک، دەرکەوت کەوا ڕێژیمی نوێ نایەوێ چارەیەکی گونجاو یا دادپەروەرانە بۆ پرسی کورد دانێ. وەفدە حکوومەتییەکە کە پێی سپێردرابوو گفتوگۆ لەگەڵ وەفدی کورددا بکات، پاش ئەوەی چووبوو بەمێشکیدا کەوا بارودۆخی گشتی هێمنە و دامرکاوەتەوە و هیچ شتێکی ئەوتۆ نەماوە ترسی بۆ ڕێژیمی نوێ پێوەبێ، بەتایبەتی پاش سەرکەوتنی کودێتا بەعسییەکەی سووریا کە هاوشێوەی کودێتاکەی خۆیان بوو و، متمانەی بەخۆ زیاتر و هەڵوێستی لە جاران سەختگیرتر کردبوون، هەمیشە خۆی لە کۆبوونەوە دەدزییەوە و بروبیانووی بۆ دواخستنی دەهێنایەوە. پاش ئەوەش دەست کرا بەگفتوگۆی سێ سەرەی عێراق و سووریا و میسر بۆ بەرپاکردنی یەکەتیی عارەب لە نێوانیاندا، بەڵام گفتوگۆکە کە لە **١٧**ی نیسانی **١٩٦٣**دا دەستی پێ کرد، نەگەیشتە هیچ یەککەوتنێک، بەتایبەتی کە عەبدوناسر هەر لە بنەڕەتەوە باوەڕی بەبەعسییەکان نەبوو.

حکوومەت کە پێشتر خۆی بەوەوە پابەند کردبوو لەباری داخوازییە سیاسییەکانی کوردەوە بکەوێتە گفتوگۆ، بەبیانووی ئەوەی کە سەرقاڵی گفتوگۆی یەکەتیی عێراق و سووریا و میسرە و، تا پرس و ڕاوێژ لەگەڵ هەردوو ڕێژیمی سووریا و میسر نەکا و ڕەزامەندیی سەرەتایی ئەوان لەسەر هێڵە بنەڕەتییەکانی هەر ڕێککەوتنێکی ڕێ تێچوو لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد وەرنەگرێ، بەتەنیا خۆی مافی بڕیاردانی لەبارەی مافەکانی کوردەوە نییە، بەم جۆرە خۆی لەو پابەندییە دەدزییەوە و لەژێر باری دەردەچوو.

جەلال تاڵەبانی لە ٨ی نیسانی ١٩٦٣دا یاداشتێکی دا بەوەفدی عێراق کە لە گفتوگۆی قاهیرە بەشداربوو، داخوازییەکانی کوردی لەو یاداشتەدا بەدرێژی باس کردبوو. ئەو کە لە گەیشتنە هیچ ئەنجامێک نائومێد بووبوو، نیازی وابوو لەگەڵ فوئاد عارف قاهیرە بەجێ بهێڵن و بگەڕێنەوە، بەڵام ئەندامەکانی وەفدی عێراق هەوڵیان دا ڕازییان بکەن بمێننەوە و گفت و جەخت لەسەرکردنێکیان دانێ کەوا توانای ئەوە هەیە لەم گفتوگۆیەدا بگەنە ئەنجامێکی وا لێی ڕازی بن.

لەم بارەیەوە پێشتر باسمان کرد کە جەلالیان قایل کردبوو لەگەڵ وەفدەکەی حکوومەتدا بڕوا بۆ قاهیرە. ئەمە پاش ئەوەبوو کە ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆکی وەزیران و تاهیر یەحیا بەجەختەوە پێیان وتبوو: ئێمە دڵسۆزانە هەوڵ دەدەین بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی وا هەردوولا پێی ڕازی بن، بەکر وتبووشی: بەعس لەوە دەترسێ کە عەبدوناسر هەر ڕێککەوتنێکی لەو جۆرە بکا بەچەکێکی پڕوپاگەندە بەدەستیەوە هەر کاتێک پێویستی پێ بوو لە ڕووی ئێمەیدا هەڵکێشێ. لەبەرئەوە کارێکی بەجێیە تاخمێک لە ئەندامانی وەفدی کورد لەگەڵ وەفدی گفتوگۆی یەکەتی بچن بۆ قاهیرە. لە قاهیرە، جەمال عەبدوناسر پێشوازیی لە وەفدی کورد کرد کە لە فوئاد عارف و جەلال تاڵەبانی پێک هاتبوو(١٠).

وەفدە دوو کەسییەکەی کورد، بێ ئەوەی هیچ پێشکەوتنێک لە پرسی چارەسەری ئاشتیخوازانەی چاوەڕوانکراودا دەستگیر ببێ، قاهیرەیان بەجێ هێشت. بگرە گفتوگۆی یەکەتییەکە خۆشی هەڵنەگووت. ئەندامانی تری وەفدی کورد لە بەغدا مانەوە تا گیران و فڕێ درانە زیندانەوە و تا شوباتی ١٩٦٤ لە ئازار و سزادا بوون، بەڵام جەلال تاڵەبانی لەناو گیراوەکاندا نەبوو، چونکە ئەو نەگەڕایەوە بۆ بەغدا و هەر لە قاهیرەوە چوو بۆ ئەوروپا و لە دوادواییی ساڵی ١٩٦٣دا لە ڕێگەی ئێرانەوە گەڕایەوە بۆ کوردستان.

## خراپبوونی بارودۆخەکان

بۆ سەرکردایەتیی شۆڕش دەرکەوت کەوا هیچ هیوایەک لە گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمدا ناکرێ و، ئەو کودێتاچییانە هەر لە بنەڕەتەوە نەیانویستووە لەگەڵ شۆڕشی کورد لەیەک بگەن و

(١٠) لە پاشبەندی ژمارە (١٤)ی بەشی پاشبەندەکاندا، سەیری دەقی یاداشتەکە و هەروەها نامەی جەلال تاڵەبانی بۆ بارزانی بکە لە بارەی ڕەوتی گفتوگۆکەوە، هەروەها مەحزەری بەیەکگەیشتنەکەی شاندی کورد لەگەڵ جەمال عەبدوناسردا.

ڕێک بکەون، گفتی یەکەمی پێش کودێتاکەشیان هەر بۆ ئەوەبوو شۆڕشی کورد لە کاتی کودێتاکەیاندا بێ لایەن بکەن و، بۆ لەمەولاش دەستیان بۆ پاکتاوکردنی دوژمنەکانیان بەتاڵ بێ و بەدەرکردنی ئەفسەرە نەیارەکانیان لە سوپا دەستگرتنی خۆیان بەسەر سوپادا دابین بکەن.

بەعسییەکان هەر ئەوەندەی هەستیان کرد دەتوانن قسە لە ڕووی شۆڕشدا بکەن، دەستیان دایە خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەوڕووبوونەوەی شۆڕش بەسوپا. پێوەندییان بەسەرۆک خێڵە عەرەب و کوردەکانەوە کرد و چەکداریان کردن و پارەیان دانێ و چەند پەلیان لێ پێک هێنان کە بەچڵکاوخۆرە کوردەکانیان دەوت (سوارەی سەلاحەدین) و بەچڵکاوخۆرە عەرەبەکانیان دەوت (سوارەی خالیدی کوڕی وەلید). جڵەویشیان بۆ ئەندامانی حەرەس قەومی شۆڕ کرد دەستدرێژی بکەنە سەر ماڵ و ناموسی خەڵک و بکوژن و ببڕن و ماڵی خەڵک زەوت بکەن و شتومەک و کەلوپەلیان بەتاڵان ببەن و کوردانی بێگوناه ڕاپێچ بکەن بۆ گرتووخانە و زیندانەکان و، لەوێ بیانخەنە ژێر جەزرەبە و شکەنجەی دڕندانەوە(١١).

لە دوا ڕۆژەکانی نیساندا نیشانەی نیازی دەستدرێژی بەئاشکرا دەکەوتە بەرچاو و، هەرچی ڕەنجێ درا بۆ گەیشتن بەچارەسەرێکی بەئاشتی بەتایبەتی دوای ئەوە کە گەلی کورد قسەی خۆی لە کۆنفرانسەکەی کۆیەدا کرد، هەمووی بەفیڕۆ ڕۆیی و بارودۆخەکە وای لێ هاتبوو لە بەرمیلێکی باروت دەچوو لەوە بەولاوە کە پزیسکێکی بەرکەوێ، هیچی نەدەویست بۆ ئەوەی بتەقێتەوە.

## خۆئامادەکردن بۆ داکۆکی لە کوردستان

لە بەرانبەری خۆئامادەکردنی حکوومەتدا بۆ بەرەوڕووبوونەوەی شۆڕش، سەرکردایەتیی شۆڕشیش چەندین هەنگاوی خۆئامادەکردنی بۆ داکۆکیکردن وەرگرت کە ناوچەیەکی بەربڵاوی لە خانەقینەوە تا زاخۆی گرتەوە.

(١١) بەپێویستی سەرشانی دەزانم لێرەدا پەسنی هەڵوێستی قارەمانانەی شەهیدی یادزیندوو عەبدوڕەحمان عەبدولکەریم جاف بدەم کە بەعەبدولکەریم نفووس ناسرابوو و کادیرێکی حزبی و ئەندامی لیژنەی ناوخۆی بەغدا و بەرپرسی هێڵی سەربازی بوو. حەرەس قەومی گرتیان و هەموو جۆرە سزایەکیان لەگەڵ بەکارهێنا کە هەر خۆیان دەیانزانی و شارەزای بوون، بەڵام نەیانتوانی هیچی پێ بدرکێنن و دانی بەهیچدا نەنا و تا دواهەناسەی ژیانی خۆی ڕاگرت و بەو جۆرە ژیانی دەیان ئەندامی سەربازیی حزبی پاراست.

بەرەکانی شەڕ کران بەیازدە دەڤەرەوە و بۆ هەریەکێکیان سەرکردەیەک دیاری کرا:

دەڤەری خانەقین درایە دەست حیلمی عەلی شەریفی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی.

دەڤەری گەرمیان و شوان و سووورداش درایە دەست جەلال تالەبانیی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی.

دەڤەری پێنجوین و شاربازێڕ و شارەزوور درایە دەست عەلی عەسکەریی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی.

دەڤەری قەڵادزێ و ڕانیە و کۆیە لە ئەستۆی عومەر مستەفا دەبابەی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتیدا هێڵرایەوە.

دەڤەری سەفین و دەشتی هەولێریش بەمحەمەد ئاغا مێرگەسۆری سپێردرا.

سپیلک و برادۆست و دۆڵی پیاویش بەعەقید ڕوکن عەبدولکافی نەبەوی سپێردرا.

دەڤەری ڕەواندز و باڵەک و سیدەکانیش بەموقەدەم ڕوکن عەزیز ئاکرەیی سپێردرا.

دەڤەری ئاکرێ و شێخانیش بەحەسۆ میرخان دۆڵۆمەری و، دەڤەری دهۆکیش بەعەلی خەلیل و، دەڤەری ئامێدیش بەسەرلەشکری بادینان ئەسعەد خۆشەوی و، دەڤەری زاخۆش بەعیسا سوار سپێردرا.

بڕیاریش درا کە بارەگای بەڕێوەبەریەتیی گشتی لە بێتواتە بێ و، عەلی شەعبان بەرپرسی بێ.

سەرکردایەتیی ناوچەی بادینانیش خرایە ژێر چاودێریی ئەسعەد خۆشەوی و، مەکتەبی سیاسیش سەرپەرشتیی ناوچەی سۆرانی درایە دەست. هەموو پارچەکانی لەشکری شۆڕشیش خرانە ژێر ئەوپەڕ پلەی ئینزارەوە.

بارزانی بڕیاری دا شوێنێ لە ناوەڕاستی کوردستاندا بۆ خۆی دابنێ. چیای برادۆستی بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژارد کە دەکەوێتە پشت هاودیان و، لە **٢٦**ی نیسانی **١٩٦٣**دا گوندی تۆپزاوەی لە ناوچەی کۆیە بەجێ هێشت و ڕووی کردە دۆڵی بالیسان. دوو ڕۆژ بەمێوانی لای حاجی بەدیعی چیوەیی لە گوندی چیوێ مایەوە. حاجی بەدیع یەکێک بوو لە نێزیکترین دۆستانی بارزانی. بارزانی لەم سەفەرەیدا هێزێکی لێدەری لە قارەمانانی بارزانییەکان لەگەڵدا بوو. منیش یەکێک بووم لەوانەی لەگەڵی بوون کە ژمارەیان

دەگەیشتە نێزیکەی هەزار کەس. ئەو کاتە، بەتەمەن حەڤدە ساڵان بووم، تفەنگێکی برنەوم بەدەستەوە بوو باوکم لە کۆیە بەدیاری پێی دابووم و یەکێک بوو لەو پەنجا تفەنگەی عومەر مستەفا لە ئێرانەوە هێنابوونی. زۆرم شانازی بەو تفەنگەوە دەکرد و ئەو کاتە بەگرانبەهاترینی ئەو شتانەم دادەنا کە هەمبوون. ئەو جۆرە تفەنگە بەوە بەناوبانگ بوون کە زۆر ورد و باش نیشانەیان دەپێکا.

ڕۆژی ٢ی ئایاری ١٩٦٣ بارزانی گەیشتە گوندی بناڤی و منیشی لەگەڵ بووم. لەکاتێکدا کە بەڕێوەبووین بۆ ئەو گوندە، کچێکی تازە پێگەیشتوو هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە بیست ساڵان ڕێگەی پێ گرتین. کچەکە دەگریا و هاواری دەکرد: «بارزانیم پێشان دەن». باوکم لێی چووە پێشێ و لێی پرسی: شکاتی لە چییە؟ کچەکە وەڵامی باوکمی دایەوە گوتی: باوکم بە ژن بەژن داومی بەپیاوێکی پیری حەفتا ساڵە. دەمەوێ لەم بەشوودانە ڕزگارم کەیت، دەرکەوت کچەکە حەزی لە کوڕێکی هاوتەمەنی خۆیەتی. بارزانی فەرمانی دا باوکی بانگ کەن، کە هات بارزانی دەستی کرد بەئامۆژگاریکردنی و پێی وت: ئەم کارەی کردووتە کارێکە لەگەڵ شەرعدا ڕێک ناکەوێ و یاساش ڕێگەی ستەمی وا نادات. مەسەلەکەی بەدۆستی دڵسۆزی خۆی مەلا عەبدولباقی[12] سپارد چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە. مەلا عەبدولباقی توانیی سەرەنجام ئەم ناهەقییە نەهێڵێ و مێردە پیرەکەی کچەکەی قەناعەت پێ کرد لە بەرانبەری ئەندازەیەک پارەدا کچەکە تەڵاق بدا و کچەیان لەو کوڕە مارەبڕی کە خۆی هەڵی بژاردبوو.

ڕێگەی ڕۆیشتنەکەمان پێویستی دەکرد لە ڕێگەی سرێشمە بپەڕینەوە. بارزانی نامەیەکی نارد بۆ فەرماندەری لیوای سێ کە فەوجێک لە فەوجەکانی لە خەلیفان بوو. خەبەری دایێ کەوا نیازی وایە لەگەڵ پێشمەرگەکانیدا لە ڕێگەکە بپەڕێتەوە بۆ بەری ئەوبەر.

بارزانی ئەم وەڵامە سەیروسەمەرەی لە عەمید عەبدوڕەحمان تکریتییەوە بۆ هات کە پڕە لە نیشانەی خوێڕووەتی و هیچ و پووچی:

(١٢) تێکۆشەرێکی خەڵکی سەردەشتی کوردستانی ئێران بوو، مێژوویەکی پرشنگداری خەباتی لە سەردەمی کۆماری مەهابادەوە هەبوو. یەکێک بوو لە هاوڕێ نێزیکەکانی بارزانی و لەوانەی هەمیشە لەگەڵی بوون. ئێسگەکانی ڕادیۆ هەرچی دەنگوباسی جیهانی و ناوخۆییان بڵاو دەکردەوە، ئەو دەیگەیاند بەبارزانی. شارەزاییەکی زۆری لەو ڕووداوە سیاسییانە هەبوو کە ڕوویان دەدا. لە ئاخری ئەیلوولی ١٩٦٦دا بەنەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد.

«لاریمان نییە لە ڕێگەکە بپەڕنەوە، بەڵام پێویستە لەسەرتان چەکەکانی خۆتان بدەن بەئێمە. ئیتر خواتان لەگەڵ».

گومانم نییە لەوەی خوێندەوارێ هەبێ نەتوانێ ئاستی ژیریی ئەم فەرماندەرە سەربازییە هەڵسەنگێنێ کە چارەنووسی نێزیکەی دوو هەزار ئەفسەر و سەربازی درابووە دەست. مەبەست لە نامەکەی بارزانی ئەوەبوو بەری ئەو گیروگرفتانەی پێ بگرێ کە لەوانەبوو سەبارەت بەو لە ڕێگە پەڕینەوەوە ڕووبدەن نەک دوو قاتیان بکاتەوە و گیروگرفتی تریش بهێنێتەڕێ. لەبەرئەوە بارزانی فەرمانی دا بەئامادەکردنی پلانێک بۆ دابینکردنی پەڕینەوە لە ڕێگەکە و هێزێکی پێشمەرگەی نارد بۆ ناوچەی نێوان خەلیفان و سپیلک و فەرمانی بەپێشمەرگەکان دا پەل لە دوای پەل لە ڕێگەکە بپەڕنەوە و لە دارستانەکەی سەرووی کەڵەکین کۆببنەوە کە گوندێکە دەڕوانێ بەسەر خەلیفاندا. ئەوجا پاش تەواوبوونی پەڕینەوەکە و کۆبوونەوە، هەموو بەجارێ بەرەو سرێشمە دەکەونەوە ڕێ. ئەمەش هەموو بەئارامی و بێ ڕووداوی هیچ ڕووداوێ بڕایەوە. سەرەڕای خەڵکی دڵسۆزی سرێشمە کە هەر لە سەرەتاوە هاوکارییان لەگەڵ شۆڕشدا دەکرد، دڵسۆزانێکی تری خەڵکی ناوچەی سوورچیش هەبوون کە یارمەتییەکی بەنرخیان لە کاری پەڕینەوەکەدا پێشکێش کرد. لەناو ئەوانەدا بەتایبەتی ناوی لاڤکەی سوورچی دەهێنم کە تا دوایی بەدڵسۆزی و وەفادارییی خۆیەوە بۆ شۆڕش مایەوە.

پاشان هێزەکان بەسەر گوندەکانی سوورچی لە دەوروبەری سرێشمەدا دابەش کران. فەرماندەری لیواکەی سوپا هەستی بەهیچ نەکرد تا هێزە شۆڕشگێڕەکان لە ٥ی ئایاردا هەموو بەرزاییەکانی دەوروبەری خەلیفانیان داگیر کرد و لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی هێزەکانی حکوومەتیان دا، ڕێگەی سەرەکیی هاتوچۆی هێزەکەش کەوتە بەر مەودای تفەنگ هاوێژی پێشمەرگەوە و، ئەو پێشمەرگانە ئامادەبوون هەر ئەوەندە فەرمانێ لە بارزانییەوە دەرچێ بەتەواوی دەست بەسەر هەموو ناوچەکەدا بگرن. پێشینان ڕاستیان وتووە کە وتوویانە: «کوتەک دەزانێ قۆناغ لە کوێیە».

## گوندی سرێشمە

ئەم گوندە دەکەوێتە ڕۆژئاوای خەلیفان. خەڵکی ئەم گوندە لە نیشتمانپەروەرە دڵسۆزەکانن و بێ ئەوەی کەس پاڵەپەستۆی خستبنەسەر یا زۆری لێ کردبن هەر لە سەرەتاوە ئەم ڕێگەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، چاکەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەورەی

گوندەکە مام ئەحمەد شاباز کە بارزانی و شۆڕشی لا خۆشەویست دەکردن و بانگی دەکردن بۆ لایەنگیری لێ کردن و پشتگیرییان. مام ئەحمەد پیاوێکی ناسک و هاوڕێیەکی خۆش مەشرەب و، بۆ سەرکردەی شۆڕش فرە دڵسۆز بوو.

بارزانی سێ هەفتە بارەگای خۆی لەم گوندەدا هێشتەوە. ڕۆژێ پاش گەیشتنی هێزەکەی پێشمەرگە بۆ سرێشمە، لوقمان و ئیدریس و سابیری برام گەڕانەوە بۆ بارزان و منیش لای باوکم مامەوە. بەجوێبوونەوەم لە براکانم زۆر نارەحەت بووم و بیرم دەکردنەوە.

لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک جاشەکان، کۆمەڵ دوای کۆمەڵ، دەهاتن بۆ لای باوکم بۆ ڕاگەیاندنی لایەنگیریی خۆیان بۆی. ئەمانە بەشێکیان وەک عیزەتی سلێمان بەگی دەرگەڵە، تا دوایی هەر بەدڵسۆزی و وەفاداری مانەوە بۆ ئەو پەیمانەی دابوویان و هەر لایەنگری شۆڕش بوون و تێیدا بەشداربوون، هەندێکیشیان گفت و پەیمانەکەی خۆیانیان شکاند و چوونەوە پاڵ دوژمنانی شۆڕش. وەک لەوەوپاشیش دەرکەوت ئیستیخباراتی سوپا و دەزگاکانی ئاسایش هەندێ کەسیان لەمانە بۆ جاسووسی و هەواڵ زانین ناردبوو.

١١ی مانگی ئایار مامم شێخ بابۆ گەیشتە سرێشمە، بۆ ئەوە هاتبوو ئەحواڵی باوکم بزانێ. دوو ساڵ بوو یەکتریان نەدیبوو. شێخ بابۆ هەفتەیەک لامان مایەوە، پاشان گەڕایەوە بۆ بارزان. باوکم پێی فەرمووم لەگەڵی بڕۆم بۆ خزمەتکردنی لە ڕێگەدا و، وەڵام نامەیەکی پڕ بایەخیش هەبوو باوکم چاوەڕوانی بوو لەگەڵ خۆم بۆی بهێنم. وەک دەرکەوت، وەڵام نامەیەک بوو لە شێخ ئەحمەدەوە باوکم چاوەڕوان بوو بۆی بێت و، لە بارەی ئەوەوە بوو کە باوکم داوای لە شێخ ئەحمەد کردبوو ئیزنی بدا بڕوا سەری لێ بدات. پێش ئەوەی بڕۆم، باوکم پێی وتم: لە هاتنەوەدا نەیەیتەوە سرێشمە، بگرە لە گوندی هەنارە بمێنەوە، پیاوێ لەوێ هەیە ناوی نەفەر هەنارەییە، یەکێکە لە پشت پێ بەستراوە دڵسۆزەکانمان، ئەو دەزانێ من لە کوێم و دەتهێنێ بۆ لام.

ڕۆژی ٢٤ی ئایاری ١٩٦٣ وەڵامەکەم لە گەورەمان شێخ ئەحمەد وەرگرت کە قبووڵی کردبوو باوکم بچێ سەری لێ بدا. سەعات ٦ی سبەینێی ڕۆژی دوایی لە ڕێزانەوە کەوتمەڕێ بۆ گوندی هەنارە. لەوێ نەفەرم دی چاوەڕوانم بوو. پێکەوە بەشاخەکەدا سەرکەوتین تا گەیشتینە لووتکەکەی و لەوێوە ڕۆیشتین بۆ بارەگاکەی بارزانی کە لە هەواری وشەکەلی بوو لەژێر کەورگێکی بەردینی بەربڵاودا.

ماندوویەتی نارەحەتی کردبووم، ڕێگەکەمان ڕێگەیەکی درێژ بوو. سەرکەوتنیش بەشاخەکەدا زۆر زەحمەت بوو. دوازدە پێشمەرگەی لاوی چاپووک و بەهێزمان لەگەڵدا بوو. ڕاسپێریبیەکەی شێخ ئەحمەدم عەرزی باوکم کرد. باوکم بەر لەوەی بکەوێتەڕێ بچێ بۆ لای شێخ ئەحمەد، سەرکردایەتیی گشتیی بەوەکیلی بەعەقید ڕوکن عەبدولکافی نەبەوی سپارد سەرەڕای سەرکردایەتیی بەرەی سپیلک. ڕۆژی ٢٧ی ئایار بەرەو بارزان کەوتینەڕێ و نێزیکەی ١٠٠ جەنگاوەرمان لەگەڵ بوو. پاشماوەی لەشکرەکەمان لە جێی خۆیان بەجێ هێشت. بارزانی بەدەم ڕێگەوە سەری لە چەند گوندێ دا. ڕۆژی ١ی حوزەیران گەیشتینە هەواری بیرکا ستری کە دەکەوێتە بەشی سەرووی داوێنی چیای شیرینەوە. ماڵی شێخ ئەحمەد لەوێ بوو. ئەو شوێنەی بۆ سپێر لە ترسی بۆمبارانی باڵەفڕەکانی حکوومەت بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، چونکە هەموو نیشانەیەک وای دەگەیاند کە شەڕ دەست پێ دەکرێتەوە. وا چاوەڕوانی دەکرا قورساییی شەڕەکە بخرێتە سەر ناوچەی بارزان، چونکە حکوومەت فەرمانی دابوو هێزەکانی جاشە چڵکاوخۆرەکان لە دەوروبەری بارزاندا خڕ بکرێنەوە و وای خستبووە مێشکیانەوە کەوا گوایە گرتنی بارزان لە سەرەتای دەست پێکردنەوەی شەڕدا لەناوبردن و دوایی پێ هێنانی شۆڕش دابین دەکا.

## دەست پێکردنی شەڕ

لە ٢٠ی ئایاری ١٩٦٣دا فەرمانی حوکمداری گشتیی سوپا دەرچوو کە گەمارۆی ئابووری بخرێتە سەر کوردستان. لە پاش ناوەڕاستی مانگیشەوە دەنگوباسی ڕوودانی گەلێ ڕووداوی وا لە کوردستاندا دەگەیشت کە مەترسیی خراپیان لێ بکرێ و، ئەوە بگەیەنن کە حکوومەت نیازی دەستدرێژیی سوپاییی هەیە. یەکێ لەو ڕووداوانە ئەوەبوو کە حەرەس قەومی دەستیان داوەتە چەپوگوپ و تالان و چەپاو و زەوتکردنی شتومەکی خەڵک لە زۆربەی دێهاتەکان و، گرتنی خەڵک و سزادانیان و فڕێدانە زیندانیان. یەکێکی تریان هێرشی حەرەس قەومی بوو بەیارمەتیی شێخ حەنەش و محەمەد شەحادە و کۆمەڵێک جاشی عەرەب لەژێر پاریزگەریی زرێپۆش و پشتگیریی تۆپخانەدا بۆ سەر گوندی تەلخێم لە دەشتی هەولێر و کوشتنی ٦ پیاو لەو گوندەدا.

بەڵام جاڕدانی شەڕ بەرەسمی، ئەوە لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا بوو لە بەیاننامەیەکی سوپاییی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشدا کە باسی دەست پێکردنی کاری سوپایی

تێدا کردبوو و بڕوبیانووشی بۆ ڕەواییی ئەو کارە تێدا هێنابووەوە و، چەند ڕووداوێکی پێشێلکردنی یاسا و دەستدرێژی کردنە سەر خەڵکی تێدا گێڕابووەوە کە گوایە پێشمەرگە کردوویانە. ٢٣ ڕووداوی دەستدرێژی کە ئەوان خۆیان کردبوویانن، بەڵام بەیاننامەکە خستبوونیە ئەستۆی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد.

ساڵح مەهدی عەماش قسەیەکی لە بارەی دەست پێکردنەوەی کاری جەنگییەوە کردبوو، وەڵامی پرسیارێکی تێدا دابووەوە، وتبووی:

«ئەمەی کە ئێستە سوپای عێراق پێیەوە خەریکە بڕێتییە لە گەشتێکی نیشتمانی بۆ ڕابواردن»(١٣).

ڕێژیم تاوانی گەورەی خۆی لە شەوی ٩ - ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا لە شاری سلێمانی ئەنجام دا کە ئەوەبوو ٥ هەزار کەسی لە خەڵکی شارەکە گرت و ٨٦ کەسی لێ هەڵبژاردن و زیندەبەچاڵی کردن و ئەو چاڵەی کە بۆیان هەڵکەنرابوو لەگەڵ خاکدا یەکسان کرد.

تاوانی ئەم ٨٦ کەسە ئەوەبوو پیاوانی ڕێژیم وێنەیەکی بارزانییان هێنابووە پێشیان و داوایان لێ کردبوون سووکایەتیی پێ بکەن و تفی لێ بکەن، بەڵام ئەوان بەگوێیان نەکردبوون و تفیان لە وێنەکە نەکردبوو. دەگێڕنەوە یەکێک لەو ٨٦ کەسە وا وەڵامی دابوونەوە و وتبووی: هەر کاتێ ئێوە خۆتان تفتان لە وێنەی سەرکۆمارەکەتان کرد، ئەو کاتە بیانووتان بەدەستەوە دەبێ داوای شتێکی وا لە ئێمەش بکەن.

زەعیم سدیق مستەفای فەرماندەری لیوای بیست، ئەم تاوانەی بەگوێرەی پێ وتن و دەسەڵاتێکی بەربڵاو و بێ سنوور کرد کە بەسەرکردە و فەرماندەرەکان درابوو و، جڵەویان بۆ شۆڕکرابوو هەر تاوانێکیان ئارەزوو لێ بێ بیکەن، لە سزادان و سووتاندنی خەڵک و کوشتنیان بەکۆمەڵ و، ماڵ و گوند کاولکردن و، دارایی و کەلوپەل زەوتکردنی هەر کەس کە گومانیان لەوە هەبێ هاوکاری لەگەڵ شۆڕش و پێشمەرگەدا دەکات یا بەدڵ لەگەڵیانە(١٤).

(١٣) سەیری دەقی بەیاننامەکە بکە لە پاشبەندی ژمارە (١٥)ی بەشی پاشبەندەکاندا.
(١٤) پاش لەناوچوونی حوکمڕانیی بەعس و شەڕ ڕاگیران لە نێوان شۆڕش و ڕێژیمی عەبدوسەلامدا، دەرفەت بۆ ئەوە ڕەخسا کە ئەو گۆڕە بەکۆمەڵە هەڵدەنەوە و لاشەکانی لێ دەرکەن. دەرکەوت کەوا نێزیکەی نیوەی کوژراوەکان بەبیجامە و بەرگی نووستنەوە بوون کە ئەوەش نیشانەی ئەوەیە بەزۆر لە ماڵەوە پەلکێش کراون و براون بۆ ئەو شوێنەی لێی کوژراون. جەماوەر بەخۆپێشاندانێکی=

سەعات هەشتی سبەینێی ١٠ی حوزەیران کردەوەی سوپایی دەستی پێ کردەوە و دەست پێکردنەوەکەشی بەچەندین بۆمبارانی یەک لەدوای یەک بوو کە بالەفڕی باجەر و ئیلیوشن و مێگ بارزان و گوندەکانی دەوروبەریان بۆمباران کرد. خۆشبەختانە زیانێکی زۆری گیانی ڕووی نەدا چونکە خەڵکەکە لەمێژبوو چاوەڕوان بوون بۆمباران بکرێن، لەبەرئەوە گوندەکانیان بەجێ هێشتبوو و بەشاخەکاندا بڵاوەیان کردبوو، بەڵام بۆمبای سووتێنەک زیانێکی زۆری بەهەندێ گوند گەیاند و ئاگر لە هەندێ گوند کەوتەوە. ئێستەش ئەو هێرشە ئاسمانییەم لە یادە کە لە ١٢ی حوزەیراندا بەتایبەتی کرایە سەر بارزان و بۆمبایەکی ٥٠٠ کیلۆیی ڕاستەوخۆ دای لە مزگەوتەکەی بارزان و دوو کەس لە ئەنجامی ئەمەدا شەهید بوون یەکێکیان ناوی عوسمان ئاغا بوو. خۆشبەختانە مزگەوتەکە لەو کاتەدا هیچ نوێژکەری تێدا نەبوو.

فەرمان بۆ هێزەکانی حکوومەت دەرچوو کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ هێرشێکی گشتی و، جاڕی خرکردنەوەی گشتی لەبەرەی شەڕ و بەتایبەتی لە مەڵبەندی پارێزگەکان و لە شارەکاندا درا بەوە کە خۆ بۆ هەر قەومانێکی لەپڕ ئامادە بکەن. لایەنگرانی شۆڕش و ئەندامانی پارتی و نیشتمانپەروەرانی تریش لە بەدکاریی بەدرەدین عەلیی پارێزگاری هەولێر ڕزگاریان نەبوو کە ڕاوەدووی دەنان و لە گرتووخانەکانی توند دەکردن و جۆرەها ئازار و سزای دەدان. تا ئەوەبوو سەرەنجام یەکێک لەوانەی ئازاریان بەدەستییەوە چەشتبوو کەوتە سەرانسۆی و لە سزایەکی پڕ بەپێستی کردەوەکانی خۆیدا لە بەغدا ساردی کردەوە. بەڵام بەش بەحاڵی عەمید سدیق مستەفا، ئەو هەرچەند ئازارچەشتەکانی دەستی کەوتنەدووی و شوێنی کەوتن نەیانتوانی سزای بەدادی خۆی پێ بچێژن چونکە ڕێژیم ئەوەندە پارێزگەر و پاسەوانی بۆ دانابوو تا نەهێڵن دەستی دادی بگاتێ. لەگەڵ ئەوەشدا و بەهۆی ئەوەوە کە لە بەغدا تەنگی پێ هەڵچنرابوو، ناچار هەڵات چوو بۆ میسر. خوێنداران لەوێش هەر لە دووی دەگەڕان. لە پەیجۆریدا بوون تا سەرەنجام دۆزییانەوە دییان لە قاهیرە لە خانوویەکدا دەژی لە دراوسێی باخچەی ئاژەڵاندا. گیانکێشانی لەوێ کارێکی فرە ئاسان بوو، بەڵام ئەوانەی لە دووی دەگەڕان لەبەر خاتری گەلی میسر و لەبەر

= گەورەی پڕ لە هاوار و داد ئێسک و پرووسکی ئەو شەهیدانەیان برد بۆ گۆڕستانی گردی سەیوان و لە بەڕێکردنێکی بەسام و پڕشکۆدا بەخاکیان سپاردن. ئەمەش ناوی هەندێ لەو شەهیدانەیە: حاجی باقی، کەمال حەمە فەرەج ئەفەندی، ئیسماعیل ئیبراهیم عەلوەچی، یاسین ساڵح، حەمەبۆر، ئەنوەر سەعید دارتاش، عەبدولمەجید ڕەشید، کەمال عەلی پیرۆت، نامیق مستەفا بەگ، بابە عەلیی شێخ مەعرووف بەرزنجی و نووری رەعناخان.

خاتری جەمال عەبدوناسر دەستیان کێشایەوە و لێی گەڕان.

هاوینی ساڵی ١٩٦٣ هاوینێکی گەرم و خوێناوی بوو. سەختترین سەردەم بوو کە بەسەر گەلی کورددا تێ پەڕی بێ. حکوومەت هەرچی هێزی هەبوو هەمووی خستبووە مەیدانی شەڕەوە، چونکە بەشەڕی چارەنووسسازی خۆی دادەنا و بەهیوای ئەوەبوو کە بەهۆی ئەو هێرشە دڕندانەیەی بتوانێ شۆڕش بەتەواوی لەناو ببات و ئەوەندە لە گەلی کورد قەڵاچۆ بکا ئەوەش کە ئەمێنێ ملی پێ کەچ بکا. لە ڕاستیشدا وەنەبووبێ حکوومەتی بەغدا خۆی بەتەنیا لەم شەڕەدا لە مەیداندا بووبێ. ڕێژیم هەر لە پێشترەوە هاوکاریی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکان و دەوڵەتانی تر بۆ خۆی دابین کردبوو، بەتایبەتی سووریا کە لیوایەک لەشکری ناردبوو کە لیوای یەرمووک بوو بەسەرکردەییی لیوا فەهد شاعیر کە یەکێک بوو لە جەوسەرەکانی حزبی بەعسی سووریا. حکوومەتی بەغدا دەیویست وا پیشان بدا ئەم شەڕەی لەگەڵ کورد شەڕێکی لە پلەی یەکەمدا نەتەوەیییە. ئەم لیوا لەشکرە سوورییاییە، هەر کە گەیشتە مووسڵ دەستبەجێ نێردرا بۆ بەرەی شەڕ بۆ یارمەتیدانی لیوایەکی تری عێراقی لە بەرانبەری پێشمەرگەدا لە کەرتی زاخۆ. پاشانیش باسی ئەو کارانە دەکەین کە ئەم لیوایە کردی و سەرەنجام چ چارەنووسێکی ناخۆشی هاتەرێ.

بەغدا، هەروەها هاوکارییەکی بەتینیشی لەلایەن دەسەڵات بەدەستانی ئێران و تورکەوە لەگەڵ کرا کە هەردووکیان لە ئەندامانی پەیمانی ناوەندیی سەنتۆ بوون. بەکێومال و سەرانسۆی ئاسمانی و زەوینی (واتە: یارمەتیی ئیستیخباراتی) یارمەتیی عێراقیان دا. نموونەی ئەوەش ئەم برووسکەیەیە کە دەزگای گوێ ڕادێرانی ئێمە وەری گرتبوو و ئەمە دەقەکەیەتی:

بۆ/ فق ١- سەرەکی. فق ٢- سەرەکی

لە/ بزاوتگەلی سەربازییەوە

ژمارە ٣٤٧٨/س

مێژوو ١٩٦٣/٧/٢

لەگەڵ حکوومەتی تورکیا و ئێراندا ڕێک کەوتووین کە ڕێگەی باڵەفڕەکانی ئێران و تورکیا بدرێ لە هێڵی سنوور بپەڕنەوە و بگەنە ئەو هێڵەی لە سەرسەنگەوە تێپەڕ دەبێ - هێڵی ئاکرێ - ڕەواندز بۆ سەرانسۆی شوێنەکانی کۆبوونەوەی خائینەکان لەناو خاکی عێراقدا.

تکایە هەموو پارچە سوپاییە عێراقییەکان لە ناوچەی کاری سوپاییدا ئاگەدار بکەن خۆیان لە قەرەی ئەو باڵەفڕانەی ئێران و تورکیا نەدەن و لە ڕوویاندا نەوەستن. بەم نێزیکانە دوو ئەفسەری پێوەندی یەکێکیان لە سوپای تورکیا و ئەوی تریان لە سوپای ئێرانەوە دێن. یەکەمیان لە مووسڵ دەبێ و ئەوی تریان لە کەرکووک. هەردووکیان یەکی دەزگایەکی بێتەلیان پێیە لەگەڵ بەکارهێنی خۆیان بۆ دابینکردنی هاوکاری لەگەڵ کەرتە سوپاییەکانی ئێمەدا. (سەعات: ١٤٠٠)

لەیادمە باوکم کە لەم برووسکە ئاگەداربوو، وتی: ئەگەر ئێستگەیەکی ڕادیۆم بوایە هەر ئێستە دەستبەجێ جاڕی سەربەخۆیی کوردستانم دەدا. لەمە زیاتر دەیانەوێ چیمان لەگەڵدا بکەن؟

بەربەرەکانێی پێشمەرگە و فیداکاریبیان لە مەیدانی جەنگدا، شان بەشانی پاڵەپەستۆی هێزەکانی حکوومەت بۆ سەر شوێنەکانی پێشمەرگە زیادی دەکرد. هەڵوێستی یەکەتیی سۆڤیەت لەم سەردەمەدا یەکێک بوو لە شتە نەگونجاوە سیاسییە سەیروسەمەرەکان. پێشەوایانی سۆڤیەت زۆر چاک لەو کردەوەی قەڵاچۆکارییە دڕندانەیە ئاگەدار بوون کە ڕێژیم بەدرێژایی ئەو ماوە پڕ ترس و سامە، دەرهەق هاوباوەڕەکانیان دەیانکرد کە شیوعییەکانی عێراق بوون. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەماندی هەر چەک و جبەخانەیەک کە ڕێژیم داوای لێ دەکردن پێشکێشیان دەکرد.

حکوومەتی بەریتانیاش هەروەها هاوکاریی لەگەڵ ڕێژیمی عێراقدا دەکرد. ئا لەم قۆناغەدا دوو پۆل باڵەفڕی هۆکەر هەنتەری فرەکاریگەریان لە بۆمبارانکردنی ناوچەی چیاییدا پێ فرۆشتن کە ئەم باڵەفڕەیە لە دەستنیشان کردنی نیشانەدا زۆر وردبینە. ئەسپانیاش بۆمبای ناپاڵمی دا بەهێزی ئاسمانیی عێراق، پاکستانیش هاتە ناو ئەڵقەی هاوکاری لەگەڵ ڕێژیمی عێراقدا و ٢٠ هەزار گوللەتۆپی ٥,٥ و ٥٠ هەزار گوللەتۆپی تۆپخانەی چیاییی ٢٥ ڕەتڵیی بۆ نارد. ڕادیۆی مۆسکۆ دەنگوباسی چۆنیەتیی باری شەڕی دەگێڕایەوە، بەڵام هیچ بایەخی بەپرسەکە نەدەدا وەک چاوەڕوانی دەکرا و، ئەویش وەک هەموو هۆگەلی تری ڕاگەیاندنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا گوێی نەدەدایێ. هەرچی ڕێگەی شکات و سکاڵابوو لە ڕووی شکاتی ئێمەدا داخرابوو، بەهۆی ئەو گەمارۆیەی کە لە هەموو لایەکەوە لەسەرمان دانرابوو هیچی لێ نەدەگەیشتە دەرەوە. تاقە دەنگێ چییە بەرز نەبووەوە بۆ داکۆکی لێ کردنمان و قسەیەکی باش چییە دەرهەق ئەو خەباتی ژیان و مردنەی ئێمە دەمانکرد، نەکرا.

یەکـەتیی سۆڤـیـەت لەکـاتی توندبوونی هێرش بۆ سەر شـیـووعـیـیـەکـان و ساردوسڕیی پێوەندیی نێوان عێـراق و سۆڤیـەت لە سەرەتای سـەردەمی بەعسدا بەکۆماری میـللیی مەنگۆلیای ڕاگـەیاندبوو یاداشتێ پێشـکێشی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بەکۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکـان بکا لە بارەی ئەو نارەحـەتیـیـەوە کـە گـەلی عـێـراق لە سـایەی حکوومەتی بەعسدا دەیچێژێ، بەڵام هەر کە دەوڵەتە عـەرەبەکان پاڵەپەستۆیان خسـتە سەر و تەنگیان پێ هەڵچنی، زوو پێی ڕاگەیاند کە یاداشتەکەی ڕاکێشێتەوە.

بەربەرەکانێی سەرسەختـانەی هێزی پێشـمەرگە لە ڕووی هێزەکانی ڕێژێمدا ئەوەندەی تر ڕق و کـینەی ڕێژێمی ئەورووژاند. بۆیە باڵەفـڕەکـانی هەرچیـیـان بدیایە بەسـەر زەوییـەوە دەجووڵێ، بۆمبارانیان دەکرد یا دەیاندایە بەرگوللە تۆپ و، بەتایبەتی ئاژەڵ و وڵاخ و هەر گیـانلەبەرێ و هەرچی دار و درەخت و باخ و باخات و کشـتوکاڵ و خەلە و خەرمـانێکیـان بەرچاو بکەوتایە ئاگـریان تێ بەردەدا بۆ ئەوەی گـەلی کـورد برسی ببێ و لە ناچارییـاندا خۆی بدا بەدەستەوە.

## شەڕە سەرەکییەکان

بەشێک لە پلانی ڕێژیم ئەوەبوو قورساییی هێرش بخاتە سەر بەرەیەکی دیاریکراو و لە هەمان کاتدا بەرەکانی تریش بەشەڕێکی ئاسان و پچڕپچڕەوە خەریک بکات. لەناو هەموو بەرەکـانی شـەڕدا بەرەی ئاکـرێ – پیـرسی هەڵبـژارد بۆ ئەوەی بەرەی یەکـەم بێ و مـەبەسـتـیـشـی لەمـە ئەوەبوو بگاتە بارزان و ئەم ئەرکەی بەدوو فـیـرقـەی سـوپا سـپـارد، فـیـرقـەی یەک بەسـەرکـردایەتیی عـەمـیـد ڕوکن عـەبدولـکەریم فـەرحـان و فـیـرقـەی دوو بەسەرکردایەتیی عەمید ڕوکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری لە بەرەی مێرگەسۆر.

جێبەجێ کردنی پلانەکە و جووڵانەکە لەژێر چاودێرییەکی ڕاستەوخۆی وەزیری بەرگری ساڵح مەهدی عەماش و سەرۆکی ئەرکانی سوپا تاهیر یەحیادا بوو. عەبدوسەلام عارفیش ناوبەناو سەری لە بەرەکانی شەڕ دەدا و، سەرکردەی هێزی ئاسمـانیش لەو سەردەمەدا عـەقید ڕوکن عارف عـەبدوڕەزاق بوو. ئەمانە هەموو لەو بڕوایەدا بوون کەوا داگیـرکردنی بارزان لەناوبردنی شۆڕشیـان بۆ دەستەبەر دەکا. بۆیە هەموو بەرەکانی شەڕیان خستە لاوە وەک لەمەوپێش وتمان و قورساییی هەموو هێزەکانی خۆیانیان خستە سەر ئەم کەرتەوە.

## شەڕی سەری ئاکرێ

سەری ئاکرێ سەری پێشکەوتن بوو بەرەو بارزان. سوپا هیچ چارەیەکی نەبوو لەوە بەولاوە ئەو چیایە داگیر بکا کە بەسەر ئاکرێدا دەڕوانێ و پاشان داپەڕێ بۆ دۆڵی نەهلە و پیرس داگیر بکا و، ئەو کاتە گەیشتنە بارزان لە ڕێگەی بلەوە دەبوو. بۆیە چیای ئاکرێ نرخێکی ستراتیجیی پڕ بایەخی هەبوو. داکۆکی لەم کەرتە بەسەرکردە مەلا شنی قرتاس بێداروونی و یارمەتیدەرەکانی عومەر ئاغا دۆلۆمەری و حادی حسکۆ و غەزالی میرخان ژاژووکی و حەسۆ میرخانی برای سپێردرابوو کە هەموویان لەوانە بوون لەگەڵ مەلا مستەفادا چووبوون بۆ تاراوگە و ۳۵۰ کەس لە هەڵبژاردەی جەنگاوەرانی پێشمەرگەیان لەژێر سەرکردەییدا بوو.

شەوی ١٤-١٥ی حوزەیرانی ١٩٦٣ تۆپخانەی سوپا ڕووی دەمی تۆپەکانی کردە شوێنەکانی پێشمەرگە و ئاگرێکی چڕی گوللەتۆپەکانی بەسەریاندا ڕشت. پاشان سبەینێ زووش شەپۆل لە دوای شەپۆل باڵەفڕی مێگ و هەنتەر دەستیان کرد بەبۆمباران کردنی ئەو شوێنانە، دوای ئەوە سوپا بەدوو لیوای پیادە لەگەڵ هێزێکی یارمەتیدەری پتر لە ٥ هەزار جاش کەوتە پێشکەوتن.

پاڵەپەستۆی سەختی شەڕ لەسەر پێشمەرگە تا نیوەڕۆی ١٥ی حوزەیرانی ١٩٦٣ بەردەوام بوو، پاش ئەوە بارەکە لە ئەنجامی بەبەرەودوا گەڕانەوەی هێزەکانی حکوومەت سووک بوو. پتر لە ٤٠ لاشەیان لە دوای خۆیان بەجێ هێشتبوو. پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە شەڕ بەچەند هێزێکی نوێ دەستی پێ کرایەوە، سەرەتاکەی تۆپبارانێکی ئێجگار خەستی ناوچەیەکی بەربلاوی داوێنەکانی چیاکە بوو بەجۆرێ کە بستێ زەوی نەمایەوە بەشە ئاگری خۆی بەرنەکەوتبێ. دوژمن توانیی لووتکەیەک لە ڕۆژئاوای چیای ئاکرێ داگیر بکا و لەوێوە دەستی کرد بەجووڵانەوەیەکی دەورەدان و سەرەنجام هێزە داکۆکیکەرەکەی ناچار کرد کە فیشەکی نەمابوو، وردە وردە لە چیاکە بکشێتەوە. ورەی سوپا بەمە بەرزبووەوە و بەرانبەر بەمەش ورەی پێشمەرگە هاتە خوارەوە چونکە هیچ چارەیەکیان نەبوو ئەوە نەبێ چیاکە چۆڵ کەن و چیای پیرس بکەن بەهێڵێکی بەرگریی تر. ئەنجامی ئەم شەڕانە شەهیدبوونی پێنج پێشمەرگە و بریندابوونی ١٧ی تر بوو، چلکاوخۆرەکانیش ٢٣ کوژراو و ٣٧ بریندارین لە کیس چوو. سوپاش ٩٦ لاشەیان بەجێ هێشت و ١٢٢یان لێ بریندار بوو.

سەرکەوتنی حکوومەت بەهۆی ئەوەوە بوو چ لە ڕووی لۆجستی و چ لە ڕووی ژمارەوە لە سەرەوە بوون کە بەرانبەر بەهەریەکێکی ئێمە ئەوان ٢٠ کەسیان هەبوو. ئەوەبوو بارزانی لە جیاتیی ئەوەی ڕوو بکاتە برادۆست وەک بڕیار بوو، دیمان بەهێزێکی زیاترەوە بەهەڵەداوان چوو بۆ پیرس و عەقید عەبدولکافی نەبەویی کرد بەجێنشینی خۆی و عەبدوڵڵا پشدەریش بەیارمەتیدەری و بەسەرکردەی بەرەی سپیلک و گەلیی عەلی بەگ و، فەرمانی دانێ ئەو بەرەیە بکەن بەهێڵی داکۆکی، چونکە ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەکانی حکوومەتەوە دەست کەوتبوون وایان دەگەیاند کەوا یەکەکانی سەر بەفیرقەی دوو خۆیان بۆ هێرش بۆ سەر ئەو ناوچەیە ئامادە دەکەن بەهیوای ئەوەی لەوێوە بگەنە مێرگەسۆر. بارزانی لەسەر پتەوکردنی ئەم کەرتە پڕ مەترسییە سووربوو و لە شەوی ١٨-١٩ی حوزەیراندا لە نێزیکی بلەوە لە زاب پەڕییەوە و لەسەرووی گوندی سەفتییەوە کە دەکەوێتە داوێنی چیای پیرس لای باکورەوە، شوێنی بۆ خۆی گرت و منیشی لەگەڵ بووم. لەم شوێنەدا چوار باڵەفڕی هۆکەر هەنتەر بۆمبارانێکی سەختیان کردین. شوێنەکەی ئێمەیان دەستنیشان کردبوو، هەر لوتفی خوا بەفریامان گەیشت و باڵی پارێزگاریی خۆی بەسەردا کێشاین. لە کاتی بۆمبارانەکەدا من لام کرد بەو لاوە بۆ ئەوەی چاوم لە باوکمەوە نەبێ کە پارچەی گوللەتۆپێ دەی پێکێ، بەڵام سوپاس بۆ خوا هەموومان سەلامەت بووین. پاشان باوکم مەلا شنیی سەرکردەی بەرە و یارمەتیدەرەکانی ئەوی بانگ کرد بۆ گفتوگۆ و دانانی پلانی داکۆکی لەبەر ڕووناکیی ئەنجامەکانی شەڕەکەدا. لە دۆخەکەیان کۆڵییەوە و بڕیار درا پێشمەرگە هەندێ قایمکاری بۆ داکۆکی لەسەر لووتکەی چیای پیرس دروست بکەن و هێزێک بەسەرکردەییی عومەر ئاغا بڕوا بۆ ناوچەی شووش لە ڕۆژئاوای چیای ئاکرێ بۆ لێدانی دوژمن لە دواوە. سەهەروەها هێزێکیش بەسەرکردایەتیی حادی حسکۆ بڕوا بۆ سەری سادە لە ژوور گەلیی زەنتە بۆ لێدانی دوژمن لە ڕۆژهەڵاتەوە و بۆ هەڕەشە لە ڕێگەی هاتوچۆی، بەهیوای سووککردنی پاڵەپەستۆی حکوومەت لە چیای پیرس. لە هەمان کاتدا بارزانی فەرمانی بۆ عەقید عەبدولکافی نەبەوی دەرکرد بۆ پتەوکردنی سپیلک و پاڵەپەستۆ توندکردن لەسەر لیوای سێ لە ناوچەی خەلیفان کە لەلایەن پێشمەرگەوە گەمارۆ درابوو.

## شەڕ لە پیرس

هێزی زەبروەشێنی حکوومەت کە هێرشی هێنابووە سەر پیرس، لە تەواوی میلاکی فیرقەی یەک و لیوای چواری فیرقەی دوو و زیاتر لە ١٠ هەزار جاشی چڵکاوخۆر پێک هاتبوو. دوو کەتیبەی تۆپخانە و چوار پۆل باڵەفڕی جۆری مێگ و فیووری و هۆکەر هەنتەریش بەهێزتریان دەکردن و یارمەتییان دەدان.

ئەم هێزانە ڕۆژی ٢٥ی حوزەیران هێرشێکی سەختیان بۆ سەر چیای پیرس دەست پێ کرد. لەبەر زۆریی تەقینەوەی بۆمبا لە زەوی و لە ئاسمانەوە بەسەر چیاکەدا، سەرانسەری چیاکە هەر دەتوت یەک پارچە ئاگری گرگرتووە. بێگومان ئەوەی لە دوورەوە بۆ ئەو چیایەی بڕوانیایە هەرگیز باوەڕی بۆ ئەوە نەدەچوو تاکە گیاندارێکی زیندووی تێدا مابێ. لە حاڵی وادا ئاوەز وای پێویست دەکرد هێزی باوەڕ و نیازی بەربەرەکانێ لە دڵ و دەروونی بڕووخێ و داکۆکیکاران لە چیاکە نائومێدییان تووش ببێ و هەر کەس بیر لە حاڵی خۆی بکاتەوە و، هەوڵی ڕزگارکردنی خۆی بدات، بەڵام هەڵکەوتەکە بەپێچەوانەی ئەمەوە بوو. هەر کەسێ لە خەڵکی ناوچەکە چەکێک و چەند فیشەکێکی بەخۆی گومان بردبێ و نەچووبێتە ناو ڕیزی پێشمەرگەوە هەوڵی دەدا زووتر خۆی بگەیەنێتە پاڵ داکۆکیکاران، ئافرەتان و بێ چەکانیش چی نان و خواردنیان دەست کەوتایە، بێ ترس لە ئاگر و گولله، دەچوون دەیانگەیاندە داکۆکیکاران و پێشکێشیان دەکردن.

بەهیچ جۆرێ بەراوردی ژمارەی هێزەکانی حکوومەت و ژمارەی پێشمەرگە بەیەک ناکرێ، هەروەها ئەو چەکە سووکە کۆنەی بەدەست پێشمەرگەوە بوو، لەگەڵ ئەو چەکە تازە و ئاڵۆزە هێرش بەریبانەی سوپای حکوومەت هەبوونی، بەراورد ناکرێ، وەک چۆن ئەو ئازووخە زۆرەی هێزە هێرش هاوردووەکان هەیانبوو بەراوردی لەگەڵ ئەو خۆراکە کەمە ناکرێ کە پێشمەرگەی داکۆکیکار هەیانبوو و، بەهەزار حاڵ بەشی ژیانێکی مەژی و مەمرەی دەکردن. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا پێشمەرگە بەباوەڕی پتەویان و بەخۆڕاگرییان و بەدادیی ئەو ئامانجەی بۆی تێ دەکۆشان، بەسەر هێزەکانی حکوومەتدا زاڵ بوون کە ئەوان پرسێکیان نەبوو بۆی بجەنگن.

هێزی هێرش هاوردوو کە ڕۆژی ٢٦ی حوزەیران نێزیکی شوێنەکانی پێشمەرگە بووەوە، لەگەڵ یەکەمین لووت شکانی خۆی بەرەوڕووبووەوە و حاڵی لەم هێرشەشیدا لە حاڵی




نەخشەی ژمارە ٤ - شەڕەکانی ١٩٦٣

هێرشی یەکەمیدا باشتر نەبوو. شکا و گەڕایە دواوە و لە ڕێگەکەی خۆیەوە ڕۆیشتەوە تا ناوەندی ناحیەی دینارتە کە لەوێوە کەوتبووە ڕێ و هاتبوو.

لەلایەکی تریشەوە دوو ناوچەی نزار لە داوێنی پیرس لە باکورەوە و بەرۆژ لە داوێنی چیای شیرین لە باشورەوە، بۆمبارانێکی سەخت و نیشان لێ گیراوی ئاسمانی کران و، کێڵگە و دێیەرەکان درانە بەر بۆمبای ئاگر تێ بەردان و گڕیان تێ بەربوو. هەروەها ڕانە ئاژەڵەکانیش درانە بەر ئاگری شەستیر و زۆریان لێ مردار بوونەوە و کوژراو و، بریندارى خەڵکی شارستانی لە بەرەی شەڕدا گەلێ زیاتر بوون لە کوژراو و بریندارى پێشمەرگە. هەر لە هەمان کاتدا کە هێرش بۆ سەر پیرس دەستی پێ کرد، ئەو هێزەی پێشمەرگەش کە عومەر ئاغای دۆڵۆمەری سەرکردەی بوو، هێرشێکی لە ناوچەی شووش و شەرمن کرایە سەر، بەڵام ئەم هێرشە خراپ شکا و هێزی هێرش هاوردوو بەهەڵەداوان دوا بەدوا گەڕایەوە و لاشەی کوژراوەکانی لە بەرەی شەڕەکەدا لە پاش خۆی بەجێ هێشتبوو. ئەوەندەشی نەمابوو فەرماندەری هێزەکە عەقید ڕوکن سەعب حەردان بەدیل بگیرێ ئەگەر بریندار‌بوونی عومەر ئاغا و سەرقاڵبوونی پێشمەرگە پێیەوە نەبووایە. لە گەرمەی ئەم سەرقاڵییەدا ئەو هەلی دەست کەوت، توانیی هەڵبێ و خۆی ڕزگار بکا. پێشمەرگەش دوو هەزار سەرمەڕی جاشەکانیان گرت و پاش برسیبوونێکی زۆر سکیان خووسایەوە.

پاش ئەوەی ئەم دەسکەوتە دابەش کرا بەسەر بارەگاکانی پێشمەرگەدا و بارەگای ئێمەش شتێکی لێ دەسگیر بوو، بارزانی لایەکی کردەوە بەلای عەبدوڕەحمان بناڤیی سەرۆکی چێشت لێنەراندا و پێی وت: پێشمەرگەکانی هەموو لێ تێرکە و هیچی لێ مەدە بەمن و کوڕەکەم.

کە عومەر ئاغا بەهۆی بریندارکرانییەوە لەبەرەی شەڕ دوورکەوتەوە بۆ تیمارکردنی، قارەمانی مەرد هورمز مەلەک چەکۆ بوو بەجێگری. هەوڵی دووەمی سوپا لە ٢٧ی حوزەیراندا بەهێرشێکی لە هەموولایەکەوە بۆ ڕامالینی شوێنەکانی پێشمەرگە کە داکۆکییان لە خۆیان تێدا دەکرد، وەک هەوڵەکانی لەوەپێشیان، شکستێکی زۆر کرێتی تووش بوو. شەڕ، بەتایبەتی پاشنیوەڕۆ، ئێجگار گەرم بوو. سەرەنجام هێرش هاوردووەکان بڕیاری کشانەوەیان دا و ١٢ لاشەیان لە مەیدانی شەڕدا لە پاش خۆیان بەجێ هێشت.

بەڵام ئەوان بۆ خۆیان بەپێی برووسکەی ژمارە ١٠٤٥ی ڕۆژی ٢٨ی حوزەیران[١٥] کە ئێمە ڕێمان پێ گرت و وەرمان گرت، دانیان بەکوژرانی ٢٧ کەس و برینداربوونی ٥١ کەسدا دانا.

شکانی هێزەکانی حکومەت شکانێکی تەواو بوو، برووسکەکەیان ویستبووی بەبانگەواشەی درۆزنانەی سەرکەوتن دایپۆشێ. وادیاربوو ئەو هێزە شکاوانە لەوە دەترسان کە دەکشێنەوە و هەڵدێن پێشمەرگە دووی شکاوە هەڵاتووەکان بکەون، بۆیە هاتن ڕووی تۆپخانەکانیان لە دواوە کردە پێشمەرگە بۆ ئەوەی هێڵێکی ئاگرینی لە نێوان پێشمەرگە و لەشکرە شکاوەکەی خۆیاندا پێ دروست بکەن. موقەدەر وابوو یەکێک لەو گوللەتۆپانەیان لەو شوێنەدا بتەقێتەوە کە سەرکردەی بەرە مەلا شنی و پێنج یارمەتیدەرەکەی لەوێ بوون. هەر پێنجیان شەهید بوون و نۆ کەسی تریش بریندار بوون. ئەو زیانەی بەو ڕووداوە لێمان کەوت، بەڕاستی زیانێک بوو پڕ نەکرێتەوە.

بەم سەرنەکەوتنەی تووشی هێرشی سێیەمیان بوو، بەرەکە بەتەواوی تەپی و، دەرکەوت کەوا هیچ هیوایەکی سەرکەوتنی هەوڵەکانیان لەلا نییە. ئیتر پێشمەرگەش لە لوتکەکانەوە هاتنەخوار تاوەکو شوێنی تازە بۆ داکۆکی لە داوێنی چیاکەدا بۆ خۆیان ئامادە بکەن، بەڵام هێزەکانیشیان وەک جاران، لە سەرووی گوندی هەرن و گوندی ئیسۆمەر هێشتەوە و، دوژمن هەر هەوڵێکی دا بۆ داپڵۆسینی هێڵەکانمان هەمووی بەهیچ دەرچوو. بەرەش تا کۆتایی مانگی تەمووز هەر بەو جۆرە مایەوە.

لە ناوچەی شووشدا هورمز مەلەک چەکۆ خۆی ڕاگرت و نەیهێشت هێزە هێرش هاوردووەکان هیچ پێشکەوتنێک وەدەست بهێنن، هەرچەند هێرشێکیان دەهێنا ئەو تێکی دەشکاند و هیچ دەرفەتی نەدەدان بحەسێنەوە یا مانۆڕیان لەگەڵدا بکەن.

لە بەرەی سوورچیدا هێزێک لە هێزە شۆڕشگێڕەکان بەسەرکردایەتیی حاڵی دۆڵۆمەری

(١٥) ئەمەش دەقی برووسکەکەیە:
بۆ سەرکردایەتیی هێزی مەیدان – جەحفەلی لیوای یەکەمی فیرقەی یەکەم
مێژوو ١٩٦٣/٦/٢٨ ژمارە ١٠٤٥
دوا لوتکەی چەپی لای چەپی چیای پیرس گیرا. بەربەرەکانێ نەهێڵرا. خائینەکان بەرەو گوندی بارزان کشانەوە. خائینەکان هێشتا هەر تەقە دەکەن لەگەڵ ڕەبیەکەی لوتکەی سەر پیرس. زیانمان ٥١ بریندار و ٢٧ شەهیدە. زیانی خائینەکان زۆرە. لە یەک شوێندا ١٠ لاشەی خائینەکان و لە شوێنێکی تردا ١٥ لاشەی تریان لە لوتکەی لای چەپی چیای پیرس دۆزراوەتەوە.

له ڕۆژی ٢٥ی تەمووزی ١٩٦٣دا توانیی بەدزییەوە بچێتە ناو جەرگەی شوێنەکانی خێڵی سوورچی و، گەیشتە گوندی سوسناڤا کە گوندی شێخ تۆفیقە و یەکێکە لە سەرۆکەکانی سوورچی و خۆی و، هەردوو کوڕەکەی گرت و هێنانی بۆ ناوچەی بارزان تا هەولیان لەگەڵ بدرێ بڕوا بێنن هەڵوێستی خۆیان لە ئاستی شۆڕشدا بگۆڕن. بەڵام دەرکەوت هەولی وا، نەک هەر لەگەڵ ئەوان، بگرە لەگەڵ هەموو ئەو تاخمەی بەختی خۆی خستووەتە لایەنی حکوومەتەوە، هەوڵێکی نەزۆک و بێ ئەنجامە.

تێکڕا هێزەکانی دوژمن لە درێژاییی بەرەی شەڕدا وەک بزمار کوتران بەو شوێنانەوە کە تێیاندا بوون و، بەهۆی ئەو گشتە شکستە یەک لەدوای یەکەی تووشیان هاتن و ئەو زەرەر و زیانە زۆرەی لێیان کەوتن، هەموو چالاکییەکی سوپاییی زەوینییان وەستا و، هەڵسووڕانی هێزەکانی حکوومەت تەنیا بریتی بوو لە بۆمباران کردنی هێڵەکانی بەرەی شەڕ و گوندەکانی دەوروبەری هێڵەکانی بەرە.

## شەڕی هەیبەت سوڵتان

حکوومەت هێزەکانی بۆ کشان بەرەو هەیبەت سوڵتان و داگیرکردنی کۆکردەوە، هەیبەت سوڵتان ئەو شاخەیە لەبەری ڕۆژهەڵاتەوە بەسەر کۆیەدا دەڕوانێ. ئەم ئەرکی کشان و داگیرکردنە بەلیوای پێنجی فیرقەی دوو سپێردرا. پێشمەرگەش ئەو کاتە لە تەقتەقی نێوان کەرکووک و کۆیە و لە دێگەڵەی نێوان هەولێر و کۆیەدا مۆڵیان خواردبوو.

فەرماندەری لیواکەش عەقید سەعید حەمۆ بوو کە بەدرۆ و ساختە ناوی بەوە دەرکردبوو گوایە کاری گرینگی زۆری کردووە و سەرکەوتنی فرەی وەدەست هێناوە، بەڵام لە ڕاستیدا هیچی بنەمایەکی دروستی نەبوو.

داکۆکی لە هەیبەت سوڵتان بەعومەر مستەفا دەبابە سپێردرابوو. کۆمەڵێکی هەڵبژاردەی زۆرباشی پێشمەرگەی لەژێر دەستدابوو و، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم هێزەی بەیارمەتییەک بەسەرکردایەتیی عەبدوڵڵا ئاغا پشدەری، پتەوتر کرا.

له ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا هێزی حکوومەت بەیارمەتیی هێزێکی هەزار کەسیی جاش و چەند یەکەیەکی زرێپۆش و کەتیبەیەکی تۆپخانە دەستی دایە پەلاماردانی هێزەکانی ئێمە و، بەبۆمبارانی ئاسمانیش ڕێ بۆ ئەم پەلامارە خۆش کرا.

شەڕ گەرم بوو، پێشمەرگە جوانترین فیداکاری و لەخۆبووردنیان نواند، شەڕ تا ئێوارە

بەردەوام بوو، ئەنجامەکەی شکستێکی زۆر دزێوی سوپا و جاش بوو. دوژمن کە زەرەر و زیانێکی گەورەی لێ کەوتبوو، مەیدانی شەڕی جێ هێلا و هێزەکانی ئێمە تاکە شەهیدێک و سێ برینداریان هەبوو. سەرکردە عەبدوللا ئاغا پشدەری لەناو بریندارەکاندا بوو.

پاش ئەو سەرکەوتنە عومەر مستەفا برووسکەیەکی بۆ بارزانی و مەکتەبی سیاسی لێ دا، لاپەڕەکانی شەڕەکە و ئەنجامەکانی تێدا لێک دابەوە و ئەوەشی تێدا ڕوون کردبووەوە کە زۆر پێویستی بەفیشەک هەیە.

پاش ماوەیەک دوژمن هێزەکانی خۆی ڕێک خستەوە و دوو فەوجی سەربازیی پیادەشی بۆ یارمەتی بۆ هات و، هەستی کرد کەوا دەتوانێ دیسانەوە تێ هەڵچێتەوە و شەڕێکی تازە بکا و، بەشێوەیەکی لە یەکەم جار توندوتیژتر دەستی دایەوە پەلاماردان.

بەهۆی چڕیی بۆمباران و تۆپبارانەوە بەسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە و شوێنەکانیاندا، وایان بەباش زانی بەرەو بێتواتە و ڕانیە بکشێنەوە. پاش ئەمە ئیتر شەڕێکی ئەوتۆ لەم بەرەیەدا ڕووی نەدا شایەنی باس بێ، حکوومەتیش بەوەندە دەستبەرداربوو کە شاخەکەی گرتبوو. پاشتریش بەشێک لەم هێزەی لەم ناوچەیە بوو جوێ بووەوە و چووە پاڵ ئەو هێزانەی لە ناوچەی مێرگەسۆر بوون.

عومەر مستەفا لە برووسکەی ژمارە ١٩ی ڕۆژی ٢٧ی حوزەیراندا بەناوی خواستەنیی خۆیەوە هەور باسی ئەوەی کردبوو کەوا ئاغاکانی میراودەلی گەلێ کاری دژ بەبەرژەوەندی شۆڕش دەکەن(١٦).

(١٦) ئەمەش دەقی برووسکەکەیە:

بۆ - بارزانی لە- هەور (عومەر مستەفا) ژمارە ١٩ مێژوو ١٩٦٣/٦/٢٧

١- موفەوەز و پۆلیسەکانی پشدەر بەچەکەکانیانەوە هاتنە پاڵ هێزەکانی پێشمەرگە. بەشی زۆری ئەمانە پارتی بوون. ئەمە بەرەزامەندی و ڕا لەسەربوونی ئاغاکان بوو. بەلام ئاغاکان پاش ئەوەی دەستیان بەسەر هەموو چەکە زەوتکراو و زیادەکاندا گرت لەگەڵ فیشەک و شەستتیرەکانیشدا، ئێستە کشاونەتەوە و هەڕەشەیان لە بەرپرسانی پارتی کردووە کە دەبێ ئەو پۆلیسانە و چەکەکانیان بگێڕنەوە بۆ ناوەندەکەیان، وەک هیچ ڕووی نەدابێ. بێگومان ئەمە دیاردەیەکی مەترسیدارە. تکام وایە لە ڕێگەی منەوە برووسکەیەکیان ئاراستە بکەیت تا من خۆم بیدەم بەدەستیانەوە و فەرمانیان تێدا بدەیتێ دەست لەم کردەوانە هەڵبگرن بۆ خۆپاراستن لەو ئەنجامە خراپانەی لەوانەیە لەم کارانەوە ڕوو بدەن.

٢- بارودۆخی پشدەرییەکان و شێخ حوسێن مایەی دڵنیایی نییە. ڕاستە هەندێک هێزیان هەیە لە خەڵەکان، بەلام پێوەندیشیان بەحکوومەتەوە هەیە. پاشان درێژەی ئەمەتان بەنامەیەک پێ ڕادەگەیەنین.

# شەڕ لە سپیلک

پاش کشانەوەی پێشمەرگە لە هەیبەت سوڵتان، بەشی زۆری ئەو هێزانەی فیرقەی دوویان لێ پێک هاتبوو، بەمەبەستی چوونەپاڵ ئەو هێزانەی ئەرکی سەرشانیان ئەوەبوو هێرشێکی راماڵی بەربلاو بکەنە سەر بارزان، روویان کردە سپیلک. فەیلەقەکە لەم هێزانە پێک هاتبوو: لیوای یەک و چوار و هەشت و چواردە و هەژدە (جەحفەلی سووک).

هێزی فیرقەی دوو: لیوای دوو و پێنج و نۆزدە و بیست و پێنج و بیست و حەوت و بیست و نۆ (هێزی فائیز).

بەرەی یەکەم: دەربەندی کۆڕێ

رۆژی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ شەڕێکی گەورە لە دەربەندی کۆڕێ قەوما تا دەمەوئێوارەی ئەو رۆژە درێژەی کێشا. لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا پێشمەرگە لە دەربەند کشانەوە و هێزەکانی حکوومەتی چوونێ. رۆژی دوایی ئەو هێزانە گەیشتنە میراوە کە دەکەوێتە ئەو بەرزاییيانەی بەسەر شەقلاوەدا دەڕوانن. دیارە پێشمەرگە نەیاندەتوانی هێڵی داکۆکی لە دەشتی هەریر بۆ خۆیان رێک بخەن، بۆیە دەبوو سەنگەربەندی لە سپیلکدا بکەن. ئەم بەرەیە بەسەرکردایەتیی، عەمید رۆکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری بوو، لەکاتێکدا کە سەرکردایەتیی پێشمەرگە داکۆکیکارەکان، وەک پێشتریش باسمان کرد، بەعەقید رۆکن عەبدولکافی نەبەوی سپێردرابوو. کۆمەڵە پێشمەرگەیەکی هەڵبژاردەی ئازا لەوانەی پێشتر چووبوونە چەند شەڕەوە و نەمامیان بووبوو بەدار، لەژێر سەرکردایەتیی ئەودا بوون. ئەمانە لە لقێک بەسەرکردایەتیی کەکۆ مێرگەسۆری و، لقێک بەسەرکردایەتیی حاجی بێرۆخی و، لقێکی سێیەم کە مستەفا نێروەییی بەسەرەوە بوو و، لقێکی چوارەم بەسەرکردایەتیی عەریف یاسین و، لقێکی پێنجەم بەسەرکردایەتیی مەلا ئەمین و، لقێکی شەشەم بەسەرکردایەتیی حەمە زیاد و، لقێکی حەوتەم بەسەرکردایەتیی عیزەتی سلێمان بەگی دەرگەڵەیی و، لقێکی هەشتەم بەسەرکردایەتیی حەمید بیری پێک هاتبوون.

پلانی هێزەکانی حکوومەت ئەوە بوو کە هەردوو فیرقەکە لە یەک کاتدا بەرەو بارزان پێش بکەون، بەڵام فیرقەی دوو نەیدەتوانی بەپێی ئەو کات دانانە بجوولێتەوە چونکە لیوای سێی لە خەلیفان و باڵەکیان بوو و لەسەرەتای شەڕیشەوە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە ئابلۆقە درابوو.

ئابلۆقەی ئەم لیوایە وا توند و کونبڕ بوو خواردەمەنیی لێ بڕابوو، برسییەتی وا تەنگی پێ هەڵچنیبوو خەریک بوو لە ناچاریدا خۆی بەدەستەوە بدات و تەسلیمی هێزەکانی شۆڕش ببێت، بەڵام هەر کە هێزەکانی حکوومەت گەیشتنە دەشتی هەریر، هیوایان لە دڵدا گەشایەوە و، حوسێن سوورچیش پاش ئەو پێشکەوتنە زاتی هاتەوە بەبەردا و، گۆشت و نان و خواردەمەنیی بەهێزە ئابلۆقەدراوەکە گەیاند و نەیهێشت خۆی بدات بەدەستەوە. بۆیە فیرقەی دووەم ناچاربوو پێشی فیرقەی یەکەم بکەوێ و بەر لە هەر شتێک بڕوا بۆ ڕزگارکردنی لیوا ئابلۆقەدراوەکە.

پەلامارهێنانی هێزەکانی حکوومەت بۆ بەرەی سپیلک لە ١٣ی تەمووزدا دەستی پێ کرد. نازانین دەستنیشانکردنی ئەم ڕۆژە بۆ دەست پێکردنی هێرش ڕێکەوتێکی ڕووت بوو یا لەسەر بنەمای هەندێ شتی پێ زانراوبوو لەبارەی دۆخی هێزەکانی شۆڕشەوە کە گەیشتبووە سوپا. بەر لەوەی ئەم لیوایە دەست بکا بەپێشکەوتن، گیروگرفتێکی ناوخۆیی لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا پەیدا بووبوو، پوختەکەی ئەوەبوو کە موقەدەم ڕوکن عەزیز ئاکرەیی سەرکردەی ناوچەی باڵەک هیچ جۆرە بەرپرسییەکی لە بەرەی سپیلکدا نەبوو، بەڵام هاتبوو هێزێکی هەڵبژاردبوو و ناردبووی بۆ یارمەتیدانی عەقید عەبدولکافی و، بریا ئەم کارە لەخۆوە و شڕشێتانەیەی نەکردایە، چونکە هیچ کار ئاراییەک لە نێوان ئەم دوو سەرکردەیەدا نەبوو. عەزیز ئاکرەیی هێزێکی بەسەرکردایەتیی سلێمان شاوالی شانەدەری نارد بۆ گوندی بەردین لە باشووری سپیلک بێ ئەوەی هیچ پێویستییەک یا بیانوویەکی پاساودەر بۆ ئەم کردەوەیە هەبێ. مەبەستیشی لە ناردنی ئەم هێزە چەک داماڵینی خەڵکی ئەو گوندە بوو، ئەوانیش بەربەرەکانێیان کرد و داکۆکییان لە خۆیان کرد و هێزە نێردراوەکەیان بەرێگەی خۆیدا گێڕایە دواوە و، سەرکردەی هێزەکەش کە یەکێک بوو لە هاوڕێیانی بارزانی و لە زانستگەی بەغدا مامۆستا بووبوو، شەهید بوو و هەروەها سێ پێشمەرگەی تریش شەهید بوون و لاشەکانیان لە مەیدانی شەڕەکەدا بەجێ مان. ئەم شەڕە و شەهیدبوونی ئەم چوار پێشمەرگەیە یەکێک بوو لەو زیانە ئازارگەیێنانەی تووشی لەشکری شۆڕش بوون، خوێنی ئەمانە بەهۆی گەوجایەتییەک کە سەرکردەیەکی سەرەنجام نەبین و گوێ بەبڕیاری خۆنەدەرەوە، بەخۆڕا ڕۆیشت. ئەم کارە بوو بەهۆی ناکۆکییەکی گەورە لە نێوان عەزیز ئاکرەیی و عەبدولکافی نەبەویدا، لەناو پێشمەرگە و ورەشیاندا ڕەنگی دایەوە و، جۆرە حەز نەکردن و دوژمنایەتییەکی لەناو پێشمەرگە و سەرکردەکانیاندا

دروست کرد. ئا لەو کاتانەدا هێزەکانی حکوومەت بەمەبەستی داگیرکردنی سپیلک، بەدوو لیواوە کەوتنە پەلاماردان و پاش شەڕێکی سەخت کە چەند سەعاتێکی خایاند پێشمەرگە کشانەوە و سپیلک کەوتە دەست هێزەکانی حکوومەت. کشانەوەی پێشمەرگە لە چیای برادۆست و هاودیان هیچ رێکوپێکییەکی تێدا نەبوو. بەم کشانەوەیە ئابلۆقەی سەر لیوای سێش هەڵگیرا و، هەر ئەو لیوایە خۆی دەستبەجێ بەیارمەتیی جاشەکانی حوسێن سوورچی بەهەڵەداوان چوو بۆ دەست بەسەرداگرتنی گەلیی عەلی بەگ.

شەوی ١٦-١٧ی تەمووزیش هێزەکانی حکوومەت لە سایەی یارمەتیی جاشەکانی حوسێن سوورچی و عومەری برایەوە چیای کۆڕەکیان داگیر کرد.

داگیرکردنی سپیلک و گەلیی عەلی بەگ و کۆڕەک سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ هێزەکانی حکوومەت.

## هێرش بۆ سەر بارزان بەفیرقەی یەک و فیرقەی دوو

پاش ئەوەی فیرقەی یەک پیرس و، فیرقەی دوو سپیلک و گەلیی عەلی بەگی گرت، هەردوو فیرقە بەرەو بارزان کەوتنە کشان. ململانە کەوتە نێوان هەردوو سەرکردەوە لەسەر ئەوەی کامیان پێش دەکەوێ و لەویان زووتر بارزان دەگرێ.

پلانی پێشکەوتنەکەیان بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

> لە ٣١ی تەمووزی ١٩٦٣دا فیرقەی یەکەم بەدوو لیوا و بەیارمەتیی جاشەکانی زێباری و سوورچی و گۆران و هەرکی و شەرەفانی و ئێزدی و کۆچەر و بەرواری بەهێرشێکی بەربلاو لە داوێنی باکوری چیای پیرسەوە لێژبوونەوە و، پاش شەڕێکی گەرم کە بۆمبارانیش رۆڵێکی بنەڕەتیی تێدا دی، هێزەکانی پێشمەرگە پاش ئەوەی زیانێکی قەبەیان لێ کەوت گەڕانە دواوە. لە ئەنجامی ئەو بۆمبارانە توندە یەک لەسەر یەکەوە، بارەگای بارزانی لە گەلیی دەلاش تووشی مەترسیی لەناوچوون بوو. ئەگەر لوتفی خوا نەبووایە، لەوانەبوو هەموومان لەناو بچین. لە ئەنجامی ئەم بۆمبارانەوە شەش کەسمان لێ شەهید بوون و ٢٧ کەسیشمان لێ بریندار بوون و ژمارەیەکی زۆریش لە وڵاخی باری گیانیان دەرچوو.

پێشمەرگە گومانیان وابوو بارزانی پێشتر پەڕیوەتەوە بۆ بارزان بەڵام بارزانی لە دواوەی بەرەی شەڕەوە بوو و لە شوێنی خۆی نەبزووتبوو، لە کاتێکدا یەکەکانی سوپای عێراق لە

لێژبوونەوەکەی خۆیان بووبوونەوە و بەرەو بلێ لە زێ پەڕیبوونەوە و بارەگاکەی ئێمەیان بەجێ هێشتبوو و خستبوویانە دوای خۆیانەوە، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە لێیان پێش کەوتن و بەر لەوەی یەکەکانی سوپا لە زێ بپەڕنەوە ئەمان لێی پەڕینەوە. تەنیا ١٥ پێشمەرگە لەگەڵ بارزانی مابوو. لە ڕۆژی ٢ی ئەیلوولی ١٩٦٣ کە ئێمە لای بەری خەزێنێ بووین، سەیری یەکەکانی سوپامان دەکرد لە شانیک بەهۆی پردێکەوە کە باڵەفڕە هیلیۆکۆپتەرەکان بۆی پێکەوە نابوون، لە زێ دەپەڕینەوە. یەکەکانی سوپا بەکۆمەڵ و بارەگرانەکانیانەوە هەموو پەڕینەوە بۆ ناوچەی بلێ. تێکڕای ئەو هێزانەی پەڕینەوە ئەوبەری زێ بریتی بوون لە لیوای یەک و چوار و ٧ هەزار جاش، پاشان ئەم بەر و ئەوبەری زێیان بەجاشەکان قایم کرد و ئێمەشماینەوە چاوەڕوان بووین تا تاریک داهات، ئەوجا گواستمانەوە بۆ گوندی ئالکە لە داوێنی پیرس بەرانبەر بەرێزان لەبەری باشوورەوە، جا بەکەڵەک پەڕینەوە بۆ لێواری باکور بۆ ڕێزان. بەدرێژایی ژیانم ڕۆژی وەک ئەو ڕۆژە سەختەم بەسەردا تێ نەپەڕیوە. سوپا ناوچەی بلێی بەتەواوی داگیرکرد و شوێنەکانی خۆی لەمبەر و لەوبەری زێ قایم کرد، نێوان شوێنەکانی ئێمە و ئەوان لە دوو کیلۆمەتر زیاتر نەدەبوو. بەڕاستی بارێکی سەخت بوو نەخوازەڵا بۆ یەکێکی وەک من لەو تەمەنەدا.

پێشمەرگەکانمان بەنارەحەتترین حاڵێک دی کە بەبیردابێت. ورەیان تا دوا پلە رووخابوو. دیمەنێکی دڵ ئازاردەر بوو ئەوانەی ئەو هەموو قارەمانەتی و سەرکەوتنە درەوشەدارانەیان تۆمار کردبوو، ئێستە وا بەدڵشکاوی بیانبینین. هەندێکیان خەریکی گۆڕ هەڵکەندن بوون بۆ شەهیدەکان و هەندێکی تریان دانیشتبوون پاڵیان دابوو بەقەدی درەختێکەوە جووڵەیان لێوە نەدەهات. لە هەموو لایەکیشەوە هاواری بریندار بەرز دەبووەوە و کەسێ نەبوو تیمارێکیان بکات یا گوێیەکیان بداتێ و پێیانەوە خەریک بێ. هەندێکیان چووبوون بۆ گوندەکانی دەوروبەر بۆ ئەوەی گوێدرێژێ، ئێستری بەخواستن بخوازن بریندارای پێ ببەن بۆ ئەشکەوتەکەی ئەو پاڵە کە دوکتۆر مەحموود عوسمان و خەستەخانە سادەکەی بەدەرمانە کەمەکەی و هۆ سەرەتاییەکانی برینپێچییەوە لەوێ بوون.

ئەوەی دوکتۆر مەحموود عوسمان لەو سەردەمەدا کردی زۆر زەحمەتە هەڵسەنگێنرێ و وشە ناتوانێ هەقی ئەو کارەی بداتەوە.

ئا لەم دۆخە خراپ و نارەحەتەدا بوو برووسکەیەکی دوژمنمان دەستگیر بوو هەواڵی ئەوەی دەگەیاند کەوا هێزە بەرەوپێش چووەکەیان بڕیاری داوە ڕۆژی ٤ی ئاب هێرش

بەرێتە سەر بارزان.

بارزانیم لەوپەڕی نارەحـەتیـدا دی. نارەحـەتی ئەوەبوو دەسـەڵاتێکی ئەوتۆی بۆ داکۆکیکردن لە بارزان نەبوو. ئەو هێزەی لەژێر دەستدا نەبوو بەری هێرشی دوژمنی بۆ سەر ئەو گوندە پێ بگرێ کە لێی هاتبووە دنیاوە. هیچ ڕۆژی لەو ڕۆژە ڕەشتر نەبوو لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستانی تێ کەوتبوو کە شکستێکی بێگومانی هاتبووە ڕێ.

بارزانی لەوە زیاتری دەرنەبڕی کە لایەکی کردەوە بەلای پێشمەرگەکاندا و وتی: «وا من ئەڕۆم بۆ داکۆکی. کێ دەیەوێ لەگەڵم بێ، بابێ». ئەمەی وت و بەری ڕێی گرت. کە ئەو ئەوەی وت حوسێن محەمەد ئاغا مێرگەسۆری هەستایە سەر پێ و وتی: «ئەز قوربانێ تەمە. ناهێلم تۆ تەنیا بچی. ڕەنگ بێ لەم کۆمەڵەدا کەسانێک هەبن دووت بکەون. ئێمە پەیمانت دەدەینێ دوژمن هەرچەند زۆر و زاڵ بێ، ئەم شەڕە هەر دەکەین و دەکەین. ئەگەر پێویستیشی کرد ناهێڵین، بەسەر لاشەماندا نەبێ، تێ پەڕێ».

شیت سەرکیریش هەستایەوە و بەبارزانیی وت: من لەگەڵتم. حادی حسکۆش هەروا هەستایەوە و وتی: من و تاخمەکەم ئامادەین لەگەڵت بڕۆین. ئەحمەد حاجی تاتکی و مەحموود شڤان شانەدەری و عەلی سلێمان هوستانی و مستەفا ئەحمەد هوستانیش هەروا بەدوای ئەواندا هەستان و خۆیان و تاخمەکانیان شوێنیان کەوتن و هێڵێکی داکۆکییان لە نێوان بلێ و بارزان بەسەر ئەو گردانەوە دروست کرد کە پێیان دەڵێن ملان.

ڕۆژی چوارەم وەک لە برووسکەکەدا وترابوو، هێزە لە پێشەوە باسکراوەکەی حکوومەت بەرەو بارزان پێش کەوت و، پێش ئەوەی بکەوێتە ڕێ تۆپباران و بۆمبارانێکی خەستی ناوچەکەی کرد و، ئەو پاڵ و گردانەی هەموو کرد بەیەک پارچە ئاگر. هەر دەتوت دەرگای دۆزەخ کراوەتەوە یاخۆ هێزە هێرش هاوردووەکان شێت و هار بوون. سەرکردەی فیرقەی یەکەم کەوتبووە پێشەوە هانی جاشەکانی دەدا کەوا پێش بکەون و گفتی خەڵات و بەراتی سەرکۆمار و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی بۆ هەڵدەڕشتن، لای وابوو گرتنی بارزان نێچیرێکی زۆر بەنرخ و سەرکەوتنێکی سەربازیی مەزنە و بارزانی وا دەهاتە پێش چاو پایەتەختی دەوڵەتێکی پلەوپایە بەرز بێ. داکۆکیکارانی بارزانیش سوێندیان لەگەڵ خۆیاندا خواردبوو وەک کەسانێک داکۆکی لە بارزان بکەن خۆیان بۆ مەرگ ئامادە کردبێ. هەر بەم جۆرەش بوو. شەڕێکی لەوپەڕی دڕندایەتی ڕووی دا کە پتر لە دە سەعاتی خایاند

و تا بانگی عەسر بەردەوام بوو. سەرەنجامەکەشی شکستێکی زۆر ئابڕووبەرانەی سوپا و جاش بوو. هێزی هێرش هاوردوو گەڕایەوە دواوە و ٤٠ لاشەی لە مەیدانی شەڕدا بەجێ هێشت و لە پێشمەرگەش هەردوو سەرکردە حوسێن محەمەد ئاغا و شێت سەرکیری و دوو پێشمەرگە: سەعید تاجەدین سەرکیری و ئەحمەد شێخزادە زێوکی شەهید بوون.

حکوومەت هەواڵی درۆی داگیرکردنی بارزانی بڵاوکردەوە[١٧]، بەڵام ماڵێکیان لە بارزاندا بەپێوە نەهێشتبوو هەموویان بەبۆمبا و بەتۆپ کاول کردبوو. پێشمەرگەش گفتەکەی خۆیان بۆ بارزانی هێنایەدی.

پاش ئەمە هێزەکانی حکوومەت بەرەو ڕۆژهەڵات وەرچەرخان و کەوتنەڕێ بۆ ڕێزان.

ڕۆژی ٦ی مانگ، پاش بۆمبارانێکی خەستی دەوروبەری پردی ڕێزان بەمەبەستی خاوێنکردنەوەی لە پێشمەرگە کە ئەو کەرتە لەژێر سەرکردایەتیی عوزێر دۆڵۆمەری و عومەر ئاغای دۆڵۆمەری و حاڵی دۆڵۆمەریی یارمەتیدەریدا بوو و هێزەکەش نێزیکەی ٢٠٠ پێشمەرگە دەبوو، هێزەکانی حکوومەت بەرەو ڕێزان بەڕێ کەوتن. پێشمەرگە پەناگەیەکیان لە پشت کۆمەڵە تاشەبەردێکی باش هەڵکەوتوو بۆ بەرەوڕووبوونەوەی هێزە هاتووەکان ئامادە کرد. سوپا بەخۆی نەزانی تا گەیشتە شوێنێکی وا بۆ دەست لێ وەشاندنی زۆر لەباربوو، بگرە هەندێ بەشیشی لە پردەکە پەڕیبوونەوە و نەیاندەزانی کەوتوونەتە ناو سەنگەر و پەناگەکانی پێشمەرگەوە. شتێکی چاوەڕوانی نەکراوی لەپڕ بوو بۆیان، پێشمەرگە بەکەڕەتێ دایاننە بەرگوللە، ڕیزەکانیان تێک چوو و نەفەرەکانیان هەڵاتن، ٣٦ کوژراویان لە مەیدانی شەڕدا بەجێ هێشتبوو، ١٤ لاشەی تریش ئاوبردبوونی و خەڵک لەناو ئاویان دەرهێنان و بەخاکیان سپاردن[١٨].

پاش ئەوە ئیتر تا شەڕ دوایی هات دوژمن جارێکی تر زاتی نەکرد هەوڵێکی تری لەو

(١٧) کە ئیبراهیم ئەحمەد ئەم هەواڵی گرتنی بارزانەی لە ڕادیۆی حکوومەتەوە گوێ لێ بوو، بەحوزووری سەلیم فەخری و محەمەد مەحموود عەبدوڕەحمان و دارا تۆفیق و کەسانێکی تر بەدەنگی بەرز هاواری کرد: «دەبا بیخوات!» مەبەستی لە بارزانی بوو. ئەمەی بۆ دەربڕینی خۆشحاڵی بوو بەو شکستە درۆینەی کە ڕادیۆی ڕێژیم بڵاوی کردەوە.

(١٨) لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بۆ دەوری قارەمانانەی خاوەنی ئەم ناوانە بکەم کە لەم شەڕەدا دیبیان، عوزێر محەمەد، عومەر ئاغا، حاڵی محەمەد، حادی حسکۆ، محەمەد ئەمین زێرۆ، میرخان بێداروونی و ڕەشید محەمەد.

جۆره بداتەوه. تۆپێکی هاوەنی ئەندازه ۳ گرێمان هەبوو له ژێر دەستی کازم بەرواریدا بوو. زۆر لێی دەزانی بەڵام له ۱۲ گولله زیاترمان نەبوو. ئەم تۆپه بۆ یەکەمین جار لەم شەڕەدا بەکارهێنرا. بەختمان یاربوو، گوللەی یەکەمیان لەناو کۆمەڵێک جاشدا کەوتبوو، هەندێکی لێ کوشتبوون و هەندێکی تری لێ بریندار کردبوون، بەڵام کاره دەروونییەکەی زۆر گەوره بوو. ترسیان لێ نیشتبوو و بڵاوەیان کردبوو، ئەم تۆپه تاقه چەکی پشتگیری بوو هەمانبوو. بێگومان ئەگەر چەند پارچه چەکێکی پشتگیری وەک هاوەن و شەستیری مام ناوەندیمان هەبوایه ڕەوتی شەڕەکه دەگۆڕا.

لەم شەڕەدا تەنیا شەش گوللەمان تەقاند و ئەوانی ترمان هەڵگرت بۆ پێویستییەکی تر. دوژمن نەیدەزانی هەر ئەم چەند گوللەیەمان هەیه و لای وابوو تۆپی وامان زۆره و گوللەیەکی بێ ئەژمارمان لەژێر دەستدایه. بۆیه زۆر ترسابوو، ئێمەش بەم گومانەوه لێی گەڕاین، چونکه کاتی خۆی تەنانەت گوللەی تفەنگیشمان ئەوەنده نەبوو بەشمان بکات. هەموو گوللەی بۆ تەنگانه دانراومان له حەوت هەزار فیشەک تێ نەدەپەڕی. بۆیه بارزانی ناچاربوو دۆستی شاعیر و ئەدیبی گەورەی خۆی هەژاری موکریانی (عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی)ی بەناوی بەسەرکردنەوەی بەرەکانی ناوچەکەوه نارد بۆ ناوچەی شێخان بۆ ئەوەی هەوڵ بدا له ڕێگەی هەندێ سەرۆک جاشەوه که لەگەڵ شۆڕش هاوکارییان هەبوو، هەندێ فیشەک بکڕێ. ئەم دۆستەی بارزانی ئەرکەکەی سەرشانی بەسەرکەوتوویی و لێهاتووییەکی واوه جێبەجێ کرد هیچی لەو سەرکەوتوویی و لێهاتووییەی کەمتر نەبوو که له هۆنینەوەی چەکامەی شیعر و دانانی کتێبی بەنرخدا هەیبوو.

ئەم جاره دوژمن ویستی بەرەو هوستانی ڕۆژهەڵاتی بارزان بەڕێ بکەوێ، بەڵام ئەمجاریش شکستێکی وای تووش بوو وەک ئەوەی پێشوو و ژمارەیەکی لێ کوژرا.

جا با بگەڕێینەوه بۆ سەروبەری ئەو کارانەی فیرقەی دوو له بەرەی مێرگەسۆردا کردی. بارەگای بارزانی بەنۆره له نێوان دووبەرەی دۆرێ و لێرەبیردا هاتوچۆی دەکرد، له کاتێکدا که فیرقەی دووەم داینابوو بەرەو مێرگەسۆر پێش بکەوێ و له ۱۰ی ئابیشدا دەست پێ بکات.

بارزانیش کاری وا ڕێک خستبوو که پێشمەرگه شەڕی پاشەڵ (مؤخرة) بکەن، واته جارێکیان پەلامار بدەن و جارێکی تر له ڕووی دوژمندا بکشێنەوه تا هێزه پێشکەوتووەکه دەگاته ناو سکی گەلییەکه و بڵاوەی لێ دەکا تیایدا.

ئێمە پێشتر وتمان کە سەرەتای چالاکی نواندنی ئەم فیرقەیە کە بەسەرکردایەتیی لیوا روکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری بوو، لە ٣ی ئاب بوو. سەرکردایەتیی فیرقە وای نەخشە کێشابوو کە ١٧ی ئاب سەرەتای دەست پێکردنی پلانەکەی بێ. لە ڕۆژانی ١٠ و ١٣ و ٢٠ و ٢٧ و ٣٠ی ئابدا، شەڕی سەخت رووی دا بەو جۆرەی نەخشەی بۆ کێشرابوو. پاشانیش لە ڕۆژانی ٣ و ٥ و ٨ و ١٤و ١٧ی ئەیلوولی ١٩٦٣دا چەند شەڕی تریان بەدوادا هات(١٩).

پێشکەوتنەکەی ڕۆژی ١٣ی ئابی سوپا بەرەو چیای پیران شکستێکی تەواوی وای هاتەرێ لەوەی تێپەڕاندبوو کە بەخەیاڵدا دەهات. لیوا روکن کەمال مستەفا عەلەمدار فەرماندەری لیوای سێی فیرقەی دوو کە لە ساڵی ١٩٧٠دا هاتە پاڵ شۆڕش، بۆی گێڕامەوە وتی:

«ئیبراهیم ئەنساری سەرپەرشتیکەری ئەم هێرشەبوو، بەر لەوەی دەست بکا بەپێشکەوتن دەستی دایە تۆپبارانێکی سەختی ناوچەکە وێڕای بۆمبارانی لە ئاسمانەوەش. پاشان لیوای پێنج بەیارمەتیی جاشەکانی سۆفی و سوورچی و هەرکی و جاشەکانی ئەسعەد شێتنە هێرشیان هێنا. هەموو لایان وابوو ئەگەر داکۆکیکارەکان هەڵنەیەن، ئەمانە لە ڕێگەیاندا لە لاشەی کوژراوی بۆمباران و تۆپبارانی سەخت بەولاوە هیچیان نایەتەرێ. بەڵام هەر کە لیواکە گەیشتە پێشەکانی شاخەکە پێشمەرگەیان لە هەموو لایەکەوە لێ دەرپەڕین و، هێرشێکی بەرەییی لە پڕیان بۆ هێنان. ئەوەندەی نەبرد سوپا و جاش خراپترین شکان شکان و هەموو بەبێ سەروبەر کەوتنە هەڵاتن هەر کەسە هەوڵی ڕزگارکردنی خۆی بوو. لە کوژراوی سوپا ٦٢ کەس و لە کوژراوی جاش ١٤مان ژمارد».

لیوا عەلەمدار لەسەر قسەکانی ڕۆیی و وتی:

«ویستمان جارێکی تر بۆمبارانی ناوچەکە بکەینەوە، بەڵام ئەنساری وتی: حەیفە

(١٩) بەپێویستی سەرشانی دەزانم لێرەدا بەقارەمانەتیی زیاد لە ڕادە و تایبەتیی ئەم کەسانە بنازم کە لەم شەڕانەدا پێشانیان دا: کەکۆ مێرگەسۆری، حەسۆ محەمەد شێخ سەیدی، حاجی بێرۆخی، مستەفا نێرەویی، حەمیدە فەندی، عەریف یاسین، حەسەن خاڵ هەمزە، میرۆ عەبدوڕەحمان، ڕەشید بێشوونی، حەسۆ میرخان ژاژووکی، حەمید بیری، مەلا ئەمین، فکری بێرۆخی و ئەو پێشمەرگانەی لەژێر فەرمانی ئەمانەدا بوون. لوقمان بارزانیش بەرپرسی سەرکردایەتیی ئەم بەرەیە بوو.

بمانەوێ هیچ یەکێ لەو قارەمانانە بکوژین. با لێیان گەڕێین[20]».

بارەگای بارزانی لە گوندی لێرەبیر بوو. ڕۆژی ١٨ی ئاب دوو باڵەفڕی جۆری ئیلیووشن بۆمبارانێکی سەختیان کردین. چوار بۆمبای ٥٠٠ کیلۆیییان خستە خوارەوە بەسەرماندا، هەموویان تەقینەوە تاقە یەکێکیان نەبێ لە نێوان من و باوکمدا کەوت و نەتەقییەوە. لەو کاتەدا باوکم پێی وتم: «ئەمەت دی؟ ئەگەر خوا ویستی وادەت بهێنێ، هیچ شتێ ناتوانێ بتژیێنێ». زۆر جار باوکم ئەم ئامۆژگارییەی دەکردم:

«وادە بەدەستی خوایە و ناگەڕێتەوە، بەڵام پێویستیشە لەسەرت خۆت لە بەڵا و نسکۆ بپارێزیت»[21].

بەداخەوە دەڵێم کەوا تۆپچییەکەمان کازم بەرواری لە ئەنجامی ئەم بۆمبارانەدا شەهید بوو.

ڕۆژی ٣٠ی ئاب دوژمن دەستی کردەوە بەکردەوە شەڕییەکانی و لە بەرەیەکی پاندا لەبەری کولانەدەرە کە درێژەکێشانی چیای پیرانە، بەرەو ڕۆژئاوا دەستی پێ کرد. بەڵام لەمەشدا دیسان تێک شکا و سەرکەوتنێکی ئەوتۆی وەدەست نەهێنا و لاشەی کوژراوەکانی لە پاش خۆی لەو داوێن چیایەدا بەجێ هێشت، فەوجەکەش کە لە ئیشۆکری بوو بەهەمان دەرد چوو. ئێمە لەم شەڕەدا هەشت شەهیدمان لەدەست چوو و ٢٢ کەسیشمان لە ئەنجامی داکەوتنی بۆمبایەکی ناپاڵم لەناویاندا لەکاتی نان خواردن بریندار بوون.

دوا شەڕی دوژمن لە بەرەی مێرگەسۆر شەڕی پردی چەمە بوو. ئەم شەڕە لە ١٧ی ئەیلوول بوو و لیوا ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری بەدوو لیوای سوپا و ژمارەیەکی زۆر لە جاش سەرپەرشتیی دەکرد. وەک نەریتی سوپا لە هەموو شەڕەکانیدا بەبۆمباران و تۆپبارانێکی زەمینیی و ئاسمانیی خەست ڕێگەی بۆ ئەم شەڕەش خۆش کرد. ئەم شەڕە

(٢٠) لەم بەرەیەدا گوللەتۆپێک دای لە سەرکردەی بەرە کەکۆ مێرگەسۆری و بوو بەهۆی ئیفلیج بوونی بەدرێژایی ماوەی ژیانی، تا لە ساڵی ٢٠٠٠دا کۆچی دوایی کرد.

(٢١) پاش ئەوەش تووشی بۆمبارانی باڵەفڕەی فیووری بووین کە جۆرە باڵەفڕەیەکی سستی فوونەکەرە، زۆر نزم بەسەر سەرمانەوە دەخولانەوە، برادەر و هاوڕێم مستەفا عەبدوڵڵا کرکەمویی گوللەیەکی بەتفەنگەکەی خۆی پێوەنان و یەکێکیانی پێکا، ئیتر ئەویش بەرەو دوا گەڕایەوە و دووکەڵی لێ هەڵدەستا، پاشان بۆمان دەرکەوت لە نێزیکی چیای مەقلووب لە باکوری بنکەی مووسڵ کەوتووەتە خوارەوە.

وەک مەرگەساتێک وابوو بۆ سوپا. پێشمەرگە لەم شەڕەدا یەکێک لە گەورەترین و پڕشکۆترین سەرکەوتنەکانی خۆیان تۆمار کرد. فەرماندەری لیوای پێنجەم سەعید حەمۆ لە کتێبی یاداشتەکانیدا دانی بەم سەرکەوتنەدا ناوە(٢٢).

لەم شەڕەدا فەوجێکی تەواو لەناوبرا و دوژمن ١٢٠ لاشەی خۆی بەجێ هێشت کە کەوتنە دەستی پێشمەرگە، نێزیک بوو سەرکردەی فیرقە ئەنساری و فەرماندەری لیوا هێرش هاوردووەکەی بکەونە دیلی پێشمەرگەوە. پیاوەتی لە ڕزگاربوونیان تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێشمەرگە نەیاندەناسین چونکە پێشمەرگە چاویان لە هەڵاتوو نەدەگێڕا و نەیاندەویست دیل لە ڕیزی دەسکەوتی شەڕدابن، دیلیان نەدەگرت و لێیان دەگەڕان بەسەربەستیی خۆیان هەڵبێن و شوێنیان نەدەکەوتن.

زیانی پێشمەرگەش تاقە شەهیدێک بوو کە فەتاح ئەرگووشیی هاوڕێی ڕێڕۆیشتنەکەی بارزانی و، نێزیکەی ٢٠ بریندار بوو(٢٣).

عەبدولکەریم فەرحانی فەرماندەری فیرقەی یەکیش لە کتێبەکەیدا «بەرهاتی شۆڕشێک» (ل ١٠٣) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سەرکردەی فیرقەی دوو ئەنساری و

(٢٢) سەیری کتێبەکەی سەعید حەمۆ بکە کە ناوی لێ ناوە (یاداشتەکانی فەرمانده‌ری لیوایەکی پیادە) ل ١٠٦ - ١٠٧، چاپخانەی (التوجیه السیاسی)، ١٩٧٧.

(٢٣) پاش ئەم شەڕە ئەنساری ئەم برووسکەیەی بنەوەی نارد بۆ سەرۆکی ئەرکانی سوپا:

بۆ سەرۆکی ئەرکانی سوپا/ سکرتێری وەزارەتی بەرگری/ سەرکردایەتیی هێزی مەیدان/ فق١ سەرۆک

ژمارە ١٢٣٥

مێژوو ١٩٦٣/٩/٢٠

(کەرتە قارەمانەکانی فیرقەی دووەم و ئەو پارچانەی لەگەڵیدا لەشکریان کردووە، توانییان پاش چەندین شەڕ کە دوو مانگی ئاب و ئەیلوولیان هەموو خایاند و، پاش گەلێ قوربانیدانی قورس، بەشی زۆری ناوچەی بارزان مێرگەسۆر - شێروان لە خیانەتکاران پاک بکەنەوە. بارزانییەکان داکۆکییەکی لە دووی مەرگ گەڕاوانەیان لە ناوچەکەیان کرد و یەک بست زەوییان بێ خوێن بەجێ نەهێشت.

پێشنیاز دەکەم کەوا بەر لەوەی وەرزی زستان دابێت کۆبوونەوەیەک بکرێت. وەزیری بەرگری و سەرۆکی ئەرکانی سوپا و هەموو سەرکردەی فیرقەکانی تێدا بەشداربن بۆ کۆڵینەوە لە دۆخەکە و دانانی پلانی دواڕۆژ. هەروەها پێشنیازی گەڕان بەدوای چارەسەرێکی ئاشتییانەدا دەکەم، چونکە وای بۆ دەچم یاخییەکان هێزەکانی خۆیان ڕێک دەخەنەوە و بەردەوام دەبن لە شەڕدا. دروستیش نییە ئێمە کەرتەکانمان لە وەرزی زستاندا بخەینە شەڕ و تەنانەت بەرزەڵان گرتنیش (المرابطة) لەم ناوچە سەختەدا مەترسیی گەورەی تێدایە. خەبەردارمان کەن.

هێزەکانی سوپا نائومێد بوون، هەروەها سکاڵا لەو سووکی پێ کردنە دەکات کە حەرەس قەومی لەئاست ئەفسەرە پایە بەرزەکانی سوپایان دەکرد و کەس نەبوو لێیان بپرسێتەوە. لەو ناکۆکییەش کە لە نێوان هێزەکانی سوپا و حەرەس قەومیدا پەیدابووبوو و پەرەی سەندبوو و ئەوەندەی نەمابوو بکێشێتەوە بۆ هەڵگیرسانی شەڕێک لە نێوان هەردوولادا.

بارودۆخی سیاسی بەم جۆرە دیاری دەدا: پیاوانی حوکم لەناو خۆیاندا دەستە دەستە بووبوون، لایەنگرانی عەبدوسەلام عارف و کۆمەڵێک لە ئەفسەرە گەورەکان دەستەیەکیان پێک هێنابوو. ئەحمەد حەسەن بەکر و سەرکردەکانی حەرەس قەومیش لەگەڵ چەند تاخمێک لە حزب و لە ئەفسەراندا دەستەیەکی تر بوون و، چاوەڕوانیی ئەوە دەکرا شەڕ لە نێوان هەردوو دەستەکەدا هەڵگیرسێ.

## شەڕ لە مەتین

پاش ئەوەی فیرقەی یەک لەوە بێ هیوی بوو کە لەلای بارزانەوە هیچ پێشکەوتنێکی دەستگیربێ، سوپا هەستا چیای پیرس و دەوروبەری گوندی بیرەکەپرەی قایم کرد و، مۆڵگەیەکی لە تەختانی بیرەکەپرە دامەزراند جێگەی لیوایەکی تەواو و دوو هەزار جاشی تێدا ببێتەوە و، دەوری بە مین و تەلی دڕکاوی گرت و، ئەوی تری هێزەکەی نارد بۆ ناوچەی ئامێدی و دهۆک و زاخۆ، ئەم هێزانەشی وەک پێشتر باسمان کرد، بەلیوایەک لە سوپای سووریا وەک هێزێکی پشتگیری بەسەرکردایەتیی لیوا فەهد شاعیر پشتقایم کرد.

لە ٢٠ی مانگی ئابدا دوژمن دەستی بەپێشکەوتن بەرەو چیای مەتین کرد کە مەتین کلیلی هەرێمی بادینانی کوردستانە. شەڕ لەو ناوەدا ٤٥ ڕۆژ لە ڕووی داکۆکییەکی قارەمانانەی پێشمەرگەدا بێ وەستان بەردەوام بوو. دوژمن چیای مەتینی داگیر کرد و، ئەوەش بوو بەمایەی بشێوی لە ناوچەکەدا و خەڵکەکە ترسێکی زۆریان لێ نیشت و، حکوومەتی تورکیاش بەمەبەستی چاودێریکردنی سنوور لە بارەی سوپاییەوە هەندێ شتی کرد نەوەک خێزانە کوردەکان لە ترسی هاتنەپێشەوەی سوپای عێراق هەڵبێن و ڕابکەن بۆ ئەودیوی سنوور. کە پرسەکە وای لێ هات هەموو سەرکردەی کەرتەکانی پێشمەرگە کۆبوونەوەیەکی هەراویان کرد، لەو کۆبوونەوەدا بڕیار درا هەموو ئەو هێزانەی دەستیان دەیانگاتێ، هێرشێکی گشتی بکەن بۆ سەندنەوەی چیای مەتین هەرچەندی قوربانیی بوێ. چوارسەد فیدایی سوێندیان خوارد کە دەبێ مەتین ئازادبکەن و بەمەرگی خۆیان لە

دوژمنی خاوێن کەنەوە[٢٤].

شەوی ٤ – ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣ سەرکردەی بەهەڵمەت عیسا سوار و یارمەتیدەرەکەی عەلی هالۆ فەرمانی دەستپێکردنی هەڵمەتیان دا و شەڕێکی توند و سەختی وا رووی دا هەردوولای بەخەنجەر و نێزە بەدەست تێدا بەربوونەیەک. ئەو شەڕە تا ڕۆژ بووەوە درێژەی کێشا و ئەنجامەکەی تێکشکانێکی تەواوی دوژمن و ئازادکردنی چیای مەتین بوو.

لە بارەی ئەم شەڕەوە چیرۆک و حەکایەتێکی زۆر هۆنراوەتەوە و چامە و چەکامەی[٢٥] زۆر دانراوە کە وەک بەشێکی هەرگیز جیانەکراو لە مێژووی ئەم میللەتە خەباتکارە دەخوێنرێنەوە. ئەمە هەمووی لە جێی خۆیدایەتی چونکە لە تاقە شەو و ڕۆژێکدا هەموو ئەوەی سوپا بەچل و پێنج ڕۆژ گرتبووی، لێی سەنرایەوە.

سەدان لاشەی سەرباز و جاشی کوژراو لە مەیدانی شەڕەکەدا بەجێ هێڵرابوو، لیوای هەژدە بەتەواوی ڕووخێنرا. لیواکەی فەهد شاعیریش زیانێکی مەزنی لێ کەوت، لە

(٢٤) شاعیری بەناوبانگی کورد ئەحمەد نالبەند، پاش داگیرکردنی چیای مەتین نەیتوانی لەژێر حوکمی ڕژێم و چلکاوخۆرەکانیدا بژی و خۆکوشتنی بەسەر ئەو ژیانەدا هەڵاوێرد.

(٢٥) بەبۆچوونی من، یەکێک لەو ڕووداوانەی شایەنی باس کردنن، ئەوەیە کە لە گەرمەی ئەم شەڕە سەرکەوتووانەی پێشمەرگەدا کە ڕۆژنامەکانی دەرەوە دەنگوباسیانیان دەگێڕانەوە، کۆنگرەی قوتابییانی کورد لە هاوینی ١٩٦٣دا لە شاری میۆنیخ لە ئەڵمانیا دەبەسترا، شاعیری گەورە محەمەد مەهدی جەواهیریش، بەچەکامە نایابەکەی (کوردستان نیشتمانی قارەمانان) لەو کۆنگرەیەدا بەشداریی کرد کە سەرەتاکەی بەم بەیتە دەست پێ دەکا:

قلبي لكردستان يهدى والفم　　　ولقد يجود بأصغريه المعدم

واتە: دڵ و دەمم بەدیاری پێشکێشی کوردستان دەکرێ. واشدەبێ نەدارا دوو شتە بچووکەکەی دەبەخشێ کە دڵ و دەمیەتی. منیش کە کابرایەکی نەدارام هەر ئەم دوانەم هەیە بییانبەخشم بەکوردستان. هەروەها دەڵێ:

بإسم الأمين المصطفى في أمةٍ　　　بحياته عند التخاصم يُقسَمُ

هەروەها:

بارزان يا قمماً يشببها الدم　　　وتنوء كاهلها الثلوج فتهرمُ

هەروەها:

وتغازل القمر المضيء فتزدهي　　　وتعارك الموت الزؤام فتظلمُ
بـــارزان يا لغزاً تعاصى حلّهُ　　　عبر القرون الغبر فهو مطلسمُ
أكما يغوص الأنبياء بوجههم　　　أم مثلما يرعى الطيوف النوّمُ
أم بين تلك وهذه فمواكب　　　تخلي الطريق لموكبٍ يتقدمُ

مەیدانی شەڕدا ١١٣ کوژراوی بەجێ هێشت کە ژمارەیەک سەربازی سووریاییشیان تێدابوو، زیانی پێشمەرگەش گەیشتە ٣٦ شەهید و ٧٨ بریندار. لەناو شەهیدە ژمێردراوەکاندا ئەمانە هەبوون: جەمیل بامەڕنی ناسراو بەجەمیلە سوور کە هاوڕێی ڕێڕۆیشتنەکەی بارزانی بوو بۆ یەکەتیی سۆڤیەت، مەلا ئەنوەر مائی، محەمەدی کوڕی عیسا سوار، مستەفا سێلکی کە کوڕی شەهیدێکە و خۆشی سێ کوڕی شەهیدی هەیە.

لە دەسکەوتیشدا ئەم شتانە هاتبوونە ژماردن:

دوو تۆپی چیایی ئەندازە ٧٥، ٤٠٠ تفەنگ، ١٥ شەستتیر. دەرفەتی ئەوەش نییە باسی ئەو هەموو فیشەک و کەلوپەلە بکەین کە بەدەسکەوت گیرابوون.

پاش ئەم سەرکەوتنانەی شۆڕش وەدەستی هێنان، ورەی پێشمەرگە گەڕایەوە بۆ باری جارانی و باوەڕی گەلی کورد بەلەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و سەرکردەی لەشکری کوردستان لە جاران زیاتر بوو و، پەلەکانی پێشمەرگە لە هەموو بەرەیەک کەوتنە لە دووگەڕانی دوژمن و لە هەموو ئەو شوێنانەی پێشتر لە پێشمەرگەیان داگیر کردبوون دەریاندەپەڕاندن. سستیش کەوتە ئیشوکاری حکوومەت و هەرا و، ناکۆکیی ناوخۆ خەریک بوو لە ناوی دەبرد.

## داوای شەڕ وەستاندن

لە ئەنجامی ئەو برووسکەدا کە ئەنساریی سەرکردەی فیرقەی دوو لێی دابوو و پێشنیازی چاری بەئاشتیی تێدا کردبوو، سەرۆکی ئەرکان تاهیر یەحیا وەڵامی دابووەوە: «لاریمان نییە لە پێوەندیکردن بەشێخ ئەحمەدەوە و بزانە کاردانەوەی چی دەبێ».

ڕۆژی ٢٢ی ئەیلوول ئەنساری نامەیەکی بەم واتایە، بەهۆی ئەسعەد شێتنەوە نارد بۆ شێخ ئەحمەد، تیایدا داوای لێ کرد وەفدێک بنێرێ بۆ لای سەرکردەی فیرقە و بۆ پارێزگاری هەولێر بۆ گفتوگۆ لەم بارەوە.

شێخ ئەحمەدیش لەگەڵ مەلا مستەفا کۆبووەوە و هەردوولا بەمەسڵەحەتیان زانی بەم نامەیەی ژێرەوە وەڵامی بدەنەوە:

بۆ جەنابی سەرکردەی فیرقەی دوو

پاش پێشکێشکردنی سەلام و حورمەت

نامەکەتانمان پێ گەیشت، ئێمە سوپاستان دەکەین لەسەر ئەم بۆچوونەتان. ئێوە

دەزانن ئێمە لە ئەسڵدا دەستپێکەری شەڕ نەبووین، بگرە ئێوە بوون هێرشتان هێنایە سەر گوندەکانی ئێمە و ماڵتان سووتاندین و ژن و منداڵتان کوشتین. گوللەتۆپ و بۆمبای باڵەفڕەکانتان شەو و ڕۆژ بەسەرماندا دادەوەرێ، بۆیە پێویست بوو لە سەرمان داکۆکی لە خۆمان بکەین. ئێمە شەڕ دەوەستێنین بەمەرجێ ئێوەش لای خۆتانەوە شەڕ بوەستێنن و هەموو هێزەکانتان لە خاکی ئێمە بکێشنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش وا لەگەڵ ئەم نامەیەمدا شێخ سلێمانی برازام و هەردوو کوڕەکەم محەمەد خالید و نەزیر دەنێرمە لاتان. لە خوا دەپاڕێمەوە ڕێگەی ڕاستمان پیشان بدا و هەموو بەڵا و مسیبەتێ لە عێراقییەکان دوور بخاتەوە.

ئیمزا: شێخ ئەحمەدی بارزان

١٩٦٣/٩/٢٣

حاڵی سوپا زۆر شێواو بوو، ئەنسارییش زۆر بەهەڵپە بوو بۆ وەستاندنی شەڕ.

هەر کە وەفدەکەی شێخ ئەحمەد گەیشتەجێ هەردوولا لەسەر وەستاندنی شەڕ و دەستکردن بەگفتوگۆ ڕێک کەوتن بەمەرجێ سوپا بەچەند قۆناغ لە ناوچەی بارزان بکشێتەوە. ئەوەش بەکردەوە هاتە دی. دوا کەرتی سوپا لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣دا لە بارزان کێشرایەوە. بارزان بەتەنیا خۆی و بێ بەرەکانی تر، ئارامیی پێ برا.

## هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی

کاتێ کە پاڵەپەستۆ بەسەر بارزانەوە زۆر بوو و هێرش بۆ سەر لەشکری کوردستان سەخت بوو، بارزانی چەند برووسکەیەکی بۆ مەکتەبی سیاسی لێ دا پێشنیازی بۆ دەکرد لای خۆیانەوە پەلاماری هێزەکانی حکوومەت بدەن بەڵکو پاڵەپەستۆیان لەسەر هێزەکانی ئەم کەم ببێتەوە. مەکتەبی سیاسی فێڵێکی دوو سەرەی دەکرد، لە کاتێکدا کە بروسکە و نامەی سەرەواڵەی دەنارد بۆ هێزەکانی ژێر دەسەڵاتی، فەرمانی دەدانێ بجووڵێن و پەلامار بدەن و هێرش ببەن، دەمانەی بەدزیشەوە هانی دەدان نەجووڵێن یا هیچ کارێکی سوپایی نەکەن. پێشمەرگەش زۆر زۆر داوایان لێ دەکرد ڕێگەیان بدا بەشداری لە کاری سوپاییدا بکەن، بەڵام مەکتەبی سیاسی ڕێگەی نەدەدان. کەرامەت و غیرەتی هەندێک لەو پێشمەرگانەش ڕێی نەدەدان هەروا بمێننەوە، بۆ خۆیان دەستپێشخەرییان دەکرد و دەچوون پەلاماری هێزەکانی سوپایان دەدا کە لە ناوچەکانیاندا

بوون و گوێیان بەراسپێرییەکانی مەکتەبی سیاسی نەدەدا. مەکتەبی سیاسیش بەبڕوبیانووی واوە کە هیچ پێوەندێکی بەو شتەوە نەدەبوو کە ئەوان کردبوویان دەیخستنە بەر لێپرسینەوە و، مەبەستیشی لە ڕاستیدا شاردنەوەی نیازەکەی خۆی بوو کە لێپرسینەوەیان لەسەر پەلاماردانی هێزەکانی حکوومەت لەگەڵدا بکات[٢٦].

ئەم جۆرە جوولانەوە هاوێردەیە کارێکی قووڵی دەکردە دەروونی بارزانی و گومانێکی لە دڵیدا دەخوڵقاند کەوا مەکتەبی سیاسی یا هەر هیچ نەبێ هەندێ لە ئەندامەکانی پێوەندییەکیان بەحکوومەتەوە هەبێ و لە پێشەوە لەگەڵی ڕێک کەوتبن کە ئەم ڕێگەیە بگرنەبەر. زۆری نەبرد دەرکەوت ئیبراهیم ئەحمەدە لە بنەوە ئەم هەڵوێستە بەڕێوەدەبا، چونکە ئەو باڵی بەسەر مەکتەبی سیاسیدا گرتبوو و هیچ کام لە ئەندامەکانی بێ فەرمانییان نەدەکرد و ڕەخنەیان لە هیچ کارێ نەدەگرت ئەو بیکردایە. ئەمەش بەڵگەی ئەو کینەیە بوو کە لە دڵی ئەم پیاوەدا بوو بەرانبەر بارزانییەکان بەتێکڕا و بەرانبەر بەبارزانی خۆی بەجۆرێکی تایبەتی.

لەلایەکی تریشەوە دەرکەوت کەوا ئیبراهیم ئەحمەد لە ڕێگەی عەقید عیسا پیژمانەوە کە یەکێک بوو لە ئەفسەرەکانی ساڤاک، پێوەندیی بەحکوومەتی شاشەوە هەبوو. شا گفتی بەئیبراهیم ئەحمەد دابوو کە ئەگەر بارزانی لەناوبرا، ئەو بکەوێتە نێوانەوە بۆ نەهێشتنی ناکۆکیی نێوان ئەو و بەعس. عیسا پیژمان ئەم گفتەی شای هێنابوو بۆ ئیبراهیم ئەحمەد و پێی ڕاگەیاندبوو.

ئێمە، وەک پێشتریش وتمان، پێشان وای بۆ دەچووین، کەوا ڕێککەوتنێکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و حوکمڕانانی بەعسدا هەیە، بەلاّم لەم پرسەی ئیبراهیم ئەحمەد و عیسا پیژمانەوە دەرکەوت ئەم ڕێککەوتنە لە نێوان ئەو و حکوومەتی شادا بووە.

ڕاستەکەی، من نازانم مەسەلەکە لەگەڵ ئەندامانی تری مەکتەبی سیاسیدا چۆن بووە؟ ئاخۆ لەم ڕێککەوتنەی نێوان ئیبراهیم و حکوومەتی شا ئاگەداربوون و پێی ڕازی بوون و، ئیبراهیم چۆن بڕوای پێ هێنابوون بەمە ڕازی بن؟ یاخۆ ئاگایان لەم پێوەندییانەی نەبووە و نەیاندەزانی چیی لە دڵدایە؟ من بەش بەحاڵی خۆم بەدووری نازانم لەم ڕاستییە ئاگەدار بووبن، ئەگینا هەڵوێستێکی تریان دەبوو. ئەوەش بزانین کە دووان لە ئەندامانی مەکتەبی

(٢٦) ئەمە بۆ نموونە لە شەهید ئیبراهیم ئەفەندی ڕووی دا لە دەشتی هەولێر و، لە فازڵ تاڵەبانی لە ناوچەی خانەقین و، لە تاریق ئەحمەد لە ناوچەی شوان. ئەمانە بێ پێچ و پەنا ڕێگەی ئەوەیان لێ گیرا کە بچن بەگژی دوژمندا.

سیاسی که نووری شاوەیس و عەلی عەبدوڵڵا بوون هیچ سەرکردایەتییەکی سوپاییبیان پێ نەسپێردرا، لە کاتێکدا کە عەلی عەسکەری لە ناوچەی پێنجوین و دوور لە بارەگای مەکتەبی سیاسی بوو و عومەر مستەفا دەبابەش لە ناوچەی پشدەر بوو و لە شەڕەکانی هەیبەت سوڵتانیشدا بەکردەوە بەشداریی لە شەڕدا کرد و هیچ دوودڵییەکیشی نەنواند. هەرچی جەلال تاڵەبانیشە ئەوە لەم سەردەمەدا لە ئەورووپا بوو.

پوختەی دواجاری قسە ئەوەیە قورساییی شەڕ لەو ماوەیەدا کە باسمان لێ کرد، بەسەرشانی تەنیا بارزانییەوە بوو، لە کاتێکدا بەرەی مەکتەبی سیاسی ئارام و خاووخلیچک بوو و بەهیچ جوولەیەکەوە خەریک نەبوو و، زۆر ئاسان بوو بەشی زۆری هێزی ئەو بەرەیە بگوازرێتەوە بۆ ناوچەکەی ئێمە. ئەمەبوو ئەو هۆیەی ساردیی خستە نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەدەوە و، ناکۆکی لەوێوە دەستی پێ کرد.

کاتێکیش کە شکستی هێزەکانی حکوومەت زۆر بوو و وەستاندنی شەڕ بوو بەڕاست و، سوپا و چڵکاوخۆرەکان لە ناوچەکە کشانەوە، ئەو کاتە ئیبراهیم ئەحمەد دەستی کرد بەبرووسکە ناردن بۆ بارزانی و، لە یادمە بارزانی گوێی نەدا بەو برووسکانە و وەڵامی نەدانەوە(٢٧).

(٢٧) ئەمە یەکێکە لەو برووسکانە:

بۆ بەڕێز مستەفا بارزانی

ژمارە/٤٤٧ مێژوو/ ١٠/ ١٠/١٩٦٣

سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، لەو برووسکانەی کە دەزگاکانی بێتەلمان وەریان گرتوون، بۆمان دەرکەوتووە کە حکوومەت دەستی کردووە بەکێشانەوەی ژمارەیەک لە فەوجە نیزامییەکانی بۆ کەرکووک. ئەم کشانەوەیە تێکڕا واتە کشانەوەیەکی گشتی لە ناوچەکانی بارزان. جگە لە برووسکەیە، لەم لا و لەو لاشەوە دەنگوباسمان پێ ئەگات لە بارەی گفتوگۆی جەنابتانەوە لەگەڵ حکوومەت. هەندێ کەسیش ئەم کشانەوەیە ئەبەستنەوە بەپێشکەوتنی گفتوگۆکەوە. لەبەرئەمە و، لەبەرئەوەی کە ڕێی تێ ئەچێ مەبەست لەم کشاندنەوەی هێزانە بۆ کەرکووک بەکارهێنانیان بێت بۆ هێرش بردنێک لە ناوچەیەکی تردا، پێویستە لەسەرمان هەر لە ئێستاوە خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەم ڕێ تێچوونە. بەڵام و بۆ ئەوەی بەتەواوی لەم جوولانەوە نوێیەی حکوومەت تێ بگەین، تکایە ئاگادارمان بکەن لەو گۆڕان و بەرەوپێش چوونەی بەسەر گفتوگۆکەدا هاتووە ئەگەر ڕاستە هەیە. هیوای سەرکەوتنمان بۆتان هەیە لە پێناوی کوردستاندا. ئیتر بۆ پێشەوە. تکایە وەڵامان بدەنەوە.

مەکتەبی سیاسی

(بارزانی وەڵامی ئەم برووسکەیەی نەدایەوە و پشتگوێی خست)

پاشان چەندین ڕاپۆرت لە کادیرەکانی پارتییەوە هاتن بۆ بارزانی هەموو ئاماژەیان بۆ نیازی بەدی لە دڵدا شاراوەی سکرتێری مەکتەبی سیاسی دەکرد کە ڕەواجی بەپەخشە و بڵاوکراوەی وا دەدا پڕ بوون لە گیانی دوژمنایەتی لەگەڵ بارزانی و خەباتی ئەو و، پێشەواییی ئەویان سووک دەکرد و بەهیچیان لەقەڵەم دەدا.

## بارزانی دەگوازێتەوە بۆ ناوچەی باڵەک

لە ڕۆژی ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا بارزانی بەرەو ناوچەی باڵەک کەوتەڕێ و منیش لەگەڵی بووم. ڕۆژی ١٣ی مانگ گەیشتینە گوندی گەزنە، هێشتا ئەوەندەمان نەمابوو بگەینە ناو ئاوایی، عەقید عەبدولکافی نەبەوی و فەرەنسۆ هەریری هاتنە پێشوازیمان و ڕاپۆرتێکیان لەبارەی بارودۆخی ناوچەکە و سەرکەوتنێکی پێشمەرگە لەم بەرەیەدا لە ڕۆژانی سەخت بوونی شەڕدا لە ناوچەی بارزان، دایە بارزانی. بارزانییش بەخێرهاتنێکی گەرمی لێ کردن و زۆر شادمان بوو بەو کارانەی کراون.

مەبەستی بارزانی گێڕانەوەی دەسەڵاتی پێشمەرگە بوو بەسەر هەردوو چیای هەندرێن و زۆزکدا کە وەک پێشتر باسمان کرد کەوتبوونە دەستی حکوومەت. عەقید کافی نەبەوی ئەم ئەرکەی هێنابووەدی و، ئەو دوو چیایە و چیای حەسەن بەگی بەیارمەتیی جەنگاوەرانی ناوچەی باڵەک و هێزێکی سرێشمە بەسەرکردایەتیی مەجید ئەحمەد شاباز کە ڕۆڵێکی گەورەی لە ناوچەی باڵەکدا هەبوو و، هێزەکانی عیزەتی سلێمان بەگی دەرگەڵەیی و چەند پەلێکی حزبی شیووعیی عێراق بەسەرکردایەتیی ملازم خدر و فاخیر حەمەد ئاغا مێرگەسۆری، پاش چەندین شەڕی سەخت کە سێ ڕۆژی خایاند - ڕزگار کرد و هیچ نیشانەیەکی دوژمنیان تێدا نەما. کە ئێمە گەیشتینە ئەو ناوچەیە دیمان لاشەی جاشە کوژراوەکان بەدرێژاییی ڕێگەی حەسەن بەگ هێشتا لەو ناوەدا کەوتبوون.

چەند ڕۆژێ لە گەزنە و گرتک ماینەوە، لەو ڕۆژانەدا مێوانی مەلا وەیسی گرتکی بووین کە مەلایەکی ناودار بوو و پایەیەکی تایبەتیی لای بارزانی هەبوو. پاشان چووین بۆ گەلاڵە و لەوێ چی پێویست بوو بۆ دامەزراندنی بەرەی ڕەواندزیش کرا و، ئەو ناوچەیە هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی ببێ بەبارەگای گشتیی سەرکردایەتیی شۆڕش.

هەر کە گەیشتینە دەوروبەری گوندی داروسەلام محەمەد نەجیب بەرواریمان پێ گەیشت

و ئاگەداری کردین کەوا کودێتایەک لە بەغدا ڕووی داوە. ئەوە لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا بوو.

## هێرشی ڕێژیم بۆ سەر چەمی ڕێزان

ڕۆژی یەکی تشـــرینی دووەمی ١٩٦٣ دوژمـن بەدوو لیـــوای سێ و پێنج کـــە پێکەوە کـــۆبووبـوونەوە، هێـرشی هێنا بۆ ســـەر بەرەی چەمـی ڕێزان. لە ســـەرەتای هێـرشـەکـەدا پێشمەرگە جوانترین فیداکارییان نوواند، بەڵام دوژمن توانیی بەهەفتەیەک ناوچەی چەمی ڕێزان و شـوان داگـیر بکا. باری تۆپۆگرافـیی ناوچەکـە یارمـەتیی بزووتنی تـانکی دەدا و حکوومەت نێزیکەی یەک کەتیبە تانکی خسـتە ئەو شەڕانەوە، پێشـمەرگەش چەکی دژە زرێی نەبوو، لەبەرئەوە دوژمن کشانەکەی زوو بۆ کرا و ئەنجامەکەشی لەناو مستدا بوو.

عەقید سەعید حەمۆ سەرکردەی ئەم هێرشە بوو. سەعید حەمۆ سەرکردەیەکی هیچ لێ نەهاتوو، شـایەنی ئەو هەمـوو دنیـادیدەیی و شـارەزاییـیە سوپاییـیە نییە کە داویەتە پاڵ خۆی و لە سایەی زۆریی ماشێن و هێزی ئاگر و زرێپۆش و بۆمبارانەوە نەبێ، تاقە یەک سەرکەوتنی سوپاییی وەدەست نەهێناوە. هەمیشە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێشـمەرگەدا هەڵاتووە، بەڵام هەر کە ئەم هۆ جەنگییانەی بۆ ئامادە کرابێ و پێشـمەرگە لە شوێنەکانی خۆی کشابێتەوە و چۆڵی کردبن، ئەم هاتووەتە پێشەوە بۆ داگیرکردنیان تا پاشان دەست بداتە خۆ هەڵکێشان و لاف لێدان بەو دەسکەوتانەوە کە گوایە ئەو وەدەستی هێناون و لە ڕاستیشدا هیچ دەستێکی لە هێنانەدییاندا نەبووە. یەکێک لە قارەمانەتییەکانی ئەوەیە خەڵکی بێ گوناهی دەگرت و دەستی دەکرد بەجەزرەبەدانیان بۆ بەزۆر زانیاری لێ ستاندن لە بارەی جموجووڵی پێشمەرگەوە، وەک خۆی لە لاپەڕە ١٢٢ی کتێبەکەیدا کە ناوی لێ ناوە «یاداشـتـەکـانی فـەرمـاندەری لیـوایەکی پیـادە» دانی پێدا ناوە و تێـیـدا دەڵێ: جارێکیان شوانێکی ساویلکەی گرتووە و لێی داوە و جەزرەبەی داوە.

پاش داگیـرکـردنی چەمی ڕێزان ئیـتـر شـەڕێکی بایەخدار ڕووی نەدا و، عـەبدوسـەلام عـارفـیش کـودێتـاکـەی خۆی لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا کـرد و دەسـەڵاتی گـرتە دەست.

## بەشی حەوتەم

# کودێتای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣

دە مانگ بەسەر کودێتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا تێ نەپەڕیبوو، ناکۆکی لە نێوان سوپایی و حەرەس قەومی و بەعسی و ناسرییەکاندا پەرەی سەند. بەعسییەکان دەستیان بەسەر هەلومەرجەکەدا گرت و کۆمەڵێکی هەڵبژاردەیان لە ئەفسەرە ناسرییەکان گرت و، لە گرتووخانەیان توند کردن و، هەندێکیان بەبیانووی ئەوەوە کە نیازیان بووە کودێتایەک لە دژی بەعس بکەن، لەژێر ئازار و سزاداندا لەناوبردن. دۆخەکە هەر بەم جۆرە مایەوە تا کێشە لە نێوان دووقۆڵەکەی بەعس خۆیدا بەرپابوو و بەکودێتایەکی بەعسییانەی نوێ بڕایەوە. لە کاتی بەسرانی کۆنگرەی هەرێمایەتیی شەشەمدا لە بەغدا ناکۆکییەکی توندوتیژ لەنێوان ئەوانەدا کە بە بەعسی ڕاسترۆ ناسرابوون و ئەوانەی بە بەعسی چەپڕۆ ناسرابوون ڕووی دا. بەعسی ڕاسترۆ بەسەرکردایەتیی ئەحمەد حەسەن بەکر و ساڵح مەهدی عەماش و، بەعسی چەپڕۆ بەسەرکردایەتیی عەلی ساڵح سەعدی بوو.

لە ١٨ی تشرینی دووەمیشدا شەڕێکی خوێناوی لەنێوان بەعسییەکان خۆیاندا هەڵگیرسا.

ڕای گشتیی عێراق لە حوکمی بەعسییەکان بێزار بووبوو، بێزی لە تاوان و کردەوەکانیان دەهاتەوە. هەل ڕەخسابوو بۆ ئەوەی سوپا دەستی خۆی تێوەردا و، عەبدوسەلام بەیارمەتیی سوپا و ئەفسەرە گەورەکانی و سەرکردەی فیرقەکان و بەڕێوەبەری بزاوت (حرکات) سوبحی عەبدولحەمید و سەرکردەی هێزی ئاسمانی حەردان عەبدولغەفار تکریتی، ئەو هەلەی قۆستەوە. شەڕ لە شەقامەکانی بەغدا لە نێوان هێزەکانی سوپا و حەرەس قەومیدا هەڵگیرسا و عەبدوسەلام کەوتە ڕاوکردنی یەک بەیەکیان.

تاخمی سەرکەوتوو لەم شەڕەدا ئەوەی مەبەست بوو کۆشکی دەوڵەتی تەپیو بینا بکاتەوە و بایەخ بەچارەسەرکردنی گیروگرفتە گەورەکان بدا کە لە سۆنگەی پاشاگەردانیی حوکمی بەعسەوە پەیدابووبوون، لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی حکوومەت هەوڵیان دەدا لێرە و

لەوێ هەندێ کاری سوپاییی کەم دەرەتان لە بەرەکانی شەڕدا بکەن کە هیچیان سەرنەکەوتن. لە ناوچەی باڵەکیش بارزانی دۆخی گوندەکانی بەسەرکردەوە و تا حاجی ئۆمەران سەرکەوت. سبەینێی ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ کە خەریک بووین زینی شێخیمان بەجێ دەهێشت تا بڕۆین بۆ حاجی ئۆمەران، من ڕادیۆکەم کردەوە، گۆرانیبێژ محەمەد عارف جەزراوی گۆرانیی دەوت، لەپڕ هەواڵی کوشتنی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جۆن کەنەدیم بەرگوێ کەوت. بەپەلە چووم بۆ لای باوکم و هەواڵەکەم پێ گەیاند. باوکیشم نیگەرانیی خۆی سەبارەت بەو هەواڵە دەربڕی و وتی: کەس لە مردن دەربازی نابێ و سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانیش لەم یاسایە بەدەر نییە. بۆ شەو ناردی بەدوای بەڕێز ئەحمەد تۆفیقی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا و، برووسکەیەکی دایە دەست بۆ پرسە و سەرەخۆشی بەبۆنەی کوژرانی سەرۆکی ئەمەریکاوە و جەختی لەسەر کرد کە بیگەیەنێت بەباڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تاران.

## ڕێژیمی نوێ داوای گفتوگۆ لەگەڵ شۆڕشدا دەکات

ساڵی ١٩٦٣ ساڵی تاقیکردنەوەی بەنرخ بوو بۆ گشت لایەنەکان. یەکێک لەو تاقیکردنەوانە ئەوەبوو بۆ حوکمڕانانی بەغدا ئیسپات بوو کەوا لە تواندا نییە شۆڕش بەبەکارهێنانی هێز لەناوببرێ و، لێک گەیشتن و گفتوگۆ تاقە ڕێگەی چارکردنی ناکۆکییەکانە. هەروەها بۆ هەموو گەلی کوردیش ئیسپات بوو کەوا شۆڕش دەمێنێ و پایەی مەحکەمە و بەهیچ جۆرێ ڕێگەی کوژاندنەوەی نییە و بەردەوامیی شەڕیش بەلایەکە هەردوو میللەت دەگرێتەوە. بەڵام لەسەرێکی تریشەوە پێویست بوو شۆڕشیش هەناسەیەکی ئارامی بۆ خۆی بدات و، ماوەیەکی حەسانەوەی بۆ بڕەخسێ تا هێزەکانی خۆی تیادا ڕێک بخاتەوە و ڕیزەکانیی تێدا پتەو بکاتەوە و، گەلی کوردیش هەروەها پێویستی بەماوەیەکی ئارامی هەبوو پشوویەکی تێدا بدات و برینەکانی خۆی تیمار بکات و سارێژ بکاتەوە و، دەستێ بەباری ئابووریی خۆیدا بهێنێتەوە کە شەڕ بەهەموو جۆرێ زیانی پێ گەیاندبوو. بەم جۆرە لە سەرەتای کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا نووری شاوەیس و جەلال تاڵەبانی هاتن بۆ لای بارزانی و، لەگەڵی مانەوە و پاشان لەگەڵی چوون بۆ ڕانیە.

لە ١٦ی کانوونی یەکەمدا بەڕێز ئەسکەندەری ئەرمەنی کە یەکێک بوو لە دۆستە هەرە

ئازیزەکانی بارزانی و پایە و پلەیەکی هەبوو لای، هات بۆ سەرلێدانی. کاتێ کە بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣دا بەدوورخراوەیی لە سلێمانی دەژیا، ئەسکەندەر دەرمانخانەی هەبوو لەوێ، ئەسکەندەر لە هەمان کاتدا یەکێک بوو لە دڵسۆزەکانی شێخ بابەعەلیی شێخ مەحموود و هەردووکیشیان لەگەڵێ کاری بازرگانیدا هاوبەشی یەک بوون.

ئەسکەندەر گەیشتە گەلاڵە و لە گوندی ناو کێلەکان لەگەڵ بارزانی کۆبووەوە و نامەیەکی بابەعەلیی دایە، ئەوەی تێدابوو کە حکوومەت پێخۆشحاڵە گفتوگۆیەک لەگەڵ بارزانیدا بکات[١].

بارزانی لەم بارەوە گفتوگۆی لەگەڵ نووری شاوەیس و جەلال تاڵەبانی و عەقید

(١) ئەمە دەقی نامەکەیە:

زۆر موحتەرەم برای خۆشەویستم جەنابی مەلا مستەفا

بەدڵ تەمەننای سحەت و خۆشیت و مووەفەقیتان بەدائیم لە خوا داوا ئەکەم

لە دوا تەتەوری دوایی لە سیاسەتی عێراقدا وا تێ ئەگەم فرسەتێکی گەورەتر هاتووەتە پێش بۆ حەللی موشکیلەی خۆمان لە ڕێیەکی سلمیەوە و، بۆ ئەم جهەتەیشە رەئیس وزەرا ناردی بەشوێنما دوای موزاکەرەکردن لەم ڕووەوە رەئیس جمهوریشم چاو پێ کەوت و هەردووکیان بەگەرمەوە ئیزهاری ئیستیعدادیان کرد بۆ ئەم حەللە سلمییە و هەروەها تەکلیفیان کردم ئەم خەبەرە لە جەنابت بگێڕمەوە.

بەدڵ خۆم ویستم ئیستفادە لەم فرسەتە بکەم و شەخسی بێم بۆ بینینتان بەڵام مەعەلئەسەف نارەحەتی وجودم بوو بەمانع و لەجیاتی خۆم برای هەردوولام ئەسکەندەرم تەکلیف کرد و بەکەمالی سروورەوە قبولی کرد بێتە خدمەتتان و ئینشائەڵڵا پێتان شاد ئەبێ بەخۆشی. ئەسکەندەر وەکو هەموو ئەیناسین تەنها حیسی برایەتی و خۆشەویستی وڵاتە کە ئەیخاتە سەر ئەم ڕێیە خۆی تووشی ئەم نارەحەتییە بکات و بەم سەرماوسۆڵەیە ئەم ڕێ دوورە بگرێتەبەر و شەخسی لە هەموو ڕوویەکەوە من سفارشم کردووە دەرهەق بەئەوزاعی ئێرە ئیستە وام دی ئەمیش عەلاوە بکەم کە لەو ڕۆژەوە بەهارێ لە سەروچاوە بەخدمەتت گەیشتم تا ئەمڕۆ تەتەورێکی وا نەبووە ئەو شتانەی عەرزم کردیت ئەوسا ئێستە شتێکی تری عەلاوە بکەم ئەمجا لەبەر ئەمانە ئێستەیش موسڕم لەسەر رەئی خۆم کە مەسڵەحەتی قەومی کوردی عێراق ئەمڕۆ وا تەقازا ئەکات جەنابت لە کاروباری ڕێکەوتندا تەساهول بکەیت.

ئیتر خوا بتانهێڵی بۆ ئەم برایەتان و هەروەها بۆ هەموو کوردێک و رجا دەکەم ئیحترامم تەقدیمی خزمان و برا عەزیزەکان بفەرموو.

برای بچووکت
بابە عەلی
١٩٦٣/١٢/٩

وێنەی نامەکە لە پاشبەندی ژمارە (١٦)دایە لە بەشی پاشبەندەکاندا

عەبدولکافیدا کرد و، وەڵامێکی نامەکەی شێخ بابەعەلی ئامادەکرا و بەخەتی نووری شاوەیس نووسرایەوە. لەو شتانەی لەو وەڵامنامەیەدا نووسرابوون، ئەم ڕستەیە بوو: «ئامادەین بۆ پێشوازی لە وەفدی ڕەسمیی حکوومەت و دەستکردن بەگفتوگۆ لەگەڵیدا لە ناوچەی ڕانیە ئەگەر وەفدەکە ویستی بێت»(٢).

ئێمە چووشین بۆ دۆڵە ڕەقە و بەمێوانی لای مەلا عوسمانی پڵنگان کە یەکێک بوو لە دۆستە نێزیکەکانی بارزانی و، ئینجا عەباس ئاغای مامەند ئاغای سەرۆک خێڵی ئاکۆ و دۆستی نێزیکی بارزانی دابەزین و تا ٣ی کانوونی دووەمی ١٩٦٤ لەوێ ماینەوە و پاشان چووین بۆ سەنگەسەر. لە سەنگەسەر بووین ڕێژیم داواکەی خۆی لە ڕێگەی عەمید عەبدولعەزیز حەمید چەلەبیی فەرماندەری هێزی فائیزەوە دووبارە کردەوە.

نامەکە داوای کردبوو وەفدێکی کورد بڕوا بۆ بەغدا چونکە هیچ پێویستییەک بەوە نییە وەفدێکی حکوومەت، بەهیچ جۆرێک بڕوا بۆ ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، لە وەڵامەکەی ئێمەشدا بۆ نامەکەی عەبدولعەزیز چەلەبی هێنابووی، وترابوو: ئێمە ئامادەنین هیچ وەفدێ بنێرینە لاتان. دوا وەفد کە ناردمان بۆ لاتان ئەندامەکانیتان گرت و بەتوندی زیندانیتان کردن و هێشتا هەر لە زیندانن، کەچی ئەوان لە پایەی مێوانی شەرەفدا بوون. بەوە هەموو داوونەریتێکی نێودەوڵەتان و هەموو پێویستییەکانی خۆش مێوانداریتان

(٢) دەقی نامەکە:
١٩٦٣/١٢/٢٦
برای ڕێزدارم شێخ بابەعەلی
سڵاوێکی گەرم
هیوام وایە لە تەندروستییەکی باش و بەختیارییەکی پایەداردا بن. نامەکەی ڕۆژی ١٩٦٣/١٢/٢١تانم پێ گەیشت. وەک دەزانن ئێمە هەمیشە دژی خوێنڕێژی و شەڕ بووین و هەمیشە بەهیوای ئەوە بووین ڕادەیەک بۆ ئەم شەڕە و ئەم بارودۆخە هاوێردەیە دانێین، بۆیە و لەبەر ڕووناکی ئەم ڕاستییەدا کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ گشت دۆستەکانمان کرد. هەر بەم گیانەش ڕای دەگەیەنین کەوا ئامادەین بۆ پێشوازی کردنی وەفدی ڕەسمیی حکوومەت و دەستکردن بەگفتوگۆ لەگەڵ کردنی لە ناوچەی ڕانیە ئەگەر وەفدەکە ویستی بێت. بۆ ئەوەش کە وەفدەکەی حکوومەت بەسەلامەت بگاتە جێ، تکامان وایە دۆستانمان لە ڕانیە ئاگەدار بکەن لە کاتی گەیشتنی وەفدەکە، تا کاری گەیشتنی بۆ لای ئێمە ئاسان بکەین.
سڵاو و ڕێزم دووبارە دەکەمەوە لەگەڵ هیوام بۆ سەرکەوتنتان.
سەرنج: هەموو ئەو ڕاسپێرییانەی بەکاک ئەسکەندەردا ناردبووتانن، هەموو گەیشتن و لێیان حاڵی بووین.
براتان
بارزانی مستەفا

پێشێل کرد. له حەدیسی پیرۆزی پێغەمبەریشدا هەیە کەوا «موسوڵمان له کونێکەوە دووجار مار نایگەزێ». لەگەڵ ئەمەش ئێمە گفتتان دەدەینێ کەوا وەفدەکەتان بەهەموو ئەو پێویستییانەوە پێشوازیی لێ بکرێ کە ئەرکی مێوانداری و رەوشتی بەرز پێویستیان دەکا و، بەپێچەوانەی ئەو سەرەنجامەی تووشی وەفدەکەی ئێمە بوو». پتر، گومانم بۆ ئەوە دەچێ ئەم نامەیە بەقەڵەمی عەقید عەبدولکافی نەبەوی نووسرابێ.

رۆژی ١٩ی کانوونی دووەم کۆبوونەوەیەک لە ماڵی محەمەدئەمین ئاغا لە گوندی گربداغ(٣) کرا هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردەکانی سوپای شۆرش و هەموو ئەو سەرۆک خێڵانەی تێدا بەشداربوون کە لەو ناوچەیەدا بوون. لەو کۆبوونەوەیەدا لەو داخوازییانە کۆڵرایەوە کە دەخرانە بەردەمی وەفدی حکوومەت ئەگەر گەیشتە ئەوێ.

بێتەلی بارەگای بارزانی برووسکەیەکی فیرقەی دووی لە ٢٨ی کانوونی دووەمدا وەرگرت و بارزانیی لێ ئاگەدار کرا، لەو برووسکەدا وترابوو کەوا وەفدێکی حکوومەتی رۆژی ٣٠ی مانگ بەباڵەفڕەیەکی هێلیۆکۆپتەر دەگاتە رانیە.

## گەیشتنی وەفدەکە بۆ رانیە

لەو رۆژەدا کە دیاری کرابوو بۆ پێشوازی کردنی وەفدی حکوومەت، بارزانی بۆ خۆشی گەیشتە رانیە و ماڵی حەسەن کانەبی دەستنیشان کرا بۆ ئەوەی دوو وەفدەکەی تێدا کۆببێتەوە. جەلال تاڵەبانی و کەسانێکی تر چوونە ئەو شوێنەی باڵەفڕەی وەفدەکەی حکوومەتی لێ دەنیشێتەوە. وەفدەکە لە سەعات ١٠ی بەیانیدا گەیشتە جێ. شتێکی چاوەڕوان نەکراو و لەپڕبوو بۆ هەمووان کە دیبیان وا شێخ ئەحمەدی بارزانی لە باڵەفڕەکە دادەبەزێ. جەلال تاڵەبانی کە ئەمەی دی بەپەلە رۆیی بۆ لای بارزانی کەوا مژدەی هاتنی شێخ ئەحمەدی برای بداتێ، بارزانیش راست بووەوە و بەپەلە هات بۆ پێشوازی لێ کردنی شێخ ئەحمەد. دیتنی شێخ ئەحمەد، بەش بەحاڵی ئێمە، دیارییەکی نایاب بوو لە نرخاندن نەیەت. وەک دەرکەوت عەبدوسەلام قورئانێکی لەگەڵ نێردەکەیدا ناردبووە لای شێخ ئەحمەد تکای لێ کردبوو لەگەڵ وەفدەکەدا بڕوا بۆ رانیە.

(٣) محەمەدئەمین گربداغ یەکێک بوو لە پیاوماقووڵانی خێڵی میراودەلی و گوندەکەی کەوتبووە نێزیکی قەڵادزێ، بارزانی بوو بە مێوانی ئەو کە بەراستی زۆر خانەدان بوو و بەدرێژایی ئەو ماوەیە خزمەتێکی زۆری پێشکێش کرد.

عەبدوسەلام بۆیە لەسەر ئەوە سووربوو کە شێخ ئەحمەد لەگەڵ وەفدەکەدا بێ چونکە ئەو قسەیەی لەناو خەڵکدا باوبوو، بەرگوێ کەوتبوو گوایە بارزانی بەهیچ کلۆجێ فەرمانی شێخ ئەحمەدی برای ڕەت ناکاتەوە، ئەوەش ڕاستییەکی تەواو بوو. عەبدوسەلام بەهیوای ئەوەبوو شێخ ئەحمەد پاڵەپەستۆ بخاتە سەر مەلا مستەفای برای بۆ ئەوەی چەند داخوازییەکی دیاریکراو هەبوون پەسندیان بکات و پێیان ڕازی ببێ، بەڵام هەموو ئەوەی لەم بوارەدا لە شێخ ئەحمەدەوەی دەستگیر بوو ئەوەبوو کە شێخ ئەحمەد وتی: ئاشتەوایی گەورەی گشت حوکمەکانە و ئێوە خۆشتان باشتر دەزانن چی دەکەن.

هۆی دووەمی ناردنی شێخ ئەحمەد لەگەڵ وەفدەکەدا ئەوەبوو عەبدوسەلام، لە بارزانی بەگومان بوو، شارەزای خو و ڕەوشتی بارزانی نەبوو، لای وابوو بارزانی ئەندامانی وەفدەکە دەگرێ و لای خۆی دەیانهێڵێتەوە تا ئاڵوگۆڕیان پێ دەکا بەئەندامانی وەفدەکەی کورد کە لە بەغدا لە بەندیخانە گیرابوون و، بوونی شێخ ئەحمەد لە چوارچێوەی وەفدەکەی حکوومەتدا ڕێی ئەوەی لێ دەگرێ کارێکی وا بکات.

ئەمەش کاری ئەو جۆرە کەسانەیە خەڵکی تر لە نەینۆکی خۆیاندا دەبینن، دز هەموو کەسێکی لا دزە و درۆزن هەر کەسێ گفتێکی بداتێ بەدرۆزنی دەزانێ و هەر بەم جۆرە...

سەرۆکی وەفدەکەی حکوومەت عەمید عەبدوڕەزاق سەید مەحموودی پارێزگاری سلێمانی[٤] بوو. دیاربوو عەبدوسەلام دەسەڵاتێکی بەرەڵا و بێ سنووری دابوویە و ڕای سپاردبوو هەموو هەوڵ و تەقەلایەک بدات بۆ ئەوەی بگاتە ڕێککەوتنێک ئیتر هەرچەندی تێ بچێت.

گفتوگۆ تا ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ی خایاند کە ڕۆژی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە بوو. وەفدەکەی حکوومەت لەو ماوەیەدا دووجار گەڕایەوە بۆ بەغدا، جارێکیان لە پێنجی مانگدا و جارێکیان لە حەوتی مانگ. لە ڕاستیدا حکوومەت مەبەستی لەم ڕێککەوتنە ئەوە نەبوو ڕادەیەک بۆ ناکۆکی و هەراکە دانێ، بەنەرێتەکەی خۆی تەنیا ئەوەی دەویست

(٤) وەفدەکەی حکوومەت عەمید عەبدولعەزیز چەلەبیی فەرماندەری هێزی فائیز و عەقید سالم فەرماندەری شوێن (موقع)ی سلێمانیشی لەگەڵدا بوو. لەکاتێکدا کە وەفدی کورد لە نووری سدیق شاوەیس و جەلال تاڵەبانی و عەقید عەبدولکافی نەبەوی و مەسعوود محەمەد و عەباسی مامەند ئاغا پێک هاتبوو. بڕیاریش درابوو پرس و ڕاوێژ لەگەڵ هەندێ لەو سەرۆک خێڵانەش بکرێ کە لەوێ ئامادەبوون.

کاتی دەست کەوێ و، وەنەبێ ئەمەش شاراوە بووبێ لە بارزانی و تێی نەگەیشتبێ، بەڵام کوردستانیش وەک حکوومەت پاش ئەو شەڕە سەختانەی هەموو ساڵی ڕابردوویان گرتەوە و، پاش ئەو هەموو زەرەر و زیانەی بەتایبەتی لەلایەنی ئابوورییەوە تووشی خەڵکەکە هاتبوون، پێویستییەکی زۆری بەشەڕ ڕاگرتن هەبوو. هیوای ئەوەش لە کایەدا بوو کە ڕێککەوتنەکە بژاردنەوەی زەرەر و زیانی خەڵکیش بگرێتەوە نەخوازەڵا ئەو جووتیارانەی ئاوی ئەستێڵی دەربەندیخان و دووکان زەویوزاری داپۆشیبوون و کشتوکاڵی لەناوبردبوون. کاتی خۆی حکوومەتی قاسم گفتی ئەو بژاردنەوەیەی دابوو، بەڵام هەڵگیرسانی شۆڕش و ڕووداني شەڕ دەرفەتی جێبەجێکردنی ئەو گفتەی نەدا. بارزانی دەستی لە داڕشتنی ڕێککەوتننامەکە وەرنەدا چونکە هەر لە بنەڕەتەوە باوەڕی بەگفتەکانی حکوومەت نەبوو، چوار کەسەکەی ئەندامی وەفدی کورد، واتە نووری و جەلال و مەسعوود و عەبدولکافی لە داڕشتنیدا بەشداربوون.

بەیانی ڕێککەوتنەکەیان لە دوا داڕشتنیدا لە ١٠ی شوباتدا هێنا بۆ بارزانی و ئیمزای کرد. بۆیە ئەوەندەی پێ چوو، چونکە ناکۆکییەکی گەورە لەبارەی یەکێک لە بڕگەکانییەوە ڕووی دا پێوەندیی بەو ڕستەیەوە هەبوو کە قەوارەی کوردی لەو دەستوورە کاتییەدا پێ دەسەلمێنرێ کە لەوەو پاش دادەنرێ.

عەبدوسەلام عارف و هەموو ئەندامانی حکوومەتەکەی لەسەر ئەوە سووربوون کە ڕستەکە بەم جۆرە بێ:

«دەوڵەت دان بەمافی هاونیشتمانەتیی کوردەکاندا دەنێ»

لە کاتێکدا کە وەفدی کورد، بەپشتیوانیی بارزانی سووربوو لەسەر دانە دواوەی ئەو ڕستەیە و گۆڕینی بەم ڕستەیە:

«دەوڵەت دان بەمافە نەتەوەییەکانی کوردەکاندا دەنێ»

گفتوگۆ لەبارەی ئەم پرسەوە درێژەی کێشا و وەفدەکەی حکوومەت ڕای دوایی خۆی نەدا و لە ٧ی شوباتی ١٩٦٤دا گەڕایەوە بۆ بەغدا و، پاشان هاتەوە و ڕەزامەندیی حکوومەتی لەسەر ئەو جۆرە داڕشتنە کە وەفدی کورد پێشنیازی کردبوو، لەگەڵ خۆیدا هێنا. بەم هۆیەوە بوو ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی شەڕ وەستاندن تا ١٠ی شوبات دواکەوت.

پاش ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامە و ئاگروەست و جاڕی ڕاگرتنی شەڕ[٥]، جەمال

(٥) دەقی بەیاننامەکەی حکوومەتی عێراق:

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

بەپێی ئەوەی کە بەرژەوەندی گشتی پێویستی دەکا و بۆ بەدەنگەوەچوونی برا کوردەکانمان کە لە بانگەوازەکەی مەلا مستەفای بارزاندا هاتووە و، لەبەرئەوە کە ئێمەش ئارەزوومان لە گێڕانەوەی ژیانی ئاساییە بۆ بەشی باکوری نیشتمانی خۆشەویستمان و، لە دانانی ڕادەیەک بۆ هەوڵ و تەقەلای ئیمپریالیزم و کلکەکانی و، لە دوابڕینی چەوسێنەوان و لە هەلگەڕاوان و، بەنیازی ڕاگرتنی ڕژانی خوێنی بێ گوناه و، بەپێی ئەوەی کە بەرژەوەندی بەرز لەسەرمانی پێویست دەکا، بڕیاری ئەم خاڵانەی خوارەوەمان دا:

یەکەم- دانان بەمافە نەتەوەیییەکانی برا کوردەکانمان لە چوارچێوەی گەلی عێراقدا لە یەک یەکێتیی نیشتمانیی برایدا و جێگیرکردنی ئەمە لە دەستووری کاتیدا.

دووەم- بەرەڵڵاکردنی گیراو و دەستبەسەر (محجوز) و حوکمدراوان بەهۆی ڕووداوەکانی باکورەوە و، دەرکردنی لێبووردنی گشتی و هەڵگرتنی دەست بەسەرداگرتنی زیندەماڵ و مردەماڵی ئەو کەسانەی پێشتر دەست بەسەر ماڵیاندا گیراوە.

سێیەم- گێڕانەوەی بەڕێوەبەرێتییە ناوخۆییەکان بۆ ناوچەکانی باکور.

چوارەم- گێڕانەوەی کاربەدەستان و مووچەخۆران.

پێنجەم- هەڵگرتنی ئەو ڕاگیرانەی لەسەر ناردنە بازاڕی هەر جۆرە مایەیەکی خواردەمەنی دانراوە.

شەشەم- دەستکردن بەئاوەدانکردنەوەی ناوچەی باکور هەر لە ئێستەوە و پێکهێنانی جۆرەها لیژنە بۆ ئاسانکردنی ئەو زەحمەت و قورساییانەی دێنە ڕێیان لەبارەی خۆگیرکردن بەکاری ڕۆتینییەوە لەگەڵ سەرنجدانی بژاردنی زیانی ئەوانەی زیانیان تووش هاتووە.

حەوتەم- بۆ بژاردنەوەی زەویوزاری ئەو خاوەن زەویوزارانەی بەهۆی دروستکردنی ئەستێڵی دووکان و دەربەندیخانەوە زەویوزارەکانیان کەوتووەتە ژێر ئاو بە بۆ بژاردنەوەیەکی دادپەروەرانە.

هەشتەم- کردنی ئەوەی پێویست بێ بۆ گێڕانەوەی هێمنی و ئارامیی ناوچەی باکور، ئێمە داوا لە برا کوردەکانمان دەکەین بگەڕێنەوە بۆ سەر ژیانی ئاساییی خۆیان بۆ ئەوەی لە خێروبێری ئەم وڵاتە بەهرەمەند بن و، ڕیزەکانی خۆیان لە ڕووی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و کلکەکانیدا یەک بخەن. با برا کوردەکانمان بزانن کەوا ئێمە کار دەکەین بۆ هەرچی شتێک کە مافە بەجێکانیان وەک هاونیشتمانانی تری کۆماری عێراق- دابین بکا. خواش لەولای مەبەستمانەوەیە.

نۆیەم- لەسەر هەموو وەزارەتە پێوەندیدارەکان پێویستە هەر مەرسووم و فەرمان و ڕێنوێنییەک پێویست بێ بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی لەم بەیانەدا وتراوە - دەر بکەن.

ئیمزا: عەبدوسەلام محەمەد عارف
سەرکۆمار

ئەمەش بەیانە وەڵامییەکەی مستەفا بارزانی:

بەمەبەستی بەدەنگەوە هاتنی حەزی بەڕێز سەرکۆمار مشیر ڕوکن عەبدوسەلام محەمەد عارف لە پاراستنی یەکەتیی ڕیزی نیشتمانی و نەهێشتنی ڕژانی خوێنی بێ گوناهان و دوایی پێ هێنانی =

عەبدوناسر نامەیەکی لە ڕێگەی ئەندازیار شەوکەت ئاکرەییەوە نارد پێخۆشحاڵیی خۆی تێدا دەربڕیبوو بەو ئەنجامەی هەردوولا پێی گەیشتبوون.

بارودۆخی کوردستان پاش وەستاندنی شەڕ زۆر باشتربوو، حکوومەتیش زەویوزاری ژێر ئاوی ئەستێڵی دەربەندیخان و دووکان کەوتووی جووتیار و وەرزێرەکانی بۆ بژاردنەوە و، کوردستان بۆ ماوەیەک پشوویەکی ئارامیی دا و شانی بۆ حەسانەوەیەک شل کرد کە زۆر پێویستی پێی بوو، گیراوەکانی هەردوولاش بەرەڵلا کران. هەروا ئەندامانی وەفدی کوردیش ئازادبوون و لە ١٦ی شوباتی ١٩٦٤دا گەیشتنە سەنگەسەر کە ئەمانەبوون: ساڵح یووسفی و شاخەوان شوان و عەبدولحوسێن فەیلی و عەگید سدیق و مستەفا عەزیز.

## سەردانە حکوومەتییەکان لە بارزانی

پاش ڕێککەوتنەکەی شوبات، ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسە حکوومەتییەکان هاتن بۆ ڕانیە بۆ چاوپێکەوتنی بارزانی، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسی عێراقی و عارەب و بێگانەش بەسەر ناوچەی شۆڕشدا دابارین. یەکێ لەو وەفدە حکوومەتییانەی لە ١١ی ئاداری ١٩٦٤دا هاتن، وەفدێکی گەورە بوو(٦) ئەوەندەی لەبیرم مابێ بۆ پرسی

= شەڕی براکوژی و، لەبەر دەرکەوتنی نیازپاکیی دەسەڵاتی حوکمڕان، بڕیارمان دا دەستپێشخەری بکەین بۆ وەستاندنی شەڕ و داوا لە براکانم بکەین بگەڕێنەوە بۆ شوێنی دانیشتنی خۆیان و بگەڕێنەوە بۆ سەر ئیشوکاری ئازاد و مەردانەی خۆیان. بەمە دەرفەتی دەسەڵاتی نیشتمانی دەدەن کەوا دەستپێشخەری بکا بۆ هەنگاونانی وا کە گێڕانەوەی ژیانی ئاسایی و ئاسایش و ئارامیی بۆ ناوچەکە پێ دابین ببێ و هەلی جێبەجێکردنی مافە نەتەوەییەکانی هاونیشتمانە کوردەکانیش لە چوارچێوەی گەلی عێراق و لە یەک یەکەتیی نیشتمانیدا بڕەخسێ و، برایەتیی عارەب و کورد لەسەر پتەوترین بنەما دارێژرێ بەجۆرێ کە لەوەی بپارێزێ لاوازیی تووش ببێ و، لە ڕووی فڕوفێڵ و پیلانی ئیمپریالیستییەکان و هەلپەرستان و چاوچنۆکاندا قایم و پتەوی بکات و با هەموو کەسیش بزانێ سەروەریی یاسا و دابینکردنی هێمنی و ڕێکوپێکی لە ناوچەکەدا هەموو گیروگرفتێکمان بۆ چارە دەکات هەرچەند قورس و گرانیش بێ.

خوا هەنگاوی دڵسۆزان پتەو بکات و ڕەنج و تەقەلایان بۆ ئەو یەکەتی و شان و شکۆ و گەشەکردنەی بۆ گەل و نیشتمانیان دەوێ، سەربخا. خواش لەولای مەبەستەوەیە.

ئیمزا: بارزانی مستەفا

(٦) وەفدەکە لە عەمید ڕەشید موسڵیحی وەزیری ناوخۆ و لیوا عەبدوڕەحمان عارفی جێگری سەرۆکی ئەرکانی سوپا و، ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنسارییی سەرکردەی فیرقەی دوو و، سەعید قەتانی سەرکردەی فیرقەی چوار و عەبدوڕەزاق سەیید مەحموودی پارێزگاری سلێمانی – پێک هاتبوو.

گێڕانەوەی بەڕێوەبەرێتییە حکوومەتییەکانی ناوچەکە و جەخت لەسەرکردنی ئەوە هاتبوو کە حکوومەت بەڕاستی دەیەوێت ڕێککەوتنەکەی شوبات جێبەجێ بکات.

ڕۆژی یەکی ئایاریش وەفدێکی تر(٧) هات بەمەبەستی وەرگرتنەوەی ئەو چەکە قورسانەی پێشمەرگە لە شەڕی ١٩٦٣دا دەستیان کەوتبوون، بەتایبەتی دوو تۆپی ئەندازە ٧٥ ملم. وەفدەکە لای بارزانی زۆر لەسەر ئەم پرسە ڕۆیی و تکای دەکرد بیاندەنەوە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی دەستگیر نەبوو. لە دووی حوزەیرانیشدا تاهیر یەحیا کە لەوکاتەدا سەرۆکی وەزیران بوو، بەسەرۆکایەتیی وەفدێکی تری گەورە(٨) هات بۆ ڕانیە و، لە خەلەکان پێشوازی لە وەفدەکە کرا و بارزانی لە پێشوازییاندا بوو(٩). ئەمە گەورەترین و گرینگترین وەفد بوو تا ئەودەمە هاتبێ بۆ کوردستان.

هەردوو وەفد گەیشتنە ڕانیە و تا شەو گفتوگۆیان کرد. بارزانی بەڕێوەبردنی گفتوگۆکەی لە لایەنی شۆڕشەوە بەئیبراهیم ئەحمەد سپارد. بەشی زۆری گفتوگۆکە لە بارەی ئەو دەستووری کاتییەوە بوو کە لە ٤ی ئایاری ١٩٦٤دا بڵاوکرابوو و، لە ئاوات و هیواکانی گەلی کوردەوە دووربوو، ئەوەش بوو بەبەڵگەیەک کەوا حکوومەت بەڕاستی نییە و هیچ چارەیەکی بۆ گیروگرفتی کورد لەلا نییە، ڕاستەکەشی ئەوەیە ئەوانە و بەتایبەتی هادی خەماسی بەڕێوەبەری هەواڵگری و سوبحی عەبدولحەمیدی وەزیری ناوخۆ کە دووان لە تەوەرەکانی نەتەوەچییە عارەبەکان بوون، باوەڕیان بەهیچ مافێکی کورد نەبوو، ئەگەر کاریش لە دەستی ئەواندا بوایە بێ هیچ دوودڵییەک گەلی کوردیان لە ڕیشەوە دەردەهێنا. لەوانەیە تاهیر یەحیا ڕاست بووبێ و لە پرسی کورد گەیشتبێ، بەڵام لە ئاستی هەڵوێستی ئەو دووانەدا هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، بۆیە ناچار بوو بیەوێ و نەیەوێ، لەگەڵیان بڕوا. هەرچی پارێزگاری سلێمانیشە وا دەردەکەوت بەڕاستی نیازی ئەوەیە زەوینەیەکی لەبار بدۆزێتەوە بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە بەشێوەیەکی وا سەری هەمووانی پێ بەرزببێتەوە، چونکە وەک بۆم دەرکەوت، حەزی لە چارەسەری سوپایی نەبوو و شەڕی نەدەویست و، بەهۆی ئەم هەڵوێستەیەوە سەرکۆنەیەکی زۆری لەلایەن دوو هەڤاڵەکەیەوە دەکرا و، هەر

(٧) وەفدەکە لە عەبدوڕەحمان عارف و ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری و دەستوپێیان پێک هاتبوو.

(٨) وەفدەکە لە وەزیری ناوخۆ و سەرکردەی فیرقەی دوو و بەڕێوەبەری ئیستیخباراتی سوپا هادی خەماس و پارێزگاری سلێمانی پێک هاتبوو.

(٩) ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و هەندێ سەرۆک خێڵی وەک کاکە حەمە زیاد ئاغا و عەباس ئاغا مامەند و شێخ حوسێن بۆسکێنی و ئەنوەر بەگی بێتواتەشی لەگەڵ بوو.

چەند قسـەیەکی لەم بوارەدا دەکرد گالتـەیان پێ دەکرد تاڕادەیەک کە توهمەتی ئەوەیان دەدایە پاڵ کـە بووە بەپیـاو و بارەبەری بارزانی و، بەبەرتیل پێـدان نەبێ بارزانی ڕای نەکێشاوە بۆ ڕیزی خۆی و، سەرەنجام پرسەکە گەیشتە ئەوە داوای کرد لای بدەن و داوای خانەنشینیی کرد و، پایە و شوێنەکەی خۆشی بەجێ هێشت و چووەوە لە مووسڵ لە ماڵی خۆیدا دانیشت.

دواجارتاهیر یەحیا بەڵێنی دا کەوا هەموارکردنێک لە دەستووردا بکات بەجۆرێک کە بەڕاشکاوی دان بە هەقیقەتی بوونی گەلی کورد و مافەکانیدا بنێ. بەڵام لە گەڕانەوەیدا گفتەکەی خۆی بەجێ نەهێنا و دەستووری کاتی چۆن دانرابوو هەروا مایەوە.

## بەشی هەشتەم

# دوولەتبوونەکەی ١٩٦٤

کە ڕێککەوتنەکەی شوبات بوو، ئیبراهیم ئەحمەد لە تاران بوو، پاش گەڕانەوەی لە دەرەوە خۆی بۆ هاتنەوە ئامادە دەکرد. پێشتر وتمان دووان لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کە نووری سدیق شاوەیس و جەلال تاڵەبانی بوون، لە کاتی گفتوگۆ بۆ ڕێککەوتنەکە لەوێ بوون، ئەوان بوون داڕشتەی ڕێککەوتنەکەیان نووسی. بەڵام ئیبراهیم هەرکە گەیشتەوە کوردستان دەستی دایە بڵاوکردنەوەی شک و گومان لەبارەی ڕێککەوتنەکە و، کەوتە بەدناوکردنی بارزانی.

ئیبراهیم گفتێکی لە دەسەڵاتدارانی شای ئێران وەرگرتبوو کەوا ئەگەر بتوانێ کارێک بکا ڕێککەوتنەکەی شوبات پووچەڵ بکاتەوە و، پلەوپایەی بارزانی لەق بکا و لە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لاببا، ئەوان یارمەتیی دەدەن و پشتی دەگرن. دیشمان کاتی سەختبوونی شەڕ لە ١٩٦٣دا و، لەبەر مەترسیی کەوتنی بارزاندا هەڵوێستی چی بوو و چۆن پێشمەرگەکانی ژێر دەسەڵاتی مەکتەبی سیاسیی پەک خستبوو و نەیدەخستنە شەڕەوە تا پەستان و تەوژمی سوپای حکوومەت لەسەر هێزە داکۆکیکەرەکانی بارزان سووک بکا. هەموو ئاواتی ئەوەبوو هێزەکانی حکوومەت بتوانن بارزانی ببەزێنن و لەناوی ببەن تا مەیدان بۆ خۆی چۆڵ ببێ و ببێ بەئاغای گۆڕەپان.

ئەوکاتە ئیبراهیم پێوەندیی لەگەڵ ئێرانییەکان لە ڕێگەی دەزگای بێتەل و بەهۆی عەقید عیسا پیژمانەوە بەردەوام بوو. پیژمان یەکێک بوو لە ساواکی ئێرانی و کوردی سنە بوو، هاتبوو بۆ بارەگاکەی ئیبراهیم ئەحمەد و پێکەوە سەرقاڵی خراپەکردن بوون دەرهەق بە بارزانی و، بەدگۆیی لەبارەی ڕێککەوتنەکەی شوباتەوە. ئێمە کە ئەم قسەیە دەکەین، پڕی دڵمانە لە داخ و خەفەت بۆ ئەو سەرەنجامەی بەنسیبی ئەم پیاوە بوو کە سەنگ و پایە و پلەی خۆی نەزانی. بەخەیاڵی خۆی دەیتوانی لە ڕووی پایە و قەدر و میراتی ڕابردووەوە

بالای بەبالای بارزانی بگرێ. هەمیشە کابرایەکی لەخۆبایی، شانازی بەرۆشنبیریی خۆوە کردوو، خۆ بەشایەن زانیو بوو. ڕاستییەکەشی ئەم پیاوە، پیاوی یاسا بوو، ئەدیب بوو، پایە و پلەیەکی لەنێوان پیاوانی یاسا و ئەدەبدا هەبوو. باوەڕی وابوو ئەمەی بەشی ئەوە دەکا سەرۆکایەتی و سەرکردایەتیی بۆ دابین بکا. کێ چوزانێ؟ لەوانەیە ئەو عەقیدە پیرژمانە، بەزیادەڕۆییی لە ڕادەبەدەری خۆی لە باسی پایە و پلە و بایەخ و گەلایەتیی ئیبراهیم ئەحمەددا، ڕۆڵێکی مەزنی لە پێشکێشکردنی ئەم شەخسییەتەدا بۆ ئێرانییەکان بووبێ و وای بردبێتە مێشکی دەسەڵاتدارانی ئەوێوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان پشتی ئیبراهیم دەگرێ و، مل بۆ ئەو کەچ دەکا و، ئەگەر پێکداهەڵپژانێک لەنێوان ئەو و بارزانیدا ڕوویدا، جەخت لەسەر ئەوەیە کەوا پارتی بەسەرکردایەتی و بەئەندام و بەلایەنگرانیەوە لەشانی ئەمدا دەوەستێ یا هەر هیچ نەبێ ئەم هێزێکی هاوتای بارزانیی دەبێ. ئەمەش هەر ئەو سیاسەتە گشتییەیە دەوڵەتەکانی ئەم ناوچەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەیاندا لەگەڵ هوشیاربوونەوەی نەتەوەییی کورددا هەمیشە لەسەری ڕۆیشتوون کە برێتییە لەوەی خەباتی کورد هەرگیز لەژێر دەستی یەک سەرکردایەتیدا نەبێت، بگرە بەدروستکردنی کۆمەڵێک سەرکردایەتی، بۆی تیلم تیلم و پرزۆڵ پرزۆڵ بکرێت. لە بەرەبەیانی بەرپابوونی شۆڕشدا ئەم سیاسەتە، ئەوەندەی کە پێویستە، ئاشکرا و ڕۆشن نەبوو، بەڵام زۆری پێ نەچوو دەرکەوت کەوا نیازی لە دڵگیراو، لەناوبردنی شۆڕشە. سەیریش نییە، چونکە ئەم لایەنانە هەموو بەرژەوەندییان لەوەدابوو ناکۆکیی ناوخۆ بەردەوام بێت و کەلێنی ناکۆکی هەر پانوپۆڕتر بێت.

بەڵام هەڵوێستی بارزانی و پشتگیریی بەشی زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەو، ئەم هەلەیان لە کیس دا و ئەم ڕەنجەیان مایەپووچ کرد. مەسەلەکەش ئەوەبوو ئەو لایانە نە لە کەسایەتیی بارزانی و پایەوپلەی شارەزابوون و، نە لەو سروشتەی ئەوی لەسەر خولقاوە. بارزانی لەو جۆرە کەسانە بوو ئەگەر پاش تێڕامانێکی قووڵ بیرێکیان بەمێشکدا هات یا بڕیاری کردنی کارێکیان دا، بەهیچ کلۆجێ دەستبەرداری نابن و ناکەونە مامەڵە و مامەڵەکاری لەسەری. جا مەسەلەکە ئەوەیە ئەوانەی قەوارەیەکی دیاریان بۆ ئیبراهیم ئەحمەد بڕیار دابوو، بەباشی نەیاندەزانی قەوارە و شوێنی بارزانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا چەندە.

لەم بارەوە قسەیەکی کاک عەزیز محەمەدی سکرتێری گشتیی پێشووی حزبی

شیوعیی عێراق دەگێڕمەوە، وتی: چووم بۆ لای بارزانی و پێم وت: مەسلەحەت لەوە دایە تۆ و ئیبراهیم ئەحمەد سوڵحتان بکەوێتە بەین و ئەم دووبەرەکییە نەهێڵرێ و رێ لە روودانی شەڕ لە نێوانتان بگیرێ.

بارزانیش وەڵامی دابووەوە و وتبووی: بۆ؟ ئەوان هەن تا شەڕ بکەن؟

لە ١٧ی ئاداری ١٩٦٤دا ئیبراهیم ئەحمەد و عەزیز شەمزینی و عومەر مستەفا دەبابە هاتن بۆ سەنگەسەر بۆ دیداری بارزانی. زۆریان لەبارەی شەڕ وەستاندنەکەی شوباتەوە وت. لە ماوەی ئەو گفتوگۆیەدا جارجار دەمەدەم توند دەبوو و، هەرلایەک تاوانی دەدایە پاڵ ئەو لا و، پاشان ئارام دەبوونەوە و کۆبوونەوەکە بەباشترین شێوە دەبڕایەوە، سەرەنجام هەموو لەوەدا هاودەنگ بوون کە بەرێککەوتنەکەی شوبات رازین.

بارزانی لەم کۆبوونەوەیەدا هەموو شتێکی نادیاری لەم رێککەوتنەدا روون دەکردەوە کە لەوانە بێ روون نەبێ. هەڵوێست و باری سەرنجی خۆی بەروونی دەرخست و جەختی لەسەر ئەوە کرد کە ئەم رێککەوتنە لە شەڕ وەستاندنێک زیاتر نییە و، بەو واتایەی بۆ رێککەوتن دانراوە رێککەوتن نییە و تەنیا کارێکی تاکتیکییە و، داوای لێ کردن کە یا لە رانیە یا لە قەڵادزە بمێننەوە تا هەرکاتێ شتێکی نوێ لەبارەی جێبەجێکردنی رێککەوتنەکەوە رووی دا، پرس و راوێژ بەیەک بکەن و، جەختیشی لەسەر ئەوە کرد کە لەو گفتوگۆیانەدا بەشدار بن کە لەگەڵ ئەو وەفدە حکوومەتییانەی لە بەغداوە دێن ئەنجام دەدرێ.

لەگەڵ هەموو ئەمەشدا بارزانی متمانەی بەئیبراهیم ئەحمەد نەبوو و، هەرگیز حەزی پێ نەهاتووە و سووریش بووە لەسەر ئەوە کە لاوە چاکەکانی پارتیی لێ دووربخاتەوە و بیانپارێزێ نەوەکا کاریان تێ بکات و لەگەڵ خۆیدا بەکێشیان بکات.

پاش ئەمە بارزانی وای بەباش زانی لە کۆنگرەی دادێ پێشنیازی جەلال بکا بۆ ئەوەی پایەی سکرتێری پارتی وەرگرێ و جەلال خۆشی لە سەرەتادا بەگەرمی ئەم پێشنیازەی بەدڵ بوو، بەڵام پاشان کشایەوە.

ئیبراهیم ئەحمەد و یارمەتیدەرەکانی لە سەرکردایەتیدا تاوێک چییە لە بەدناوکردنی بارزانی و نەخشەکێشان بۆ بێ لایەنکردنی رانەوەستان. پاش هەفتەیەک لە مانەوەیان لەگەڵی، هەموو گەڕانەوە بۆ ماوەت و نامەیەکیان بۆ بارزانی نارد تیایدا نووسیبوویان

کەوا گەڕاونەتەوە و ئێستە هیچ ئیشێکیان نییە بیکەن[١]. پاشانیش لە کارە بۆگەنەکەی خۆیان بەردەوام بوون بەدرۆ هەڵبەستن بۆ بەدناوکردنی بارزانی و، خراپە دەرهەقکردنی بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی درۆ و دەلەسە لەناو کۆمەڵی کوردەواری و ئەندامانی پارتیدا، کە ئەوەش بوو بەمایەی نارەزایی دەربڕین لەناو زۆر لە سەرکردەکانی تیپە شەرکەرەکانی پێشمەرگە و، ئەندامە دیارەکانی پارتیدا کە هەر بۆ نموونە نەک بۆ ژماردن ناوی ئەمانەیان لێ دەهێنم: عەقید نووری مەعرووف و رەشید سندی و تاریق ئەحمەد و خالید شەمسەدین و فازڵ تاڵەبانی و فازڵ سۆرانی و محەمەد سەید عەلی حافز و تاهیر عەلی والی و نەوزاد خۆشناو و کەسانی تر. ئەمانە و هیی تر بەنوێنەرایەتیی ئەفسەرەکانی تر، بۆ دەربڕینی نارەزایی لە هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی و ئەفسەرەکانی و بۆ راگەیاندنی لایەنگریی خۆیان لە بارزانی، چوون بۆ لای بارزانی بۆ سەنگەسەر. ئەو پیلانە پڕ مەترسییە بەربڵاوەشیان بۆ دەرخست کە بۆی دەنرایەوە، بارزانیش کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەو ئەفسەرانە لەگەڵ ئەفسەرەکانی تر کە لەگەڵیدا بوون رێک خست. نافیز جەلال و

(١) ئەمەیش دەقی نامەکەیە:
برای گەورە و بەڕێز مەلا مستەفا بارزانی
دوای سەلام و ئیحترام
ئەوا بۆ بیست رۆژ ئەچێ کە لەسەر ئەمری ئێوە لە قەڵادزە ماوینەوە بەتەمای چاوپێکەوتنی کاربەدەستانی حکوومەت بەڵام داخمان ناچێ کە نە رەئیس وزەرا و نە وەزیر و نە متەسەرفیشمان نەدی لەم ماوەیەدا، وە دیاریش نییە کە بەم زووانە بێن بۆ لاتان.
لە سەرێکی کەشەوە، وەکو بەسەرهاتی ئەم ماوەیە دەری خستووە بوونی ئێمە لە نێزیکتانەوە هیچ کارێکی نەکردۆتە سەر باسکردنی عیلاقەی ئێوە و پارتی. جگە لەمانەش مانەوەمان بەم چەشنە بێ ئیش و بێ کار و بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو بووەتە هۆی پڕوپاگاندە و قسەیەکی زۆر لەناو خەڵکدا کە هەر دوژمن کەڵکی لێ وەرئەگری، وە وا دیارە هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە برادەرەکانمان ئیمرۆ بەپەلە داوای گەڕانەوەمان بکەنەوە بۆ بەربەستکردنی ئەو چەشنە پڕوپاگەندانە. ئێمەش لەبەر پەلەپەلیی ئەوان و کەم وەختیی ئێوە و لەبەرئەوەش وەختی خۆی تەنیا بۆ چاوپێکەوتنی کاربەدەستەکانی حکوومەت داوای مانەوەت لێ کردبووین بۆیە هیوامان هەیە لێمان ببووری کە بەبێ چاوپێکەوتنەوەتان رۆیشتینەوە.
وە لەبەرئەوەی کاک عومەریش دوای لابردنی لە فەرماندەیی هێزی کاوە هیچ ئیشێکی لەم ناوچەیە نامێنێ بۆیە ئەویشمان لەگەڵ خۆمان بردەوە.
ئیتر خواتان لەگەڵ — براتان
سەید عەزیز ئەفەندی — عومەر مستەفا — ئیبراهیم ئەحمەد ١٩٦٤
وێنەی نامەکە لە پاشبەندی ژمارە (١٧)دایە لە بەشی پاشبەندەکاندا.

عەبدولکافی نەبەوی و عەزیز ئاکرەیی لەو ئەفسەرانە بوون. پاش پرس و ڕاویژ بڕیار درا ئەو سەرکردانەی لایەنی مەکتەبی سیاسییان دەگرت لە کار لابدرێن، جەلال تاڵەبانی و عومەر مستەفا دەبابە و عەلی عەسکەری و کەمال موفتی لەوانە بوون. نووری مەعرووف و نووری مەلا حەکیم و نافیز جەلال و عەزیز ئاکرەیی لە شوێنی ئەوانە دانران.

پاش دەرچوونی ئەم بڕیارە بەشی زۆری پێشمەرگە چوونە پاڵ هێزەکانی بارزانی و بەسەرکردە تازەکانیان ڕازی بوون و لە ئەنجامی ئەمەشەوە لاوازی کەوتە ناو سەرکردایەتییەکانی مەکتەبی سیاسی. لەبەرئەوە مەکتەبی سیاسی بەمەبەستی ڕزگارکردنی ئەو پاشماوەی زەخیرەیەی مایبوو، پەنای بردەبەر کارێکی نائومێدانە، ئەوەبوو ئیبراهیم ئەحمەد بەپەلە بانگهێشتنێکی بۆ بەستنی کۆنفرانسی پارتی لە ماوەت بڵاوکردەوە، هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی، جەلالی لێ دەرکەی کە لەو ڕۆژانە لە گەشتێکدا بوو لە ناوچەکانی شوان و گەرمیان و قەرەداغ لەگەڵ پێشمەرگەدا، هەموو تێیدا بەشداربوون.

ئەو کاتە من لەگەڵ دایکم چووبووم بۆ سلێمانی بۆ چارەسەرکردنی، حاجی شێخ قادر هاتە لام وتی: هەستە بابڕۆین بۆ لای جەلال تاڵەبانی، گەمارۆدراوە، بەڵکو گەمارۆکەی لەسەر هەڵگرین و بیبەین بۆ لای بارزانی، ئەگەر قایل نەبوو لەناو خۆمان دەری دەکەین و بەدەوریدا نامێنین و بڵاوەی لێ دەکەین. ئەو کاتە من هیچ بەرپرسییەکم نەبوو. لە وەڵامی حاجیدا وتم: من دەسەڵاتی وام نییە و ئەم پرسە پێوەندیی بەمنەوە نییە.

حاجی یەخەی بەر نەدام و لەسەری ڕۆیی و وتی: بارودۆخەکە لە قەرەداغ پڕە لە مەترسی و پێشمەرگە گەمارۆی جەلالیان داوە و تەنگیان پێ هەڵچنیوە، هەندێ بارزانیشیان تێدایە. ئەگەر تۆ خۆت نەڕۆیت بۆ ئەوێ، کەس نییە بتوانێ ڕزگاری بکات.

ڕێکەوت وا بوو بارزانی هەندێ هێزی بەسەرکردایەتیی میرۆ شێرۆکی و مەحموود شڤان و میرخان بێداروونی ناردبوو بۆ قەرەداغ بۆ بەهێزترکردنی هێزەکانی پێشمەرگەی ئەوێ. جەلال کەوتبووە نێوان ئەو هێزانەی بۆخۆیان لەوێ سەقامگیر بوون و ئەو هێزانەی هاتبوون بۆ یارمەتیدانیان، بەڕاستی مەسەلەکە پڕ مەترسی بوو. بەحاجی شێخ قادرم وت: عومەر ئاغای دۆڵۆمەریت لەگەڵ دەنێرم ئەو گەمارۆکەی لەسەر هەڵگرێ و، لەگەڵ خۆیدا بیبا بۆ ڕانیە بۆ لای باوکم.

حاجی و عومەر ئاغا پێکەوە ڕۆیشتن و گەمارۆکە هەڵگیرا و جەلال چوو بۆ لای بارزانی و، بارزانیش بەنەریتەکەی خۆی بەخێرهاتنێکی گەرمی لێ کرد. لەو دەمەدا ئەو بیرە بەمێشکی بارزانیدا هات کە ئیبراهیم ئەحمەد بگۆڕێ بەجەلال و جەلالیش وەک پێشتریش وتم، زۆر بیرەبیر بوو.

پاش ساڵی ۱۹۹۱ جەلال قسەی بۆ کردم، وتی کەوا ئەو بەهیچ جۆرێ ڕای وا نەبوو ئەم دووکەرت بوونە ڕووبدا، بگرە ئەو ڕای وا بوو سەرکردایەتیی پارتی بڕوا بۆ بارزان و چاوی بەشێخ ئەحمەد بکەوێ و لەوێوە چالاکیی خۆیان بنوێنن. ئیتر بارزانی ناتوانێ، تا چاری ناکۆکییەکە دەکرێ و ئاو بە ئاوەڕۆکەدا دەڕواتەوە، هیچ کارێک بکات، بەڵام کەس ئامۆژگارییەکەمی لە گوێ نەگرت.

ئەمە ئەوە بوو کە جەلال بۆی گێڕامەوە، ئەگەر سەرکردەکانی مەکتەبی سیاسی وایان بکردایە کە جەلال بۆی پێشنیاز کردن، گەلی کوردیان لە گەلێ کارەساتی گەورە دەپاراست و ڕەنج و تەقەلایەکی زۆر و مەزنیان پاشەکەوت دەکرد کە هەمووی بەفیڕۆ ڕۆیی.

## کۆنفرانسی ماوەت

لە چواری نیسانی ١٩٦٤ کۆبوونەوەکانی ئەو کۆنفرانسەی پارتی دەستی پێ کرا کە ئیبراهیم ئەحمەد داوای بەستنی کردبوو. مەبەست لەم کۆنفرانسە ئەوە بوو شەرعییەتی حزبایەتی بدرێ بەکاری دوژمنایەتی کردنی بارزانی و دەربڕینی ناڕەزایی بەرێککەوتنەکەی شوبات.

ساڵی ۱۹۷٦ کە لە لەندەن بووم هەلی ئەوەم بۆ هەڵکەوت لەبارەی ئەم کۆنفرانسە و کارەکانی و ئەو شتانەی تیایدا ڕوویان دا لە ئیبراهیم ئەحمەد بپرسم.

وەڵامی ئەوەبوو: «ڕاستەکەی ئەوەیە ئێمە ئەوەمان لەم کۆنفرانسە دەویست کە هۆیەکی پاڵەپەستۆ خستنە سەر بارزانی بێ، بەڵام نووری شاوەیس و عەلی عەبدوڵڵا کۆنگرەکەیان وا لێ کرد ئەو بڕیارە پەلانە بدات[٢]. ئەو دووانە لەوپەڕی لاپەرگیریدا بوون و

(٢) دیارە من هەر ئەو کاتە یەکراست تێ گەیشتم مەبەستی ئیبراهیم ئەحمەد چییە. ئەو دەیویست خۆی لە سەرکۆنەکردن دوورخاتەوە و بەرپرسییەکە بخاتە ئەستۆی نووری شاوەیس و عەلی عەبدوڵڵا بۆ تۆڵە لێ سەندنەوەیان لەسەر ئەوەی کە لەگەڵی نەچوون و، کاتێ ئەو چارەنووسی خۆی بەست بەچارەنووسی ساواکی ئێرانییەوە ئەمان لایەنیان نەگرت.

کۆنگرەکەیان ڕاکێشا بۆ ڕیزی خۆیان». ئەمە ئەوەیە کە ئیبراهیم ئەحمەد بانگەشەی کرد لام، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە ئەو خۆی هەوڵی کودێتایەکی لە دژی بارزانی لە خەیاڵدا بوو و، بەمە مافی تەواوی ئەوەی بە بارزانی دا کە داکۆکی لە خۆی بکات و تای تەرازووی ئەو قورس بوو. ئەمە ئەوەبوو کە ڕووی دا.

یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنفرانسەکە لەکارخستن و ڕاگرتنی سەرۆکایەتیی بارزانی بوو لە پارتیدا. کۆنفرانس وەفدێکی[٣] دانا بۆ کەوتنە نێوان و ناوبژی کردن کە بڕوا سەر لە بارزانی بدا بەڵکو بتوانێ چارەیەکی مامناوەندیی پێ بسەلمێنێ و، دانیشتنەکانی کۆنفرانسیان دوا خست تا وەفدەکە دەگەڕێتەوە و ئەنجامی کەوتنە نێوان و ناوبژی کردنەکەی دەهێنێتەوە.

وەفدەکە هات بۆ سەنگەسەر و لەگەڵ بارزانی کۆبووەوە و، لێک گەیشتنێکی تەواو و هاوبۆچوونییەکی باش لە نێوان هەردوو لادا هەبوو. وەفدەکە گەڕایەوە بۆ ماوەت، سەیری کرد کۆنفرانسەکە، بەپێچەوانەی ئەوەوە کە بڕیار درابوو تا ئەم دەگەڕێتەوە بەردەوام بێ، کاری خۆی دوایی هێناوە و بڵاوەی لێ کردووە و مەکتەبی سیاسی بەیاننامەیەکی بەناونیشانی (ڕێککەوتنەکەی مشیر و بارزانی ئاشتییە یا خۆ بەدەستەوەدانە؟) بڵاو کردووەتەوە، ئیبراهیم ئەحمەد چی دوژمنایەتی و بوغز و کینەی شاراوە دەرهەق بارزانی لە سنگیدا بووە، هەمووی لەو بەیاننامەیەدا خستووەتەڕوو. بەم جۆرە هەرچی هەوڵ و تەقەلای وەفدەکە بووە بۆ گرتنی ئەو کەلێنەی نێوان، هیچ سوودێکی نەبەخشیبوو.

وەڵامی بارزانی لەسەر پێشنیازەکانی وەفدەکەی کۆنفرانس بەم جۆرە بوو:

١- ناکرێ سەرکردە سوپاییە تازە دانراوەکان بگۆڕدرێن و، لە شوێنی خۆیاندا دەمێننەوە.

٢- هەر پێشمەرگەیەک ئازادە بۆ خۆی چ لایەک هەڵدەبژێرێ کاری تێدا بکا و کەس بۆی نییە ڕێی لێ بگرێ.

٣- پێویستە کۆنگرەی پارتی لە ماوەیەکدا کە ئەوپەڕەکەی لە ١٠ی مانگی ئایاری ١٩٦٤ تێ نەپەڕێ، ببەسترێ و، ئەگەر ئەوە نەکرا بارزانی ئازادیی تەواوی هەیە چی

(٣) وەفدەکە لە عەلی سنجاری سکرتێری لقی پێنج لە بەغدا و ئەسعەد خەیلانی و جەلال عەبدوڕەحمان و تاهیر بابان و مستەفا کرێکار پێک هاتبوو.

بەباش دەزانێ بۆ هێنانەدیی بەرژەوەندیی گشتی، بیکات.

٤- ژمارەی نوێنەرانی مەکتەبی سیاسی لە لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەدا ئەوەندەی ژمارەی نوێنەرانی سەرۆکی پارتی بارزانی دەبێ.

٥- هیچ شتێک رێ لەوە ناگرێ کە ئەم ئەندامانەی کۆمیتەی ناوەندی کە لە خوارەوە ناویان نووسراوە، کاروباری پارتی بەڕێوە بەرن تا کۆنگرە دەبەستریّ بەمەرجێ ئەندامەکانی تری کۆمیتەی ناوەندی بێن بۆ رانیە. ئەو ئەندامانەش ئەمانەن: عومەر مستەفا دەبابە، جەلال تاڵەبانی، نووری شاوەیس، ساڵح یووسفی، عەلی عەبدوڵڵا، ناهیدە شێخ سەلام، جەلال عەبدوڕەحمان. یەکێک لەو شتە سەیر و سەمەرانەی بۆ کۆنفرانسەکە تۆمار کران، ئەوە بوو ئەو پێشمەرگانەی پارێزگاریی کۆنفرانسەکەیان بەسەرکردایەتیی محەمەد سەیید عەلی حافز پێ سپێردرابوو بەپەلە چوونە پاڵ بارزانی. هەروەها بەم بۆنەیەوە دەیگێڕنەوە کەوا ئەندامی کۆن و ناسراوی پارتی ساڵح شێرە کە یەکێکە لەو قسەخۆشانەی بەنوکتەی توند و تیژ و پەراوێزی گاڵتەچییانە بەناوبانگن، لە کۆبوونەوەی کۆنفرانسەکەدا کە بڕیاری لەکار خستن و ڕاگرتنی سەرۆکایەتیی بارزانی تێدا درا، هەستاوەتە سەر پێ و وتوویە: «وا ئێمە بارزانیمان لە کار خست و سەرۆکایەتیی ئەومان ڕاگرت، بەڵام بۆخۆمان بەپێشمەرگەی بارزانی گەمارۆ دراوین. دەی ئێستە کێتان دەتوانێ ڕێگەمان پێشان بدا لە کوێوە بگەڕێینەوە بۆ ماڵی خۆمان؟».

هەروەها دەگێڕنەوە کە هەر ئەو لەم هەڵوێستەدا وتوویە: «هاتین بۆ ئێرە و بارزانی سەرۆکمان بوو، ئەوەتا ئێوە داتانگرتە خوار و لە سەرۆکیتان خست. جا کە گەڕاینەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵ و خێڵ و هاوڕێیانمان و لێیان پرسین: کێ لەمەولا دەبێ بە سەرۆکمان، چییان وەڵام بدەینەوە؟»

لە ڕاستیدا ئەم بڕیارە نەفامانەیە خودی مەکتەبی سیاسیی بەدناو کرد و هیچی لە پایە و پلەی بارزانی کەم نەکردەوە. دەبوو ئیبراهیم ئەحمەد لەوە دووربینتر بوایە کە هەنگاوی وا بنێ و پەلەپەل کردن بیگەیەنێتە ئەوە وا تێ بگا دەتوانێ بارزانی لەکار بخا و بەم ئاسانییە لە خولگەی خەباتی بکاتە دەرەوە.

لەناو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیدا ئەمانەیان لەبەر هۆی جیاوازی

هەر کامێکیان لە هیی ئەوانی تریان، بەشدارییان لە کۆنفرانسەکەدا نەکردبوو: جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا، ساڵح یووسفی، شەمسەدین موفتی، عەبدولحوسێن فەیلی، هاشم ئاکرەیی و ناهیدە شێخ سەلام. شایەنی وتنە عەقید عیسا پیژمانی نۆکەری ساواک لە ماوەی بەسترانی کۆنفرانسەکەدا لە ماوەت بوو و، بەردەوام ئاگری ناکۆکییەکەی خۆش دەکرد و داری دەخستە ئاگرەکەوە.

نامەوێ لە یادم بچێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەم کە ئیبراهیم ئەحمەد و یارمەتیدەرەکانی واتەواتێکی سووکیان داخستبوو گوایە (بارزانی کوردستانی بە سێو و پرتەقاڵ فرۆشت) و، هێرشێکی ناوزڕاندنیان دەست دابوویێ بەبیانووی ئەوەوە کە بارزانی ڕازی بووە لەگەڵ لایەنە حکوومەتییەکاندا بکەوێتە گفتوگۆ. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو دۆڕاندنە سیاسییەوە بوو کە ئیبراهیم ئەحمەد لەناو کادیرەکانی پارتی و سەرکردایەتییەکانی شۆڕشدا تووشی بووبوو.

من ئێستەش لەگەڵ خۆمدا هەر لەخۆم دەپرسم: ئەبێ ئیبراهیم ئەحمەدی ڕۆشنبیر و ئەدیب و سیاسیی دنیادیتە تا چ ڕادەیەک لای وا بووبێ دەمگۆیەکی سادە و ساویلکانەی وەک ئەمەی ئەو دروستی کرد، لەناو تێکڕای کۆڕ و کۆمەڵە میللییەکانی کوردەواریدا باو پەیدا دەکا و چەند باوەڕی پێ دەکرێ و، چەندی لە باردا دەبێ پایە و پلەی بارزانی لەق بکا، یان قەدر و حورمەتی لە دڵی گەلی کورددا لاواز و کەم بکاتەوە، ئەو بارزانییەی بەڵگە لە پاش بەڵگەی پێشان داوە کە چەند لە گەڕان بەدوای ماڵی دنیادا دوورە و، چەند ئەو هەموو شتانەی لا سووک و ناچیز بووە کە حکوومەتە عیراقییە یەک لە دوای یەک هاتووەکان – و هیچ کامیانی لێ دەرناکەم – پێشانیان داوە و پێشکێشیان کردووە و ئامادە بوون بۆی دابین بکەن، بەرانبەر بەوەی واز لە پرسی گەلەکەی بهێنێ و دەستبەرداری سەرکردەیی کردنی میللەتەکەی ببێ و لە ماڵی خۆیدا گۆشەگیر دابنیشێ.

ئەم دەمگۆیە تەمەنێکی درێژی لە چارە نەنووسرا، بگرە لە ڕاستیدا کارێکی بەتەواوی پێچەوانەی ئەوەی لە دوای خۆی بەجێ هێشت کە بۆی دروست کرابوو، چونکە هیچوپووچیی دەمگۆکە خۆی و سروشتی ئەو کینە لە دڵانەی بڵاویان دەکردەوە و، نەبوونی هیچ جۆرە مەنتیق و عەقڵێک تێیدا، زیاتر بوون بە مایەی تەراکەوتنی سیاسیی ئەوانەی بڵاویان دەکردەوە. ئیبراهیم ئەحمەد و پیرەکەی دەیانتوانی شتێکی لەم دوو میوەیە

گرانبەهاتر هەڵبژێرن کە درەختەکانیان بەزۆری لە کوردستاندا پێ دەگەن. شتی زۆر لە سێو و پرتەقاڵ گرانتر هەن لەوانەن بۆ ئەوە بشێن کوردستانیان پێ ئاڵوگۆڕ بکرێ ئەگەر کەسێک لەم دنیایەدا هەبێ بتوانێ کوردستان بفرۆشێ، بەڵام بارزانی شتێکی وای لەم دنیایەدا شک نەدەبرد لە کوردستان گرانبەهاتر بێ.

کە ئیبراهیم ئەحمەد، پاش ئەوەی بارزانی لە خۆی و کۆمەڵەکەی خۆش بوو، لە پایزی ١٩٧٠دا گەڕایەوە بۆ حاجی ئۆمەران، لەبەردەمی بارزانیدا وەستا و ڕووی دەمی تێ کرد و بەدەنگی بەرز وتی: وا گەڕاومەتەوە بۆ سەنگەری نیشتمانپەروەری و، ئەوەی دەیەوێ خزمەتی کورد و کوردستان بکا دەبێ لەم گەڕانەوە بۆ سەنگەری نیشتمانپەروەرییەدا لەگەڵم بێ، ئێمە بەڕاستی بەهەڵەدا چووبووین.

## ناوبژیوانیی هەندێک کەسایەتیی کورد

هەواڵی دوو کەرت بوونی پارتی لە هەموو لایەکی کوردستاندا دەنگی دایەوە، توێژاڵێکی خەم و خەفەت و، دابەزینی ورە ئاسمانی سیاسیی کوردانی نەخوازەلا لەناو چینی نیشتمانپەروەری هوشیار و ڕۆشنبیردا، گرتەوە. داوا و تکا لە هەموو لایەکی کوردستانەوە بەسەر بارزانیدا دادەباری و دەستەودامێنی دەبوون چارێک بۆ گرتنی ئەم کەلێنە و چارەسەرکردنی پرسەکە، بەو وێڵ و کەماڵەی خۆی پێی ناسراوە، بدۆزێتەوە. وەفدێکی ناوبژیوانییش لە بەغداوە هات بۆ ڕانیە(٤).

وەفدەکە لە ٢٤ی نیسانی ١٩٦٤دا گەیشتە ڕانیە و پێگیرییەکی زۆریان لە بارزانی کرد کە ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی بێن بۆ ڕانیە و لەوێ لەگەڵ بارزانی بمێننەوە و گیروگرفتەکەی نێوانی ئەوان و بارزانی بەهەر جۆرێ بووە چارەسەر بکرێ. بارزانیش بەمە ڕازی بوو و وەفدێکی نارد بۆ ماوەت پێیان ڕابگەیەنێ کەوا ئامادەیە قبووڵیان بکات بێن بۆ بارەگاکەی و، ڕێگەیان بدات کاری خۆیان دەست پێ بکەنەوە و، وەک جاران بەچالاکیی حزبایەتیی خۆیانەوە خەریک بن. وەفدەکە گەڕایەوە و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی لەگەڵ خۆی هێنابوو و، بارزانیش بەگوێرەی ئەو گفتەی بەوەفدە کوردییەکەی بەغدای دابوو لێیان خۆش بوو و،

(٤) وەفدەکە لەم کەسایەتییە کوردانە پێک هاتبوو: فوئاد عارف، مەجید عەلی، فەتاح سەعید شاڵی، دوکتۆر عەبدوڕەحمان، ڕەئووف ئەحمەد و ڕەشید عارف.

بڕیار درا ئەوەی لە ماوەت ڕووی داوە بەبەشێک لە پاشماوەی ڕابردوو دابنرێ[٥].

هەروەها بڕیار درا هەرچی ناکۆکیی نێوان هەردوو لا هەیە هەمووی ڕابگیرێ و لەبەر ڕووناکیی ئەم خاڵانەی ژێرەوەدا لاپەڕەیەکی نوێ لە پێوەندیی نێوانیاندا بکرێتەوە:

١- شۆڕش بەهیچ جۆرێ دەستپێشخەری ناکات بۆ شەڕ لەگەڵ حکوومەت، پەلاماردانی هێزەکانی حکوومەت بەتەواوی قەدەغەیە و، هەڵوێستی شۆڕش هەڵوێستی داکۆکی لەخۆ کردنە.

٢- لێژنەیەکی ئامادەکار دادەنرێ بۆ بەستنی کۆنگرەی شەشەمی پارتی.

٣- مەکتەبی سیاسی بارەگای خۆی لە ماوەتەوە دەگوێزێتەوە بۆ ڕانیە تا لەگەڵ بارزانی بێ.

ئەم ڕێککەوتنە وەک هیوایەکی ڕووناک دەهاتە پێش چاو کە لەوانەبێ تا ماوەیەکی نادیار پێک هەڵپڕژانی چەکداری دوور بخاتەوە، بەڵام بەداخەوە تەمەنی لە چارە نەنووسرابوو و بەکردەوە جێبەجێ نەکرا. بەم بۆنەیەوە ئەو قسەیە دەگێڕمەوە کە عەلی

(٥) بەم بۆنەوە چەند کەسێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی نامەیەکیان لە ١٩٦٤/٥/٤دا بۆ بارزانی نووسی ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

١٩٦٤-٥-٤

بۆ جەنابی کاک بارزانی مستەفای بەڕێز

دوای سڵاو و ئیحترام

بەپێویستی سەرشانی خۆمانی ئەزانین کە ئەم داخوازیانەی خوارەوەتان بخەینە بەرچاو بەنیازی ئەوەی کە لە چاکترین ڕێگەوە خزمەتی شۆڕش و گەلەکەمان بکەین:

١- مەکتەبی سیاسی شوێنی بۆ دابندرێت لە بنگرد یان مەرگە یان قەڵاتوکە تا بکەوێتە سەر ئیشی خۆی لە پەناتانەوە.

٢- دەست بکەین بەهەڵبژاردن لە هەموو ناوچەکانی پارتیدا بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرێس و لێژنە ناوچەییەکان.

٣- دەست بکەین بەجێبەجێکردنی ئەو نوقتانەی جەنابتان لەگەڵ کاک فوئاد و برایانی تر باستان کردووە و ڕازی بوون پێیان.

جا تکایە وەعدێکمان بۆ دابنێ بۆ ئەوەی هەموومان چاومان پێتان بکەوێ.

ئیتر خۆشیتان

| عەلی عەبدوڵڵا | مام جەلال | سەیید عەزیز | نووری شاوەیس | نووری ئەحمەد تاها |
|---|---|---|---|---|
| ئیمزا | ئیمزا | ئیمزا | ئیمزا | ئیمزا |

(وێنەی نامەکە لە پاشبەندی ژمارە (١٨)دایە لە بەشی پاشبەندەکاندا).

عەبدوڵڵا هەموو جارێ لەم بارەوە دەیگێڕایەوە:

«کە لە ڕانیە بووین دەسەڵات بەدەستانی ئێران چەند تفەنگێکی بڕنەویان لەگەڵ عەقید عیسا پێژمان و عومەر مستەفا دەبابە نارد بۆ ئیبراهیم ئەحمەد. بارزانیش داوای چەند تفەنگێکی کەمی لەو تفەنگانە لە ئیبراهیم ئەحمەد کرد بۆ ئەوەی بەدیاری پێشکێشی هەندێ پیاوماقووڵانی بکات. ئیبراهیمیش داواکەی بارزانیی ڕەت کردەوە و وتی: بەخوا قەسەم تاقە فیشەکێک چییە نایدەمێ».

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەسەر هەڵوێستی پێشووی خۆیان مانەوە و، هەروا دیلی فڕوفێڵی ئیبراهیم ئەحمەد و نیازە بەدەکانی بوون و، لەو هەڵوێستەیان لایان نەدا و ئەندامانی پارتییان هەمیشە بەشتی وا پەروەردە دەکرد کە پایە و پلەی بارزانی بهێنێتە خوار و سووکایەتیی پێ بکا. لەناو ئەم ئەندامانەی مەکتەبی سیاسیدا کادیرگەلێک هەبوون دەنگوباسی ئەو شتانەیان بۆ بارزانی دەهێنا کە ئەوانە دەیانکردن و، ڕاپۆرتیان پێشکێش دەکرد لەبارەی پێوەندییەکانی مەکتەبی سیاسی و کارە وێرانکارییەکانیەوە، کەسانێکی بەدنیازیش خۆیان خزاندبووە ناو ئەو کادیرانەوە و شتیان زل دەکرد و قسە و قسەڵۆکیان دروست دەکرد. بەم جۆرە و پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک بەسەر ئەم حاڵەدا متمانە لە نێوان هەردوو لادا نەما و، کەسیان باوەڕی بەویتر نەما.

## پێوەندی کردنی ئێران بە بارزانییەوە

بەئاشکرا بۆ ئێرانییەکان دەرکەوت کەوا تاخمەکەی ئیبراهیم ئەحمەد نە ئەو هێزە و نە ئەو ناوبانگەیان نییە کە بارزانی هەیەتی و، ئەو هێزەی هەشیانە بەردەوام لاواز دەبێ، بۆیە کەوتنە هەوڵدانێکی پێچەوانە.

لەو سەردەمەدا جەنراڵ پاکرەوان سەرۆکی دەزگای ساواک بوو، نوێنەری خۆی جەنراڵ مەنسوور پووری نارد بۆ لای بارزانی. مەنسوور پوور بەرەگەز کورد بوو، بەڵگەش وای دەگەیاند کەوا هەستێکی بێگومانی نەتەوەییی تێدا شارابووەوە. گومان لەوەدا نەبوو کە هیچ بڕیارێکی دژ بەشۆڕش نادات و هیچ کارێکی ئەوتۆ ناکات زیانی پێ بگەیەنێت. پیاوێکی تاڕادەیەکی زۆر دەروون زیندوو بوو، بەتەواوی جیا بوو لە عیسا پێژمان.

ئەم ئەفسەرە نامەیەکی لە سەرۆکی ساواکەوە هێنا بۆ بارزانی، لەو نامەیەدا نووسرابوو: «شا سڵاو لە بارزانی دەکا و، فەرمانی داومێ دۆخە کۆنەکە (واتە:

ناکۆکییەکە) چارە بکەم نەوەک سەرەنجام بکێشێتەوە بۆ ڕووبەڕوو وەستانی بەچەک و، نەهێڵرێ هیچ شەڕێک لە نێواندا ڕووبدات. بەهەر حاڵ ئێمە لەگەڵ ڕای گشتیی کوردین کە دیارە لە ڕیزی بارزانیدا وەستاوە، ئێمە وامان پێ باشە دیدارێک لەگەڵ بارزانیدا بکرێت بەمەرجێک ئەو بۆ خۆی کات و شوێنەکەی دیاری بکات، بەڵام شا بەڕاستی پێخۆشحاڵ دەبێت ئەگەر بارزانی بڕوات بۆ تاران بۆ گەیشتن بە شا».

بارزانی لە وەڵامدا سوپاسی پاکرەوانی کرد و خەفەتی خۆی بۆ ئەوە دەربڕی کە وتی: «دەست تێوەردانی ئێرانییەکان لە کاروباری ئێمەدا گیروگرفتی ناوخۆییی زۆری بۆ ناوینەتەوە، ئێوەن هانی ئیبراهیم ئەحمەد دەدەن و لە دژی ئێمەی دەجووڵێنن. ئەگەر ئێوە هەڵویستی خۆتان بگۆڕن و شتێکی وا دەربڕن نیشانەی نیازپاکیتان بێت و دەستی دۆستایەتیمان بۆ درێژ بکەن، ئەوا ئێمەش واتان لەگەڵ دەجووڵێینەوە. بەڵام لێم ببوورن کە ناتوانم بێم بۆ تاران و، ئامادەم بە هەموو شادمانییەکەوە پێشوازی لە جەنڕاڵ پاکرەوان بکەم».

هەر وایش بوو. کات و شوێنی بەیەک گەیشتن دیاری کرا: ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٦٤ لە ماڵی ئەحمەد نەبی لە حاجی ئۆمەران. بارزانی هات و پێشوازیی لە جەنراڵ پاکرەوان کرد کە لە کاتی دیاریکراودا گەیشت. بارزانی عەباس مامەند ئاغا و عەزیز ئاکرەییی لەگەڵ خۆیدا بردبوو.

جەنەراڵ پاکرەوان لەم کۆبوونەوەیەدا بەناوی شاوە قسەی کرد و وتی: «گەورەی من هەڵویستی خۆی لە ئاستی شۆڕشی کورد دیاری کردووە و پەیمان دەدا کەوا یارمەتیی پێشکێش بکات». فەرمانێکی شاهەنشاهیشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو کە هەڵوەشاندنەوە و پووچەڵ کردنەوەی ئەو بڕیاری لە داردانەی تێدابوو کە لە ساڵی ١٩٤٧ لەبارەی بارزانییەوە دەرچووبوو. لە هەمان کاتیشدا شا بەهۆی عیسا پیژمانەوە پارە و چەک و ڕاوێژی بەیارمەتی بۆ ئیبراهیم ئەحمەد دەنارد و هانی دەدا کە دەستبەرداری هەڵویستی دوژمنانەی خۆی نەبێ لە ئاست بارزانی و، هیچ کار ئاسانییەکی لەگەڵدا نەکا و، لە ڕێگەی پیژمانەوە گفت و پەیمانی زۆری دەدایێ کە لە هیچ جۆرە یارمەتییەکی درێغی نەکات.

ئەمە هیچی لە بارزانی شاراوە نەبوو کە شارەزای سیاسەتی دووڕووانەی ئێران بوو، ئەویش سیاسەتی لەیەک هاندانی دوژمنان و لێدانی بەشێکیان بەو بەشەی تریان بوو،

بەڵام خۆی وا پیشانی ئێرانییەکان دەدا کە متمانەی پێیان هەیە و بەناسکی و زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن. بارزانی بەگەرمی و بەخۆشەویستییەوە پێشوازیی لە نێردراوی سەرۆکی ساواک کرد و «ومکروا ومکرَ اللّه، واللّه خیر الماکرین» مەبەستی بارزانی لەمە، کەمکردنەوەی مەترسیی ئێران، یان بەلایەنی کەمەوە خۆ دوورخستنەوەبوو لێی.

بارزانی بەرلەوەی بڕوا بۆ حاجی ئۆمەران بۆ پێشوازی لێکردنی میوانی لە ئێرانەوە هاتوو، کاروباری شۆڕشی دابووە دەستی شێخ لەتیف شێخ مەحموود و کاکە حەمە زیاد ئاغای غەفووری بۆ دەرکردنی هەر بڕیارێکی گرینگ هەر کاتێ پێویست بوو و، ئیبراهیم ئەحمەدی لەگەڵدا نەکردن بەهاوبەش، ئیبراهیم ئەحمەدیش ئەمەی کرد بەبیانوو بۆ سووکایەتی کردن بەبارزانی. ئەوە بوو یارمەتیدەرەکانی لە سەرکردایەتیی پارتیدا کۆکردەوە و هەڵی گرتن لەگەڵ خۆی و، گەڕانەوە بۆ ماوەت و دەستیان دایە خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕ و، ڕێککەوتنەکەی نێوان هەردوولا بوو بەبەڵگەنامەیەکی بێ گیان و مردوو و، سەد بریا کاتی خۆی ئەم بەڵگە و بیانووە نەدرایە بەدەستی ئیبراهیمەوە.

## کۆنگرەی شەشەم

بەگەڕانەوەی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی بۆ ماوەت، هەموو هیوایەکی دڵ پاکبوونەوە لە یەکتر لە نێواندا نەما و، هەردوو لا خۆیان ئامادە کرد بۆ بەرەوڕووبوونەوەی یەکتر و، بارزانی بڕیاری دا بەردەوام بێ لە خۆ ئامادەکردن بۆ بەستنی کۆنگرەی شەشەمی پارتی و، ئیبراهیم ئەحمەدیش هەڕەشەیەکی نارده سەر بارزانی کەوا: ئەگەر پرسەکە بکێشێتەوە بۆ شەڕ، دەیکەم بەشەڕێک لە نێوان سۆران و بادیناندا.

هەرگیز باوکمم نەدیوە وا تووڕە بووبێ وەک ئەو کاتە کە ئەم هەڕەشەیەی ئیبراهیم ئەحمەدی بەدەست گەیشت. وەڵامی بۆ ئیبراهیم ئەحمەد ئەمە بوو: لە منەوە پەیمان بێ کەوا هەر بەرۆڵە دڵسۆزەکانی سۆران، دەبێ تەمێی تۆ و ئەوانە بکەم کە لەگەڵتن.

لەوکاتەدا ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٢٠ هەزار کەس پتر بوون، نوێنەریان هەڵبژێردرابوون بۆ کۆنگرە. پێش هاتنی کاتی بەستنی کۆنگرە لە یەکی تەمووزی ١٩٦٤دا بەماوەیەکی باش، بارزانی ئاگەدارکردنێکی نارد بۆ مەکتەبی سیاسی کەوا کۆنگرە دەبەسترێ و داوای لێ کردن بێن بەشداریی تێدا بکەن، بەڵام هیچ وەڵامێکی وەرنەگرتەوە.

بەڵام مەکتەبی سیاسی لە ڕۆژی کردنەوەی کۆنگرەدا عەلی عەبدوڵڵا و سەید عەزیز شەمزینیی نارد لەوانەیە بەمەبەستی ئەوەی بەڵکو بتوانن بیروڕای ئەندامە نوێنەرەکان بەشێوەیەک وەرچەرخێنن ئەوەیان بۆ دابین بکا کە ئەندامەکانی تری مەکتەبی سیاسیش بتوانن بێن بەشداری بکەن، بەڵام هاشم ئاکرەییی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەستپێشخەریی کرد و، بارزانیی ئاگەدار کرد کە نیازی مەکتەبی سیاسی لە ناردنی ئەم دوو ئەندامە بۆ کۆنگرە بڵاوکردنەوەی تۆوی دووبەرەکییە، بارزانیش دەستبەجێ فەرمانی گرتنی هەردوو ئەندامە نێردراوەکە و زیندانی کردنیانی دا.

کۆنگرە لەکاری خۆیدا بەردەوام بوو کە لە قەڵادزێ بەسترا. ڕۆژی ٦ی تەمووز ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی نوێ هەڵبژێردران و بڕیاری دەرکردنی ئیبراهیم ئەحمەد و کۆمەڵەکەی لە حزب درا، دەرکراوەکانیش ئەمانە بوون:

ئیبراهیم ئەحمەد، نووری سدیق شاوەیس، عومەر مستەفا محەمەدئەمین (دەبابە)، سەید عەزیز سەید عەبدوڵڵا شەمزینی، جەلال تاڵەبانی، عەلی حەمدی، عەبدوڕەحمان زەبیحی، عەلی عەسکەری، ئەحمەد عەبدوڵڵا، حیلمی عەلی شەریف، محەمەد حاجی تاهیر، مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل (مەلا ماتۆڕ)، نووری ئەحمەد تەها و عەلی عەبدوڵڵا.

کۆنگرە تاوانی ئەوەی دایە پاڵ ئەمانە کەوا خیانەتیان کردووە و کاریان بۆ پارچەپارچەکردنی ڕیزەکان و کەرتکردنی پارتی کردووە. بەپێشمەرگەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەوانەی ڕاگەیاند کەوا بێنەوە بۆ پاڵ سوپای شۆڕش. ئەندامە تازەکانی کۆمیتەی ناوەندیش ئەمانە بوون:

بارزانی (سەرۆک)، حەبیب محەمەد کەریم (سکرتێر)، دوکتۆر مەحموود عوسمان، دوکتۆر فوئاد جەلال، هاشم حەسەن ئاکرەیی، ڕەمەزان ئاکرەیی، عەزیز ئاکرەیی، ئیسماعیل مەلا عەزیز، ئیسماعیل عارف، یەدوڵڵا فەیلی، فاتیح محەمەد بەگ، ساڵح عەبدوڵڵا یووسفی، نوعمان عیسا، عەلی سنجاری، عومەر شەریف، مستەفا قەرەداغی و محەمەد هەرسینی.

دیارە کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی دانیان نە بەسەرکردایەتیی نوێ و نە بەکۆنگرە و بڕیارەکانیدا نەنا و دەستیان دایە خۆ ئامادەکردن بۆ زۆرانبازی.

## له ماوەت-ەوە بۆ هەمەدان

پاش دوایی هاتنی کۆنگرە، بارزانی بۆ برینەوەی دۆخەکە بەرەو ماوەت کەوتە ڕێ و منیشی لەگەڵ بووم. لە ڕۆژی ١٢ی تەمموزی ١٩٦٤دا کەوتینە ڕێ و ڕوومان کردە گوندی سەرسیان. پێشمەرگەکانی سەر بە بارزانی لە ناوچەی سۆران، هەر بەشێکیان لە ناوچەی خۆیدا، بەپێی پلانێکی ورد و باش دارێژراو، ناوچەکەی خۆی ئازاد کرد و لە ڕەگەزەکانی سەر بەمەکتەبی سیاسیی دەرکراوی خاوێن کردەوە. لەناو ئەوانەدا کە ئەم کاری خاوێن کردنەوەیەیان جێبەجێ کرد ناوی عەقید نووری مەلا مەعرووف، نووری مەلا حەکیم، عەبدولوەهاب ئەترووشی، ڕەشید سندی، تاریق ئەحمەد، فازڵ تاڵەبانی، محەمەد سەید عەلی حافز، فەتاح ئاغا محەمەدئەمین، حەمە شەمێرانی، حاجی شێخ قادر و حەمید بەرواری و کەسانی تر دەهێنم لەوانەی ئەم ئەرکەیان خرابووە ئەستۆ.

پاش ئەمە و بۆ بەرزکردنەوەی وورەی پێشمەرگە و جەماوەر، عیسا سوار بەسەرۆکایەتیی هێزێک لە پێشمەرگە بارزانییەکان کە پێک هاتبوو لە ١٠٠ کەس و لوقمانی براشمیان لەسەر داوای خێڵەکان لەگەڵدا بوو، کە هەموو لایەنگری بارزانی بوون، کەوتە ڕێ بۆ پێنجوین و ئەوان خۆشیان، لە خاوێنکردنەوەی ناوچەکەیان لە لایەنگرانی مەکتەبی سیاسیی لە کارخراو، بەشدارییان کرد.

لە یادمە ڕۆژی ١٤ی تەمموزی ١٩٦٤ کە بەڕێوەبووین لە چیای کوڕ کوڕ تێ پەڕین کە دەکەویتە پشت گوندی کانی توو، مەفرەزەیەک ڕێی پێ گرتین کە مەکتەبی سیاسی ناردبووی. ئێمە لە پێشەوە بووین نێزیکەی ٢٠ پێشمەرگە بووین بەسەرکردایەتیی عوزێر دۆڵۆمەری. لەکاتێکدا کە ئێمە بەچیاکەدا سەر دەکەوتین سێ لادێییمان تووش بوو دەچوون بارەبەفر لە چیاکە بهێنن، لێیان پرسین: بارزانی لە کوێیە؟ وتمان: لە گوندەکەیە و ئەویش پاشان بەدواماندا دێت، وتیان: «ناتوانین هیچ بڵێین. سوێندیان داوین بەقورئان ڕازەکە نەدرکێنین» و بێدەنگ بوون، پاشان ئیشارەیان بۆ کردین کە دووربینەکانمان دەربێنین و ڕوویان بکەینە لوتکەی چیاکە و بەپەلە بەجێیان هێشتین. ئێمەش، ئەوان چییان پێ وتین وامان کرد و ڕووی دووربینەکانمان کردە لوتکەی چیاکە. دەبینین ڕێگە چیاییەکە گیراوە، هێزێک بەسەرکردایەتیی سەعید مەسیفی(٦) پاسی دەکا و، خەریکی

(٦) پاشان خۆی دایە دەستەوە و کابرایەکی باوەڕپێکراوی لێ دەرچوو. بەرپرسیارەتیی بەندیخانەی ڕایاتی پێ سپێردرا کە بەندیخانەی تایبەتی دەزگای پاراستن بوو.

سەنگەر هەڵکەندنن و خۆیان بۆ شەڕ ئامادە دەکەن، وەستاین تا بارزانی گەیشت و شتەکەمان تێ گەیاند. بانگی کردە عوزێر و فەرمانی دایە کەوا شەو خۆی و تاخمەکەی کێومالێکی هەموو لایەکی ناوچەکە بکەن جا دەست بکەن بەکردنەوەی ڕێگەکە و، پێی وت:

«ئاگات لێ بێ لە شوێنی کوشندەی کەسیان نەدەیت. ڕێی هەلاتنیان بۆ بکەوە و ئەوە بەسە».

عوزێر ئەرکە پێ سپێردراوەکەی بەپێی ڕاسپێرییەکەی بارزانی چۆنی وتبوو وا جێبەجێ کرد. شەوی ١٦/١٥ی تەمووز بە ٣٠ پێشمەرگەوە هێرشی برد، لە شوێنێکی زۆر سەختەوە خۆی گەیاندە لووتکەی چیاکە تا کەوتە پشتیان و بەدزە دزە لەسەر سک چوو تا گەیشتە لای پاسەوانەکەیان کە پاسەوانەتیی ئەو شەوەی پێ سپێردرابوو، کلاشینکۆفەکەی بێ ئەوەی خەبەری ببێتەوە لەدەست دەرهێنا. ئەوجا ڕستێکی تەقاند بەئاسماندا، هێزەکە کە ڕۆژی پێشوو ڕێگەی بەئێمە گرت خەبەریان بووەوە و هەڵاتن، بەڵام پێنج کەسیان خۆیان دا بەدەستەوە یەکێکیان خزمی وەهاب ئاغای ڕەواندزی بوو، وەهاب ئاغا یەکێک بوو لە پیاوانی شۆڕش و زۆر لە بارزانییەوە نێزیک بوو، کە خزمە دیلەکەیان هێنا وەهاب ئاغا لای ئێمە بوو، وەهاب ئاغا بۆ سەرکۆنەکردن و گاڵتە پێکردنی وتی: سزات ئەوەیە بە کۆڵ هەڵمگری تا لووتکەی چیاکە. دیلەکەی خزمی وەک منداڵ دەستی کرد بەگریان، لای وابوو وەهاب ئاغا بەڕاستیەتی و ئەو هەڕەشەیەی پێ جێبەجێ دەکات. شایەنی وتنە وەهاب ئاغا پیاوێکی قەڵەو بوو.

سبەینێی ١٦ی تەمووزی ١٩٦٤ گەیشتینە لووتکەی چیاکە، لە گوندی گەلاڵە هێزەکەی ڕەشید سندیمان تووش بوو کە لە ناحیەی سەرگەڵووەوە هاتبوو، لەوێ ماینەوە. هەر لەوێ هەواڵمان پێ گەیشت کەوا ئەو هێزانەی عەقید نووری مەلا مەعرووف و عەبدولوەهاب ئەترووشی سەرکردەیان بوون گەیشتوونەتە ماوەت و شەڕ بۆ داگیرکردنی ئەوێ دەستی پێ کردووە. ڕۆژی دوایی کە ١٧ی مانگ بوو چووین بۆ گوندی قامیش کە خەڵکێکی دڵسۆز و بەوەفای تێدا بوو.

خەڵکی قامیش خۆیان ئامادە کردبوو، پارێزگارانێکی چەکداریان لە دەوروپشتی گوندەکە دانابوو نەوەک هەندێ لە هێزەکانی مەکتەبی سیاسی بەدزییەوە خۆیان بکەن بەناو ئاواییدا.

عەسری ڕۆژی ١٨ی تەمووزی ١٩٦٤ گەیشتینە ماوەت، دیمان چۆڵە. تاخمەکەی

ئیبراهیم ئەحمەد پێشتر بەجێیان هێشتبوو و لە سنوور پەڕیبوونەوە و خۆیان دابوو بەدەست دەسەڵات بەدەستانی ئێرانەوە. پاشان دەرکەوت ئیبراهیم ئەحمەد بەرلەوەی بەتەواوی خۆی بدا بەدەست ئێرانییەکانەوە، پێش ئەوانی تر بەژن و منداڵەکانییەوە شوێنەکەی بەجێ هێشتووە و چووە بۆ ئێران، خۆشبەختانە لەم شەڕەدا زیان زۆر کەم بوو(٧).

ئێسگەیەکی بێتەلی ئێرانی (بۆ ناردن و وەرگرتن) لە گوندی ژاژڵە گیرا، هەروا ئازووخە و پێویستیی تری زۆریش هەبوو مەکتەبی سیاسیی کۆن لە ماوەت و ژاژڵە و عیساوی بەجێی هێشتبوون.

لێرەدا پێویستە لەسەرم بە ڕۆڵی قارەمانانەی ڕۆڵەکانی ناوچەی سیوەیل بنازم کە لە

(٧) دەقی نامەکەی ڕەشید سندی:
گەورەم بارزانی مستەفای بەڕێز
١٩٦٤/٧/٢٠
سلاو و حورمەت
پاش سەلام لێ کردنتان و ناردنی ڕەحمەت و بەرەکەتی خوا بۆتان، تکای بەردەوامیی تەندروستی و پێشکەوتنم هەیە بۆتان بۆ خزمەتکردنی میللەتی کوردی ستەمدیدە. پاش ئەمە، سبەینێی ئەمڕۆ گەیشتینە ئەو شوێنەی (م.س. مەکتەبی سیاسی)ی ئیبراهیم ئەحمەدی لێ بوو. پێش ڕۆژێک چۆڵ کرابوو، لە هەموو ئەو شتانەی تێیدا بوون، جگە لە هەندێ پەڕە کاغەز کە بلاو بووبوونەوە و هیچ سوودێکی لە ڕووی سیاسی یا سوپایی یا ئابوورییەوە تێدا نەبوو. هەواڵمان لە خەڵکی گوندەکە پرسی، وتیان: هەموو شتەکانیان لە ماوەی زیاتر لە هەفتەیەکدا گواستەوە و، لە دوا ڕۆژدا کە ناوچەکەیان تەواو چۆڵ کرد، هێستریان لە ئێرانەوە هێنا و کۆچیان کرد. ئێستەش بەتەواوی گوێمان لە تەقەیە لەسەر سنوور. ئێمە وا دەڕۆین بۆ ناوچەی شەڕ و خوا یار بێ عەسری ئەمڕۆ دوا هەواڵتان پێ دەگەینین، ئەمە و، بەردەوام بن بەیارمەتیی خودای بڵند و بالا.

دڵسۆزتان
ڕەشید سندی

هەر بەم بۆنەیەوە برووسکەی تری لەم چەشنەش هەیە. یەکێک لەوانە برووسکەی عەقید نووریی مەلا مەعرووفە، کە تێیدا هەواڵی پاکژکردنەوەی ناوچەی هەڵەبجە و پێنجوین و چوارتا لە تاقمەکەی ئیبراهیم ئەحمەد بە بارزانی دەگەینێ. هەروەها برووسکەی فازڵ تاڵەبانی کە هەواڵی پاکژکردنەوەی ناوچەی خانەقینی تێدا دەگەینێ.
پێویستە لەسەرم لێرەدا ئاماژە بۆ ئەو ڕۆڵە دیارە بکەم کە عەقید نووری مەعرووف و موقەدەم نووری مەلا حەکیم و دەفسەری پۆلیس عەبدولوەهاب ئەترووشی و هەردوو ملازم فازڵ تاڵەبانی و تاریق ئەحمەد و فازڵ سۆرانی و جەمال نامیق و عەبدول سۆران و ملازم نەوزاد خۆشناو و ئەفسەری پۆلیس کەمال شێخ غەریب و ئەفسەری پۆلیس محەمەد سەید عەلی حافز و تاهیر عەلی والی و فەتاح محەمەد ئەمین گێڕایان.

دەرکردنی تاخمەکەی ئیبراهیم ئەحمەد و پاکژکرنەوەی ناوچەکە و پاراستنیدا گیرایان.

ماوەتمان بەجێ هێشت و ڕوومان کردە پێنجوین و بە چوارتادا رابوردین، ڕۆژی ٢٦ی تەمووز لە چوارتا بووین.

ئا بەم جۆرە ئەو گفتەی بارزانی دابووی کە ناوچەی سۆران بە ڕۆڵەکانی سۆران خۆیان ئازاد دەکات، هاتەدی.

جەنگاوەرانی سۆرانی کە قسەکەی بارزانییان لەم کاری پاکژکردنەوەدا هێنایە دی ٩٠٪ی تێکڕای جەنگاوەرەکان بوون. ئیبراهیم ئەحمەد ئەمجارەش لە حیساباتەکەیدا بەهەڵەدا چوو.

بارزانی ماوەیەک لە پێنجوین مایەوە، لەو ماوەیەدا گەشتێکی بە ناوچەی شلێردا کرد و سەری لە پیاوماقوولانی ناوچەکە دا کە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەدا هاوکارییان لە کاری پاککردنەوەی ناوچەکە لە دارودەستەی مەکتەبی سیاسیی کۆندا دەکرد.

لە یادمە باوکم لەو ماوەیەدا هەلی بۆ هەڵکەوت سەرێک لە قانیعی شاعیر بدا کە لە گوندێکی نێزیکی ئەو ناوچەیەدا دەژیا. ئەم ئەدیبە گەورەیە یەکێک بوو لە دڵسۆزەکانی بارزانی و، کە بارزانی لە بەغدا بوو هەمیشە سەری لێ دەدا.

ئێرانییەکان تاخمی مەکتەبی سیاسیی هەڵوەشاوەیان گواستەوە بۆ بانە و لەوێ نیشتەجێیان کردن، بەشێکی کەمیشیان لەژێر چاودێری و بەرپرسیی عەقید عیسا پیژماندا لە سەردەشت مانەوە. ئەمانە بۆ هاشە و هووشە و پروپاگەندە هەندێ دەنگوباسی درۆ و ساختەیان بڵاو کردەوە و گوایە ئێران لەوێ مەشقی چەکی قورس و تانک و شتی وایان پێ دەکا، وەک سەرەتا بۆ گەڕانەوەیان بۆ کوردستانی عێراق و، درۆ و دەلەسەی تریش. بارزانی تا ڕۆژی ١ی ئاب لە ناوچەی پێنجوین بوو، پاش ئەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی قەڵادزێ و لە گوندی گەناو دابەزین و پاش ماوەیەک گواستمانەوە بۆ هێرۆ.

ڕۆژی ١٧ی ئاب تاخمەکەی ئیبراهیم ئەحمەد، نیازی دەستدرێژی کردنیان هەبوو، لە سنوور پەڕینەوە و هاتن بۆ شلێرو سیوەیل لە دەوروبەری پێنجوین. دەرکەوت کە دەسەڵاتدارانی ئێران باشترین چەکیان دابوونێ و، شەڕێکی سەخت لەو ناوانەدا ڕووی دا و هەندێ شوێنیان داگیر کرد و لە ئەنجامی ئەوەدا شەش پێشمەرگەی هێزی خەبات شەهید کران. ڕۆژی ١٩ی ئاب برووسکەیەک لە عەقید نووری مەلا مەعرووفەوە هات بۆ بارزانی

داوای یارمەتیی لێ دەکرد و ئاگەداری کرد کەوا شەڕ بەردەوامە و ئێرانییەکان ڕاستەوخۆ یارمەتیی تاخمی ئیبراهیم دەدەن. بارزانی فەرمانی بۆ ئەو هێزانە دەرکرد کە لە ژێر دەستیدا بوون بکەونەڕێ و بڕۆن بۆ چوارتا و پێنجوین، دەستبەجێ هێزەکان کەوتنە ڕێ و بارزانی بۆ خۆشی بەدوایاندا ڕۆیشت.

٢٢ی مانگ گەیشتینە چوارتا. لەو ڕۆژە گەرمانەدا زۆر بەپەلە ڕێمان دەکرد، تەنانەت کاتێک کە شیوی سەفەرمان دەبڕی گەرما گەیشتبووە ڕادەیەک لەوانەبوو زۆربەمان لە هۆشی خۆمان بچین.

هەرکە هێزی یارمەتییەکە و بارزانی گەیشتنە شوێنی پێویست، هێزەکانی ئیبراهیم ئەوەیان بەباشتر زانی دەستبەجێ بکشێنەوە بۆ ئێران.

بارزانیش تا هێڵی سنوور ڕۆیی، لەوێوە هەڕەشەیەکی توندی بەم شێوەیەی خوارەوەی لە ئێرانییەکان کرد و پێی وتن:

«جارێکی تر یەک کەسیان لە سنوور بپەڕێتەوە، منیش لە سنووری ئێران دەپەڕمەوە و شۆڕشێک لە کوردستانی ئێراندا هەڵدەگیرسێنم».

بارزانی ئەم هەڕەشەیەی خۆی بەنهێنی نەهێشتەوە و بەڕۆشن و ئاشکرا ڕایگەیاند. ڕێژیمی عێراقیش ئەم هەڕەشەیەی بەهەلێکی وا دانا نابێ لە دەست بدرێ، پێوەندیی ئەو ڕۆژەی نێوان عێراق و ئێران ئاڵۆز بوو. بەغدا دەستبەجێ وەفدێکی حکوومەتیی نارد بۆ چوارتا(٨)، وەفدەکە جەختی لەسەر ئەوە کرد کە حکوومەتی عێراق ئامادەیە یارمەتیی بارزانی لە دژی دەست تێوەردانی ئێران بدات. باوکیشم سوپاسی ئەندامانی وەفدەکەی کرد و پێی وتن: ئێستە هەموو شتێ براوەتەوە و ئەگەر دووبارە دەست تێ وەردەنەوە پێوەندیتان پێوە دەکەم ئەگەر پێویستییەک بەیارمەتی دانمان هەبوو، بەڵام ئێستە هیچ پێویست ناکات.

دوژمنانی شۆڕش هەمیشە واتەواتیان بڵاو دەکردەوە گوایە بارزانی یارمەتی لە ڕێژیمی عێراق وەردەگرێ و چەک و پارەی لێ دەستێنێ. ئەوان خۆیان لە هەموو کەس باشتر دەزانن ئەم بانگەشانەیان هیچ بنەمایەکی ڕاستی نییە و حکوومەتی عێراق هەرگیز وای نەکردووە. من هیچ گومانم لەوەدا نییە کە هەردوو ڕێژیم هەمیشە ئارەزوویان لەوەدا یەک

(٨) وەفدەکە پێک هاتبوو لە سەرۆکی ئەرکانی سوپا و سەرکردەی فیرقەی دوو و بەڕێوەبەری ئیستیخباراتی سوپا و پارێزگاری سلێمانی.

بووە کە شەڕ لە نێوان پارتی و تاخمی ئیبراهیم ئەحمەددا بەردەوام بێ و پێیان خۆش دەبوو و گەشەیان دەکرد ببینن کورد خوێنی کوردی برای دەڕێژێ و، ئەوانیش تەماشایان بکەن و لەزەت لەم دیمەنی شەڕە کوردە ببینن.

## بەرەو هەمەدان

سەرەنجام ئیبراهیم ئەحمەد خۆی لە تەنگەلانێکدا دیبەوە. زۆر جار عومەر مستەفا دەبابە باسی ئەو مامەڵە پڕ لە سووکایەتییەی کردووە کە لە ئێرانییەکانەوە دیویانە لە بەرامبەر خۆیاندا. یەکێ لە قسەکانی ئەوەیە: ئێمەیان لە مۆڵگەیەکدا دانابوو لە هەمەدان کەچی ئیبراهیم ئەحمەد و ماڵ و منداڵەکەیان ناردبوو بۆ تاران.

بەڵێ سەرەنجامیان ئەمە بوو، تا تەمووزی ١٩٦٥ لەوێ مانەوە، پاش ئەوەی بارزانی جاڕی دا کەوا لێیان خۆش بووە و ئەوانیش گەڕانەوە بۆ کوردستان.

## ڕێکخستنی پارتی و سوپای شۆڕش

بارزانی هەر لە ناوچەی چوارتا مایەوە، بەڵام هەندێ گەشتیشی بەناوچەکەدا دەکرد بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابێ کە ناوچەکە ئارامە، ئەوجا ئیتر کاتی ڕێکخستنی ڕیزەکانی پارتی و سوپای شۆڕش هات.

بارزانی بەدرێژاییی هاتوچووەکانی، خۆی لەوە دوور دەگرت بەو ناوچانەدا تێ پەڕێ کە حکوومەتیان تێدایە، بەڵام ئەمجارەیان کارێکی کرد کە بۆ هەموو لایەک لەپڕ و نەکردەنی بوو. سبەینێی ١٦ی ئەیلوول لە ڕیزی پشتەوەی ئوتۆمۆبێلەکەی شێخ حوسێن بۆسکێنیدا دانیشت و خۆی خستبوە ڕیزی پاسەوانەکانی و ئەوانەی ترەوە کە لەگەڵی بوون و، بەڕێگەوە بۆ ڕانیە چووینە ناو شاری سلێمانی، لە کاتێکدا کە هەمووان گومانیان وابوو لە ڕێگەی چیاوە بەپێ چووین بۆ قەڵادزێ و ڕانیە. لە ٢٠ی ئەیلوولدا پارێزگاری سلێمانی لەپڕ زانیی کەوا بێ ئەوەی ئەو پێ بزانێ بارزانی هاتووەتە ناو شارەوە و ئەم پێزانینەشی پاش ئەوە بوو کە بارزانی گەیشتبووە ڕانیە. گلەییی لە بارزانی کرد چۆن کە گەیشتبووە سلێمانی ئەوی ئاگەدار نەکردبوو تا ئەرکی مێوانداری و پێشوازی کردن بەجێ بهێنێ.

لەم ماوەیەدا پاش گەڕانەوەی بارزانی چەند کۆبوونەوەیەکی ڕێکخستنی حزبایەتی و

سوپایی کرا، هەروەها بڕیاردرا بەڕێوەبەرایەتییەکانی ناوچە ئازادکراوەکان ڕێک بخرێن. پاشان کۆبوونەوەیەکی بەربڵاو کرا سەرکردەکانی پارتی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و سەرکردەکانی هێزگەلی پێشمەرگە و سوپاییبیە دیارەکان و کۆمەڵێکی زۆر لە ڕۆشنبیران و سەرۆک خێڵەکانی تێدا بەشدار بوون. لەم کۆبوونەوەیەدا بەشێوەیەکی بەرفرەوان لە باری سەردەم کۆڵرایەوە: شۆڕش چیی بەدی هێناوە و چ ئەرکێک لە ئەستۆی لایەنە بەرپرسەکاندایە. پاش ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و گفتوگۆ، لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤دا بڕیاری پێکەوەنانی دەزگایەک درا کە پاشان بەئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش ناسرا.

ئەم ئەنجوومەنە پێک هاتبوو لە: بارزانی (سەرۆک) و، لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و فەرماندەرانی هێزەکان و ژمارەیەک لە سەرۆک خێڵەکانی وەک عەباس ئاغا مامەند ئاغا و کاکە زیادی حەماغا و ئەنوەر بەگی بێتواتە و مەحموود بەگی گولی و شێخ ڕەئووفی هەنجیرە و شێخ حوسێن بۆسکینی و وەهاب ئاغای جندییان و دوو ئەندام لە سەرکردایەتیی حزبی شیوعی و دووان لە پیاوە ئایینییە مەسیحییەکان.

پێکەوەنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش هەنگاوێکی ستراتیجیی گرینگ بوو. پاش ئەوەش ڕێکخستنی بەڕێوەبەریەتی بوو لەسەر بنەمای دانانی کاربەدەستانی بەڕێوەبەریەتی (قایمقام، بەڕێوەبەری ناحیە... تاد)، هەروەها دانان و دابەشکاری و پلە و ناونیشان بۆ سەرکردایەتییە جۆربەجۆرەکانی لەشکری شۆڕش.

مەکتەبی سیاسی تەرخان کرا بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری حزبایەتی و سکرتێرێکی بۆ خۆی هەڵبژارد کە حەبیب محەمەد کەریم بوو. هەروەها مەکتەبی تەنفیزیش پێکەوەنرا و بەرپرسی بەڕێوەبردن و جێبەجێ کردنی بڕیارە تایبەتییەکانی کاروباری ناوخۆ و سەرپەرشتی کردنی دەستەی حکوومەتییەکانی ناوچە ئازادکراوەکانی پێ سپێردرا و، لە سەرەتادا مستەفا قەرەداغی کرا بەسکرتێری و پاشان گۆڕدرا بەدوکتۆر مەحموود عوسمان.

ئەرکی مەکتەبی تەنفیزی زیاتر لە ئەرکی ئەنجوومەنی وەزیران دەچوو. هەر ئەندامێکی، بەرپرسیی لقێک لە لقەکانی بەڕێوەبەریەتیی پێ سپێردرابوو. بەو جۆرە بەرپرسێک بۆ کاروباری داد و دادوەری، بەرپرسێک بۆ کاروباری دارایی، بەرپرسێک بۆ هەواڵ زانین (ئیستیخبارات)، بەرپرسێک بۆ بەڕێوەبەریەتی و... تاد هەبوو.

سەرکردایەتیی لەشکری شۆڕش ڕاستەوخۆ بەدەست بارزانییەوە بوو، کۆمەڵێ ئەفسەری

عێراقیی پێوە پێوەندبوون کە هاتبوونە پاڵ شۆڕش و ئەمانە بوون: عەقید تەها بامەڕنی، عەقید عەبدورەحمان قازی، موقەددەم نافیز جەلال، موقەددەم عەزیز ئاکرەیی (هەندێ جار)، ئەفسەری پۆلیس شێخ ڕەزا گولانی. هەروەها یاسایەکیش بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش دانرا(٩).

بەم جۆرە ئەو کەلێنە پڕکرایەوە کە دووکەرتبوونەکەی ١٩٦٤ دروستی کرد و، کوردستان کەوتە ژێر یەک سەرکردایەتییەوە و متمانەی گەلی کورد بەشۆڕش نوێ بووەوە و باوەڕی بەئامانجەکانی زیاتر بوو.

لەشکری شۆڕشیش بەم جۆرەی خوارەوە ڕێک خرا:

سەرکردەی گشتی: مەلا مستەفای بارزانی.

سەرۆکی ئەرکان: نووری مەلا مەعرووف.

لەشکری یەک لە بادینان، سەرکردەکەی ئەسعەد خۆشەوی و، پێک دێ لە:

* هێزی زاخۆ: بەسەرکردایەتیی عیسا سوار.

* هێزی دهۆک: بەسەرکردایەتیی عەلی خلیل.

* هێزی شێخان و ئاکرێ: بەسەرکردایەتیی حەسۆ میرخان دۆلۆمەری.

لەشکری دوو لە هەولێر: سەرکردەکەی ڕەشید سندی و، پێک دێ لە:

* هێزی سەفین: بەسەرکردایەتیی تاهیر عەلی والی.

* هێزی کاوە لە ناوچەی پشدەر: بەسەرکردایەتیی حەسۆ میرخان ژاژوکی.

* هێزی بێتواتە لە ناوچەی بێتواتە: بەسەرکردایەتیی عەلی شەعبان.

لەشکری سێ لە سلێمانی و کەرکووک بەسەرکردایەتیی موقەددەم عەزیز ئاکرەیی و، پێک دێ لە:

* هێزی خەبات: بەسەرکردایەتیی عەبدولوەهاب ئەترووشی.

* هێزی قەرەداغ: بەسەرکردایەتیی فازڵ تاڵەبانی.

* هێزی ڕزگاری: بەسەرکردایەتیی تاریق ئەحمەد.

پێکهاتەکانی پارتی: مەکتەبی سیاسی (ناوەند):

(٩) سەیری پاشبەندی ژمارە (١٩) بکە لە بەشی پاشبەندەکاندا.

لقەکان:

* لقی یەک: مووسڵ و دهۆک.
* لقی دوو: هەولێر.
* لقی سێ: کەرکووک.
* لقی چوار: سلێمانی.
* لقی پێنج: بەغدا.
* ڕێکخراوەکانی پارتی لە دەرەوە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بەمەکتەبی سیاسییەوە دەبێ.

پێکهاتەکانی ئەنجوومەنە تەنفیزییەکان:

* بەشی دارایی.
* بەشی بەڕێوەبەرایەتی.
* بەشی دادگەری.
* بەشی تەندروستی.
* بەشی ئاسایش.
* بەشی کاروباری ناوخۆ:

موتەسەڕیف (پارێزگار)ی سلێمانی، موتەسەڕیف (پارێزگار)ی کەرکووک، موتەسەڕیف (پارێزگار)ی هەولێر، موتەسەڕیف (پارێزگار)ی مووسڵ.

بۆ هەر دائیرەیەک بەرپرسێک دانرا کە دەستبەجێ دەستی دایە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی وەزیفەکەی.

پیلانێکی ناوخۆیی لە دژی عەقید ڕوکن عەبدولکافی نەبەوی هۆنرایەوە، بەڕێوەبەر و بزوێنەکەی عەزیز ئاکرەیی بوو، بەشی زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسیش تێیدا بەشدار بوون. ئەوەبوو چەندین چیرۆکی ساختە دروست کرا و چەندین گومان خرایە سەر ڕەوشتی، هەمووشی بۆ ڕێگرتن لە بەشداری کردنی لە کۆنگرە سوپاییەکاندا. پێداماڵینێکی گەورەبوو بۆ عەبدولکافی کە هاوسەنگیی خۆی تێدا بزرکرد و سەرەنجام کارکێشایەوە بۆ ئەوەی بڕیارێکی زۆر گورج و پەلە لەبارەی خۆیەوە بدا، ئەوەبوو ڕیزەکانی شۆڕشی بەجێ هێشت و لە پڕ گەڕایەوە پاڵ حکوومەت بێ ئەوەی کەس پێی بزانێ. ئەو زیانەی بەڕۆیشتنی عەبدولکافی لە شۆڕش کەوت زیانێکی گەورە بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

بەئەمینی و دڵسۆزی مایەوە بۆ شۆڕش و بنەماکانی و خراپەی دەرهەق نەکرد یا هیچ زیانێکی پێ نەگەیاند. ئەوەی بۆ خۆی هەڵبژارد کە پایەی پاشکۆی سوپایی لە باڵیۆزخانەی عێراق لە هیندستان بۆ خۆی وەرگرێ.

## یاداشتێک بۆ سەرکۆمار و ئەنجوومەنی وەزیران

هەنگاوی یەکەمی کارکردنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش ئەوەبوو لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤دا یاداشتێکی پێشکێشی سەرکۆمار و ئەنجوومەنی وەزیران کرد و بارزانیش بەو پێیە کە سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشە، ئیمزای کرد و، عەگید سدیق و ئەندازیار شەوکەت ئاکرەیی دایان بەدەستی تاهیر یەحیاوە[١٠].

## دەست لەکار کێشانەوەی وەزارەتی تاهیر یەحیا

تاهیر یەحیا لە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤دا دەست لەکار کێشانەوەی وەزارەتەکەی خۆی پێشکێش کرد و، داوای لێ کرا وەزارەتێکی نوێ پێکەوە بنێ.

من وای بۆ دەچم ناتوانرێ ئەم پیاوە عەسکەرییە لە ڕیزی ئەو نەتەوەچییە شۆڤێنییانەدا دابنرێ کە نیازیان بەرانبەر گەلی کورد خراپە و، داخوازییە نەتەوەیییەکانی ناسەلمێنن، بەڵام سەرجەمی وەزیرە نوێیەکانی لە تاخمە دەمارگرژە کینە لە دڵەکان بوون، ئەمیش پیاوێکی بێ دەسەڵات بوو لە ئاستیاندا و، زۆر جار ناچار دەبوو بەپێی ئەوان بڕوا بەڕێوە.

بەش بەحاڵی ئەو بابەتانەش کە لە یاداشتەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستاندا نووسرابوون و بۆی برابوو، ئەو هیچ کاردانەوەیەکی توندی لێوە ڕوونەدا، بەڵام پاش پێکەوەنانی وەزارەتە نوێیەکەی و بوونی ئەو تاخمە دەمارگرژە کینە لە دڵە لە ناویدا کە سوبحی عەبدولحەمیدی وەزیری ناوخۆ لە ڕیزی پێشەوەیان بوو، مەسەلەکە گۆڕا. تاهیر یەحیا بەهۆی ئەم وەزیری ناوخۆیەوە وەڵامێکی بۆ بارزانی ناردەوە و وەفدێکی[١١] حکوومەتیشی لەگەڵدا نارد کە لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٤دا گەیشتە لای بارزانی و چەند خاڵێکی دیاری پێشانی بارزانی دا وەک دوا هەوڵ وابوون بۆ خۆ دوور خستنەوە لە شەڕ. ئاشکرا بوو حکوومەت ئامادە بوو بۆ خولێکی تریش لە گفتوگۆ.

(١٠) سەیری دەقەکەی بکە لە پاشبەندی ژمارە (٢٠) لە بەشی پاشبەندەکاندا.
(١١) وەفدەکە لە وەزیری ناوخۆ و سەرکردەی فیرقەی دوو و موتەسەریفی سلێمانی پێک هاتبوو.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش وای بەباش زانی وەفدێکی بەرانبەر[١٢] بنێرێ بۆ بەغدا و لە ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٦٥دا وەفدەکەی نارد و تا ٢٤ی مانگ لە بەغدا مایەوە و لەو ماوەیەدا هەندێ پێشنیازی تازەی خستە بەردەمی حکوومەت[١٣].

لەو ماوەیەدا گەلێ هاتوچۆ و وەرگرتن و دانەوە و ئاڵوگۆڕکردنی یاداشت ڕووی دا کە دوایییەکەیان هاتنی وەزیری دەوڵەت مەسعوود محەمەد بوو کە نامەیەکی لە تاهیر یەحیاوە هێنابوو بۆ بارزانی جەختی لەسەر ئارەزووی حکوومەت لە ئاشتی تێدا دەکردەوە و، بارزانیش لە ١٢ی ئاداری ١٩٦٥دا بەنامەیەک وەڵامی دایەوە و، بەشەفیق ئاغا و سەردار حەمە ئاغادا ناردی. ئەوە دوا هەوڵی دوورخستنەوەی ڕووبەڕووبوونەوە بوو لەگەڵ ڕێژیمی عێراق.

سەرلەنوێ کوردستان بووەوە بەمەیدانی جەنگ[١٤].

(١٢) وەفدەکە لە سکرتێری پارتی حەبیب محەمەد کەریم و هاشم ئاکرەیی و عەگید سدیق ئامێدی پێک هاتبوو.

(١٣) لەم ڕووەوە سەیری نامەکەی حەبیب محەمەد کەریم بکە لە پاشبەندی ژمارە (٢١) لە بەشی پاشبەندەکاندا.

(١٤) لەبارەی دەقی یاداشتەکان و نامە ئاڵوگۆڕکراوەکانەوە، سەیری پاشبەندی ژمارە (٢٢) بکە لە بەشی پاشبەندەکاندا.

## بەشی نۆیەم

# ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٦٥

ساڵی ١٩٦٥ و ساڵی دواتر، لە ساڵە تاڵ و قورسەکانی تەمەنی شۆڕشن، لەم ساڵەدا زۆر شەڕی سەخت ڕووی داوە و سەرکەوتنی مەزنیش وەدەست هاتووە. هەر لەم ساڵەدا سەرکردایەتیی شۆڕش لە ناوچەی پشدەرەوە گواستییەوە بۆ ناوچەی باڵەک و کردی بەبارەگای خۆی تا نسکۆی ١٩٧٥.

پاش بڕانی گفتوگۆی نێوان شۆڕش و حکوومەت هەردوو لا خۆیان ئامادە دەکرد بۆ دەست پێکردنەوەی شەڕ. لە شوباتدا وردە پێک هەڵپژان دەستی پێ کرد و، لە ناوچە جیاجیاکاندا بەگژیەکداچوونی مەودا تەسک ڕووی دەدا. پاشان لە مانگی ئادار شەڕ دەستی دایە گەرم بوون و گەلێ شەڕی گەورە و گەرم و بەربڵاو ڕوویان دا. هەروەها نیشانەیەکی ئەم ساڵە ئەوە بوو پێوانەیەکی زۆری زەوی کەوتە چوارچێوەی ناوچەی شۆڕش و ناوچە ئازاد کراوەکانەوە، وەک چۆن ژمارەیەکی زۆریش لە جاش هاتنە ناو هێزی پێشمەرگە و، بیری نەتەوەیی و شۆڕش لەناو خێڵەکاندا بەقووڵی بڵاو بووەوە، زۆریش لە سەرۆک خێڵەکان بەخۆیان و چەک و شوێنکەوتووانیانەوە هاتنە پاڵ شۆڕش. چەند تاخمێکی کەمیش لە شۆڕش یاخی بوون و چوونە پاڵ حکوومەت. هەروەها سەرنج درا کەوا جیهانی دەرەوەیش بایەخی زیاتری دەدا بەوەی لە کوردستاندا ڕووی دەدا، تەنانەت ڕێژیمی شا خۆشی پاش ئەوەی دەستی لە ئیبراهیم ئەحمەد و تاخمەکەی شوشت، وای بەباش زانی پێوەندیی خۆی بەئێمەوە تازە بکاتەوە. بەم پێیە دیمان ڕێژیمی ئێران نوێنەری خۆی عەقید عەلی مودەڕیسی، کە کوردێکی مەهابادی بوو، بەخۆی و بەدەزگایەکی ناردن و وەرگرتنەوە نارد بۆ لامان. ئەم عەقید مودەڕیسییە، بەبۆچوونی ئێمە، پیاوێکی بەد نەبوو، جا نازانین ئاخۆ ئەم بۆچوونەمان لەچاو ئەو کارە بەدانەی عەقید عیسا پیژمان و فڕوفێڵ و بەدڕەفتارییەکانی ئەودایە، بەجۆرێ هەرکەس پاش ئەو دەهات ئێمە بەبەراورد لەگەڵ ئەو، بەپیاوی چاک و دڵپاک و نیاز چاکمان دەزانی.

شا هەوڵی دەدا لە بارزانی نێزیک ببێتەوە، لە پێشدا چوار تۆپی هاوەنی ئەندازە ٨١

ملم و ٥٠٠ تفەنگی برنەوی بۆ نارد. پاشانیش لە تەمووزدا چوار تۆپی هاوەنی تری لە هەمان ئەندازە و چوار هاوەنی تری ئەندازە ١٢٠ ملم-ی بۆ نارد لەگەڵ فیشەکێکی زۆر بۆ برنەو و بۆ تفەنگی ئینگلیزیش، لە سایەی ئەمەوە باری سەربازیی پێشمەرگە گۆڕانێکی گەورەی باشی بەسەردا هات.

شا فەرمانێکی دەرکرد کە ڕێگەی بریندارەکانمان بدرێ لە نەخۆشخانەکانی ئێراندا چارەسەر بکرێن.

بۆ مێژوو دەیڵێم بارزانی لە چەندین ڕێگەوە هەوڵی دا ڕێ لە تازەبوونەوەی شەڕ بگرێ، یەکێک لەو ڕێگەیانە ئەوە بوو نامەیەکی تایبەتیی بۆ سەرۆک جەمال عەبدوننناسر و بۆ سورياييیەکان نارد داوای لێ دەکردن دەست بخەنە پرسەکەوە بۆ ئەوەی نەهێڵن سەرلەنوێ شەڕ دەست پێ بکاتەوە[1].

(١) سەرکردایەتیی شۆڕش ڕاپۆرتێکی دەست کەوت کە پاشکۆی سەربازیی بەریتانیا لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لەبارەی چۆنیەتیی خۆ قایمکردنی ئۆردووگاکانی سوپای عێراقەوە لەم سەردەمەدا، نووسیویە. من خۆم لەبارەی گەیشتنی ئەم بەڵگە گرینگەوە بۆ سەرکردایەتیی شۆڕش، هیچ زانیارییەکم لا نییە، بەڵام گومانی ئەوە دەبەم کە سۆڤیەتەکان بۆیان ناردبێ، وا لێرەشدا دەقی ئەم بەشەی ڕاپۆرتەکە بڵاو دەکەینەوە:

بەشێک لە ڕاپۆرتێک پاشکۆی سەربازیی بەریتانیا لە بەغدا نووسیویە:

(ب) نەخشەیەکی لاواز بۆ ئۆردووگاکان دروست کراوە. ئەو کارانەی بۆ داکۆکی و بۆ پاسەوانی دەکرێن بەشی هیچ ناکەن، مرۆ پێکەنینی بەو کارانە دێ بۆ داکۆکی لە بەشی زۆری ئۆردووگاکانی سوپای عێراق لە کوردستان کراون. ئۆردووگاکان لە ئۆردووگای مانۆڕی سەردەمی ئاشتی دەچن نەک لە ئۆردووگای بەپێی سەردەمی بزاوتی جەنگی. ئۆردووگای جەنگی لە ناوچەی شەڕی چیاییدا دەبێ دیوارێکی بەرزی ئەستووری بەردینی وای بەدەوردا هەبێ ڕێ لە تفەنگچی بگرێ و نەهێڵێ زیانی پێ بگەینێ. چادرەکانیش دەبێ لە بنی خاکەوە قایم بکرێن یا دیوارێکی بەردینیان بەدەوردا بکرێ بۆ پاراستنیان، ئەگەر خاکەکە بەردین بوو. هیچ کام لەم پێویستییانە لە ئۆردووگاکاندا نەکراوە و، ڕەنگ بێ ئەمە وا بگەینێ کورد نەریتی ئەوەیان نییە تەقە لە ئۆردووگای سوپا بکەن. ئەگەر تەقەیان لە ئۆردووگاکان بکردایە زۆرتر لەوانە بوو کارێکی گەورە بکاتە سەر وورەی سەربازەکان.

ئێستە پاسەوانیکردنی سوپا بەدەوری ئۆردووگاکاندا ئەوەندە ناتەواوە، کوردەکان زۆر بەئاسانی دەتوانن بیانپێکن نەخوازەڵا بەڕۆژ کە مرۆڤ زۆر باشتر نیشانە دەپێکێ. هەروەها کوردەکان لایان وایە بەشەو تەقە لە ئۆردووگاکان بکەن باشە، چونکە دەبێ بەمایەی پشێوی لەناویاندا، بەتایبەتی لە یەکە خراپەکاندا و، فیشەکێکی زۆریان پێ لەناو دەبات.

یەکێ لە هەڵە کاریگەرەکان لە زۆرتری ئۆردووگاکانی سوپا لە کوردستاندا ئەوەیە کە هۆیەکانی گواستنەوە بەڕیز لە هێڵێک یا لە دوو هێڵدا دادەنێن. ئەمەش بەهەموو سادەییەک ئەوە =

# گرینگترین شەڕەکانی ساڵی ١٩٦٥

## شەڕی سەفین

ڕێژیم دە ڕۆژ باڵەفڕەکانی خۆی دەنارد بەئاسمانی ناوچە ئازادکراوەکاندا دەسووڕانەوە و دەهاتن و دەچوون بێ ئەوەی هیچ بۆمبارانێک بکەن، هەر بۆ تۆقاندن و زراوبردن. لەم دە

= دەگەینێ کە کوردەکان کۆمەڵێک تفەنگداری نیشانەپێکی ڕاست بنێرن کە تفەنگی میکانیکییان بەدەستەوە بێ دەستڕێژێ لە هێڵی ئۆتۆمۆبێلەکان بکەن و گەورەترین زیانیان پێ بگەیەنن. خۆ ئەگەر لەو دەستڕێژەدا تایەیەک ئاگری تێ بەربوو لەوانەیە هەموو تایەکان ئاگریان تێ بەر ببێ. دەشتوانرێ هەندێ لەو شۆفێرانە بپێکرێن کە هەوڵ دەدەن ئۆتۆمۆبێلەکان لە جێی خۆیان بگوێزنەوە. پێویستە لەسەر سوپا هەوڵ بدا ئۆتۆمۆبێلەکان لە شوێنی جیاجیا دابنێ کە بەناو ئۆردووگاکەدا بلاو ببنەوە و، لەناو چاڵ دابنرێن بۆ ئەوە کە ئەگەر تەقەیان لێ کرا لای کەمی مەکینەکانیان و تایەکانی پێشەوەیان بەساغی بمێننەوە.

(ج) بەکارهێنانی ساویلکانەی توورەکە خۆڵ. وا دیارە بەشی زۆری ئەو داپۆشانەی بۆ پارێزگاری لە ڕەبییەکاندا بەکار دەهێنرێن توورەکە خۆڵن و بەیەک ڕیز دانراون. لای کەمی دوو ڕیز توورەکە یان زیاتر پێویستە بۆ ئەوەی فیشەکی تفەنگ کاری خۆی پێ نەکرێ. ئەگەر سوپا پاش سێ ساڵیش شەڕ هەر سووربێ لەسەر شوێنکەوتنی ئەم هەڵەیەی خۆی، مرۆڤ هیچی بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێ سەری لەوە سوور بمێنێ کە تا ئێستە کوردەکان چەند جار ڕەبییەکانیان داوەتە بەر گوللە و تا ئێستەش ئەمە یارییەکی سووک و ئاسانە بۆیان.

(د) ناڕەحەتیی شوێنی ڕەبییەکان و کەمیی ئەو کارانەی پێویستن بۆ یارمەتیدانیان:
نموونەیەکی زۆر ئاشکرای ئەمە لە دەربەندیخانە کە چەند سەربازێکی پیادە (١٠ سەرباز) پارێزگاری لە پردێک دەکەن نێزیکەی یەک کیلۆمەتر لە باشووری ئاواییەکەدایە. سەربازەکانیش لە چەند بەنگەڵەیەکدا دەژین لە پلێتی ئاسن دروست کراون و دیوارێکی ئاساییان بەدەوردایە برێتییە لە ڕیزێک توورەکە خۆڵ و بەرزییەکەشی ئەوەندە نییە. گردۆڵکەیەکی بەرز لە دووریی تەنیا ٣٠ یاردەوە بەسەر ئەم ماڵی سەربازانەدا دەڕوانێ کە لە کلکەی باکوری پردەکەوەیە. تاقە یەک چەکدار دەتوانێ لەسەر ئەو گردۆڵکەیەوە کاری گشت پاسەوانەکانی پردەکە پەک بخا. هەرچەند یەک لیوای تەواو سەرباز لە دەربەندیخانە بۆ پاراستنی بەستەکە، لە ڕاستیدا دوو بەش سەرباز (هەر بەشی ١٠ کەس) بەکردەوە پاسەوانیی بەستەکە دەکەن بۆ پاراستنی. دەتوانرێ ئەم ١٠ کەسە پاسەوانەش لەکار بخرێن و نەهێڵرێ دەست بکەنەوە بەرلەوەی ئەوی تری هێزەکە بەهاواریانەوە بێت و فریایان بکەوێت، بەتایبەتی کە تەنیا کەلێنێک بۆ لای بەستەکە بەڕێگەیەکدا دەڕوا تونێلێک دای پۆشیوە. شوێنەکەش وایە دەتوانرێ چەندین پەناگە و پارێزی کاریگەری تێدا دامەزرێندرێ. ڕەبییەکانی سەرووی بەستەکەش لە شوێنی دووردان و لەوانەیە تۆپخانەشیان لا نەبێ بۆ پارێزگاری، دەتوانرێ بەهێرشێکی بەپەلە لە شەوێکی تاریکدا ئەم ڕەبییانە داگیر بکرێن.

(هـ) سوپای عێراق هیچ جۆرە شتێکی لەبارەی چۆنیەتیی بەکارهێنانی تەلی دڕکاوییەوە لە =

ڕۆژەدا هەر جارە ٦-١٠ باڵەفڕ بەجارێ دەهاتن بۆ ترس خستنە دڵی خەڵک و تووشی دڵەکوتەکردنی ژن و منداڵ، بەئاسمانی کوردستاندا دەخولانەوە. پاشان لە ناوەڕاستی نیساندا سوپایەکی هێرش هاوەری گەورەی کۆ کردەوە، پێک هاتبوو لە لیوای یەک و لیوای چوارده و پازده و بیست و نۆ و، هێزێکی لە ١٠ هەزار کەس پتریشی لە چڵکاوخۆرەکان خستبوونە تەک بۆ پشتگیرییان، مەبەست لەم هێرشە گرتنی چیای سەفین بوو. ڕێژیم ئەم سوپایەی بەرانبەر بەهێزی سەفین دانابوو کە هێزی دەشتی هەولێریش پشتی دەگرت. ئەم هێزانە دانرابوون بۆ داکۆکی لە چیای سەفین و ڕەشید سندی سەرکردەی گشتیی بەرەکە بوو، ملازم تاهیر عەلی والی و فارس باوەش لە سەرکردەکانی مەیدان بوون. جەماوەری ناوچەکەش پشتی داکۆکیکەرەکانیان دەگرت. دوژمن، لە بەراییدا پێشکەوتنێکی سەرەتاییی دەستگیر بوو، بەڵام پاشان دۆخەکە وەرگەڕایەوە و هێزەکانی حکوومەت، لەگەڵ ئەوەش بەتۆپخانە و بۆمبارانە نەریتییەکەی خۆشی پشتیوانیی دەکرا و یارمەتیی دەدرا، تووشی شکستێکی گەورە هات.

دوژمن کە لەوە نائومێد بوو هیچ پێشکەوتنێکی دەسگیر ببێ، پەنای بردە بەر

= مێشکدا نییە. تێکڕاش تەلی دڕکاوی بەدەوری ئۆردووگاکاندا نییە. لەو شوێنانەشدا کە تەلی دڕکاوییان تێدایە، ئەو تەلانە لە پێویست زیاتر ناسک و باریکن و لە شوێنی نادروستیشدا دانراون. بۆ نموونە لە چەمچەماڵ تەیمانێکی تەنک بەدەوروبەری داوێنی گردێکدا هەیە سەرباز کردوویانە بەئۆردووگای خۆیان. ئەم تەیمانە بۆ ڕێگرتن لە هاتنە ناوەوەی ڕانەمەڕ نەبێ بۆ هیچ دەست نادا. ڕێ لە کوردەکان ناگرێ بۆمبا بهاوێن بۆ سەر ئۆردووگاکە یا خۆیان بگەیەننە شوێنی وا تەقەی لە ئۆردووگاکە لێوە بکەن و زیانی قورسی پێ بگەیەنن. تەلی دڕکاوی، لای کەمەکەی، دەبێ ٢٠-٣٠ یاردە لە داوێنی گردەکەوە دوور بێ بۆ ئەوەی ڕێ لە هێرش هاوەران بگرێ و مەودایەکی وا لە نێوان ئەوان و سەربازانی ئۆردووگاکەدا هەبێ بتوانن لەو مەودایەدا بەتۆپ ڕێی هاتنە پێشەوەیان لێ بگرن. هەر ڕەبییەیەک دەوری بەتەلی ئەستووری دڕکاوی نەگیرابێ دەتوانرێ لە تاریکەشەوێکدا بەهێرشێکی بەپەلە داگیر بکرێ، بەرلەوەی پاسەوانەکان کاتی ئەوەیان هەبێ هاوڕێکانیان وریا بکەنەوە. هەروەها دەشتوانرێ ڕەبییەکان بەبۆمبا پێدادانیان لە پەلوپۆ بخرێن. زیاتر لەوە دەچێ کورد کەڵکیان لەم هەڵانەی سوپا وەرنەگرتبێ. ئەوان پێویستیان بەچەند هێزێکی بچووک بچووک زیاتر نەبوو بۆ ئەوەی سوود لە هەڵەکانی سوپا وەربگرن، لە کاتێکدا کە ئەم جۆرە کارانە کاریگەرییەکی بۆ سەر ورەی سوپا هەبوو. کوردەکان پێویستیان بەچەند تفەنگێک و دەروونێکی هێرش بەرانە زیاتر نییە، بگرە تاقە یەک کەس دەتوانێ لەو شوێنانەدا کە پێویستییەکانی داکۆکییان تێدا ئەوەندە لاواز و بێ هێز بێ، مەینەتێکی زۆر پەیدا بکا. بیست کەس لە ناوچەیەکدا کە فەوجێکی تێدا بێ دەتوانێ ئەوەندە ژیانی تێدا تاڵ و ناخۆش بکا لەو فەوجە و، پێداپێدا لێی بکوژێ و بریندار بکا و بشێونەیان لە نێواندا بڵاو بکاتەوە و، خەو و خۆراک لە سەربازەکانی هەڵبگرێ.

ڕەفـتـارێکی تازە داهێنراو کـە ئەوە بوو هانـی چڵکاوخـۆرەکـانـی بەخـەڵات و بەرات دەدا شەڕی بۆ بکەن و شوێنی بۆ داگیر بکەن. بۆ هەر شوێنێ لەو شوێنانەی مەبەستی بوو داگیر بکرێن خەڵات و نرخێکی بەگوێرەی بایەخی شـوێنەکـە دانا لە ٥٠٠ دینارەوە تا ٥٠٠٠ دینار، زێڕۆ هەرکی یەکێک بوو لەوانەی ئەم جۆرە گفت و پەیمانەیان لەگەڵ ڕێژیم مۆر کرد، بەڵام گـیـانی خـۆی کـرد بەقـوربانی ئەو چاوچنۆکی و سـەرەڕۆییـیـەی. ئیـتـر پاش ئەو، جاشەکانی تر تۆبەیان کرد لەوەی گفت و پەیمانی وا لەگەڵ حکوومەتدا مۆر بکەن.

شەڕ لەچیای سەفین پەنجا ڕۆژی ڕەبەق درێژەی کێشا، هێزەکانی حکوومەت یا چەردەیێ پێـشـکەوتنیـان دەسـتـگیـر دەبوو، بەڵام شکانێکی بەدوادا دەهات، یا هەر لە سـەرەتاوە ناچاری پاشـەکـشـە دەبوون. بەرگـریی پێـشـمـەرگـە لەم ڕۆژانەدا جـۆرەها قـارەمـانەتی و قـوربانیـدانی تێدا بوو، کـە هێـرشی دوژمن لە لوتکەی کـایسـە لە ناوەڕاسـتی چیـاکـەدا ڕاگیـرا، ئیـتـر شەڕ لەم بەرەوە بەتەواوی ڕاوەسـتا. دوژمـن ویسـتی لە دوو قـۆڵی ڕاست و چەپەوە پێش بکەوێ، بەڵام لە هەردوو لاوە شکستی خوارد و کشایەوە دواوە، لە لوتکەی کـایسـەشـدا شـتـێکی دەست نەکـەوت. ئەو چەردە پێـشکەوتنەی سـوپا لەو لوتکەیەدا دەستگیری بووبوو دواپێشکەوتنی بوو لەو چیایەدا. عەبدوسەلام عارف بۆ خۆی هات بۆ سەرمەیدان لە بەرەی شەقڵاوە کە لە ئەستۆی عەمید ڕوکن عیسا شاویی فەرماندەری لیـوای چواردەدا بوو. ئەم فەرمـاندەرە بەعـارفی وت: «لیـواکـەمـان نیـازی بوو دیارییـەک پێشکێشی تەشریف هاتنتان بکا و، شتێکی لە چیای سەفین بەنرخترمان دەستگیر نەبوو پێشکێشتـانی بکەین، وا ئێستە کە پاکمان کردووەتەوە لە خائینان و ئازادمان کردووە، پێشکێشتانی دەکەین». شاعیری گەورەی کورد مام هەژاریش بەم بۆنەیەوە چەکامەیەکی دانا دەسـپـێکەکەی ئەمـەیە: (چیـای کـورد بـۆ دیاری نابێ شـاوی + دەمت دەشکێنێ گـەر بەردم بجاوی).

داکۆکیی پڕ شان و شکۆی پێشمەرگە لە چیای سەفین مایەی قەدر زانین و بەشانوباڵدا هەڵدانی مـەزنی چۆنیـەکی دۆست و دوژمن بـوو لە هەمـوو لایەکـەوە، بارزانی چەندین برووسکەی پیرۆزباییی بۆ جەنگاوەر و سەرکردەکانیـان نارد، داکۆکیی قارەمـانانەی ئەوان و قـوربانیـدان و سـەرکـەوتنی ئەوانی لە پووچەڵکردنەوەی نیـاز و پلانەکـانی دوژمن، لەو برووسکانەیدا بەرز و بڵند هەڵسەنگاند.

لە تێکڕای ئەم شـەڕانەی چیـای سـەفـیندا ١٥٤ کـوژراو و ٣٤٨ بریندار و ٣٢ دیلی دوژمن هاتوونەتە ژماردن و، پێـشـمـەرگـەش ٢٢ شـەهیدیان لە کیس چوو کـە یەکێکیـان مورشید کاوانی بوو، لەگەڵ ٨٦ برینداردا.

## شەڕەکانی پیرەمەگروون

ئەم شەڕانە لە ٢٨ی نیساندا دەستیان پێ کرا و تا ١٢ی ئایاری ١٩٦٥یان خایاند. حکوومەت بەدوو لیوای سوپا و نێزیکەی ٣ هەزار جاشی چڵکاوخۆری کورد و ٢ هەزار چڵکاوخۆری عارەب هەڵی کوتایە سەر شوێنەکانمان بەنیازی داگیرکردنی چیای پیرەمەگروون و بەتایبەتی داگیرکردنی بارەگای هێزی ڕزگاری لە گوندی زێوە وەک قۆناغی یەکەم و، لە لاپەڕەی دووەمیشدا پێشکەوتن بەرەو سەر یاخییان لە ناوچەی دۆڵی جافایەتی.

دوژمن توانیی زێوە و بەشێ لە شوێنەکانمان لە پیرەمەگروون داگیر بکات، بەڵام داگیرکراویی ئەم شوێنانە لە لایەن دوژمنەوە زۆری نەخایاند، ئەوەندەی پێ نەچوو پێشمەرگە هێرشێکی بەرانبەریان کرد و شوێنە داگیرکراوەکانیان لە چنگی دوژمن دەرهێنایەوە. ئەم دەڤەرە بەسەرکردایەتیی عەمید ڕوکن زەکی حوسێن حیلمی بوو، لە کاتێکدا کە تاریق ئەحمەد سەرکردەی ئەو پێشمەرگانە بوو هێرشە بەرانبەرەکەیان کرد. دوژمن لەو هێرشە تێکشکێنراوە باسکراوەیدا زیانێکی گەورەی لێ کەوت، سەرەڕای ئەوە کە بەشکانێکی یەکجاریش شکا و هەموو پلانەکانی پووچەڵ کرانەوە.

## شەڕەکانی قەرەداغ

شەڕی قەرەداغیش یەکێکە لەو شەڕانەی لە مێژووی شۆڕشدا دوو قۆناغ لێک جوێ دەکەنەوە. بایەخی ئەم شەڕە لەوەوە دێ کە مەیدانی شەڕەکە لە کەرکووک و، لە چاڵە نەوتەکانەوە نێزیک بوو. پێش ئەوەی ئەم شەڕە رووبدات پلانی بۆ ڕێک خرا و نەخشەی بۆ کێشرا و خۆی بۆ ئامادەکرا و پێویستییەکانی بۆ کۆکرانەوە و چوار لیوای سوپای عێراقی بۆ تەرخان کرا کە لیوای سێ و، پێنج و، بیست و، بیست و پێنج بوون لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە جاشە چڵکاوخۆرەکاندا، هەروەها هەرچی پۆلە باڵەفڕ لە بنکەی ئاسمانیی کەرکووک هەبوو بەپشتیوانیی دوو کەتیبەی تۆپخانە و کەتیبەیەک تانک. ئامانجی هێرشەکەش بەوە دەستنیشان کرابوو کە گرتنەوەی ناوچەکە و، وەرگرتنی دەست پێشخەری بێت لە دەستی پێشمەرگە.

لە ٤ی حوزەیرانی ١٩٦٥دا شەڕ دەستی پێ کرد، دوژمن لە پێنج ڕۆژی یەکەمی شەڕدا توانیی پێش بکەوێ و گەلێ شوێن داگیر بکات و، پێشمەرگە شکان و بەرێکوپێکی

کشانەوە بۆ ناوچەی پێنجوین. لەو شەڕانەدا حەمید بەرواری سەری هەڵدا و چەندین قارەمانیەتیی کەم وێنەی نواند، حەمید ئەو کاتە لە بەتالیۆنی پێنجی هێزی قەرەداغ سەرلق بوو. لە شوێنەکەی خۆیدا مایەوە و نەکشایەوە و بەگوێی فەرمانی سەرکردەی بەرە عەزیز ئاکرەییی نەکرد کە بکشێتەوە، شوێنێکی بۆ خۆی و لقەکەی لە چەند لایەکی لوتکەی قەرەداغدا دۆزییەوە.

پێشمەرگە بەوەیان زانی کە حەمید بەرواری نەکشاوەتەوە و خۆی ڕاگرتووە، ئەوانیش کۆمەڵ کۆمەڵ دەستیان دایە گەڕانەوە و چوونەپاڵ حەمید. هێزەکانی سوپا کە ترسی ئەوەیان لە دڵدا نەبوو هێرشێکی بەرانبەریان بکرێتە سەر، کەوتنە خۆشکردن و جێگیرکردنی ئەو شوێنانەی داگیریان کردبوو، لە کاتێکدا پێشمەرگە کەوتبوونە چاوگێڕان بەدەوروبەری خۆیاندا و بەسەریان دەکردنەوە و، خاڵە لاوازەکانی شوێنە قایم کراوەکانی دوژمنیان دەستنیشان دەکرد و نەخشە و پلانیان دادەنا بۆ هێرشێکی بەرانبەر. نێچیری لە دووگەڕاوی خۆیان لە فەوجێک سەربازی دوژمندا دیبیەوە، پەلاماریان دا و بەتەواوەتی تێکیان شکاند، ئیتر گیانی بەزین بەناو لەشی پارچەکانی تری سوپای دوژمندا تەنییەوە و ئەو شوێنانەیان بەجێ هێشت کە داگیریان کردبوون و بەربەرەکانێیان داتەپی. فەرمان بۆ هێزەکانی حکوومەت دەرچوو کە لە ناوچەیەکی بەربڵاودا کۆ ببنەوە، لەو کاتانەدا مینێک کە حەمید بەرواری ناشتبووی، لە ژێر ئۆتۆمۆبێلەکەی موقەدەم ڕوکن مەحموود عەزیز و سێ ئەفسەردا تەقییەوە، پرزۆڵ پرزۆڵی لەشیان چوو بە ئاسماندا، ئیتر دوای ئەمە پارچەکانی سوپا سڵیان لەوە دەکردەوە کە پێش بکەون و ورەیان بەتەواوی بەردا.

دەنگوباسی ئەم سەرکەوتنانە بەناو پێشمەرگە کشاوەکاندا بڵاو بووەوە. هاتنەوە بەخۆدا و ورەیان بۆ گەڕایەوە و هەموو هاتنەوە بۆ ناوچەی قەرەداغ و ئەو شوێنانەیان سەندەوە کە لێیان داگیر کرابوون و، تا دوایی هەر بەدەستی خۆیانەوە بوون، هێزەکانی حکوومەتیش تا سەردەمانێکی زۆر لەو بەرەیەدا هێرشی تریان نەبردەوە.

کاریکی سەیر و ناپەسند بوو سەرکردەی ناوچەکە موقەدەم ڕوکن عەزیز ئاکرەیی، پاش ئەم سەرکەوتنە، برووسکەیەک بۆ بارزانی لێ بدا داوای سزادانی حەمید بەرواری تێدا بکا، چونکە فەرمانی ئەو کشانەوەیەی جێبەجێ نەکردووە کە ئەو دابوویێ. وەڵامی بارزانی بۆ ئەم برووسکەیە ئەوە بوو کە حەمید شایەنی خەڵاتکردنە نەک لێپرسینەوە و، دەستبەجێ فەرمانی بەرزکردنەوەی بۆ پلەی فەرماندەری بەتالیۆنی پێنجی گەرمیان دەرکرد.

## شەڕەکانی ئەزمڕ و چوارتا

لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٦٥ لیوای پێنج و لیوای بیست پێکەوە هێرشە چاوەڕوانی کراوەکەی خۆیانیان کردە سەر ئەزمڕ. پاش شەڕێکی خوێناوی کە ڕۆژێکی تەواوی خایاند، دوژمن توانیی دەست بەسەر ئەزمڕدا بگرێ و هێزەکانی حکوومەت گەیشتنە چوارتا و داگیریان کرد.

داکۆکی کردنی پێشمەرگە لەم شوێنانەدا ئەو داکۆکییە بەهێز و پتەوە نەبوو کە چاوەڕوانی دەکرا و، لە ئاستی خۆڕاگرتنی شوێنەکانی تردا نەبوو، لە یادیشمان نەچێت چوارتا ناوەندی قەزایەکی گرینگ بوو. ئەمە وورەی خەڵکی لەناوچەکەدا هێنایە خوارەوە و بوو بەمایەی لەخۆبایی بوونی سوپای سەرکەوتوو.

## شەڕی زینەتیر

لە دوادوای پایزی ١٩٦٥ دوژمن هێرشێکی توندی هێنایە سەر چیای بەنی هەریر – زینەتیر و، شەڕێکی گران بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ڕووی دا. ژمارەیەکی گەورە لە سەرباز و جاشگەل کوژران، لەم شەڕەدا یەکێک لە لێهاتووترین و ئازاترین سەرکردە مەیدانییەکانی پێشمەرگە شەهید بوو کە جەعفەر ساڵح مستەفا ئاکرەیی بوو.

## کردەوەگەلەکەی زەنبوور

مەبەست لەم کردەوەگەلە، یەکەم: پارچەپارچەکردنی هێزە نیزامییەکان و ناچارکردنی سەرکردایەتییەکانیان بوو کە بەناوچەگەلێکی بەربڵاو و لەیەک تەرا کەوتوودا بڵاوەیان لێ بکەن و نەهێڵن لە یەک بەرەدا کۆ بکرێنەوە. دووەمیش هەڕەشەکردن بوو لە ئابووریی حکوومەت بەلێدانی دامەزراوەکانی نەوت بەمەبەستی ناچارکردنی حکوومەت کە هێزێکی پارێزگاریی گەورە بۆ ئەو دامەزراوانە تەرخان بکات و، وەک ترساندنێکی کۆمپانیای نەوتی عێراقیش وابێت. مەفرەزەیەک پێشمەرگە بەسەرکردایەتیی محەمەد دەروێش نادر بەدزەدزە خۆی گەیاندە دامەزراوەکانی نەوتی زەنبوور و لێیان دا. ئەم کردەوەگەلە کارێکی گەورەی کردە سەر بەغدا و حکوومەتی ناچار کرد دوو فەوج سەرباز و نێزیکەی هەزار جاش لە مەیدانی شەڕەوە ڕاکێشێتەوە و، تەرخانیان بکا بۆ پارێزگاریی ئەو دامەزراوانە.

# شەڕە گەورەکانی بەرەی ڕەواندز

ئەم شەڕانە بەوەدا لە شەڕەکانی تر جیان کە هێزەکانی شۆڕش هەندێ شێوەی هێرشبەرییان تێدا بەکار هێنان کە پێشتر بەکار نەهێنرابوون، ئەوەبوو هێرشی ئەم شەڕانە لە ناوچەیەکی بەربلاودا برا، هێزەکانی ئێمە خۆیان بۆ ئەم هێرشانە ئامادەکردبوو. ئازادکردنی شار و شارۆچکە دانیشتوان – فرەکان لە ستراتیجیی سەرکردایەتیی شۆڕشدا نەبوو، ئامانج هەر ئەوەبوو هێزەکانی حکوومەت لە هەندێ ناوچەی گرینگ بکرێنە دەرەوە کە زووتر داگیریان کردبوون و، دەست بەسەر زۆرترین ئەندازە کەلوپەلی سەربازیدا بگیرێ کە لەتواندا هەبێ. پاش کۆڵینەوەیەکی باش و بەسەرکردنەوەیەکی زۆر، پلانەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دانرا:

یەکەم: تۆپباران کردنی هەموو مۆڵگەکانی سوپا لە ناوچەکەدا لە خەلیفان و ملتۆکر و پارێزی ڕەواندز و دیانا لە یەک کاتدا. بۆ هەر مۆڵگەیەک تۆپێکی هاوەنی ئەندازە ١٢٠ ملم و ٢٠٠ گوللە تۆپ بۆ هەر تۆپێک تەرخان کرا.

دووەم: بردنی هێرشێکی گشتی بۆ سەرچیای کۆڕەک بەمەبەستی دەست گرتن بەسەر گەلیی عەلی بەگدا و توندکردنی گەمارۆی پارێزی ڕەواندز. ئەم هێرشە بەبەتالیۆنی ئاکۆیان سپێردرا بەسەرکردایەتیی مەلا ئەمین و حەمە زیاد و، بە بەتالیۆنێکی حزبی شیوعیش بەسەکردایەتیی ملازم ڕیاز بەدرخان و، سەرکردەی گشتیی بەرە فاخیر محەمەد مێرگەسۆری بوو.

سێیەم: لە هەمان کاتدا هێرش بۆ سەر مۆڵگەی خەلیفان، ئەم ئەرکە بەبەتالیۆنی بێتواتە سپێردرابوو بەسەرکردایەتیی حاڵی دۆڵۆمەری و تانجۆ یونس.

چوارەم: هێرش بۆ سەر مۆڵگەی ملتۆکر بە بەتالیۆنێکی هێزی باڵەک بەسەرکردایەتیی عیزەت سلێمان بەگی دەرگەڵە و مام سدیق.

پێنجەم: هێرش بۆ سەر مۆڵگەی دیانا بەدوو بەتالیۆنی هێزی باڵەک بەسەرکردایەتیی حاجی بێرۆخی و حادی حسکۆ.

شەشەم: سەرکردەی گشتیی بەرە عەبدوڵڵا ئاغا پشدەریی فەرماندەری هێزی باڵەک و یارمەتیدەریشی کەمال نوعمان سابیت و، سەرپەرشتیکەری گشتیی تۆپخانەش ڕەئیس (نەقیب) بەکر و ملازم خدر و عومەر ئاغای دۆڵۆمەری و خدر دەباغ و نەوزاد

خۆشناو و خالید شەمسەدین بوون.

پاش تەواوکردنی خۆ ئامادەکردن، بارزانی ڕۆژی ١ی ئاب بەرەو دەرگەڵە کەوتە ڕێ و منیشی لەگەڵدا بووم. شەومان لە دەرگەڵەدا بردە سەر. سبەینێ زوو بەچیای هەندرێندا هەڵگەڕاین و پاشان داپەڕین بۆ بنکەی هێزەکانی حزبی شیوعی کە دەیڕوانی بەسەر پارێزی ڕەواندزدا. لەوێ مێوانداریمان لێ کردین و هەموو سەرکردەکان و بەرپرسانی بەرەکان کۆبوونەوە و، هەموویان فەرمان و ڕێنوێنیی خۆیان وەرگرت و، هەریەکە ئەرکی خۆی تێ گەیشت، پاشان هەموو گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتیی یەکەکانی خۆیان.

پاش کۆبوونەوەکە ڕوومان کردە ئەشکەوتی کۆسپە سپی و لەوێوە بەچیای سەرتیزدا سەرکەوتین کە بنکەی حاجی بێرۆخی لەوێ بوو. لە ٥ی ئابدا بارزانی لەگەڵ سەرکردەکانی ئەو بەرەیەدا کۆبووەوە و ئامۆژگاری و ڕاسپێرییان لێ وەرگرت، پاشان هەریەکە گەڕایەوە بۆ بارەگای سەرکردایەتیی خۆی. لەوێ دۆستێکی کۆنی خۆمم دییەوە کە شەریف گەردی بوو، بەهۆی شەهیدبوونی فکری ئەحیاخانی بێرۆخییەوە زۆر خەمبار بوو. ناوبراو دوو مانگ لەوەپێش لە شەڕێکی گەورەدا لە گەرووی عومەرئاغادا شەهید بووبوو، منیش بووم بەهاودەرد و خەمی چونکە فکری دۆست و برادەری منیش بوو.

شەریفی برادەرم بەر لەوەی بڕوا بۆ ناو برادەرەکانی بۆ بەرەی شەڕ، هات بۆ لام و دەستمان کردە ملی یەک و وتی:

«هاتووم ماڵاواییت لێ بکەم، لەوانەیە ئەمە دوا دیمانەمان بێ». ئەمەی وت و ڕۆیی تا بگات بەهاوڕێکانی لە بەرەی شەڕدا. هەر وەک خۆی پێشبینیی کرد، ئەوە دوا دیمانەمان بوو، لە ٦-٧ی ئابدا پێکرا و شەهید بوو، خوا لێی خۆش بێ[٢].

## سەعاتی سفر

سەعات پێنج و نیو تۆپبارانی مۆڵگەکان دەستی پێ کرد، ئێمە لە ڕەبەنۆک بووین. من چاوم بڕیبوە مۆڵگەکان کە گوللە تۆپیان لە تۆپخانەکانی شۆڕشەوە بەسەردا دادەباری و،

(٢) بەر لەم کردەوەگەلە، ئەم بەرەیە دووان لە باشترین سەرکردەکانی خۆی لەدەست دا کە میرۆ شێرۆکی و فکری بێرۆخی بوون. بەڕاستی نموونەی ئازایەتی و لێهاتوویی بوون. ئەو بۆشاییەی کوژرانی ئەو دووانە لەپاش ئەوان جێی هێشت، لەم کردەوەگەلەدا بۆ هەمووان دەرکەوت.

ئێمەش یەکەم جار بوو بەکارمان دەهێنان.

شتێکی زۆر لەپڕ بوو بۆ دوژمن هەرگیز بەخەیاڵیدا نەهاتبوو لای ئێمەوە بدرێتە بەر تۆپ، پشێویەکی بێ سەروبن کەوتە ناو هەموو مۆڵگەکانی. دۆ و دۆشاو تێکەڵ بوون بەیەکدا و ترس و لەرز هەمووانیانی گرتەوە. هەردوو مۆڵگەی خەلیفان و ملتۆکر بەتەواوی کاول بوون و ئاگریان تێ بەربوو، بەڵام مۆڵگەی پاریزی ڕەواندز زیانی زۆری پێ نەکەوت چونکە شوێنەکەی زۆر قایم بوو، ئاگر هەروەها بەربووە مۆڵگەی دیاناش و بەشی زۆری دامەزراوەکانی کاول بوون.

سەعات ٩ی شەو هێرشی گشتی لە هەموو ناوچەکاندا دەستی پێ کرد. لە سەعاتی یەکەمی هێرشەکەدا دوو ڕەبیەی گرینگ لە چیای کۆڕەک داگیر کران، بەڵام لە ڕەبیەی کەپکە قەڵەوە پێشمەرگە بەرەوڕووی بەربەرەکانێیەکی سەخت بوونەوە. فەرماندەری ئەم ڕەبیەیە کە ناوی ملازم قەحتان بوو قارەمانانە داکۆکیی لە ڕەبیەکەی کرد و هەرچی هەوڵێ کە پێشمەرگە دایان بۆ گرتنی ئەو ڕەبیەیە، هەمووی بەهیچ دەرچوو. هەر بەهۆی ئەوەشەوە نەمانتوانی دەست بەسەر گەلیی عەلی بەگدا بگرین. لەم شەڕەدا ملازم ڕیاز بەدرخان بریندار کرا و چاوێکی لە دەست چوو، هەروەها سێ پێشمەرگەش بریندار کران. دوژمنیش ٤٠ لاشەی کوژراوەکانی خۆی بەجێ هێشت. کردەوەگەلی خاوێن کردنەوەی چیای کۆڕەک، ئەو ڕەبیەیە نەبێ کە دوژمن خۆی تێدا گرت و ملازم قەحتان هەر بەربەرەکانێی تێدا دەکرد، هەر بەردەوام بوو. هەرچی ملازم قەحتان بوو، هەفتەیەک بوو گەمارۆ درابوو، بەڵام ئەو هەر بەربەرەکانێی دەکرد، وا دیار بوو هیچ پێویستی بەئازووخە و بەفیشەک نەبوو.

لە بەرەی ملتوکریشەوە، سەربازەکان مۆڵگەکەیان چۆڵ کردبوو و بەجێیان هێشتبوو، ئەویش داگیرکرا. لە ناوچەی دیاناش پێشمەرگە گەلێ شوێنیان داگیرکردبوو، لە هەموو ئەمانە گرینگتر دەستگرتن بوو بەسەر گەرووی عومەرئاغادا کە شوێنێکی ستراتیجیی زۆر پڕ مەترسی بوو.

پێشمەرگە لەگەڵ بەرەبەیاندا لە هەندێ لەو شوێنانەی پشت دوو گوندی بادلیا و دێلژیا کشانەوە کە داگیریان کردبوون، چونکە هەندێ لەو شوێنانەی بەسەر ئەم شوێنانەی پێشمەرگەکانیاندا دەڕوانی، هێشتا بەدەستی دوژمنەوە بوون و پێشمەرگە نەیانتوانیبوو داگیریان بکەن.

سەرکردایەتیی فیرقەی یەک قسەی لەگەڵ لیوای یەکدا دەکرد، داوای لێ دەکرد خۆیان ئامادە بکەن بۆ وەرگرتنی برووسکەیەک لەوەوە. سەربازی موخابەرەی لیوای یەکیش وەڵامی دایەوە: دەرفەتی وەرگرتنی هیچ برووسکەیەک نییە، ئاگر بەبارین بەسەرماندا دەبارێ. تەرمەکەی ملازم ڕەزا لە مەیدانی شەڕەکەدا کەوتووە، ناتوانین ڕای کێشین و لەو مەیدانەی دەرکەین. لێمان گەڕێن، دەرفەتی وەرگرتنی هیچ برووسکەیەکمان نییە».

بۆ مێژوو دەیڵێم: ئەو هێرشەی پەلەکانی پێشمەرگە لە بەرەی ڕەواندزدا بردیان هێرشێکی توند و ڕاماڵ بوو، ڕێکخستن و هاوئاوازەییەکی لەوپەڕی وردی لە پێشەوە بۆ کرابوو. ئەوەش دەڵێم کەوا بەپێچەوانەی نەریتی دوژمن و بەپێچەوانەی ئەوەی کە چاوەڕوانی بووین، بەربەرەکانێیەکی سەرسەختانە و دەست لە گیان شوشتووانەمان لە لایەن هێزە نیزامییەکانەوە لە ڕوودا کرا و، داکۆکییەکی شکۆمەندانەیان کرد و پێویستە مرۆڤ ڕاست بڵێ نەیانهێشت و ڕێیان نەداین سەرانسەری ئەو ناوچەیە ئازاد بکەین کە هیوامان بوو ئازادی بکەین.

لە بەرەی کۆڕەکدا زیانێکی گەورەمان لێ کەوت، ئەوە بوو لە کاتێکدا کە پێشمەرگەکانمان لە حەسانەوەدا بوون، ڕیزێ گوللە تۆپیان لە نێواندا تەقییەوە و بوو بەمایەی شەهید بوونی ٢٧ کەسیان. ئەمە کارێکی خراپی کردە سەر ورەی پێشمەرگەکانی ئێمە و هێرشیانی بۆ سەر کۆڕەک خاو کردەوە.

بەڕای تایبەتیی من ڕۆژی ٢٣ی ئاب ئاماژەی بۆ بڕانەوەی شەڕەکانی بەرەی ڕەواندز دەکرد. لەو ڕۆژەدا دوژمن زیانێکی زۆری چ لە گیانی سەربازەکانی و چ لە کەرەستەی جەنگدا لێ کەوت(٣)، زیانی پێشمەرگەش بەبەراورد لەگەڵ زیانی دوژمن وەنەبێ کەم بووبێ. هەموو ئەو ئامانجانەی بڕیارمان دابوون بۆ هێرشەکەمان نەهاتنەدی، بەڵام بەڕاستی ئەم شەڕانە یەکێک بوون لە تاقیکردنەوە سەربازییە هەرە گرینگەکان. پوختەی قسە: لە ئەنجامدا گۆڕانێکی شایەنی باسکردن بەسەر نەخشەی بەرەکاندا نەهات. لەسەر ئەم بنەمایە بارزانی فەرمانی دەرکرد کەوا پێشمەرگە بەوە دەستبەردار بن هێڵەکانی

(٣) بەگوێرەی ئەو زانیارییە باوەڕ پێکراوانەی گەیشتنە دەستمان، زیانی هێزەکانی حکوومەت لەم شەڕانەدا ٢٧٥ کوژراو و ٣٨٧ بریندار بوو. سەیری پاشبەندی ژمارە (٢٣) بکە لە بەشی پاشبەندەکاندا. لەو پاشبەندەدا دەقی ئەو دوو نامەیە هەیە کە ئیدریس بارزانیی برام لە ١٩٦٥/٥/٨ و ١٩٦٥/٦/٧دا ناردبوونی بۆم، هەروەها باسێکی درێژی ئەو شەڕانەشی تێدایە کە لە هەر لایەکی بەرەکانی شەڕدا ڕوویان دابوو.

داکـۆکی کـردنی خـۆیان پتـەو بکەن و، جـەختـی لەسـەر ئەوە کرد کـە وریایی و بەئاگـاییی خۆیان لە دەست نەدەن و توند و هێزدارانە وەڵامی هەر بزووتنەوەیەکی دوژمن بدەنەوە.

## کاردانەوەیەکی دڕندانە

لەو کـاتانەدا خـێـزانی ئێـمـە لە هاوینەهەواری کۆدۆ بـوون لە نێـزیکی حـاجی ئۆمـەران، ناوچەکە پڕبوو لە خێڵی کۆچەری. وا دیارە لایەنە حکوومـەتییـەکـان لەوە ئاگەدار کرابوون کە ئێـمـە لە کوێین، چوار باڵـەفڕەی هۆکـەر هەنتـەر کەوتنە بـۆمـباران کـردنی ئەو شـوێنەی خێزانی ئێمەی لێ بوون، بەڵام باڵەفڕەکان نیشـانەکەی خۆیانیـان نەپێکا و بۆمباکـانیـان دا بەسـەر کۆمـەڵێ مـاڵە کۆچەریدا لە خزمـانی حاجی محـەمەد ئەمـینی بۆڵی و حـاجی عومـەر بۆڵی. چوار کەسیـان لێ شەهید بوون کە دووانیان منداڵ بوون و ١٤ کەسیش بریندار بوون کـە بەشی زۆریـان ئافـرەت بوون. هەرگـیـز هەڵـوێسـتی حـاجی مـحـەمـەد ئەمـینـم لەو کـاتە ناڕەحەتانەدا لەبیر ناچێ کە خێزانی کوڕەکەی و دوو نەوەی لەو ڕووداوەدا لەدەست دا بوو. چووبووم بۆ لای بۆ سەرەخۆشی لێ کردنی، بێ زیاد و کەم پێی وتم:

«سوپاسێکی زۆری خوا دەکەم کە بۆمبارانەکە هیچ یەکێکی لە خێزانی ئێوە نەگرتەوە. با ئێمە ببین بەقوربانی ئێوە»، وشەی وام نەدیبیەوە بتوانم ئەوەی لە دڵی خۆمدا هەستم پێ کرد دەری ببڕم بەرانبەر بەم لە خۆ بووردوویی و دڵسۆزییە.

## شەڕی کێوەڕەش

لە کـاتێکدا کـە پەلەکـانی پێـشـمـەرگـە بەشـەڕەکـانی ڕەواندزەوە خـەریک بوون و سـەرکـردایەتیش هەمـوو بـایەخ پێـدانی خـۆی بەو شـەڕە دابوو، ڕژێم لیـوای چواری لە هێرشێکی بەربڵاودا بەیارمـەتیی تۆپخـانە و باڵـەفڕ خسـتـە ڕێ بۆ ڕانیـە بۆ یارمـەتیـدانی لیـوای بیست، ئەمە لە ٦ی مـانگی ئەیلوولدا بوو. دوژمن بەهەمـوو ئاسـانییـەک توانیی کـێـوەڕەش بـگرێ. هۆی ئەمـەش دەگـەڕێتـەوە بۆ سـسـتـی و کـەمـتـەرخـەمـیـی سـەرکـردەی پێشـمـەرگەکان تاریق ئەحمەد کە هەمـوو کاتێ بۆ سەرکردایەتیی دووپات دەکردەوە کەوا هێزی نیزامییەکان هەرگیز ناتوانن کێوەڕەش بگرن، کەچی قسەکەی ڕاست دەرنەچوو.

بەڵام پێشـمەرگە لە بەری مەرگەدا بەسەرکردایەتیی مـام وسوو دزەیی بەربەرەکانێیـەکی قـارەمـانانەیان کرد، هەرچەند مـام وسووش سەرەنجام بەهۆی لەبەرچاویی شوێنەکەیەوە لە

ئەنجامی گرتنی کێوەڕەشدا، لە ١٠ی ئەیلوولدا ناچاری پاشەکشە بوو و ئەوانی تریش هەر ناچاری پاشەکشە بوون تا ماخۆبزنان و دۆڵی شەهیدان و بناری مامەندە و هەڵشۆ. ڕێژیم لای وابوو پاش ئەم پێشکەوتنەی هێزەکانی، میراودەلییەکان پشت لە شۆڕش هەڵدەکەن و دەستبەرداری دەبن، بەڵام هەڵوێستی میراودەلییەکان، لە ڕاستیدا هەڵوێستێکی چاوەڕوانی نەکراو بوو، لایەنگیریی شۆڕشیان نەگۆڕییەوە بەچوونە پاڵ حکوومەت و، لەسەر بەڵێن و پەیمانی خۆیان مانەوە. لێرەدا پێویستە بەشێوەیەکی تایبەتی شانازی بەهەڵوێستی شێخ حوسێن بۆسکینی و مەحموود عەباس ئاغا و بایز بابەکر ئاغا و ئەو ڕۆڵە سەربەرزانەیان بکەم کە نەیهێشت میراودەلی پشت لە شۆڕش هەڵکەن و لێی پاشگەز ببنەوە.

پاش داگیرکردنی قەڵادزێ، عەبدوسەلام عارف هات بۆ ئەوێ و وتارێکی لە وتارە بازارییە گەوجییەکانی خۆی بەسەر سەربازەکانیدا خوێندەوە تیایدا ئاماژەی بۆ قەڵادزێ کرد و وتی: «ئەمە خاکێکی عارەبانە ئەوەش ڕازی نییە با ملی بشکێنێ و بڕوا».

داگیرکرانی قەڵادزێ دەنگدانەوەیەکی ناخۆشی هەبوو. پرسەکە پێویستی کرد نەخشەی داکۆکییەکی سوودمەند دابنرێ ڕێگەی ئەوە نەدا سوپا و جاش بڕۆنە پێشتر، لەجیاتیی تاریق ئەحمەد، حەسۆ میرخان ژاژۆکی کرا بەسەرکردەی ناوچەکە، بارەگای مەکتەبی سیاسیش لە هەڵشۆوە گوێزرایەوە بۆ بۆڵێ لە ناوچەی ناودەشت و، کە زستان هات لەوێشەوە گوێزرایەوە بۆ گەلیی بەدران.

نەخۆشخانەیەکی مەیدانیش لە گوندی بۆڵێ پێکەوە نرا کە دوکتۆر حیکمەت حەکیم سەرپەرشتیی دەکرد و خزمەتێکی وای پێشکێشی هاووڵاتیان و پێشمەرگە کرد لەیاد ناچێتەوە.

## گەڕانەوەی تاخمەکەی ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسی بۆ کوردستان

ژمارەیەکی زۆر لە پیاوماقووڵانی کورد و ڕۆشنبیران و خاوەن بیروڕایان، لە دەرەوە و ناوەوە، بۆ سوودی تاخمەکەی ئیبراهیم ئەحمەدی مامۆستای دووکەرتایەتی و جاشایەتی لە ڕیزی ڕۆشنبیراندا، کەوتنە نێوانەوە بۆ ئەوەی بارزانی لێیان خۆش ببێ و ڕێگەی

گەڕانەوەیان بۆ کوردستان بدات. بارزانیش ئەوەی بەمەسڵەحەت زانی و بێ قەیدوشەرت لێیان خۆش بوو و، نامە لە نێوان هەردوولادا ئاڵوگۆڕ کرا و، وەفدێک کەوتە ڕێ بۆ تاران بۆ گێڕانەوەیان(٤).

دەستەی یەکەمیان لە ٦ی تەمووزی ١٩٦٥دا گەیشتە حاجی ئۆمەران. عەلی عەسکەری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پێشوو لە پێشی ئەم دەستەیەوە بوو، ئەنجا جەلال تاڵەبانیش لەگەڵ ئەوانی تردا گەڕایەوە. هەموو ئەمانە بەخێرهاتنەوە و خۆش هاتنی گەرمیان لە لایەن بارزانییەوە لێ کرا، دڵسۆزان و تێکڕای خەڵک بەگەڕانەوەیان شادمان بوون.

وێڵ و کەماڵی بارزانی و دڵفراوانی و ئامادەییی ئەو بۆ لێبووردن و لەبیربردنەوەی ڕابردوو لەم دەست پێشخەرییەیدا بەڕوونی دیاری دا، جگە لە دووربینیشی کە نەهێڵێ ئەمانە هیچ کاتێک، وەک کارتێک بەدەست ڕێژیمی ئێرانەوە، بەکار بهێنرێن. هەموو گەڕانەوە تەنیا ئیبراهیم ئەحمەد و ژن و منداڵەکانی نەبێ کە ئەوەیان بەباش زانیبوو لە تاران بمێننەوە.

من لەو ڕۆژانەدا لە تاران بووم، بۆ چارەسەر چووبووم، بەهۆی خەریکبوونمەوە بەدوکتۆر و دەرمان، لەو ڕووداوانە دوور بووم، بەڵام بەڕاستی بەگەڕانەوەیان بەختەوەر بووم. ئەوەندە هەبوو پاشکەوتنی سەرۆکەکەیان لە ئێران نیشانەی نەگبەتی و خاڵێکی نەرێنی بوو وای دەگەیاند ئەمانە نیازی چاکیان لە دڵدا نییە، ئەمەش بەئاشکرا لە کردەوەکانی لەوە پاشیاندا دەرکەوت. ژمارەی ئەوانەی گەڕانەوە بە ٢٥٠-٣٠٠ کەسێک دادەنرا.

گەڕاوەکان ئەو دەزگای ڕادیۆ کوردییەی لایان بوو دایان بەدەستەوە و، جەنگاوەرەکانیان چوونەوە ناو ڕیزی پێشمەرگە، بەڵام بارزانی دۆڵەڕەقەی بۆ سەرکردەکانیان دیاری کرد کە لە ژێر چاودێریی عەباس مامەندا لەوێ دانیشن، ئەوانەش عەلی عەسکەری و جەلال تاڵەبانی و عومەر مستەفا و حیلمی عەلی شەریف بوون، نەقیب کەمال مفتیشی- کە یەکێک بوو لە گەڕاوەکان - کرد بەفەرماندەی هێزی قەرەداغ.

فەرماندەییی هێزی کاوەش بە محەممەد ئەمین فەرەج سپێردرا کە ئەویش یەکێک بوو لە

(٤) وەفدەکە لە عەلی عەبدوڵڵا و نووری شاوەیس و نووری ئەحمەد تەها پێک هاتبوو. ئەمانە خۆیان لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی کۆن بوون، بەڵام لە دوا قۆناغدا ئەوەیان بەباش زانیبوو لەگەڵ بارزانیدا بمێننەوە.

گەڕاوەکان. مەبەست لەم پێ سپاردنە نوێیانە نەهێشتنی بەدهەستی بوو لەناو پێشمەرگە و گەڕاوەکاندا و، کارکردن بوو بۆ هێنانەدیی دڵسافی و لەگەڵ یەک گونجان لە نێوان لایەنەکاندا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمەشدا گیانی ناپاکایەتی هەر ما. ئەم دوو سەرکردەیە ساڵی ١٩٦٦ بەهاودەستی لەگەڵ ڕژێمی عێراق زیانێکی گەورەیان لە بەشۆڕش گەیاند، وەک لەمەو پاش بەدرێژی باسی دەکەین.

## هاتنی مەحموود بابان

مەحموود بابان دۆستێکی ئازیزی باوکم بوو، پایە و قەدر و حورمەتیکی تایبەتیی لای باوکم هەبوو، هەستێکی قووڵی هەردوو لا بەخۆشویستنی یەکتر ئەو پایە و قەدر و حورمەتەی پتر دەڕازاندەوە.

مەحموود بابان لە ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٦٥دا گەیشتە بارەگای بارزانی و دوو نامەی پێ بوو. یەکێکیان لە حکوومەتی بەریتانیاوە و ئەوی تریش لە شا حوسێنی کوڕی تەلاڵی پادشای ئوردونەوە. باسی نەخشەیەکیان تێدا بوو بۆ هەڵگێڕانەوەی ڕژێمی حوکمڕانی لە عێراقدا لە لایەن کۆمەڵێک ئەفسەری گەورەی عێراقییەوە لەوانەی دژی حوکمڕانانی عێراق بوون، بەیارمەتیی دەزگای موخابەراتی هەردوو دەوڵەت و، بۆ هێنانەدیی وەرگەڕانیکی ناوخۆیی بەهەر جۆرێ بێ. بۆ دابینکردنی سەرکەوتنی هەرکارێکی گۆڕینی لەم جۆرە، دەبوو ئەمانە هاوکاری لەگەڵ شۆڕشی کورددا بکەن، جا ئەگەر ئەم بیرە بەتێکڕایی لای بارزانی پەسەند بێ، هەنگاوی دووەمی ناردنی لیوا ڕوکن غازی داغستانی دەبێ لە لایەن ئوردون، لەگەڵ جۆلیان ئیمری لە لایەن بەریتانیاوە. بارزانیش ڕەزامەندیی خۆی پیشان دا و بەخێرهاتنی پێشەکیی لێ کردن.

ڕۆژی ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٥ هەردوو ڕاسپێر هاتن بۆ کوردستان، بەڵام من هیچ زانیارییەکم لە بارەی ئەو قسانەوە نییە کە بۆ باوکمیان هێنابوو و نازانم ئاخۆ هیچ ڕێککەوتنێک لە نێوانیاندا ڕووی دا یا نە، بەڵام وەک لەوەوپاش دەرکەوت ئەم بزووتنە هیچ ئەنجامێکی نەبوو. لەوانەشە هۆیەکەی ئەوە بووبێ کە لیوا غازی داغستانی هەر پاش گەڕانەوەی لەپڕ مرد و، لەوانەشە هۆیەکی تری هەبێ. ئەوە دوا سەردەمی ئەم تەقەلایە بوو.

# گواستنەوەی بارزانی بۆ ناوچەی پێنجوین

عەقیدی ئێرانی عەلی مودەڕیسی هات بۆ لای بارزانی و ئاگەداری کرد کەوا ئەگەر بارزانی بیەوێ، سوپای ئێران ئامادەیە بە تۆپخانەی قورس پشتی هەر هێرشێ بگرێ کە بەمەبەستی گرتنی پێنجوین ببرێ، بارزانیش لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا کۆبووەوە و هەمووان ڕەزامەندیی خۆیان لەوە ڕاگەیاند. ئیتر ئەمەبوو، بارزانی کۆچ و باری پێچایەوە و هێزێکی پێشمەرگەی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و کەوتە ڕێ بۆ ناوچەکە. بارزانی لە ٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦٥ لە ناودەشتەوە بەسواریی ئەسپ و لە ڕێگەیەکی سەختی شاخاوی و زۆرتر لە ناوچەی سنوورەوە نێزیکدا کەوتە ڕێ و باڵەفڕەی دوژمنیش هەمیشە بەسەر سەریەوە بوون ڕاوەدوویان دەنا بەڵکو بۆیان هەڵکەوێ لێی بدەن، چونکە حکوومەت بەم بەڕێ کەوتنەی بارزانیی زانیبوو. ئەم گەشتە تا بارزانی گەیشتە ناوچەی پێنجوین و لە شلێری نێزیکی پێنجوین دابەزی، ١٠ ڕۆژی خایاند. هەندێ کۆسپ و گیروگرفتی دیاریش سەریان هەڵدابوو بەهۆی دواکەوتنی گەیشتنی، بەڵام سەرەنجام چارەسەر کران. لە ٢٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٥دا کەتیبەیەکی تۆپخانەی قورس کەوتە بۆمباران‌کردنی مۆڵگەی پێنجوین و شوێنەکانی تری دەوروبەری، پاشانیش پێشمەرگە هێرشێکیان بردە سەر ئەو شوێنانە و هەندێ شوێنی وردەیان داگیر کرد، بەڵام نەیانتوانی شوێنێکی گرینگ بگرن. لەگەڵ ئەوەش کە سەربازەکانی مۆڵگەکە هەڵاتن و بڵاوەیان لێ کرد و مۆڵگەکە وەک دەسکەوتێکی نێزیکە دەستی لێ هات، بەڵام هەندێ گیروگرفت و ناکۆکیی دیار کە لەناو ڕیزی پێشمەرگەدا سەری هەڵدا بوو بەهۆی سەرنەکەوتنی هێرشەکە، هەرچەند سەرەنجام چارەسەر بۆ ئەو گیروگرفت و ناکۆکییانەیش دۆزرایەوە. پاشانیش چەند هەوڵێک درا بۆ دەستگرتن بەسەر مۆڵگەکەدا، یەکێکیان لە ٢٩ی کانوونی یەکەم و یەکێکی تریان لە ٣ی کانوونی دووەمی ١٩٦٦دا و چوارەمیشیان لە ٤ی هەمان مانگدا بەڵام هەموو بێ ئەنجام مانەوە چونکە کارای لەپڕ تێسرەواندن لە ئارادا نەبوو و سەربازەکانی ناو مۆڵگەکە سپێری پێویستیان بۆ خۆیان کردبوو، سەرەڕای ئەوەش یارمەتیی یەک لە دوای یەکیان بۆ هاتبوو.

بارزانی ڕقی زۆر لە ئێرانییەکان هەستابوو چونکە ئەوەی لەگەڵیاندا لەسەری ڕێک کەوتبوو بەجێیان نەهێنا. هەروەها لە ڕەوشتی هەندێ لە سەرکردەکانی پێشمەرگەش لە کاتی شەڕەکەدا نارازی بوو، بۆیە دەستی هەندێکیانی لەکار کێشایەوە و هەندێکیشیانی

گرت و، بۆخۆی ناوچەکەی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ ناوچەی باڵەک و سەرکردایەتیی ئەو بەرەیەی دایە دەستی موقەددەم عەزیز ئاکرەیی.

لە ئەنجامی ئەم کردەوەگەلەدا هەندی شوێن ڕزگار کران و هەندێ زیانی گیانی و کەرەستەی شەڕیش لە هێزەکانی حکوومەت کەوت، بەڵام ئامانجی ڕیشەیی کە دەستگرتن بوو بەسەر مۆڵگەی پێنجویندا، نەهاتەدی.


## ناکۆکی لە نێوان سەرانی ڕێژێمدا

ناکۆکی لە نێوان سەرانی ڕێژێمدا لە بەغدا کەوتە تەشەنەکردن، کێشەی بیر و بۆچوون و لێک دووریی باری سەرنجی نێوان تاخمە ناسرییەکان و ئەو تاخمانەی تر کە حەزیان لە نێزیک کەوتنەوە لە میسر نەبوو، ئەوەندەی تر ناکۆکییەکانی توندوتیژتر دەکرد. هەروەها شکستی یەک لە دوای یەک و پێداپێدای سوپا و پێکەوە نەگونجانی بیروڕاش لە سیاسەت و نەخشە و پلاندا سەبارەت بەچۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ شۆڕش، ئەویش ڕۆڵی خۆی لەم ناکۆکییانەدا دەبینی.

کێشەی ناوخۆ لە نێوان ئەم تاخمانەدا ئەوەندە قووڵ بووەوە تا بوو بەمایەی خۆ کێشانەوەی عەبدولکەریم فەرحان و سوبحی عەبدولحەمید لە وەزارەت کە دوو تەوەرەی عارەبیی ناسریی فرە سەختگیر بوون. پاشتر ناکۆکی لە نێوان عەبدوسەلام عارف و تاهیر یەحیاشدا پەرەی سەند، تاهیر یەحیا ناچاری دەست لە وەزارەت هەڵگرتن بوو و، تەکلیف لە عەمید ڕوکن عارف عەبدوڕەزاقی سەرکردەی هێزی ئاسمانی کرا کە وەزارەت پێکەوە بنێ. لە ناوەڕاستی ئەیلوولی ١٩٦٥دا کۆنگرەی لوتکەی عارەبان لە مەغریب گیرا و عەبدوسەلامی تێدا بەشدار بوو. عارف عەبدوڕەزاق ئەم هەلەی بەتاڵان زانی هەوڵێکی بۆ کودێتا کردن دا بەڵام سەری نەگرت چونکە نەیتوانی دڵی پاسەوانی کۆماری ڕاکێشێ بۆ لای خۆی یا هیچ نەبێ بێ لایەن ڕای گرێ و، سەعید سلێبی سەرکردەی بەدەسەڵات و قسە ڕۆیشتووی پێگەی بەغدا هاوکاریی لەگەڵدا نەکرد. عارف عەبدوڕەزاق بەباڵەفڕەیەک کە بۆ خۆی لێی دەخوڕی، هەڵات بۆ قاهیرە. ئەم هەوڵە ناسرییەی کودێتا بوو بەمایەی ساردیی پێوەندیی نێوان قاهیرە و بەغدا.

عەبدوسەلام تەکلیفی لە دوکتۆر عەبدوڕەحمان بەزاز کرد وەزارەتێکی تازە پێکەوە بنێ، بەزاز پێشتر لە سەردەمی عارف عەبدوڕەزاقدا جێگری سەرۆک وەزیران بوو. لەم

وەزارەتەی بەزازدا لیـوا ڕوکن عـەبدولعـەزیز عـوقـەیلی بـۆ وەزارەتی بەرگـری هەڵـبـژێردرا، عوقـەیلی یەکێک بوو لە ئەفسەرە نەتەوەچییە عـارەبە سەختگیرەکان کە دڵیان بەتایبەتی لە ئاست گەلی کورددا پڕ لە کینەبوو و، مافەکانیان پشتگوێ دەخست.




نەخشەی ژمارە ٥ - شەڕەکانی ١٩٦٥

## بەشی دەیەم

# پێوەندییەکانی تاخمی مەکتەبی سیاسیی کۆن بەڕێژێمەوە

دەرکەوت کەوا باوەڕی بارزانی بەجەلال تاڵەبانی و هاوڕێکانی کە دۆڵەڕەقەیان بۆ دەستنیشان کرابوو لەوێ نیشتەجێ بن، لە جێی خۆیدا نەبوو. لەگەڵ ئەو نیازە پاکەشدا کە لە بارزانییەوە دەرکەوت لە ئاستی ئەواندا، ئەوان ڕاست نەبوون لەگەڵی، بگرە بەپێچەوانەوە ئەوەبوو دەرکەوت کەوا هەوڵیان داوە پێوەندییەک لەگەڵ ڕێژیم پەیدا بکەن تا بتوانن لە دژی بارزانی ڕاست ببنەوە. ئەمەش ئەوەمان تێ دەگەیەنێ کە بۆچی ئیبراهیم ئەحمەد لە تاران مایەوە و نەگەڕایەوە. مایەی داخە و، دەبێ ئەم مایەی داخەش بوترێ کە ئەوەتە ئەو ڕۆڵە دوو سەرەی عەباس ئاغا دەیگێڕا ڕۆڵێکی سەربەرزکەرەوە نەبوو. ئەو لەلایەکەوە بارزانیی ئاگەدار دەکرد کەوا تاقمەکەی مەکتەبی سیاسیی کۆن پێوەندییان بەڕێژێمەوە هەیە، کەچی لەلایەکی تریشەوە دەیخستە دڵی ئەوانەوە کەوا بارزانی نیازی لەگەڵیان خراپە.

ئەوەبوو لە دوا دوایی ساڵی ١٩٦٥دا کە هێشتا بارزانی لە پێنجوین بوو، عەباس ئاغا برووسکەیەکی بۆ کرد تیایدا ئاگەداری کرد کەوا تاقمەکەی ئیبراهیم ئەحمەد پێوەندێکیان بەبەغداوە هەیە و بەرژەوەندی لەوە دایە کە لە دۆڵەڕەقەوە بگوێزرێنەوە بۆ ناوچەی گەلاڵە.

بارزانیش بەبرووسکەیەک وەڵامی دایەوە و وێنەیەکیشی لێ نارد بۆ ئیدریسی برام و تیایدا ڕایسپارد کەوا شوێنی نیشتەجێ بوونیان لە گەلاڵە بۆ ئامادە بکا. لە هەمان کاتیشدا عەباس ئاغا تاقمەکەی جەلالی ترساند و ئاگەداری کردن کە بارزانی نیازی چییە لەگەڵیان و، پێویستە خۆیان ڕزگار کەن چونکە گەیشتنە گەلاڵەیان واتە بڕانەوەیان، ئەوانیش لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٦دا ڕێگەی خیانەتیان بۆ خۆیان هەڵبژارد و بوون

بەیەکێک لە پەلەکانی چڵکاوخۆرانی حکوومەت. نووری شاوەیس و عەلی عەبدوڵڵا و نووری ئەحمەد تەها ڕازی نەبوون بەهاوپێیی ئەوان و، لەگەڵ شۆڕشدا مانەوە.

هەرگیز ئەوە لە بارزانییەوە نەبینراوە کە پەیمانێک بدا و پاشان بیشکێنێ، هەرگیزیش نیازی خراپی لەگەڵ تاقمی مەکتەبی سیاسیی کۆندا نەبوو، هەروەک ڕووداوەکانی لەوەپاشیش ئەوەیان دەرخست بەڵام ئەو دەیویست لەوەیان دوورخاتەوە کە بکەونە داوی خزمەتکردنی دوژمنەوە و پشت لە پرسی گەلەکەی خۆیان هەڵکەن. ئەوەش کە جەلال تاڵەبانی و کەسانێکی تریان لافیان بۆ لێ دەدا گوایە بارزانی نیازی وابوو لەناویان ببات، ئەوە لافێکی نادروستە و هیچ بنەمایەکی نییە.

ئەم پرسە بوو بەهۆی ئەو ساردییەی لە نێوان بارزانی و عەباس ئاغادا پەیدابوو، بەڵام بارزانی لەو کەسانەبوو کە ڕقی خۆیانیان دەخواردەوە و هەرگیز شتێکی وای لێوە دەرنەکەوت نیشانەی ساردی بێ لەگەڵ عەباس ئاغا یا خراپەکردن بێ دەرهەقی.

بگرە لەمە سەیرتریش: عەباس ئاغا ئەو تاقمەی بەئۆتۆمۆبێلی خۆی لە دۆڵەڕەقەوە گواستنەوە بۆ ناوچەکانی حکوومەت و، پاش ئەوەی لە گەیشتنە جێیان دڵنیابوو و متمانەی کرد کەوا دەستی شۆڕش نایانگاتێ، برووسکەیەکی بەسەر گشت بنکەکانی پێشمەرگەدا بڵاوکردەوە ئاگەداری کردن تیایدا کەوا تاقمی مەکتەبی سیاسی و لایەنگرەکانیان شوێنەکانی خۆیانیان جێ هێشتووە و، هانی دەدان کەوا بکەونە شوونیان و بیانگرن!

بە لە دەرگەی خیانەتەوە چوونە ژوورەوەی جاش ڕۆشنبیر، لاپەڕەیەکی خەمگین لە مێژووی گەلی کورددا کرایەوە. ئەمانە بەناتۆرەی جاشی شەست و شەش کە لە فەرهەنگی خەباتی کورداندا بووە بەزاراوەیەکی چەسپاو و جێگرتوو، لە جاشەکانی تر جوێ کرانەوە. ئەم زاراوەیە ئاماژە بوو بۆ ئەوە کە ئەمانە ساڵی ١٩٦٦یان بۆ خۆیان هەڵبژارد کە ئەم ناتۆرەیەیان تێدا ببڕێ بەسەردا، هەر تەنیا مێژووش بۆی هەیە بڕیاری خۆی لە بارەی ئەو زیانەوە بدا کە ئەمانە لە ڕەوتی شۆڕشی نیشتمانیدا، بوون بەمایە و هۆی.

ئەمانە، حکوومەت کردنی بەپێشقەرەوڵی شەڕی براکانی خۆیان، تا توانییان و پێیان کرا خەڵکیان کوشت و بەدیل گرت و ماڵی خەڵکیان سووتاند و دارایی خەڵکیان چەپاو

کرد. بوون بەجاسووس و خەفیە و چاوساغ بۆ سوپای عێراق بەسەر ڕۆڵەکانی گەلەکەیانەوە و، تا ساڵی ١٩٧٠ بەم دۆخەوە بەردەوام بوون.

## پلانی (توکلتُ علی الله)

بەمردنی عەبدوسەلام عارف و چوونەپاڵ ڕێژیمی ئیبراهیم ئەحمەد و تاقمەکەی و بوونیان بەخزمەتکار و شوێنکەوتەی ڕێژیم، ڕێژیم وای چوو بەخەیاڵدا کەوا گوایە تای تەرازووی ئەو قورس بووە بەسەر تای تەرازووی شۆڕشدا و، دەستگرتن بەسەر بارودۆخەکەدا ئەوەندەی نەماوە و هاکا هاتە ناو مشتەوە. لەم سەرەتایەوە ئەو نەخشەیە دانرا کە ناوی هێمایی (توکلتُ علی الله)ی لێ نرا.

وەزیری نوێی بەرگری لیوا ڕوکن عەبدولعەزیز عوقەیلی ئەم نەخشەیەی دانا و چاکی دروست کرد. ئەم کابرایە پڕی دەروونی کینە بوو بەرامبەر بەگەلی کورد، قەڵەم پێی ناکرێ باسی ئەوە بگێڕێتەوە کە چەند کینە لە ئاستی کورد لە دڵی ئەم کابرایەدا بوو، چەندە پشتی لە مافەکانی گەلەکەمان دەکرد و بەربەرەکانێی خەباتی گەلی کوردی دەکرد و چەندە لە دەست درێژکردنەسەریدا دوور دەڕۆیشت.

بڕیار وابوو لە ١٥ی نیسانی ١٩٦٦دا دەست بدرێتە جێبەجێ کردنی ئەم نەخشەیە، بەڵام بەهۆی بەربوونەوەی هیلیکۆپتەرەکەوە کە عەبدوسەلام عارفی تێدابوو و بوو بەمایەی مەرگی، ئەو وادەیە دواخرا بۆ ٢ی ئایاری ١٩٦٦.

عەبدوسەلام عارف سواری باڵەفڕ بووبوو و کەوتبووە ڕێ بۆ باشووری عێراق. بەڵام باڵەفڕەکەی لە ١٣ی نیساندا، وەک دەیانگوت بەهۆی گەردەلوولێکی لمینەوە کەوتە خوار، ئەویش و ژمارەیەک لە گەورە بەرپرسان لەو ڕووداوەدا سووتان. زۆر کەس ئەو کاتە و تەنانەت ئێستەش لەوە بەگومان بوون کە ئاخۆ ئەو ڕووداوە قەزا و قەدەر بوو یان پیلانێکی سازکراو. مەرگی عەبدوسەلام بوو بەهۆی دەست لە کارکێشانەوەی وەزارەتی تاهیر یەحیا و هاتنەسەرکاری وەزارەتێکی تری نوێ بەسەرۆکایەتیی عەبدوڕەحمان بەزاز. ناکۆکی کەوتە نێوان وەزیر و بەرپرسەکان. لەسەر پلەی سەرکۆماری، بوو بەبەرانبەرکێ لە نێوان بەزاز و عەبدولعەزیز عوقەیلیدا. لەشکرییەکان لە سەرکردە فیرقەکان و ئەفسەرە گەورەکانی ئەنجوومەنی بەرگری دەیانویست عوقەیلی ببێ بەسەرکۆمار، لەکاتێکدا کە

شارستانییەکان دەیانویست بەزاز بکەنێ[1].

عەبدورەحمان محەممەد عارف وەکیلی سەرۆکی ئەرکانی سوپا و برای باوکی و دایکیی عەبدوسەلام، کاتی مەرگی براکەی بەرووداوی بەربوونەوەی باڵەفڕەکە، لە سەردانی مۆسکۆ بوو، هەر کە هەواڵەکەی بیست بەپەلە گەڕایەوە بۆ بەغدا. ئەنجوومەنی بەرگری و وەزیرە شارستانییەکان کۆبوونەوە و ناکۆکی لە بارەی پاڵاوتن بۆ سەرکۆماریەتی دەستی پێ کرد. لەو کاتەدا عەقید سەعید سلێبیی فەرماندەری پێگەی بەغدا هەستایەوە و دەمانچەکەی ڕاوەشاند و وتی: عەبدورەحمان عارف سەرکۆمارە و هەرکەسیش ڕازی نییە مێشکی بەم دەمانچەیە دەپژێنم. بەو جۆرە هیچ ناکۆکییەکی لە نێواندا نەهێشت و، عوقەیلیش دەست کێشانەوەی خۆی پێشکێش کرد و لە وەزارەت دەرچوو. سەرلەنوێ داوا لە بەزاز کرایەوە کە وەزارەت پێکەوە بنێ و ئەویش لیوا ڕوکن شاکر مەحموود شوکریی بۆ وەزارەتی بەرگری لەجیاتیی عوقەیلی هەڵبژارد.

سەرکۆماری نوێ، دڕندە و شەڕخواز نەبوو وەک براکەی. ئارەزووی لە ئاشتی بوو، دەیویست خۆی لە بەرەوڕووبوونەوە بەشەڕ دوور بگرێ، بەڵام پیاوێکی بێ دەسەڵات بوو، ڕایەکی جێگرتووی نەبوو و خاوەنی بڕیاری یەکجاری نەبوو، گوێی بۆ بیر و بۆچوونی کەسانی تر شل دەکرد، بەڵام گفتوگۆی لا باشتربوو. لە ١٨ی نیسانی ١٩٦٦دا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی بەست تیایدا داوای لە کورد کرد کە یەکەتیی وڵات بپارێزن و هاوکاری لەگەڵ برا عارەبەکانیان بکەن بۆ دابینکردنی یەکەتی و سەلامەتیی نیشتمان و... تاد. هەر زووش، پاش قسەکانی کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەی بە ١٠ ڕۆژ بەڕێز زەید ئەحمەد عوسمانی لە ٢٨ی نیساندا نارد بۆ لای بارزانی بۆ گەڵاڵە، داوای لێ کرد لەگەڵیدا بکەوێتە گفتوگۆ، باوکیشم پێخۆشحاڵیی خۆی بەو داوایە بۆ دەربڕی، بەڵام ئەفسەرە گەورەکانی سوپا ناڕەزاییبیان لەم دەست پێشخەرییەی سەرکۆمار دەربڕی و پاڵەپەستۆیان خستە سەری و داوای جێبەجێ کردنی نەخشەکەی (توکلتُ علی الله)یان لێ کرد کە کاتی خۆی پاشیان خستبوو، بەتایبەتیش پاش ئەو دووبەرەکییەی لەناو

(١) پاش ڕێککەوتنی ١١ی ئادار، لە ساڵح مەهدی عەماشم پرسی: ئاخۆ بەربوونەوەی باڵەفڕەکەی عەبدوسەلام عارف لە ئەنجامی کارێکی تێکدەرانەبوو کە حزبی بەعس کردبێتی؟ بەهەموو توندییەک نکوڵیی شتی وا کرد و وتی: ئەو باڵەفڕوانەی باڵەفڕەکەی عەبدوسەلامی دەهاژوا کە ڕائید نووری بوو، یەکێک بوو لە باشترینی ئەفسەرە بەعسییەکان و ئەویش لە ڕووداوەکەدا لەگەڵ سەرنشینەکانی تری باڵەفڕەکەدا گیانی خۆی سپارد.

پارتیـدا ڕووی دا و بووبوو بەهۆی ئەوەی پێڕەکەی مـەکـتـەبی سیـاسـیی کـۆن بچنە پاڵ حکوومەت و ببن بەچڵکاوخۆری. عەبدوڕەحمـان عـارفیش دەسـتبەجێ ڕەزامەندیی خۆی پێشـان دا کە نەخشەی ناوبراو جێبەجێ بکرێ و بیری گفتوگۆکردنی لەگەڵ بارزانی خسـتە ئەولاوە.

لەشکرییـەکان گومانیـان وابوو کە چوونەپاڵ حکوومەتی ئەو جوێ بووەوانە ترازووی هێز لەلایەنی شۆڕشەوە لاسەنگ دەکا و لایەنی حکوومەت سەنگین دەکا و، سەرکەوتن لە هەر شەڕێکی لەمەوپاشدا بەیارمەتیی ئەو دابڕاوانە دەستەبەر دەبێ و شۆڕش لەناو دەچێ.

## قۆناغی جێبەجێ کردن

نەخشـەکە لە چەندین کردەوەگـەلی سەربازیی بەربلاو و، بەڕاستی پڕ مەترسیی گەورە گـەورە بۆ سـەر پاشـەڕۆژی شـۆڕش، پێک هاتبـوو. ئامـانجی ئەم نەخشـەیە داگـیـرکـردنی بارەگـاکانی سـەرکردایەتیی شـۆڕش بوو لە ناوچەی سـەختی باڵەک و پاشان کـەرتکردنی کوردستانی ئازادکراو بوو بۆ دوو کەرت و، بڕینی پێوەندیی هەردوو کەرتەکە بەیەکەوە. جا لەبەرئەوەش کــە هەردوو چیــای هەندرێن و زۆزک بەســەر دەروازەی ڕێگەی هاملتــۆندا دەڕوانن کە ناوچەی باڵەک دەبڕێ، هێزەکانی حکوومەت قورسایی هێرشەکانی خۆیانیـان خسـتە سەر ئەم دوو چیایە. نەخشەکە ڕۆڵێکی بنەڕەتیی دیاریشی بۆ تاقمەکەی ئیبراهیم ئەحمەد دانابوو کـە هەر دەست کرا بەجێبـەجێ کردنی نەخشـە سەربازییـە بناخـەییـیـەکە ئەوانیش دەست بکەن بەجێبەجێ کردنی ڕۆڵەکەی خۆیان. نەخشە بنەڕەتییەکە بەم جۆرە بوو:

ئەو هێزانەی ڕەچاوکرابوون بۆ هێرش:

١- لیــوای یەک و دوو و سێ و چوار و پێنج و چواردە و پـازدە کـە نێــزیکەی ١٥ هەزار چڵکاوخۆری خێڵەکیش یارمەتییان بدەن.

٢- هەردوو بنکەی ئاسـمـانیی کەرکوک و مووسڵ کە خاوەنی دوو پۆل باڵـەفڕی مێگ و دوو پۆل باڵەفڕی هۆکەر هەنتەر و هەشت بۆمباهاوێژی ئیلیووشن و شەش بۆمباهاوێژی باجەر - تۆپۆلیف ١٦ بوون.

٣- پێنـج کـەتیـبـەی تۆپـخـانە: کـەتیـبـەیەکی تۆپـخـانەی ئەندازە ١٢٢ ملمی کـەوان و، کەتیبەیەکی تۆپخانەی مەیدانی ١٢٠ ملم و، کەتیبـەیەکی تۆپخانەی چیاییی ئەندازە

٢٥ ڕەتڵ و، کەتیبەیەکی تۆپخانەی ئەندازە ٧٥ملم و، کەتیبەیەکی تۆپخانەی ٤,٢٠ ملم و، شەش تۆپی ئەندازە پێنج پێنج ٥-٥ گرێ.

سەرکردایەتیی شۆڕش زانیاریی وردی لا هەبوو کەوا حکوومەت نیازی وایە لەیەک کاتدا هێرش بهێنێتە سەر هەردوو ناوچەی بارزان و باڵەک، لەگەڵ ئەمەشدا گومان وابوو کەوا بەهۆی مردنی عەبدوسەلام عارف و، نیازی گفتوگۆکردنەوە وازی لە جێبەجێ کردنی نەخشەکە هێناوە، لەبەرئەوە شۆڕش بەپێی پێویست خۆی ئامادە نەکرد. بۆ نموونە بەشی زۆری سەرکردەکانی پێشمەرگە لە دەڤەری هەندرێن لە ئاهەنگی ژنهێنانی ملازم ڕیازدا بەشداربوون کە یەکێک بوو لە سەرکردە چالاکەکان و، بارەگاکانی سەرکردایەتییان بەجێ هێشتبوو، دوژمنیش کەڵکی لەم هەلە بەنرخە وەرگرت و چەندین شوێنی گرینگی لە هەندرێن داگیرکرد.

شەوی ٣/٢ی ئایاری ١٩٦٦ هێرش بەم جۆرەی خوارەوە دەستی پێ کرد:

١- لیوای چوار پێش کەوت بۆ دەست گرتن بەسەر چیای هەندرێندا و، لیوای یەک بەکشان بۆ سەر بنەکاول و دۆڵی ئاکۆیان یارمەتیی دەدا.

٢- لیوای سێ بەیارمەتیی لیوای چواردە بەرەو زۆزک پێش کەوت.

٣- بەشی زۆری جاشەکان لە هەڵمەتدا بۆ سەر زۆزک بەشداربوون.

لیواکانی تریش دانرابوون بۆ تەنگانە، چونکە وا چاوەڕوان دەکرا شەڕ بەردەوام دەبێ و گەرمیش دەبێ و ئەو کاتە دەبێ پارچە هەڵمەت بردووە ماندووبووەکان بخرێنە لاوە و پارچەکانی تەنگانە بخرێنە جێیان و هەر بەم جۆرە.

تۆپخانە و باڵەفڕ کوورەی ئاگریان بەسەر پێشمەرگەدا دادەڕشت کە لە بەرەی دۆڵی ئاکۆیان و زۆزکدا شوێنی خۆیان بۆ داکۆکی و بەرگری گرتبوو، هێرشی دوژمن شکستێکی پیسی تووش هات. بەڵام لە چیای هەندرێن دوژمن هیچ بەرگرییەکی ئەوتۆی لەکاتی بەسەرکەوتنیدا لە ڕێی خۆیدا نەدی و چەند شوێنێکی گرینگی لە نێزیکی لووتکەی چیاکەوە داگیر کرد. ورەی بەوە گڕی گرت و گۆڕانێکی گەورە بەسوودی حکوومەت بەسەر بارودۆخەکەدا هات. ئەوەتا ئەوان توانیویانە نیوەی نەخشەکەیان جێبەجێ بکەن کە یەکەم لاپەڕەی بریتی بوو لە دەستگرتن بەسەر هەردوو چیای هەندرێن و زۆزکدا تا داگیرکردنی دەرگەڵە و بەرسیرینیشی بەناچاری لەدوا دابێت، لە لاپەڕەی دووەمیشدا گەلاڵە دەگیرێت

و، له لاپەڕەی سێیەمیشدا هێزەکان هەموو بەجارێ بەرەو حاجی ئۆمەران دەکشێن بەنیازی داگیرکردنی.

سەعید حەمۆ فەرماندەری لیوای پێنج کە هەوای سەرکەوتن لە کەللەی دابوو، بەپەراوێزی ئەم بەرەوپێش چوونەی هێزەکانیەوە وتی: «ڕیشم بەر دەدەمەوە و نایتاشم تا دەگەمە گەلاڵە». فەرماندەرەکانی لیواکانی سوپای حکوومەت ئاوا دڵنیابوون لەوەی کە سەردەکەون.

سبەینێی ٢ی ئایار برووسکەیەک لە هێزی باڵەکەوە هات وای دەگەیاند کەوا پێشکەوتنە بەربڵاوە گەورەکەی دوژمن لە بەرەی شەڕدا دەستی پێ کردووە و سوپا چیای هەندرێنی گرتووە و پشێوی کەوتووەتەوە و کاری داکۆکی کەلێنی زۆری تێ کەوتووە. بارزانی هەر کە لەم برووسکە ئاگەداربوو فەرمانی بۆ ئیدریسی برام دەرکرد گورج بەرەو بەرەی شەڕ بکەوێتەڕێ و دۆخەکە بەسەر بکاتەوە و لە ڕاستەقینەی دۆخەکەی ئاگەدار بکات و، فەرمانێکی یەکجارەکیشی بۆ سەرکردەکانی بەرەی شەڕ دایێ کە دەبێ بەهەر نرخێ بووە نەهێڵن دوژمن هیچ پێشکەوتنێکی تر وەدەست بهێنێ.

بەگەیشتنی ئیدریس بۆ بەرەی شەڕ، کۆبوونەوەیەک بۆ هەموو سەرکردەکان سازکرا و بڕیارێک وەرگیرا کە هەرچەندی قوربانیدانی بوێ دەبێ پێشکەوتنی دوژمن ڕاوەستێنرێ. کۆبووەوەکان برووسکەیەکیان بۆ بارزانی لێ دا پەیمانیان تێدا دایێ کە خۆیان ڕادەگرن و سوورن دوژمن ببەزێنن و هەوڵ و تەقەلاکانی بەهیچ دەرکەن و گوتیان ئێمە ئەرکی ئەوەت نادەینە بەر بۆ خۆت تەشریف بهێنی و، بۆ خۆمان کارەکە ڕادەپەڕێنین. ئەرکی هەرە گەورە لە داکۆکی کردن لە هەندرێن لە ئەستۆی یەکە لەشکرییەکانی حزبی شیوعیدا بوو. هەستیان دەکرد بەرپرسییەکی چەند گرانیان لە ئەستۆدایە و چەردەیەکیش شەرمەزاربوون چونکە ئەو کارەیان بەهەڵوێستێک دادەنا کە لێپرسینەوەی دەروونی لەدوایە، لەبەرئەوە زۆر تامەزرۆی ئەوەبوون بچنە شەڕێکی ژیان و مردنەوە بۆ داشۆردنی ئەوەی بەسستی و کەمتەرخەمییان دەزانی لە خۆیاندا و، پێشمەرگەکانی تریش لەم هەستەدا هاوبەش و هاوبیریان بوون و، پەیمانیان لەگەڵ خۆیان کردبوو نەهێڵن دوژمن بستێ چییە پێش بکەوێ.

چیا بەهۆی بۆمبارانی بۆمبای سووتێنەک و ناپاڵمەوە بوو بەیەک پارچە ئاگری هەڵایساو. تەقینەوەی گوللەتۆپیش چیاکەی بەپانی و بەدرێژی گرتبووەوە. بەڕاستی ئەو نرخەی دەدرا گەلێ گران بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سوپا و جاشانیش دەرسێکیان دادەدرا

هەرگیزاو هەرگیز لەبیری نەکەن.

شەڕی گەورە سبەینێی ڕۆژی ٣ی ئایار لە زۆزک و گەرووی عومەر ئاغادا ڕووی دا، لەو ڕۆژەدا ژمارەی هەڵفڕینی ئاسمانی بەسەر بەرەی شەڕدا گەیشتە ٧٩ هەڵفڕین، ئەمەش ژمارەیەکی بەش بەحاڵی ئەو ڕۆژە پێوانەیی بوو. بەپێی نەخشەکەی باسمان کرد ئەبوو ئەم دوو شوێنە داگیر بکرێن بۆ ئەوەی لاپەڕەی یەکەمی نەخشەکە جێبەجێ کرابێ. ڕۆژی شەشەم شەڕێکی گەورە بەنیازی داگیرکردنی زۆزک و گەرووی عومەر ئاغا ڕووی دا. دوو لیوا بەپشتیوانیی بۆمباران و تۆپباران دەستیان دایە پێشکەوتن و توانییان چەند شوێنێکی کەم لە دوو ئامانجەکەیان داگیر بکەن ئەویش دوای ئەوەی ژمارەیەک سەرکردەی قارەمان لەم شەڕەدا شەهید کەوتن کە ئەوانیش یونس بیرێژی و ناجی بێرۆخی و ئەحمەد حاجی محەمەد و میخائیل بوون، بەلام ئەو شوێنانەی داگیریان کردبوون گرنگ و پڕ مەترسی بوون. ئیدریس برووسکەیەکی بۆ باوکم نارد و لە دۆخی بەرەی شەڕی ئاگەدار کرد، بارزانیش بۆ خۆی بەپەلە ڕۆیی بۆ بەرە.

لێرەدا ئەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کەوا مام وسوو دزەیی لەو کاتانە لەگەڵ هێزێکدا هاتبوو بۆ بەهێزکردنی هێزەکانی بالەک. ئیدریس زۆر جار باسی ئەوەی بۆ گێڕاومەتەوە کە ئەو کاتە ڕووی دا. دەیوت بەهۆی ئەو زیانە گەورەوە کەوا لە پێشمەرگە کەوتبوو، ناچاربووبوون زۆزک چۆڵ کەن ئا لەم کاتەدا کە ئەوان زۆزکیان چۆڵ دەکرد، هێزەکانی مام وسوو دەسیان کرد بەگەیشتنە جێ و چوونە پاڵ ئەوانەی داکۆکییان لە چیاکە دەکرد و، هێرشێکی بەرانبەریان برد و توانییان بەو هێرشە چیا کە لە دوژمن بسێننەوە. ئیدریس دەیوت: ئەگەر مام وسوو پاش ئەم کارە مەزنە مەردانەیەی بەجێی هێنا، گرانبەهاترین شتمی لێ داوا بکردمایە کە گیانمە، دەستم بەڕوویەوە نەدەنا و دەمدایە[٢].

هەر لە ڕەوتی باسکردنی شەڕی زۆزکدا پێویستە ئاماژە بەڕۆڵی ئەو هێزانە بکرێ کە لەناوچەکانی تری کوردستانەوە گەیشتنە گۆڕەپانی شەڕەکە و، لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی دوژمندا قارەمانەتییان نواند. دوو بەتالیۆن بەسەرکردایەتیی عەریف عوسمان و حەسەن عەلی لە هێزی دەشتی هەولێر و، بەتالیۆنێک بەسەرکردایەتیی مستەفا حاجی ئەمین لە هێزی سەفین و، هێزێک لە لەشکری یەک بەسەرکردایەتیی فارس کوورەمارکی.

(٢) لە پاشبەندی ژمارە (٢٤)ی بەشی پاشبەندەکاندا، تەماشای دوو نامەکەی کاک ئیدریس بارزانی بکە لە ١٩٦٦/٥/٧ و ١١-١٩٦٦/٥/١٢دا.

لەگەڵ ئەوەشدا کە دوژمن لە سەرەتای هێرشەکەیدا هەندێ شوێنی دەستگیربوو، بەڵام ئەو زیانە گەورانەی دوو لیوا هێرش هاوردووەکە تووشی بوون، ناچاری کردن لە شەڕەکە بچەنە دەرەوە و وەلاکەون.

ئا لەو ماوەیەدا، ئەوانەی داکۆکییان لە هەندرێن دەکرد، سەعات و دەقیقەیان دەژمارد بۆ ئەوەی دەست بەو هێرش بەرانبەرە بکەن کە بڕیار درابوو و، ئامادەییی تەواویشیان بۆی هەبوو.

لە دۆڵی ئاکۆیانیش، هێزەکانی پێشمەرگە خۆیان لە بەردەمی هێرشەکانی سوپادا گرت و، مەلا ئەمین و حەمە زیاد قارەمانەتییەکی زیادیان لە سەرکردایەتی کردنی ئەم بەرەیەدا نواند.

ڕۆژی ١١ی ئایار بارزانی لەگەڵ سەرۆک و سەرکردەکانی بەرەدا کۆبووەوە بۆ کۆڵینەوە لە دۆخەکە. هەموو ڕووگەش و دڵنیابوون لە سەرکەوتن. سەعات چواری پاشنیوەڕۆی سبەینێی ڕۆژی پاشتر سەعاتی سفربوو، دەبوایە کەمال نوعمان و ملازم خدر و فاخیر مێرگەسۆری و عیزەتی سلێمان بەگ سەرکردایەتیی هێرشەکە بکەن.

بەگوللەتۆپی هاوەنی ئەندازە ٨١ ملم و ١٢٠ملم و تۆپی چیایی هاوتزەری ئەندازە ٢٥ ڕەتڵ، ڕێگە بۆ هێرشەکە خۆش کرا، پاشان هێرشێکی بەربڵاویان بردە سەر دوژمن، لە نیو سەعاتی یەکەمدا سەرکەوتنی پێشمەرگە ئاشکرا و دیاربوو. یەکەمین گوللە تۆپ لە ناوەڕاستی بارەگای فەرماندەری سەربیە پێشکەوتووەکەدا کەوتە خوار و فەرماندەرەکەی کوشت(٣). کە سەعاتێ بەسەرچوو، بارەگای دوو فەوجی لیوای چوار و بارەگای پێشینی گیرا. دوژمن هەڵات و دوو باتریی تۆپخانەی ئەندازە ٧٥ملم و ٤,٢٠ ملمی لە دوای خۆیەوە بەجێ هێشت کە ئێمە بەدەسکەوت بردمانن. سەربازەکان بەتەواوی ورەیان بەردابوو، ترس دڵی هەموویانی گرتبوو. لاقی خۆیان دا بەدەم باوە و بۆی دەرچوون. لەو کاتانەدا دەزگای گوێ ڕادێریمان گفتوگۆیەکی بەبێتەلی نێوان سەرکردەی فیرقەی یەکەم و فەرماندەری لیوای چوار تۆمار کرد ئەمە دەقەکەیەتی:

(٣) دەفتەری ڕۆژانەی ئەم ئەفسەرەمان کەوتە دەست. پلەی نەقیبی هەبوو بەڵام ناویم لەیاد نەماوە. لەو شتانەی لە بارەی یەکەم ڕۆژەکانی شەڕی هەندرێنەوە لەو دەفتەرەدا نووسیبووی و سەرنجی ئێمەیان ڕاکێشا، ئەمەبوو کە گێڕانەوەی باسی پێشکەوتنی هێزەکانی خۆی بەم ڕستەیە بڕیبووەوە: خوایە، دەروویەک لە ئێمە و لەم یاخییە بەستەزمانانە بکەوە!

له سەرکردەی فیرقەوە: بارەکە چۆنە؟

فەرماندەری لیوای چوار: بارەکە زۆر خراپە، بەڵام بەدرێژی هیچ زانیاریم لا نییە.

لە سەرکردەی فیرقەوە: زوو چاری بارەکە بکەن، داوای یارمەتی لە هێزەکانی تەنگانە بکەن و بۆمبارانیشیان بکەن. زوو ئاگەدارمان بکەنەوە.

فەرماندەری لیوای چوار: زۆرباشە.

فەرماندەری لیوای چوار سەبارەت بەبارودۆخ لە موقەددەم ئیبراهیم دەپرسێ: بارەکە چۆنە؟ موقەددەم ئیبراهیمیش کە فەرماندەری یەکێکە لە فەوجەکانی لیواکە، وەڵامی دەداتەوە:

– گەورەم، تا پلەی ئەوپەڕ خراپە، ورە هەمووی تەپیوە و بەتەواوی دەسەڵاتمان لە دەست چووە. هەر سەربازێک دەگری دەیەوێ خۆی دەرباز بکا. هەرچی فەرمان دەدەم و هانیان دەدەم خۆیان بگرن، گوێیەک نییە بیانبیسێ.

فەرماندەری لیوای چوار: تۆپی ٧٥ ملم و ٤,٢٠ ملم یان تێ گرن.

فەرماندەری فەوجەکە: گەورەم، نیو سەعات بەر لە ئێستە ئەم تۆپە کەوتە دەستی یاخییەکان و ئێستە خۆمانی پێ تۆپباران دەکەن.

فەرماندەری لیوای چوار: خۆتان لە شوێنەکانتان ڕاگرن، هەر ئێستە هێزی تەنگانە و باڵەفری هۆکەر هەنتەر و تۆپخانەی پێنج پێنج دەنێرم.

فەرماندەری فەوجەکە: گەورەم وەڵڵا هیچ سوودی نییە تەنانەت ئەگەر بۆمبای ئەتۆمییش بەکاربهێنن. یاخییەکان هەموو شوێنەکانیان داگیرکردووە و ئێمە هیچ کوێیەکمان بەدەستەوە نەماوە، وا ئێستەش هێرشەکە لە بارەگاکەی خۆم نێزیک بووەتەوە.

فەرماندەری لیوای چوار: باشە، ئەی زانیاریت لە بارەی فەوجەکانی ترەوە چی لایە؟

فەرماندەری فەوجەکە: گەورەم، ماوەیەکە پێوەندیمان لەنێواندا پچڕاوە و هیچیان لەبارەوە نازانم.

فەرماندەری لیوای چوار: موقەددەم ئیبراهیم، خۆت لە شوێنی خۆتدا ڕاگرە. تۆ لە قارەمانانی، هەر ئێستە یارمەتیت بۆ دێت.

فەرماندەری فەوجەکە: گەورەم، جەختت بۆ دەکەم، هیچ یارمەتییەک کەلکی نییە. ئا ئەوەتا هێرشەکە گەیشتە بارەگاکەم، لەمەوپاش ناتوانم پێوەندیشتان پێوە بکەم.

پاش ئەمە لەپڕ گفتوگۆکە پچڕا و دەرکەوت موقەددەم ئیبراهیم بۆ خۆی ڕزگاربووە و بەدیل نەگیراوە.

لیوای چوار کە باشترین لیوا چیاییەکانی سوپای عێراق بوو و لە هەموویان مەشقی زۆرتر کردبوو و چەک و جبەخانەی باشتری هەبوو، لەم هێرشەدا تێک شکا. سەرکردەکەشی کە عەقید ڕوکن خالید حەسەن فەرید بوو، وا ناسرابوو کە لە باشترین ئەفسەرانی سوپای عێراقە. پاشان زانیمان کەوا وازی لە خزمەتی سوپا هێناوە و کۆچی کردووە بۆ چیکۆسلۆڤاکیا بۆ ئەوەی لەوێ بژی.

ڕۆژی ١٢ی ئایار پێشمەرگە داستانێکیان لە نازدارترین داستانەکانی گەلی کورد لە هەموو مێژوویدا تۆمار کرد. ئەو داستانەی ئەو ڕۆژە، نموونەیەکی میسالیی کەم وێنەی هاوکاریی پتەو و هاوئاوازەییی تەواوی نێوان هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراق بوو، نموونەی ئەوەبوو کە دەبێ برایەتیی ڕاستەقینەی کورد و عارەب وابێ. ژمارەیەک لەو ئەفسەر و جەنگاوەرانەی لەو شەڕەدا بەشداربوون عارەب بوون و لەگەڵ برا کوردەکانیاندا داکۆکییان لە کوردستان دەکرد و، بەشێکی مایەی سەربەرزییان لە ڕزگارکردنی ناوچەکەدا هەبوو. لەناو ئەوانەدا بەتایبەتی ناوی ڕائید کەمال نوعمان و مەلازم نوعمان عەلوان دەهێنم کە لە شۆڕشدا بەمەلازم خدر ناوی دەرکردبوو.

لەم شەڕەدا چوار پێشمەرگە شەهیدکران و ژمارەیەکی تریش بریندار کران. داستانی هەندرێن بارودۆخی سیاسی و سوپایی سەروبن کردەوە و، کارێکی بەو کۆمەڵە دڵ لە کورد پڕ لە کینەیەی ناو دەسەڵات بەدەستان کرد کە لە شەرمەزارییاندا سەریان شۆڕ کەن، ئیتر لەوەپاش ورتەیان لێ نەدەبیسترا. ئەم سەرکەوتنە پڕ شکۆیە لایەنێکی بەزم و ڕابواردنیشی هەبوو: لەناو ئەو دەسکەوتانەدا کە دەستی پێشمەرگە کەوتبوون کەلوپەلەکانی حانووتەکەی لیوای چوار هەبوو کە پڕ بوو لە هەموو جۆرە کەلوپەلێکی پێویست و کەلوپەلی خۆشگوزەرانیی وەک خواردنەوەی ئەلکولیی وەک وێسکی و ئەو بابەتە، زۆر لە جەنگاوەرەکان وایانزانیبوو ساردەمەنیی (شەربەت) و شتی وان. جا ئەوەی لەم بوارەدا ڕووی دابوو، ئەمەبوو:

شەوێ نێردراوێک لەلایەن هێزەکانی پێشەوە هات بۆ لامان پێی ڕاگەیاندین کەوا بەشی زۆری پێشمەرگەکان نەخۆش کەوتوون و، هەندێکیشیان لە هۆشی خۆیان چوون، بۆیە ئەو هێزانە داوای هێزێکی جێگرەوە دەکەن، نەوەک دوژمن بەو

حاڵەیان بزانێ و هێرشێکی لەپڕیان بکاتە سەر و پێشمەرگەکانیش بەم حاڵەیانەوە ئامادە نەبن داکۆکی لە خۆیان بکەن.

هێزێکی بۆ تەنگانە هێڵراوەی نۆبەگرمان لابوو، ناردمانن بۆ لای ئەوان.

هیچ کام لەو پێشمەرگانە لەوەپێش مەشرووباتی نەچێشتبوو، بۆیە تەنیا بەچەند فرێکی ئەوەی خواردبوویانەوە درابوون بەزەویدا.

ئەو تۆپخانە هاوەنەی بەکارمان هێنا کارایەکی زیندوو بوو لەو کارایانەی سەرکەوتنیان بۆ دابین کردین. ئەمەش سەرەڕای هەڵوێستی قارەمانانەی سەرکردە عارەب و کوردەکانی پێشمەرگە پێکەوە.

زیانی گیانیی دوژمن، تێکڕا لە دەوروبەری ٤٠٠ کوژراو و ٦٠٠ بریندارادا بوو. لە دەسکەوتیشدا ٤ تۆپی ئەندازە ٧٥ملمی چیایی و ٤ تۆپی هاوەنی ٤,٢٠ و ١٠ تۆپی هاوەنی ٢,٣ گرێ و ٦٠٠ پارچە چەکی سووک و ١٥ دەزگای بێتەل و فیشەکێکی زۆر.

دوژمن تێ گەیشت کەوا داگیرکردنی گەڵاڵە، کە لە نەخشە گشتییەکەیدا کۆتای قۆناغی یەکەم بوو، کارێکی دەست پێ نەگەیشتووە. جۆرە نائومێدییەک باڵی خۆی بەسەر دوژمندا کێشا، وای لێ هات ئەوپەڕی ئاواتی ئەوەبێ ئەو شوێنانەی بەدەستیەوەن و لەوێوە هێرشی دەست پێ کردبوو، لە دەستی دەرنەچن. چونکە دەترسان هێرشی پێشمەرگە بۆ سەر ئەو شوێنانە بەردەوام بێ، پاش ئەوە وەک بڵێی لەو تێسرەواندنە کە تێیان سرەوا هۆشیان هاتبێتەوە بەرخۆیان، لە شێوەیەکی سنووردارادا دەستیان دایەوە هەوڵی هێرش بردن. دواجاریان ئەوەبوو بەلیوای پێنج پەلاماری شوێنەکانیان داین بەتایبەتی لە زۆزک و گەرووی عومەر ئاغادا، بەڵام ئەو پەلامار و شەڕ پێ فرۆشتنانەشیان بەهیچ دەرچوون. لای سەرکردایەتیی هێزەکانی دوژمن دەرکەوت کەوا هێزەکانی ئەو توانی ئەوەیان نییە لە هیچ کام لە بەرەکاندا هیچ جۆرە سەرکەوتنێک وەدەست بهێنن و، دەسەڵاتی تەواوی پێشمەرگە بەسەر بەرەدا وەک جاری جارانی لێ هاتەوە(٤).

دوای ئەمە دوژمن هیچ هۆیەکی تری بەدەستەوە نەما جگە لە توندکردن و دووچەندانەکردنی بۆردمانی ئاسمانی بۆ گوندەکان. بەڵام زیانەکان کەم بوون لەبەرئەوەی خەڵک بەوە ڕاهاتبوون بەیانیان گوندەکانیان بەجێ بهێڵن و، لە دۆڵ و دەرەی چیاکاندا بڵاوە بکەن، پاشان ئێوارە بێنەوە. هەر ئەو ماوەیە توانرا بۆمبهاوێژێکی جۆری ئەلیووشن

(٤) لوتفی خوا وابوو لە ڕۆژی ئەو شەڕە گەورەدا (١٢ - ١٣ی ئایار) یەکەمین منداڵمان ببێ کە کچ بوو. نیازم وابوو ئەگەر کوڕبێ، ناوی بنێم هەندرێن.

٢٨ بخرێتە خوارەوە کە لە نێزیک گوندی دەربەندی نێوان گەلاڵە و حاجی ئۆمەران کەوتەوە و کەس لە ئەندامانی تاقمەکەی دەرنەچوو.

## ڕۆڵی جاشەکانی ٦٦ لە پلانی (توکلتُ علی الله)دا

لە سەرەتای کاردا ڕۆڵی جاشەکانی ٦٦ و بەشدارییان لە نەخشەکەدا ئاشکرا نەبوو، نەشدەزانرا مەڵبەندەکانیان لە کوێن، وەک چۆن بنکەکانی سوپا و جاشە کۆنەکانی تر بەهۆی بوونیانەوە لە ناوچەکانی شۆڕشدا، دیاربوون. لەو کاتەدا کە هێرشی حکوومەت هەموو قورسایی خۆی خستبووە سەر ناوچەی باڵەک، هێزگەلی جاشی ٦٦ کە مۆڵگەیان لە شوێنانی تربوو، دەستیان دایە گەلێ کاری وێرانکاریی پڕ مەترسیی زۆر.

وەک وتمان کەمال مفتی کرا بەفەرماندەری هێزی قەرەداغ و محەمەد ئەمین فەرەج کرا بەفەرماندەری هێزی کاوە لە پشدەر، ئەم دووانە لەو کاتەدا کە لە لەشکری کوردستاندا فەرماندەری هێز بوون، بەشێ لەو کارانەی کردیانن ئەوەبوو ژمارەیەک لە ئەندامانی پارتی و کەسانی لەشکریی سەر بەشۆڕشیان گرت و دەستیان بەسەر ناوچەکانی قەرەداغ و پشدەردا گرت. بەڵام ویستی خوا لە زۆزک و پاشان هەندرێن ئەوەبوو ئێمە سەرکەوین. ئەوە هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی بتوانین بەسەر ئەو کردەوە وێرانکارییانەدا زاڵ ببین کە ئەو دووانە دەستیان دابوویە.

هێزەکەی مام وسوو هێزی سەرەکی و پشت پێ بەستراوبوو لە ناوچەی پشدەردا، پێشتر وتمان کە ئەم هێزە هات بۆ یارمەتیدانی هێزی باڵەک. دوورکەوتنەوەی مام وسوو بەهێزەکەیەوە لە ناوچەی پشدەر دەرفەتی ئەوەی بۆ محەمەد ئەمین فەرەج ڕەخساند کە بتوانێ نێزەیەک بکا بەپشتی شۆڕشدا. هەروەها هەواڵێکیش لە هێزی قەرەداغەوە گەیشت کەوا کەمال مفتی لایەنگرەکانی شۆڕشی لە قەرەداغ گرتووە کە بەرپرسی لقی چواری پارتی عومەر شەریف و، مەلکۆ زێڕۆ و، سیامەند بارزانی بوون ئەمانە لە پیاوە سەربەدەرەوەکان بوون و، هەموو کەس شایەتیی بۆ دڵسۆزی و خۆڕاگرییان لێ دەدا و، هاوڕێی بارزانی بوون لە تاراوگەدا، هەواڵەکە دەیگوت کەوا، هەر سیانیانی کوشتووە و تاوانەکەی خستووەتە ئەستۆی حاجی برایمی چەرمەگا و، ئیسماعیل عوزێریی برازای حاجی برایمیشی بەم تاوانە گوناهبار کردووە. کەمال مفتی بەرزگاربوون لەم کەسانە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا چۆنی ئارەزوو لێیە وا بجوولێتەوە و، بۆ چەند ڕۆژێ دەسەڵاتی بەسەر ناوچەی قەرەداغدا بۆ گیرا و، هەروەها سەرلقی قارەمان فەتاح فەرەجیشی بەغەدر کوشت.

لە هەمان کاتدا ئەم دووانە یارمەتیشیان بەسەرکردایەتیی جەلال تاڵەبانی و عەلی عەسکەری و عومەر دەبابە و، حیلمی عەلی شەریف بۆ هات کە هەریەکە هێزێکی لە لایەنگرانی خۆی هێنابوو و چوونە پاڵ کەمال مفتی و محەمەد ئەمین فەرەج، بەڵام ئەم رۆژانی شادییەیان بەم بەناو سەرکەوتنەیان ئەوەندەی نەخایاند.

لە پشدەریشەوە هەواڵی کوشتنی کادیری سەربازی ئیبراهیم ئەفەندیی قارەمانمان پێ گەیشت کە لە ئازایەتیدا نموونەیەک بوو چاوی لێ بکرێ. بریندارایان کردبوو و، هێشتا بەو حاڵەشەوە بەربەرەکانێی کردبوون. هەروەها چەندین هەواڵی تری لەم جۆرەمان لەم لا و لەو لای تریشەوە پێ گەیشت. جا کە لە بەرەی باڵەک و ناوچەکەدا شتێ نەما ترسی هەبێ بۆمان، کەوتینە خۆ خەریک کردن بەچارەسەرکردنی مەسەلەی خەستبوونەوەی کاری جاشەکانی شەست و شەش لە دوو ناوچەی قەرەداغ و پشدەر. ئەو هێزانەی لەژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا بوون لەو ناوچانەدا هەمووی خڕکرانەوە و، هێزی دەشتی هەولێر و هێزی سەفینیش لە رۆژی ١ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا هاتن بۆ بەهێزترکردنی ئەو هێزانە. خاوێنکردنەوەی ئەو دوو ناوچەیە لە جاشەکانی ٦٦ و ئەو جاشە کۆنانەی لەوێ بوون هەوڵێکی زۆری نەویست. بەئاسانی پرژ و بڵاوکرانەوە و هەریەکە روویان کردە لایەک و بەشی زۆریان پەنایان بردە لای سوپای عێراق و ناو مۆڵگەکان و هەندێکیشیان لە ئاغاکانی میراودەلییانیان لەگەڵدا بوو و، یەکێکیان عەلی عەباس ئاغابوو کە شەهید ئیبراهیم ئەفەندیی بەدەستی خۆی کوشتبوو. ئەم کابرایە لە ساڵی ١٩٦٩دا بەدەستی پیاوانی شۆڕش درا بەزەویدا.

بەم جۆرە هەردوو ناوچەی پشدەر و مەرگە گەڕانەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو تاقمە رەنجێکی زۆریان بۆ راکێشانی دڵی خەڵکی ناوچەکە بۆ لای خۆیان دا، بەڵام هەرچی رەنجیان دا هەمووی بەهیچ دەرچوو.

لە ناوچەی قەرەداغیش کاری خاوێنکردنەوەی ناوچەکە لە پاشماوەی جاشە تازەکان بەهێزی رزگاری و هێزی خەبات و، بەتالیۆنەکەی سەر بەشۆڕش سپێردرا کە لەوێ مابوو و حەمید بەرواری بەرێوەی دەبرد، لەگەڵ لقێکی تریش کە نەچووبووە پاڵ خائینەکان، لە ماوەی یەک هەفتەدا بەتەواوی دەست بەسەر گەرمیان و قەرەداغدا گیرایەوە. حکوومەت ویستی ئەو بۆشاییە پڕ کاتەوە کە شکستی ئەم تازە جاشانە هێنابوویەدی و پارێزگاریی ئەوان خۆشیان بکا، بۆیە سەرکردایەتیی فیرقەی پێنج کە لەژێر سەرکردایەتیی لیوا رۆکن محەمەد نووری خەلیلدا بوو دەستی دایە کردنەوەی بارەگایەک بۆ جاشەکانی ٦٦ لە

بەکرەجۆ و بارەگایەکیش لە کەلار. ئیتر ئەمانە لە زەلکاوی ناپاکیدا ڕۆچوون و لەگەڵ بەسەرچوونی ڕۆژگاردا بوون بەسیخوڕ و نۆکەرێکی ڕووتی سوپا، لەم لا و لەولا لە دووی هەواڵی شۆڕش دەگەڕان و زانیارییان لەبارەی جووڵە و ئاڵوگوێزی هێزەکانی شۆڕش بۆ سوپا کۆدەکردەوە، هەروەها کرابووشن بەدەزگایەکی تیرۆریست و تۆقێنەر بۆ ڕاوکردن و کوشتنی کەسانی سەر بەشۆڕش و، ئاگر بەردانە ماڵیان و بۆ سووتاندنی دێهاتەکان و، ڕاوەدوونانی خەڵکی بێ گوناه و، سڵیان لە کردنی هیچ کارێکی ناپەسند نەدەکردەوە.

چەند لایەنگرێکی کەمیشیان لە ناوچەی بادینان هەبوو، لە ئامێدی سدقی حاجی شەعبان نۆکەریان بوو، لە دەوروبەری دهۆکیش دوو سەرۆکیان هەبوو: تیلی گەردی و ڕەشید سەعید ئاغا دۆسکی. ئەمانە هیچیان خۆیان لەبەردەمی هێزەکانی شۆڕشدا پێ ڕانەگیرا و ئەوەندەی نەبرد ناوچەکانی خۆیانیان جێ هێشت و چوونە پەنای حکوومەت لە دهۆک.

بۆ دوایی حوزەیران هەموو ناوچەکان لەو خۆفرۆشانە خاوێن کرابوونەوە، ڕاستیشت ئەوێ ئەو کارە شەرماوەرانەی جاشە نوێیەکان کردیان وایان کرد تاقمەکانی جاشی کۆن بەبەراورد لەگەڵ ئەماندا وەک فریشتەی خاوێن دیار بدەن.

جاشە نوێیەکان گەیشتنە ڕادەیەک کە بوون بەبریکاری سوپا و دەسەڵات بەدەستانی حکوومەت و، بوون بەچاوی ئەوان بەسەر گەلی کوردەوە و دەسەڵاتێکی بەرەڵڵا و بێ سنووریان درابوویە بۆ گرتن و بەندکردنی هەر کەس و، بەندیخانەی خۆیانیان هەبوو خەڵکی بێ گوناهیان تێدا بەند دەکرد نەخوازەڵا خزم و کەسوکاری پێشمەرگە و، سزای سەختیان دەدان. لە ڕیزی ئەم پیاوکوژانەدا زۆر کەس هەبوون لە ئەندامانی دێرینی پارتی کە ئیبراهیم ئەحمەد و تاقمەکەی هەڵیان خەڵەتاندبوون و فریویان دابوون تا ئەو ڕۆڵە بگێڕن. ئەمە کەلێنێکی گەورەی خستە بینای شۆڕش و برینێکی قووڵی کردە گیانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و، کارێکی خراپی گەورەی کردە سەر دواڕۆژی گەلی کورد و زیانێکی زۆری بەبەرژەوەندییەکانی گەیاند وەک لەوەپاش دیاری دا.

عەمید ئیسماعیل تایە نعێمی سەرکردەی فیرقەی دوو لە بیرەوەرییەکانیدا کە ساڵی ١٩٨٥ لە چاپ دراوە، باسی ئەوانە و ئەو ئەرکانە دەگێڕێتەوە کە پێیان سپێردرابوو و چۆن دەخرانە ڕیزی پێشەوەی یەکە سوپاییە بەرەوپێش چووەکانەوە تا گوندەکان بسووتێنن و هەرکەسیان لە ڕێگەدا تووش هات لە خەڵکی بێ گوناه بیگرن و، چۆن هێزی ئاسمانی

هەندێ لەمانەی لە هێرشەکانیدا بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکان لەگەڵ خۆی هەڵدەگرت تا ئەو شوێنانەیان بۆ دەستنیشان بکەن کە ئەگەر بۆمباران بکرێن بۆمبارانەکە زۆر کاریگەر و سوودمەند دەبێ بۆ حکوومەت.

ئەمەیش بڕگەیەک لەوەی عەمیدی ناوبراو نووسیویە:

«عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری بەباڵەفڕوان ئەحمەد لاوییان وت: شوێنی تاوانبارەکان باڵەفڕ لێی نادا. منیش (مەبەست لە ئیسماعیل تایە نعێمی خۆیەتی پێم وتن: بۆ یەکێکتان لەگەڵ ئەحمەد لاوی سوار نابێ تا ئەو شوێنانەی پێشان بدا کە تاوانبارەکان تێیاندا ئەحەسێنەوە؟ عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری وتیان: ئێمە ئامادەین ئەوە بکەین. ئەحمەد لاوی باڵەفڕەیەکی دوو کورسیی بەکارهێنا و عومەر دەبابە و عەلی عەسکەریی لەگەڵ خۆی برد تا بەنۆرە هەر جارە یەکێکیان شوێنەکانی پێشان بدا. عەقیدی باڵەفڕوان ئەحمەد لاوی توانیی لە شوێنی حەسانەوەی تاوانبارەکان بدا لە نێزیکی کانیی ئاو و کەپرەکاندا، ئەم تێسرەواندنانە زیانێکی زۆریان بەتاوانباران گەیاند[٥]».

(٥) لاپەڕە ١١٠-١١١: تاقیکردنەوەم لە سەرکردایەتیدا (زنجیرە باسە سەربازییەکان، ژمارە ٤٨، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٨٥، فەریق ڕوکن ئیسماعیل تایە نعێمی) [بەزمانی عەرەبی]. لە لاپەڕە ٨٧ی هەمان کتێبدا لە بارەی کردنەوەی ڕێگەی سەنگەسەر و قەڵادزێوە نووسراوە:
«پاش دابینکردنی هەموو پێویستییەکانی سەرکەوتنی شەڕەکە و، جێبەجێ کردنەکەشی لە شەوی ١٤/١٥ی نیسانی ١٩٦٩دا بوو لەلایەن تاقمی لایەنگرەکانەوە (واتە جاشی ٦٦) بۆ داگیرکردنی ڕاقیمی ٣٥٤٠ تورکمان باغ و دروستکردنی بنکەیەکی بێ ترس تیایدا...».
هەروا لە هەمان لاپەڕەدا و دیسان لە بارەی هەمان شەڕەوە، نووسراوە:
«عومەر دەبابەم لەگەڵ بوو بەو ئامێری بێتەلەوە پێوەندی پێ دەکا بەلایەنگرەکانەوە کە سێ ڕەتڵن: ڕەتڵی عەلی عەسکەری و، ڕەتڵی جەلال تاڵەبانی و، ڕەتڵی جەنگی تاڵەبانی. ئامانجیان داگیرکردنی ڕاقیمی ژمارە ٣٥٤٠ و گوندی تورکمان باغ بوو و شەو بکەونە ڕێ بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکەیان. لایەنگرەکان پاش ئەوەی هێزی ئاسمانی یارمەتییەکی کاریگەری دان توانییان ڕاقیمەکە داگیر بکەن. کاتێ من گەیشتمە دەربەندی خاڵخاڵان عومەر دەبابە ئاگەداری کردم کەوا تاوانبارەکان هێرشێکی بەرانبەریان بۆ سەر ڕاقیمی ٣٥٤٠ کردەوە و، لایەنگرەکان لەبەرئەوەی کە تۆپخانە لە دابینکردنی پشتگیریی پێویست بۆیان، دواکەوتبوو، لێی کشانەوە.
هەروا لە لاپەڕە ٨١ یشیدا نووسراوە:
داوام لە عومەر دەبابە کرد (هێشتا هەر دانەری کتێبەکە قسە دەکات) کە لە قۆڵی ڕاستەوە لایەنگرەکان بجوولێنێ بۆ گەمارۆدانی تاوانبارەکان»... لە لاپەڕە ٨٣ شیدا دەڵێ: «بارەگای فیرقە بەشەو دەجووڵا. عومەر دەبابەم لەگەڵ بوو. پێی وتم: «لەوانەیە تاوانبارەکان کەمینێ لە =

## بەیانی ٢٩ی حوزەیران(٦)

حکوومەت هیچ هیوایەکی بەدەستخستنی هیچ سەرکەوتنێکی سوپایی نەما و دوا فڕوفێڵی خۆی بەکارهێنا، نە سوپاکەی سوودێکی بەخشی و نە جاشە کۆن و نوێیەکانی بەفریای گەیشتن. ناچار گەڕایەوە بۆ شێوە کۆنە خوو پێوەگرتووەکەی خۆی، بەڵکو ئەوەی نەیتوانی بەهێزی چەک دەستی بخا، بەتایبەتی پاش بەهیچ دەرچوونی نەخشەی «توکلتُ علی الله»، بتوانێ بەگفتوگۆ و دەمەتەقێ وەدەستی بهێنێ.

دەسەڵات بەدەستان لە پێشاندا وەفدێکیان لە بەغداوە نارد کە لە چەند گەورە پیاوێکی کورد پێک هاتبوو(٧). وەفدەکە لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا گەیشتە گەڵاڵە. ئەم وەفدە ڕێ خۆشکەربوو بۆ هاتنی وەفدێکی گەلیی گەورە، کە لە عارەب و کورد و تورکمان پێک هاتبوو. سەرکردایەتیی شۆڕش ڕەزامەندیی خۆی لە هاتنی ئەم وەفدە پێشان دا و وەفدەکە لە ١٨ی مانگدا گەیشتەجێ(٨).

= دووریێیانی تۆپزاوە دانێن. تۆپی هاوەنیان هەیە». لە لاپەڕە ٨٥-٨٦ یشدا ئەم ئەفسەرە جەخت لەسەر بایەخی یارمەتیی جاشی ٦٦ دەکات و دەڵێ:

«بوونی نوێنەری لایەنگرەکان لە بارەگای پێشەوەی فیرقەدا کاری چارکردنی گەلێ لە گیروگرفتەکان و ڕێ پێشاندانی هێزەکانیانی بۆ ئامانجە ویستراوەکان لە کاتی لەباردا ئاسان کرد... (جەختیش لەسەر ئەوە دەکا کە) پێویستە ڕەگەزی پێوەندیکەر لەلایەن سوپاشەوە لەگەڵ لایەنگرەکاندا بێ بۆ ئەوەی هەڵوێستی ڕوون و ورد پێشانی ئەو سەرکردەیە بدا کە کردەوەگەلەکە بەڕێوە دەبا».

لە لاپەڕە ١٠١یشدا نووسراوە:

«سەرم لە ڕەتڵەکەی جەلال تاڵەبانی و ڕەتڵەکەی عەلی عەسکەری و ڕەتڵەکەی عومەر دەبابە دا و، دروشمی پڵنگی فیرقەی دووەمم بەسەر فەرماندەرەکانی ئەم ڕەتلانە و هەندێ لە جەنگاوەراندا دابەش کرد». دانەری کتێبەکە لە لاپەڕە ١٠٣یشیدا بەشان و باڵی هەڵوێستی جاشەکانی ٦٦دا هەڵدەدا و دەڵێ: «هاوکاریی پتەوی نێوان پارچەکانی سوپا و لایەنگرەکان و متمانەبەیەکی ئاڵوگۆڕکرا و لە نێوانیاندا کاریگەرترین کاری هەبوو... ئەو زانیارییانەی بەهۆی ڕێکخراوەکانی حزبی بەعس و تاقمەکەی جەلال تاڵەبانییەوە دەهاتن بۆمان، وردبوون و سوودیان زۆر بوو».

(٦) لە پاشبەندی ژمارە ٢٥ی بەشی پاشبەندەکاندا، سەیری دەقی بەیاننامەکە بکە.

(٧) وەفدەکە لە عەمیدی خانەنشین مەجید عەلی و ئەحمەد کەمال و ئەکرەم جاف و زەید ئەحمەد عوسمان پێک هاتبوو.

(٨) لە لیوای خانەنشین ئیبراهیم ڕاوی (لە ئەفسەرەکانی دەمی پاشایەتی) و دوکتۆری پزیشک کازم شوبەر و باڵیۆز و وەزیری پێشوو عەلی حەیدەر سلێمان و ئەندازیاری لەوەپاش وەزیر ئیحسان شێرزاد و ڕەئووف ئەحمەد و دوکتۆر محەمەد ساڵح مەحموودی وەزیر لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم و زانای ئایینی نوورەدین واعیز و وەزیر حەسەن عەبدوڕەحمان، پێک هاتبوو.

ئەمانە لەلایەن سەرکۆمارەوە مافی گفتوگۆکردنیان درابوویە و، وتیان: حکوومەت ئامادەیە بکەوێتە گفتوگۆ و بگاتە چارەسەرێک بۆ گیروگرفتی کورد لە ڕێگەی ئاشتییەوە و، پێشنیازیان کرد وەفدێکی کوردیش بەرانبەر بەهاتنی ئەو وەفدە گەلییە گەورەیە بڕوا بۆ بەغدا، سەرکردایەتیی شۆڕشیش ڕەزامەندیی خۆی لەم پێشنیازە پێشان دا.

لە ڕۆژی ٢٢ی مانگدا ئەم وەفدە ڕووی کردە پایەتەخت و سێ ڕۆژ لەوێ مایەوە. پاشان ئەندامەکانی گەڕانەوە و باری سەرنجی سەرکۆمار و سەرۆکی وەزیرانیان لەگەڵ خۆیاندا هێنایەوە. باسی ئەوەیان گێڕایەوە کەوا ئەم دوو بەرپرسە زۆریان حەز لەوە دەکرد کەوا هەردوولا بگەینە چارەسەر و ڕێککەوتنێک و، ئەم دووانە لەوەدا بەڕاستییانە. وەفدی کوردیش چەند مەرجێکیان خستە بەردەستیان، یەکێکیان مەرجی سەرەکی بوو کە دەبێ چەکی جاشەکانی ٦٦ دامالرێ و، وتیشیان حکوومەت بەم مەرجە ڕازی بووە.

لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا بەیاننامەی ڕێککەوتنەکە مۆرکرا، بەزاز بۆ خۆی ئەو بەیانەی خوێندەوە کە بە بەیانی ٢٩ی حوزەیران ناوی دەرکرد و شەڕ لەگەڵ سوپادا وەستا، بەڵام لەگەڵ جاشەکانی ٦٦دا هەر بەردەوام بوو. حکوومەتیش چەکی ئەوانی دانەماڵی، بگرە هیی تریشی دانێ و دەرفەتی زیاتری بۆ وێرانکاری و گاڵتە بەئەمن و ئاسایش کردن و بەگژداچوونی پارتی و شۆڕش بۆ ڕەخساندن.

لیژنەیەک لە ئاستی هەرە بەرزدا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بەیانە لە لیوا ڕوکن کەمال مستەفا عەلەمدار بەسەرۆک و، عەمید ڕوکن عەبدولمونعیم مەسرەف لەلایەنی حکوومەتەوە و، لە نافیز جەلال و موحسین دزەیی لەلایەنی شۆڕشەوە - پێک هات. من بۆ خۆم گوێم لێ بووە بارزانی وتوویەتی: بەیانی ٢٩ی حوزەیران بەیانێکی لاوازە، بەڵام ئێمە بەمەبەستی ڕێز لێ گرتنی وەفدەکەی خۆمان پێی قایل بووین و ئەم بەیانە لە ڕاستیدا شەڕ وەستاندنە و ڕێککەوتن نییە، بارزانی بۆ خۆی پێی ڕازی نەبوو، بەڵام ئەو بەنەریتەکەی خۆی لەگەڵ یارمەتیدەران و لایەنگرانی نەرم بوو، خۆشی لەوە نەدەهات قسەیەکیان لەگەڵ بکات لۆمە و سەرکۆنەکردن بگەیەنێت و وایان لێ بکا شوێنی خۆیانیان پێ لەق بێ(٩).

لە سیی مانگدا کە وەفدەکەی ئێمە هێشتا لە بەغدابوو، عەمیدی باڵەفڕوان عارف عەبدوڕەزاق لەگەڵ تاقمێک لە ئەفسەرە نەتەوەچییەکان، بۆ دووەمین جار هەوڵێکی

(٩) وەفدەکە لە نافیز جەلال و ساڵح یووسفی و حەبیب محەمەد کەریم و عەلی عەبدوڵلا پێک هاتبوو.

سەرنەکەوتووی کودێتایان دا و بەشدارانی ئەو هەوڵە گیران. وا دیارە ئەم عارفە، لە نەخشەکێشاندا بۆ کودێتا، زۆر سیاچارەبوو کە هەوڵەکانی یەک لەدوای یەک هەموو پووچەڵ دەردەچوون.

ئەم لیژنەیە کە بەناوی (لیژنەی باڵای کاروباری باکور)ەوە ناوی دەرکردبوو، گەلێ هەنگاوی باشی بۆ جێبەجێ کردنی بەیانەکە نا وەک بەرەڵڵاکردنی گیراو و دەست بەسەرەکان و، تاقمێکی زۆری لەوانەی لەسەر کار دەرکرابوون گێڕایەوە بۆ سەر ئیش و کارەکانیان، بەڵام چەکی جاشەکانی ٦٦ هەر دانەماڵرا، بگرە هیی زیاتریشیان دانێ، وەک پێشتریش باسمان کرد.

زۆری نەبرد عەبدورەحمان بەزاز ناچار کرا دەست لەکار بکێشێتەوە و عەمید ڕوکن ناجی تالیب وەزارەتی نوێی دامەزراند. وەزارەتەکەی ناجی تالیب تاکە ئەندامێکی کوردی تێدابوو کە ئەویش ئەحمەد کەمال قادر بوو و ناونیشانی وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئاوەدانکردنەوەی باکوریان داێ. بەهاتنی ئەم وەزیرە بەیانی ۲۹ی حوزەیران سڕکرا. شایەنی وتنە وەزیری ناوخۆ لەم حکوومەتەدا کە عەقیدی ئەندازیار ڕەجەب عەبدولمەجید بوو، یەکێک بوو لە ڕەگەزە خاوێنەکان. لەو ڕۆژانەی وەزارەتیدا سەری لە بارزانی دا و پێشوازیی گەرمی لەلایەنی بارزانییەوە لێ کرا. عەقید ڕەجەب عەبدولمەجید یەکێک بوو لە دەستەی باڵای ئەو ئەفسەرانەی شۆڕشی ١٤ی تەمووزیان کرد و، لەو لەشکرییە خاوێنانەبوو کە عەبدولکەریم قاسم و عەبدوسەلام عارف کردنیان بەنیشانەی سووکایەتی پێ کردن و، لە حکوومەتی شۆڕشی ١٤ی تەمووزدا پایەیەکی لاوەکییان داێ و لە سەردەمی ئەواندا لە هیچ بەرپرسییەک بەشداریی نەکرد و وای بەباشتر زانی خۆی خانەنشین بکا و لە ماڵی خۆیدا گۆشەگیر بێ.

لێک نێزیک کەوتنەوەیەک لە نێوان ناجی تالیب - کە نەتەوەییەکی ناسری بوو- و جاشەکانی ٦٦دا پەیدا بووبوو، بۆیە ئەمانەش کەوتبوونە پێشبڕکە لەخۆ بەعارەب پێشاندان و کارکردن بۆ عورووبە لە نەتەوەچییە عارەبەکان خۆیان زیاتر، لە کاتێکدا کە هەمووی ساڵێک نەبوو لە پارێزگاریی شای ئێرانی دوژمنی نەتەوایەتیی عارەب کە عەبدوناسر نوێنەری بوو گەڕابوونەوە.

## بارودۆخ لە ماوەی نێوان بەیانی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦و کودێتای ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨دا

پاش بەهیچ دەرچوونی نەخــشــەی «توكلتُ علی الله» و دەرچوونی بەیانی ٢٩ی حوزەیران، شەڕ بەتەواوی وەستا، بەڵام تا کودێتای ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨، نیشانەی دیاری بارودۆخەکە ئەوەبوو کە جاشەکانی ٦٦ بەئاشکرا لە مەیداندا بوون. ئەمانە لای حکومەتە یەک لەدوای یەک هاتووەکان قەدر و قیمەتێکیان هەبوو و زیانیشیان، بەتایبەتی لە شارەکاندا، زۆر زۆر و گەورە بوو. ئازادیی تەواویان درابوویە و بارەگایان بۆ کرابووەوە و، دەستدرێژییان بەتایبەتی بۆ سەر ئەندامانی پارتی و خزم و کەسوکاری پێشمەرگە بوو. وەک پێشتریش باسمان کرد بەکردەوە بووبوون بەچاو و گوێ و جاسووسی کاربەدەستانی حوکمڕانی ناوخۆ و هەمان ئەرکیان بۆ دەبینین کە وەکیلەکانی ئەمن و موخابەرات دەیانبینی و، لەم بوارەدا دەستیان بەتەواوی کرابووەوە و، دەستی تاوانبارییان بۆ کوشتنی ئەندامە چالاکەکانی پارتی لە شارەکاندا درێژ دەکرد.

لە لادێکانیش چەتەکانیان لە مۆڵگەکانی سوپاوە دەردەچوون و دەیاندا بەسەر دێهاتەکانی دەوروپشتدا و تاڵان و چەپاویان دەکردن و ئاگریان بەردەدایە ماڵی خەڵک و خەڵکیان دەکوشت و دەگرت و کە لێ دەبوونەوە، دەچوونەوە پەنای مۆڵگەکانی سوپای حکومەت. ئەمانە بەڕاستی بووبوون بەمایەی سەرئێشەی شۆڕش و، ڕێژیم لەم ڕووەوە کەڵکی زۆری وەرگرت.

ئەم چەتانە، لە پەنای حکومەتدا کردەوەگەلێکیان دەکرد کە نە سوپا و، نە جاشە کۆنەکان هیچ لایەکیان نەیاندەکرد. بەم جۆرە چالاکییەیان هانی حکومەتیان دەدا پشت لەو گفت و پەیمانانە هەڵکا کە پێشتر لە بەیانی ٢٩ی حوزەیراندا لە ئەستۆی خۆی گرتبوون و، بوون بەمایەی سارد و سڕیی حکومەت لە جێبەجێ کردنی بەیانەکەدا. کە هاوسۆزیی توندی خۆشیان بۆ ڕەگەزە نەتەوەچییە عارەبەکانی عێراق دەردەبڕی کە بەدیمەن پڕوپاگەندەیان بۆ بیر و بۆچوونەکانی نەتەوەییە ناسرییەکان دەکرد لە بارەی نەتەوەی عارەبەوە، ئەوەندەی تر پایە و پلەیان لای دەسەڵات بەدەستانی ڕێژیمەوە دەستگیر دەبوو.

دەچوون دەیانخستە مێشکی حکومەتەوە گوایە بارزانی هەڵوێستێکی دژی ئاواتەکانی

عـارەبی هەیە کـە دەیانەوێ ببن بەیەک و، نایەوێ عـارەب و کـورد لەیەکـەوە نیـزیـک بن چونکە هاوپەیمانی ئێران و دۆستی پەیمانی سەنتۆیە.

مـایەی داخ و خـەفـەت بوو ئـەوانە بووبوون بەتەگـەرەیەکی قـورس لە بەردەم ڕاپەڕینی شۆڕش بەرەو گۆڕەپانی ئازادیی نەتەوەییی کوردان(١٠).

## سەرکۆمار لە سەردانی بارزانیدا

وەزیری بەرگری شاکر مەحموود شوکری ڕۆژی ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٦ سەردانێکی بارزانیی لە گەلاڵە کرد، لەو سەرلێدانەیدا جەختی لەسەر ئەوە بۆ کردەوە کەوا حکوومەت پابەندی جێبەجێ کردنی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانە و ئەوەی بۆ ڕوون کردەوە کە پێویستە ئەو و سـەرکـۆمـار بـەیەک بگەن تا لـە هەمـوو بابەتە هێـشـتـا چارنەکـراوەکـان بکۆڵنەوە و بڕیاری دواجارییان تێدا بدەن، بەتایبەتی پرسی چەک داماڵینی جاشی ٦٦ و، هەوڵێکی زۆریشی بۆ ئەوە دا کـە بەبارزانی بسەلمێنێ لە هەولێر یا لە سپیلک یا لە ڕەواندز لەگەڵ سەرکۆماردا چاویان بەیەک بکەوێ و وتی: شایەن نییە سەرکۆمار هەموو ئەم ڕێگەیە ببڕێ بۆ ئەوەی بێت چاوی بەم بکەوێ، بەلام بارزانی بیـانووی هێنایەوە و قـایـل نەبوو. دواجار لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کەوا لە نێوانی بەرزێوە و دیانەدا بەیەک بگەن و لەوێ ڕەشماڵێ هەڵبـدەن. هەروایش بوو. بـارزانی ڕۆژی ٢٨ی تشـریـنی یەکـەمی ١٩٦٦ لەوێ لەگـەڵ عەبدوڕەحمان عارفدا کۆبووەوە.

لەگەڵ ئـەوەشدا کە بارزانی شـەوی پێش بەیەک گـەیشـتنی لەگـەڵ سـەرکـۆمـاردا تووشی دەمــار کــرژهەلاتن بـووبوو و بـاری تەندروســتــیی باش نەبوو، زۆری لە خــۆی کــرد و بەنەخۆشییـەوە دەرچوو بۆ پێشوازی کردنی سەرکۆمار نەوەک بەدگۆیان لە خۆیانەوە بکەونە قسە هەڵبەستن گوایە بارزانی لەبەر فلانە هۆ یا فیسارە هۆ پێشوازیی لێ نەکردووە.

لەو وێنانەدا کـە بەبۆنەی ئەو کـۆبوونـەوەیەوە گـیـراون، بـارزانی بەئـاشکرا نەخـۆشی و ماندوویەتییەکی سەختی پێوە دیارە.

(١٠) ئەو ڕاپۆرتە سیـاسییـەی سکرتێـری گشـتـیی پارتی لە کـۆنگرەی حەوتەمدا خوێندیەوە، بەدرێژی باسی ئەو ڕۆڵە نەنگینە و شەرماوەرەی کردووە کە ئەم تاقمە دەیانبینی. سەیری پاشبەندی ژمارە (٢٦) بکە لە بەشی پاشبەندەکاندا.

عەبدوڕەحمان عارف چەندی حەز لێ بوو گفت و پەیمانی بۆ بارزانی هەڵڕشت، بەڵام هیچیانی بەجێ نەهێنا. جا نازانین ئەو خۆی هەر لە پێشەوە بڕیاری دابوو هیچیان جێبەجێ نەکا، یان دەوروبەر و دەست و پێکانی بوونە هۆی ئەوە لێیان پاشگەز ببێتەوە و گفتەکانی نەهێنێتە دی؟

## کۆنگرەی حەوتەم

کۆنگرەی حەوتەم لە مێژووی پارتی و شۆڕشدا بەقۆناغێکی هەستەوەر و ڕاگوێزی دادەنرێ. دەشتوانرێ بەیەکێک لە کۆنگرە هەرە سەرکەوتووەکان بژمێردرێ. لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦دا لە گەڵاڵە بەسترا و پێنج ڕۆژی خایاند و ٢٤٥ نوێنەری تێدا بەشداربوون کە چەندین بڕیاری گرینگیان لەبارەی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادکراوەکانەوە دا و، گەلێ هەنگاوی چاکسازیی کۆمەڵایەتیی جوانیشی گرتەخۆ کە یەکێک لەوانە قەدەغەکردنی بەشوودانی کچ بەزۆر و، گۆڕینەوەی گەورە بەبچووک. هەروا لە مەیدانی تەندروستی و پەروەردەییشدا چەندین بڕیار بۆ دابەشکردنی کادیری پسپۆڕی وەک مامۆستا و کاربەدەستی تەندروستی لەم دوو بوارەدا - بەپێی توان، بەسەر گوند و کۆمەڵگە دێهاتییەکاندا و کردنەوەی خول (دەورە)ش بۆ ئامادەکردنی ئەو کادیرانە دران. سەرۆکایەتیی بارزانیش جەختی لەسەر کرایەوە و، باوەڕ و متمانەش کرایەوە بەنووری سدیق شاوەیس و عەلی عەبدوڵڵا و خرانە ناو کۆمیتەی ناوەندیی نوێوە کە لە کۆنگرەوە هەڵقوڵا و پاشانیش هەڵبژێردران بۆ ئەندامەتیی مەکتەبی سیاسی، هەروەها محەمەد مەحموود عەبدوڕەحمان (سامی)ش هەڵبژێردرا بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی و پاشانیش بۆ ئەندامەتیی مەکتەبی سیاسی.

کۆنگرە بڕیاریشی دا سەرۆک بارزانی یاداشتێک بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار و سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران بنێرێ داوای جێبەجێ کردنی بەیانی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ی تێدا بکات(١١).

هەروەها چەندین بڕیاری سەرکەوتووشی لە بارەی ڕێکخراوگەل و دەزگا بەڕێوەبەریەتی و سەربازییەکانی پارتییەوە دا و، دەستوورێکی بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش دانا

(١١) بگەڕێوە بۆ دەقی یاداشتەکە لە پاشبەندی ژمارە (٢٧) لە بەشی پاشبەندەکاندا.

و(١٢)، ئەرک و پێویستی و کارەکانیشی دابەش کرد(١٣).

لەلایەکی تریشەوە شۆڕش بایەخێکی تایبەتی بەکاروباری پەروەردە و خوێندن و تەندروستی دا. ئەوەندەی کادیرەکانی پێ ڕادەگەیشتن، خولی پەروەردەکاری و تەندروستیی کردەوە. لەگەڵ نارەحەتی و ناخۆشیی بارودۆخیشدا مامۆستای بۆ پتر لە ٣٠٠ قوتابخانەی سەرەتایی پەیداکرد و، بەوە کارێکی کرد قوتابخانە بەردەوام کار بکەن و خوێندن نەوەستێ. هەروەها چەندین خولی بۆ کاربەدەستانی تەندروستی و برینپێچان کردەوە کە دەیان کەسیان لێ دەرچوون و بەسەر گوندەکاندا دابەش کران.

## دەزگای پاراستن (ئیستیخباراتی شۆڕش)

لە ئایاری ١٩٦٦دا بارەگای بارزانی پێکەوەنرا و ئیدریسی برام بەرپرسی ئەو بارەگایە بوو، کارەکە وا ڕێک خرا کە من یارمەتیدەری بم. ئەم بارودۆخە تا ١٩٦٧ بەردەوام بوو کە من تێ گەیشتم پێویستمان بەدەزگایەکی ئاسایش و هەواڵگری (ئەمن و ئیستیخبارات) هەیە بۆ شۆڕش کاری پێکەوەنانی ئەم دەزگایە بەمن سپێردرا. یەکەم جار داوای یارمەتیم لە شەکیب ئاکرەیی و محەمەد عەزیز قادر و فەرەنسۆ هەریری و فاخیر مێرگەسۆری و برادەرانی تر کرد. لێرەدا دەرفەتەکە تەسکە و باسی ئەو نارەحەتییانەم بۆ ناکرێ کە لە ڕێگەی پێکەوەنانی ئەم دەزگا ناسکەدا دەهاتنە ڕێمان، نەشدەکرا وازی لێ بهێنین. قۆناغی ئامادەکردن هەر زۆر نارەحەت بوو، لەوانەیە ئاسانترین کار تیایدا هەڵبژاردنی ئەو وەکیلانە بوو کە کاریان تێدا دەکرد چونکە لاوانی نیشتمانپەروەر لەوپەڕی ئامادەییدا بوون بۆ قوربانیدان و خۆفڕێدانە قورسترین هەڵوێستەوە لەپێناوی

(١٢) بگەڕێوە بۆ دەقی دەستوورەکە لە پاشبەندی ژمارە ١٩ لە بەشی پاشبەندەکاندا.

(١٣) ئەو ئەندامانەی بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران، ئەمانە بوون: سکرتێر (ڕازڕاگری گشتیی حزب): حەبیب محەمەد کەریم. ڕازڕاگری مەکتەبی تەنفیزی: دوکتۆر مەحموود عوسمان. بۆ ڕێکخستنی حزبایەتی: نووری سدیق شاوەیس. کاروباری دارایی: عەلی عەبدوڵلا. بەرپرسی دارایی: موحسین دزەیی. کاروباری ڕاگەیاندن: سالح یووسفی. لێژنەی بالای ئاشتی: بەسەرۆکایەتیی نافیز جەلال حەویزی. بەرپرسی سەربازی: ئیدریس بارزانی و محەمەد مەحموود عەبدورەحمان (سامی). کاروباری هەواڵگری و ئاسایش: مسعود بارزانی و شەکیب ئاکرەیی. کاروباری بەڕێوەبەریەتی: شەفیق ئاغا. پێوەندیی دەرەوە: لێژنەیەکی پێکهاتوو لە حەبیب محەمەد کەریم، مەحموود عوسمان، ئیدریس بارزانی، محەمەد مەحموود عەبدورەحمان و مسعود بارزانی.

کۆکردنەوەی زانیاریی بەسوود بۆ شۆڕش بەتایبەتی بۆ دەستپێشخەری لە هەر هەنگاوێکی شارستانی یا سەربازی کە حکوومەت نیازی نانی هەبێ و، بەرەوڕووبوونەوەی ئەو هەنگاوە ئەگەر هەڵی نا بەتایبەتی بزووتنی پارچە سەربازییەکان.

دوو ساڵ کاتمان پێویست بوو تا ئەم دەزگایەمان بەهەموو لق و داراییەکانیەوە ڕێک خست. لە ساڵی ١٩٦٩دا من بووم بەبەرپرسی ئەم دەزگایە، هەروەها سەرپەرشتی کردنی هەردوو بەشی ئەندازیاری و موخابەرەشم لە شۆڕش پێ سپێردرا چونکە پێوەندییان بەدەزگای ئیستیخباراتەوە هەبوو. کارەکەش تا نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ هەر بەم جۆرە مایەوە.

## ئیدریس سەر لە بەغدا دەدا و، ئینجا سەردانی من بۆ بەغدا

سەرکۆمار زۆر جار لە باوکمی دووپاتە دەکرد کە ئیدریس و من سەر لە بەغدا بدەین و چەند ڕۆژێ لەوێ بمێنینەوە، هەر بۆنەیەک ڕێکەوتایە ئەمەی دووبارە دەکردەوە. دواجار لە ڕێگەی ئەحمەد کەمال قادرەوە بانگی کردین. سەرەنجام باوکم ڕازی بوو هەردووکمان یەک لە دوای یەک بڕۆین. پێشان ئیدریس ڕۆیی. لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٦٧دا ئەو چوو بۆ بەغدا و هەفتەیەک لەوێ مایەوە، مێوانی سەرکۆمار بوو. لەم چوونەیدا هەردوولا چەند جار سەریان لەیەک دا و عەبدوڕەحمان و بەرپرسانی تر چوون دیدەنییان کرد.

ئەم سەردانە هیچ ئەنجامێکی لێ نەوەشایەوە لەوە بەولاوە کە سەرکۆمار و حکوومەت مەبەستیان ئەوەبوو وا لە دەرەوە بگەیەنن کە هەموو شتێ بەئارەزووی دڵە و، هیچ لە نێواندا نییە و، پێوەندیی نێوان بارزانی و حکوومەت باشترین پێوەندییە کە بتوانرێ ببێ.

منیش کە سەرم لە بەغدا دا هیچ گۆڕانێکم لە بارودۆخەکەدا هەست پێ نەکرد، بەڵام بەش بەحاڵی من هەلێک بوو بۆ ئەوە فەرمانێک وەرگرم بەبەرەڵڵاکردنی ئەو گیراوانەی لە ١٩٦٥دا بەتۆمەتی کوشتنی بەدرەدین عەلیی پارێزگاری هەولێر گیرابوون و، ئیمتیازی دەرکردنی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی (التآخي) وەرگرین. لە یادم نییە کێ لەگەڵ ئیدریس چووبوو بۆ بەغدا، بەڵام بەش بەحاڵی خۆم لە سەردانەکەمدا کە لە ١٩ی ئاداری ١٩٦٧دا دەستی پێ کرد، بەڕێزان نافیز جەلال و موحسین دزەییم لەگەڵ بوون. پێش ئێمەش حەبیب محەمەد کەریم و ساڵح یووسفی ڕۆیشتبوون، ئێمە هەر پێنجمان پێکەوە سەرمان لە

بەرپرسانی حکوومەت دەدا، جگە لەوە سەریشمان لە گەلێ پیاوماقوولّی دیاری عارەب و کورد دا. ئەم سەردانە، بەش بەحالّی من، یەکەم تاقیکردنەوەیەکی ئەم جۆرە ڕێککەوتانەم بوو، یەکێک لەو کەسایەتییە نیشتمانپەروەرە دیارانەی ئەم جارە ناسیمن بەڕێز کامیل چادرچی بوو. هەروەها چووشین بۆ نەجەف بۆ سەرلێدانی ئایەتوڵلای عوزما سەید موحسین حەکیم و، قورئانێکم بەناوی باوکمەوە بەدیاری پێشکێش کرد لەگەڵ نامەیەکی تایبەتیدا. هەموو قەدر و ڕێز و بەخێرهاتنێکمان لێیەوە دی و ئەویش لە بەرانبەری دیارییەکەی ئێمەدا دیارییەکی وا، واتە دانەیەک قورئانی لەگەڵ وەڵامنامەیەک داینێ. وا ڕێک کەوت ئەو سەفەرە هاوکات بێ لەگەڵ جەژنی قورباندا، بۆیە بوو بە بۆنەیەک بۆ سەرلێدانی گەلێ کەسایەتیی ناسراو.

سەردانەکەم لە چادرچی یەکەمین سەردانم بوو بۆی. زۆر شتم لەو بارەوە لەیاد نییە، بەڵام ئەو شتەی کە لە قسەکانیدا زۆر تایبەتی بوو ئەوەبوو زۆری دووپاتە لێ کردم تکای ئەو بەباوکم بگەیەنم بۆ خۆشبوون لە تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد و وەرگرتنەوەیان، وتی: بەرژەوەندی گەلی کورد لەوەدا نییە ئەمانە لە خزمەتی حکوومەتدا بمێننەوە. منیش تکایەکەم گەیاندە بارزانی.

هەروەها سەرمان لە کەسایەتیی سەربازیی، لیوا ڕوکن حەسەن عەلی سەبری دا کە بەحەسەن سیکراب ناسرابوو و، وەکیلی سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو چونکە سەرۆکی ئەرکان ئەو کاتە خۆی چووبوو بۆ حەج. بەنابەدڵیی خۆم سەرم لێ دا و حەزم نەدەکرد بچم سەری لێ بدەم چونکە هەواڵی بەدڕەوشتیی ئەوم سەبارەت بەخۆمان بیستبوو. دڵم نەیدەبرد بچم سەری لێ بدەم، بەڵام سالّح یووسفی قسەکەی باوکمی هێنایەوە یادم کە دەیفەرموو: «دەبێ کارێک بکەین دوژمن بکەین بەدۆست»، بۆیە بەگوێم کرد و چووم سەرم لێ دا.

ئەم ئەفسەرە زۆر بەساردی پێشوازیی لێ کردین، هەر کە گەیشتینە لای برووسکەیەکی دایە دەستمان لە سەرۆکایەتیی هێزی مەیدانەوە بۆ سەرۆکایەتیی ئەرکان نێردرابوو. ئەوەندەی لە یادم مابێ بابەتەکەی ئەوەبوو: «تا ئێستەش چەتەکان خەرجوباج لە ماسیگرەکان دەستێنن. فەرمانتان بەچییە؟» منیش برووسکەکەم هەڵدایەوە سەر مێزەکەی بەردەمی و پێم وت: «ئێمە هاتووین جەژنە پیرۆزەت لێ بکەین، نەهاتووین بەم جۆرە بەرەوڕوومان ببیتەوە. ئەفسەرێکی پێوەندیمان لە کەرکووک هەیە، سەرکردایەتیی هێزی مەیدان دەتوانێ پێوەندیی پێوە بکا بۆ ئەوەی هەردوولا هەوڵ بدەن بۆ چارەسەری ئەم جۆرە

گیروگرفتانه. ئەمە پرسێکی زۆر بێ نرخی لاوەکییە، بۆ هێندەی قەوارە دەدەنێ و ئەم بایەخە مەزنەی بۆ دادەنێن؟» ئەویش وەڵامی دایەوە: «های... های، ئەمە دەوڵەتی ناو دەوڵەتە!! نەخێر هەر ئێستە فەوجێک سەرباز دەنێرم بۆ ئەو شوێنە هەموو ئەوانە دەستگیر بکەن کە حەزیان لێیە یاری بەیاسا بکەن». کە کار گەیشتە ئەم ڕادەیە لەوە زیاترم بۆ نەمایەوە کە وەڵامی بدەمەوە: «خەفەت دەخۆم بۆ ئەوە کە هاتم بۆ لات، ئەوەی سەردانی تۆی لا جوان کردم مامۆستا ساڵح بوو، بەڵام دەرکەوت تۆ هیچ لە کاروباری دنیا نازانی. دنیا خەریکی شتێکە و تۆ خەریکی شتێکی تری. تۆ فەوجێکت نەناردووە، سوپایەکت ناردووە چڵکاوخۆرەکانیشی لەگەڵن، بگرە جاشەکانی ٦٦یشی لەگەڵن و لەگەڵ ئەوەش لە سەرشۆڕی بەولاوەتان پێ نەبڕاوە».

پاشان لەسەری ڕۆیشتم و وتم: «با باش بزانی، ئێمە نوێنەری شۆڕشێکی مەزنین و من ئەفسەرێک نیم لە ئەفسەرەکانت هاتبم تکای پلەیەک بەرزکردنەوەت لێ بکەم. سەرۆک جاشێکیش نیم هاتبم بۆ لات پارەی حەرامت لەگەڵ دابەش بکەم».

پاشان هەستامەوە و هاتمە دەرەوە و ئەوانی تریش بەدوامدا هاتن و نە ماڵاواییمان کرد و نە هیچیشمان وت.

هەواڵی ئەم دیدارەمان گەیشتبووە سەرکۆمار. داوای کرد بمانبینێ و ڕووداوەکەی لە من پرسی و منیش بۆم گێڕایەوە. ئەویش لەسەری دوا و وتی: تکام وایە بەهۆی ئەمەوە هەفتەیەکی تریش لێرە بمێنیتەوە تا پاشماوەکەی لە دڵتدا نەمێنێ و قسەکانی ئەوت لە یاد بچێتەوە و بەڕەزامەندی بگەڕێیتەوە وەک هاتی.

سوودێکی تریشم لەو سەردانە دەستگیر بوو، بۆم دەرکەوت کەوا لەناو ڕژێم خۆیدا چەندین دەستەبەند هەیە. بۆ نموونە دەستەبەندێکی سەربازی هەبوو عەبدوڕەزاق نایف و ئیبراهیم داود و سەعدوون غەیدان و کەمال عەبوود سەرۆکی بوون. هەموو نیشانەیەکیش وای دەگەیاند نیازی کودێتاکردنیان هەیە، بەڵام ئەوان خۆیان هیچیان لا نەدرکاندین کە ئەوە بگەینێ چییان لە دڵدایە.

ڕۆژی ٤ی نیسانی ١٩٦٧ بەغدامان بەجێ هێشت و ڕوومان کردەوە کوردستان. لە ڕێدا سەرمان لە گوندەکەی شێخ نازم عاسی دا لە نێزیکی حەویجە، پێشوازی و مێواندارییەکی کردین باسی ناکرێ، وەک هەموو ئەوانەی لە بەغدا دیمانن.

## کۆنگرەیەکی سەربازی لە کانی سماق

شــۆڕش، بۆ پتــەوکــردنی بنکەکــانی خــۆی چ لەلایەنی ســەربازی و چ لەلایەنی حزبایەتییەوە، سوودی لەم ئەندازە ئارامییە وەرگرت. کەڵکی لەم ماوەیە وەرگرت و گەلێ خولی مەشق کردنی سەربازیی لە بواری تۆپخانە و ئەندازیاریدا کردەوە و، هەروەها بۆ فێربوونی بەکارهێنانی چەکیش بەپێی دەرسی وا کە بەگوێرەی بەرنامە بەبەشداربووەکان ئەوترانەوە. پاشــان وا بەباش زانرا کــۆبوونەوەیەکی ســەربازیی بەربڵاو بکرێ گــشت فەرماندەرانی هێز و فەرماندەرانی بەتالیۆنەکانی تێدا ئامادەبن، بارزانی بۆ خۆشی لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبوو، چی ڕاسپێری و ئامۆژگارییەکی هەبوو هەمووی پێ ڕاگەیاندن و، لە بارودۆخی پارچە لەشکرەکانیش ئاگەداربوو و زانیی پێویستیان بەچییە.

ئەم کۆبوونەوەیە لە ١٧ی نیساندا کرا لە کانی سماق کە شوێنێکە لە داوێنی گەلاڵەوە. بارزانی لەم کۆبوونەوەیەدا وتارێکی دا ئەو کاتە بەدەستــوورێک دانرا کەوا دەبوو لەبەر ڕووناکیی ئەو دەستوورەدا بجوولێنەوە[١٤].

(١٤) دەقی وتارەکە لە پاشبەندی ژمارە (٢٨)ی بەشی پاشبەندەکاندایە.

## بەشی یازدەیەم

# شەڕی ١٩٦٧ی نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتە عارەبەکان

پاش ئەوەی عەبدوناسر فەرمانی دا هێزەکانی سەر بەکۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە نێوان میسر و ئیسرائیلدا بوون، لە بەرەی سینا بکشێنەوە و، بەندەری شەرموشێخی لە رووی پاپۆڕەکانی ئیسرائیلدا داخست، ڕێژیمی عێراقیش دەستی دایە خۆ ئامادەکردن بۆ بەشداریی بەسوپا لەو شەڕەدا کە بەرێوەبوو ڕووبدا.

حاجی شاکر دووری و نازم عاسیی شێخی خێڵی عوبێد لە دۆستە عارەبەکانی باوکم بوون. ئەم دووانە بەسەرلێدان هاتن بۆ لای باوکم و داوایان لێ کرد ئەگەر هاتوو حکوومەتی عێراق پارچەکانی سوپای خۆی نارد بۆ ئوردون، پێشمەرگە هیچ چالاکییەیەکی دوژمنانە نەنوێنێ. باوکیشم گفتی دانێ، پاشانیش داوایان لێ کرد هێزێکی لە سنووری پێنج هەزار پێشمەرگەدا بەسەرکردایەتیی ئیدریسی برام بنێرێ تا بچێتە پاڵ لەشکری عێراق و ببێ بەنیشانەی هاوکاریی هەردوولا. ئەمە دە ڕۆژ پێش ئەوەی شەڕ دەست پێ بکات.

یەکێک لەوانەی سەرکردایەتیی ئەو پارچە سوپاییبیانەیان پێ سپێردرابوو کە نێردرابوون بۆ پشتگرتنی سوپای سووریا، عەمید ڕوکن مەحموود عرێم بوو. ئەم کابرایە بەر لە هەڵگیرسانی شەڕ بەدوو ڕۆژ وتارێکی لە دیمەشق دا، تیایدا وتی: «ئێوە (واتە سووریاییەکان) هاتن بۆ لای ئێمە بۆ لەناوبردنی ئیسرائیلی دووەم (مەبەستی لە کوردستان و هاتنی لیوای یەرمووک بوو بەسەرکردایەتیی فەهد شاعیر). وا ئێمەش هاتووین ئەو قەرزەتان بدەینەوە و ئیسرائیلی یەکەم لەناوبەرین».

بارزانی ڕووی دەمی کردە شێخ نازم و بەپەراوێزی لقی دووەمی داواکەیەوە وتی: یا شێخ، چۆن دەکرێ کەسێک کوڕی خۆی و جەنگاوەرەکانی بنێرێ بۆ بەرەیەک پیاوی نەفامی دوژمن بەمیللەتی کوردی وەک ئەم کابرایەی تێدابێ و، پیاوی وا چۆن متمانەی

پێ دەکرێ سەرکردەبێ؟

کاری وەڵامەکەی باوکم لە داواکەی شێخ نازم، زۆر مەزن بوو. ئەو لای وابوو ناردنی ئەم هێزە دەبێ بەبەڵگەی پاکی و برایەتیی ڕاستەقینەی نێوان هەردوو گەل، بەڵام وتارەکەی مەحموود عریم هەمو بیرکردنەوەیەکی لە ناردنی پێشمەرگە لەناوبرد کە لەوانەبوو باوکم بیری لێ بکاتەوە.

لە پێنجی حوزەیرانیشدا وەفدێکی ڕەسمیی گەورە لە بەغداوە هات بۆ گەڵاڵە[1] و تاکە داوای ئەم وەفدە ئەوەبوو لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان لە ماوەی بوونی هێزەکانی عێراق لەسەر هێڵی ڕووبەڕووبوونەوەدا، هیچ جموجۆڵێکی سەربازی نەنوێنێ. هەروەها داواشیان لە بارزانی کرد چ ئامۆژگارییەکی هەیە بۆیان؟ داواکەی شێخ نازم عاسیشیان دووبارە کردەوە کە هێزێک بەسەرکردایەتیی ئیدریسی برام بنێرێ بۆ بەشداری. بارزانیش لە وەڵامیاندا وتی: وتارەکەی مەحموود عریمتان نەبیستووە؟

وتیان: نەخێر، نەمانبیستووە، کە باوکم بۆی گێڕانەوە ناڕەزایییەکی زۆر و پێ ناخۆش بوونی خۆیان بەو وتارە دەربڕی.

کە وەفدەکە گەیشتە جێ، هەواڵی دەست پێکرانی شەڕ هێشتا بڵاونەکرابووەوە، لەو کاتەدا فەرەنسۆ هاتە ژوورەوە و ڕادیۆیەکی بەدەستەوە بوو و وتی: شەڕ دەستی پێ کرد.

بارزانیش بەمیوانەکانی وت: «هاتوون داوای یارمەتی و ئامۆژگاری دەکەن، باشترین ئامۆژگاری و یارمەتییەک پێشکێشتانی بکەم ئەوەیە کە پێتان بڵێم دەستبەجێ شەڕ ڕاگرن و با جەمال عەبدوناسریش داوای وەستاندنی شەڕ و گێڕانەوەی هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ شوێنەکانی ئەوسای لێک جوێکردنەوە بکات. ئەگەر ئەمە لە تواندا نەبێت، من لام وایە زیانێکی زۆر مەزنتان لێ دەکەوێت و کارەساتێک بەسەر لەشکرەکانی عارەبدا دێت».

پاشان لەسەری ڕۆیی و وتی: «لەوە دڵنیابن کەوا پێشمەرگە لە دژی سوپای عێراق هیچ ناکات».

ڕاستیش بوو لەگەڵ گفتەکەی خۆی.

(١) وەفدەکە لە: وەکیلی سەرۆکی ئەرکانی سوپا لیوا ڕوکن حەمموودی مەهدی و لیوا ڕوکن ئیبراهیم ئەنساری سەرکردەی فیرقەی دوو و لیوا ڕوکن کەمال مستەفا عەلەمدار سەرۆکی لیژنەی باڵای ئاشتی و لیوا ڕوکن سەرکردەی فیرقەی یەک زەکی حوسێن حیلمی پێک هاتبوو.

ئیبراهیم فەیسەڵ بەدوای قسەکەی بارزانیدا قسەی کرد و وتی: «سوپای میسر زۆر بەهێزە. چەکی هاوچەرخی تەفروتووناکەری هەیە».

بارزانی وەڵامی دایەوە، وتی: «چەک تەنیا پارچە ئاسنێکە. ئەوەی پشتی پێ دەبەسترێ ئەو ئادەمیزادەیە بەکاری دێنێ».

وەفدەکە کە هەواڵی دەست پێکردنی شەڕی بیست، بەهەڵەداوان گەڕایەوە.

ڕووداوێکی تری لەم جۆرەشم لە یادە. ئابی ١٩٧٠ بوو، بەر لە مردنی عەبدوناسر بەمانگێک. پاش ئەوە کە عەبدوناسر ڕازی بووبوو بەوەی پێیان دەوت دەستپێشخەرییەکەی ولیەم ڕۆجەرز دەربارەی دوایی پێ هێنانی شەڕی لەبەرڕۆیشتن (الاستنزاف)، شەڕەدەمێک لە نێوان قاهیرە و بەغدا پەیدابوو کە تیایدا بەعسییەکان بەتایبەتی پیسترین جنێو و ناتۆرەی شەرماوەریان کە لە فەرهەنگی زماندا هەبێ دەرهەق عەبدوناسر بەکارهێنا لەبەرئەوەی بەپرۆژەکەی ڕۆجەرز ڕازی بووبوو، باوکم زۆر بێزی لەوە دەهاتەوە. لەو ڕۆژانەدا مامۆستا عەزیز شەریف هات بۆ لامان. باوکم ئەوەی بەهەل زانی، داوای لێ کرد تکایەکی لە سەرکۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر بۆ بکا دەستبەرداری ئەم جنێودان و قسە ناشیرینانە ببن و خۆیان لەم شێوەیە بەرزتر ڕاگرن.

پاش چەند ڕۆژێک مامۆستا عەزیز شەریف وەڵامی بەکری هێنایەوە و بەباوکمی وت: «نامەکەتم، چۆنت پێ وتبووم، هەروا بەسەرۆک بەکر گەیاند. وەڵامی ئەوەبوو: سەلامم بگەیەنە بەباوکی ئیدریس. پێی بڵێ: وەنەبێ تەنیا عەبدوناسر سەگەلی هەبێ بووەڕن، ئێمەش سەگەلی خۆمانمان هەیە دەوەڕن»!

وڕەی شۆڤێنیەتیی عارەب لە هەموو لایەک بەرزبووەوە. جوغزی دروشمی پڕ عەنعەنە و تەنتەنەی لەسەریەک زیادکردن لە جاران هەراوتر بوو. جۆش و خرۆشی سیاسی گشت کۆڕ و کۆمەڵە نەتەوەییییە توندڕۆکانی عارەبی گرتەوە کە وایان لە جەماوەر دەگەیاند تیرهاوێژێکیان ماوە بگەنە سەرکەوتن. پەنابردنە بەر ئاوەز و تاقیکردنەوەی مێژوو گەڕایە دواوە و جێی بۆ نەمایەوە. ئەو مێشکانەی قیژە قیژ و خەیاڵبافی سڕی کردبوون لە دیاریکردنی سەرەنجامی شەڕدا هیچ نرخێکیان بۆ ترازووی هێز لا نەما. نەتەوەچییە توندڕۆکان لە وتنەوەی دروشمەکەی پێشەوای فەلەستینی ئەحمەد شوقەیری ماندوو نەدەبوون کە گفتی دابوو ئیسرائیل تووڕداتە ناو زەریاوە، بگرە هەندێ لە سەرشێتەکانیان گفتی ئەوەیان دەدا کەوا سوپای عێراقی عارەب کە بەسەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە، زۆر

نابات ڕوو دەكاتە كوردستانیش بۆ ئەوەی، ئیسرائیلی دووەمیش لەناو ببات. ئەم بیرە بەسەر مێشكی خەڵكەكەدا زاڵ بووبوو تا دەرد و بەڵا و مەینەت بەسەر هەردوو گەلی عارەب و كورددا بهێنێ (زمانی درێژ و دەستی كورت!).

هەواڵمان پێ گەیشت كەوا وەفدەكە كاتێ گەڕایەوە بۆ بەغدا و لەگەڵ سەركۆمار و بەرپرسانی تردا كۆبووەوە قسەكانی بارزانییان بۆ گێڕایەوە، دیارە بەدڵیان نەبووە. لە كۆڕی دانیشتنێكیاندا ئەم قسانە دەگێڕنەوە، یەكێكیان دەڵێ: «جارێ سەبر كەن. كە تەل ئەبیبمان گرت دێینەوە بۆ گیانی بارزانیش و دەرسێكی دادەدەین هەرگیز لەبیری نەچێتەوە».

شەڕەكە ڕووی دا و، ئەنجامەكانیشی زانراون كە چۆن بوو بەهۆی دۆڕان و كارەساتێك بۆ جیهانی عارەبی كە تا ئەم ساتەش هەر بەدەست شوێنەوارەكانیەوە ئازار دەكێشێ.

## سەردانی سەرۆكی وەزیران بۆ بارزانی

لە یەكی ئابی **١٩٦٧**دا وەزارەتی ناجی تالیب لە كاركشایەوە و داوا لە تاهیر یەحیا كرا كە وەزارەتی نوێ پێكەوەبنێ. لەم وەزارەتەدا فەتاح سەعید شاڵی لە جیاتیی ئەحمەد كەمال قادر كرا بەوەزیری كاروباری باكور. تاهیر یەحیا هەر زوو بەمەبەستی جێبەجێ كردنی بەیانی **٢٩**ی حوزەیران لیژنەیەكی نوێی بەسەرۆكایەتیی سەرۆك وەزیران و ئەندامەتیی وەزیری ناوخۆ و وەزیری دارایی و وەزیری ئابووری و وەزیری پیشەسازی و وەزیری كشتوكاڵ عەبدولهادی ڕاوی و سەركردەی فیرقەی یەك و موتەسەریفی لیوای هەولێر و لیوا كەمال مستەفا عەلەمدار عەمیدی كۆلێجی ئەركان لەلایەنی حكوومەتەوە و، موحسین دزەیی و نافیز جەلال لەلایەنی شۆڕشەوە پێكەوەنا. پاش ئەمە تاهیر یەحیا بۆ خۆی لە دوایی مانگی ئابدا سەرێكی لە بارزانی دا و لە چوارچێوەی بەیانەكەی حوزەیراندا گفتی زۆری دا.

پرسی گرینگ پرسی ڕەواندنی خێڵە عارەبەكان و دەركردنیان بوو لە ناوچەی دووبز. ئەمانە لە **١٩٦٣**دا بۆ ئەوە هێنرابوون، مۆركی بێگەردی كوردانەی ناوچەكە بگۆڕن و دانیشتوانی لە كوردەوە بكەن بەعارەب. ئەو عارەبانەی هێنرابوون تاخمی شێخ حەواس صەدید و چڵكاوخۆرەكانی ئەو بوون كە ناویان لێ نابوون سوارەی خالیدی كوڕی وەلید

لەگەڵ جاشەیلی عارەبی تر. حکوومەت نیزیکەی ٣٠ گوندی کوردانی لە دەوروبەری دووبز چۆڵ کردبوو و دانیشتووە کوردەکانی دەرکردبوو و ئەو عارەبانەی لەجێی ئەوان نیشتەجێ کردبوو.

تاهیر یەحیا گفتەکەی خۆی بەچۆڵکردنی ناوچەکە لەو عارەبانە و لابردنیان لەوێ هێنایەدی و، دێهاتییە کوردەکان گەڕانەوە بۆ گوندە زەوت کراوەکانیان، دۆخەکەش هەر بەم جۆرە مایەوە تا شالاوە گەورەکەی بەعارەبکردن لە ١٩٧٤دا دەستی پێ کرد. ئەم جارە پرسەکە لە سنووری ئەو ٣٠ گوندەدا نەمایەوە و ناوچەگەلێکی زۆری کوردستانی گرتەوە. من بەمتمانە و باوەڕەوە دەیڵێم: تاهیر یەحیا لە تاخمی سەختگیرەکان نەبوو، چیی لە دەسەڵاتدابوو کردی بۆ ئەوەی ئاشتی ڕاگرێ و نەهێڵێ بەچەک بەرەوڕووی یەک ببینەوە، نیازی خراپ نەبوو و کینەیەکی بەرانبەر گەلی کورد لە دڵدا ڕانەگرتبوو.

لە ٧ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا وەفدێکی حکوومەتی هات بۆ لای شۆڕش[٢] بۆ ئەوەی ئەوە ڕوون بکاتەوە کە حکوومەت نیازی نییە چەک لە جاش و بەتایبەتی لە جاشی شەست و شەش داماڵێ. تاهیر یەحیاش بەنهێنی نامەیەکی بۆ بارزانی نارد ئەوەی تێدا باس کردبوو کە ئەفسەرەکانی سوپا بەتوندی دژی چەکداماڵینی (جاشن و سەرکۆماریش لەژێر تاوی ئەواندایە و، بیانووی هێنابووەوە کەوا نەیتوانی ئەو گفتە جێبەجێ بکات کە لەم بارەیەوە دابوویێ، چونکە پرسەکە بەتەواوی لە دەستی ئەو دەرچووە.

کە ئەو وەفدە گەیشت و پرسەکەی بەو جۆرە ڕوون کردەوە، بارزانیش بەم ڕستەیە وەڵامی دایەوە:

> «مادەم سیاسەتی حکوومەت ئەمەبێ، ئێمەیش ناچارین چی بەرژەوەندیمانی تێدابێ، ئەوە بکەین».

## بارزانی ڕوو دەکاتە سلێمانی بۆ لێدانی جاشەکانی شەست و شەش

بەگەیشتنی نامەکەی تاهیر یەحیا کە ئاماژەمان بۆ کرد، بارزانی بڕیاری دا هەرچی هێزی پێشمەرگە هەیە هەمووی خڕ بکاتەوە و بەسەرکردایەتیی خۆی بیانبا بۆ ناوچەی سلێمانی بۆ لێدانی جاشگەلی شەست و شەش. پاش هاتنی وەفدەکەی حکوومەت کە باسمان کرد، پرسی مانەوەی ئەو جاشانە بەچەکەوە، بووبوو بەشتێکی ڕووداو و ڕاست و،

(٢) وەفدەکە لە عەقید عەبدولهادی ڕاوی و فەتاح سەعید شاڵی و عەقید کەمال مستەفا عەلەمدار و عەبدولمونعیم مەسرەف پێک هاتبوو.

پێویستی بەچارەسەر هەبوو.

ڕۆژی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧ بارزانی فەرمانێکی بۆ هێزەکانی دەشتی هەولێر و سەفین و کاوە دەرکرد کە هەریەکێکیان نیوەی یەکەکانی خۆی بەرەو سلێمانی بخاتە ڕێ، خۆشی لە ١٠ی تشرینی یەکەمدا بەسەرکردایەتیی هەموو هێزی هەڵگورد و هەزار جەنگاوەری هێزی باڵەک کەوتەڕێ. نەخشەکە بەو جۆرە بوو کە دەست بکرێ بەهێرشێکی خەست و بەربڵاو بۆ سەر بەکرەجۆ کە مەڵبەندی گشتیی جاشان و کوورەی کۆمەڵەکانی بوو و، بەندیخانەکەشیان کە ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی شۆڕش و پێشمەرگە و ئەندامانی پارتییان تێ ئاخنیبوو هەر لەوێ بوو. ئەم بەندیخانەیە لەناو خەڵکدا ناوی بەوە دەرکردبوو کە بەندییەکانی چ سزایەکی جەستەیی و دەروونییان دەدرێ و چ تاوانگەلێکیان دەرهەق دەکرێ. لەناو بەندییەکانی ئەو بەندیخانەدا ناوی ڕەسووڵ مامەند و محەممەد ڕەحیم دەهێنم. هەروەها هەواڵی شەهیدبوونی دەیان لەو بەندییانەشمان لەژێر ئازار و سزادا بەدەستی خوونکارەکانیان بەرگوێ کەوتبوو.

بەگەیشتنی بارزانی بۆ بەکرەجۆ، حکوومەت تێ گەیشت پرسەکە چەندە پڕمەترسییە، دڵەکوتە کەوتە ناو ئەوانەوە کە لە خۆیان دەترسان. حکوومەت دەستبەجێ لە ٢٠ی تشرینی یەکەمدا وەفدێکی بەسەرۆکایەتیی عەبدولکەریم فەرحانی وەزیری کشتوکاڵ بەباڵەفڕی هیلیۆکۆپتەر نارد بۆ لای بارزانی[٣].

فەرحان پیاوێکی ئارام و سەنگین بوو، قسەی باش دەزانی، بەناوی سەرکۆمارەوە قسەی دەکرد. بەزمانی ئەوەوە داوای لە بارزانی کرد هێرشەکەی بۆ سەر بەکرەجۆ چەند ڕۆژێ دوابخا تا حکوومەت ئەوان لەو بنکەیە دەگوێزێتەوە و، گفتێکیشی لەم بارەوە بەزمانی ئەو کەسەوەدا کە ناردبووی. یەکێک لەو قسانەی کردی ئەوەبوو کە بەو پێیەی خۆی وەزیری کشتوکاڵە پێویستی بەکێڵگەی بەکرەجۆیە بۆ ئەوەی هەندێ تاقیکردنەوەی ڕواندنی تێدا جێبەجێ بکات، بارزانیش ڕەزامەندیی خۆی بۆ دواخستنی هێرشەکەی پێشان دا.

عەبدولکەریم فەرحان لە کتێبەکەیدا (دروێنەی شۆڕش) دان بەوە دا دەنێت کە ژمارەیەک لە ئەفسەرە گەورەکان لە سوپا دژی ڕێککەوتن و چارەی ئاشتیخوازانە بوون.

(٣) وەفدەکە بەئەندامەتیی شامیل سامەڕایی وەزیری ناوخۆ و فەتاح سەعید شالی وەزیری کاروباری باکور و عەبدولمونعیم مەسرەف پارێزگاری هەولێر بوو و، کەسانێکی تریشی لەگەڵدا بوو.

ئەمە ڕاستە و وایە. هەندێ لەو ئەفسەرانە لە ڕووی مایەکییەوە سوودیان لە بەردەوامیی شەڕ دەبینی، چونکە قازانجیان لێ دەماشییەوە. هەندێکیان بەهۆی شەڕەوە دەوڵەمەند بووبوون، جا یان لە ڕێی دەرماڵەی تایبەتی و زیادەی مانگانەوە کە دەیاندرایێ یان لە ڕێی مۆری ساختەی جاشی واوە کە بۆ خۆیان نەبوون، بەڵام بەڕێککەوتن لەگەڵ سەرۆک جاشەکاندا ناوی خەیاڵییان ساز کردبوو و پارەیان بەناوەوە وەردەگرتن و مووچەکانیان لەناو خۆیاندا دابەش دەکرد.

ئەو هەلە لە دەستی شۆڕش دەرچوو. ئەوەش فێڵێکی تر بوو لە فێڵەکانی ڕێژیم. ڕێژیم هێزێکی زۆری نارد بۆ سلێمانی لە لیوایەکی زرێپۆش و دوو لیوای پیادە پێک هاتبوو. ئەم هێزە سەنگەربەندیی خۆی لە سلێمانی کرد. سەرکردەی فیرقەی پێنج، محەمەد نووری خەلیلیش کە بەوە ناسرابوو لە ئەفسەرە دڵ پڕ لە کینەکانە بەرانبەر بە گەلی کورد، هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆی خستە کار بۆ داکۆکی لە جاش شەست و شەشەکان.

بەو جۆرە جارێکی تریش فڕوفێڵی حکوومەت بەسەر شۆڕشدا تێ پەڕی و، بەو فڕوفێڵە جاشەگەلی ٦٦ ساغ و سەلیم دەرچوون. ئەگەر پاش گەیشتنی ئەو هێزە پشتگرەش پێشمەرگە هێرشەکەی خۆی بکردایە زیانێکی زۆری گیانیمان لێ دەکەوت کە پێویستمان بەو زیان لێ کەوتنە نەبوو.

بەڵام ئەو پاڵەپەستۆیەی کە بەکرەجۆ و هێزە حکوومییە پشتیوانەکانی دووچاری هاتن، تا ڕادەیەکی زۆر زیانی کەم کردنەوە و، چالاکییەکانی سنووردار کردن و، تا ڕادەیەکی گەورەش دەسدرێژیی ئەوانی بۆ سەر خەڵکی ناوچەکە و لایەنگران کورت کردەوە. ئیتر بڕیاری دواخستنی هێرشەکە بۆ کاتێکی گونجاو درا.

## خافڵکوژیی کادیرانی پارتی لە هەولێر

لە ماوەی مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧دا جاش شەست و شەشەکان ژمارەیەک لە کادیرەکانی پارتییان لە هەولێر خافڵکوژ کرد، هەردوو برا عەزیز حەمکۆ و عەلی حەمکۆی چایەچی و، سەید عەبدوڵڵا و ئیقبال هوورەماری لەوانە بوون. چەندین کەسی تریش بریندار کران. شۆڕش بڕارەیەکی تری لەپێش دەمدا نەما ئەوە نەبێ کە ئەویش ئاوەها لەبارت ئەواندا بجوولێتەوە. لەناو شاری هەولێر چەندین مەفرەزەی تەیار کرد بۆ شوونهەڵگرتن و سزادانی بەپاکتاوکردنی ئەوەندە کەسە لە جاشە پیاوکوژەکانی ئەوان کە

ئەوان لە پێشمەرگە دەکوژن. بۆ نموونە مەفرەزەیەکی ناوخۆ لە ١٢ی کانوونی یەکەمدا بڕیاری لەناوبردنی ئەحمەد ڕەشوانی و حەمە سووریان بەجێ هێنا کە لە کادیرە کاریگەرەکانی شەست و شەشییەکان بوون. لە ١٣ی کانوونی یەکەمیشدا مەفرەزەیەکی جاش شەست و شەشەکان چوون بۆ کەرکووک و خۆیان بۆ نوێنەری شۆڕش و ئەفسەری پێوەندیی شۆڕش لەگەڵ کاربەدەستانی کەرکووک شەفیق ئەحمەد ئاغا داگرت کە حکوومەت بەرپرس بوو لە پارێزگاری لێ کردنی و، لە ئوتێلێک لە ئوتێلەکانی کەرکووک دادەنیشت. کە عەلی عەسکەری هات بۆ کەرکووک حکوومەت خۆی و داروودەستەکەی کە لەگەڵی بوون بردنی بۆ هەمان ئوتێل کە شەفیق ئاغا لەوێ بوو و، ئاگەداریشی کرد کەوا نوێنەری شۆڕشیش هەر لەو ئوتێلە دابەزیوە. ئیتر ئەویش -واتە عەلی عەسکەری- خۆی و پارێزگارەکانی خۆیان لە شەفیق ئاغا و پاسەوانەکانی داگرت و تەقەیان لێ کردن و سێ کەسیان لێ کوشتن. کە ئەوە ڕووی دا شۆڕشیش شەفیق ئاغای لە کەرکووک کێشایەوە و کەسیشی لە جێی ئەو نەناردەوە بۆ کەرکووک.

جا بۆ سەندنەوەی تۆڵەی خوێنی ئەو سێ شەهیدە، مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە شەوی ١٤-١٥ی کانوونی یەکەمدا ئۆتۆمۆبێلێکی جاش شەست و شەشیان دایە بەر گوللە کە یەکێک لە سەرکردەکانیانی تێدابوو ناوی ئەحمەد عەبدوڵڵا بوو، ئەو کوژرا، بەڵام مەلا ماتۆڕ کە لەگەڵی بوو دەرباز بوو و دەربازبوونەکەی شتێکی سەیر بوو. بەم کارە نامەی خۆمان بەحکوومەت و بەجاشە تازەکان گەیاند و، تێمان گەیاندن کەوا دەستی شۆڕش دەتوانێ بگاتە هەر تاوانبار و تێکدەرێک و، ئەوان ئەگەر لەسەر سیاسەتی خافڵکوژی بڕۆن بەنرخێکی گران لەسەریان تەواو دەبێ.

تاهیر یەحیا لە ٣ی کانوونی دووەمی ١٩٦٨دا نامەیەکی بەساڵح یووسفی و شەوکەت ئاکرەییدا بۆ بارزانی نارد تکای لێ کرد ئەم جۆرە کارانە ڕاگرێ و گفتی بەشەرەفی خۆی دا کەوا ڕادەیەک بۆ ئەو کارە خافڵکوژییە دادەنێ کە تاخمی جاشە تازەکان دەیکەن و، ئەگەر لەوەدا سەرنەکەوت دەستی خۆی لەکار دەکێشێتەوە. من زۆر چاک لە یادمە کەوا پاش گەیشتنی ئەم نامەیە کاری خافڵکوژی بەتەواوی ڕاوەستا و، هەروەها حکوومەت بەندیخانەی بەکرەجۆشی داخست کە تاخمی ئیبراهیم ئەحمەد سەرپەرشتییان دەکرد.

هەر لە کانوونی یەکەمی ١٩٦٧دا پێشمەرگەی هێزی دەشتی هەولێر کەمینێکیان لەسەر ڕێگەی هەولێر - کەرکووک بۆ سەرۆک جاش حەمە سابیر دانا کە لە

دوژمنایەتیکردنی شۆڕش و ئازاردانی دڵسۆزاندا بەهاوکاریی گورجوگۆڵ لەگەڵ جاش شەست و شەشەکاندا سنووری بەزاندبوو. ناوبراو لەم کەمینەدا کوژرا و، عەلی دیکتاریۆڤیش کە یەکێک بوو لە قارەمانانی هێزەکە لەم کارەدا شەهید بوو.

## دزێوبوونی بارودۆخ لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٨دا

بارودۆخی نێوان شۆڕش و حکوومەت گەیشتە نێزیکەی ڕادەی لێک دابڕان و، هەردوولا ئامادەبوون بۆ گەڕێکی نوێ. غازی حاجی مەلۆ بەیارمەتیی ڕژێم لە ناوچەی شێخان لە شۆڕش یاخی بوو، ناوبراو بەوە، بارودۆخێکی پڕ مەترسیی لە ناوچەکە لە ڕێگەی گەیشتنی هێزێکی حکوومەتییەوە بۆ ئەو ناوچەیە بەدی هێنا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆشی و هێزە حکوومەتییەکەش ناچار کران ناوچەکە بەجێ بهێڵن و بچنە پاڵ هێزەکانی تری حکوومەت لە دەرەوەی ناوچەکەدا. جاشی کۆن و جاشی نوێ کەوتنە چالاکی نواندن و شەڕفرۆشتن و وردەهێرشی ناوخۆیی بردن و کەمین و داونانەوە و ڕێ گرتن. کە مەسەلە گەیشتە ئەو ڕادەیە بارزانی برووسکەیەکی بۆ سەرکۆمار و سەرۆک وەزیران و سەرۆکی ئەرکانی سوپا لێ دا، داوای لێ کردن ڕادەیەک بۆ ئەم دەستدرێژییانە دانێن. لەو ماوەیەدا ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو، برووسکەیەکی لە وەڵامدا بۆ بارزانی نارد خۆی لە دۆخە ئەسڵییەکە گێل کرد و وتبووی: مەبەست لەم جموجۆڵەی سوپا پاراستنی ئاسایش و پارێزگاریی خەڵکە و هیچ مەبەستێکی تر لە ئارادا نییە، لە دواییشدا جەختی لەسەر پاکیی نیازەکانی حکوومەت کردبووەوە گوایە لە ئاشتی و جێگیربوونی ئاسایش بەولاوە لە هیچ ناگەڕێ.

کاردانەوەی بارزانیش ئەوەبوو فەرمانێکی گشتیی بۆ پێشمەرگە دەرکرد کە وریا و ئاگەداربن و خۆیان بپارێزن و هەر دەستدرێژییەکیان کرایە سەر وەڵامی بدەنەوە. پێشمەرگەش ئەم فەرمانەیان بەوردی جێبەجێ دەکرد و لە دوو ڕێکەوتدا دەرسێکی بەجێی دەستدرێژی کارانیان دا. جارێکیان لە گەڵەزەردە کە چەند سەربازێک کوژران و فەرماندەرەکەیان ملازم حەمید عەماش بەدیل گیرا و، پاشان شێخ نازم عاسی بۆی تێ کەوت و بەرەڵڵاکرا، جارەکەی تریشیان لە دەشتی هەولێر کە تاخمێک لە سوپا و جاش هێرشیان کردە سەر چەند گوندێک بۆ تاڵان و چەپاو و، پێشمەرگەش ڕێیان پێ گرتن و سەربازێک و حەوت جاشیان لێ کوشتن و دووانیان لێ بەدیل گرتن. پاش ئەمە سەرکۆمار و سەرۆک وەزیران نامەیەکیان بەشێخ بابە عەلی و ئیحسان شێرزاددا نارد داوای کەوتنە

کـاریان تێـدا کـردبوو بـۆ گـێـڕانەوەی ئارامی و هێـمنی بـۆ ناوچەکـە، پاش گـەڕانەوەی سەرکۆماریش لە سەردانی فەرەنسا، ئیدریس بنێرن بۆ بەغدا، چونکە سەرکۆمار دەیەوێ بەهۆی ئیدریسەوە هەندێ بابەتی فرەتایبەتی هەن بەباوکمی ڕابگەیەنێ لەبەرئەوەی ناکرێ ئەو بابـەتانە بەهۆی کـەسـێکی ترەوە ڕابگـەیەنرێن، بەڵام ئیـدریس ئەم سەفـەرەی نەکـرد و منیش لەوبارەوە هیـچم لەیاد نییە و هیچ دەسـتهاویژ و بەڵگەیەکیشم لا نییە ڕێگەم بۆ ڕوون بکاتەوە بزانم بۆچی ئیـدریس بیـانووی هێنایەوە و بەدەنگ داواکـەی سـەرکۆمـارەوە نەچوو.

مەبەست لە چوونەکەی سەرکۆمار بۆ پاریس ئەوەبوو لای دیگۆلی سەرکۆماری فەرەنسا هەوڵ بدا فەرەنسا پۆلێک باڵەفڕی میراج بەعێراق بفرۆشێ. میر کامەران بەدرخان کە ڕۆژنامەنووسی فەرەنسەیی، دۆستی گەلی کورد و خاوەنی کتێبی (کوردستان یا نەمان) ڕێنێ مۆریس کە لە دۆستـانی جەنەراڵ دیگۆل بوو خەبەری ئەوەی دابوویێ و ئەویش ئەو هەواڵەی گـەیاند بەبارزانی. بارزانیش دەستبـەجێ، نامەی بۆ سـەرۆکی فەرەنسـا نووسی تکای لێ کـرد داواکەی عـێراق جـێبـەجێ نەکـات. ئیـتـر دیگۆلیش چۆن بارزانی گومـانی چاکـەی پێ بردبوو، وای کرد، بەداواکەی عـێراق قـایل نەبوو و دایە دواوە و ئامـاژەی بۆ ئەوە کرد کە فەرەنسا هەرگیز نابێ بەمایەی زیاتربوونی کڵۆڵیی هاونیشـتمانانی کورد و کـوشـتنی ژن و منداڵیـان لە ڕێگەی ناردنی چەکەوە بۆ عـێـراق کـە دەبێ بەمـایەی ئەو کارەساتە، دەبێ عێراق هەوڵ بدا بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ڕێگەی ئاشتییەوە و چارەی سوپایی بخاتە ئەولاوە. ئیتر ئەو کاتە حکوومەتەکەی ئامادە دەبێ عێراق داوای هەرچەندە باڵەفڕ بکا پێی بفرۆشێ، سـەرکـۆمـاریش بەسـەرنەکـەوتوویی گـەڕایەوە. دیگۆلیش لە ڕێکەوتێکدا، لووتی دەبێ بەلووتی ڕێنێ مۆریسی ڕۆژنامەنووسەوە، پێی دەڵێ:

«دیت چۆن تکای دۆستەکەتم بەجێ هێنا (مەبەستی لە بارزانی بوو) و ڕێگەم نەدا مامەڵەی میراجەکە سەربگرێ؟»

## کوژرانی شێخ حەنەشی سەرۆک فورسان

لە ١٣ی نیسانی ١٩٦٨دا شێخ حەنەش و چەند کەسێ لە پیاوەکانی لە دەشتی هەولێر کوژران. ڕاستییەکەی لە بەرنامەی شۆڕشدا نەبوو نە ئەم شێخە و نە هیچ یەکێکی تر لە شێخە چڵکاوخۆرە عارەبەکان بکوژرێن، بەڵام لە ئەنجامی ئەو فەرمانە گشتییانەوە کە لە بارەگـای سـەرکـردایەتیی پێـشـمـەرگـەوە دەردەچوون کـە بەتوندی بەرپەرچی هەمـوو

دەستدرێژییەک بدرێتەوە، ئەم ڕووداوە ڕووی دا و ئەم شێخە کوژرا. پیاوەکانی ژێر دەستی ئەم شێخە دەستدرێژییان دەکردە سەر گوندە کوردەکان و تالآن و چەپاویان دەکردن و، ئەم شێخە خۆشی لە یەکێک لەو دەستدرێژی و هێرش بردنە سەر ئەو گوندانەدا کوژرا. پێشمەرگە بەپێی ئەو فەرمانانەی بۆیان دەرچووبوون بەریان لێ گرتن، ئەم کارە بەشێک بوو لەو دۆخە خراپبوو و تێکچووە و، کوشتنی شێخیش تەنیا ڕێکەوتێک بوو ئەوی تێدا پێوە بوو، لەگەڵ ئەمەشدا ئاخێوەرێک بەناوی وەزارەتی بەرگرییەوە بەیانێکی بڵاوکردەوە هێرشێکی سەختی بۆ سەر پێشمەرگە تێدا بردبوو، لەگەڵ هەڕەشە و گوڕەشە و چاوزیت کردنەوە بەم بۆنەوە. بەکردەوەش هەر لە هەمان ڕۆژدا لیوای سێ هێرشی بردە سەر شوێنەکانی پێشمەرگەی دەشتی هەولێر. شایەنی وتنە بەر لە کوژرانی شێخ حەنەش بەچەند ڕۆژێک لە پێنجی ئاداردا سەرۆک جاشێکی کوردیش بەناوی حەوێز مام یەحیا کە پێشمەرگە بەسەرکردایەتیی عەریف عوسمان یووسف و دوکتۆر خالید سەعید کەمینێکیان لە نێزیکی کۆیە بۆ نابووەوە، پێوەبوو و کوژرا، کەچی ڕێژیم نە هیچی لەبارەوە وت و نە هیچ باسێکی ڕووداوەکەشی کرد وەک باسی ڕووداوەکەی شێخ حەنەشی کرد و کردی بەهەرا، هەرچەند ئەم سەرۆک جاشە کوردە زۆر لایەنگری ڕێژیم بوو و ناوی بەدڵڕەق و بێ بەزەیی دەرچووبوو و سەرچاوەی ئێش و ئازاربوو بۆ پێشمەرگە.

لە ١٥ی نیسانی ١٩٦٨دا شەڕ لە دەشتی هەولێر گەرم بوو، سەرکردایەتیی شۆڕش چەند تۆپێکی ئەندازە ١٠٦ملمی دژەتانکی دەست کەوتبوو و دووانی لێ دابوون بەهێزی دەشتی هەولێر، لەگەڵ تاخمە تۆپچییەک کە مەشقێکی باشیان لەسەر ئەو تۆپانە کردبوو. دیارە حکوومەت بەمەی نەدەزانی، دەمەوئێوارەی ئەو ڕۆژە برووسکەیەک لە فارس باوەی فەرماندەری هێزی دەشتی هەولێرەوە هات باسی ئەو کارەی تێدا دەکرد کە ئەم چەکە کردییە سەر ورەی پێشمەرگە و، ئەو لووت لە زەوی درانەی تووشی هێزەکانی حکوومەت هات کە دییان دووان لە تانکەکانیان پێکران و بەگوللەی ئەو دوو تۆپە تێک شکێنران.

گەمارۆی فەوجێکی تەواو درا، بارانی بەخوڕیش ڕێگەی لە هۆیەکانی هاتوچۆی سوپا گرت و چەندین لۆری لە قوڕ چەقین. لە ١٨ی نیسانیشدا سوپا شکستی تووش بوو و بەهەڵەداوان لە دەشتی هەولێر کشایەوە و ٦٠ کوژراوی لە مەیدانی شەڕدا بەجێ هێشت و ٨٤ یشی لێ بریندار کران، زیانی پێشمەرگەش دوو شەهید و سێ برینداربوو.

## عەزیز شەریف نامەکانی بارزانی دەگەیەنێ

مامۆستا عەزیز شەریف پاش کودێتای شوبات پەنای هێنابوو بۆ ناوچەی شۆڕش و مێوانێکی ڕێز لێگیراوی بارزانی بوو. کە هەوری سیای شەڕ دیسانەوە بەئاسمانی کوردستانەوە کۆبووەوە، بارزانی بەعەزیز شەریفی وت چەند نامەیەکی ئەو ببات بۆ هەندێ لە سەرۆکانی دەوڵەتە عارەبەکان.

مامۆستا عەزیز شەریف لە ٤ی تەمووزی ١٩٦٨دا لە حاجی ئۆمەرانەوە بەنیازی سووریا بەڕێ کەوت و لە دیمەشق نامەی نوورەدین ئەتاسیی سەرکۆماری سووریای گەیاند. لە قاهیرەش چاوی بەسەرۆک وەزیران عەلی سەبری کەوت و نامەکەی بۆ عەبدوناسری دایەدەست، بەهەمان ئەرک چوو بۆ جەزائیریش. پاشان لەوێوە چوو بۆ مۆسکۆ و لەوێ لەگەڵ بەرپرسانی سۆڤیەتدا کۆبووەوە و باسی بارودۆخی عێراقی بۆ کردن.

لەو ڕۆژانەدا کودێتای ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ ڕووی دا، کۆمەڵێ پیاوانی نوێ هاتنە گۆڕەپانی سیاسییەوە و بارودۆخێکی نوێ هاتە ڕووی کار. عەزیز شەریفیش لە مۆسکۆوە نامەیەکی بۆ بارزانی نارد، پرسیاری لێ کرد پاش ئەم گۆڕانە ئەو چی بکا، بارزانیش پێی ڕاگەیاند کە لەوێ بمێنێتەوە، چونکە لەوانەیە بۆ دەرەوە پێویست بەو ببێ.

## بەشی دوازدەیەم

# دوو کودێتاکەی ۱۷ و ۳۰ی تەمووز

ئەوکاتە هەمـوو تاوێک چاوەڕوانیی ڕوودانی کـودێتـا دەکـرا، بۆیە کـە ڕووی دا ڕووداوێکی لەپڕ نەبوو. حزبێک لە وڵاتانی عارەبدا نییە ئەوەندەی حزبی بەعس حەزی لە کودێتا سازکردن بێ، چونکە کودێتا تاکە ڕێگەیەکە بەعس بتوانێ پێی بگاتە حوکمڕانی و حوکم لە دەست بگرێ. پیاوانی بەعس لەم کـودێتای دواییـەیاندا کەڵکێکی زۆریان لە تاقیکردنەوەی کـودێتـای شوباتی ۱۹۶۳وەرگرت، ئەوەبوو توانییـان عەبدوڕەزاق نایفی بەڕێوەبەری ئیستیخباراتی سوپا و ئیبراهیم داود و سەعدوون غەیدانی فەرماندەرانی پاسەوانی کۆماری ڕازی بکەن لەگەڵیان بینە هاوپەیمان و پشت لە عەبدوڕەحمان عارف هەڵکەن، کە ئەوەیان بۆ کرا کودێتاکەیان بەئاسانی بۆ کرا.

لە ۱۷ی تەمووزی ۱۹۶۸دا چوونە سەر عەبدوڕەحمان محەمەد عارف کە لە ژووری نووستنەکەیدا نووستبوو و پێیان وت لە ئێستەوە تۆ بەسەرکۆماری نەماوی، خۆت ئامادەکە هەر ئێستە بەرێت دەکەین بۆ دەرەوە. پاسەوانەکانیشی هیچ بەربەرەکانێیەکیان نەکرد. پێش ماوەیەک سەعب حەردان فەرماندەری ئینزیباتی لەشکری لەوە ئاگەدار بووبوو کە پیلانگێڕەکان چییان بۆ سەرکۆمار لەژێر سەردایە، چووبووە لای و پێی وتبوو: «عەبدوڕەزاق نایف و ئیبراهیم داود و سەعدوون غەیدان نیازی لادانی تۆیان هەیە بەکودێتا»، ئەویش هەرسێیانی بانگ کردبوو و لێی پرسیبوون: ئاخۆ ئەوەی بیستوویە، ڕاستە؟ ئەوانیش سوێند و قورئانیان بۆ خواردبوو کەوا درۆیەکی بێ بنج وبناوانە، ئەویش باوەڕی پێ کردبوون و بەڕێی کردبوون». بۆیە سەعب حەردان یەکەمین کەس بوو کە کودێتاچییەکان پاش سەرکەوتنی کودێتاکەیان گرتبوویان.

حەردان عەبدولغەفار تکریتی لە پشت ئەو پەیمانەوە بوو کە بەعس لەگەڵ ئەو سێ کەسەی بەستبوو. دڵی ڕاکێشابوون و گفتی هەر پلە و پایەیەکی دابوونێ کە خۆیان دەیانەوێ و جەختی لەسەر ئەوە بۆ کردبوون کە بەعسییەکان لە سەرکۆمارییەکە بەولاوە هیچی تریان ناوێ کە ئەمەیان بەتایبەتی دەدرێ بەئەحمەد حەسەن تکریتی، عەبدوڕەزاق

نایفیش پایەی سەرۆک وەزیرانی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو. وەزارەتی بەرگریش بۆ ئیبراهیم داود بوو پاش ئەوەی کە لە پلەی عەقیدەوە بەرزکرایەوە بۆ پلەی فەریق و، سەعدوون غەیدانیش پلەی فەرماندەریی پێگەی بەغدای دا بەخۆی لەگەڵ بەرزکردنەوەدا لە پلەی عەقیدەوە بۆ پلەی فەریق و هەمووشیان خرانە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشەوە.

لە ٢٠ی تەمووزدا سەرۆک وەزیرانی نوێ بەنامەیەک کە بەهۆی ساڵح یووسفییەوە ناردی، پێوەندیی بەبارزانییەوە کرد و داوای لێ کرد دوو وەزیری کورد دەستنیشان بکا بۆ ئەوەی بیبانخاتە ناو حکوومەتەکەیەوە[١]، ئەویش ناوی موحسین دزەیی و ئیحسان شێرزادی دا. ئیستیخباراتی شۆڕش زانیاریی لابوو کەوا ئەم پەیمانەی لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا هەیە پەیمانێکی کاتییە و، بەعسییەکان زۆریان پێ ناچێ لە هاوبەشەکانیان هەڵدەگەڕێنەوە. هەروەها زانیاریشمان لابوو کەوا لیوای دەی زرێپۆش کێشراوەتەوە بۆ بەغدا بەبیانووی پاراستنی پایەتەختەوە، لەکاتێکدا کە هێنانە بەغدای ئەم لیوایە بەمەبەستی رێ خۆشکردن بوو بۆ کودێتایەکی نوێ. ئەم زانیارییانەی دەزگای ئیستیخباراتی خۆمان دەستی خستبوون خستمانە بەردەمی سەرکردایەتیی شۆڕش و پێمان وتن لەم چەند ڕۆژە کەمەی دادێن چاوەڕوانی کودێتایەک بن، واش بوو.

بەو جۆرە کە هەمووان دەیزانن کودێتاکە لە ٣٠ی هەمان مانگدا کرا. بەعسییەکان کودێتایەکی نوێیان کرد و عەبدوڕەزاق نایف خرایە باڵەفڕەیەکەوە و ڕەوانە کرا بۆ دەرەوە و، ئیبراهیم داودیش کە لە دەرەوەی عێراق بوو و چووبوو بۆ بەسەرکردنەوەی هێزەکانی عێراق لە ئوردون، لە وەزارەتی بەرگری لابرا و نێردرا بۆ دەرەوە و، هەریەکی

(١) دەقی نامەکە:
بەغدا ٢٠ی تەمووزی ١٩٦٨
برام مەلا مستەفا بارزانیی بەڕێز
سڵاوم هەیە و هیوای تەندروستی و بەختیاریتان بۆ دەخوازم.
کورتەیەکم بەساڵح یوسفی براماندا ڕاگەیاندووە لەبارەی ئەو ڕێگە تازانەی پێڕەویان دەکەین بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی لەبار بۆ ئەو کێشەیەی ئەوە چەند ساڵێکە هەر بەچارەسەرنەکراوی (هەڵواسراوی) ماوەتەوە. بۆیە دڵسۆزانە هیوام وایە گوێ لە دید و بۆچوون بگرن و هاوکاریمان بکەن لە پێناوی وەدیهێنانی یەکەتیی نیشتمانی و ئەوەی کە خێر و خۆشگوزەرانیی بۆ گەلی عێراق تێدایە بەعارەب و کوردەوە. لەگەڵ جوانترین سوپاس و ڕێز و سڵاوم بۆ ئێوە و هەمووبرایان، بەتایبەتیش کاک ئیدریس و مسعود و سوپاستان دەکەم.
دڵسۆز: عەبدوڕەزاق نایف
تێبینی: وێنەی نامەکە لە پاشبەندی ژمارە (٢٩)دایە لە بەشی پاشبەندەکاندا.

باڵیۆزخانەیەکیان پێ سپێردرا، بەڵام سەعدوون غەیدان لەبەرئەوەی لەگەڵ بەعسییەکاندا ڕێک کەوتبوو هێڵرایەوە.

پاش کودێتا، بەعسییەکان وەزارەتێکی نوێیان پێک هێنا، زیاد لەو دوو کوردەی کە لە وەزارەتدا بوون تەها محێدین مەعرووفیشیان خستەپاڵ بەو پێیە کە یەکێکە لە بەرپرسانی سەرکردایەتیی جاش شەست و شەشەکان. سەرکردایەتیی شۆڕش نارەزاییی خۆی لە بوونی تەها لە وەزارەتدا پێشان دا و حکوومەتی کرد بەسەرپشک لە یەکێ لەم دوو بژاردەدا: یان دوو وەزیرەکەی ئەم لە وەزارەت بکشێنەوە یا حکوومەت واز لە هێنانی ئەو وەزیرە بۆ ناو وەزارەت بهێنێ، واتە وەزیرەکانی شۆڕش بێننەوە و حکوومەت ئەو لابدا، بەڵام حکوومەتی نوێ ئەوەی پێ باش بوو ئەو بهێڵێتەوە. کە مەسەلەکە وای لێ هات نوێنەرەکانی شۆڕش لە وەزارەت کشانەوە. لەوانەیە مەبەستی بەعس لەمە ئەوەبووبێ پاداشی چاکەی تاخمەکەی ئیبراهیم ئەحمەد بداتەوە بەرانبەر بەهەڵوێستیان لە شەڕ ڕاگرتنەکەی شوباتی ١٩٦٤ لەگەڵ عەبدوسەلامدا.

تا ساڵی ١٩٦٨ گەیشتە ئاخروئۆخری، هیچ شەڕێک لە نێوان هێزەکانی شۆڕش و هێزەکانی حکوومەتدا ڕووی نەدا، بەڵام پێکداهەڵپژان لەنێوان پێشمەرگە و جاش شەست و شەشەکاندا توندوتیژتر دەبوو. بەڵێ جاروباریش هەندێ شەڕی لاوەکی لە نێوان سوپا و هێزەکانی شۆڕشدا دەقەوما. لە یەکەمین ڕۆژەکانی کودێتادا و بەتایبەتی پاش ٣٠ی تەمووز بەعسییەکان دەیانویست سیمایەکی نوێ بکەن بەبەری حوکمڕانییەکەیاندا تا بەجۆرێ دەرکەوێ جیا بێ لەوەی لە ١٩٦٣دا پێیەوە هات بۆ حوکمڕانی. دانی بەهەڵەکانی حوکمڕانیی پێشووی نا، هەروەها ویستیشی خۆی لە حزبی شیوعی نێزیک کاتەوە، ئەندامە بەندییەکانی حزبی لە زیندانەکان کردە دەرەوە. ئەم خۆ نێزیک کردنەوەیەی بەعس لە شیوعییەکان، لاکردنەوەیەکی لەوانیشەوە بەلای بەعسدا بەدەمەوە بوو، تا ڕادەیەک وای لێ کردن لە ساڵی ١٩٧٢دا ڕیزەکانی شۆڕش بەجێ بهێڵن و بدەنە پاڵ بەعسییەکان و هێزی تایبەت بەخۆیان پێکەوە بنێن. ڕێژیمی نوێ لە جاران زیاتر پشتی بەجاشەکانی ٦٦ دەبەست و ئەوانیش پێوەندیی خۆیان بەرێژیمەوە پتەوتر کرد و ئەم و ئەو لە بەرەیەکدا کۆبوونەوە و ڕێژیم دەستی کرد بەلەناوبردنی نەیارەکانی. پاشانیش هێرشێکی دڕندانەی بردە سەر کوردستان و، لە ناوەوەی عێراقیشدا تیرۆرێکی داخست کارەساتەکانی ١٩٦٣یانی دەهێنایەوە یادی خەڵک. سەرلەنوێ دەرگەکانی (قصر النهاية)ی کردەوە و کەسایەتییەکانی وڵاتی لە گەورەوە تا بچووک و هەر کەسێ گومانی

نەیاریی لێ دەکرد هەمووی دەستگیر کرد و ئاخنینیە (قصر النهایة)وە. سەرۆکی پیاوکوژەکانی ڕێژیم نازم گزاری بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی بۆ خۆی سەرپەرشتیی سزادانی گیراوەکانی دەکرد. ئەمە گشتی جگە لە تووشکردنی کەسایەتییە گەورەکان بۆ زەلیل کردنیان لە باری دەروونییەوە و بەکارهێنانی نامەردانەترین کردەوە لەگەڵیاندا بۆ شکاندنی کەرامەتیان.

ئەوانەی بەختیان یاربوو و بەزیندوویی لەم مەینەتە دەربازبوون کە زۆر کەمیشن، لەبارەی ئەم بەسەرهاتە تۆقێنەرەی خۆیانەوە نووسیویانە کە عەبدولکەریم فەرحان و ئەحمەد حەبووبی دووان لەوانن. تاهیر یەحیا و عەبدوڕەحمان بەزاز و عەبدولعەزیز عوقەیلی و عەبدولئیلا نەسراوی و ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری و دوکتۆر کازم شوبەر و لیوا ڕوکن شاکر مەحموود شوکری و لیوا ڕوکن کەمال مستەفا عەلەمدار و لیوا ڕوکن زەکی حوسێن حیلمی و دوکتۆر عەبدولکەریم هانی وەزیری ئەشغال و قاسم مفتی باڵیۆزی عێراق لە کوێت و چەندین کەسانی تر و هیی تر، لەوانەبوون دیوارەکانی (قصر النهایة) گرتبوونیانە خۆیان.

## داستانێکی تر لە قەرەداغ

ڕێژیمی بەعس مەیدانی بۆ جاش شەست و شەشەکان بەرەڵڵا کرد بکەونە شەڕفرۆشتن و تێکدەریی زیاتر لە کوردستاندا بەجۆرێ گەلێ لەوەی تێ پەڕاند کە ڕێژیمی کۆن مەیدانی بۆ بەرەڵڵاکردبوون. ئەمانە لە ماوەیەکی زووەوە خەویان بەوەوە دەدی کە دەست بەسەر قەرەداغدا بگرن، بەڵام دیسان وەک جاری جاران گەلێ هەوڵ و تەقەلایان لەم بوارەدا مایەپووچ دەرچوو. وا ئێستە هەست دەکەن پشتیان بەهێزە و توانایان هەیە، هاتن لەگەڵ ڕێژیمی نوێدا پلانیان دانا بۆ داگیرکردنی، بەتایبەتیش کە یارمەتیی دووان لە فەرماندەرانی بەتالیۆنەکانی قەرەداغیان بۆ خۆیان دابین کردبوو کە جەعفەر بەرزنجی و کامیل مەلا وەیسی بوون. ئەم دووانە ئەو ناوچەیەیان کە بەتالیۆنەکانی خۆیانیان تێدابوو بەنامەردی و دەس پیسی دا بەدەست جاش شەست و شەشەکانەوە.

لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨دا هێزەکانی خەبات و ڕزگاری و دەشتی هەولێر خرانە ڕێ بۆ بەهێزترکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە قەرەداغ، ئەم هێزانە هێرشێکی بەربلاویان دەست پێ کرد کە شەش ڕۆژ، واتە تا ١٨ی مانگی خایاند. لەم ماوەیەدا هەموو ناوچەکەیان لە جاش شەست و شەشەکان خاوێن کردەوە و زیانێکی گەورەیان پێ گەیاندن

کـه بەشـێکی ئەوەبوو ٧٠ کـەسـیـان لـێ کـوشتن و ١٢٠ کـەسـیـان لـێ بەدیل گـرتن و پرژوبڵاوەکـانیـان هەڵاتـن لایان نەکـردە دواوە تا گـەیشـتـنە کـەرکـووک و پەنایان بردە مۆڵگەکانی حکوومەت. لێرەدا بەپێویستی سەرشانی دەزانم شانازی بەرۆڵی گرینگی عەلی سنجاری بکەم، شان بەشانی رۆڵی فەرماندەرە لەشکرییەکان[٢].

لە سـاڵی ١٩٧٠دا کە وەفـدەکەی حکوومـەت هات بۆ گـەلاڵە بۆ گفـتوگـۆ، بەرێوەبەری بزاوتگەل عەمید روکن محەمەد عەلی سەعیدیشیان لەگەڵ بوو کە باسی ئەو بزاوتگەلەی قەرەداغی کرد و وتی: «گفتیان دابووینێ (مەبەستی لە جاش شەست و شەشەکانە) ئەوان ناوچەکە خاوێن کەنەوە و دەسەڵاتی تەواوی بەسەردابگرن، بەتایبەتی پاش ئەوەی جەعفەر بەرزنجی و کامیل مەلا وەیسی دایانە پاڵیان و، جەختیشیان لەسەر ئەوە دەکرد ئەمە تەنیا سەرەتایە. بەڵام ئێمە، پاش ئەوەی پێشمەرگە هێرشە ڕامالەکەیان کرد و ئەوانیش هەڵاتن بۆ کەرکووک، فەوجێک سەربازمان نارد بۆ یارمەتیدانیان و گێرانەوەیان بۆ مەیدانی شەڕ و ڕێ لێ گرتنیان نەوەک بێنە ناو شارەوە، بەڵام نەمانتوانی و بەگوێیان نەکردین».

لەم شەڕەدا خۆفرۆش کامیل مەلاوەیسی کوژرا و لاشەکەی کەوتە دەست پێشمەرگە. ئەم شـەڕە دەرسێکی پڕ واتا بوو بۆ ڕژێمیش و بۆ جاشـەکانیش، ئیـتـر لەوەپاش جارێکی تر کـارێکی لەو جۆرەیان نـەکردەوە، بارزانیـش برووسکەیەکی پیـرۆزباییی بەم بۆنەوە نارد بۆ پێشمەرگە[٣].

(٢) بۆ درێژەی بابەتەکە، سەیری نامەکەی ئیدریس بارزانی دەکرێ لە پاشبەندی ژمارە (٣٠) لە بەشی پاشبەندەکاندا.

(٣) دەقی برووسکەکە:

بۆ هێزی قەرەداغ: دووبارە بۆ مەکتەبی تەنفیزی و هەموو هێزەکان و هەموو بارەگاکان.

لە بارزانی مستەفاوە:

سوپاستـان دەکەین و پیرۆزبایی لە ئێوە و هەمـوو برا پێشـمـەرگە قـارەمانەکان دەکـەین لەسـەر ئەو سـەرکـەوتنانەی بە ئـازایەتیی خـۆتان و بەلەخـۆبـووردنتـان لە پێناوی پرسی بەدادی گـەلەکـەمـاندا وەدەسـتـتـان هێناون. شـانازی بەقـارەمـانەتی و دڵسـۆزیـتـانەوە دەکـەین. مـێـژوو هەرگـیـز خـوێنی شەهیدەکانمان لەیاد ناکات. دڵنیابن، براینە بەویست و یارمەتیی خوا سەرکەوتنی دوواجار بۆ ئێمە دەبێت.

بارزانی
١٩٦٨/١٠/١٨

## پێشنیازی نەخشەیەک بۆ دەست بەسەرداگرتنی سپیلک و ڕەواندز

ئێرانی و ئیسرائیلییەکان پێشنیازێکی بەرزەفڕیان خستە بەردەممان بۆ داگیرکردنی هەردوو ناوچەی سپیلک و ڕەواندز و گفتی هەموو یارمەتییەکیان داینێ کە هێنانەدیی ئەم ئامانجە پێویستی بکات، لەوانە چەکی پێشکەوتووی دژەئاسمانی، تۆپخانەی چیاییی ئەندازە فرە، هەرچیمان پێویست بێ لە چەک و جبەخانە. بەم پێیە لە ٢١ی ئابی ١٩٦٨دا ئەفسەرێکی ئیسرائیلی هاتە لامان گوایە ناوی داڤیدی بوو لەگەڵ ئەفسەرێکی ئێرانی بەناوی سەرهەنگ پەهلەوان، موقەدەم عەزیز ئاکرەییش نوێنەری شۆڕش بوو بۆ هاوکاری و هاودەنگی لەگەڵیان. پاش چەند کۆبوونەوەیەک و کۆڵینەوە لە شوێنەکە لە شوێنی خۆیدا و تێگەیشتنی نیازی هەردوولا (ئیسرائیل و ئێران) لەم پێشنیاز و یارمەتیدانە، بۆمان دەرکەوت ئەم دوو لایەنە دەیانەوێ بمانخەنە گەرداوی بەشدارکردنمان لە سیاسەتی ئەو دوو وڵاتە کە دەیانەوێ نامەیەکی ئاگەدارکردنەوە بەرەوڕووی عێراق بکەنەوە کەوا ئەگەر شەڕ بەئیسرائیل و ئێران بفرۆشێ چ مەترسییەکی تێدا دەبێ بۆی و چ ئەنجامێکی لێ دەوەشێتەوە، نەخوازەڵا پاش هاتنەڕووی کاری ڕژێمی نوێ لە عێراقدا، هەروەها بۆ ڕەچاوگرتنی بەرپابوونی هاوپەیمانییەک یا یەکەتییەک لە نێوان عێراق و سووریا و میسردا کە ئەو هاوپەیمانییە یا ئەو یەکەتییە کارێکی دوژمنانەی پێکەوە لە دژی ئێران و ئیسرائیلدا بکات.

لە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتیدا بەسەرۆکایەتیی بارزانی، باوکم وای بەباش زانی واز لە جێبەجێ کردنی ئەم کردەوەگەلە بهێنین، چونکە زیانێکی زۆری دەبێ بۆ گیانی پێشمەرگە، سەرەڕای زیانی سیاسیش، لەبەرئەوە هەر کە زستان هاتەپێشەوە باڵەفڕ هەڵدەستن بێ ئەوەی هیچ هەبێ ڕێیان لێ بگرێ هەرچی کون و قوژبنی کوردستانە هەمووی بۆمباران دەکەن و مەحاڵیشە پارێزگارییەکی ئاسمانیی وامان بۆ دابین بکرێ بەشمان بکا. ئیتر ئەم نەخشەیە پشت گوێ خرا و دوو ئەفسەرەکە لە کوێوە هاتبوون گەڕانەوە بۆ ئەوێ. ئیسرائیل پتر لە ئێران دڵەکوتەی لەبارەی ئەوەوە پێ کەوتبوو کە ڕژێمی نوێ نیازی جێبەجێ کردنی هەیە.

لەئاخر و ئۆخری ١٩٦٨دا هەردوو لا دیسان هاتنەوە و پێشنیازە پێشووەکەیان پێشان دایەوە. دەشیانزانی بەعسییەکان نەخشەیەکی ڕەشیان بۆ پاکتاوکردنی پرسی کورد لە ڕێگەی بەرپاکردنی قەسابخانەیەکی گشتییەوە لە کوردستاندا ئامادە کردووە، بەڵام

بارزانی هەر سووربوو لەسەر هەڵوێستە پێشووەکەی کە ڕەتکردنەوەی ئەو پێشنیازە بوو و دەیوت: سەرکەوتنێکی کاتیی وا لە مامەڵەیەکی واوە دەستگیر ببێ بۆ ماوەیەکی کورت، ئەو زیانە ناهێنێ کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لێی پەیدا دەبێ.

## کۆچی دواییی شێخ ئەحمەد

کۆچی دواییی شێخی بارزان هەلێکی گەورەی بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانە ڕەخساند، بەڵام ڕێژیمی بەعس ئەو هەلەی لە کیسی خۆی دا. کە هەواڵی نەخۆشیی (گەورەمان) گەیشتە بارزانی، لە ٥ی کانوونی دووەمی ١٩٦٩دا فەرمانی دامێ گورج بڕۆم بۆ بارزان و بزانم مەترسیی نەخۆشییەکەی چۆنە. پاش ڕێکردنێکی بەردەوامی شەو و ڕۆژ و بەپێ، بۆ ڕۆژی دوایی گەیشتمە ئەوێ، هەرکە دیم ترسێکی زۆرم لەبارەیەوە لێ نیشت. برووسکەیەکم بۆ باوکم لێ دا تیایدا باسی خراپی باری تەندروستیی گەورەمانم بۆ کرد و بۆم نووسی: ژیانی کەوتووەتە دەست خوا.

باوکم وەڵامی دایەوە: بیخەنە سەر بگوێزەوە (نقالة)یەک و بەسەرشان بیهێنن بۆ گەڵاڵە تا بینێرین بۆ دەرەوە، بەڵام ئەوە لە توانادا نەبوو، پێش من دوکتۆر حیکمەت بۆ سەرپەرشتیکردنی گەیشتبووە بارزان. دوکتۆر حیکمەت کە بەر لەمن بەمەبەستی چاودێریکردن گەیشتبووە بارزان پێی وتم: دەبێ لە نێزیکترین کاتدا بگەیەنرێتە نەخۆشخانە، چونکە دەزگا و ئامێری پزیشکی هەر لەوێ هەیە، هەردوو گورچیلەی لەکار کەوتوون و ئێستە ژیانی لە مەترسیدایە. بارزانی ڕێگەی داین داوای هیلیۆکۆپتەرێک لە ڕێژیم بکەین پێی بگوێزینەوە بۆ بەغدا. بەڕێوەبەری ناحیەی بارزان برووسکەیەکی لێ دا بۆ سەرچاوە بەرپرسەکان، بۆ سبەینێ هیلیۆکۆپتەرێک هات و ئەم دوکتۆرانەی هێنابوو: دوکتۆر ڕافید سوبحی، دوکتۆر مەهدی مورتەزا، دوکتۆر شەوکەت دەهان. دوای پشکنین بڕیاریان دا دەستبەجێ ببرێ بۆ بەغدا. ڕۆژی ٩ی کانوونی دووەم بردیان بۆ بەغدا و لە نەخۆشخانەی ئیبن سینا نواندیان. سەعات ٤ی پێش بەرەبەیانی ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٩، گەورەمان کە محەمەد خالیدی کوڕی و سەلیم یووسف لای بوون،ماڵاوایی لەم دنیایە کرد. شێخ لە وڵاتێکی دوور لە زێد و ماوای خۆیدا مرد، لە وڵاتێکدا کە نە قسەمان تیایدا دەڕۆیی و نە دەمانزانی چی بکەین، بەڵام ئەو مەردایەتییەی وەزیری بەرگری فەریق حەردان عەبدولغەفار پێشانی دا، قەت ناکرێ لەبیر بچێتەوە. فەرمانی دا هیلیۆکۆپتەرێک ئامادە بکرێ و نوێنەرێکی خۆشی نارد بۆ کردنی هەرچی پێویست بێ

بکرێ بۆ گـواسـتنەوەی تەرمـەکـە بۆ بارزان. ئەو کـارە دەست پێـشـخـەرییـەکی جـوان و نیشانەی مەردایەتی و لاکردنەوەیەکی باش بوو کە لەوانەبوو بکێشێتەوە بۆ ئاشتی، بەڵام ڕێژیم کەڵکی لەو ڕێکەوتە وەرنەگرت. بارزانیش نامەیەکی سوپاسی بەناوی خۆیەوە نارد و فـەرمـانی بەسـاڵح یووسفـیش دا بڕوا بەناوی ئەوەوە سـوپاسێکی تایبەتی پێشکێشی سەرکۆمار و حەردان عەبدولغەفار بکات.

زۆری نەبرد ڕێژیم ڕووی ڕاسـتەقـینەی خۆی هەڵمـاڵی، ئەوەبوو فـەرمـانی گرتنی ساڵح یووسفیی دەرکرد، بەڵام ساڵح توانیی لە دوا پشـوودا خۆی دەرباز بکات. فـەرمانی گرتنی ساڵح یووسفیش بەشێک بوو لە نـەخشـەیەکی گشـتی بۆ گرتنی هەر کەس گومـانی ئەوەی لی بکرێ پێوەندییـەکی بەشـۆڕشـەوە هەبێ. بەم جۆرە دەرگەی لێک گـەیشـتن و گـفـتوگـۆ داخرا.

## لێدانی نەوتی کەرکووک بابەگوڕگوڕ

مـاوەیەک بوو سەرکردایەتیی شـۆڕش لەبەر هەندێ هۆی دیار و ئاشکرا بیـری لە لێدانی دامەزراوەکانی نەوت دەکردەوە. سامانی نەوت گەلێ لا سوودیان لێ وەردەگرت تەنیا کورد نەبێ. مەکینەی شەڕ لە دژی گەلی کورد بەپارەی ئەم نەوتە دەخرایە گەڕ و بەشی کورد لە نەوتەکەی تەنیا ئەو بۆمبایانە بوو کە دەیانماڵی پیایدا.

پێشـتـر، پـتـر لە جارێک لە لوولەکـانی نەوت گـواستنەوە درابوو، بەڵام نە حکوومـەتی عێراق و نە کۆمپانیای نەوت BP بەوە ناڕەحەت نە دەبوون و، دڵەکوتەیان پێ نەدەکەوت. سەرکردایەتیی شۆڕشیش بڕیاری لێدانی مەڵبەندی کۆمپانیای نەوتی نەدا پاش ئەوە نەبێ کە لەوە نائومێد بوو بتوانێ لەگەڵ حکوومەتدا بگاتە لێک تێگەیشـتن، ئەو کاتە دەست کرا بەمەشق پێکردن بەنیازی جێبەجێکردنی نەخشەی لێدانەکە.

ئەرکی سەرکردایەتی کردنی ئەم کردەوەگەلە بەمحەمەد مەحموود عەبدوڕەحمان (سامی) سپێردرا. فاخیر مێرگەسۆری و فارس باوە و حەمەسوور حوسێن و عیزەدین قەرە مـحەمەد و عەریف دەروێش و، کادیری حزبایەتی قادر جەبارییش یارمەتیی بدەن.

پاش لێکۆڵـینەوەیەکی بەربڵاو نەخشـەیەکی تەواو دانرا و دەرکەوت کە دەبێ نـیشـانەی سەرەکی (کارگەی تەرکیز) بێ کە نەوت لە هەموو چاڵە نەوتەکانەوە کۆ دەکرێتەوە دوای تێپـەڕینی بە ئێسگەکانی گاز لێ جوێکردنەوە. ئەم کارگەیە هەمیـشە کار دەکات. ئەمە سەرەڕای کۆمەڵگەی بەربڵاو و هەراوی کۆگەکانی نەوت کە دراوسێی کارگەی تەرکیزە و لەوێوە نەوتەکە ئامادە دەبێ بۆ پاڵدان.

تۆپی هاوەنی ١٢٠ و تۆپی بێ گەڕانەوەی (عديمة الإرتداد) ١٠٦ دەستنیشان کران بۆ لێدانی کۆمپانیا، بەڵام زیاتر پشت بەتۆپی ١٠٦ بەسترا، چونکە گولله تۆپەکانی سووتێنەکن و دەشسمن.

کۆمەڵێک لە لاوانی (سەربازە نەناسراوەکانی) هێزی هەڵگورد چوونە خولێکی تایبەتیی ئەو چەکانەوە کە بۆ ئەو کارە تەرخان کرابوون. بەر لە دەستکردن بەجێبەجێکردنی کارەکە کێومالێکی مەیدانی لەسەر زەویدا کرا. سامی و فاخیر لە گەلاڵەوە ڕۆیشتن و لە دەشتی هەولێریش فارس باوەی فەرماندەری هێزی دەشتی هەولێر و حەمەسوور حوسێنی فەرماندەری بەتالیۆنی شوان-ی دراوسێی دامەزراوەکانی نەوت چوونە پاڵیان، کاری هەواڵزانییەکە لە ئاخری کانوونی دووەمی ١٩٦٩دا بەسەرکەوتوویی تەواو بوو.

پازدەی شوباتی ١٩٦٩ دوایین قۆناغی مەشقکردن بوو، باری زیاتر لە ١٠٠ هێستر تۆپ و جبەخانەی جۆربەجۆر بەڕێگەی شاخاویی سەختدا گوێزرایەوە بۆ دەشتی هەولێر.

دەزگای ئیستیخبارات (پاراستن) بەفرەکردنی زانیاریی ورد لە بارەی دابەشبوونی پارچەکانی سوپا و جۆری ئەو پارێزگارییەوە کە حکوومەت بۆ کۆمپانیای نەوتی ڕەخساندووە، لەگەڵ پێداگەڕانێکی ورد و نەخشەی چاک کێشراوی شوێنەکانی ئەو دامەزراوانە، یارمەتیی داین.

لەگەڵ تەواوکردنی خۆئامادەکردندا بۆ دەست پێکردنی کردەوەگەلەکە لە ٢٥ی شوباتی ١٩٦٩دا و بۆ داپۆشین و شاردنەوەی، دەزگای ئیستیخباراتی شۆڕش، بەشێوەی تایبەتیی خۆی، هەواڵێکی بڵاوکردەوە کەوا گوایە هێزەکانی شۆڕش بەدەستیانەوەیە کردەوەگەلێکی بەربڵاو لە دەشتی هەولێردا بکەن. مەبەست لەمە ئەوەبوو سەرنجی حکوومەت ڕاکێشرێ بۆ ئەو بەرەیە و زۆرترین پارچەی سوپای حکوومەت لە ناوچەی هەولێردا کۆبکرێتەوە، بۆ نموونە فەوجێک لە ڕێدار هەبوو سەرچاوەیەکی سەرەکیی دڵەکوتەبوو بۆ پێشمەرگە و، دەیتوانی کردەوەگەلەکە بەهیچ دەرکا. بەم واتەواتە ئەو فەوجە گوێزرایەوە بۆ دەشتی هەولێر و، بەم جۆرە ڕێگەی هێرشەکە ترسی لەسەر نەما(٤).

(٤) بەڕێز عەبدولجەبار بەڕێوەبەری ئاسایشی ئەو کاتەی هەولێر لەو برا عارەبانە بوو هاوکارییان لەگەڵ دەکردین. مۆرسێکی تایبەتیی هەبوو وای لە سەرۆکەکانی خۆی گەیاندبوو کەوا توانیویە بەهەوڵی وەکیلەکانی دەستی کەوێ گوایە ئەوە ئەو مۆرسەیە شۆڕش بەکاری دەهێنێ. ئێمە بەم جۆرە، هەر کاتێ بمانویستایە زانیاریی نادروست بخەینە مێشکی حکوومەتەوە بەو مۆرسە بڵاومان دەکردەوە.

شەوی ١-٢ی ئاداری ١٩٦٩ هێزەکانی پێشمەرگە گەیشتنە ئەو جێیانەی بۆیان دیاری و دەستنیشان کرابوون لە نەخشەکەدا، کارەکان بەوردی و ڕێکوپێکی کران و بەشی زۆریان لە جێی خۆیاندا جێگیربوون. سەعات نۆی شەو تۆپەکان دەستیان کرد بەلێدانی دامەزراوەکانی کۆمپانیا و، لێدان دوو سەعات درێژەی کێشا و بلێسەی گەورەی ئاگر لە کارگەی تەرکیزەوە گەیشتە کەشکەلانی فەلەک، داکۆکیکەرانی کۆمپانیا شڵەژانێکی گەورەیان تێ کەوت و هەموو سەرسام بوون. لە سەرەتادا لایان وابوو دامەزراوەکانی کۆمپانیا بوون بەنیشانەی بۆمبارانێکی ئاسمانی، پاشان تێ گەیشتن کەوا لە زەوییەوە لێیان دەدرێ. پاش ئەوەی کردەوەگەلەکە تەواوبوو حکوومەت هەندێ باڵەفڕی نارد، بەڵام نەیانتوانی هێرش هاوردووەکان بدۆزنەوە.

سەعات ١١ برووسکەیەک لە محەمەد مەحموود (سامی)یەوە هات وای دەگەیاند کردەوەگەلەکە بەسەرکەوتووییەکی تەواو تەواو بووە، ئیشارەتی کردەوەگەلەکە وشەی (ڕووبار) بوو.

ئەوە یەکەمین جار بوو کردەوەگەلێکی وا بوێرانە بکەین. ئامانج لەم کردەوەگەلە ئەوەبوو کارێکی واتایی بکەینە سەر ورەی ڕێژیم زیاتر لەوە کە زیانی مایەکیی پێ بگەیەنین. نامەیەکی ئاشکرامان نارد بۆ ڕێژیم کەوا شۆڕشی کورد دەتوانێ دەستی خۆی بگەیەنێتە گەورەترین سەرچاوەیەکی ئابووریی ژیواریی پشت پێ بەستراو.

ئەم کردەوەگەلەی کردمان تا ماوەیەکی درێژ کەرەستەیەک بوو بەدەست ڕاگەیاندنی بیانییەوە، لێی دەدوان و لەسەریان دەنووسی، پاڵی بەهەندێ لایەنی دەرەوە نا چاو بەهەڵوێستی سیاسیی خۆیاندا لە ئاست ڕێژیم و لە شۆڕشەکەی ئێمەش بگێڕنەوە. هاوئاوازی و هاوکاری و هاودەنگی باڵی خۆیان بەسەر ئەو هێزانەدا کێشابوو کە ئەم کردەوەگەلەیان جێبەجێ کرد، بۆیە وا بەسەرکەوتووییەکی تەواو بڕایەوە. ئێمە چاوەڕوان بووین حکوومەت لە تۆڵەی ئەم کارەدا شتێکی زل بکا وەک ئەوەی باڵەفڕەکانی بنێرێ بۆ بۆردمان کردنمان، خۆشمان بۆ ئەمە ئامادەکردبوو بەڵام هیچ شتێک لە ڕێژیمەوە دیاری نەدا.

پاش ڕێککەوتنی ١١ی ئادار لە هەندێ لە بەرپرسەکانی حکوومەتم پرسی: چۆن بوو وا هیچ کاردانەوەیەکتان بەرانبەر ئەو کردەوەگەلەی ئێمە نەبوو، چی ڕێی لێ گرتن شتێ بکەن؟ لە وەڵامدا وتیان: وەڵڵا ترسی ئەوەمان هەبوو دژەباڵەفڕیشتان هەبێ.

پێوەندیان بەکۆمپانیای نەوتی بەریتانیشەوە BP کرد بۆ ئەوەی پێیان بڵێین: ئەوە تەنیا ئاگـەدارکـردنەوەیەک بـوو لەو کـردەوەگـەلە بەربڵاوانەی لەوانەیە لە دوارۆژیشـدا بەدوای ئەمەدا بێن. ئەم نەوتە کە هیی ڕۆڵەکانی نەتەوەی ئێمەیە، ئێستە بۆ گیان کێشانمان و دەربەدەرکردنی خۆمان و ژن و منداڵمان و فەوتاندنی ماڵ و زەویوزارمان بەکار دەهێنرێ. خاوەن ماڵ لە ماڵی خۆی بێ بەشە. لەسەر ئێوەش پێویستە بەڕاستی بیر لەوە بکەنەوە کە مافی خۆمانمان لە دەرامەتی نەوت بگەیەننە دەست.

ناوەندی کـۆمپـانیـای نەوت لە لەندەن ڕۆژنامـەنووسی ناسراو لۆرد کـێلبراکنی ئەندامی ئەنجوومەنی لۆردەکانی بەریتانیای لەگەڵ پیاوێکی تر کە دەیوت ناوم بلاک بێرنە نارد بۆ ئەوەی گفتوگۆیەک لەگەڵ شۆڕشدا بکەن و نەخشە و بەرنامەیەکی پێوەندی بۆ پاشەڕۆژ دانێین. کـۆمپـانیـا ئیـشـارەتێکیشی بۆ ئەوە کـرد کـە لەوانەیە پشـتگیـرییـەکی مـایەکی پێشکێشی شۆڕش بکات بۆ دابینکردنی ئەوە کـە لەمەولا ئەو جۆرە کـردەوەگەلە دووبارە نەکرێتەوە، بەڵام پاشان پەنای بردەوە بەر فڕوفێڵ و شێوەکاری پێچەڵپێچ و مەسەلەکە هیچی لێ نەوەشایەوە.

کـاردانەوەی حکوومـەت ئەوەندە بوو سـەنگەربەندییـەکی زۆر لە ڕادەبەدەری بەدەوری دامەزراوەکانی کۆمپانیـادا کرد و بەتانک گەمارۆی دا و، هێزێکی پیادەی زۆری هێنا بۆ پارێزگاری کردنی.

کردەوەگەلی بابەگوڕگوڕ نامەیەکی زۆر ڕەوان بوو بۆ هەموو لایەنەکان.

# پاشبەندەکان

## ئەو بەڵگەنامانەی لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا ئاماژەیان بۆ کراوە


(٣١) نامەی بەکر بۆ بارزانی ١٩٦٩/١٢/٣١ (وەرگێڕان و وێنە) ٢٧٣

(٣٢) نامەی جەواهیری بۆ بارزانی ١٩٧٠/٣/١٢ (وەرگێڕان و وێنە) ٢٧٥

(٣٣) نامەی بریجنێڤ بۆ بارزانی - ئاداری ١٩٧٠ (وەرگێڕان و وێنە) ٢٧٧

(٣٤) بەیانی هەڵوەشاندنەوەی حزبی شۆڕشگێڕی کوردستان (وەرگێڕان) ٢٧٩

(٣٥) نامەی سەدام بۆ بارزانی (وەرگێڕان و وێنە) ٢٨٣

(٣٦) بڕیاری دادگە لەبارەی هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی (وەرگێڕان و وێنە) ٢٨٦

(٣٧) لەبارەی هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی (وەرگێڕان) ٢٩٠

(٣٨) نامەی بارزانی بۆ بەکر ١٩٧١/١١/٢٦ (وەرگێڕان) ٢٩٥

(٣٩) نامەی حوسێن کوڕی تەلاڵ بۆ بارزانی ١٩٧٢/٣/١٥ (وەرگێڕان و وێنە) ٢٩٨

(٤٠) نامەی جەلال تاڵەبانی ١٩٧٢/٦/٢٢ (دەق و وێنە) ٣٠٠

(٤١) نامەی بارزانی بۆ کۆسیگێن ١٩٧٢/٤/٨ (وەرگێڕان) ٣٠٥

(٤٢) نامەی سکرتێری (حشع) و وەڵامی بارزانی - ١٩٧٣/١٢(وەرگێڕان) ٣٠٩

(٤٣) نووسراوی حزبی شیوعی سۆڤیاتی بۆ بارزانی - تشرینی یەکەمی ١٩٧٣(وەرگێڕان) ٣١٣

(٤٤) لەبارەی دانوستان لەگەڵ ڕژێمدا (کۆتایی١٩٧٣ و سەرەتای ١٩٧٤)(وەرگێڕان و وێنە)٣١٦

(٤٥) نامەی بارزانی بۆ سەدام ١٩٧٤/١/٢٠ (وەرگێڕان و وێنە) ٣٢٧

(٤٦) نامەی بارزانی و وەڵامی سەدام - ئاداری ١٩٧٤(وەرگێڕان) ٣٢٩

(٤٧) هەوڵێکی حکوومەت بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی دانیشتوان (وەرگێڕان) ٣٣٢

(٤٨) بەیاننامەی ئادار و ئەو بەڵگەنامانەی پێوەندییان پێیەوە هەیە (وەرگێڕان) ٣٣٤

(٤٩) ڕاپۆرتێک دەربارەی بارودۆخی سوپای عێراق تا ١٩٧٥/٢/٢٥ (وەرگێڕان) ٤١٨

(٥٠) نامەی کیسینجەر بۆ بارزانی ١٩٧٥/٢/٢٢ (وەرگێڕان و وێنە) ٤٢٩

(٥١) دەقەکانی ڕێککەوتننامەی جەزائیر ١٩٧٥ (وەرگێڕان) ٤٣١

(٥٢) دوو نامەی ئیدریس بارزانی ١٩٧٥/٣/٧ (وەرگێڕان و وێنە) ٤٤٦

(٥٣) نامەی دکتۆر مەحموود بۆ (م.س) ١٩٧٥/٣/٨ (دەق و وێنە) ٤٤٩

(٥٤) دەربارەی گوشارەکانی جەماعەتی (م.س) بۆ سەر حدکا (دەق و وێنە) ٤٥١

(٥٥) چەند نامەیەک لە جەلال تاڵەبانی و فوئاد مەعسوومەوە (دەق و وێنە و وەرگێڕان) ٤٥٩

(٥٦) نووسراوی سەدام حوسێن بۆ پەنابەرەکان لە ئێران ١٩٧٥/٤/٣٠ (وەرگێڕان و وێنە) ٤٩٢

(٥٧) نامەی دکتۆر مەحموود لەبارەی حاڵەتی تەندروستیی بارزانییەوە، ١٩٧٤/٧(دەق و وێنە)٤٩٤

## پاشبەندی ژمارە (٣١)

## نامەی بەکر بۆ بارزانی

کە شاندێکی حکوومەتی لە ١٩٦٩/١٢/٣١ گەیاندبووی

برای بەڕێز مەلا مستەفای بارزان

سلاوێکی برایانە. پاش ئەمە، هیوام وایە تۆ و برایانی تر لە تەندروستی و ڕەحەتیی تەواودا بن لەم بارودۆخە گرانەدا کە نەتەوەی عارەب و گەلانی تێکۆشەری ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی تێدا دەژین، کە زایۆنیی ستەمکار دەستدرێژی دەکات و ئیمپریالیزمی بێزراوی نێودەوڵەتی سەرەمڕ مافی ڕەنجکێشانی گەلەکانمان پێشێل دەکات. دەڵێم: لەم بارودۆخەدا دڵی ملیۆنان لە ڕۆڵەکانی گەلی عێراقمان و گەلانی تێکۆشەری سەرزەوی داویەتە شەقەی باڵ و چاویان بەهیوایەکی گەورەوە بڕیوەتە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی لەنێوانماندایە و، هیوای ئەوەیان بۆ هەیە کە ببێ بەمایەی کۆتایی هاتنی هەموو ئەو ناخۆشییانەی ئەم گەلە تێکۆشەرە مەزنە تووشی بووە. ئێوە، ئەی برا، وەک جەنگاوەرێک کە تاڵیی شەڕی چەشتووە، بێگومان لە تەنگژەی متمانەدا دەژین تا بەتەواوی لە ڕووی هەر گفتوگۆیەکی لەم جۆرەدا بکرێنەوە، ئێمەش لای خۆمانەوە، لەبەر هەمان هۆ لە هەمان تەنگژەدا دەژین، ئەم تەنگژەیەی کە ماوەیەکی دووردرێژە بارودۆخی شەڕی خەڵکان هاڕی ناوخۆیی و شێوەکاری کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم دروستی کردووە و گەشەی پێ داوە، بەلام قسە لەبارەی تەنگژەی متمانەوە پێویستە لە چوارچێوەی گەڕان بەدوای باشترین شێوەی خۆ لێ لادانیدا بخولێتەوە، نەک دەست پێوەگرتنی بۆ ڕووخاندنی هەر پردێک کە بەنیازی چارەسەری ئاشتیخوازانە و دیموکراسییانەی پرسی کورد دروست دەکرێ، تا عارەب و کورد، وەک دوو میللەتی دۆست و برا، لە چوارچێوەی یەک نیشتمان لەژێر سایەیدا بژین و پێکەوە تێ بکۆشن بۆ ماف و ئاواتە دوورەکانیان، بەشان و شکۆ و بەگەشانەوەوە.

لە کۆتاییدا ئاواتەخوازی سەرگرتنی ڕەنج و تەقەللای ئاشتیخوازانەتانم. خوا هەمووومان سەربخات بۆ ئەو شتانەی کە چاکەی گەلی عێراقیان بەعارەب و کورد و، چاکەی گەلانی تری تێکۆشەر و چەوساوەشیان تێدایە.

براتان
ئەحمەد حەسەن بەکر
سەرکۆماری عێراق

الأخ الملا مصطفى البارزاني المحترم

تحية اخوية، وبعد،

ارجو ان تكون وبقية الاخوان في صحة وراحة تامتين
في هذا الظرف العصيب الذي تعيشه الامة العربية والشعوب المناضلة
في بلدان الشرق الاوسط، حيث العدوان الصهيوني الغاشم
والانتهاكات المستمرة لحقوق كادحي شعوبنا من جانب الامبريالية
الدولية البغيضة، اقول في هذا الظرف تهفو بنا قلوب الملايين
من شعبنا العراقي وشعوب الارض المناضلة وتتطلع انظارهم
محملة بأمل كبير عن نتائج المباحثات الدائرة بيننا متمنية لها
ان تكون النهاية لكل الفواجع التي مني بها هذا الشعب المناضل العظيم
انكم ايها الأخ مع شعبكم تعيشون ازمة ثقة في الانفتاح كثيراً
امام اوجه محادثات من هذا النوع كأي مقاتل ذاق مرارة القتال،
ونحن من جانبنا نعيش نفس الازمة وللاسباب ذاتها ... هذه
الازمة التي خلقتها ونمتها ظروف الحرب الداخلية الطاحنة منذ فترة طويلة
واساليب الرجعية والاستعمار، ولكن الحديث عن ازمة الثقة
يجب ان يبقى في اطار البحث عن ايجاد افضل السبل لتجاوزها لا
التوسل بها لنسف كل جهد يفيد باتجاه الحلول السلمية الديمقراطية
للقضية الكردية. لن يعيش العرب والاكراد كقوميتين متحابتين
متآخيتين يؤطرهما وطن واحد ويستظلان بظله ويناضلان سوية
من اجل حقوقهما وطموحهما البعيدين في عز وازدهار.
وفي الختام ارجو لجهودكم السلمية السداد ووفقنا الله جميعاً
لما فيه خير الشعب العراقي بعربه واكراده وبقية الشعوب المناضلة المضطهدة.

اخوكم

احمد حسن البكر
رئيس الجمهورية العراقية

## پاشبەندی ژمارە (٣٢)

## نامەی جەواهیری بۆ بارزانی لە ١٩٧٠/٣/١٢دا

بەغدا ١٩٧٠/٣/١٢

محەمەد مەهدی جەواهیری

گەورەی خەباتکار سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مەلا مستەفا بارزانیی پڕ شان و شکۆ.

سلاوی بێگەردی خۆمت پێشکێش ئەکەم و پیرۆزباییی لەناخی دڵەوە لەم ڕۆژە مێژووییەدا، ڕۆژی چارەسەرکردنی پرسی کورد کە بوو بەتاجی سەری خۆڕاگریتان لەپێناوی هێنانەدیی ئاواتەکانی گەلی مەزنی کورد و لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی مرازە پیرۆزەکانیدا بەبەسەرچوونی چەندین سەدە لە خەباتی سەخت و ژانی قورس و قوربانیدانی فرە بەهەرچی کە گەلێکی ڕیشەداکوتاوی خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە قارەمانی و لێشاوکردوو لە ئازایەتی، هەیبێ.

ئەی گەورەی خەباتکار و، سەرکردەی ئەزموونديتە تۆ لە ئیمان و باوەڕتدا بەبەدادیی مەسەلەکەت، لەخۆ بۆ ئامادەکردنیدا، لە سووربوون لەسەریدا، لە دانانی ئەم سوورییەتدا لە ئاسمانی سووڕاوی شەونخوونی کێشان و، تیژکردنیدا لەسەر سەنگی مەحەکی قوربانی بۆ داندا و لە گێژاوی مەینەتی بوردەباریی تاڵدا، لە لووتکەی شەوکەتی لێکردنەوەی میوەی شیرینی سەبرکردندا، تۆ لە هەموو ئەمانەدا بەڕاستی لەناو سەرکردە تاقانەکاندا تاقانەی.

مێژوو، ئەی گەورەی پێشەوا، هەمیشە، بەڕەوانبێژترین زمان و، بەڕاستترین دەربڕین و، بەو هێزەی لێیەوە دەگێڕدرێتەوە و، نە ماستاو ساردکردنەوە و نە ساختەکاری دەزانێت، ئەم مێژووە تا بمێنێت، بەدرێژاییی مێژوو و پێوەندی بەمەسەلەکانی گەلانی خۆڕاگرتووەوە، بەشان و شکۆ و قارەمانەتییەکانی ئەو گەلانەوە و، پاشانیش بەچارەنووسیانەوە و، بەسەرکەوتنیانەوە بۆ چڵەپۆپەکانی بەرزی و پشت ئەستووری، هەر لە تۆ دەدوێت و قسەت لێوە دەکات.

ئەمانە، ئەی بەڕاستی پێشەوا! چەند دێڕێکن لە چەند وشەیەکدا، ئەو دێڕانە لەڕاستیدا، چەند پشتێکی پەستێنراون پێویستیان بەپتر لە کتێبێک هەیە بۆ لێکدانەوەیان و بۆ درێژەپێدان لەبارەی ناواخنەکەیانەوە. تۆ بۆ خۆت، بەبلیمەتییە تاقانەکەت، بەدرەوشاوەییە پڕ تیشکەکەت، باشترین کەسێکی بزانێت ئەو دێڕانە بەسەر چیدا دادراونەتەوە و چییان لە دووتوێدایە و، چ ناواخنێکیان هەیە و، چ واتایەک دەیگەیەنن. خوا بەردەوامت بکات وەک هێمایەکی گەشاوە کە بەرپێی ئەوانە ڕوون بکاتەوە بەرەو ئازادی کەوتوونەتە ڕێ و، ڕێگەی خەبات و خۆڕاگری و سەرکەوتنیان گرتووەتەبەر. دەسا، گەورەیی بفەرموو، جارەها و بارەها، هەستی هاتووە کوڵ و، سۆزی لێشاو کردوو و پیرۆزباییی قووڵ و، خۆشەویستیی قووڵم لێ قبووڵ بفەرموو، گەورەم!

دڵسۆزتان

محەمەد مەهدی جەواهیری

بغداد ١٢-٣-١٩٧٠
محمد مهدي الجواهري

السيد المناضل رئيس الحزب الديمقراطي الكردستاني الملا مصطفى البارزاني الجليل،

أتقدم إليكم بتحياتي الخالصة، وتهاني الصادقة في هذا اليوم التاريخي، يوم حل القضية الكردية الذي توج جهودكم في سبيل تحقيق أماني الشعب الكردي العظيم، والذي جسد مطامحه الكريمة عبر قرون عديدة من النضال العسير، والمعاناة الشاقة، والتضحيات العديدة بكل ما يملكه شعب عريق ذو تاريخ حافل بالبطولات، زاخر بالخلود.

أيها السيد المناضل، والقائد المحنك، الذي قدر له بين القادة الأفذاذ، من أمثالك بعدالة قضيته، وفي التوصية لها، ومن التصميم عليها، ومن وضع لهذا التصميم في فلكه الدائر الساهر وشجعه على محك البلاء، ومن عزة من محنة الصبر المر، ومن الذروة من عزة قطف ثمار الصبر الحلوة،

إن التاريخ، أيها السيد الزعيم، سيظل متحدثاً عنك بأبلغ لسان، وأصدق تعبير، وبفقرة مأثورة عنه لا تعرف المحاباة، ولا التزييف، ما ظل متحدثاً - هذا التاريخ - عن مدى ارتباطه بقضايا الشعوب الصادرة، وأمانيها، وبطولاتها، وأخيراً فعن مصائرها، ومصادرها إلى ذرى الرفعة والمنعة

هذه - أيها الزعيم حقاً - سطور، وكلمات هي في الحقيقة متون مضغوطة بحاجة إلى أكثر من سفر واحد لشرحها والإفاضة في مضامينها

وأنت بالذات بعبقريتك الفذة، والحكيمة الوضاءة خير من يعرف ما تنطوي عليه، وما ترمز به، وما تنعم به من مضامين، ومعاني

أدامك الله رمزاً وهاجاً ينير طريق السائرين على دروب الحرية، والناهضين سائلاً التقدم، والصمود، والظفر،

ومرات ومرات تقبل نفحات أحاسيسي الجياشة، وعواطفي الفياضة، وتهاني الصريحة، وحبي العميق سيدي

المخلص
محمد مهدي الجواهري

## پاشبەندی ژمارە (٣٣)

## نامەی بریجنێڤ بۆ بارزانی بەبۆنەی ڕێککەوتننامەی ئادار

دۆستی ئازیز مستەفا بارزانی

بەپێـخۆشـبـوونێکی قـووڵەوە ئـیـمـزاکـردنی ڕێککەوتنی چارەسـەری کـێـشـەی کـوردمـان بەشـێـوەی چارەسەرییەکی ئاشتییانە، زانی. بەبۆنەی ئەم دەسکەوتە گرینگەی کە سنوورێک بۆ جەنگی درێژی نێوان برایان دادەنێت و، دەبێتـە هۆی چەسپـاندنی یەکـەتیی نیـشـتـمانی و دۆسـتـایەتی لە نێوان نەتەوەکـانی عێراق، بێگەردترین پیرۆزباییتان پێشکێش دەکەم. بڕوامان وایە کە دانپیانان و چەسپاندنی ئاشتی و متمانە لە عێراق ڕێی ئەوە بەکورد دەدات کە بەمافە دیموکراتییە نیشتمانییەکانی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا شاد بێت و ئاسۆی لەباری بۆ دەکاتەوە بۆ کارکردنی بنیاتنەرانەی ئاشتییانە بۆ کورد و عارەب و خۆشگوزەرانیـیـان. بێگومـان ڕێککەوتن لەسـەر چارەسـەرکـردنی کـێـشـەی کـورد زەبرێکی پشـتـشـکێن بەئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی دەگەیەنێت کە هەوڵ و تەقەلا دەدەن پوازێک لە نێوان هەردوو گەلی برادا داکوتن. هیـوای خۆمـان دەردەبڕین بەوەی کـاتێک ئێـوە گـیـانێکی نیـشـتـمـانپـەروەرانەی هۆشیـار و هەست بەبەرپرسایەتی کردنی نیشـتـمانیـتـان لە ماوەی وتوویژ لەگەڵ حکوومەتدا پیشـان دا، ئێوە بێگومـان لە داوڕۆژدا یارمـەتیی بەرفـرەوانکردنی هاوکـاریی نێـوان هەمـوو هێـزە دیموکـراتەکـانی دژ بەئیـمـپـریالیـزم لە کۆماری عێراقدا دەدەن لە پێناوی پەرەپێدانی بەردەوام لە ڕێگەی سەربەخۆیی نیشتمانی و دیموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا.

سکرتێری گشتیی کۆمیتەی ناوەندیی
حزبی شیوعیی سۆڤیەت
لیۆنید بریجنێڤ

وێنەی نامەی بریجنێڤ بۆ بارزانی

ДОРОГОЙ ДРУГ МУСТАФА БАРЗАНИ !

С БОЛЬШИМ УДОВЛЕТВОРЕНИЕМ МЫ УЗНАЛИ О ПОДПИСАНИИ СОГЛАШЕНИЯ О МИРНОМ УРЕГУЛИРОВАНИИ КУРДСКОЙ ПРОБЛЕМЫ.

СЕРДЕЧНО ПОЗДРАВЛЯЕМ С ЭТИМ ВАЖНЫМ ДОСТИЖЕНИЕМ, КОТОРОЕ КЛАДЕТ КОНЕЦ ЗАТЯЖНОЙ БРАТОУБИЙСТВЕННОЙ ВОЙНЕ, ВЕДЕТ К УКРЕПЛЕНИЮ НАЦИОНАЛЬНОГО ЕДИНСТВА И ДРУЖБЫ МЕЖДУ НАРОДАМИ ИРАКА.

МЫ ВЕРИМ, ЧТО УСТАНОВЛЕНИЕ МИРА И СПОКОЙСТВИЯ В ИРАКЕ ПОЗВОЛИТ КУРДАМ ОБЕСПЕЧИТЬ ДЕМОКРАТИЧЕСКИЕ НАЦИОНАЛЬНЫЕ ПРАВА В РАМКАХ ИРАКСКОЙ РЕСПУБЛИКИ, ОТКРОЕТ БЛАГОПРИЯТНЫЕ ПЕРСПЕКТИВЫ ДЛЯ МИРНОГО СОЗИДАТЕЛЬНОГО ТРУДА КУРДСКОГО И АРАБСКОГО НАРОДОВ И ПОВЫШЕНИЯ ИХ БЛАГОСОСТОЯНИЯ.

СОГЛАШЕНИЕ ОБ УРЕГУЛИРОВАНИИ КУРДСКОЙ ПРОБЛЕМЫ, НЕСОМНЕННО, НАНОСИТ СЕРЬЕЗНЫЙ УДАР ПО ПЛАНАМ ИМПЕРИАЛИЗМА И РЕАКЦИИ, НАПРАВЛЕННЫМ НА ТО, ЧТОБЫ СЕЯТЬ РОЗНЬ МЕЖДУ ДВУМЯ БРАТСКИМИ НАРОДАМИ.

ВЫРАЖАЕМ НАДЕЖДУ, ЧТО, ПРОЯВИВ ПРИ ПЕРЕГОВОРАХ С ПРАВИТЕЛЬСТВОМ ВЫСОКИЙ ДУХ ПАТРИОТИЗМА И СОЗНАНИЕ НАЦИОНАЛЬНОЙ ОТВЕТСТВЕННОСТИ, ВЫ БУДЕТЕ И ВПРЕДЬ СПОСОБСТВОВАТЬ РАСШИРЕНИЮ СОТРУДНИЧЕСТВА ВСЕХ АНТИИМПЕРИАЛИСТИЧЕСКИХ И ПРОГРЕССИВНЫХ СИЛ ИРАКСКОЙ РЕСПУБЛИКИ В ЦЕЛЯХ ЕЕ ДАЛЬНЕЙШЕГО РАЗВИТИЯ ПО ПУТИ НАЦИОНАЛЬНОЙ НЕЗАВИСИМОСТИ, ДЕМОКРАТИИ И СОЦИАЛЬНОГО ПРОГРЕССА.

Л Е О Н И Д Б Р Е Ж Н Е В

ГЕНЕРАЛЬНЫЙ СЕКРЕТАРЬ ЦК КПСС

## پاشبەندی ژمارە (٣٤)

## بەیاننامەی هەڵوەشاندنەوەی حزبی شۆڕشگێڕی کوردستان

هەڤاڵان، ئەندامان و پاڵێوراوان و لایەنگرانی حزبی شۆڕشگێڕی کوردستان

هاووڵاتیانی خۆشەویست

شاراوە نییە کە بەیاننامەی مێژوویی ئادار بارودۆخێکی تازەی لە وڵاتدا هێناوەتە کایە، دان پیانانیش بەئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و سەرکردایەتیی پارتی و بارزانی، بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی گواستەوە قۆناخێکی نوێ. ئەمەش وای کرد گۆڕانکارییە ڕیشەییەکانی پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکان و لایەنەکانی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد ئەوپەڕی گرنگییان هەبێ، گرێدانی کۆنگرەی حەوتەمی حزبیشمان لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٠دا، بەشێوەیەکی گشتی بۆ لێکۆڵینەوە بوو لەو بارودۆخ و پەرەسەندنانە و، بەتایبەتییش بۆ دیاریکردنی پێوەندیمان بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە. کۆنگرە پرەنسیپی چوونە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانی قەبووڵ کرد وەک ڕێگەیەک بۆ زاڵبوون بەسەر گیانی جیاخوازی و گرتنی هەموو کون و کەلەبەرێکی ریزەکانی گەلی کوردمان و پتەوکردنی یەکەتیی بزووتنەوەی نیشتمانی ڕزگاریخوازیی کورد، کە بەردی بناخەی بەدیهێنانی یەکەتیی هێزە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازەکانە لە ڕێگەی تێکۆشانیاندا لەپێناو تەواوی ماف و ئازادییە دیموکراسییەکانی گەلی عێراق و مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و، هەروەها دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و زایۆنیزم و پرۆژە دوژمنکارییەکانیان.

کۆنگرە بریاری دا شاندێک ڕەوانەی بارەگای بەڕێز بارزانی بکات، تا بریارەکانی کۆنگرەی پێ رابگەیەنێ، شاندەکە لەگەڵ سەرکردەکانیی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە سەروشیانەوە بارزانی کۆبووەوە، کە بەبریارەکانی حزبمان خۆشحاڵ بوون و لەگەڵ ئەندامانی شاندەکەدا تاوتوێی تۆژینەوەی ئەو هەنگاوانەیان کرد کە پێویستە بگیرێنە بەر بۆ پێکهێنانی یەکەتییەکی پتەوی حزبی و، لێژنەیەکی باڵا لە نوێنەرانی هەردوو حزب بەسەرپەرشتیی بارزانی پێک هات، بۆ ئەوەی دەست بەجێبەجێ کردنی ئەو ڕێوشوێنانە بکەن کە لەسەری ڕێک کەوتوون و دەستەبەری یەکگرتنی هەردوو حزبن بەباشترین شێوە. لێژنەی ناوبراو بەگوێرەی ئەوەی داوای لێ کرابوو، ئەرکەکانی خۆی بەجێ گەیاند و تەواوی دەستە و ڕێکخراوەکانی هەردوو حزبی یەک خست. لەبەرئەوەی هیچ شتێکی وا نەماوەتەوە پێویست بەمانەوەی قەوارەی سەربەخۆی حزبی شۆڕشگێڕی کوردستان بکات، بریارماندا تەواوی ڕێکخراوەکانی ئەو حزبە هەڵوەشێنینەوە و بچینە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتیی تێکۆشەر مستەفا بارزانی.

ئەمەو لە کاتێکدا ئەم مژدەیە بەڕۆڵەکانی گەلی کوردمان ڕادەگەیەنین، داواش لە تەواوی دڵسۆزانی

گەلەکەمان دەکەین، دڵسۆزانە کار بکەن تا بەری ئەو یەکەتییە پێ بگات، کە بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو یەکێک لە ئاواتە خۆشەویستەکانی گەلەکەمان بووە، بەمەش کۆتایی بەشەڕی نێوخۆ و ناکۆکییەکان دێ و، سەردەمێکی نوێی خەباتی هاوبەش و یەکگرتووانە دەست پێ دەکات لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەمان و جێبەجێ کردنی بەیاننامەی ١١ی ئادار و پاراستنی ئاسایش و هێمنی لە کوردستاندا و بەرگری کردن لە کۆماری عێراق و، پارتی دیموکراتی کوردستانیش، وەک پارتێکی پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد و بزووتنەوەی نیشتمانیی ڕزگاریخواز لە ناوچەکەدا و بنکەیەکی بەهێز بۆ بەدیهێنانی یەکەتیی نێوان هێزە دیموکرات و شۆڕشگێڕەکانی وڵات بۆ خەباتکردن لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە دیموکراتییەکانی گەلی عێراق و مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و بەشداربوون لە تێکۆشانی گەلانی عارەب دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و پرۆژە دوژمنکارییەکانیان، بتوانێ ئەو ئەرکانە بەجێ بگەیەنێ کە خراونەتە سەر شانی، هەروەها داوا لە ئەندامانی پارتیمان پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتیی تێکۆشەر مستەفا بارزانی دەکەین، خەبات بکەن لەپێناوی ئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و زیاتر ئەو یەکەتییە پتەوتر بکرێ، چونکە دەستەبەری تەواوی سەرکەوتنەکانمانە.

حزبی شۆڕشگێڕی کوردستان

## هەندێک پوختەی ئەو نرخاندنەی ڕۆژنامەی (التآخي) بڵاوی کردەوە

## سەبارەت بە بەیاننامەی هەڵوەشاندنەوەی حزبی شۆڕشگێڕی کوردستان لە کاتی خۆیدا

«ئەو سەرکەوتنە مێژووییەی گەلەکەمان لە یازدەی ئادار وەدەستی هێنا و داننان بەمافە سروشتییەکانی لە حوکمی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا، سەرکەوتنێکی مێژوویی بوو بۆ سەرجەم گەلی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستانمان و حزبی بەعسی سۆشیالیستی عارەب و هەموو هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان و، پتەو و بەهێزکردنی یەکەتیی نیشتمانیی گەلی عێراق و برایەتیی چەسپاوی نێوان هەردوو نەتەوەی سەرەکی عارەب و کورد و کەمە نەتەوەییە براکانیش».

«بێگومان یەکێک لە پێویستییە بنەڕەتییەکان بۆ پارێزگاری کردنی ئەم دەسکەوتە گەورەیە و دەستەبەری جێبەجێ کردن و پەرەپێدانی لە یەکخستنی هەوڵ و تەقەلای هەموو کوردە دڵسۆزەکان بۆ گەل و نیشتمانەکەیان و ئاراستەکردنی هەر وزە و توانایەکی هەیانە بۆ داکۆکیکردن لەو دەسکەوتە و کردنی بەڕاستییەکی واقیعییانە، لە دەربازگەی ئەم تێگەیشتنە بابەتییەوە بۆ واقیعی گەلی کوردمان، سەرۆک سیادەتی بارزانی پێش دەرچوون و دوای دەرچوونی بەیاننامە مێژووییەکەی ئادار بانگی هەموو ڕۆڵەکانی گەلی کوردمانی کرد بۆ ئەوەی پەردەیەک بەسەر کارەسات و ناخۆشیی دووبەرەکی و پارچە پارچەبوونی ڕابردوودا بدەن و لاپەڕەیەکی تازەی کارکردنی بنیاتنەری بەردار بکەینەوە و، لە دەوری ئاڵای شەکاوەی پارتی دیموکراتی کوردستانمان بئاڵێین و هاوکاری لەگەڵ حوکمی نیشتمانیدا بکەین بۆ پیادەکردنی مادەکانی بەیاننامەی ناوبراو بەو ئیعتیبارەی ئەوە مەرجێکی پێویستە بۆ پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی ئاوات بۆ خوازراو کە حزبەکەمان زۆر بەجیدی و بایەخەوە کار لە پێناوی پێکهێنان و لەخۆگرتنی هێزە نیشتمانی و نەتەوەیی و دیموکراتەکان لە عێراق، دەکات».

«گەلێک کەس و ڕەگەز و هێزە کوردییە جیاجیاکان بەدەنگ ئەم بانگەوازە دڵسۆزانەوە هاتن لەبەر دەرککردنیان بەو ڕۆڵە سیاسییە گرینگەی پارتی دیموکراتی کوردستانمان بەسەرکردایەتیی بارزانی دەیگێڕێت و ئەمەش بەپێخۆشبوون و خۆشحاڵییەوە لەلایەن جەماوەری گەلی کوردمان و دۆستەکانی لە هەموو جێگەیەک پێشوازیی لێ کرا».

«هەروەها بەشێوەیەکی گشتی جەماوەری کوردستان بانگ دەکەین بۆ گۆڕکردنی ڕابردوو و، چەقبەندی کردن لەسەر برایەتی و هاوکاری و یەکەتیی ڕیزەکان و ڕێگەگرتن لە دووبەرەکیخواز و دوژمنانی گەل، چونکە وەدیهێنانی یەکەتیی نیشتمانی لەسەر ئاستی گەلی کوردمان دەستەبەرییەکی بنەڕەتییە بۆ پێکهێنانی ئەم یەکەتییە لەسەر بناخەیەکی پتەو لە نێوان هەردوو نەتەوەی عارەب و کورد و سەرجەم ڕۆڵەکانی گەل لە هەموو لایەکی کۆماری عێراق. ڕێڕەوە ڕاستەکەی بزاڤی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی

گەلی کوردمان، بێ ئەوەی هیچ گومانێک بهێڵێتەوە، سەلماندی کە پارتی دیموکراتیمان بەسەرکردایەتیی بارزانی، سەرکردایەتییەکی لێهاتوو و شیاوە لە ڕووی واقیعی و مێژووییییەوە بۆ بردنی ئەو تێکۆشانە بەرزە بەرەو کۆتاییییە سەرکەوتووەکەی» .

## تێبینییەکانیان لەسەر ڕەشنووسی بەیاننامەی نرخاندن:

١- گوتیان بەیاننامەکە وا نووسراوە هەر دەڵێی وتارێکە، گوتمان ئێمە وای دەردەکەین لەسەر بنچینەی ئەوەی کە بەیاننامەیەکە لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەرچووە.

٢- گوتیان بەیاننامەکە (سارد و سڕە) و پێشنیازی هەندێ پرسیان کرد بۆ خستنە سەر بەیاننامەکە، کە لەگەڵ ئەمەدا هاوپێچ کراوە -وەک بنەمایەک ڕەزامەندیان پێشان دا، بەڵام پێمان گوتن ئەو زیادەیەیان دووبارە بوونەوە و درێژدادڕیی تێدایە و ئێمە لە چەند دێڕێکدا کورتی دەکەینەوە و پێی ڕازی بوون.

## پاشبەندی ژمارە (٣٥)

## نامەی سەدام بۆ بارزانی لە بارەی هەوڵی تیرۆرکردنی کاک ئیدریسەوە

برای ئازیز باوکی ڕێزداری ئیدریس

سلاوێکی برایانە... هیوام وایە چاک بی.

ڕێکەوت هەر وای دەوێت لەبارەی گیروگرفتێکەوە نەبێت نامەت بۆ نەنووسم. من هیوام وایە هەوڵ و تەقەلامان هەمیشە سەرکەوتوو بێت بۆ هەرچییەک کە چاکەی گەلەکەمان و بەتینکردنی برایەتیمانی تێدا بێت.

برام باوکی ئیدریس... ئۆتۆمۆبێلەکەی ئیدریس شەوی دووشەممە نێزیکەی سەعات یەک تووشی دەستدرێژییەک بوو بەتەقە لێکردنی. لەو ڕووداوەدا حەمید بەرواری پێکرا و ئەوانی تر ڕزگاریان بوو. ئەی برا، مەبەست لەم ڕووداوەدا ئیدریس نەبوو، هەرچەند ویستی خودا ئەوەی لادا کە بوو... مەبەست لەم ڕووداوەدا پێوەندیی ئێمە و ئێوە بوو... مەبەست ئەوە بوو عێراق سەرلەنوێ بگەڕێتەوە بۆ خوێن لەبەر چوون و، ڕۆڵەکانی ئەم گەلە و سەرکردە دڵسۆزەکانی کە بڕیاریان دابوو یەکیەتییەکەی وڵاتەکەیان پتەو بکەن و لەسەر بنەمایەکی نەلەقیوی دامەزرێنن.

لام وابێ ئەو قسەیەت لەبیربێ کە ئەو ڕۆژە پێم وتی کاتێ بەیانەکەمان ئیمزاکرد بەوەی پێویستە گەشبین نەبین و ئیتر لامان وابێ نارەحەتیمان لەگەڵ ئیمزاکردنی بەیانەکەدا بڕایەوە و، پیاوخراپە چڵکاوخۆرەکانی نۆکەری ئیمپریالیزمیش بڕانەوە. ئەو ئیمپریالیزمەی بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا لە عێراق بەرەوڕووی کاری مەزنی بەیانی ئاشتی، بەیانی ١١ی ئادار بووەوە، بێگومان هەناسەی هاتووەتەوە بەبەردا و دەستی کردووە بەنەخشەکێشان بۆ خراپەکردن لەگەڵ پێوەندیی نێوانمان و لەگەڵ ئەم وڵاتە خۆڕاگرە پاڵەوانەدا. ڕووداوی لێدانی ئۆتۆمۆبێلەکە یەکەمین خراپە نەبووە لەئاست پێوەندیی نێوان ئێمە و ئێوە کراوە و هەروەها دواخراپەش نابێت. بەڵام بەهیمەتی ئێوە و بەهیمەتی هەموو دڵسۆزانی ئەم وڵاتە، ئێمە لە بەتینکردنی برایەتیماندا هەر بەرەوپێش دەڕۆین و بای شەڕ و شوومیش لەمەوپاش ناتوانێ زیانی پێ بگەیەنێت. ئێمە لەمەوپاش لە ڕێگەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە ڕاستەوخۆ چاودێری و سەرپەرشتیی دەکەین دەگەینە ئەو سەرە داوانە کە لە پشت ئەم ڕووداوە نامەردانەیەوە خۆیان حەشار داوە. نۆکەرانیش لەمەولا دەبینن کەس نییە لە پێش دەمی سزای مێژوودا تکایان بۆ بکات.

سلاوم بۆ گشت برایان و بەهیوای سەرکەوتنم بۆتان.

براتان سەدام حوسێن

١٢/٧

الأخ العزيز أبا إدريس المحترم

تحية أخوية ... أرجو أن تكونوا بخير ..

تشاء الصدف أن لا أكتب لك إلا حول مشكلة ما والتي آمل أن تنحل وباستمرار جهودنا بما فيه خير شعبنا ووحدة أخوتنا ...

أخي أبا إدريس ... لقد تعرضت سيارة إدريس ليلة الإثنين الساعة الواحدة تقريباً إلى اعتداء بالرصاص وقد أصيب في الحادث حسين برواري وشخص آخر ... أي الأخ لم يكن المقصود الأخوين ... إدريس رغم أن الله دفع بهذا الحادث ما كان ... إن المقصود بهذا الحادث هو علاقتنا ... المقصود أن يعود العراق مجدداً ينزف دماً ... ولن يعود أبناؤه الذين ضحوا وهم قادته المخلصين عن أن يحققوا عرى وحدته وترسيخ على أسس لا تتزعزع

وأصل تذكيراً فلعلك [illegible] لك يوم وقعنا البيان من أننا يجب أن نتوقع من الاستعمار وعملائه الشيء الكثير ويجب أن لا نتفاءل [illegible] ونعتقد بأن صعوباتنا انتهت عند توقيع البيان وإن الاستعمار المرتزقة [illegible] عملاء الاستعمار قد انتهوا أيضاً

إن الاستنفار الذي صوحب أول مرة في حياة
العراق بالإجراء العظيم في بيان الـ ٣٠ حزيران
وبيان ١١ آذار ... مقاطعة النفط الغاشمة
ويبدأ يخطط للإساءة إلى العلاقة القائمة
بيننا وإلى هذا البلد الصامد الشجاع وأمته المخلصة
ضرب السفارة لم تكن الإساءة الأولى
ولن تكون الأخيرة إلى علاقاتنا وعلاقاتكم ولن تكون ... وبينكم
وكلنا جميعاً وبينكم ... هذا البلد سوف
وجهة لكل المخلصين كما هذا ... سوف
نمضي قدماً في تعزيز أهدافنا وسوف
لن تنال تلك الرياح المسمومة ... سوف
نتوصل من خلال التحقيق الذي نرعاه
بشكل مباشر إلى المخطط
الكامن وراء هذا الحادث اللئيم وسوف نجد
العملاء ... أهل ...
... أمام عقاب التاريخ
تحياتي للأخوان كافة وتمنياتي
لكم بالتوفيق ودمتم.

أخوكم

صدام حسين

١٦/٧

## پاشبەندی ژمارە (٣٦)

## بڕیاری دادگە بۆ ئەو تۆمەتبارانەی هەوڵی تیرۆرکردنەکەیان دا

(بڕیارەکە جێبەجێ نەکرا)

کۆماری عێراق — ژمارە: ل. س./ ١٣٣١

ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش — مێژوو: ١٩٧٢/٦/١٧

زۆر نهێنییە

بۆ/ بەڕێز محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان

بابەت: یەکلایی کردنەوەی کێشە

بەپێی ئەوەی کە ئێوە لە کۆبوونەوەدا خستتانەڕوو، وا بڕیاری ئەو حوکمەتان بۆ هاوپێچ دەکەین کە لە مێژووی ١٩٧٢/٤/٢٠ لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشەوە درچووە لەبارەی کێشەی دەستدرێژی کردنە سەر ئۆتۆمۆبێلەکەی ئیدریس بارزانی لە بەغدا، بۆ ئاگاداری.

سکرتێری لیژنەی ئاشتی

عوسمان محەمەد فایق

وێنەیەک بۆ/ بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی ئاشتی

## ئەوەی خوارەوەش بڕیاری تاوانبارکردن و حوکمەکەیە

بڕیاری تاوانبارکردن:

١- تاوانبارکردنی تۆمەتبار عاسیف ئەحمەد زێباری بەگوێرەی مادە ١٢٤/ ٣٠ لە ق.ع، و دیاریکردنی سزاکەی بەپێی ئەوە.

٢- تاوانبارکردنی هەردوو تۆمەتبار محەمەد دێوانە و قەرتوس موسا بەگوێرەی مادە ١٩٤/ ٣٠ لە ق. ع، و دیاریکردنی سزاکەیان بەپاشملە (غیابی) بەپێی ئەو مادەیە.

٣- لەبەر ئەوەی نەسەلمێنرا کە هەردوو تۆمەتبار ئەحمەد لەتیف زێباری و عەبدولقەهار فارس تاوانەکەیان ئەنجام دابێت و ڕۆڵی ئەوان تەنیا دەستدرێژی کردن و نەخشەکێشان بووە، لەبەر ئەوە دادگە بڕیاری تاوانبارکردنی دان بەگوێرەی بڕگەی (١) لە مادە ٥٦ لە ق. ع، و دیاریکردنی سزاکەیان بەپێی ئەو مادەیە.

بڕیارەکە بەڕێککەوتنی هەموو ڕاکان دەرچووە و بەئاشکرا لە ١٩٧٢/٤/٢٠ تێی گەیەنرا.

| | | |
|---|---|---|
| موقەددەمی یاسایی | عەقید | دادوەر |
| ڕاغیب فەخری | یونس مەعروف دووری | عەبدولکەریم ئیبراهیم نەجار |
| ئەندام | ئەندام | سەرۆکی دادگەی شۆڕش |

## بڕیاری حوکم

سەرۆکایەتیی دادگەی شۆڕش
بەغدا
ژمارەی دۆز: ١٧٥٨/ج/١٩٧١
مێژوو: ١٩٧٢/٤/٢٠

له ١٩٧٢/٤/٢٠دا دادگەی شۆڕش بەسەرۆکایەتی دادوەر بەڕێز عەبدولکەریم ئیبراهیم نەجار و ئەندامیەتیی عەقید یونس مەعروف دووری و موقەدەمی یاسایی راغیب فەخری و بەناوی گەل ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرکرد:

١- حوکمدانی عاسیف زێباری بەبەندکردن تا کۆتاییی تەمەن (مؤبد) بەمەرجێک ماوەی گیرانەکەی بۆ ئەژمار بکرێت بەگوێرەی مادە ١٩٤/ ٣٠ ق. ع.
٢- حوکمدانی هەردوو ڕاکردوو، محەمەد دێوانە و قەرتوس موسا بەپاشملە (غیابی) بەبەندکردن تا کۆتاییی تەمەن (مؤبد) بەگوێرەی مادە ١٩٤/ ٣٠ ق. ع.
٣- حوکمدانی هەر یەک لە عەبدولقەهار فارس زێباری و لەتیف ئەحمەد زێباری بەبەندکردن بۆ ماوەی حەوت ساڵ بەمەرجێک ماوەی گیرانەکەیان بۆ ئەژمار بکرێت، ئەمیش بەگوێرەی بڕگە (١) لە مادە ٥٦ لە ق. ع.
٤- دەست بەسەرداگرتنی چەک و فیشەک و قەوانە بەتاڵەکان و ناردنیان بۆ بەڕێوەبەرایەتیی (عینة) بەپێی ئسووڵ.
٥- ئیعتیبارکردنی تاوانەکەیان بەکەتنێکی ئاسایی زیان بەشەرەف نەگەیەن بەپێی ئەحکامی یاسای ئیعتیبار بۆ گەڕاندنەوەی ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٦٧ هەموار کراو.

بڕیارەکە بەڕێککەوتنی هەموو ڕاکان دەرچوو و بەئاشکرا لە ١٩٧٢/٤/٢٠ تێی گەیەنرا.

| | | |
|---|---|---|
| موقەدەمی یاسایی | عەقید | دادوەر |
| راغیب فەخری | یونس مەعروف دووری | عەبدولکەریم ئیبراهیم نەجار |
| ئەندام | ئەندام | سەرۆکی دادگەی شۆڕش |

الجمهورية العراقية
مجلس
قيادة الثورة
لجنة السلام

سري للغاية

العدد: ق. س. / ١٢٢١
التاريخ: ٢٧/ ٦/ ١٩٧٢

سري وشخصي ويفتح بالذات

الى :-

السيد محمد محمود عبد الرحمن

الموضوع: حسم قضية

بناءً على ما طرحتموه في اجتماع هذه اللجنة ...

نرفق طيا قرار الحكم الصادر من محكمة الثورة بتاريخ ٢٠/ ٤/ ١٩٧٢ في قضية الاعتداء على سيارة ادريس البارزاني بعد اطلاع .

مع ...

سكرتير لجنة السلام
عثمان محمد فائق

نسخة منه الى :-
السيادة العامة لجنة السلام

سري للغاية

اطلعت

رحيم :

١- ادانة المتهم عاطف احمد الزيباري وفق المادة ١٩٦٤/٣٠ من ق . ع وتحديد عقوبته بحكم بها .

٢- ادانة المتهمين الباقين محمد ... و... وفق المادة ١٩٦٤/٣٠ من ق . ع وتحديد عقوبتهما ايضا بحكم بها .

٣- وعدم ثبوت اشتراك المتهمين لطيف احمد الزيباري وعبد القهار ... بل ان دورهما كان هو الاعتداء والتخطيط لها لذا قررت المحكمة ادانتهما وفق الفقرة ١ من المادة ٥٦ من ق . ع وتحديد عقوبتهما بحكم بها .

قرار صدر باتفاق الآراء وافهم علنا في ٢٠/ ٤/ ١٩٧٢ .

| العقيد الحقوقي | العقيد | الحاكم |
| --- | --- | --- |
| راتب ... | يونس ... الصبري | عبد الكريم ابراهيم العطار |
| عضو | عضو | رئيس محكمة الثورة |

طابق الاصل

رئاسة محكمة الثورة
(بغداد)
عدد الدعوى: ١٧٥٨/ج/١٩٧١
التاريخ: ٢٠/٤/١٩٧٢

**قرار الحكم**

تشكلت محكمة الثورة بتاريخ ٢٠/٤/١٩٧٢ برئاسة الحاكم السيد عبد الكريم ابراهيم النجار وعضوية العقيد يونس معروف الدوري والمقدم الحقوقي راكب الشمري واصدرت باسم الشعب القرار الآتي :-

١- الحكم على عاصف الزهاوي بالسجن المؤبد على أن تحسب له موقوفيته وفق المادة ١٩٤/ ٣٠ من ق.ع.
٢- الحكم على الهاربين محمد ديوانه وتوفيق عيسى غيابياً بالسجن المؤبد وفق المادة ١٩٤/ ٣٠ من ق.ع.
٣- الحكم على كل من عبد الجبار فارس الزهاوي ولطيف احمد الزهاوي بالسجن لمدة سبع سنوات على أن تحتسب لهم موقوفيتهم وذلك وفق الفقرة ١ من المادة ٥٦ من ق.ع.
٤- مصادرة الأسلحة والأعتدة والظروف الفارغة وارسالها الى مديرية العينة وحسب الأصول.
٥- للإخبار عنهم جعالة مادية لمن يشارك بالقبض حسب احكام قانون رد الاعتبار المرقم ٣ لسنة ١٩٦٧ المعدل.

قراراً صدر باتفاق الآراء وافهم علناً في ٢٠/٤/١٩٧٢.

| | | |
|---|---|---|
| المقدم الحقوقي | العقيد | الحاكم |
| راكب الشمري | يونس معروف الدوري | عبد الكريم ابراهيم النجار |
| عضو | عضو | رئيس محكمة الثورة |

## پاشبەندی ژمارە (٣٧)

**(١)**

میدل ئیست مۆنیتۆر – لە واشنتۆن دەردەچێت

١٥ی ئۆکتۆبەر ١٩٧١

### سەرنەگرتنی هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی

لە ٢٩ی ئەیلوول ١١ کەسی چەکدار بەبۆمبی دەستی (نارنجۆک) و تەقەمەنی هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا مستەفای بارزانیی پێشەوای کوردیان دا لە بارەگای سەرکردایەتیی خۆی لە باکوری عێراق و، بارزانی لەو هەوڵدانە بەبرینداربیەکی کەم دەرچوو، بەڵام دووان لە پاسەوانەکانی کوژران و هەموو پیلانگێڕەکانیش لەنێو چوون. دوای بیستنی هەواڵی هەوڵدانەکە سەرکردایەتیی قوتری حزبی بەعسی فەرمانڕەوا، برووسکەنامەیەکی بۆ بارزانی نارد و لەو برووسکەنامەیەدا پێ ناخۆشبوونی خۆی سەبارەت بەم هەوڵە دەربڕی و پیرۆزبایی ڕزگاربوونی لێ کرد و، لە برووسکەنامەکەدا هاتبوو:

«هەوڵدانەکە تەنیا مەبەستی ژیانی ئێوە نەبوو، بگرە مەبەستیشیان زیان گەیاندن بوو بە بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ (کە کۆتاییی بەجەنگی ناوخۆییی نێوان کورد و حکوومەت هێنا)».

(العالم العربي) باسی لەوە کردووە کە دەسەڵاتداریەتی هەوڵی پێڕەوکردنی سیاسەتێک دەدات کە ئاشتی و دیموکراتی و چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە ڕێگەی بەیاننامەی ١١ی ئادارەوە وەدی بێنێ کە دان بەئۆتۆنۆمیدا دەنێت بۆ کورد. (العالم العربي) لە ژمارەی ڕۆژی یەکەمی ئۆکتۆبەر نووسیویەتی وا پێشبینی دەکرێت هەندێک (ڕەگەزی) کوردی مونافەسەکار ئەو هەوڵەیان دابێت، بەڵام ئەو وەڵامی برووسکەنامەیەی کە بارزانی بۆ حزبی بەعسی ناردووە و گێڕانەوەی کوردەکان لەبارەی ڕووداوەکەوە بایەخی خەڵک ڕادەکێشێت بۆ بابەتەکە:

وەڵامە برووسکەنامەکەی بارزانی:

سوپاسی هەستتان دەکەین... بێگومان ئەو هەوڵدانە ئامانجی زیان گەیاندن بوو بەبەیاننامەی ئادار و لێک هەڵوەشاندنی ڕیزی نیشتمانیی گەلی عێراقمان، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەستدرێژکەران لە بەغداوە هاتبوون و دە خاڵی پشکنینی حکوومەتییان بەدوو ئۆتۆمۆبێلی بارگاوی کراو بەئامرازی تاوان بڕیبوو و ئەوانە لە خەڵکی ناوچەکە نەبوون، لەبەر ئەوە کاری لێکۆڵینەوە بۆ دەسەڵاتدارانی پەیوەندیدار جێ دەهێڵین و دەسەڵاتدارانی لێکۆڵینەوەش ئاگادار دەکەینەوە لەهەر زانیارییەک پێمان بگات... چاوەڕوانی هەوڵ و تەقەلاتانین.

ئێستگەی بەغدا –بەشی دەرەوە– ٤ی ئۆکتۆبەر

سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان لە واشنتۆن ماوەی بۆ (مۆنیتۆر) ڕەخساند کە ئاگاداری ڕای کوردەکان بێت لەبارەی ڕووداوەکەوە کە ئەویش بەم جۆرەیە:

دوو هەفتە پێش ڕووداوەکە شاندێکی پێکهاتوو لە چوار زانای ئایینی لە بارەگاکەی خۆی لە حاجی ئۆمەران لە پارێزگای هەولێر سەردانی بارزانییان کرد، لە ٢٩ی ئەیلول لەگەڵ پێنج کەسی تر و دوو شوفێر گەڕانەوە و دوو ئۆتۆمۆبێلەکە لە نێزیک پەنجەرەکانی ژووری میوان ڕاگیران و هەردوو شوفێرەکەش لای ئۆتۆمۆبێلەکانیان مانەوە و، کاتێکیش بارزانی بەوە ڕازی بوو چاوی پێیان بکەوێت، بڕیاری جێبەجێ کردنی پرۆسەکەیان دا و دە دەقیقە دوای دەست پێکردنی دیدارەکە بۆمبێکی دەستی (یان بۆمبێکی تەوقیت کراو) کە بەیەکێکیان بوو تەقی و کوژرا و دەستدرێژکەرەکانی تر ڕایان کرد بۆ ژووری پێشوازی کردن و، بارزانی فەرمانی کرد کە نەیانکوژن، بەڵام بۆمبێکی تر بۆ بارزانی هاوێژرا و پاسەوانەکەی کوشت و لە ماوەی شەڕەکەدا کە لە دوای ئەوە هات، سەربازە کوردەکان هەر ١١ پیلانگێڕەکەیان کوشت و دوو کەسیش لەوان کوژران ١٤شیان بریندار بوون و، دوای ئەوە یەکێک لە دوو ئۆتۆمۆبێلەکە تەقیەوە، ئینجا ئۆتۆمۆبێلەکەی تر پشکنرا و سەد کیلۆ مادەی تەقەمەنی و دوو مووشەکیان تێدا دۆزییەوە. هەردوو ئۆتۆمبیلەکان بەشێوەیەکی هونەریی ئاست باڵا بەتەقەمەنی چێنرابوون و ئەمەش، بەلای کەمەوە، لای بەشێک لە کوردەکان ئاشکرابوو کە گرووپێکی وەکو ئەوانە ناکرێ بەبێ پشتیوانی لێ کردنی هەندێک لایەنی حکوومەتی پووڵدار بکرێن و ڕابهێنرێن و بەچەند خاڵێکی پشکنینیشدا تێ بپەڕن.

حکوومەت دەستەیەکی لێکۆڵینەوەی پێنج کەسی بەسەرۆکایەتیی حەمید عانی بریکاری وەزارەتی ناوخۆ پێک هێنا بۆ لێکۆڵینەوە لەم ڕووداوە، بەڵام ئەم دەستەیەش وەک دەستەکانی تر سەفەری کرد بۆ باکور بۆ دڵنیاکردنەوەی کوردەکان کە ڕقیان بووبووەوە و زۆریان پێ ناخۆش بوو.

بەڵام گرفتە گرینگەکە لە دیاریکردنی جۆر و جیاوکەکانی ئەو ئۆتۆنۆمییە دایە کە بەپێی مادە ١٤ی بەیاننامەی ١١ی ئادار بەکوردەکان دەبەخشرێت، ئەوەبوو بۆ کوردەکان دان بەزمانەکەیان نرا وەک زمانێکی ڕەسمی و پارتی دیموکراتی کوردستانیش بوو بەحزبێکی یاسایی و، ڕێگە درا بەبڵاوکردنەوەی چاپەمەنیی کوردی و لە هەمان کاتیشدا سێ پارێزگاری کورد بۆ پارێزگای هەولێر - دهۆک - سلێمانی دانران، بەڵام پارێزگارەکان هەڵنەبژێردران و سەرژمێریی ئۆکتۆبەری ١٩٧٠ش لە بارەی کوردیبوونی کەرکووکی دەوڵەمەند بەنەوت تا ماوەیەکی دیاری نەکراو لەلایەن حکوومەتەوە دواخرا. بارزانی و پێڕەوانی، بەهەنگاوەکانی حکوومەت قەناعەت ناکەن و بڕوای پێ ناکەن و، داوایان لە حکوومەت کردووە بەردەوام بێ لە جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەکە و حکوومەت خۆی وا پێشان دەدا کە دەستی بەهەندێک پرۆژەی بیناکاری لە باکور کردووە، بەڵام ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە دانوستان لەگەڵ کوردەکاندا بکات لە بارەی شێوە و داڕشتەی ئەو ئۆتۆنۆمییەی پێیان دراوە.

## (٢)

ئەوانەی خـوارەوەش وێنەی پێناسـەی ئەو بەشـدارانەن کـە لـە ٢٩ی ئەیلوول هەوڵـی تیـرۆرکـردنی بارزانییان دا.



ديوان الاوقاف
التوقيع


الجمهورية العراقية
رقم الهوية :
تاريخ الاصدار :


**عەبدولجەبار ئەعزەمی**



المنتسبين والعاملين في دار الثقافة
الاسم الكامل
العنوان
رقم الهوية
تاريخ الاصدار
توقيع صاحب الهوية

**سەید عەبدولحوسێن دەخیلی**












هوية
المنتسبين والعاملين في دار الثقافة
الاسلامية ـ بغداد ـ ص. ب ٤٣٢
الاسم الكامل
العنوان
رقم الهوية
تاريخ الاصدار
توقيع صاحب الهوية
تجدد هذه الهوية سنوياً

**ئەحمەد عەبدوڵڵا یاسین**




هوية
المنتسبين والعاملين في دار الثقافة
الاسلامية ـ بغداد ـ ص. ب ٤٣٢
الاسم الكامل
العنوان
رقم الهوية
تاريخ الاصدار
توقيع صاحب الهوية
تجدد هذه الهوية سنوياً

**ئەحمەد محەمەد قاسم**




هوية الموظفين

**عەبدولوەهاب ئەعزەمی**





باقر مزەفەر



صورة

المنتسبين والعاملين في دار الثقافة

الاسلامية - بغداد - ص . ب ٤٣٢

هاتف ٣٥٦٦٤ / ٩٢٤١٧٩

الاسم الكامل

العنوان

رقم الهوية

تاريخ الاصدار

توقيع صاحب الهوية

تجدد هذه الهوية سنوياً

سەید نووری حەسەنی



صورة

المنتسبين والعاملين في دار الثقافة

الاسلامية - بغداد - ص . ب ٤٣٢

هاتف ٣٥٦٦٤ / ٩٢٤١٧٩

الاسم الكامل

العنوان

رقم الهوية

تاريخ الاصدار

توقيع صاحب الهوية

تجدد هذه الهوية

محەمەد کامیل ئیسماعیل

## پاشبەندی ژمارە (٣٨)

برای بەڕێز ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش
دوای سڵاو:

ئاشکرایە کە ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار بۆ ئەوە هات سنوورێک بۆ شەڕی براکوژی لەگەڵ تەشەنەکردنی مەترسیدار و کارتێکردنە سلبییەکانی لەسەر ڕووە جیاجیاکانی ژیانی گەلی عێراقمان بەعارەب و کوردەوە دابنێت و، بنکەی یەکەتیی نیشتمانی لە وڵاتەکەمان لەسەر بناخەی پتەو و چەسپیوی برایەتی و لێک تێگەیشتنی هاوبەش بۆ هەموو ئەو گیروگرفت و ئاستەنگانەی وڵاتەکەمان کە زەمانێکی دوور و درێژە تاڵاویان دەچێژێ، دابڕێژێت.

هەموو، لەبەر بەپەرۆشیی زۆریان بۆ پارێزگاری کردنی ئارامی و ئاشتی لە هەموو لایەکی نیشتمانەکەمان، بڕوایان بەو ڕاستییەدا هێناوە، چونکە ئەو کەشوهەوا سروشتییەیە کە گەشەکردن و پێشکەوتن بۆ گەلی عێراقمان بەشێوەیەکی گشتی و بۆ گەلی کوردیشمان هەلی شادبوون بەو دەسکەوتانەی ڕێککەوتننامەی ئادار، بەئۆتۆنۆمیشەوە، دانی پێدانراوە، دەڕەخسێنێ و، لە سایەی هاوکاریی هاوبەش لە نێوان هەردوو حزبەکەمان هەندێ بەشی گرینگی ڕێککەوتننامەکە جێبەجێ کراون بەو پابەندییانەشەوە کە هەردوو لامان دەگرێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو بارودۆخە درێژەی نەکێشا و، دارمان و هەڵگەڕانەوەی وردە وردە لەم چەند مانگەی ڕابردوودا دەستیان کرد بەزاڵبوون بەسەر ئەو پێوەندییەی لە نێوان هەردوو حزبماندا هەبوو و، لە نێزیکەی مانگی تەمموزی ڕابردووەوە دەستی کرد بەگرژ هەڵاتن و پووکانەوە و لەبەرەو خراپی چوون بەردەوام بوو، تا لەم ڕۆژانەدا گەیشتە لووتکەی خراپی و، وای لێ هات کە خەریکە لە ناخەوە هەڕەشە لەو پێوەندییانە دەکات و دەسکەوتەکانی گەل لە ڕێککەوتنەکەی یازدەی ئادار و یەکەتیی نیشتمانیی گەلی عێراقمان دەخاتە مەترسییەوە.

جا لەبەر حەزکردنی ئێمە بەڕزگارکردنی هەڵوێستەکە، هەر لە ڕۆژانی یەکەمی پەیدابوونی ئەو حاڵەتی بارگرژییەوە دەستپێشخەریی ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی خۆمانمان لەلایەنە جیاجیاکانییەوە کرد و داوای بەستنی کۆبوونەوەی هاوبەشیمان کرد کە نوێنەری سەرکردایەتیی هەردوو حزبی تێدا بێت بەمەبەستی ڕا و دید و بۆچوون ئاڵوگۆڕکردن لەبارەی ئەو شتە سلبییانەی کە هەموومان بەدەستیانەوە دەناڵێنین. وەکو لاشتان شاراوە نییە، ئەو کۆبوونەوانە لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ڕابردوو بەستران و پێشکەوتنێکی تا ڕادەیەک باش لەو وتوویژ و باسکردنە ناوبراوانە لەبارەی گەلێک لەو خاڵانەی لە بەرنامەی کاردا نووسرابوون، وەدی هات، بەڵام بەلامانەوە شتێکی کتوپڕی بوو، کە ئێوە لە ئەنجامی ئەو ڕووداوە ناوخۆییانەی لە ناوچەی خانەقین لەو ماوەیەدا ڕوویان دا ویستتان واز لە کۆبوونەوەکان بێنن و نەتانەوێ دەستیان پێ بکرێتەوە تا ئێمە کاری پێویست دژی تۆمەتباران ئەنجام دەدەین. هەرچەندە ئەو

ڕووداوە داخ ئامێزە ناوبراوانە وەک کاردانەوەیەک بۆ کارەکانی دەسەڵاتداران لە خانەقین، سەریان گرتووە، بەڵام دەستمان کرد بەگرتنی ڕێوشوێنی پێویست دژی پێشمەرگەکانمان لەو ناوچەیەدا کە ئەو کارەیان کردبوو و، لەو کاتەی کە ئێمە چاومان بڕیبووە دەست پێکردنەوەی گفتوگۆی هاوبەش بەمەبەستی ئەوەی بیگەیەنینە کۆتاییەکی ئیجابییانە، دوای ئەو کارانە ئەو هەوڵدانەی تیرۆرکردنی ئێمە ڕووی دا کە جەماوەر بەوپەڕی هەستکردنی باڵای بەرپرسی و دان بەخۆداگرتنەوە، ڕووبەڕووی ئەو ڕووداوە بوونەوە و لەجیاتی ئەوەی ئەم هەڵوێستە مایەی خۆشحاڵی و ڕێز لێ گرتن بێت لەلایەن بەرپرسانی حکوومەتەوە، دەسەڵاتدارانی تایبەتمەند دەستیان کرد بەناردنی قۆشەنی سەربازی بۆ کوردستان و چەککردنی سەرباز و پلەدارە کوردەکان و هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ گرتن و دوورخستنەوە و دەربەدەرکردن دژی ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بێ هیچ پاکانە و هۆیەک و بەپێچەوانەی ئەو ڕێککارییەی لە سەرەتای ئەم مانگەدا لەگەڵ سەرکردایەتیی قوتریی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عارەب لەسەری ڕێک کەوتبووین.

ئەنجامدانی ئەو کارە نائاساییانە لەوە بوون کە گومان و مەترسیی ڕەوا لای ئێمە دروست بکات و، لایەنە بەرپرسەکان لە کاتی خۆیدا بەڵێنی پووچەڵکردنەوە و لابردنی ئەو کارانەیان دا، بەڵام هیچ شتێک لەم بارەیەوە ڕووی نەدا و نەکرا، بگرە ئەوەی بەڕاستی ڕووی دا ڕژدبوون بوو لەسەر پێڕەوکردنی کاری نیگەرانکەری زێتر کە چەند فەرمانگەیەکی فەوج و پاسەوانی سنوور و گۆڕینی بەڕێوەبەری پۆلیسی دهۆکیشی گرتەوە، بێ ئەوەی ڕاوێژ لەگەڵ نوێنەرانی ئێمە لە لیژنەی ئاشتی، یان کۆبوونەوە حزبییەکان بکەن، هەروەکو نەریت وا پێویست دەکات و لە کاتی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئادار لەسەری ڕێک کەوتووین، کە پێڕەوی بکەین و هاوکاتیش لەگەڵ ئەوەدا هەندێ پێشمەرگەمان گیران و ڕفێنران و دووچاری پاڵەپەستۆ و ئەشکەنجەدان هاتن بەپێچەوانەی هەموو یاسایەک و بنەمای هاوپەیمانیەتی لە نێوان هەردوو حزبدا، ئەمەش کاردانەوەی هاوشێوەی لای ئێمە لە هەندێ ناوچەدا دروست کرد و ڕێگە گرتن لە حزبی ئێمە کە چالاکیی سیاسی لەنێو هێزە چەکدارەکاندا بنوێنێ، کە ئەمەش مافێکی خۆمانە و لەمەوپێش هەمان بووە و، ئینجا لەم دواییەش ڕێکخستنی پیلانێک بۆ تیرۆرکردنی پارێزگاری هەولێر. ئەمانە هەموو لە کاتێکدا ڕوویان دا کە وڵاتەکەمان لە هەموو لایەکەوە و لەکاتی جاڕدانی پەیمانی نیشتمانی، دەکەوێتە بەر هەڕەشەوە.

کۆمیتەی ناوەندیی حزبمان ڕای وایە پێش ئەوەی کۆتایی بەکۆبوونەوەکەی بێنێ ئەم نامەیەتان پێشکێش بکات و بەپێویستیشی زانی ئاماژە بەوە بکات، کە بەرژەوەندیی بنچینەیی وڵات و پێویستیی پارێزگاریی کردنی یەکەتی نیشتمانیی گەلەکەمان و ڕێککەوتننامەی ئادار، وا پێویست دەکەن ئاوڕ لەو حاڵەتە پڕ مەترسییە بدەینەوە، کە ئێمە لەم قۆناغە ناسکەدا لە بەردەمیدا وەستاوین و چاوێکیش بەپێوەندیی نێوانماندا بگێڕینەوە کە گەیشتووەتە نزمترین پلەی خراپی.

چونکە جلەو شۆڕکردن و دەستپێشخەری نەکردن بۆ دانانی سنوورێکی خێرا و بنەبڕ و ئیجابی بۆ هەڵوێستەکە، بەخراپترین ئەنجام بۆ هەمووومان دەشکێتەوە و، ئەمەش کارێکە دڵسۆزان بەهیچ شێوەیەک پێی قایل نین بۆ گەل و نیشتمان.

بێگومان ئێمە ئیدیعای ئەوە ناکەین کە بێ هەڵەین و ئێمە ئامادەین بۆ جێبەجێ کردنی هەرچی شتێک کە ئەرکی پارێزگاری کردنی ئاسایش و ئارامی و سەروەریی یاسا لە هەموو لایەکی وڵات، پێویستی دەکات لەسەرمان و، ئامادەی گەڕانەوەین بۆ دەست پێکردنەوەی پێوەندیی سروشتی لە نێوان هەردوو حزبماندا و، دەسەڵاتی باسکردنی ئەو خاڵانە هی تریشمان داوە بەبرایان ساڵح یوسفی و دارا تۆفیق و ئیحسان شێرزاد و نافیز جەلال و، ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین ئەو داوایەمان شایانی چاودێری و بایەخی ئێوە بێت بۆ ئاگاداری هەر شتێک کە لەم ڕووەوە پێتان باشە.

ئەوپەڕی ڕێز و تەقدیرمان قەبووڵ بفەرموون.

برای دڵسۆزتان

مستەفا بارزانی

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

١٩٧١/١١/٢٦

## پاشبەندی ژمارە (٣٩)

## نامەکەی حوسێن کوڕی تەلاڵ بۆ بارزانی لە ١٩٧٢/٣/١٥

بسم الله الرحمن الرحيم

ڕێزداری برا مستەفا بارزانی خوا بیپارێزێ

سـلاوی بێگەرد و هیـوا و ئاواتی ڕاست لەگـەڵ باشـتـرین هەسـتی خـۆشـەویسـتی و قـەدرزانیندا بۆ دەنێرین. جا پاش ئەمە:

ئێـمـە هیـوامـان وابوو هەڵمان بۆ هەڵکەوێ لەم مـانگەدا سـەرێک لە ئێران بدەین و کۆبوونەوەیەکیش لەگەڵ ڕێزداریتاندا ڕێک بخەین، بەڵام هەندێک پێوەندیی لەپڕ سەرهەڵداو و خۆسەپاندوو ناچاری کردین ئەو سەرلێدانە دوابخەین بۆ وادەیەکی تری لەمەولای بەیارمەتیی خوا نێزیک.

بۆیە وامان بەباش زانی سکرتێری شەخسیی خۆمان بەڕێز مەریوود تەل بنێرین بۆ لاتان کە متمانەی تەواومان پێی هەیە، تا وەک نێردراوێکی تایبەتی بەدیدارتان شەرەفمەند ببێت و سلاوی بێگەرد و قەدرزانین و باشترین ئاواتی ئێمەتان بۆ بەردەوامیی سەرکەوتن و دەربازبوون پێ بگەیەنێت لەگەڵ جەختکردنمان لەسەر پشتگیریی تەواو و لایەنگیریی بێ چەندوچوون لە هەرچییەکدا کە هەوڵی بۆ بدەن و، بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئێوە لە هەر کاروبارێکدا کە بەلاتانەوە پێویست بێ ئێمەی لێ = = ئاگادار بکەن.

سلاوی برایانەمان بۆتان بۆ دووبارە دەکەینەوە و لە خوای بەرز و توانا دەپاڕێینەوە کە بتانپارێزێ و دەستتان بگرێ لە هەوڵ و تەقەلای پیرۆزتان بۆ خزمەتی نەتەوەکەمان و ئایینەکەمان، چاوەڕوانی گەیشتنین بەخودی سیادەتتان لە کاتێکی نێزیکدا بەپشتەوانیی خوا.

سەلام و ڕەحمەت و بەرەکەتی خواتان لێ بێت.

براتان:
حوسێنی کوڕی تەلاڵ

عەمان لە ٢٩ی موحەڕەمی ساڵی ١٣٩٢ی کۆچی ڕێکەوتی ١٥ی ئاداری ساڵی ١٩٧٢ی زایینی

بسم الله الرحمن الرحيم

سيادة الأخ مصطفى البارزاني حفظه الله

نبعث لسيادتكم بخالص التحية وصادق المودة مقرونة بأطيب مشاعر المحبة والتقدير وبعد :

فقد كنا نأمل أن تتاح لنا الفرصة لزيارة ايران خلال هذا الشهر ، وأن نقوم بالترتيب للاجتماع بسيادتكم ، غير أن بعض الارتباطات الطارئة والملحة اضطرتنا الى تأجيل هذه الزيارة لموعد آخر لاحق وقريب ان شاء الله .

ولذلك فقد رأينا أن نوفد اليكم سكرتيرنا الشخصي السيد مريود التل الذى يتمتع بكامل ثقتنا كمبعوث خاص ليتشرف بمقابلتكم وينقل اليكم خالص تحياتنا وتقديرنا وأطيب تمنياتنا لكم بدوام التوفيق والفلاح مع تأكيدنا لكم بالدعم التام والتأييد المطلق في كل ما تسعون اليه ، ومباحثتكم في أية أمور ترون ضرورة اطلاعنا عليها .

نكرر لسيادتكم تحياتنا الأخوية ،مبتهلين الى العلي القدير أن يحفظكم ويأخذ بيدكم في مساعيكم النبيلة لخدمة امتنا وديننا ، ومتطلعين الى الالتقاء بسيادتكم شخصيا في وقت قريب بأذن الله .

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته ،،،

عمان في ٢٩ محرم سنة ١٣٩٢ هجرية .

الموافق ١٥ آذار سنة ١٩٧٢ ميلادية .

## پاشبەندی ژمارە (٤٠)

## نامەی جەلال تاڵەبانی

بەغدا

١٩٧٢/٦/٢٢

برایانی خۆشەویست و بەڕێز

سلاوێکی گەرم

شادی و سەرکەوتنتان بەئاوات ئەخوازم

ماوەییێک لەمەوبەر نامەییێکم نووسی بۆتان بەهۆی کاک حەبیبەوە، بەڵام چونکە خۆی هاتبوو بۆ بەغدا نامەکەم بۆ گەڕایەوە. وا ئەم جارە بەکوردی بۆتان ئەنووسمەوە. کە گەیشتمە بەغدا بەگەرمی لەلایەن حکوومەت و شیوعی و رووسەوە پێشوازی کرام نوێنەرانی هەر سێ لایان هاتنە لام. هەرچەندە لەهجەی قسەیان جیابوو بەڵام ئامانجیان یەک بوو. ئەویش بریتی بوو لە هانداغان بۆ ئەوەی یەکیەتییەکەمان تێک دەینەوە و حزبێکی تەقەدومی کوردی دروست بکەین. بۆ دروستکردنی (مغریات) و (مشجعات) و (وعودی) زۆر هەبوو. هەر لە تەئیید و پشتیوانییەوە تا سەر حوکمی زاتی.

من شیوعی و ڕوسەکانم هان دا بۆ ئەوەی دەست لە بارزانی بەرنەدەن و وەفدێک بنێرن بۆ لای کە دەسەڵاتی تەواوی هەبێت وە (ضمانات) بدا بەبارزانی کە معاهەدەی ڕووس و عێراق زدی کورد نییە وە حوکمی زاتی بدرێت بەکورد بەکەرکوکەوە وە یارمەتی مالی بارزانی بدەن. لەسەر داوای عامر عەبدوڵڵا بەو مەعنایە نامەییێکم بۆ کاک عەزیز محەمەد بەکوردی نووسی کە لە مۆسکۆیە. پاشان بیستمەوە کە کراوە بەعەرەبی و بەبرووسکە سەفارەت ناردوویەتی بۆ موسکۆ بۆ ڕووس زۆرم قسەکرد وە هەوڵم دا تێیان بگەیێنم کە بارزانی دۆستیانە و دۆستایەتیان لەگەڵی (لەگەڵ کورد) مایەی قووەتە بۆیان لە عێراقدا وە ئەمەش سەبەبی هەقیقیی نێزیکی حوکمی بەغدایە لێیانەوە، بۆیە هەق نییە بارزانی بەردەن.

(١) حکوومەت و ڕووس و شیوعی نیازیان دروستکردنی (تەجەموعێکە) دژی بارزانی بەناوی (حزب) یان (کۆمەڵ) یان هەر شتێکی ترەوە بێت.

(٢) دکتۆر مراد هاتە لام داوای لێ کردم کە حزبێک دروست بکەم و ڕووس و شیوعی یارمەتیم بدەن. حکوومەتیش حوکمی زاتیمان بداتێ بەکەرکوکەوە. چونکە حازرنین کەرکوک بدەنە بارزانی. وە گوتی ڕووس و حکوومەت و شیوعی یارمەتیت ئەدەن وە زۆر کەس هەیە ئامادەن لەگەڵت بن لەناو پارتی و لە دەرەوەی پارتی.

(٣) جەماعەتێک هەن لە کوردی مستەقیل وەک هەمزە عەبدوڵڵا، نەژاد، خەسرەو، ساڵح حەیدەری، کە

خۆیان بەتەقەدومی ئەزانن و عەلاقەیان بەکاک دارا تۆفیقەوە هەیە، زۆرجار هاتنەلام و چوومە لایان. داوای حزبێکی کوردی یان تەجەموعێکی کوردی تەقەدومی ئەکەن کە داخلی جەبهە بێت. من بۆم شەرح کردن کە ئەمە فاشیلە چونکە تەجروبەی ئێمە هەیە. لە وەرامدا گوتیان بە ٣ شەرت ناجیح ئەبێت کە بریتین لە:

أ- پشتیوانی ڕووس بۆی - گوتیان ئەبێت.

ب- پشتیوانیی حزبی شیوعی و پارتی شۆڕشگێڕی پێشوو گوتیان ئەمەش پێویستە بێتەدی.

جـ- حکوومەت حوکمی زاتی بدات پێی- گوتیان ئەبێت.

لام وایە ئەم فکرەیە لە داهاتوودا تەحقیق ئەکرێت بەیارمەتیی شیوعی و ڕوس و بەعث.

(٤) سەدام ناردی بەشوێن من و فوئاد عارف. لە دیتنەکەدا باسی کرد کە ئەوان حازرن بۆ هەموو شتێک کە ئێمە داوای بکەین. کاک فوئاد باسی (أشراری) دەوری بارزانی کرد و گوتی ئەبێ وفود بنێرینە سەر بارزانی بۆ ئەوەی ڕێگەی ڕاست بگرێت. من لە نەوتەوە دەستم پێ کرد. پاش پیرۆزبایی هەنگاوی تەئمیم گوتم سەرکەوتنی بەندە بەچارەسەرکردنی مەسەلەی کوردەوە، ئەویش بێ بارزانی نابێت.

پێشنیهادم کرد کە خۆی بچێت بۆ لای. گوتی من ئامادەم نامە بنووسم و بارزانی ڕەئی لەسەرم خراپ بووە. گوتی لە هەموو شتێکی من بەشوبهەیە. تەنانەت کە دەمانچەمان پێک گۆڕییەوە هەر تووڕە بووبوو.

من پێشنیهادم کرد کە وەفدێک دەسەڵاتدار بێت بەسەرۆکایەتیی عەبدولخالیق بچیت بۆ لای بارزانی بەو شەرتەی بتوانی هەموو شتێک ببڕێتەوە. ئەم وەفدە دەسەڵاتی حوکمی زاتی و هەموو شتێکی هەبێت. پێش چوونی گیراوەکانی پارتی بەردرێن و محێ و سەرۆک جاشەکان لە عەقرە سەحب کرێنەوە. عوبێد بچێت بۆ خارجی عێراق. تەعریبی کەرکووک ڕابگیرێت. لە وەرامدا سەدام گوتی ئێمە با هەرسێکمان دانیشینەوە، بە (ئەکثەرییەت) چی قەرار درا بیکەین، منیش لە (اکثریەت) ترسام. وتی با چاکتر بیری لێ بکەینەوە و بۆی دانیشینەوە.

(٥) حکوومەت لای وایە کە جەناحێکی تەقەدومی هەیە لە پارتیدا بریتین لە نوری شاوەیس، ساڵح یوسفی، دارا تۆفیق، عەزیز عەقراوی، هاشم عەقراوی، مەلا ئیسماعیل، ئەمانە ئامادەن لە کاتی پێویستا دژی جەناحی یەمینیی پارتی بووەستن.

ڕووسیش هەر لەو باوەڕەیە، هەوڵیان دا من لەگەڵ ئەم جەناحە یەکخەن وە بۆ مستەقبەل پێکەوە بین.

(٦) حکوومەت هەر خەریکی خەڵک کڕین و تاقم دروستکردنە. زۆر پارە سەرف ئەکەن. بەحسابی خۆیان زۆریان کڕیوە. وە زۆر کەسیان هەیە. بەلای منەوە نیوەی درۆیە. بەڵام لەناو پارتیدا خەڵکیان هەیە.

(٧) میسرییەکانم دی، ئەڵێن ئێمە زۆر حەز بەدۆستایەتیی بزووتنەوەی کورد ئەکەین. حەز ئەکەین لەگەڵ بارزانی دۆست بین. ئەڵێن پێمان خۆشە کورد بەهێزبێت هەرچەندە حەز بەهەڵگیرسانەوەی شەڕ ناکەین. ئەڵێن ئیمرۆ شەڕکردنەوە بۆ کورد باش نییە چونکە دوای تەئمیم بۆ سومعەتان زۆر خراپە لەناو عەرەبدا. ئەڵێن ئێمە نەمان گوتووە ئێوە لەگەڵ بەعس دۆست بن و پشتیوانیی بکەن. هەروەها ئەڵێن ئاگادارین کە (تەجەمموعی وەتەنی) ئێمەی تیا نین.

(٨) چینییەکان نەختێ موهتەمن بەوەزعی کورد. ئەیانەوێ بزانن مەوقفمان چییە لە معاهەدەی ڕووس و بەعس؟ لە زاڵبوونی نفووزی ڕووس بەسەر عێراقدا. من گوتم ئێمە زدی ئەوەین. گوتیان ئەمە ڕەئی خۆتە. ئێمە ڕەئی بارزانیمان لا موهیمە.

هەروەها ئەیانەوێ بزانن کورد چەند ئامادەیە زدی ڕووس؟ وە زدی ئەمەریکا؟ بێت. چین حەز بەحەلی دیموکراتی مەسەلەکە ئەکەن.


(٩) سەربەست بامەرنی پیاوی میرییە. ئەوان ناردوویانە بۆ ناو جیهازی پاراستنی پارتی. شەبەکەیەکی جاسووسیی لە دەوری ئەسعەد خۆشەوی بۆ میری دروست کردووە. بەعسییەک گوتویەتی زۆر مەعلووماتمان بۆ ئەهێنێت. بڕیارە سەری مانگ بینێرنە گەلاڵە و بامەرنی.

(١٠) بەڕەئی من زۆر پێویستە (١) یەکیەتی بەهێزکەین (٢) زۆر وریابین زۆر ئاگادار بین. (٣) ڕیزەکانمان بژارکەین. (٤) پێوەندی بەمیسر و چینەوە بکەین. (٥) لەگەڵ ڕووس نەیپسێنین و پێشیان هەڵنەخەڵەتێین. (٦) لەگەڵ هەموو حزب و جەماعەتەکانی بەغدا و عەرەب پێوەندی بەهێزکەین. (٧) لەناو پێشمەرگەدا جاسووسی بێگانە نەهێڵین. (٨) برادەرە گومان لێ کراو و «تەقەددومییەکان» بەرینەوە گەلاڵە.


ئیتر هەر سەرکەوتوو بن

براتان

جەلال تاڵەبانی









## پاشبەندی ژمارە (٤١)

## نامەی بارزانی بۆ ئەلێکسی کۆسیگن

سەرۆک وەزیرانی یەکەتیی سۆڤیەت
هاورێی ئازیز ئەلێکسی کۆسیگن – ی بەرێز
سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی یەکەتیی کۆمارە سۆشیالیستەکانی سۆڤیەت
سلاوێکی گەرم.

مایەی دلّخۆشییە کە هەلی سەردانە پڕ بەخششەکەتان بۆ عێراقی ولاتمان بقۆزمەوە بۆ ئەوەی جوانترین بەخێرهاتنتان بکەم و هیوای مانەوەیەکی خۆش و شادتان لە ولاتەکەماندا بۆ دەخوازم، بەو هیوایەی کە سەردانەکەتان بەشدارییەکی کارای لە پەرەپێدانی پێوەندیی ئەو هاوکاری و دۆستایەتییەی لە نێوان حکوومەتە بەرێزەکەتان و حکوومەتی کۆماری عێراقدا و لە نێوان گەلانی مەزنی یەکەتیی سۆڤیەت و لە نێوان گەلی عێراقماندا هەیە بەعەرەب و کورد و کەمایەتییە براکانی و زۆر ئاواتەخواز بووم، کە شەرەفی پێشوازیتانم لە بەغدا پێ ببڕایە، بەلاّم بارودۆخی سیاسیی نالەبار ڕێی لە نێوان من و وەدیهێنانی ئەو ئاواتەدا گرت.

هاورێی ئازیز... بەپێویستی سەرشانی خۆمی دەزانم کە بۆنەی سەردانتان بۆ عێراق بەهەل بزانم تا لە هەندێ لایەنی جیاجیای ئەو پێوەندییە ئاگادارتان بکەمەوە کە لە نێوان حزبی ئێمە و نێوان گەلی کوردمان لەلایەک و لە نێوان حزبی بەعسی سۆشیالیستی عارەب و حکوومەتی عێراقدا لەلایەکی ترەوە هەیە، چونکە من بڕوای تەواوم هەیە کە ئەم بابەتە یەکێک دەبێت لەو خالانەی لە ماوەی ئەو گفتوگۆیە لە نێوان شاندی عێراق و سۆڤیەتدا لە بەغدا باس دەکرێت، لەبەر ئەو بایەخە تایبەتییەی ئەم مەسەلە زیندووە لەم بارودۆخەدا هەیەتی، لەکاتێکدا کە هەولّ و تەقەلای هەندێ ناوەندی بەرفراوانی هێزی جیاجیا لە ناوەوە و دەرەوەدا بۆ بەرەو تەنگژە بردنی بارودۆخەکە لە عێراق و کارکردن لەو ڕێگەیەوە بۆ ڕووخاندنی ئەو دەسەلاتەی ئێستە لە بەغدا هەیە، تاو دەسێنێ و گومانیش لەوەدا نییە کە ئێوە ئاگادارییەکی تەواوتان هەیە لە بارەی قەبارە و هێزی ئەو ناوەندانە، کە بێگومان زۆریشن و، من چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە جێ دەهێلّم بۆ ژیریی ئێوە و دووربینیی سیاسەتی ڕابەرییانەی سۆڤییەت و سۆزی هەمیشەیی بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ستەمدیدە، کە گەلی کوردیشمان یەکێکە لەو گەلانە و پەرۆشی بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی و ئارامی لە عێراق و دەستەبەریی یارمەتیدان و پێشکەوتنی و پەرەپێدانی پێوەندییە چاکەکانی لەگەلّ یەکەتی سۆڤیەتدا و چاوەڕوانی ئەوەین کە ئێمەش شەرەفی بەشداری بوونمان هەبێ، ئەوەندەی کە بارودۆخ و توانامان ڕێگەمان پێ دەدەن کە بەو ڕووکار و

ئاراستەیەی لەگەڵ خواست و ئارەزووی گەلی کوردماندا دەگونجێ کە گەورەترین ڕێز و تەقدیری بۆ گەل و حکوومەتی سۆڤیەت هەیە.

هاوڕێی بەڕێز

لای ئێوە شاراوە نییە کە ڕێککەوتننامەی یازدەی ئاداری مێژوویی ساڵی ١٩٧٠ ڕووداوێکی دیار و بەرجەستە و خاڵێکی ڕۆشنی مێژووی عێراق و بەهێزکردنی یەکەتیی نیشتمانی گەلەکەی و پشتیوانی برایەتیی عارەب و کورد و یەکگرتنی خەباتی ناوکۆییان بوو لە پێناوی ئازادی و دیموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا و ئێمە بەجیدی و دڵسۆزییەوە، دوای مێژووی ناوبراو لە پێناوی دوو ئامانجی بنەڕەتیدا کار دەکەین، یەکەم جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ناوبراو بەهەموو ئەو پابەندایەتییە بەرامبەرانەی کە لەو ڕێکەوتننامەیەدان و دووەمیش بەختکردنی هەموو توانایەک کە هەمانە لەپێناوی پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز و وەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکانی گەلی عێراقمان لەو ڕێگەیەوە.

وا بەپێچراوەیی پاشبەندێکیان بۆ دەنێرین، کە پێشاندانێکی گشتگیریی ڕێککەوتننامەی ئاداری تێدایە و، ئەوەی جێبەجێ کراوە و ئەو بەندانەشی کە جێبەجێ نەکراون، مرۆڤی خاوەن ویژدان لەم پێشاندانەدا تێبینیی ئەوە دەکات کە هەندێک بەندی ڕێککەوتننامەکە بەڕاستی جێبەجێ کراون، بەڵام لایەنە گرینگترەکەی کە لە ئەسڵی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کوردمانە، هێشتا هەر چاوەڕوانی جێبەجێکردنن، بەم بۆنەیەشەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە داوودەزگا جیاجیاکانی حکوومەتی لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی تێ پەڕین، کاری وا پڕ مەترسییان ئەنجام داوە کە لەوانەیە بووبنە هۆی هەڵتەکاندنی باوەڕ پێک کردن لە نێوان هەردوولادا، کە گەیشتە ڕادەی ڕماندنی هەموو پردێکی باوەڕ و متمانە و، گومان و دڕندۆنگی لەلایەن هەردوولاوە، جێی ئەوانەی گرتەوە. ئەوەتا سەرەڕای سیاسەتی بەعارەب و بەعسی کردن و کاری کڕینی ویژدانی خەڵکی نەفس نزم لە ناوچەی کوردیدا، بەتایبەتیش لەو ناوچە تێکەڵانەی کە یەک نەتەوە زیاتریان تێدا دادەنیشن و دەسەڵاتدارانی بەرپرسی حکوومەت هیچ تەدابیرێکی یاساییی پێویستیان نەگرتووەتە بەر بۆ گەلێک ڕووداوی دەستدرێژی و دوژمنکاری کە ئێمە گەلێک جار لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان تووشیان هاتووین، لەوانەش تەقەکردن لە بارەگای حزبمان لە مووسڵ تەنیا دوو هەفتە لە دوای ڕێککەوتننامەی ئادار، هەروەها سەبارەت بەو هێرشەی لە کۆتاییی ساڵی ١٩٧٠ بۆ سەر ئۆتۆمۆبێلەکەی ئیدریس بارزانی سازکرا و لە بەغدا ڕووی دا و چەند بەرپرسێکی حزبمانی تێدا بریندار کران، هەروەها حکوومەت لە تەمووزی ساڵی ١٩٧١ هێرشێکی چەکداری ڕێک خست بۆ سەر بارزان و سوپا بەپشتیوانیی تۆپخانە و باڵەفڕ بەشداریی تێدا کرد، بەمەبەستی گیروگرفت و ئاژاوە دروستکردن لە ناوچەی ناوبراودا و، حزب بەڵگەی تەواوی لایە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە هەندێک داوودەزگای دەوڵەت ئەو هەوڵە سەرنەگرتووەیان بۆ کوشتنی من لە ٢٩ی ئەیلوولی پار ڕێک خست، لە هەمان کاتیشدا دەسەڵاتدارانی حکوومەت پێش چەند مانگێک دەستیان دایە هەڵمەتی

دەرکردنی بەکۆمەڵی ستەمکارانە دژی دەیان هەزار کەس لە ڕۆڵەی گەلی کورد لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باکوری عێراق، بەپێچەوانەی هەموو ئەو ڕێککاریيانەی لە کاتی خۆیدا لەگەڵ سەرکردایەتیی قوتری حزبی بەعسی سۆشیالیستی عارەب لە سەریان ڕێک کەوتبووین، ئینجا لەدوای ئەوە شاڵاوێکی بەربڵاو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی (استخباراتی) سەربازی دەستی پێ کرد دژی ئەو کوردانەی سەر بەهێزە چەکدارەکانن بەتایبەتیش لەنێو ئەوانەدا ئەندامانی حزبی ئێمە و دواکاری ئومێدبڕیش ئەوەبوو هەندێ ڕەگەزی سەر بەدەسەڵاتداری و حزبی بەعس دەستیان دایە تیرۆرکردن و کوشتنی ئەندامانی حزبمان لە ناوچە جیاجیاکانی وڵات. ئەو کرداری تیرۆر و کوشتنە تەنیا هەر بەحزبی ئێمەوە نەوەستا وەکو زۆرباش لای ئێوە ئاشکرا و زانراوە. حاڵەتێکی ناباوی تیرۆر و تۆقاندن و نەمانی ئاسایش و ئازادیی دیموکراتی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشاوە و لە ئەنجامی ئەوەشدا، وەک لاتان شاراوە نییە و ئەوە دوو ساڵ زیاترە، سەدان شیوعی و پێشکەوتنخواز و کەسانی سەر بەحزبە نیشتمانییە جیاجیاکان تیرۆر کراون و کوژراون و ئەمەش یەکێک بوو لە خاڵەکانی ناکۆکیی بنەڕەتی لە نێوان ئێمە و ئەواندا.

سەبارەت بەیاسای چاککردنی کشتوکاڵیش، ئەوا لە کوردستان جێبەجێکردنی تووشی کۆسپ و تەگەرە دێت و حکوومەت مەبەستی لەمەدا بەخشینی ئەو دەرەبەگە کوردانەیە لە پابەندایەتی بەیاسای ناوبراو، بەرامبەر ڕەزامەندیی ئەو دەرەبەگانە کە دژی ئێمە کار بکەن. ئەم کارە پڕ لە پێچاوپێچییە کاردانەوەیەکی توندی لای جەماوەری کورد و ڕۆڵەکانی گەلی عێراقمان بەشێوەیەکی گشتی دروست کردووە. جا لەبەر پەرۆشیی زۆرمان بۆ بەرقەراربوونی ئاسایش و ئارامی لە هەموولایەکی وڵاتەکەمان، هەوڵێکی زۆرمان لەگەڵ حکوومەت و حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب دا، چ لە ڕێگەی دەمەتەقێ و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ یان ڕۆژنامەوە یان ئاڵوگۆڕکردنی یاداشتنامە لەپێناوی سنووردانان بۆ ئەو کردەوە نالەبارانە، بەڵام هەموو ئەرک و هەوڵێکمان لەم ڕووەوە بە با چوون و بەبەردەوامیش باڵیۆزخانەی یەکەتیی کۆمارە سۆشیالیستەکانی سۆڤیەتمان لە بەغدا لەو وردە بابەتانەی پێوەندییان بەم مەسەلەیەوە هەیە ئاگادار دەکەینەوە و هەروەها ئەو ڕاستییانەمان بۆ هاوڕێ (ڕۆمانسییف)، کە لەم دواییانە سەردانی کردین، ڕوون کردووەتەوە و وێنەیەکی هەریەک لەو یاداشتنامە و ئەو گفتوگۆیانەی لە نێوان ئێمە و نێوان حکوومەت و حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبدا ڕوویان داوە، داوەتێ و هەروەها چەند وێنەیەکی تری زیادەتان دەخەینە بەردەست بۆ ئاگاداری.

هاوڕێی ئازیزمان...

ئێمە بەپێویستی دەزانین لەوە ئاگادارتان کەینەوە کە هەست بەئازار و ناخۆشی و نەمانی بڕوا و متمانە و هیوا دەکەین لە ئەنجامی بەردەوامبوونی دەسەڵاتداریەتی لە پێڕەوکردنی سیاسەتی خەڵک شڵەژاندن و تووڕەکردن و، هەروەک هەست بەئیحراج و ترس دەکەین لە کاردانەوەی ئەو سیاسەتە لای ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان، لەوەش دەترسین کارەکە لە دەست ئێمە دەرچێت لەلایەن ئێوەشەوە گران بێ کە فریای کارەکە بکەون دوای ئەوەی کار لەکار دەترازێت ئەگەر حاڵەتەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، چونکە

ئەم جۆرە کارانە دەبنە هۆی دروستکردنی کەشوهەوای پێویست و لەبار بۆ گێرەشێوێن و بەکرێگیراوان، بۆ نانەوەی ڕووداوی خەڵک ورووژێن و بارودۆخی وڵاتەکەش وا سەرلەنوێ لە ڕۆخی شەڕی براکوژییە، کە ئەمەش کارەساتی مەرگەساتبار و شتی خراپ لێکەوتنەوەی مەترسیدار و نالەبار بۆ دوارۆژی عێراق بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت، بێگومان کارتێکردنی سلبییانەشی بۆ سەرجەم بارودۆخی ناوچەکە دەبێت.

ئێمە لەگەڵ هەموو ئەوانەی پێشەوە باس کران و، لەبەر پەرۆشیمان و بۆ ئەوەی بەرژەوەندیی بنچینەیی گەلی عێراقمان بەعارەب و کوردەوە بەفیڕۆ نەدەین، چاوەڕوانی ئەوەین کە حکومەتی عێراق و حزبی بەعسی سۆشیالیستی عارەب چاوێک بەسەرجەمی سیاسەتەکەیان بەکێشەی کورددا بخشێننەوە و، هیوامان وایە کە دەستپێشخەریی پێڕەوکردنی ئەوپەڕی پلەی پاڵەپەستۆ کە لە تواناتاندایە پێڕەو بکەن، لەپێناوی وەدیهێنانی وەرچەرخانێکی ڕیشەیی لە سیاسەتی حکومەتی عێراقدا، لەم ڕووەوە بۆ ئەوەی بەهاوکاریی ڕاستگۆ و دڵسۆزانەی نێوان حزبەکەمان و حزبی بەعسی سۆشیالیستی عارەب و حزبی شیوعیی عێراق و حزبە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکانی تر، لە ڕێگەی جێبەجێکردنی بەندەکانی تری ڕێککەوتننامەی ئادار و وەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکانی خەباتی هەموو گەلی عێراقمان، لە بنیاتنانی ئاشتییەکی چەسپاوی نیشتمانی و هێنانەدیی ئەوەی کە ئاواتی بۆ دەخوازێت لە پێشکەوتن و گەشەکردن و پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز، بەرەوپێشەوە بچین. ڕەنگە شتێکی لەباربێت لە کۆتاییدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە گەلی کوردمان هەست بەخۆشی و بەختیاری دەکات، ئەگەر بۆتان بکرێت لەم سەردانەتاندا تەشریف بێنن بۆ خاکی کوردستان.

لە کۆتاییدا ئەوپەڕی ڕێز و قەدرلێنانمان قەبووڵ بفەرموون.

دڵسوزتان

مستەفا بارزانی

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

١٩٧٢/٤/٨

## پاشبەندی ژمارە (٤٢)

## (أ)

## نامەی سکرتێری گشتیی حزبی شیوعیی عێراق بۆ بارزانی

حزبی شیوعیی عێراق
ژمارە:
مێژوو: ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٣

سیادەتی برای ئازیز مستەفا بارزانی
سلاوێکی گەرمی برایانە

پێم خۆش بوو دوای گەڕانەوەم بۆ نیشتمان پێش سێ هەفتە کە هەلێکی هەڵکەوتوو بووە بقۆزمەوە بۆ سەردانتان و گەیشتن پێتان، بەتایبەتی ئەو کەلەبەرە ئازاربارەی ئەم دوایییەی پێوەندیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراقیمان دووچاری بوون، لە هەموو کاتێکی ڕابردووی تر زیاتر پێویستی دەکرد کە پەلە بکرێت لە بەستنی ئەم جۆرە دیدارانە، بەلام حاڵەتی تەندروستیم لەم ڕۆژانەدا، ڕێگەی ئەوەیان نەدا و نەشیهێشت بەشداریی هاوڕێ زەکی خەیری و هاوڕێیەکانی تر بکەم لەو دیدارە دۆستانەیەی لە نێوان ئێوە و ئەواندا ڕووی دا.

هەر بەم بۆنەیەشەوە دەمەوێ بەسیادەتتانی ڕابگەیەنم، کە هاوڕێکانمان بەدیدگەیەکی دڵخۆشکەرانە گەڕانەوە سەبارەت بەڕۆڵی کەسیەتیی مەزنی ئێوە لە گەیشتن بەو ڕێککەوتنەی لە نێوان نوێنەرانی هەردوو حزبدا رووی دا، بۆ ڕاگرتنی شالاوی تۆقاندن بۆ سەر هاوڕێ و دۆستانی حزبمان لە کوردستان و، تێکۆشانی هاوبەش لەپێناوی چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانەی لە نێوانیاندا هەیە بەگیانی هاوکاری دۆستایەتی بەپێی ئەوەی کە بەرژەوەندیی گەلی کوردمان و گشت گەلی عێراقمان و بەرژەوەندیی پاراستن و بەتینکردنی ئەو پێوەندییە خەباتگێڕییەی ئەوە چارەکە سەدەیەکە لە نێوان هەردوو حزبماندا هەیە، دەیخوازن. ئەو ڕێککەوتنەی کە بەدەست تێخستنی کەسیەتیی خۆتان و بەشداریکردنی مامۆستا عەزیز شەریف و هێزە خێرخوازەکان تەواو بوو، لە ڕیزەکانی جەماوەری گەل و لەلایەن حزب و هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە ناوەوە و دەرەوەی ولات پێ خۆشبوونێکی زۆری بینی، چونکە ئەو جەماوەر و حزب و هێزانە بە دەنگوباسی هەڵمەتی سەربازی بۆ سەر هاوڕێ و پێشمەرگەکانی حزبمان بەبێ هیچ پاکانە و هۆیەکی قەبووڵکراو، گەلێک نیگەران بوون و زۆریشیان پێ ناخۆش بوو. ترسی ئەوانەش لە بنەڕەتدا لەبەر ئەو ئەنجامە مەترسیدار و زیانبەخشانە بوو بۆ گەلی کورد و گەلی عێراقمان کە لەو

بارودۆخە دەکەوتنەوە، ئەگەر لێکدان بەردەوام بێت و ئەگەر چەک بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکیی نێوان هەردوولا بالادەست بێت.

ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە، هەموو ئەو کارانەمان ئەنجام داوە کە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە ئاسان دەکات و ڕێگەش بۆ کەشوهەوا خۆش دەکات، بۆ دووبارە چاککردنەوەی پێوەندی لەگەڵ سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و گەڕاندنەوەی بارودۆخەکە بۆ حاڵەتە سروشتییەکەی لە کوردستان.

ڕێڕەوی گفتوگۆ و بەندەکانی ئەو ڕێککەوتنەی نێوان نوێنەری هەردوو حزب کە پێی گەیشتووین، بەهەموو ڕێکخراوەکانی حزبمان ڕاگەیاندووە و، ئەو مافەی خۆشمان ڕاگرتووە لە بەردەوام بوون لە پەردە هەڵماڵین لەسەر ڕاستی، سەبارەت بەوەی لە کوردستان ڕوو دەدات لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەی (طریق الشعب) و دەستەی نووسینی ڕۆژنامەکە سەر وتارێکی نووسی، ئەو ڕێککەوتن و بەیانەی بەرز نرخاند و هیوای ئەوەی دەخواست کە پەردە بەسەر ئەو کارەساتە جەرگبڕە دابدرێت و تەبایی و پێوەندیی چاک بگەڕێتەوە بۆ نێوان هەردوو حزب بۆ بەرژەوەندیی گەلی عێراق و ڕێڕەوە پێشکەوتنخوازانەکە و دوارۆژی خەباتی هاوبەشی هەردوو گەلی عارەب و کورد، هەروەها هەموو حزبە براکانی وڵاتانی بەرەی سۆشیالیست و وڵاتانی سەرمایەداری و «جیهانی سێیەم» و حزبە شیوعییەکانی وڵاتە عەرەبییەکان و حزبی بەعسی سۆشیالیستی عارەب و گەلێکی تری لە ناوەندە پێشکەوتنخوازە دۆستەکانمان لە ئەنجامی ئەو هەوڵ و تەقەلا خێرخوازانە ئاگادار کردووەتەوە کە بەڕێککەوتنی نێوان هەردوو حزب کۆتاییی هات بۆ وەستاندنی دارمانی پێوەندیی نێوانیان.

بەڵام – برای ئازیز– ئەوەی جێی داخە بۆ من ئەوەیە پێتانی ڕابگەیەنم کە هەموو هەوڵێکمان لەم ڕێگەیە دا و هەستکردنمان بەبەرپرسایەتیی نیشتمانی و نەتەوەییی مێژوویی لەلایەن هەندێ برایانی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان نەک، هەر بەهەڵوێستێکی ئیجابییانە، یان مامەڵەکردنی وەک یەک، سەیر نەکرا، بگرە بێدەنگیی ڕاگەیاندن و زۆر پەرۆشیمان بۆ ئەوەی نەهێڵین پێوەندیی نێوان هەردوو حزبمان بەرەو هەڵدێر بچێت، بۆ مەبەستی بەردەوامی و سووربوون لەسەر دژایەتی کردنی حزبی شیوعیمان و بەردەوامیی ڕاونانی ئەندام و لایەنگرانی لە کوردستان خرایە کار. شاڵاوی دەستدرێژی کردنە سەر هاوڕێیان و ڕێکخراوەکانی حزبمان لە زۆربەی ناوچە کوردییەکان و بەشێوە و شێوازی جیاجیا، بەتایبەتیش لە لادێیەکاندا هێشتا هەر بەردەوامە... و زۆربەی ئەو هاووڵاتییانەی کە گیراون و ڕفێنراون لە گەرمەی شاڵاوبردن بۆ سەر حزبمان تا ئەم کاتە هەر بەرنەدراون و... ڕۆژانەش دەنگوباسی باوەڕپێکراوی نیگەرانکەرانەمان دەگاتێ سەبارەت بەڕاپێچکردن و بەرەوپێش خۆدانیان لەو گرتووخانەی کە تێیان خزێنرابوون بۆ هەردوو گرتووخانەی قەسرێ و رایات و، لەوێ شێواز و ڕێگەی جیاجیای ئەشکەنجەدانیان دەرهەق دەکرێت، بۆ ناچارکردنیان کە خۆیان لە حزبی شیوعی بێ بەری بکەن و زانیاری لە بارەی پێوەندی و چالاکی و نهێنییە حزبییەکانیان پێشکێش بکەن.

هاوکاتی ئەمەش، تا ئەم کاتە و سەرەڕای داواکاریی دووبارە کراوە و بەپەلەمان، هیچ وەڵامێکمان

لەبارەی چارەنووسی ئەو دوازدە هاورێییەمان وەرنەگرتۆتەوە، کە بەئاگاداریی بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان نیشتمانیان جێ هێشتووە و بەئاگاداری ئەوانیش گەڕاونەتەوە، کە ئەوە سێ مانگ زیاترە لەلایەن هەندێک کەسەوە ڕفێنراون.

بەرانبەر ئەم بارودۆخە بەرەو هەڵدێر چووە و، پێش ئەوەی پەنا ببەینەوە بەر هەر ڕێگەیەکی ڕەوا بۆ داکۆکی لەخۆکردن، وامان بەباش زانی لە مێژووی ١١/٢٨ نامەیەک پێشکێش بەبرایانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین، کە کۆمەڵێک دەستدرێژی و پێشێلکاریی پێوە هاوپێچ بکەین کە لە دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکەوە ڕوویان داوە و، لەو نامەیەدا داوامان لێ کردوون کە واز لە دوژمنایەتیکردنی حزبی ئێمە و ڕێکخستنەکانی بێنن و بەرەو جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنەکە بچن کە بەرەزامەندیی هەردوولا و بۆ بەرژەوەندیی هەردوولا و بەرژەوەندگەلی گەلی کوردە و، سەرنجمان بۆ مەترسیی بەکارهێنانی ئەو بارودۆخە بەرەو هەڵدێرگە چووە لەلایەن ناوەندگەلی ئیمپریالیست و کۆنەپەرستانەوە بۆ بەرژەوەندیی نەخشە پیلانگێڕییەکانیان ڕاکێشاون، کە دەیانەوێ ئاسۆ و توانای پێکهێنانی ئۆتۆنۆمی لەبنەوە هەڵتەکێنن و مەرگەساتی دەست پێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان لەسەر ئاستێکی بەرفراوان تازە بکەنەوە و، لە ڕێی ئەوەشەوە پاکتاوکردنی ئەو دەسکەوتانەی بەنرخێکی گران لە خوێنی خەباتگێڕ و گیانی ئەوان لەسەر گەلەکەمان و حزبە نیشتمانییەکانیان کەوتووە.

جا -برای بەڕێز- لەبەر ئەو هەڵوێستە ئیجابییە لەبەرچاوگیراوانەی لە تۆم دیوە لە کاتی تەنگژەی توند و ناخۆش کە لەمەوپێش پێوەندیی هەردوو حزبمان زیاتر لە جارێک پێیدا تێ پەڕیوە، بەمافی خۆمی دەزانم بەتەمای ئەوە بم و لە ئێوە چاوەڕوان بکەم کە دەسەڵات و پایە مەزنەکەی خۆتان لەنێو بزاڤی نەتەوەییی کورد و لەنێو پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەکاربێنیت لەپێناوی سنووردانانێکی ئێجگارەکیی خێرا بۆ ئەو دەستدرێژییانەی تەشەنەیان کردووە تا ئەو ڕادەیەی خەریکە هەڕەشەی پڕ مەترسی لە پاشەڕۆژی پێوەندیی نێوان هەردوو حزبمان دەکات، کە وەکو خۆتان دەزانن – لە دوژمنانی گەلەکەمان و دوژمنانی پێشکەوتن و مافەکانی بەولاوە کەسی تر سوودی لێ نابینێ.

هەروەها ئێمە زۆر لە خەمی ئەوەداین هەواڵی خۆش لە دەمی خۆتانەوە ببیسین سەبارەت بەچارەنووسی ئەو دوازدە هاورێییەمان بەو جۆرەی کە سەلامەتییان و دەستەبەرکردنی گەڕانەوەیان بۆ لامان، جێی بایەخدانی جیدییانەی خۆتان بێت.

ئەی برای گەورە، ئێمە دڵنیاین ئێوە دەتوانن ڕۆڵێکی بەرز و بالا بگێڕن، کە گەلەکەمان و هێزە خێرخوازەکانی دەیخاتە سەر ڕۆڵە چاکەکانی ترتان...ئەوپەڕی ڕێز و سلاوی دۆستانەمان قەبووڵ بفەرموون.

دڵسۆزتان

عەزیز محەمەد

سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعیی عێراق

(ب)

## وەڵامی بارزانی

برای بەنرخ عەزیز محەمەدی بەڕێز

سڵاوێکی برایانەی جوان

بەدڵشادییەوە نامە برایانەکەی ٢ی کانوونی یەکەمتانم وەرگرت و پێش هەموو شتێک و بەبۆنەی حاڵەتی تەندروستیتان لەم ڕۆژانەدا هیوای تەندروستیی باش و بەختیاری و سەرکەوتنی هەمیشەییتان بۆ دەخوازم.

لە ڕاستیدا، لە ماوەی مانگی ڕابردوودا هەندێ ڕووداوی داخبار لە نێوان حزبی شیوعیی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەنجامی نەرێنیی بۆ سەر هەردوو حزب و سەر هەموو بزووتنەوەی نیشتمانی لە عێراق لێ کەوتەوە و، پێویستیی سەرشانی هەموو دڵسۆزان ئەوە بوو کە هەموو کارێکی ڕاست و توندئامێز بگرنەبەر بۆ ڕێگەگرتن لە بەرەو هەڵدێرچوونی بارودۆخەکە، بۆ ئەو ئاستە ئازاربەخشەی لە مانگی ڕابردوودا پێی گەیشت و، ئێمە ئەوپەڕی ئەرکمان کێشا لەگەڵ برا بەڕێزەکان ئەندامانی شاندی حزبە دۆستەکەتان و بەبەشداریکردنی عەزیز شەریفی برا بۆ چارەسەرکردنی ئەو شوێنەواره خراپانەی لە ئەنجامی ڕووداوە ناوبراوەکاندا پەیدابوون و، ئەو ڕێککەوتن و بەیانە هاوبەشەی لەم دواییەدا لەلایەن هەردوو حزبەوە دەرچوو هەنگاوێکی گرینگ بوو بۆ گێڕانەوەی پێوەندیی نێوان هەردوو حزب بۆ حاڵەتە ئاساییەکەی پێشووی و، ئێمە بڕیارمان داوە بەم ڕێگەیەدا بڕۆین، ڕێگەی هاوکاری و دۆستایەتی، بۆ چارەسەرکردنی هەر گیروگرفتێک کە لە داهاتوودا ڕووبدات. ئەی برای بەڕێز، من بەدۆستێکی ئازیزت دادەنێم و پشت بەنیازە پاکەکانت و باش هەڵسەنگاندنی هەموو کاروبارێکتان، دەبەستم و زۆریشم پێ خۆشە کە لە کوردستان پێشوازیت لێ بکەم بۆ بەدووروودرێژی ئاڵوگۆڕکردنی ڕاوبۆچوون لە بارەی ئەو خاڵانەی لە نامەکەتاندا هاتوون و من بڕوام وایە کە دیداری داهاتوومان لەگەڵ ئێوە و برا بەڕێزەکانی ترت بەشدارییەکی کارا لە دۆزینەوەی چارەسەری ڕاست بۆ ئەو گیروگرفتە هەڵواسراوانە دادەنێت کە هەموومان لە کاتی ئێستەدا بەدەستیانەوە دەناڵێنین و، پاڵ پێوەنانی ئەو پێوەندییانە بەرەو وەدیهێنانی چاکبوون و پتەوکردنی زیاتر لە دوارۆژدا.

لە کۆتاییدا، ئەی برای ئازیز، سڵاوی ناخی دڵ و ئاواتخوازیم بۆ تەندروستی و سەرکەوتنتان قەبووڵ بفەرموون.

براتان

مستەفا بارزانی

١٩٧٣/١٢/٥

## پاشبەندی ژمارە (٤٣)

### (أ)

### وتاری کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعیی سۆڤیەتی کە ئاراستەی بارزانی کراوە

هاوڕێی ئازیز مستەفا بارزانی

بەپشتیوانیی پێوەندیی دۆستایەتی و پێرەوکردنی ئاڵوگۆڕی ڕا و زانیاری لە نێوان سەرکردەکانی سۆڤیەت و سەرکردایەتیی بزاڤی کوردی لە عێراق، مۆسکۆ پێی وایە کە دەرخستنی ئەم ئیعتیبارانەی خوارەوە لە بارەی بارودۆخی ئێستە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شتێکی بەکەڵکە.

ئێوە خۆتان دەزانن کە لە ئەنجامی دەست پێکردنەوەی پرۆسەی سەربازی لەلایەن ئیسرائیلەوە دژی وڵاتە عەرەبییەکان، خەباتی گەلانی ئەم ناوچەیە لە پێناوی بەهێزکردنی سەربەخۆیی نیشتمانییان چووە نێو قۆناغێکی نوێ و زۆر گرینگ، یەکەتیی سۆڤیەتیش وەک هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکان و دیموکراتە ڕاستەقینەکانی تری دژ بەئیمپریالیزم لە جیهاندا، چالاکانە پشتگیریی خەباتی عادیلانەی گەلانی وڵاتە عەرەبییەکان دەکات دژی دەستدرێژیی ئیسرائیلی - ئیمپریالی و لە پێناوی لابردنی هەموو شوێنەوارێکی ئەو دەستدرێژییە و لە پێناوی ڕزگارکردنی ئەو خاکە عەرەبییانەی کە ئیسرائیل داگیری کردوون و، لە هەموو جیهاندا شەپۆلی توندی هاوکاری لەگەڵ گەلان لە سوریا و میسر کە بەربەرەکانیی چاوچنۆکیی فراوانکارانەی ئیسرائیل دەکات، بەرفراوان دەبێت.

ئێمە بەخۆشییەوە ئاماژە بەوە دەکەین کە حکوومەتی کۆماری عێراق و هێزە پێشکەوتنخواز و دیموکراتەکان لە عێراق لەم ڕۆژە پڕ مەترسییانەدا هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوەی دژ بەئیمپریالیزمیان نواند، زانیویشمانە کە حکوومەتی عێراق بڕیاری داوە بەشداری لە پرۆسەیەکی کارادا بکات لە خەباتی سوریا و میسر و، پشتیوانیی سەربازی پێشکێش کردوون.

لەبەر ڕۆشناییی ئەو هەڵوێستەی هاتووەتە کایەوە، لە هەموو کاتێکی تر زیاتر پێویستیی زیاتر خۆی دەنوێنێ بۆ دەستەبەرکردنی یەکەتی چەسپاوی هەموو هێزە نیشتمانییە نەتەوەییەکان لە وڵاتە عەرەبییەکان، لەوانەش عێراق دژ بەئیمپریالیزم. ئێمە دەزانین کە گەیشتن بەو ئامانجە بەزۆری لەسەر یەکگرتنی هێزە پێشکەوتنخوازە سەرەکییەکان وەستاوە - پارتی دیموکراتی کوردستان و دوو حزبە عێراقییەکەی تر کە چوونەتە نێو بەرەی نیشتمانی و نەتەوەییی پێشکەوتنخواز - حزبی بەعس و حزبی شیوعی. ئا لەم کاتەدا ئەوەی لە کوردەکان داوا دەکرێت کە ئێمە لەمێژە دەیانناسین و خەباتگێڕن دژی ئیمپریالیزم، هەستێکی بەرز بە بەرپرسایەتیی و نیشتمانی تێگەیشتن پێشان بدەن کە ئاسۆی دابینکردنی مافی ڕەوای کوردان لە عێراق بەپێی ڕێککەوتننامەی ١١ی ١٩٧٠ و کاراییی

بەشداریکردنی عێراق لە خەباتی دژی دەستدرێژیی ئیسرائیلی وەکو یەک، زۆر لەسەر هەڵوێستی ئەوان دەوەستێت.

لەم قۆناغە مەترسیدارەدا ئێمە بڕوامان وایە، دیاریکردنی هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەڵوێستی کەسیەتی خۆتان لە بەپەلەترین کێشەکانن لە وڵاتی ئێوە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەبەر بەرژەوەندیی پشتگیری و پێکەوە بەسترانی هەموو ئەو هێزانەی دەچنە کۆڕی خەباتەوە دژی دەستدرێژیی ئیسرائیل و، چاوچنۆکیی کۆنەپەرستیی ناوخۆ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پایەی بزووتنەوەی کوردایەتی لە عێراق و لەسەر ئاستی جیهانیدا وەکو یەک.

ئێمە لە دەربازگەی جەختکردنەوەکانی ئێوە قسە دەکەین کە چەند جارێک لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەرانی ئێمەدا دەرتان بڕیوە کە بزاڤی کورد لە عێراق بەردەوام دەبێت لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئێجگارەکیی مەسەلەی کورد بەڕێگەی ئاشتی و بەشێوەیەکی تەواوەتی پەنا ناباتە بەر ڕێگەی سەربازیی لە خەباتکردنیدا، بەتایبەتیش لە کاتی ئێستەدا.

ئێمە حەز دەکەین کە ئاگەداری ئیعتیباراتی کەسیەتی خۆتان و دید و بۆچوونی بەرپرسەکانی تر بین لە پارتی دیموکراتی کوردستان لە بارەی ئەو کێشانەوە کە لەم نامەیەدا باس کراون.

ئەوپەڕی ڕێزی دڵسۆزانەمان و ئاواتی چاکمان بۆ سەرکەوتن قەبووڵ بفەرموون.

کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی
لە یەکەتیی سۆڤیەت
١٩٧٣/١٠/٩

**(ب)**

## وەڵام

بۆ کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعیی بەڕێز لە یەکەتیی سۆڤیەتدا
سڵاوێکی خەباتگێڕانەی گەرم

بەڕێزێکی زیادەوە نامەکەی ئەم دواییەتانمان وەرگرت و ئێمەش لەو ڕایە لەگەڵ ئێوەدا کۆکین کە خەباتی میللەتی عارەب لە پێناوی ئەستاندنەوەی خاکەکەی خۆی کە لەم ڕۆژانەدا مۆرکێکی چەکدارانەی وەرگرتووە، شوێنەوارێکی ماوە دوور لەسەر سەرجەمی بارودۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێ دەهێڵێت و، ئەو بارودۆخەش ئەرکی دوو چەندانە بەسەر گەلانی وڵاتانی عەرەبدا دەسەپێنێ، لە بەهێزکردنی بەرەکانی ناوەویان، لەوانەش عێراقی وڵاتی ئێمە لە پێناوی ڕەخساندنی پێداویستیی سەرکەوتوو دژی دەستدرێژکەران، بۆیە لە دەربازگەی ئەم ڕاستییەوە، داوامان لە پێشمەرگەکانی خۆمان،

لە کوردستان کردووە، کە لایەنی هێمنیی تەواو بگرن و هیچ کارێک نەکەن کە ببێتە هۆی تێکدانی کەشوهەواکە، بۆ ئەوەی هەلی پێویست بۆ حکوومەتی عێراق ساز بکەن و بڕەخسێنن تا ئەرکە نەتەوەییەکانی خۆی بهێنێتەدی و، دوو ڕۆژیش پێش ئێستە بەهۆی هاوڕێ عەزیز شەریفەوە نامەیەکمان بۆ سەرۆک بەکر ناردووە، داوای ئەوەمان لێ کردووە هەوڵ بدات بۆ چاوپێکەوتنێکی بەپەلە و جیدییانە لە نێوان نوێنەرانی ئێمە و نوێنەرانی حکوومەت و حزبی بەعس بۆ دۆزینەوەی چارەسەرە هەڵواسراوەکانی نێوانمان، کە تەواوکردنی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز لە نێوانیاندایە و ئێمە چاوەڕوانی سیادەتی ئەوین لەم ڕووەوە. ئێمە بایەخدانی ئێوە بەکاروباری عێراق و ئاڵوگۆڕی ڕاوبۆچوون لەگەڵ ئێمەدا لە بارودۆخی تەنگژە و تێکۆشان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی بەکەڵک بۆیان، زۆر بەبەرز و باڵا دەنرخێنین و بڕواشمان وایە کە ڕا و دید و بۆچوون گۆڕینەوە لە نێوانماندا ئەنجامی ئیجابییانەیان لێ دەکەوێتەوە و فەرموون ئەوپەڕی ڕێز و تەقدیرمان قەبووڵ بکەن.

دڵسۆزتان

مستەفا بارزانی

١٩٧٣/١٠/١١

## پاشبەندی ژمارە (٤٤)

**(١)**

(ئەم قسەیە بەنووسین لە محەمەد مەحموود عەبدورەحمانەوە هاتووە)
چاوپێکەوتنەکە لەگەڵ سەدام حسێن-ە لە ١٩٧٣/١٢/١

دوای پێشکێشکردنی سڵاو بۆ بەڕێز بارزانی و برایەکانی تر:

گوتم: بارزانی لە بارودۆخێکی دەروونیی باشترە و، ئامادەشە دەوری خۆی وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو گیروگرفتانەی لە ئارادان ببینێ و توانای لە یەکگەیشتن لەسەر بنچینەی دۆزینەوەی چارەسەری هەمیشەیی و چەسپاو بۆ گیروگرفتەکە لەلایەکەی ترەوە هەیە.

سەدام: سڵاومان بگەیەنن بە بارزانیی بەڕێز و برایانی تر. هەرچەندە من لەمەوپێشیش گوێم لەم جۆرە قسانە بووە، بەڵام لە پێگەی خۆیان لە ڕێڕەوەکەدا بەمەسەلەی تازە دادەنرێن و، بێ ڕاوێژکردن بەکەس، وەڵامی من لەسەر ئەمە ئەوەیە کە ئێمەش هەمان ئیجابییەت و ئامادەییمان هەیە بۆ چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفتەکان. سەرەڕای ئەو سلبییاتە زۆرانەی پاکانەیان بۆ پەنابردنە بەر ڕاگەیاندنی شەڕ لە هەر لایەک، لەو دوولایە، دەهێنایەوە، یەک ڕەگەزی ئیجابی هەیە و، ئەو ڕەگەزەش پەنا بۆ شەڕ نەبردنە و واشبزانم ئەمە لە چوارچێوەی تاکتیک دەردەچێت و دەچێتە خانەی بیروباوەڕەوە. داخی ئەوەشم هەیە کە دوێنێ لە کۆبوونەوەیەکی کادیرانی پێشکەوتوودا گوتم کە ئێمە بەهیچ جۆرێک دەسەڵاتمان بەسەر ناوچەی باکوردا ناشکێ، کاتێک باسی ئەوەیان کرد کە هەندێ مادەی خۆراک دزە دەکەن بۆ دەرەوە، چونکە ئەمە کاردانەوەگەلێک دروست دەکات کە چارەسەرکردنیان لەسەر ئەم ئاستەدا گرانە و من بەنەمانی ئەو مادانە لە بازاڕدا، زۆر خەمبار بووم.

کاتێک داوای کاک مسعودم کرد، حەزم دەکرد پێیی بڵێم ئەگەر لەژێر پاڵەپەستۆی بزووتنەوەی کورد ئێمە ناچار بین دەست لە نیوەی شەتلعەرەب هەڵگرین، ئەوا ئەمە شوێنەواری سلبی و لەوانەشە قینەبەرایەتی بۆ چەند نەوەیەک جێ بهێڵێت و ئەوەش نەخزمەتی ئێمە دەکات و نەخزمەتی بزووتنەوەی کورد، وەلێ ئەگەر لەژێر بارودۆخی هاوسەنگیی هێزەکان لە دەرەوەی وڵاتەکەمان دەست لەمە هەڵگیرا، ئەوا ئەمە حیسابێکی تری دەبێت و لە هەردوو حاڵەتیشدا بۆ هاووڵاتییەکانی خۆمانی ڕاڤە دەکەین.

گوتم: بۆ وەڵامی دەست پێ نەکردنەوەی شەڕ و مەسەلەی شەتلعەرەب، بزاڤی کورد نەدەکرێ ببێتە بەشێک لە کۆنەپەرستیی ناوچەکە و نەهاوپەیمانی ئیمپریالیزم، بگرە بەشێکە لە بزاڤی گەلانی ناوچەکە و ڕزگاری لە جیهاندا و، هەر هەنگاوێکیش لەگەڵ ئەمەدا نەگونجێ ناکرێ لە ڕیزی تاکتیکەگەلی ناچاری دەرچێت (لێرەدا من وەکو حزبییەک قسە دەکەم نەک وەزیرێک)، ئێمە ئەوە دەزانین کێ گەلی کوردی

لێک دابڕ و پارچەپارچە کردووە و ١٥ تا ٢٠ ملیۆن کوردی لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە لە مافەکانی بێ بەش کردووە... ئەوانە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستێ و، تڕووسکاییەکی هیوای مافەکانی کورد لە عێراق و لەگەڵ بزاڤی ڕزگاریخوازیدایە و، ئەو شەڕەی ئەم دواییە ئەوەی سەلماند کە گەلی کورد بەویژدان و واقیعی لەگەڵ میللەتی عەرەبدایە و، لە هەموو جیهاندا تەنیا گەلی فەلەستینە کە لە ئێمە زیاتر زوڵمی لێ کرابێت، چونکە خاکەکەی خۆی لە دەست داوە.

وەڵامی سەدام: ئەمە ڕاستە و بەرژەوەندیی میللەتی کورد لەگەڵ میللەتی عەرەبدایە.

گوتم: ئەوەی زانراوە، ئێوە پرۆژەیەکتان هەیە بۆ ئۆتۆنۆمی، واتە ئێوە دەتانەوێ دەرگەی تێکگەیشتن بکەنەوە، هیوامان وایە بەتوندی بیکەنەوە و هەموو کاروبارەکان یەکلایی بکەنەوە هیچ شتێکیش بەلێڵی و نادیاری و دواخراو بەجێ نەهێڵن.

سەدام: پرۆژەکەی ئێمە لە تەواوبووندایە و ڕای من لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ ئەوەبوو هیچ شتێک بەهەڵواسراوی نەمێنێتەوە.

گوتم: کاروباری هەڵواسراو خزمەتی ئەوانە دەکات کە دەیانەوێ پێوەندییەکان تێک بدەن و شێلووی بکەن.

سەدام: ماوەکە کەم و دیاریکراوە و بواری مانۆڕ و دوودڵی کەمە و دەبێ هەموو شتێک لە ١١ی ئاداری ١٩٧٤ تەواوبێت.

گوتم: دوو خاڵی تر هەن پێویستە بیانورووژێنم، ئەوانیش پرسەکە کردنەوەی ڕێگەیە لە باکور و، ڕاگەیاندنیشە بەبرایانی تایبەتمەند لە بارەی پرۆژەی وەبەرهێنان کە تایبەتە بەدەستەی ئاوەدانکردنەوەی باکور و وەزارەتی کاروباری باکور، چاویان لێمان بێت. سەبارەت بەپێویستیی ڕێگەکردنەوەوە ڕەزامەندیی پێشان دا و ئەو چمکانەی ڕێگە لەوە دەگرن، کۆنن. داوای ئەوەشی کرد وێنەیەکی لە یاداشتەکەی خۆمی بدەمێ بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە و، لە هەمان کاتیشدا بەڵێنی باشی دا لە بارەی ئەو گوژمە پارەیەی بۆ دەستە و وەزارەت تەرخان دەکرێت.

**(٢)**

## کۆبوونەوە بۆ باسکردنی ئۆتۆنۆمی

بەغدا: چوارشەممە ١٦/١/١٩٧٤ - ئەنجوومەنی نیشتمانی

ئامادەبووان: بەڕێزان سەدام حوسێن، نەعیم حەداد، غانم عەبدولجەلیل، تاریق عەزیز، کەریم ئەحمەد، موکەڕەم تاڵەبانی، مەهدی عەبدولکەریم، ڕەحیم عەجینە، دکتۆر هیشام شاوی، نەتەوەخوازە پێشکەوتنخوازەکان، بەڕێز عەزیز شەریف.

لایەنی کوردی: حەبیب محەمەد کەریم، محەمەد مەحموود، ساڵح یوسفی، فوئاد عارف، ئیحسان

شێرزاد، دارا تۆفیق.

نە بەڕێز عەبدوللەتیف شەواف و نە کاک موحسین دزەییش هیچ کامێکیان ئامادە نەبوون لەبەر سەرقاڵییان بەئەرکی ڕەسمی.

**بەڕێز سەدام دەستی بەقسە کرد:**

بەخێرهاتنی برا و هاوڕێیان دەکەم. بەتایبەتی ئەو برایانەی لەبەر بارودۆخی تایبەتییان ماوەیەکی درێژە نەماندیون. هیوام وایە کارەکانمان لە سنووری یەک خاڵدا بن کە ئەویش ئۆتۆنۆمییە. لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا پێوەندیی ئەرێنی – نەرێنی هەبوون. بەڵام هەموو شتێک بەکۆتایی هاتن لەم خاڵەدا، کۆتایی دێ، ئێمە تکامان وایە پەلە لە مەسەلەکەدا بکەن، چونکە کاتی کەممان لەبەردەستایە. بەڵام لەگەڵ کەمیی کاتەکەش، دانوستانەکانمان زۆر درێژە ناکێشن؛ ئەگەر نیازەکانمان بۆ چارەسەرکردن لێک نێزیک بینەوە.

– دەبێ تێبینیی ئەوە بکەین کە لەنێو هەموو حزبێکدا گەیشتن بەپرۆژەی کرداری ئاسانە، بەڵام پرسەکە جیایە کاتێ لە نێوان حزبی جیاجیا باس دەکرێت، بەتایبەتیش ئەگەر هەریەکەیان پێی لەسەر ڕای خۆی داگرت. نابێ پارتی لە بارەی هەموو کاروبارێکەوە هەر بەڕای خۆیەوە بەند بێت، چونکە بزاڤی سیاسیی تر هەن کە دید و بۆچوونی جیاجیایان هەیە، هەمان شتیش لەسەر حزبەکانی تر پیادە دەکرێت.

– ئێمە و برا شیوعییەکان بەپێشنیازێکی هاوبەش گەیشتووین، بەڵام پرۆژەکە بۆچوونی هیچ لایەک بەتەواوەتی نانوێنێ و، هەروەها ڕای خەڵکی تریشمان وەرگرتووە. لەبەرئەوە ئێمە لەسەر بەیاننامەی ئادار لەگەڵ ئێوەدا ڕێککەوتین، هەروەها حزبی شیوعی میساقی بەرەی لەگەڵ ئێمەدا مۆرکردووە کە پیادەکردنی ڕێک کەوتننامەی ١١ی ئاداریشی تێدایە، باسی بەخشینی هەندێک نەرمیی دەکرد، بۆ باسکردنی لە توانادا بوونی دواخستنی وادەی پیادەکردن، بەڵام حزبی بەعس بڕیاری داوە لەبەر هۆی ئەدەبی مێژووەکە دوانەخات و بۆ ئەوەی گەلیش لەوە ڕابێنین کە ئەو بەڵێنەی دەیدەین لە کاتی خۆیدا جێبەجێی دەکەین و ئەگەر سەریش نەکەوتین، ئەوا دەڵێین شکستمان هێنا.

– ئێمە بڕوامان وایە کە ١١ی ئادار ڕادەی کۆتاییە و کۆنگرەی هەشتەمیش ئەوەی لە بڕیارەکەی خۆیدا جەختی لەسەر کردووەتەوە، ئەگەر لە ماوەی چوار ساڵدا لە پیادەکردنی بەیاننامەکە سەرکەوتن بەدەست نەهێنین، ئەوا لە ماوەی درێژکردنەوەکەشدا هەر سەرکەوتن وەدەست ناهێنین...

– کاری ئەرێنی و نەرێنیمان تاقی کردەوە، مەسەلە بنچینەییەکە مەسەلەی ئۆتۆنۆمییە و ئێمەش ئامادەین گوێ لە هەموو ئەو شتانە بگرین کە خزمەتی گەلی عێراق دەکەن.

**کاک حەبیب:** هۆی دڵخۆشیمانە کە نوێنەرانی حزب و هێزەکانی تر بەشداری بکەن، هەرچەندە ئەوان لایەک نەبوون لەو گفتوگۆیانەی کە ڕێککەوتننامەی ئاداریان لێ کەوتەوە. لە ڕاستیشدا ئێمە پێش مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکە ئەوەمان داوا کردبوو، چونکە قەناعەتمان بەوە هەیە کە کێشەی کورد تایبەتە

بەهەموو عێراقییەک، پێشوازیی لەم بەشداریکردنە برایانە دەکەین و چاوەڕوانی بەشداریکردنێن کە بەرەو گەیشتن بۆ ئەنجامی ڕاست و دروست پاڵی پێوەبنێت.

- شتێکی بەڵگە نەویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ڕێککەوتننامەی ئادار لە بەرژەوەندیی هەموو وڵاتەکەدا بوو.

- لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا گەلێک گیروگرفت لە نێوان هەردوولادا ڕوویان دا و لەمەوپێش باسیان لێوە کرا و پێویست بەوە ناکات سەرلەنوێ بیانورووژێنینەوە، ئینجا بێهوودەیی گفتوگۆی پێشوو، یان بەوتەیەکی تر سەرنەکەوتنی لە گەیشتن بەو ئامانجە هیوا بۆ خوازراوانە، هەر هۆیەک بووبێت. بەڵام ئەم بارودۆخە ناسکەی ئێستە و ئەو ماوە کەمەی ماوە بۆ ١١ی ئاداری ١٩٧٤ بایەخێکی نائاسایی بەگفتوگۆکەمان دەبەخشێت، هەروەها بەو ئامانجانەی لێی دەکەونەوە.

- پێش ئێستە برایانی حزبی بەعس داوایان کرد پرۆژەیەک ئامادە بکەین، ئێمەش پرۆژەی خۆمان پێشکێش کرد، بەڵام گوتیان ئەوە بەکەڵکی وتوویژ نایەت و بۆ جێبەجێکردن ناشێ و توندڕەوانەیە. لەم دواییەیانەدا پرۆژەکەی ئێوەمان بەدەست گەیشت و پێمان گوترا ڕەزامەندیی حزبی شیوعی لەسەرە. خواستی ئێمە لە وتوویژ لەسەرکردنی ئەم پرۆژەیە پارێزگاری کردنی یەکەتیی نیشتمانیی وڵاتەکە و چاککردنی بارودۆخە سیاسییەکەی و ڕەخساندنی هەندێک مافی نیشتمانیی ماقووڵە بۆ گەلی کورد، کە هەلی ئەوەی بۆ ساز بکات تا کاروبارەکانی خۆ هەڵسووڕێنێ و سەرەڕای ئەو گیروگرفتانەی هەن، ئێمە بڕیاری بنەڕەتیمان داوە بەدارشتەی ئیجابییانە کە هەموومان لە سەری ڕێک بکەوین لەم گفتوگۆیانە دەرچین. ئێمە بڕوامان وایە ڕێککەوتن شتێکی سەخت و ستەم نییە.

- گفتوگۆی ١١ی ئادار لە بارودۆخێکی زۆر قورس و ناخۆشدا کرا، بەڵام خواستی چارەسەرکردن بەسەر هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەدا تێ پەڕی کە ئەوسا هەبوون. هیوا و ئارەزوومان ئەوەیە ئاواتەکانی گەلی کورد لە پێڕەوکردنی مافە نەتەوەییەکانی ببێتە جێگەی لێ تێگەیشتن و کرانەوە بەڕوویدا.

- هەروەک دەشزانین، بزاڤی ڕزگاریخوازی و پێشکەوتن لە هەموو جێگەیەکدا بڵاوبووەتەوە و هەندێکیشیان شوێنی خۆیان لە نەتەوە یەکگرتووەکان داگیر کردووە. کۆماری عێراقیش هەموو لایەنی ئەو بزووتنەوانەی گرتووە و لەکاتێکدا ئێمە ئەوە دەڵێین، نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە بزاڤی گەلی کوردیش یەکێکە لە بزاڤەکانی گەلە شۆڕشگێڕە بچووکەکان و پێویستە بەچاوی لێ تێگەیشتنەوە سەیری کێشەی گەلی کورد بکرێت، چونکە گەلێکی برایە.

- ناشبێ کەس لەمەدا وا تێ بگات ئێمە لە بایەخی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار کە دانی بەئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی حکوومەتی عێراقدا ناوە، کەم دەکەینەوە یان خۆمانی لەبەر دەبەینەدەرێ، یان لە ڕۆڵی حزبی بەعس لە گەیشتن پێی کەم کەینەوە و ئەوەشمان لە ئێوە ناوێ بچنە ژێر باری هەموو ئەوانەی دیموکراتی کوردستان داوایان دەکات، بگرە مەبەست ئەوەیە بەدیدێکی بابەتییانە سەیری کێشەی گەلی

کورد بکرێت، چونکە ئاواتەکانی لەگەڵ بزاڤی مێژوو و گیانی سەردەم دەگونجێت.

– ئێمە لە کاتێکدا نرخ بۆ بەرپرسایەتیی خۆمان دادەنێین، هیوامان وایە پێشنیازەکانمان بەوەڵامدانەوە بنرخێنرێن و ئاشتی و پێشکەوتنی وڵات پتەو بێت و بەرەی ناوخۆ و سەربەخۆیی نیشتمانیمان بەهێز بێت و بەسەر دوژمنەکانی گەلەکەماندا سەرکەوین.

**کەریم ئەحمەد – حزبی شیوعی:**

ئەم کۆبوونەوەیە لە نێوان هەر سێ حزبە سەرەکییەکە و هێزە نیشتمانی و نەتەوەییە پێشکەوتنخوازەکان بەرز دەنرخێنین، ئێمە هەموو هەوڵ و ئەرکێک بەخەرج دەدەین بۆ گەیاندنی کۆبوونەوەکە بەئەنجامی ئیجابی سەبارەت بەئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کوردمان، مەسەلەکە لەو پرۆژەیەدا خراوەتە روو کە لەلایەن بەرەوە پێشکێش بەپارتی دیموکراتی کوردستان کراوە.

– هاورێ سەدام تەعبیری لەوە کرد کە پرۆژەکە دەربڕی بۆچوونی هاوبەشی بەعس و شیوعییە، بەڵام باسیشی لەوە کرد کە ئەو پرۆژەیە دیدگەی تەواوی هەردوو حزب نییە. هیوامان وایە دیموکراتی کوردستان هاوبەشیمان بکات بۆ گەیشتن بەپرۆژەیەکی هاوبەش. مەسەلەکە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتییە لە دەوڵەتە فرە نەتەوەییەکاندا.

ئێمە هەوڵی چارەسەرکردنی مەسەلەکە دەدەین لە دەربازگەی ئۆتۆنۆمییەوە لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا و هیوای ئەوە دەخوازین ئۆتۆنۆمی لەلایەن حزبە جیاجیاکانەوە پیادە بکرێت و هەروەها سەبارەت بەپیادەکردنی دیموکراسیش.

– ئێمە بۆچوونی حزبی بەعس بەرەو چارەسەرکردنی گیروگرفتەکە و جیدی بوونی لەوەدا دەنرخێنین و، ئەم کۆبوونەوەیەشمان بەڵگەی ئەوەیە. تکا لە دیموکراتی کوردستان دەکەین ئەو مەترسییانە هەڵسەنگێنێ کە رووبەرووی وڵاتەکەمان و رووبەرووی خۆشمان دەبێتەوە، هەروەها ئەو ئەرکانەش کە خراونەتە بەردەمی گەلەکەمان، بەتایبەتی ئەوەی پێوەندیی بەگەشەکارییەوە هەیە، بەتایبەتیتریش کە گەلی کوردمان بەدەست دواکەوتووییەوە ناڵاندوویەتی.

– لە کۆتاییدا ئێمە ئەو ئاواتانەی هاورێ سەدام و هاورێ حەبیب تەعبیریان لێ کردن و ئارەزوویان بۆ تەختکردنی هەموو زەحمەتییەکان و گەیشتن بەدارشتەیەکی هاوبەش، دەنرخێنین.

**تێبینییەکی خێرا لەلایەن سەدامەوە:**

– سەبارەت بەچەسپاندنی بیروباوەڕەوە پێشکەوتنێکی زۆرمان وەدەست هێناوە و هەنگاوی گەورەشمان ناوە، دەبێ ئەوەش بڵێین کە لە دەوڵەتە سەرمایەداری و سۆشیالیستەکاندا دەوڵەتی زۆر پێکەوە ژیاون و دوارۆژیان چەسپاوە، ئەگەر لەمەوپێشیش بێ ئاگا بووبین، نابێ ئەمڕۆ بێ ئاگابین.

– گەلانی زۆر شوێنی خۆیان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا کردووەتەوە، نموونەیەکی لەجێی خۆی و چاک نییە، چونکە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی لە دەوڵەتە فرەنەتەوەکاندا رێڕەوێکی تر دەگرێت.

نموونەش هەن لەبارەی ڕێڕەوی گەلان بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان کە بۆ بەرژەوەندیی ئەو گەلانە هاوجووت نەبوون.

– ئەوەی دەمەوێ جەختی لەسەر بکەم ئەوەیە کە ئەو کێشەیەی باسی دەکەین کێشەی گەلێکی فرە نەتەوەیە.

**کاک حەبیب:**

– ئەو ئۆتۆنۆمییەی داوای دەکەین لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی ئاداردایە و ئەو نموونانەش لەبارەی بزاڤی گەلان بەشێوەیەکی لاوەکی هاتن و ئەو بزاڤانە مافی زۆریان وەدی هێناوە و ئەو پرۆژەیەش کە ئێمە وەرمان گرت، دەبینین مافە نەتەوەییەکانی تێدا پەستراونەتەوە و پێویستی بەکرانەوەی زۆرتر هەیە.

ئینجا کاک محەمەد مەحموود دەستی پێ کرد و دید و بۆچوون و هەموارکردنی پێشنیازەکانی ئێمەی لەبارەی پرۆژەکەی حکوومەتەوە خستە ڕوو و گوتی:

– پرۆژەکەمان وەرگرت و بەبایەخەوە تۆژینەوەمان لەسەر کرد. بڕوامان وایە کە پرۆژەکە بەو شێوە دارشتنەی ئێستەی زۆری دەوێ.

پێشنیازەکانی خۆمانمانم لەبارەی پرۆژەکەی حکوومەتەوە خستە ڕوو، بەپێی ئەو پرۆژەیەی لەلایەن خۆمانەوە ئامادە کرابوو تا ڕادەی دەسەڵاتەکانی دەسەڵاتی ناوەندی. لەسەر ئەوەش ڕێک کەوتبووین کە لە کۆبوونەوەی داهاتوودا وتوویژ لەسەر پێشنیازەکانی ئێمە بکرێ، جگە لە هەندێ پرسیار لەبارەی پێشنیازەکانمانەوە کە زۆربەیان لەلایەن بەڕێز سەدامەوە بوون جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێویستە هەموو شتێک بەڕاشکاوی باس بکرێت و، لەو شتانەی گوتی:

– مەبەستتان لە بەشداریکردن لە ئەنجوومەنی یاسادانان، ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشە؟ ئەوەی ئێمە لە ئادار لەسەری ڕێک کەوتووین شتێکی ترە.


– بەپێی بۆچوونی ئێمە هیچ بڕگەیەک لە دەرەوەی چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی ئادار باس ناکەین، چونکە دەرچوونمان مانای وایە ئێمە وا لە بەیاننامەی ئادار گەیشتووین کە بەیاننامەیەکە بەپێی قۆناغ، ئەمەشی لە دەرخستنی داواکردنەکەی ئێمەدا گوت کە گوتمان «جێگری سەرکۆمار کورد دەبێت» چونکە بەیاننامەی ئادار دەقبەندی لەسەر ئەوە دەکات کە جێگرێکی سەرکۆمار دەبێ کورد بێت. ئێمە لە پێشنیازەکانی ئێوە دەتۆژینەوە، کاکڵەکەی وەردەگرین، ئایا لەگەڵ یەکەتیی نیشتمانییە یان نا، چونکە هیچ دەقێک لە بەیاننامەی ئاداردا نییە کە ئێمە پابەندی بین و، ئەگەر پێچەوانەشی بوو، ڕەتی بکەینەوە.


وتوویژی لەسەر پایەتەختی ئۆتۆنۆمیی کرد و، گوتی ئەگەر ئارەزووتان کەرکووکە، دەبێ بەڕاشکاوی بگوترێت – ئەمەش توانجێک بوو لەسەر پێشنیازی دیاریکردنی ناوەند (مرکز)، دوای دیاریکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی.


جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە مەبەستی ئێمە کەرکووکە.

کـۆبوونەوەکـە مـاوەی سێ سـەعـات بەردەوام بوو و، کـۆبوونەوەی داهاتووش بۆ سـەعـات ١١ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە دواخرا.

**تێبینی**: لە کۆبوونەوەکەدا ڕێککەوتن لەسەر ئەوە کرا کە باسی پرسی دیاریکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بۆ کۆبوونەوەی داهاتووی ڕۆژی شەممە هەڵبگیرێ.




















## پاشبەندی ژمارە (٤٩)

## دابەشکردنی سوپای عێراق بەسەر بەرەدا تا کۆتاییی ١٩٧٥/٢/٢٥

**تیپی یەکەم:**

بارەگای پێشەوە لە چەمچەماڵە – بارەگای دواوە لە دیوانییەیە

ل١ میکانیکی – بارەگای لیوا لە چەمچەماڵە، فەوجێک لە چەمچەماڵە، فەوجێک لە سەنگاوە، فەوجێک لە دووزە.

ل١٤ بەهەموویەوە لە کێوە ڕەشە، جگە لە فەوجێک لە نێزیک پڵنگانە.

ل١٥ میکانیکی – بارەگای لیوا لە شوعەیبەیە لەگەڵ فەوجێک، فەوجێک لە بلجانیەیە، فەوجێک لە سیبەیە.

**تیپی دووەم:**

بارەگاکەی لە کەرکووکە

ل٢– لە ماکۆکە

ل٤– فەوجێک لە ناوچەی ڕانیەیە/ بارەگای لیوا لەگەڵ دوو فەوج لە کەرکووکە بۆ دووبارە پێکهێنانەوە و مەشقکردن.

ل٣٦– بارەگای لیوا لە سووسێیە لەگەڵ فەوجێک، فەوجێک لە ئەزمرە، فەوجێک لە دوکانە.

ل١٠٢– لە ناوچەی رواندزە.

**تیپی سێیەم:**

بارەگای دواوە لە تکریتە، بارەگای پێشەوە لە ناوچەی بەدرە و جەسانە.

ل٨ میکانیکی – بارەگای لیوا لە هەولێرە لەگەڵ دوو فەوج بۆ دووبارە مەشقکردن و ڕێکخستن، فەوجێک لە ناوچەی باپشتیانە.

ل مع ٦– لە ناوچەی ڕانیە و قەڵادزێیە.

ل مع ١٢– لە ناوچەی خانەقینە جگە لە کەتیبەی تانک کە لە ناوچەی بەدرەیە.

**تیپی چوارەم:**

بارەگاکەی لە مووسڵە

ل ١٨– بارەگاکەی لە دهۆکە لەگەڵ فەوجێک، فەوجێک لە زاخۆیە، فەوجێک لە شێخانە.

ل ٥– فەوجێک لە زۆزکە، بارەگای لیوا لەگەڵ دوو فەوج لە مووسڵن بۆ دووبارە مەشقکردن و ڕێکخستنەوە.

ل ٣٨– بارەگاکەی لەگەڵ فەوجێک لە ئاکرێیە، فەوجێک لە بجیلە، فەوجێک لە زاخۆیە.

ل ٢٩– لە مووسڵە بۆ دووبارە مەشقکردن و ڕێکخستنەوە (جگە لە فەوجێک کە لە سەفینە).

**تیپی پێنجەم:**

بارەگاکەی لە بەسرەیە

ل ٢٧ میکانیکی – بارەگای لیوا لەگەڵ فەوجێک لە چەمچەماڵە، فەوجێک لە سەنگاوە، فەوجێک لە بازیانە.

ل ٢٠ میکانیکی – بارەگای لیوا لەگەڵ دوو فەوج لە هەریرن، فەوجێک لە ڕواندزە.

ل ١٩ میکانیکی – بارەگای لیوا و دوو فەوج لە ناوچەی ڕواندزن، فەوجێک لە بەسرەیە.

**تیپی شەشەم:**

بارەگاکەی لە جەلەولایە.

ل مع١٦ – لە ناوچەی نێوان خانەقین و دەربەندیخانە.

ل مع ٣٠– لە سلێمانی و قەرەداغ و دەربەندیخانە.

ل ٢٥ میکانیکی – بارەگای لیوا لەگەڵ فەوجێک لە دەربەندیخانن، فەوجێک لە عەربەتە، فەوجێک لە سلێمانییە.

**تیپی هەشتەم:**

بارەگاکەی لە هەولێرە.

ل ٣ لە هەولێرە بۆ دووبارە مەشق پێکردن و ڕێکخستنەوە جگە لە فەوجێک کە لە گەرووی عومەراغایە.

ل ٢٢ لە کۆڕەکە.

ل ٢٣ بارەگای لیوا لە گەلی و سپیلکە لەگەڵ دوو فەوج، فەوجێک لە شەقڵاوەیە.

**تیپی دەیەم:**

بارەگاکەی لە بەغدایە.

ل مع ١٠– لە ناوچەی ڕواندزە.

ل مع ١٧– لە کەرکوکە.

ل ٢٤ میکانیکی – بارەگای لیوا لە سوێرەیە لەگەڵ فەوجێک، فەوجێک لە دەربەندی ڕانیەیە، فەوجێک لە ڕانیەیە.

**لیوا یەدەگەکان:**

لیوایەک لە سلێمانییە.

لیوایەک لە هەولێرە.

لیوایەک لە دەشتی هەولێرە.

لیوایەک لە کۆیە و هەیبەت سوڵتانە.

لیوایەک لە دهۆکە.

لیوایەک لە مووسڵ و شێخانە
لیوایەک لە ئاکرێ و ناوچەی سوورچییە.
لیوایەک لە سپیلکە.
لیوایەک لە ڕانیە و قەڵادزێ و سەروچاوەیە.
لیوایەک لە ناوچەی خانەقینە.

**لیواکانی پۆلیس:**

لیوایەک لە هەولێرە.
لیوایەک لە سلێمانییە.
لیوایەک لە کەرکووکە.
لیوایەک لە مووسڵە.
لیوایەک لە هەریرە.
لیوایەک لە دامەزراوەکانی نەوتە لە ناوچەی کەندیناوە.
لیوایەک لە دامەزراوەکانی نەوتە لە جەمبوور و کەرکووک.

**هێزە تایبەتییەکان**

فەوجێک لە قلیاسانە، فەوجێک لە زۆزکە، فەوجێک لە دیانەیە، فەوجێک لە دۆڵە ڕەقەیە، فەوجێک لە سیتەکان و سەرتیزە، بارەگای هێزەکان لە دیانەیە.

**هێزە ئاسمانییەکان:**

١- پۆلی یەکەم - سیخۆی ٢٠ - لە بنکەی ئاسمانیی کەرکووکە.
٢- پۆلی دووەم (هیلیۆکۆپتەر می ٨) لە باڵەفڕگەی کەی وان K1 لە کەرکووکە.
٣- پۆلی سێیەم (گواستنەوە) لە باڵەفڕگە مەدەنییە کۆنەکەیە لە بەغدا.
٤- پۆلی چوارەم (هیلیۆکۆپتەر وێسکس) لە بنکەی ئاسمانیی کەرکووکە.
٥- پۆلی پێنجەم (سیخۆی ٧) لە بنکەی ئاسمانیی کەرکووکە.
٦- پۆلی شەشەم (هەنتەر) لە بنکەی ئاسمانیی کەرکووکە.
٧- پۆلی حەوتەم (مێگ ١٧) لە بنکەی ئاسمانیی مووسڵە.
٨- پۆلی هەشتەم: (سیخۆی ٢٠) لە بنکەی ئاسمانیی کوتە جگە لە مەفرەزەیەک کە لە کەرکووکە.
٩- پۆلی نۆیەم (مێگ ٢١) لە بنکەی ئاسمانیی کەرکووکە.
١٠- پۆلی دەیەم (ئیلیووشن - باجەر ١٦) لە باڵەفڕگەی هەزەبەیە.
١١- پۆلی ١١ (مێگ ٢٣) لە باڵەفڕگەی هەزەبەیە.
١٢- پۆلی ١٢ (هیلیۆکۆپتەر می ٨) لە باڵەفڕگەی کەیوانە K1 لە کەرکووک.

١٣- پۆلی ١٤ (مێگ ٢١) لە بنکەی ئاسمانیی بەغدایە.
١٤- پۆلی ١٥ (هیلیۆکۆپتەر می ٨) لە بنکەی ئاسمانیی بەغدایە.
١٥- پۆلی ١٦ (هیلیۆکۆپتەر می ٨) لە بنکەی ئاسمانیی شوعێبەیە.
١٦- پۆلی ١٧ (مێگ ٢١) لە بنکەی ئاسمانیی بەغدایە.
١٧- پۆلی ١٨ (تۆپۆلیڤ ٢٢) لە باڵەفڕگەی هەزەبەیە.
١٨- پۆلی ٢٢ (هیلیۆکۆپتەر) لە سەربازگەی تاجییە.
١٩- پۆلی ٢٤ (هیلیۆکۆپتەر می ٦) لە بنکەی ئاسمانیی کەرکووکە.
٢٠- پۆلی ٣٠ (هیلیۆکۆپتەر ئەلویت) لە باڵەفڕگە مەدەنییە کۆنەکەیە.

## شوێنەکانی دوژمن لە بەرەی ڕانیە و قەڵادزێ تا کۆتایی ١٩٧٤/١٢/٤

(أ)

١- لیوای دووەم لە ماکۆکە.
٢- لیوای چواردەیەم لە کێوەڕەشە.
٣- لیوای پازدەمی میکانیکی لە ڕانیە - قورەتووە.
٤- لیوای سی و شەشەم لە قەڵادزێیە.
٥- لیوای نۆزدەیەم - دوو فەوجی لیواکە لە کەرتی قەڵادزێن.
٦- لیوای بیست و چوارەمی میکانیکی لە کەرتی ڕانیەیە.
٧- لیوای زرێپۆشی دوازدەیەم لە کەرتی ڕانیە و قەڵادزێیە.
٨- لیوای یەدەگ لە کەرتی ڕانیە و قەڵادزێیە.
٩- فەوجێکی هێزی تایبەت لە ماکۆکە.
١٠- کەتیبە تانکەکانی سەر بەتیپی شەشەم.

**(ب) تۆپخانە:**

١- کەتیبەی تۆپخانەی ١٢٢ ملم مەیدان لە سەروچاوەیە.
٢- کەتیبەی تۆپخانەی ١٢٢ملم مەیدان لە سەرکەپکانە.
٣- کەتیبەی تۆپخانەی ١٢٢ ملم مەیدان لە پاش قۆتەڵە.
٤- کەتیبەی تۆپخانەی ١٢٢ ملم کەوانە، لە شکارتەیە.
٥- کەتیبەی تۆپخانەی ١٥٢ ملم لە ڕانیەیە.
٦- کەتیبەی تۆپخانەی ١٢٠ ملم هاوەن لە ماکۆکە.
٧- کەتیبەی تۆپخانەی ١٢٠ ملم هاوەن لە هەنجیرەیە.

٨- کۆمەڵە تۆپخانە (بطریە)ی ١٣٠ ملم مەیدان لە قەڵادزێیە.

٩- کۆمەڵە تۆپخانە (بطریە)ی ١٣٠ ملم مەیدان لە سەرکەپکانە.

١٠- کۆمەڵە تۆپخانە (بطریە)ی ١٢٢ ملم کەوانە، لە قەڵادزێ و ژاراوە و تومەسوورانە.

**(ج) پلانی دوژمن ئەمەی خوارەوە بوو:**

١- پێشکەوتن لە دۆڵی شەهیدانەوە بۆ ناوچەی ناودەشت و هەرەشەکردن لە ناوچەی دیلمان و قەسرێ و دواجاریش گەڵاڵە و بۆ یارمەتیی ئەو هێزانەی لە بێشەوە بۆ گەڵاڵە دەچنە پێش، ئەگەر سەرکەوتن.

٢- چوونە پێشەوە لە دۆڵی سەرکەپکانەوە لەگەڵ داگیرکردنی چیای کێوەڕەش و ماکۆک بۆ داگیرکردنی گەرووی کارۆخ و داکشان بۆ وەرتێ و دەرگەڵە و تێک کردنەوە بەو هێزانەی لە بەرزێوەوە بەرەو پردی حافیز دەچنە پێش. ئامانجی دووەمیش برینی هاتوچۆ و گەیاندنە لەگەڵ بەرە دەشتییەکان لە هەولێر و کۆیە. پاڵەپەستۆی دوژمن لەوێ لە پاڵەپەستۆی بەرەی ڕواندزیی کەمتر نەبوو و هەروەها زیانەکانیشی زۆر بوون و خۆی لە زیانەکانی بەرەی ڕواندزێ نیزیک دەکردەوە. چونکە دوژمن هەرچەندە توانیی ئامانجی گرینگ و زۆر لەوێ داگیر بکات، بەڵام ڕووبەڕووی بەرگرییەکی توند و لە مەرگ نەترسان بووەوە لە لایەن پێشمەرگەوە و تا توانیی ئامانجی گرینگ زۆر داگیر بکات، هەموو هێزە هێرشبەرەکانی لەدەست دا و کەوتە بارودۆخێکی بەرگری و ئەو پێگەیانەی دەپاراست کە داگیری کردبوون و دوژمن بەسەرکەوتوو دانانرێت لەمەدا بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی.

**(د)** دوای ئەوەی تۆپەکان گەیشتنە ئێنزە و هەروەها دەستکردنی تۆپخانە بەتۆپباران کردنی پێگەکانی دوژمن لە قەڵادزێ، بارودۆخەکە زۆر گۆڕا و تۆپخانە ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە تێکشکاندنی دوژمن و مراندنی گیانی واتایی لە لای.

**(هـ)** بەرگریی پێشمەرگە و پشتیوانی کردنی تۆپخانە وایان لە دوژمن کرد هەست بکات کە دەبێ تاکتیکی خۆی بگۆڕێ و لە جیاتی ئەوەی ئامێرەکانی لە سەربازگەیەک کۆ بکاتەوە، پەرتی کردن بۆ چەند شوێنێکی نادیار و هەروەها سەبارەت بەپیادە و تۆپخانەش و بەپێی زانیاریی خۆمان ئەم زیانانەی خوارەوە بەدوژمن گەیەنران:

١- لیوای یەکەمی میکانیکی لە قەڵادزێ بەتەواوی تێک شکێنرا بەجۆرێک کە کێشرایەوە بۆ کەرکووک بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی و ٥٠ لە سەدی سەربازەکانی و ٨٥ لەسەدی ئامێرەکانی لە دەست دا.

٢- زیاتر لە ٣٠ تانک و زیاتر لە ١٧٠ زرێپۆشی بگوێزەوە تێک شکان.

٣- زیاتر لە ٢٥ تۆپ تێک شکێنران.

٤- زیاتر لە ٢٣٠ ئۆتۆمۆبێلی جۆری جیاجیا تێک شکێنران.

٥- دوژمن ناچار بوو بارەگای فیرقەی دووەم لە چوارقوڕنەوە بکێشێتەوە بۆ کۆیە دوای ئەوەی کەوتە بەر تۆپبارانێکی خەست و توند و کاریگەر.
٦- زیانە گیانییەکانی دوژمن لە قەڵادزێ و ناوچەی ڕانیە لە سنووری ٢٨٠٠ کوژراو و ٣٩٠٠ بریندار دادەنران.

**(و)** زانیارییەکان وا دەگەیەنن کە سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپا نیازی وایە لیوا محەمەد فەتحیی فەرماندەی فیرقەی سێیەم بنێرێت بۆ سەرکردایەتی کردنی کەرتە سەربازییەکان لەم بەرەیەدا لەجیاتی لیوا تاڵیب محەمەد کازم فەرماندەی فیرقەی دووەم کە بەهیچ لەدەست نەهاتوو دانرا.

## شوێنەکانی دوژمن لە بەرەی ڕواندز تا کۆتایی ١٩٧٤/١٢/٤

**(أ)**

١- لیوای سێیەم لە هەریر (دووبارە ڕێک دەخرێتەوە).
٢- لیوای چوارەم لە دیانەیە.
٣- لیوای بیست و دووەم، لە کوڕەک و گۆڕەزە و بارەگاکەشی لە سپیلکە.
٤- لیوای زرێپۆشی شەشەم، لە ئەستێڵی ڕواندز دابەش کراوە.
٥- لیوای هەشتەمی ئامێرەکی لە حەوزی ڕواندز دابەش کراوە و بارەگاکەی لە باڵەکیانە.
٦- لیوای بیستەم، لە ڕواندزە لە نێو کارگەی مافوور.
٧- لیوای بیست و نۆیەم، لە دێڵزیان و گردەکەوانە.
٨- لیوای پێنجەم لە زۆزک و سیدەکانە.
٩- چوار فەوج لە هێزی تایبەت دابەش کراون لە زۆزک، سیدەکان، ڕواندز.
١٠- کەتیبەی حەوتەمی تانک لە باڵەکیانە.
١١- کەتیبەی تانک لە لیوای زرێپۆشی حەڤدەیەم لە کانی قوڕە.
١٢- کەتیبەی تانک لە لیوای زرێپۆشی شازدەیەم لە دیانایە.
١٣- سربەی سەرانسۆ (استطلاع)ی تانکەکانی فیرقەی هەشتەم لە خەلیفانە.

**(ب) تۆپخانە**

١- سێ کەتیبەی تۆپخانە لە بێخاڵ لە نێوان ڕواندز و چیای کۆڕەکدا هەن کە جۆرەکانیان ١٢٢ ملم مەیدان و ٧٥ ملم چیایی و ١٢٠ ملم هاوەنن.
٢- کەتیبەی ١٢٢ ملم کەوان لە باپشتیان (ئەسقەلا).
٣- کەتیبەی ١٥٢ ملم کەوان لە باڵەکیانە.
٤- کەتیبەی ١٢٠ ملم هاوەن لە حامیەی ڕواندزە.

٥- کەتیبەی ١٢٢ ملم کەوان لە کاولۆک (کاولۆکان)ە.

٦- کەتیبەی ١٣٠ ملم مەیدان لە خەلیفانە.

٧- کەتیبەی ٧٥ ملم چیایی لە گوان باشووری زۆزک و رۆژهەلاتی دیانەیە.

٨- کەتیبەی ١٢٢ ملم لە دێلزیان و گردەکەوانە.

٩- کەتیبەی ١٢٢ ملم کەوان لە سەروچاوەی دیانەیە.

١٠- کۆ تۆپخانە (بطریە)ی ١٥٢ ملم کەوان، کۆ تۆپخانەی ١٢٢ ملم مەیدان لە رواندزە.

**(ج)** ناوچەی هەریر بەبارەگای دواوەی ئەو هێزانە دادەنرێت، چونکە یەکەکان بۆ ئەوێ دەکێشرێنەوە بۆ دووبارە رێکخستنەوە و حەسانەوە و هەروەها کارگەیەکی مەیدان لە هەریر هەیە بۆ چاککردنەوەی ئەو ئۆتۆمۆبێل و تانک و تۆپانەی لە بەرەکان زیانیان پێ دەگات.

**(د)** ئەو زانیارییانەی گەیشتوون لەبارەی زیانی دوژمن لەوەتی پێی ناوەتە ئەستێلی رواندز وەک ئەمەی خوارەوەیە:

١- نێزیکەی تێکشکاندنی لیوای سێیەم.

٢- تێکشکاندنی لیوای بیستەم بەجۆرێک کە توانای کردەوەی هێرش هێنانی نەماوە و ئەرکی لیواکە لەسەر داکۆکی لە خۆکردن وەستاوە.

٣- تێکشکاندنی دوو فەوجی هێزی تایبەت کە بەتەواوەتی پەکیان خرا و توانای ئەوەیان لەدەست داوە کە هێرش بکەن.

٤- زیاتر لە ٦٠ تانک و پتر لە ٢٠٠ بگوێزەوە زرێپۆش تێک شکێنران.

٥- پتر لە ٣٥٠ ئۆتۆمۆبێلی لۆری و جێپ تێک شکێنران.

٦- ئەو تۆپە جۆر جیا جیایانەی تێک شکێنران لە ٤٠ تۆپ کەمتر نین.

٧- کۆگەکانی جبەخانە لە باپشتیان و دیانە و گوان تێکوپێک دران.

٨- ژمارەیەکی زۆر سەربازی دوژمن تووشی نیشانەی نۆرە دەمارگیری و (نوبات عصبیە) هاتوون لە ئەنجامی زیان و تۆپبارانی خەست.

٩- لیوای پێنجەم و لیوای بیست و نۆیەم، لە ئەنجامی تۆپباراندا تووشی زیانێکی زۆر هاتوون توانای هێرش کردنیان لە دەست داوە.

**(هـ)** پلانی دوژمن ئەوە بوو کە بچێتە پێش بۆ داگیرکردنی گەروبێشە و سەری حەسەن بەگ و پێشکەوتنی بۆ سیدەکان بۆ رێگەگرتن، ئینجا چوونە پێش بۆ هەندرێن و سەرچاوەی ئاوی رواندز، دوای ئەوەش پێشکەوتن لە بێشە و بەرزێوەوە بەئاراستەی گەلالە. بەلام بەرگریی توندی پێشمەرگە و گەیشتنی تۆپەکان رۆلێکی گەورەیان هەبوو لە گەیاندنی ئەو هەموو زیانانە بەهێزەکانی دوژمن و دوای ئەوەش، پاش پووچەڵ بوونەوەی پلانەکانی ناچاریان کرد تاکتیکی خۆی بگۆرێت بەشێوەیەک

کە کەوتە حاڵەتی بەرگرییەکی قورس، دوای ئەوەی لە هەوەڵەوە لە حاڵەتی هێرشکردنێکی خەستدا بوو. زانیارییەکانمان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە زیانە گیانییەکانی دوژمن لە بەرەی ڕواندز گەیشتوونەتە پتر لە ٣٥٠٠ کوژراو و زیاتر لە ٥٧٠٠ بریندار کە لە سەدا هەشتایان لە ئەنجامی تۆپباران بووە. خۆ ئامێرەکان و تانکەکان ئەوا زۆربەیان تۆپخانە تێکی شکاندوون. ئەمەش هی ئەو ماوەیەیە کە لە مانگی ئابی ١٩٧٤ دەست پێ دەکات تا کۆتاییی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە.

**(و)** پێش هەفتەیەک سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپا هەر یەک لە سەعید حەمۆی فەرماندەی سوپای یەکەم و عەبدولمونعیم لەفتەی فەرماندەی فیرقەی هەشتەم و ئەفسەرەکانی ئەرکانی بانگ کردووە بۆ بەغدا بۆ تاوتوێ کردنی بارودۆخی سوپا. زانیارییەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە وورەی دوژمن ڕووخاوە و بێزاری لە نێو ڕیزەکانیدا زاڵە و پەنابردنی دوژمن بۆ بۆمبارانی خەستی ئامانجە مەدەنییەکان بۆ داپۆشینی شکست هێنانیەتی لە بەرەی شەڕ و تێبینیی هەڵاتنی زۆر دەکرێت لە سوپا کاتێ بە مۆڵەت دەچنەوە بۆ ماڵەوە لە ناوەڕاست و باشووری عێراق و تەنانەت چەند ژمارەیەکیش ئەفسەر و سەرباز گوللەباران کراون، یان حەواڵەی ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوەی سەربازی کراون لە بەر ئەوەی لەبەرەی شەڕ ڕایان کردووە. هەروەها دەستپێشخەریی حکوومەت بۆ داواکردنی هێزی یەدەگ بۆ خزمەت بەڵگەیە بۆ دارمانی سوپاکەی و زۆریی زیانەکانی و سوپاکەی توانای شەڕکردنی لە دەست داوە.

## پلانی سەربازیی حکوومەت بۆ بەهاری داهاتوو (بەهاری ١٩٧٥)

١- چوونە پێشەوە لە ڕێگەی سیدەکان و سەری حەسەن بەگ بۆ بڕینی ڕێی سیدەکان بۆ گەمارۆدانی ناوچەی مووسڵ و دهۆک و دابڕینی لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە.

٢- بەردەوامبوون لە پێشکەوتن لە قەڵادزێڕا تا گەیشتن بەسنووری ئێران.

٣- پێشکەوتن بۆ پێنجوین و تا گەیشتن بەسنووری ئێران.

٤- پێشکەوتن بۆ هەڵەبجە و تا گەیشتن بەسنووری ئێران بۆ دابڕینی ناوچەی خانەقین و جیاکردنەوەی.

٥- پلانەکەیان ئەوە بوو کوردستان دابەش بکەن بۆ چەند ناوچەیەک و لێک دابڕینیان وەکو لەسەرەوە باس کرا و چڕکردنەوەی بۆمبارانی خەست لە ئاسمان و وشکانییەوە و توندکردنی گەمارۆی ئابووری و ئەگەر ئەوەی دەیانەوێ بۆیان لوا، ئەوا ناوچەکان لێک جیا دەبنەوە و گەمارۆ ئابوورییەکەش کاریگەرییەکی توند و زۆری دەبێ.

٦- بەخەرجدانی ئەوپەڕی ئەرک و توانا کە هەیانە و بەهەر قوربانیدانێک بێت بۆ گەیشتن بەحاجی ئۆمەران، ئەمەش بەچوونە پێشەوە لە تەوەری بێشێ و بەرزێوە و لە ماکۆک و کێوەڕەشەوە.

**پلانی سیاسی:**

١- ئەگەر لەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەیان سەرکەوتن، ئەوا جاری کۆتایی شۆڕشی کورد دەدەن و پێکهاتە کارگێڕییەکانی ناوچەی، ئەوەی پێی دەڵێن ئۆتۆنۆمی، تەواو دەکەن.
٢- سپاردنی بەڕێوەبردنی ناوچە داگیرکراوەکان بەکاسەلێسە کوردەکان و شیوعییەکان و لەژێر چاودێرییەکی ڕاستەوخۆی بەعسی سەربازی.
٣- ئەگەر توانییان بگەنە سنووری ئێران، ئەوا ڕەگەزە نەیارەکان لە نێو ئێران هان دەدەن و دەستیان لە پشتێ دەدەن و پێویستی و شتیان دەدەنێ بۆ خراپەکاری و یاخیبوون لە نێو ئێران.

## خشتەیەک بەزیانەکانی هێزەکانی حکوومەت بەدابەشکراوی بەسەر لیواکاندا

| ز یەکە (الوحدة) | کوژراو | بریندار | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١- ل ١ میکانیکی | ٣٣٠ | ٤٨٠ | ٦٥٪ی ئامێرەکانی تێک شکان |
| ٢- ل ٢ پیادە | ٣٨٠ | ٥٩٠ | |
| ٣- ل ٣ پیادە | ٦٦٠ | ٩٠٠ | |
| ٤- ل ٤ پیادە | ٦٠٠ | ٨٠٠ | |
| ٥- ل ٥ پیادە | ٦٢٠ | ٨٧٠ | |
| ٦- ل ٦ زرێپۆش | ١٧٠ | ١٩٠ | ٤٠ تانک تێک شکێنرا |
| ٧- ل ٨ میکانیکی | ٤٣٥ | ٥٦٠ | ٧٥٪ی ئامێرەکانی لیواکە تێک شکێنران |
| ٨- ل ١٤ پیادە | ٢٧٠ | ٣٤٥ | |
| ٩- فەوجێک لە ل١٥ | ٨٥ | ١٢٠ | |
| ١٠- ل ١٦ زرێپۆش | ١٤٠ | ٢٨٠ | ٤٥ تانک تێک شکێنران |
| ١١- ل ١٧ زرێپۆش | ٣٥ | ٩٠ | ٣٠ تانک تێک شکێنران |
| ١٢- ل ١٨ پیادە | ٣٠٠ | ٤٩٠ | |
| ١٣- ل ١٩ پیادە | ٢٠٠ | ٣٥٠ | |
| ١٤- ل ٢٠ پیادە | ٥٥٠ | ٨٥٠ | |
| ١٥- ل ٢٢ پیادە | ٣٥٠ | ٥٣٠ | |
| ١٦- ل ٢٣ پیادە | ٢٨٠ | ٣٩٠ | |
| ١٧- ل ٢٤ میکانیکی | ٢٧٠ | ٤٨٠ | ٣٥٪ی ئامێرەکانی لیواکە تێک شکێنران |
| ١٨- ل ٢٥ میکانیکی | ١٨٠ | ٢٣٠ | ٢٥٪ی ئامێرەکانی لیواکە تێک شکێنران |
| ١٩- ل ٢٧ پیادە | ٣٦٠ | ٤٥٠ | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠- ل ٢٩ پیادە | ٢٩٠ | ٤٧٠ | |
| ٢١- ل ٣٠ زرێپۆش | ١٣٠ | ٢٧٠ | ٤٥ تانک تێک شکێنران |
| ٢٢- ل ٣٦ پیادە | ١٧٠ | ٣٨٥ | |
| ٢٣- ل ٣٨ پیادە | ١٦٥ | ٢٨٠ | |
| ٢٤- هێزی تایبەت | ٧٠٠ | ١١٩٠ | لە پێنج فەوج پێک دێت |
| ٢٥- هێزی مەغاویر | ١٠٠٠ | ١٧٠٠ | هەموو تیپێک نێزیکەی یەک لیوای مەغاویری تێدایە |
| ٢٦- لیوا یەدەگەکان | ٢٠٠٠ | ٤٠٠٠ | هێزە یەدەگەکان (ئێستە لە ١٠ لیوا پێک دێن) |

## زیانە گیانییەکانی هێزەکانی شۆڕش
## لە ١٩٧٤/٣/١١ تا ١٩٧٥/٣/١١

**لە هێزەکانی پێشمەرگە**

١٥٣٥ شەهید

٢٣٦٠ بریندار

**لە ئەهالی:«لە مەدەنی»**

١٤٩٣ شەهید

١٩٥٢ بریندار

٧٤١ گوند بەر بۆمباران کەوتن

٤٣٩٩ هێرشی ئاسمانی کراوەتە سەر کوردستان

## زیانەکانی شۆڕش لە چەک و کەلوپەل
## لە ماوەی ١٩٧٤/٣/١١ تا ١٩٧٥/٣/١١

٩ دۆشکە

٢ تۆپی ٣٠ ملم دژە باڵەفڕە

٢٨ ڕەشاشی ناوەنجی

٩٨٥ تفەنگی هەمە جۆر

٤ هاوەنی ١٢٠ ملم

٧ هاوەنی ٨٢ ملم

٢٣ گوللە هاوێژی R.B.G دژە زرێپۆش (تانک)

١١ گولله هاوێژی B-10 دژه زرێپۆش (تانک)

٥ تۆپی ١٠٦ دژه زرێپۆش (تانک)

## دەسکەوتەکانی شۆڕش لە ماوەی ١٩٧٤/٣/١١ تا ١٩٧٥/٣/١١

١٨٧٩ تفەنگی سووک

٧٥ دەزگای بێتەل

٨٢ ڕەشاشی ناوەنجی

٤٣ تۆپی هاوەن

٣٥ تۆپی ١٠٦ ملم و B-10

٩٧ گولله هاوێژی جۆری R.B.G-7

## زیانی گیانی و موڵک و ماڵی هێزەکانی حکوومەت

لە ماوەی ١٩٧٤/٣/١١ تا ١٩٧٥/٣/١١

کوژراو ١١٦٨٠

بریندار ١٨٢٧٠

دیل ٢٣٠

پێوەندیکەرەکان ٢٣٤٦ لە نێو ئەوانەدا سەرباز و ئەوانی تری کاسەلێس (جاش)

تانک و سەربازگوێزەوەی تێکشکاو ٢٩٦

ئەو باڵەفڕانەی خرانە خوارەوە ٣٩

ئەو تۆپە قورسانەی تێک شکێنران ٩٦

ئەو ئۆتۆمۆبێلە سەربازییانەی قەبارە جیاجیا کە تێک شکێنران ٥٧٧

## پاشبەندی ژمارە (٥٠)

## نامەی کیسنجەر بۆ بارزانی

**دەقی نامەکە**

ئازیزم جەنەراڵ ١٩٧٥/٢/٢٢

بەوەرگرتنی نامەکەی مێژووی ١٩٧٥/١/٢٢تان زۆر دڵخۆش بووم و دەمەوێ ڕێزی خۆمان بۆ ئێوە و گەلەکەتان و پاڵەوانیەتییەکانتان دەرببڕم. ئەو گیروگرفتانەی ڕووبەڕووتان دەبنەوە بەڕاستی زۆر زلن و، ڕێزی خۆم بۆ ئەو شیکارییە سەربازی و سیاسییانەتان دەردەبڕم کە لە نامەکەتاندا هاتووە. دەمەوێ لەوە دڵنیا بن کە نامەکەتان جێی بایەخێکی زۆرە لەسەر باڵاترین ئاستەکانی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەبەر ئەو بایەخە گەورەیەی کە ئەو بابەتە لای ئێمە هەیەتی.

ئەگەر ویستتان کەسێکی باوەڕپێکراو بۆ واشنتۆن بنێرن بۆ ئەوەی زانیاریی زیاتر بدات بەحکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەبارەی بارودۆخەکە، ئەوا دڵخۆش دەبین و شەرافەتمەند دەبین کە لێرە پێشوازیی لێ بکەین. من دڵنیام کە نەدرکاندن و نهێنی لەبارەی پرسەکەوە هۆکارێکی هەتا بڵێی گرینگ و بەبایەخە بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی تا ئێستە تەواومان کردووە. ئەو نهێنییە شان بەشانی پەرۆشیمان بۆ سەلامەتیی خۆتان ئەو هۆیە بوو وای لە من کرد دوودڵ بم بۆ پێشنیازی چاوپێکەوتنی من لەگەڵ ئێوە لێرە. چاوەڕوانی وەڵام دەبم لە ئێوەوە.

ئیدی جوانترین ئاوات و ڕێزم قەبووڵ بفەرموون

هینری کیسنجەر .H.K

February 22, 1975

My Dear General:

I was most pleased to receive your message of January 22, 1975. I want you to know of our admiration for you and your people and for the valiant effort you are making. The difficulties you have faced are formidable. I very much appreciated reading your assessment of the military and political situation. You can be assured that your messages receive the most serious attention at the highest levels of the United States Government because of the importance we attach to them.

If you would like to send a trusted emissary to Washington to give the U.S. Government further information about the situation, we would be honored and pleased to receive him. I am convinced that secrecy has been of paramount importance in maintaining our ability to do what we have done; it is only for this reason--plus our concern for your personal safety--that I hesitate to suggest a personal meeting here with you. I look forward to hearing from you.

Please accept my sincerest good wishes and high esteem.

H.K.

## پاشبەندی ژمارە (٥١)

## دەقی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوان حکوومەتی ئێران و عێراق

## کە لە ساڵی ١٩٧٥دا ئیمزا کرا

یەکەم: دەقی ڕێککەوتننامەی جەزائیر ٦ی ئاداری ١٩٧٥

دووەم: پەیماننامەی سنووری عێراق – ئێران (١٩٧٥) و پرۆتۆکۆڵەکانی پاشبەندی ئەو پەیماننامەیەن کە تایبەتن بەسنووری وشکانی و ئاوی و ئاسایشی سنوور.

سێیەم: دەقی ئەو نامانەی لە نێوان وەزیری دەرەوەی ئێران و عێراق ئاڵوگۆڕ کراون.

**یەکەم: دەقی ڕێککەوتننامەی جەزائیر**

بۆ پیادەکردنی بنەماکانی سەلامەتیی خاک و ڕێزگرتنی سنوور و دەست نەخستنە ناو کاروباری ناوخۆ، هەردوو لای باڵای ڕێککەوتوو بڕیاریان دا:

١- نەخشەکێشانی ئێجگارەکی سنووری وشکانیی هەردوو لا بەپشت بەستن بەپرۆتۆکۆلی قوستەنتینییەی ساڵی ١٩١٣ ز. و کۆنووسەکانی لیژنەی دیاریکردنی سنووری ساڵی ١٩١٤ ز.

٢- دیاریکردنی سنوورە وشکانییەکەیان بەپێی هێڵی «تالوک» (کە ئەویش هێڵێکە لە ناوەڕاستی ئاوەڕۆی سەرەکی کە بەکەڵکی کەشتییەوانی بێت لە کاتی نزم بوونەوەی ئاستی ئاو بەدەست پێکردن لەو خاڵەی سنووری وشکانی لە شەتلعەرەبەوە تا دەریا دادەبەزێت)*.

٣- بەپێی ئەمە، هەردوو لا ئاسایش و باوەڕ بەیەک کردن بەدرێژاییی سنووری هاوبەشیان دەگەڕێننەوە و پابەندی چاودێرییەکی توند و کاریگەر دەبن لەسەر سنوورەکانیان بۆ دانانی سنوورێکی ئێجگارەکی بۆ هەموو خۆ دزینەوەیەک کە مەبەستی تێکدانی تێدا بێت و لە هەر لایەکەوە هاتبێت.

٤- هەردوو لا لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە ئەو تەرتیبەی لە سەرەوە دەستیان پێ کراوە ڕەگەزی چارەسەرێکی کۆگرن و لێی جیا نابنەوە. لە کۆتاییشدا دەست لێدانی بنەمای هەر یەکێکیان، بێگومان، پێچەوانەی گیانی ڕێککەوتنی جەزائیرە و، هەردوو لاش گرێدراویی بەردەوامیان لەگەڵ سەرۆک هەواری بومەدیەن دەبێت کە لەکاتی پێویستیدا یارمەتیی برایانەی جەزائیر پێشکێش

* تالوک – وشەیەکی ئەڵمانییە لە دوو بەش پێک هاتووە، Thal بەمانای دۆڵ و، Weg، ماناکەی (ڕێگەی دۆڵ)ە و Thalweg بوو بەزاراوەیەکی نێودەوڵەتی بۆ پارێزگاریی ناوەڕاستی ئاوەڕۆی ئاو، یان ئەو تەوژمەی دەکەوێتە ناوەڕاستی ئاوەڕۆی زێ. عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، (تأريخ الوزارات العراقية)، ج ٥، بەغدا ١٩٨٨، ل ٢٤

دەکات لە پێناوی پیادەکردنی ئەم بڕیارە. هەردوو لا ئەوەش بەڕەسمی ڕادەگەیەنن کە دەبێ ناوچەکە لە هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی پارێزراو بێت.

**دووەم: پەیماننامەی سنووری عێراق - ئێرانی ساڵی ١٩٧٥**

دەقـەکـانی پەیماننامـەی سنووری نێـودەوڵەتی و دراوسێ دۆسـتـیی نێـوان عـێـراق و ئـێـران و هەر سێ پرۆتۆکۆڵە پاشکۆکەی کە تایبەتن بەسنووری وشکانی و ئاوی و ئاسایشی سنوور*

ئەم دەقانە لە بەغدا لە ڕۆژی ١٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٥ دکتۆر سەعدوون حەمادی وەزیری دەرەوە لە لایەنی عێراقەوە و لە لایەنی ئێرانیشەوە بەڕێز عەباس خەلعەتبەری وەزیری دەرەوەی ئێران ئیمزا کرا و هەروەها بەڕێز عەبدولعەزیز بوتەفلیقەی وەزیری دەوەوەی جەزائیریش ئیمزای کرد. ئەمەی خوارەوەش دەقی پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێ دۆستیی نێوان عێراق و ئێرانە.

- سەرکۆماری عێراق و خاوەن شکۆ ئیمپراتۆر شاهەنشای ئێران، لەبەر خواستی دڵسۆزانەی هەردوو لا کە لە ڕێککەوتننامـەی جـەزائیـر لە ئاداری ١٩٧٥ تەعـبـیـری لێ کـراوە بۆ گـەیشتن بەچارەسـەرێکی ئێجگارەکیی هەمیشەیی بۆ هەموو ئەو هۆیە جێبەجێ نەکراو و هەڵواسراوانەی نێوان هەردوو وڵات و: لەبەر ئەوەی هەردوو لا چاویان بەهێڵکاریی ئێجگارەکیی سنووری وشکانیی خۆیاندا گێڕایەوە لەسەر بنچینەی پرۆتۆکۆڵی قوستەنتینییەی ساڵی ١٩١٣ و کۆنووسەکانی دانیشتنەکانی کۆمیسیۆنی دەستنیشانکردنی سنوور لە ساڵی ١٩١٤ بۆ سنوورە ڕووبارییەکان بەپێی هێڵی تالوک و، لەبەر ئەو پێوەندییە دراوسێیەتییە مێژوویی و ئایینی و ڕۆشنبیری و ژیارییەی لە نێوان هەردوو گەلی عێراق و ئێراندا هەیە و، لەبەر ئارەزووی هەردوولا بۆ چەسپاندنی پێوەندیی دۆستایەتی و دراوسێ دۆستی و قوولکردنەوەی پێوەندییەکانیان لە مەیدانی ئابووری و ڕۆشنبیری و گەشەپێدانی پێوەندیی نێوان ڕۆڵەکانی هەردوو گەل و، بەرزکردنەوەی بۆ ئاستێکی باشتر لەسەر بناخەی بنەمای سەلامەتیی هەرێمەکە و ڕێزگرتنی سنوور و دەستێوەرنەدانی کاروباری ناوخۆ و لەبەر نیازبەندیی هەردوو لا بۆ کارکردن لە پێناوی پێکهێنانی سەردەمێکی تازەی پێوەندیی نێوان عێراق و ئێران لەسەر بناخەی ڕێزگرتنی تەواوی سەربەخۆیی نیشتمانی و یەکسانیی دەوڵەتان لە سەروەرییان و لەبەر بڕوای هەردوولا بەم سیفەتە، بۆ پیادەکردنی بیروباوەڕ و وەدیهێنانی ئامانجەکان ئەو مەبەستانەی لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوون، بڕیاری بەستنی ئەم پەیماننامەیان دا و نوێنەری ڕاسپێردراوی خۆیان دانا.

سەرکۆماری عێراق، سیادەتی سەعدوون حەمادی وەزیری دەرەوەی عێراق.

خاوەن شکۆی ئیمپراتۆری شاهەنشای ئێران، سیادەتی عەباس خەلعەتبەری وەزیری دەرەوەی ئێران کە هەردووکیان بەڵگەنامەی دەسەڵات پێدانی تەواوی خۆیان گۆڕییەوە و بینییان کە ڕاستە و بەپێی ڕێوشوێنە، لەسەر ئەم ئەحکامانەی خوارەوە ڕێک کەوتن:

* زۆربەی دەوڵەتەکانی جیهان هیچ ئاگادارییەکیان لەبارەی ئەم دەقانەوە نەبوو.

**مادەی یەکەم:** هەردوو لای بالآی پەیمانبەستوو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە سنووری نێودەوڵەتیی وشکانیی نێوان عێراق و ئێران ئەوەیە کە لەسەر بنچینە و بەپێی ئەو ئەحکامەی پرۆتۆکۆڵی سنووری وشکانی و پاشکۆکانی پرۆتۆکۆڵی ناوبراو لە پێشەوە؛ کە هاوپێچی ئەم پەیماننامەیە کراون، گرتوونیە خۆ، دووبارە هێڵیان بۆ کێشرایەوە.

**مادەی دووەم:** هەردوو لای بالآی پەیمانبەستوو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە سنووری نێودەوڵەتیی شەتلعەرەب ئەوەیە؛ کە لەسەر بناخە و بەپێی ئەحکامی پرۆتۆکۆڵی دەستنیشانکردنی سنووری ئاوی و پاشبەندەکانی پرۆتۆکۆڵی ئەم پەیماننامەیە کە لە پێشەوە ناوبران، گرتوونیە خۆ، دیاری کراون.

**مادەی سێیەم:** هەردوو لای بالآی پەیمانبەستوو بەڵێنی ئەوە دەدەن چاودێرییەکی توند و کاریگەری هەمیشەیی و بەردەوام بخەنە سەر سنووری خۆیان، بەمەبەستی ڕاگرتنی هەموو خۆ دزینەوەیەک کە مەبەستی تێکدانی پێوە دیار بێت جا لە هەر کوێیەکەوە هاتبێت، ئەمەش لەسەر بنچینە و بەگوێرەی ئەو ئەحکامەی کە پرۆتۆکۆڵی ئاسایشی سنوور گرتوویەتیە خۆ کە پاشکۆی ئەم پەیماننامەیەیە.

**مادەی چوارەم:** هەردوو لای بالآی پەیمانبەستوو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەحکامی هەر سێ پرۆتۆکۆڵ و پاشبەندە ناوبراوەکانیان لە مادەی ١ و ٢ و ٣ ی ئەم پەیماننامەیەدا و پێیەوە هاوپێچ کراون و بەشێکی لێک نەترازاوی پەیماننامەکە پێک دەهێنن، ئەوانە ئەحکامی ئێجگارەکی و هەمیشەیین و لەبەر هەر هۆیەک بێت، نابێت پێشێل بکرێن و ڕەگەزێک پێک دێنن کە لە لێک جیاکردنەوە نایەت بۆ یەکلایی کردنەوەی گرفتەکان بەشێوەیەکی گشتگر، دەست لێدانی هەر یەکێک لە بنەماکانی ئەم گرفت یەکلایی کردنەوە گشتگیرە بەبێ سێ و دوو پێچەوانەی گیانی ڕێککەوتننامەی جەزائیر دەوەستێت.

**مادەی پێنجەم:** لە چوارچێوەی دەسکاری نەکردنی سنوور و ڕێزگرتنی وردی سەلامەتیی هەرێمایەتیی نیشتمانیی هەردوو دەوڵەت، هەردوو لای بالآی پەیمانبەستوو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هێڵی سنووری وشکانی و ئاوییان نابێ دەسکاری بکرێت و ئەو هێڵە هەمیشەیی و ئێجگارەکییە.

**مادەی شەشەم:**

١- لە حاڵەتی ڕوودانی ناکۆکییەک کە پێوەندیی بەلێکدانەوە، یان پیادەکردنی ئەم پەیماننامەیە و سێ پرۆتۆکۆڵەکانی و پاشکۆکانیەوە هەبوو، ئەوا ئەو ناکۆکییە لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی هێڵی سنووری عێراق و ئێران کە لە مادەی یەکەم و دووەمی ئاماژە بۆ کراو لە سەرەوەدا بەیان کراوە، چارەسەر دەکرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئاسایشی سنووری عێراق - ئێران بەگوێرەی مادەی ٣.

٢- ئەو ناکۆکییە لە قۆناغی یەکەمدا لە لایەن لایەنە بالآکانەوە لە ڕێگەی دانوستانی دوو قۆڵییەوە لە ماوەی دوو مانگدا لە مێژووی پێشکێشکردنی داواکاریی یەکێک لە دوو لایەنەکە چارەسەر دەکرێت.

٣- لە حاڵەتی ڕێک نەکەوتنی لایەنە بالآ پەیمانبەستووەکان لە ماوەی سێ مانگدا، پەنا دەبەنە بەر داواکردنی هەوڵدانی دۆستانەی دەوڵەتێکی سێیەم.

٤- له حاڵەتێکدا ئەگەر یەکێک له دوو لایەنەکه پەنابردنه بەر هەوڵی دۆستانەی ڕەت کردەوە، یان سەرنەکەوتنی کاری هەوڵدان، ئەوا بۆ چارەسەریی ناکۆکییەکە، له ماوەیەک کە له مانگێک تێپەڕ نەکات له مێژووی ڕەتکردنەوە، یا سەرنەکەوتنەکە، ڕێگەی داوەریی (تحکیم)ی بۆ دەگیرێ.

٥- له حاڵەتی ڕێک نەکەوتنی هەردوو لای بالای پەیمانبەستوو له بارەی کاری ناوبژیکاری، ئەوا یەکێک له هەردوو لای بالای پەیمانبەستوو مافی ئەوەی هەیە، له ماوەی پازده ڕۆژدا کە له دوای ڕێک نەکەوتنەکە دێت، پەنا بباته بەر دادگەیەکی داوەری... و بۆ مەبەستی پێکهێنانی دادگەیەکی داوەری بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەیەک، ئەوا پێویستە لەسەر هەر یەک له هەردوو لای بالای پەیمانبەستوو، یەکێک له هاوولاتییەکانی خۆی دابنێت وەک داوەر و ئەو دوو داوەرەش داوەرێکی بالا هەڵدەبژێرن... و له حاڵەتێکدا ئەگەر هەردوو لای بالای پەیمانبەستوو داوەری خۆیان دانەنا له ماوەی مانگێک لەو مێژووەی که یەکێک له دوولایەکه پێ ڕاگەیاندنی لایەکەی تری وەرگرتووە بۆ داوای داوەری، یان له حاڵەتێکدا ئەگەر هەردوو لا پێش کۆتایی هاتنی ماوەی ناوبراو بەرێککەوتنێک نەگەیشتن لەبارەی هەڵبژاردنی داوەری بالا، ئەوا ئەو لایه بالا پەیمانبەستووەی داوای داوەریی کردووە مافی ئەوەی هەیە داوا له سەرۆکی دادگەی دادی نێودەوڵەتی بکات که چەند داوەرێک، یان داوەری بالا دابنێ بەپێی کارەکانی دادگەی هەمیشەییی داوەر دانان.

٦- بڕیاری دادگەی داوەریی هەمیشه سیفەتی زۆرەکی و جێبەجێکردنی هەیە سەبارەت بەهەردوو لای پەیمانبەستووی بالا.

٧- هەردوو لای بالای پەیمانبەستوو خەرجیی داوەرییەکە بەنیوەیی دەدەن.

**مادەی حەوتەم**: ئەم پەیماننامەیە و هەرسێ پرۆتۆکۆڵەکانی که پاشبەندی کراون بەپێی مادە ١٠٢ له میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمار دەکرێت.

**مادەی هەشتەم**: هەر یەک له دوو لا بالا پەیمانبەستووەکه ئەم پەیماننامەیە و هەرسێ پرۆتۆکۆڵەکانی پاشبەندکراوی، بەپێی یاسای ناوخۆی پەسەند دەکات.

ئەم پەیماننامە و هەرسێ پرۆتۆکۆڵه پاشبەندکراوەکانی له کاتی گۆڕینەوەی بەڵگەنامەی پەسەند کردن که له تاران ئەنجام دەدرێت، پێ دەنێنه کار پێکردنەوە. لەبەر ئەوە هەردوو لای دەسەلات پێدراو له لایەن هەردوو لای بالای پەیمانبەستووەوە، ئەم پەیماننامە و هەرسێ پرۆتۆکۆڵه پاشبەندکراوەکانیان ئیمزا کرد.

له ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥ ز له بەغدا نووسراوە

عەباس عەلی خەلعەتبەری وەزیری دەرەوەی ئێران – سەعدوون حەمادی وەزیری دەرەوەی عێراق

ئەم پەیماننامە و هەر سێ پرۆتۆکۆڵه پاشبەندەکەی بەئامادەبوونی سیادەتی عەبدولعەزیز بوتەفلیقەی ئەندامی ئەنجوومەنی شۆڕش – وەزیری دەرەوەی جەزائیر ئیمزا کران.

# پرۆتۆکۆڵی دەستنیشانکردنی سنووری ئاوی

بەپێی ئەوەی کە لە بەیانی جەزائیر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥دا بڕیار درا، هەردوو لای پەیمانبەستوو لەسەر ئەو ئەحکامە ڕێک کەوتن:

**مادەی یەکەم**: هەردوو لای پەیمانبەستوو جەخت دەکەنەوە و دان بەوە دادەنێن کە دیاریکردنی سنووری ئاویی نێودەوڵەتی لە نێوان عێراق و ئێران لە شەتلعەرەب بەپێی هێڵی تالوک لە لایەن لیژنەی تێکەڵاوی عێراقی – ئێرانی – جەزائیری ئەنجام دراوە لەسەر بنچینەی ئەمانەی خوارەوە:

١- پرۆتۆکۆڵی تاران لە مێژووی ١٧ی ئاداری ١٩٧٥ .

٢- کۆنووسی کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوە، لە بەغدا لە ٢٠ی نیسانی ١٩٧٥ کە، لە نێو شتی تریشدا، ڕەزامەندیی لەسەر کۆنووسی ئەو لیژنەیە ڕاسپێردراوە پێشان دا، بۆ دەستنیشانکردنی سنووری ئاوی و کۆنووسەکە لەسەر پشتی کەشتیی عێراقی (الثورة) لە شەتلعەرەب لە ١٦ی نیسانی ١٩٧٥دا ئیمزا کرا.

٣- ئەو نەخشە ئاوییە هاوبەشانەی کە لە دوای دڵنیابوون لێیان لە شوێن و ڕاستکردنەوەیان و گوێزانەوەی تانوپۆی جوگرافی بۆ خاڵەکانی تێپەڕینی هێڵی سنوور لەساڵی ١٩٧٥، لەسەر ئەو نەخشانەی کە تەکنیکارە تایبەتمەندەکانی ئاوزانی لە لیژنەی هونەریی تێکەڵاو ئیمزایان کرد و بەئیمزای پەسەندکراوی سەرۆکی شاندەکانی عێراق و ئێران و جەزائیر لە لیژنەکەدا کرا بەبەڵگە، ئەو نەخشانەی لە پێشەوە و ئەوانەیش لە خوارەوە باس کران خرانە پاڵ ئەم پرۆتۆکۆڵە و بوونە بەشێک کە لە یەکتر جیا نابنەوە.

نەخشەی ژمارە (١): دەروازەی شەتلعەرەب، ژمارە ٣٨٤٢ کە لە لایەن ئەمیراڵیی بەریتانیاوە بڵاوکراوەتەوە.

نەخشەی ژمارە (٢): بەنداوی ناوەوە تا خاڵی کبدا ژمارە ٣٨٤٣ کە لە لایەن ئەمیراڵیی بەریتانیاوە بڵاو کراوەتەوە.

نەخشەی ژمارە (٣): خاڵی کبدا تا عەبادان ژمارە ٣٨٤٤ کە لە لایەن ئەمیراڵیی بەریتانیاوە بڵاو کراوەتەوە.

نەخشەی ژمارە (٤): عەبادان تا دوورگەی ئومولتەویلە ژمارە ٣٨٤٥ کە لە لایەن ئەمیراڵیی بەریتانیاوە بڵاو کراوەتەوە.

**مادەی دووەم:**

١- بۆ هێڵی سنوور لە شەتلعەرەب، تالوک پەیڕەو دەکرێت، واتە ناوەڕاستی ئاوەڕۆی سەرەکیی کە لە نزمترین ئاستی توانای دەریاوانی بە کەڵکی کەشتیوانی بێت، لە دەست پێکردنی ئەو خاڵەی کە سنووری وشکانیی نێوان عێراق و ئێرانی لێوە دێتە خوار لە شەتلعەرەبەوە تا دەریا.

٢- هێڵی سنوور کە بەو شێوەیەی لە برگەی یەکەمی سەرەوە پێناسە کرا، لەگەڵ ئەو گۆڕینکارییانەی لە ئەسڵدا دەگەڕێنەوە بۆ هۆی سروشتی لەو ئاوەڕۆ سەرەکییەی بەکەڵکی کەشتیوانی دێت، دەگۆڕێت و، هێڵی سنوور بەهیچ گۆڕینکاریی تر ناگۆڕێت تا هەر دوو لای پەیمانبەستوو ڕێککەوتننامەیەک بۆ ئەم مەبەستە، نەبەستن.

٣- دڵنیا بوون لەو گۆڕانکارییە باسکراوانە لە برگەی (٣)ی سەرەوە بەشێوەیەکی هاوبەش لە لایەن داوودەزگای تەکنیکی تایبەتمەندیی هەردوو لای پەیمانبەستوو، ئەنجام دەدرێت.

٤- ئەگەر بەهۆی دیاردەی سروشتییەوە ئاوەڕۆ، یان ئاوڕێژگەی شەتلعەرەب گوێزرایەوە و ئەو گوێزرانەوەیە بوو بەهۆی گۆڕانی (عائدییەتی) نیشتمانیی هەرێمی هەردوو دەوڵەتی تایبەتمەندیدار، یان موڵک و ماڵی نەگوێزراوە، یان بینا و شتی تر، ئەوا هێڵی سنوور هەر بەردەوام دەبێ لەوەی کە لە تالوکە بەپێی ئەوەی کە لە برگە (١)ی سەرەوەدا باس کراوە.

٥- ئەگەر هەردوو لا بەرێککەوتنێکی هاوبەش بریار نەدەن کە هێڵی سنوور دەبێ لە ئێستە بەدواوە لەسەر ئاوەڕۆ تازەکە بڕوات، ئەوا ئاوەکە بەخەرجیی هەردوو لا دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو ئاوەڕۆیەی ساڵی ١٩٧٥ هەر وەکو لەسەرەوە لە چوار نەخشە هاوبەشەکە ئاماژەی بۆ کراوە و لە برگە (٣)ی مادەی یەکەم لەسەرەوە دەقبەندی لەسەر کراوە، ئەوە ئەگەر یەکێک لە دوو لایەکە داوای ئەوەی کرد لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی دوای ئەو کاتەی کە گوێزرانەوەکەی تێدا وەدی هاتوو - بەدەستی یەکێک لە هەردوو لایەکە و، لەو کاتەشدا هەردوو لا پارێزگاری بەمافی خۆیان دەکەن لە کەشتیوانی و سوود وەرگرتن لە ئاوەڕۆ تازەکە.

**مادەی سێیەم:**

١- سنووری ئاوی لە شەتلعەرەب لە نێوان عێراق و ئێران هەر وەک پێناسەکەی لە مادەی دووەمی سەرەوەدا هاتووە بەو هێڵە کێشراوە کە لە نەخشە هاوبەشە ناوبراوەکان لە برگە (٣)ی مادەی یەکەمی سەرەوەدا بەیان کراوە.

٢- هەر دوو لای پەیمانبەستوو لەسەر ئەوە رێک کەوتن کە خاڵی کۆتاییی سنووری ئاوی دەکەوێتە سەر هێڵێکی ڕاست، کۆتاییی نێوان هەردوو کەنارەکە و لای ئاوڕێژگەی شەتلعەرەب لە نزمترین ئاستی دەریا داکشان (نزمترین ئاستی ئاو بەحیسابی گەردوون) بەیەکەوە دەگەیەنێت و، وێنەی ئەم هێڵە ڕاستە لە نەخشە ئاوییە هاوبەشە ناوبراوەکان لە برگە (٣)ی مادەی یەکەمی سەرەوەدا گوێزراوەتەوە.

**مادەی چوارەم:** ئەو هێڵی سنوورە پێناسە کراوەی لە مادەکانی (١) و (٢) و (٣) لەم پرۆتۆکۆڵەدا، هەروەها بەئاراستەیەکی ستوونی بواری ئاسمانی ناخی زەویش دیاری دەکات.

**مادەی پێنجەم:** هەردوو لای پەیمانبەستوو لیژنەیەکی تێکەڵی عێراقی - ئێرانی پێک دێن تا لە ماوەی دوو مانگدا باری موڵک و ماڵی نەگوێزراوە و بینا و دامەزراوە هونەرییەکان و هی تر کە (تبعیە)تی

نیشتمانییان له ئەنجامی دیاریکردنی سنووری ئاویی عێراقی - ئێرانی، دەگۆڕێت، یان بەرێگەی پاککردنەوە، یان لە ڕێگەی بۆ بژاردن، یان بەشێوەیەکی تری لەبار دیاری بکەن، بۆ خۆ دوورخستنەوە لە هەر سەرچاوەیەکی ناکۆکی.

**مادەی شەشەم:** لەبەر ئەوەی کاری ڕووپێوی لە شەتلعەرەب و دانانی نەخشەی ئاویی هاوبەش کە لە برگەی (٣)ی مادەی یەکەمی سەرەوە ناوبراوە، تەواو بووە، هەردوو لای پەیمانبەستوو لەسەر ئەنجامدانی ڕووپێوییەکی تازەی هاوبەش هەموو دە ساڵ جارێک لە مێژووی ئیمزاکردنی ئەم پرۆتۆکۆڵەوە، ڕێک کەوتن، بەڵام هەر لایەکیش مافی ئەوەی هەیە پێش تەواو بوونی ماوەی دە ساڵەکە داوای ڕووپێویی تازە بکات کە بەشێوەیەکی هاوبەش دەکرێت.

هەریەک لە هەردوو لای پەیمانبەستوو نیوەی خەرجیی ڕووپێوییەکەیان دەکەوێتە سەر شان.

**مادەی حەوتەم:**

١- هەموو کەشتییەکی بازرگانی و حکومەتی و سەربازیی هەردوو لای پەیمانبەستوو ئازادیی کەشیتوانییان لە شەتلعەرەبدا هەیە، ئینجا ئەو هێڵەی دەریای هەرێمایەتی هەر یەک لەو دوو وڵاتە دیاری دەکات لە هەموو لایەکانی ئەو کەناڵانەی بەکەڵکی کەشتییەوانی دێن لە دەریای هەرێمایەتی کە دەگەنە ئاوڕێژگەی شەتلعەرەب، هەرچی چۆنێک بێت.

٢- ئەو کەشتییانەی بۆ مەبەستی بازرگانی بەکاردێن و سەر بەوڵاتێکی سێیەمن مافی ئازادیی کەشتیوانییان لە شەتلعەرەبدا هەیە بەیەکسانی و بەبێ جیاوازی و ئەو هێڵە هەرچۆنێک بێت کە دەریای هەرێمایەتیی هەر یەک لە دوو وڵاتەکە لە هەموو لایەکی ئەو کەناڵانەی بۆ کەشتیوانی چاکن و کەوتوونەتە دەریای هەرێمایەتییەوە و دەگەنە ئاوڕێژگەی شەتلعەرەب، دیاری دەکات.

٣- دەشێ هەریەک لە دوو لایە پەیمانبەستووەکە مۆڵەت بدات بەکەشتیی سەربازیی بێگانە کە بێنە ناو شەتلعەرەبەوە بۆ سەردانی بەندەرەکانی بەمەرجێک ئەو کەشتییانە سەر بەوڵاتێک نەبن کە لە حاڵەتی بەشداریی شەڕ، یان ناکۆکیی چەکدارانە، یان شەڕ بێت لەگەڵ یەکێک لە دوو لایە پەیمانبەستووەکەدا و بەمەرجی ئەوەی کە لە ماوەیەک لە ٧٢ سەعات کەمتر نەبێت پێشەکی بەلایەکەی تر ڕابگەیەنرێت.

٤- هەردوو لای پەیمانبەستوو لە هەموو حاڵەتێکدا خۆداری لەوەدا دەکەن، کە ڕێگە بدەن بەکەشتیی بازرگانیی سەر بەوڵاتێک کە لە حاڵەتی بەشداریی شەڕ، یان ناکۆکیی چەکداری، یان شەڕ بێت لەگەڵ یەکێک لە دوو لایەنەکە.

**مادەی هەشتەم:**

١- ڕێسای پێوەندیدار بەکەشتیوانی لە شەتلعەرەب لە لایەن لیژنەیەکی تێکەڵی عێراقی ئێرانی بەپێی بنەمای مافی یەکسانی کەشتیوانی بۆ هەردوو دەوڵەت، دادەنرێت.

٢- هەردوو لای پەیمانبەستوو لیژنەیەک پێک دەهێنن بۆ دانانی بنەمای پێوەندیدار بەنەهێشتنی پیس بوون و زاڵ بوون بەسەریدا لە شەتلعەرەب.

٣- هەردوو لای پەیمانبەستوو لیژنەیەک پێک دەهێنن، ئەرکەکەی بەستنی ڕێککەوتنی لەمەو دوایە لەبارەی ئەو مەسەلانەی لە بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەم مادەیەدا باس کراون.

**مادەی نۆیەم:** هەردوو لای پەیمانبەستوو دان بەوە دادەنێن کە شەتلعەرەب بەشێوەیەکی سەرەکیی ڕێگەی کەشتیوانی نێودەوڵەتییە و، لەبەر ئەوە پابەندی ئەوەن کە خۆداری بکەن لەوەی کە شتێک نەکەن ببێتە هۆی ڕێگەگرتنی کەشتیوانی لە شەتلعەرەب و دەریای هەرێمایەتیی هەردوو وڵات لە هەموو بەشەکانی ئەو کەناڵانەی بۆ کەشتیوانی باشن و کەوتوونەتە دەریای هەرێمایەتییەوە و بەرەو ئاوڕێژگەی شەتلعەرەب دەچن.

لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥ لە بەغدا نووسراوە

عەباس عەلی خەلعەتبەری - وەزیری دەرەوەی ئێران - سەعدوون حەمادی وەزیری دەرەوەی عێراق، بەئامادەبوونی سیادەتی عەبدولعەزیز بوتەفلیقەی ئەندامی ئەنجوومەنی شۆڕش، وەزیری دەرەوەی جەزائیر ئیمزا کرا.

## پرۆتۆکۆڵی دووبارە نەخشەکێشانی سنووری وشکانی

بەپێی ئەوەی کە لە بەیانەکەی مێژووی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ی جەزائیردا بڕیار درا، هەردوو لای پەیمانبەستوو لەسەر ئەم ئەحکامەی خوارەوە ڕێک کەوتن:

**مادەی یەکەم:**

أ-

١- پرۆتۆکۆڵی قوستەنتینییەی ساڵی ١٩١٣ و کۆنووسی دانیشتنەکانی لیژنەی دیاریکردنی سنووری تورکیا و فارسی بۆ ساڵی ١٩١٤ .

٢- پرۆتۆکۆڵی تاران لە مێژووی ١٧ی ئاداری ١٩٧٥ .

٣- کۆنووسی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەرەوە کە لە بەغدا لە ٢٠ی نیسانی ١٩٧٥ ئیمزا کراوە و لە نێو کاروباری تریشدا، ڕەزامەندی لەسەر کۆنووسی ئەو لیژنەیە پێشان دا کە دووبارە نەخشەکێشانی سنووری وشکانیی پێ سپێردرابووەوە و لە تاران لە ٣٠ی ئاداری ١٩٧٥ ئیمزا کرابوو.

٤- کۆنووسی کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوە کە لە ٢٠ی ئاداری ١٩٧٥ لە جەزائیر ئیمزا کراوە.

٥- کۆنووسی وەسفکاری کارەکانی نەخشەکێشانی سنووری وشکانیی نێوان عێراق و ئێران کە لیژنەی راسپێردراو بە نەخشەکێشانی سنووری وشکانی لە مێژووی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥ تۆماری کردووە، و ئەو کۆنووسە پاشکۆی ژمارە (١) پێک دێنێ، کە بەشێکی لە یەک جیانەبووەوەی ئەم

پرۆتۆکۆڵه پێک دێن.

٦- نەخشەکان بە پێوانەی ١ / ٥٠٠٠٠ کە سنووری وشکانی و هەروەها شوێنی ستوونە کۆن و تازەکانی لەسەر وێنەکێشراوە و ئەو نەخشانە پاشکۆی ژمارە (٢) پێک دێن کە ئەویش بەشێکە و لەم پرۆتۆکۆڵە جیا ناکرێتەوە.

٧- کارتی وەسفکاری بۆ ستوونە کۆن و تازەکان.

٨- بەڵگەنامەیەک کە پێوەندیی بەتانوپۆی ستوونە سنوورییەکانەوە هەیە.

٩- وێنەی ئاسمانیی ڕووبەری سنووری عێراق - ئێرانی بەکونی بچووک شوێنی ستوونە کۆن و نوێیەکانی لەسەر کێشراوە.

ب - هەردوو لا بەڵێن دەدەن کە لە ماوەی دوو مانگدا نیشانەی سنوور لە نێوان ستوونەکانی ١٤ و ١٥ دابنێن.

ج - هەردوو لای پەیمانبەستوو هاوکاری دەکەن بۆ دانانی وێنەی ئاسمانیی تایبەت بەسنووری وشکانیی عێراق - ئێران بەمەبەستی بەکارهێنانیان بۆ وێنەکێشانی ئەو هێڵی سنوورانەی کە لەمەوپێش باس کران لەسەر نەخشە بەپێوانەی ١ / ٢٥٠٠٠ لەگەڵ نیشانەکردنی شوێنی ستوونەکان، هەموو ئەمانە لە ماوەیەک کە لە ساڵێک تێپەڕ نەکات لە ٢٠ی ئاداری ١٩٧٥ەوە، بێ ئەوەی کار بکاتە سەر بارودۆخی پەیماننامەکە، کە ئەم پرۆتۆکۆڵە بەشێکی لێک جیا نەبووەوەی پێک دەهێنێت و، دەست بەجێبەجێ کردنی دەکرێت و لە ئەنجامی ئەوەشدا کۆنووسە وەسفکارییەکەی سنووری وشکانی کە لە برگە (٥)ی سەرەوەدا باس کراوە هەموار دەکرێت و، ئەو نەخشانەی کە بەگوێرەی ئەحکامی برگە (ج)ی ئێستە دانراون، جێگەی هەموو نەخشەکانی تر دەگرنەوە کە هەن.

**مادەی دووەم**: سنووری نێو دەوڵەتیی نێوان عێراق و ئێران پێڕەوی ئەو هێڵە دەکات کە لە کۆنووسە وەسفکارییەکەدا بەیان کراوە و لەسەر نەخشە ناوبراوەکان یەک لە دوای یەک لە برگە (٥) و (٦)ی مادەکەی سەرەوە وێنە کێشراوە لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی برگەی (أ).

**مادەی سێیەم**: ئەو هێڵی سنوورەی کە لە مادەی یەکەم و دووەمی ئەم پرۆتۆکۆڵەدا پێناسەکراوە، هەروەها بەئاراستەی ستوونی بواری ئاسمانی و ناخی زەوی دیاری دەکرێت.

**مادەی چوارەم**: هەردوو لا لێژنەیەکی تێکەڵی عێراقی ئێرانی پێک دەهێنن بۆ یەکلایی کردنەوەی موڵک و ماڵی نەگوێزراوە و بینا و دامەزراوی هونەری، یان هی تر کە شوێنی موڵکایەتییەکەی لە ئەنجامی دووبارە نەخشەکێشانی سنووری وشکانی عێراقی و ئێرانی دەگۆڕێت بەگیانی دراوسێ دۆستی و هاوکاری، یان بەڕێگەی (پاککردنەوە) یان بەڕێگەی بۆ بژاردن یان بەشێوەیەکی گونجاوی تر، ئەمەش بۆ خۆ دوور خستنەوە لە هەر سەرچاوەیەکی ناکۆکیی.

لێژنەی ناوبراو لە ماوەی دوو مانگدا باری موڵک و ماڵە گشتییەکان یەکلا دەکات، بەڵام سەبارەت

بەو داواكارييانەی پێوەندییان بەموڵک و دارایی تايبەتييەوە هەيە، ئەوا لە ماوەيەک كە لە دوو مانگ تێپەڕ نەكات پێشكێش بەلێژنەكە دەكرێت دەبێ ئەوەش بزانرێت كە يەكلايی كردنەوەی ئەو مولک و داراييیە تايبەتييانە لە ماوەی سێ مانگی دوای ئەوە تەواو دەكرێت.

**مادەی پێنجەم:**

١- لێژنەی تێكەڵ لە دەسەڵاتدارانی تايبەتمەندی هەردوو دەوڵەت بۆ مەبەستی دۆزينەوەی ستوونەكانی سنوور و دڵنيابوون لە حاڵەتی ئەو ستوونانە پێک هات و، هەموو ساڵێكيش لە مانگی ئەيلوول ئەو (كەشفە) لە لايەن لێژنەی ناوبراو لە پێشەوە بەپێی خشتەيەكی زەمەنی كە لێژنەكە لە كاتێكی شياودا دايدەنێت، دەكرێتەوە.

٢- هەر يەكێک لە دوو لا پەيمانبەستووەكان، دەشێ بۆ لايەكەی تر بنووسێت كە لێژنەكە لە هەركاتێكدا كەشفێكی زێتری ستوونەكان بكات. لەم حاڵەتەشدا، لە ماوەی سێ رۆژ لە مێژووی پێ راگەياندنەكەدا ئەنجام دەدرێت.

٣- لێژنە هاوبەشەكە لە حاڵەتی كەشفەكەدا كۆنووسی پێوەند بەوە دەنووسێت و دوای ئيمزاكردنی لە لايەن لێژنەكەوە بەرز دەكرێتەوە بۆ دەسەڵاتدارانی تايبەتمەند لە هەردوو دەوڵەت و، لێژنەكە بۆی هەيە لە كاتی پێويستيدا بڕياری دروستكردنی ستوونی تازە بدات بەهەمان شێوەی ستوونەكانی ئێستەيان، بەمەرجێک ئەمە نەبێتە هۆی گۆڕانی ڕۆيشتنی هێڵی سنوور. لەم حاڵەتەشدا پێويستە دەسەڵاتدارانی تايبەتمەندی هەردوو دەوڵەت لە ستوونەكان و تانوپۆيەكانيان لەسەر نەخشە و ئەو بەڵگەنامە پێوەنديدارانەی لە مادەی يەكەمی ئەم پرۆتۆكۆڵەدا هاتوون، دڵنيا بن. ئەو دەسەڵاتدارانەش ئەو ستوونانەی لە پێشەوە باس كران، بەسەرپەرشتيی لێژنەی تايبەتمەند دادەنێن و ئەو لێژنەيەش كۆنووسێک لە بارەی ئەو كارانەی تەواو كراون دەنووسێت و بەرزی دەكاتەوە بۆ دەسەڵاتدارانی تايبەتمەند بۆ هەر يەكێک لە دوو دەوڵەتەكە بۆ ئەوەی بخرێتە سەر ئەو بەڵگەنامانەی لە مادەی يەكەمی ئەم پرۆتۆكۆڵەدا باس كراون.

٤- هەر دوو لای پەيمانبەستوو پێكەوە پارەی تێچوونی پاراستنی ستوونەكان دەخەنە ئەستۆی خۆيان.

٥- پێويستە لێژنە تێكەڵەكە باری ستوونە گوێزراوەكان بگێڕێتەوە بۆ شوێنەكانی خۆيان و ستوونە شكێنراو و ونبووەكان دووبارە دروست كاتەوە، ئەمەش لەسەر بنچينەی ئەو نەخشە و بەڵگەنامانەی لە مادەی يەكەمی ئەم پرۆتۆكۆڵەدا ناويان هاتووە، لەگەڵ پەرۆشی بۆ نەگۆڕينی شوێنی ئەو ستوونانە لە هيچ حاڵەتێكدا و لێژنە تێكەڵاوەكە لەو حاڵەتانەدا كۆنووسێک لەبارەی ئەو كارانەی تەواو كراون دەنووسێت و بەرزی دەكاتەوە بۆ دەسەڵاتدارانی تايبەتمەند لە هەريەک لە دوو دەوڵەتەكە بۆ ئەوەی بكرێتە پاشبەند و بخرێتە سەر ئەو بەڵگەنامانەی لە مادەی يەكەمی ئەم پرۆتۆكۆڵەدا باس كراون.

٦- دەسەڵاتدارە تايبەتمەندەكانی هەردوو حكوومەت زانياريی پێوەنديدار بەحاڵەتی ستوونەكان ئاڵوگۆڕ دەكەن بۆ دابينكردنی باشترين هۆ و ڕێگە بۆ پاراستن و چاككردنەوەيان.

٧- هەردوو لای پەیمانبەستوو بەڵێن دەدەن هەموو کار ئامادەییەک بکەن بۆ دابینکردنی پاراستنی ستوونەکان و دادگەیی کردنی ئەو کەسانەی ئەو ستوونانەیان کە لە پێشەوە باس کران، لە شوێنی خۆیان گواستووەتەوە، یان خراپیان کردووە، یان تێکیان شکاندووە.

**مادەی شەشەم:**

هەردوو لای پەیمانبەستوو رێک کەوتن لەسەر ئەوەی کە ئەحکامی ئەم پرۆتۆکۆڵە کە بەبێ هیچ خۆ پارێزییەک ئیمزا کراوە، لە ئێستە بەدواوە هەر مەسەلەیەکی سنووری لە نێوان عێراق و ئێران رێک دەخات.

لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥ لە بەغدا نووسراوە.

عەباس عەلی خەلعەتبەری - وەزیری دەرەوەی ئێران، سەعدوون حەمادی - وەزیری دەرەوەی عێراق، بەئامادەبوونی سیادەتی عەبدولعەزیز بوتەفلیقەی ئەندامی ئەنجوومەنی شۆڕش، وەزیری دەرەوەی جەزائیر ئیمزا کرا.

## پرۆتۆکۆڵی پێوەندیدار بەئاسایش لەسەر سنووری عێراق - ئێران

بەپێی ئەو بڕیارانەی رێککەوتنی مێژووی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ی جەزائیر گرتوونیە خۆ و لەبەر بایەخدانی هەردوو دەوڵەت بە گەڕاندنەوەی ئاسایش و بڕوا بەیەکترکردن بۆ ئەسڵی خۆیان بەدرێژاییی سنووری هاوبەشیان و لەبەر نیازهێنانیان بۆ پێڕەوکردنی چاودێرییەکی توند و بەکار لەسەر ئەو سنوورانە لە پێناوی وەستاندنی هەموو رووداوێکی خۆ دزینەوەی تێکدەرانە و پێکەوەنانی هاوکارییەکی پتەو لە نێوانیاندا بۆ ئەم مەبەستە و رێگەگرتن لە هەموو کارێکی خۆ دزینەوە، یان تێپەڕینی ناشەرعی لە سنووری هاوبەشیاندا بەمەبەستی تێکدان و یاخیبوون و سەرکێشی و، بەئاماژەکردن بەپرۆتۆکۆڵی مێژووی ١٥ی ئاداری ١٩٧٥ تاران و کۆنووسی کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوە کە لە بەغدا لە مێژووی ٢٠ی نیسانی ١٩٧٥ ئیمزا کراوە و کۆنووسی کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوە کە لە مێژووی ٢٠ی ئاداری ١٩٧٥ لە جەزائیر ئیمزا کراوە.

هەردوو لای پەیمانبەستوو لەسەر ئەم ئەحکامانەی خوارەوە رێک کەوتن:

**مادەی یەکەم:**

١- هەردوو لای پەیمانبەستوو ئەو زانیارییانە پێک دەگۆڕنەوە کە تایبەتن بەجووڵانەوە و هەڵسوکەوتی ئەو رەگەزە تێکدەرانەی لەوانەیە هەوڵی خۆ دزینەوە بدەن بۆ نێو یەکێک لەو دوو وڵاتە بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری تێکدان یان یاخیبوون یان سەرکێشی لەو وڵاتەدا.

٢- هەردوو لای پەیمانبەستوو ئەو کارە گونجاوانە ئەنجام دەدەن، کە پێوەندییان بەو رەگەزانەوە هەیە کە لە برگەی یەکەمی ئەم مادەیەدا ئاماژەی پێ کرا.

هەریەکەیان دەسبەجێ لایەکەی تر لە پێناسەی ئەو کەسانە ئاگادار دەکاتەوە و ئەوەی رێککەوتنیشی

لەسەر کراوە ئەوەیە؛ کە هەردووکیان هەموو شێوەکارێک بەکار دێنن بۆ ڕێگەگرتن لە ئەنجامدانی کاری تێکدان و هەمان ڕێگەکار دەگیرێتە بەر، بەرانبەر ئەو کەسانەی ڕەنگە لە نێو هەرێمی یەکێک لە دوو لا پەیمانبەستووەکەدا بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری ڕووخاندن و تێکدان لە هەرێمەکەی تر کۆ ببنەوە.

**مادەی دووەم**: هاوکاریی هەمەشێوە کە لە نێوان دەسەڵاتدارە تایبەتمەندەکانی هەردوو لای پەیمانبەستوو پێک هێنرا، لەبارەی داخستنی سنوور بەمەبەستی نەهێشتنی خۆ دزینەوەی کەسانی تێکدەر لەسەر ئاستی دەسەڵاتدارانی سنوور بۆ هەردوو وڵات، پابەندیی پێ دەکرێت و بەردەوام دەبێت تا دەگاتە بەرزترین ئاستی وەزیرانی بەرگری و دەرەوە و ناوەوەی هەردوو وڵات.

**مادەی سێیەم**: هەروەها دەرووەکانی خۆ دزینەوە نیشان کران کە دەشێن بۆ ئەوەی کەسانی تێکدەر دزەیان لێوە بکەن:

١- ناوچەی سنووری باکور: لە خاڵی یەکتربڕی سنووری عێراق - تورکیا - ئێرانەوە تا خانەقین - قەسری شیرین «ناوەوە» ٢١ خاڵ.

٢- ناوچەی سنووری باشوور: لە خانەقین - قەسری شیرین «دەرەوە» و تا کۆتایی سنووری عێراق - ئێران ١٧ خاڵ.

٣- ئەو خاڵانەی خۆ دزینەوە کە لەسەرەوە باس کران لە پاشبەندەکەدا بەیان کراون.

٤- هەر خاڵێکی تر کە لەوانەیە بدۆزرێتەوە و پێویست بەداخستن و چاودێری بکات دەچێتە نێو جۆری خاڵە دیاریکراوەکانی سەرەوە.

٥- هەموو ئەو خاڵە سنوورییانەی پێدا تێپەڕ بوون، جگە لەوانەی ئێستە لەژێر چاودێریی دەسەڵاتدارانی گومرگدان هەموو پێداڕۆیشتنێکیان تێدا قەدەغەیە.

٦- لەبەر پەرەسەندنی پێوەندیی هەمەشێوە لە نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێدا، هەردوو لای پەیمانبەستوو لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە لە پاشەڕۆژدا بەڕەزامەندیی هەردوو لا خاڵی تری تێپەڕین بکرێتەوە و لەژێر چاودێریی دەسەڵاتدارانی گومرگ بێت.

**مادەی چوارەم:**

١- هەردوو لای پەیمانبەستوو بەڵێنی ئەوە دەدەن کە هێزی مرۆیی و مادیی پێویست تەرخان بکەن بەمەبەستی دەستەبەرکردنی سنوور داخستن و چاودێریکردنی بەشێوەیەکی کارایانە، بەجۆرێک کە ڕێگە لە دزەکردنی هەموو کەسێکی تێکدەر بگرێت لەو خاڵانەی تێپەڕین کە لە مادەی سێیەمی سەرەوەدا باس کراون.

٢- لەو حاڵەتانەشدا کە ئەگەر شارەزایان، لە ئەنجامی شارەزایی پەیداکردنیان لە بابەتەکە، وایان دانا کە دەبێت تەگبیر بکرێت بۆ کاری پێویست و، لە حاڵەتی ڕوودانی ناکۆکی لە نێوان دەسەڵاتدارانی سنووردا، ئەوا سەرۆکە پێوەندیدارە کارگێڕییەکان کۆ دەبنەوە ئینجا چ لە بەغدا بێت، یان لە تاران بۆ نێزیک کردنەوەی نێوان دید و بۆچوونیان و تۆمارکردنی ئەنجامی کۆبوونەوەکانیان لە کۆنووسێکدا.

**مادەی پێنجەم:**

١- ئەو کەسە تێکدەرانەی دەسگیر دەکرێن دەدرێنە دەست دەسەڵاتدارانی لایەکەی تر کە لە هەرێمەکەیدا ئەوانە دەسگیر کراون و یاسای کار پێکراو پیادە دەکرێت.

٢- هەردوو لای پەیمانبەستوو، ئەو کارانەی بەرانبەر ئەو کەسانەی لە برگەی (١)دا ئاماژەیان پێ کراوە، ئەنجام دراون، بەگۆڕینەوە دەیاندەن بەیەکتر.

٣- لە حاڵەتی پەڕینەوەی سنوور لە لایەن کەسانی تێکدەر و ڕاکردوو ئەوا بەپەلە بەدەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی تر ڕادەگەیەنرێت، تا بەپەلە ڕێگەکاری پێویستی خێرا و پێویست بگرێتە بەر بۆ یارمەتیدانی دەسگیرکردنی ئەو کەسانەی لە پێشەوە باس کران.

**مادەی شەشەم:** دەشێ لە کاتی پێویستدا و بەرێککەوتن لە نێوان هەردوو لای پەیمانبەستوو، بڕیاری ناوچەی قەدەغەکراو (محرمة) بدەن لە پێناوی ڕێگەگرتن لە کەسانی تێکدەر نەبادا مەبەستەکانیان وەدی بهێنن.

**مادەی حەوتەم:** لێژنەیەکی تێکەڵاوی پێکهاتوو لە سەرۆکی کارگێڕییە سنوورییەکان و لە نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەی هەردوو وڵات پێک دەهێنرێت بەمەبەستی پێکهێنان و پەرەپێدانی هاوکاریی بەکەڵک و بەگۆڕینەوە بۆ هەردوو لا و لێژنەکەش ساڵانە دوو کۆبوونەوە دەکات لە سەرەتای هەموو نیوەی ساڵێک بەپێی ڕۆژژمێری گریگۆری.

بەڵام دەکرێ لەسەر داوای یەکێک لە هەردوو لایەکە کۆبوونەوەی نائاسایی بکرێت، بەمەبەستی تۆژینەوەی باشترین بەکارهێنانی هۆیە واتایی و مایەکییەکان بۆ سنوور داخستن و چاودێریکردنی، هەروەها کارایی چاک پیادەکردنی ئەحکامە بنەڕەتییەکان بۆ ئەو هاوکارییەی لەم پرۆتۆکۆڵەدا دەقبەندیی لەسەر کراوە.

**مادەی هەشتەم:** ئەحکامی ئەم پرۆتۆکۆڵە کە پێوەندیدارە بەسنوور داخستن و چاودێریکردنی، بەلای ئەحکامی ئەو ڕێککەوتننامە تایبەتییانەوە ناچێت کە لە نێوان عێراق و ئێراندا بەستراون و پێوەندییان بەمافی لەوەڕاندن و قومیسێریی سنوورەوە هەیە.

**مادەی نۆیەم:** بەمەبەستی مسۆگەرکردنی ئاسایشی سنووری هاوبەش لە شەتلعەرەب و ڕێگەگرتن لە دزەکردنی کەسانی تێکدەر لە هەردوولا، هەردوو لای پەیمانبەستوو ڕێگەکاری گونجاو دەگرنە بەر و بەتایبەتیش بەهەرێم کردنی مەڵبەندی چاودێری و بەلەمی پاسەوانییان پێ دەدرێت.

لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥ز. دا لە بەغدا نووسراوە

عەباس عەلی خەلعەتبەری - وەزیری دەرەوەی ئێران، سەعدوون حەمادی - وەزیری دەرەوەی عێراق، بەئامادەبوونی سیادەتی عەبدولعەزیز بوتەفلیقەی ئەندامی ئەنجوومەنی شۆڕش، وەزیری دەرەوەی جەزائیر ئیمزا کرا.

## سێیەم: دەقی ئەو نامانەی لە نێوان هەردوو وەزیری دەرەوەدا ئاڵوگۆڕ کراون:

**(١)**

وەزیری بەڕێز

شەرافەتمەندم بەوەی بۆ سیادەتتانی دووپات بکەمەوە کە بەپێی ڕێککەوتنمان لە ڕۆژی ئیمزاکردنی ئەو پەیماننامەیەی پێوەندیی بەسنووری نێودەوڵەتی و دراوسێ دۆستیی نێوان عێراق و ئێران و سێ پرۆتۆکۆڵەکان و پاشبەندەکانیانەوە هەیە، ڕێککەوتننامە ناوبراوەکانی خوارەوە ئەمانەن:

١- ڕێککەوتن لە بارەی کەشتیوانییەوە لە شەتلعەرەب.

٢- ڕێککەوتن لە بارەی مافی لەوەڕاندنەوە.

٣- ڕێککەوتن لە بارەی زێیە سنوورییەکانەوە.

٤- ڕێککەوتن لە بارەی ماف و دەسەڵاتەکانی قومیسێرەکانی سنوورەوە.

دەبێ لە یەک کاتدا لە نێوان هەردوو لای باڵای پەیمانبەستوو لە ماوەیەک کە لە سێ مانگ تێ نەپەڕێت لە ئیعتیباری ئەمڕۆوە، دابنرێن و ئیمزا بکرێن.

سیادەتی وەزیر هیوام وایە زێترین ڕێزم قەبووڵ بفەرموون.

عەباس عەلی خەلعەتبەری

وەزیری دەرەوەی ئێران

**(٢)**

وەزیری بەڕێز

شەرافەتمەند دەبم پێتان ڕابگەیەنم کە نامەکەی مێژووی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥تانم وەرگرت و ئەوەش دووپات بکەمەوە کە بەپێی ڕێککەوتنمان لە کاتی ئیمزاکردنی پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێ دۆستی لە نێوان ئێران و عێراقدا و سێ پرۆتۆکۆڵەکەی و پاشبەندەکانی و ئەو ڕێککەوتننامە نێوبراوانەی خوارەوە ئەمانەن:

١- ڕێککەوتن لەبارەی کەشتیوانییەوە لە شەتلعەرەب.

٢- ریککەوتن لەبارەی مافی لەوەڕاندنەوە.

٣- ڕێککەوتن لەبارەی زێیە سنوورییەکانەوە.

٤- ڕێککەوتن لەبارەی ماف و دەسەڵاتەکانی قومیسێرەکانی سنوورەوە.

دەبێ لەیەک کاتدا لە نێوان هەردوو لای باڵای پەیمانبەستوو لە ماوەیەک کە لە سێ مانگ تێ

نەپەڕێت لە ئیعتیباری ئەمڕۆوە دابنرێن و ئیمزا بکرێن.
هیوام وایە، سیادەتی وەزیر، ئەوپەڕی ڕێزم قەبووڵ بفەرموون.

سەعدوون حەمادی – وەزیری دەرەوی عێراق

(٣)

١٣ حوزەیرانی ١٩٧٥

وەزیری بەڕێز

شەرافەتمەندم بۆ سیادەتتانی دووپات بکەمەوە کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی ئەمڕۆ پێی گەیشتین، وا پێویست دەکات کە هەردوو لای بالآی پەیمانبەستوو لە ماوەیەک کە لە ساڵێک تێپەڕ نەکات هەموو ئەو شتە ناسەرەکییانە (شکلیات) ئەنجام بدەن کە پێوەندییان بەڕێگەکاری پەسەندکردنی پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێ دۆستیی نێوان ئێران و عێراق و سێ پرۆتۆکۆڵەکە و پاشکۆکانیانەوە هەیە، بەپێی یاسای ناوخۆی هەر لایەک.
سیادەتی وەزیر بالآترین ڕێزم قەبووڵ بفەرموون.

عەباس عەلی خەلعەتبەری
وەزیری دەرەوەی ئێران

(٤)

١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥

وەزیری بەڕیز

شەرافەتمەندم پێتان ڕابگەیەنم کە نووسراوی مێژووی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥تانم وەرگرت و ئەوە دووپات بکەمەوە کە لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنەی ئەمڕۆ ئەنجام درا، هەر لایەکی پەیمانبەستوو، بەڵێنی ئەوە دەدات کە لە ماوەیەک ئەو پەڕەکەی یەک ساڵ بێت هەموو کارە نا سەرەکییەکانی پێوەندیدار بەڕێگەکاری پەسەندکردنی پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێ دۆستی لە نێوان ئێران و عێراق و هەر سێ پرۆتۆکۆڵەکەی و پاشکۆکانی بەپێی یاسای ناوخۆی هەر لایەک جێبەجێ دەکات.
سیادەتی وەزیر بالآترین ڕێزم قەبووڵ بفەرموون.

سەعدوون حەمادی
وەزیری دەرەوەی عێراق

## پاشبەندی ژمارە (٥٢)

**(أ)**

برای ئازیز مسعود بارزانیی بەڕێز

السلام عليكم وعلينا ورحمة الله وبركاته

نامەکەی مێژووی ١٩٧٥/٣/٧تانم وەرگرت و پێش گەیشتنی، نامەیەکی نیمچە دوور و درێژم بەدەستی ئەحمەد حاجیدا بۆ ناردبوون، بەڵام مستۆ لێی وەرگرتبوو لە خانە و نامەکەی سەرەوەتانی بۆ هێنام، تکایە ئاگاداری لەوە پەیدا بکە کە بۆم ناردووی.


دەڵێن زیانەکانی گەلاڵە ٤٥ برینداڕن و برینەکانیان سەختە.

شەڕ لە بەرەدا توندە – هیچ شتێکی تازەمان لەبارەی سەرکەوتنی دوژمنەوە پێ نەگەیشتووە.

هەرچەندە ئەمڕۆ بارودۆخەکە سەبارەت بەئێمە گران و ناخۆشە، بەڵام (لا حول ولا قوة إلا بالله العظيم) دەتوانیت سبەینێ بگەڕێیتەوە و ئەگەر کرا داوا لە زەکی بکەیت تا بەڕەشید سندی و عەبدولوەهاب و ئەوانی تر لە بەرپرسەکانمان ڕابگەیەنێ کە دەسبەجێ بگەڕێنەوە کوردستان.

ئیدی هەر لە پەنای خوادا بمێنن و پارێزراو بن. برات: ئیدریس بارزانی

١٩٧٥/٣/٧



أخي العزيز مسعود البارزاني المحترم

السلام عليكم وعلينا ورحمة الله وبركاته

استلمت رسالتكم المؤرخة في ٧/٣/٧٥ وقبل وصولها

كنت قد ارسلت لكم رسالة شبه مفصلة بيد أحمد حاجي

ولكنه مصطو استلمها منه في خانه وجاء عندي برسالتكم

أعلاه . يرجى الاطلاع على ما أرسلته لكم .

هنا في گلالة يقال أن (٤٥) شخص قد جرحوا

وان جروحهم غير خطيرة .

القتال مستمر في الجبهة بشدة – لم يصلنا شيء

جديد عن انتصار العدو .

رغم أن الظروف صعبة وعصيبة اليوم بالنسبة لنا

ولكنه لا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم ويمكنك

العودة غداً وإذا أمكنه الطلب من زكي لإخبار

رشيد السندي وعبدالوهاب وغيره من مسؤولينا بالعودة

فوراً الى كردستان .

هذا ودمتم في حفظ الله محروسين أخوك

إدريس البارزاني

٧/٣/٧٥

(ب)

برای ئازیز مسعود بارزانیی هێژا

السلام علیکم وعلینا ورحمة الله وبرکاته

چاوی بچووکەکان ماچ دەکەم و سڵاو لە هەمووان دەکەم - هیوام وایە کە لە خۆشیدا بن و چاک بن.

دوا بەدوای ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان شای ئێران و سەدام ڕووی دا، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هەستاین، دیتمان هەموو تۆپە دژە ئاسمانییەکان دەکێشرێنەوە بۆ خانە، لێم پرسین، گوتیان: ئەوان هیچ نازانن، ڕەنگە بیانگۆڕن، بەڵام ئەمە درۆیە. لە محێدینیشم پرسی، ئەویش هیچ زانیارییەکی نەبوو.

دەوروبەری سەعات یازدە، (تیمسار مهام) هات و گوتی فەرمانی بۆ دەرچووە کە تۆپەکان بکێشنەوە، یەکەم هاونەکان و ١٥٥ملم، دوایی ١٣٠ ملم، بەڵام ئێستە سەعات سێ و نیوە دەبینین هەموو تۆپەکان دەکێشرێنەوە و دەبرێنە خانە.

برووسکەنامەم بۆ باوکم و بۆ ناوەندەکەیان ناردووە لە ڕێگەی محێدینەوە، داوامان لێ کردوون هۆی ئەو گۆڕانە لەپڕە ڕوون بکەنەوە.

مهام پێی گوتم کە سەیادیان پێی ڕاگەیاندووە ئەوەم بۆ دووپات بکاتەوە کە ئەوان ئێمە لە مەیدانەکەدا بەتەنیا جێ ناهێڵن - گوتم کشانەوە بەم شێوەیە پێچەوانەی بنەمای جێ نەهێشتنمانە بەتەنیا لە مەیدانەکەدا و داخی زۆری خۆمم بۆ دەربڕی و پێم گوتن ئەگەر ژیانێکی کەرامەتمەندمان وەگیر نەکەوت دەکرێ مەرگ بەشەرافەتمەندانە قەبووڵ بکەین.

سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ دوژمن هێرشی کرد بۆ سەرتیز و ناوڕۆیین و کۆتاییی زۆزک و بەرزێوە و هەندرێن و ئێستە شەڕێکی قورس لە نێوان هێزەکانی ئێمە و هێزەکانی دوژمندا لە گەڕدایە و فەرمان هەر بۆ خوایە - بەرگریمان لە بەرزێوە کزە و هێزەکانی تانکەکان پێش کەوتوون تا خەلکان و مەفرەزەکانی مووشەکەکانمان ناردووە و هەر خوا پشتیوانە. ئەوە بوو ئەوەی ویستمان پێتانی ڕابگەیەنین ولاحول ولا قوة (إلا) بالله العلي العظيم هەر لە پەنای خوادا بمێنن و پارێزراوبن.

باوکم دەڵێت هیچ زانیارییەکی نییە ئەوە نەبێت کە لە ڕادیۆ گوێی لێ بووە و دەڵێ کەوا خۆی چاکە و پێویست بەنیگەرانی ناکات، بەڵام من پێش ئەوەی ئەو برووسکەنامەکەی ئێمە لە بارەی ئەو گۆڕانکارییانەی سەرەوە وەرگرێت برووسکەنامەکەی ئەوم وەرگرت.

برات: ئیدریس بارزانی

٧٥/٣/٧

أخي العزيز مسعود البارزاني المحترم

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

اقبل عيون الصغار واسلم على الجميع - ارجو من الله أن تكونوا بخير.

على أثر الاتفاق الذي حصل بين شاه ايران وصدام قمنا صباح اليوم ورأينا كافة مدافع ضد الجو تنسحب الى خانة وقد استفسرت منهم فقالوا انهم لا يعلمون وربما يتم تبديلهم ولكنه كذب سألت محي الدين فلم تكن لديه معلومات

حوالي الساعة الحادية عشرة جاء تيمار مريح وقال بأنه صدرت اليهم الأوامر بسحب المدفعية أولا الهاونات و ١٥٥ ملم ثم ١٢٠ ملم ولكن الآن الساعة الثالثة والنصف نرى جميع أنواع المدافع تنسحب وتذهب الى خانة

ارسلنا برقيات للوالد والى مركزهم عن طريق محي الدين طلبنا منهم توضيح لهذا التبدل المفاجئ

قال لي مريح بأن صياديان أخبره بأن يؤكد لي بأنهم سوف لن يتركونا لوحدنا في الميدان - قلت له إن الانسحاب بهذا الشكل يخالف مبدأ عدم تركنا لوحدنا في الميدان وأعربت له عن أسفي البالغ. وقلت لهم بأننا إذا لم نحصل على حياة كريمة فيمكن قبول الموت بشرف.

هاجم العدو صباح اليوم سرتيز وناوروبين وسرشتة وزوزك وبرزيوه وهندرين ويدور الآن قتال عنيف بين قواتنا وقوات العدو على طول الجبهة.

لم نسمع عن انتصارات للعدو لحد الآن ولكن لعدم وجود اسناد المدفعية أخشى من سقوط بعض المواقع بيد العدو ولله الأمر - مقاومتنا في برزيوه ضعيفة وقد تقدمت قوات الدبابات حتى خلكان وقد ارسلنا مغاوير الصواريخ والله المستعان.

هذا ما رأينا من الضروري إخباركم به ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم ودمتم في حفظ تعالى محروسين

المخلص
ادريس البارزاني
٧/٣/٧٥

يقول الوالد بأنه ليست لديه معلومات سوى ما سمعه من الاذاعة ويقول بأنه بخير ولا داعي للقلق ولكن استلمت برقيته قبل ان يستلم هو برقيتنا بخصوص التطورات أعلاه


## پاشبەندی ژمارە (٥٣)


م.س و بارەگای بارزانی بەڕێز
سەلام و ئیحترام


لەبەر ئەو وەزع و تەتەورە تازەیەی کە زۆر خەتیرە و پەیدابووە پاش ئیتفاقی عێراق و ئێران کەوا دیارە زۆر قـوولٚ و ئەسـاسـیـیـە کـاک مـوحسن هات بۆلاتان بۆ شـەرحی وەزع بەتەفـسـیل لەم ڕووەوە بەڕاسـتی وەزعێکی ناخۆشە بەڵام ئەمری واقعە وە وا دیارە ئیتفاقیەی جەزائیر بەزەرەری گەورەی میللەتی ئێمە تەواو بووە و ئەمـان کۆمەکی خۆیان قـەتع ئەکەن لێمـان و بڕیاریان داوە کـە حەرەکەکە بەو شێوەیەی کە هەیە نەمێنێت و ئەوی لە ئێمە کە ئەیەوێت بێتە ئێران (میوان) بێت و ئەوی تری کە ئەیەوێت بگەڕێتەوە عێراق تەسلیم ببێت. ئێمە ئەمەمان لە نەسیری گوێ لێ بووە کە ئەویش لە شای بیستووە. ئێمە مومکنە سبەی یان دوو سبەی شەرفیابی بێت وە زۆر هەوڵ ئەدەین کە وەزع بەم جۆرە نەبێت و هەرچۆنێک بێت ڕەئیان فەرق بکات بەڵام وا دیارە ئەمەل زۆر زەعیفە و ئەمە ڕەئی بابەشە کە هەردوولا تەعاونیان کردووە بۆ نەهێشتنی حەرەکەی ئێمە بەو جۆرەی کە هەیە زۆر بەداخەوە و تەبعەن وەزعی نەفسیمان زۆر ناخۆشە (تەوەقع ئەکەن) وە زۆر حەزمان ئەکرد زوو بگەینەوە لاتان بەڵام لەبەر شەرفیابی و بینینی خەڵکی تریش مەجبوورین. کاک موحسن هەموو تەفسیلاتی لایە و پێتان ئەڵێت و ئێوەش بۆ مەسئولینی ئەساسی بەشێوەیەک شەرح بکەن و هەوڵ بدەن لە باڵەک ئەثقال و شتی تر وردە وردە نەقلی ئەم دیو بکرێت و چەند بتوانن مقاوەمەش بکەن و ئەگەر ناچار نەبن هیچ پەلە لە کشانەوە مەکەن هەروەها هێزەکانی تریش تا یەکتر ئەبینین. بەڕاستی قەت هیچ کەسێکی ئێمە تەوەقعی وەزعی وای نەئەکرد بەڵام وا دەرکەوت کە شت ئەگەر ئەساسی سیاسی و ئیلتزامی مەلموسی نەبێت ڕۆژێک هەر موشکیلەی تێدا دروست ئەبێت. ئەگەر مومکن بێت کاک سامی لەگەڵ کاک موحسن بگەڕێتەوە پێویستە.


خۆشیتان

براتان
دکتۆر مەحموود
١٩٧٥/٣/٨









## پاشبەندی ژمارە (٥٤)

## چەند نامە و بەڵگەنامەیەک سەبارەت بەو پاڵەپەستۆیەی کە جەماعەتی مەکتەبی سیاسی خستبوویانە سەر (پ.د.ک/ ئیران)

## (أ)

## نووسراوی مەکتەبی سیاسی

ژ/ ٣٧٦
مێژوو / ١٩٦٢/١٠/١٤

بۆ جەنابی ئەحمەد تۆفیق

زۆر سەرمان سوڕما لەو مەوقیفەی وەرتان گرتووە بەرامبەر بەداخوازی چاوپێکەوتنتان کە دەبوو ئێوە خۆتان هەوڵی ئەو چاوپێکەوتنەتان بدایە هەم بەپێی ئەو فەرمانەی کە مامۆستا بارزانی پێی کردوویت کە چاوت بەهەڤاڵ «عومەر دەبابە» بکەویت بۆ هاریکاریت لەو فەرمانەدا کە پێت سپێردراوە، وە هەم بەم حیسابەی کە وەکو لە نووسینەکانی پێشووت دەرئەکەوێ بەتایبەتی ئەوانەی کە لەگەڵ کۆمەڵی پارێزگاری مافی گەلی کورددا دەرتان کردووە، لەمانە وەها دەرئەکەوێت کە لە مەوقیفی ناراستی پێشووتان بەرامبەر بەپارتیمان پەشیمان بووبنەوە وە ئامادەبن بۆ نوێکردنەوە و چاککردنەوەی پێوەندیی نێوانمان. بەڵام وادیارە کورد بەخۆڕایی نەیگوتووە «دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە» وە عەرەبیش بەسەهو نەچووە کە دەڵێت: «الخائن خائف» ئەگینا ئەبوو تۆ ئەوە بزانیت وە پێویستیشە کە بزانیت کەوا پارتیمان هیچ وەختێ دەستی دوژمنایەتی بۆ یەکێک درێژ ناکات کە ناوی مامۆستا بارزانیی لەسەربێت وەیا پەنای بردبێتە بەر ئەو وە تۆ و هاوڕێیەکانت دەبوو لە تەجروبەی ڕابردووتان وە بەتاقیکردنەوە ئاگاداری ئەو ڕاستییە ببوونایە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی لەم وەختە ناسکەدا کە خەباتی گەلەکەمانی تیادا تێ ئەپەڕێت ماوە نەدەین بەدوژمنی گەل و شۆڕش و پارتییەکەمان کە کەلێن بخەنە ڕیزەکانمان وە لەبەرئەوەش کە کردارەکانی تۆ لەم ناوچەیەدا هەر ڕاست و ڕەوان پێچەوانەی ئامۆژگاری و ئیرشاداتی کاک مستەفا بارزانییە کەوا هەمیشە داوای یەکێتی و تەبایی و برایەتی لە هەموو کوردێکی بەشەرەف دەکات لەبەر ئەم هۆیانە مانع نییە ئەو دوو ڕۆژەی داوات کردووە لە ناوچەکەدا بمێنیتەوە بەڵام هیوامان وایە کە دوای ئەو دوو ڕۆژە واتە لە ١٩٦٢/١٠/١٦دا ئەم ناوچەیە بەجێ بهێڵن وە بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆتان بەتایبەتی کە ئیمتناع کردنتان لە چاوپێکەوتنی ئێمە و هاریکاری نەکردنتان لەگەڵ دەستەڵاتدارانی پارتی و پێشمەرگە لە ناوچەکەدا بەئاشکرا دەری دەخەن کە ئێوە نیازتان ئەوە نییە کە فەرمانی مامۆستا

جێبەجێ بکەن بەباشی و دۆستانە و ڕێکوپێکی بەپێچەوانەی ئەوە دەتانەوێ ناوی مامۆستا ئیستغلال بکەن بۆ ئاژاوەنانەوە و دووبەرەکی دروست کردن لە ناوچەیەکی پڕ لە ئارام و ئاسایشدا، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا دوژمنایەتییەکی ڕاست و ڕەوانە بەرامبەر کورد و کوردستان وە مامۆستا بارزانی خۆشی. ئیتر بڕوامان وایە کە هەمیشە هەر ڕاستی و دڵسۆزی و جوامێری سەرئەکەوێت.

مەکتەبی سیاسی

پارتی دیموکراتی کوردستان



ژ ٢٧٦

ڕۆژ ١٤/١٢/٩٦٢

بۆ جنابی احمد توفیق

پەیمانەی ئامۆژگاری و ئیرشادی کاک مستەفا بارزانییە کە وا هەمیشە
داوای یەکێتی و تەبایی و برایەتی لە هەموو کوردێکی بەشەرەف دەکات ،
لەبەر ئەم هۆیانە مانونیە ئەو دوو ژێرەی داوات کردووە لە ناوچەکەدا
بمێنێتەوە بەڵام هیوامان وایە کە دوای ئەو دوو ڕۆژە وا تە لە
١٩٦٤/١٠/٢٦ دا ئەم ناوچەیە بەجێ بهێڵن وە بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان
بە تایبەتی ئیمتناع کردنتان لە چاوپێکەوتنی ئێمە وە هەڕەشەکردنتان
لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پارتی و پێشمەرگە لە ناوچەکەدا بە ئاشکرا
دەریدەخەن کە ئێوە نیازتان ئەوەیە کە فرمانی مامۆستا جێبەجێ نەکەن وە بەکێو
دۆستانەو ڕێکوپێکی بە پەیمانەی ئەوە دەتانەوێ ناوی مامۆستا
ئیستغلال بکەن بۆ ئاژاوەنانەوە و دووبەرەکی دروستکردن لە
ناوچەیەکی پڕ ئارام وە ئاسایشدا کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دوژمنایەتی
یەکی ڕاستەوخۆیە بەرامبەر بە کورد و کوردستان و مامۆستا بارزانی خۆشی ئیتر
بڕوامان وایە کە هەمیشە هەر ڕاستەوخۆ دڵسۆز بەرامبەری ... نابێت .

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان

پارتی دیموکراتی کوردستان
سیاسی

## (ب)

## نامەی ئەحمەد تۆفیق

گوندی «سونێ»
١٩٦٤/٢/١٨

ڕابەری خۆشەویست بارزانی مستەفا

لەوکاتە باریک و ئاستەمەدا بەدوای چەند جار کۆبوونەوەمان بەپێویستمان زانی لەگەڵ پەیمان تازەکردنەوەی حزبمان لەگەڵ جەنابت بیروباوەڕی بەڕێوەبەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانتان پێشکێش بکەین.

(١) وا تەمەنی حزبی دیموکراتی کوردستان دەبێتە ١٩ ساڵ بەدرێژی ئەو ١٩ ساڵە حزبمان لە ڕێگەی خزمەت و تێکۆشانی ڕاستەوخۆ بۆ نەتەوەی کورد لای نەداوە و بەردەوام حزبمان خۆی کردۆتە پرد بۆ دەربازبوونی لە هەموو تەنگوچەڵەمەی و بەردەوام شعاری خەباتی حزبایەتی لە خزمەتی ڕێگەی کوردایەتی لە سەرووی هەموو ئاکار و کردەوەکانماندا بووە.

بۆ ئەو ٦ ساڵەی دوایی حزبمان هەموو نەتەوەی کورد و جەنابت بەشاهد دەزانین کە چلۆن لە هەموو کات و زەمانێکدا لە خۆشی و ناخۆشیدا حزبمان بەهۆی هێندێ کادری بەدیمەنی لە کوردستانی عێراق بار و لایەنی کورد و بیری بەهەق و دڵسۆزانەی جەنابتی گرتووە و بەوەفاترین برا بچووکی جەنابت بوون و هەیشین.

ئەوە لەو دیوەی کوردستانی عێراق بۆ ئاگاداریتان لە دیوی کوردستانی ئێرانیش حزبمان حیسابی هەموو هەنگاوەکانی ورد و درشتی خۆی کردووە کە بەپێی سوودی کورد و بەتایبەتی شۆڕش و تەعلیماتەکانی جەنابت بێت. و لەو چوارچێوە دەرنەچووین و هیواداربن دەریش نەچین. و لە زۆر شوێن و کردەوەدا تاکتیک و هەڵکەوتی حزبمان کردۆتە قوربانی سوودی ڕێگەی کوردایەتی و شۆڕش. ڕاو و بیرورای ئەندامان و لایەنگرانی حزبیشمان بەهەموو توانا وە لەسەر کوردایەتی پەتی و ساخ و ڕێگە و ڕێبازی بارزانییانە بۆ خزمەتی قەوم و نیشتمان تەبلیغ کردووە و شیعاری کاری تەبلیغاتیمانە.

وە حزبمان هەرکات دیوبەتی دەستی ناحەزان و دژمنانی کورد و تەماح پەرستان یەک یان چەند هاوڕێی حزبی ئێمەی هەڵخەڵەتاندووە و لای داون لەو ڕێبازەی کە حزبمان گرتوویەتە بەر. حزبمان تا سەرحەدی توانا تەقەلای ئیسلاح و گێڕانەوەی ئەو هاوڕێیانەی داوە کاتێ مەعلوم بووە کە بێ سوودە ئەو دەم بۆ سالم و ساغمانی لەش ورە و ڕێبازی حزبمان ئەم لادەرانەی لە خۆی دوورکردۆتەوە. لە

کوردستانی ئێرانیش زۆر جار تووشمان بەو جۆرە هەڵوێستانە بووە لە دیوی کوردستانی عێراقیش جەنابت نەک شاهد بەڵکو وەک بابی دڵسۆز و خەمخۆر بەهەمموو تواناوە ئەم نەخۆش و دەردەدارانەتان لە ئێمە دوور کردۆتەوە. ئەویش دیسان نیشانەی وەفای ئێمەیە بەخاوێن مانەوەی ریزی حزبمان لە گێرەشێوێن و دز و جاسووس و پیاوی پیس.

جا بۆیە ئێمە بەناوی کادر و بەرێوەبەرانی حزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر داوای گشتی هەموو ئەندامان و چەکداران لە جەبهە و بنکەکانمان و لەسەر داوای مەسئولان و کادرانی حزبی داوا لە بەرێزتان ئەکەین بۆ وحدەت و ساخ مانی لەشی حزبمان لە وجوودی تەفرەقەچیانە ئەوانە کە بۆمان ئاشکرا و لە رۆژ رووناکترە.

ئەلف- ئەو جەماعەتە هەموو چەکەکانیان کە چەکی حزبی و لەشکرییە لێیان بستێندرێتەوە چونکو بەقەد ١٠ برامان لە جەبهە بێ چەکن وەیان چەکی ئەمانەتی خەڵکیان لایە.

ب- ئەوانەی حیسابی پارەوپوولیان لە پێیە بەر ئەمری حیسابدانەوە بکرێن (سەعید مەلا کەریم. خدر رۆستەم. حەسەن رستگار. قادر شەریف).

ج- داوای گرتن و حەپسکردنی ئەم ٣ کەسانە دەکەین - سەعید مەلا کەریم - بەتاوانی دزی وفراکسیونبازی و دەست تێوەردان لە دیوی کوردستانی ئێران. -قادر شەریف- بەتاوانی رەهبەریی فراکسیون و دەوری رەئیسی بۆ تەحریک و ترس لە دوارۆژی بۆ دیوی کوردستانی ئێران. -سەعید سقلی- بەتاوانی ئیهانەتی بەمقەدەساتی میللی نەتەوەی کورد و بیری پیسی.

(٢) لەو کاتەدا وتوویژ و مفاوەزەتان لەگەڵ حکوومەتی عەبدولسەلام عارف دەستی پێ کرد وە چەند باوەری حزبمان دەخەینە بەرچاوی هەق بینتان:

*-سازان و تەفاهم لەگەڵ عەبدولناسر و یان جەناحی عەبدولناسر لە عێراق ئێمە زۆر بەسوودی دوارۆژی کوردی دەزانین نەلەبەرئەوە لەبەرئەوە کە گۆیا عەبدولناسر دڵسۆزە بۆ کورد وەیان متەفاهمە بەڵکو وا بەقازانجی میللەتی کورد دەزانین چونکە ولاتەکەمان کەوتۆتە دەستی تورک و ئێران و دەسەڵاتی قەومی عەرەبی کە ئالاداری جەمال عەبدولناسرە خۆ بکاتە جیرانی ئەم دوو حکوومەتە (تورک و ئێران) وا بیر دەکەینەوە بە لە پەنا یەک بوونی ئەم ٣ دەسەڵاتە (ئەنکارا - تاران - قاهیرە) درەنگ یا زوو ئینسدام و لێدانی قاهیرە کە نەتەوایەتیە لەگەڵ تاران و ئەنکارا کە زۆرتر سەر بەبێگانەن و دوژمنایەتی خوێنی و نەتەوایەتیشیان هەیە دەست پێ دەکات. چونکە نقاتی خیلاف و گرێی مراوەدەیان زۆرە.

*- هەست بەبوونی ساردییەکی تەواو لەنێوان جەنابت و بەرێوەبەرانی پارتی دەکەین و بەداخەوە لە هێندێ شوێن هێندێ ئینسدام رووی داوە لەو کاتەدا داوای ئێمە لە بابی دڵسۆزمان ئەوەیە بەپێی توانا و حیکمەتتان رێگەی هێدی و سوودی عامە بدۆزنەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم تەنگوچەڵەمەیە.

*- لەمەڕ وەزعی ئێمە داوامانە زیاتر و زۆرتر چاوی خۆتان بدەنە حاڵ و کاری ئێمە و حزبی ئێمە بەمەعنای هەقیقی و ڕاستەقینە جەنابت بەرابەر و سەرۆکی خۆی دەزانێت کەوا بوو هەق وایە زیاتر و زۆرتر ئیهتمامی خۆتان بدەنە ئیدارە و حاڵی ئێمە. (هەرچەند بەپێی توانا وەختی جەنابت ناگرین چونکە دەزانین کە جەنابت دەبێ بەزۆر شوێن و زۆر کاری گرینگی تر ڕابگەن).

*- لە بەڕێزتان داوامانە کە بۆ حورمەت و ئیعتباری حزبمان بەپێی ئیمکان ڕێگە بەپێوەندی خەڵکی دیوی ئێران بەسەر قولە و قائیدەکانی ناوچەی کوردستانی عێراق نەدەن و یان ماوە نەدرێ کە لەو دیوەڕا هەرکەس هەوەسی کرد تاقمێک پێشمەرگە دوای خۆی بدات و بڕوات بۆ دیوی ئێران وەک عەزیز سورمێ و یان بەکر عەبدولکەریم لە باڵەکایەتی و یان ڕەحمانە ڕووت و مەلا ئەبوبەکر لەلای ماوەت ئەوانە زۆر زەرەر و زیانی حزبی و کوردایەتیان لە ئێمە داوە و ئەوەی ئێمە ١٠ ساڵە دامان ناوە دەچن بەچەند ڕۆژ دەیڕووخێنن.

(٣) لەو کاتەدا کە ساڵ بەرەو تازەوە بوون دەڕوات بەپێویستی دەزانین ئێمەش پەیمان و وەفای خۆمان تازەکەینەوە بەڕێگە و ڕێبازی بارزانییانەی جەنابت بەتەعلیمات و فەرماندەیی حەکیمانە و کوردانەی جەنابت. پەیمان ئەدەین کە حزبمان چەکدارێکی بەبیروباوەڕ و ئازا و هەڵسوڕی پشتی جەنابت بێت لە هەموو کات و دەور و زەمانێکدا .

سەرکەوتنی دوایی بۆ شۆڕشی پیرۆزی کورد

شاد بێ گیانی پاکی شەهیدەکانی شۆڕش.

سەربەرزی بۆ هێزی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان لەژێر ڕابەری ڕاستەوخۆی مستەفا بارزانی.

بژی کورد بژی کوردستان.

بژی حزبی دیموکراتی کوردستان.

ئیمزا

کادر و بەڕێوەبەرانی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستان

١٩٦٤/٢/١٨

[illegible]

١٨/٣/١٩٦٤

( بۆ رابەری خۆشەویست بارزانی مصطفی )

لەو کاتەدا ڕێک و ڕاستە مەسەلەیەک دایە دوای چەند جار کۆبوونەوەمان بە پێویستمان زانی لەگەڵ پەیمانی بازەکرد ئەوەی حزبمان لەگەڵ جەنابت پیروبا وەری بەرێوەبەرایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان تان پێشکەش بکەین .

( ١ ) واتەبەتی حزبی دیموکراتی کوردستان دەبێتە ( ١٩ ) ساڵ بەدرێژی ئەو ١٩ ساڵە حزبمان لە ڕێگەی خزمەت و تێکۆشانی ڕاستەوخۆ بووەتەوەی کورد لای ئەوادا و خۆبەر دەوام حزبمان خۆی کرد و تەبرد بووە ڕابازبوونی لە هەموو تەنگوچەڵەمەی وبەرامبەر دەوام شعاری خەباتی حزبایەتی لە خزمەتی ڕێگەی کوردایەتی لە سەروی هەموو کارو کردەوەکانمان دانابوو .

بۆئەو ( ٦ ) ساڵەی دوایی حزبمان هەموو ئەوەی کورد و جەنابت بەشاهید دەزانین کە چلۆن لە هەموو کاتوزەمانێکدا لە خۆشی و ناخۆشیدا حزبمان بەخۆی هێندی کادری بە دیەتی لە کوردستانی عیراق بارولایەتی کورد وپیری بەحق ودڵسۆزانەی جەنابتی گرتووە وبەوەفاترین برا و هاوکاری جەنابت بۆرن وهەڵپشین .

ئەوەلە دوو دیوی کوردستانی عیراق " پسوڵ کادرانیان لەدیوی کوردستانی ئیرانیش حزبمان حیسابی هەموو هەنگاو وەکانی ورد ودرشتی خۆی کرد ئەوەکە بەپێی سوودی کورد و بەتایبەتی شۆرش و تحلیلاتەکانی جەنابت بێت ولە وچوار چێوەدەرنەچوین و هیوادارین دەرێشلەچین . ولە زۆرشوین وکردەوەدا تاکێک وهەڵەکەوتی حزبمان کرد وتەقوربانی سوودی ڕێگەی کوردایەتی وشۆرش .

ڕەو وبیروڕای ئەندامان و لایەنگرانی حزبیشمان بەهەمووتوانا وەلە سەرکوردایەتی بەتی و ساغ و ڕێگەوڕێبازی بارزانیانە بۆخزمەتی ئەوم وبیشتمان تەبلوغ کرد وە و شعاری کاری تەبلیغاتیمانە .

وە حزبمان هەرکاتێ دیویەتی دەستی ئاحەزانو دوژمنانی کورد وتەماع پەرستان بەلکیان چەند هاوڕێمان حزبی ئیمەی هەڵخەلەتاندووە ولای داون لەو ڕێبازەی کە حزبمان گرتوویەتەبەر . حزبمان تا سەرحەدی توانا تەقەلای ئیصلاح وگێرانەوەی ئەوهاوڕێیانەی داوە کاتی معلوم بووەکەبێ سوودە ئەو دەم بۆتسلیم وساغمانی لە شۆرەو ڕێبازی حزبمان ئەم لادەرانەی لە خۆی دوورکردوتەوە . لە کوردستانی ئێرانیش ئێستاش نەبوو بەجۆرێ هەڵوێستانە بووە لە دیوی کوردستانی ئێرانیش جەنابت تەلەشاهید بەلکوو وەلەبابی دڵسۆز و خەم خۆربەهەمووتوانا وەئەم تەخۆنبووی دەردی ئاراتەکانی لە ئێمە دوورکردوتەوە .

لەوە پاش دەیان نیشانەی وەفای ئێمە بەخاوەن ماتەوەی ڕێزی حزبمان لەگیرە شێوین و دز وچیاسووسیەیانی پێس .

جا بۆیە ئێمە بەناوی کادر و بەرێوەبەرایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان لەسەرداوای گشتی هەموو ئەندامان و چەند ئارانەی لە جەبهەوپێگەکانیان ولەسەر داوای مسئولانو کادری حزبی داوالەبەڕێزتان ئەکەین بۆ وحدەت و ساغمانی لە شی حزبمان لە وجوودی ئەفرەقە چیانە ئەوانە کە بوونیان ئاشکرا و لە ڕوژ ڕوونتا نەترە .

الف ـ ئەوجەماعەتە هەڵگیرەکەکانیان ئەچەکی حزبی ولە شکری پەلیان بەستێند ڕێبە و مێچوونکو بەقەد ١٠ برامان [illegible] چەکن وەیان چەکی ئەمانەتی خەڵکیان لایە .

ب ـ ئەوانەی حیسابی پارەوپولیان لە بێ بەپەرتەسەری حیساب دانەوە بکرێن (سعید ملا کریم خەفەر و رۆستەم . حسن رستگار . قادر شریف . )

ج ـ داوای گرتن وحەپس کردنی ئەم ٣ کەسانە دەکەین ـ سعید ملا کریم ـ بەتاوانی

وتنڕا کیسون بازی و دەستێکی وەرداون لە دیوی کوردستانی ئێران .
ـ قادر شریف ـ بەتاوانی ڕێبەری فراکسیون و دەوری ڕەئیس بو تصریک وترس لە دواڕۆژی بزوتنەوەی کوردستانی ئێران .
ـ سعید متلی ـ بەتاوانی ئیهانەتی بە مقدساتی میللی نەتەوەی کورد و بیری ... .
(٢) لەو کاتەدا ئێوە و هێز و غا وەزەتان لەگەڵ حکومەتی عبد السلام عارف دەستی پێ کرد وە چەند یاوەری حزبمان دەخەینە بەرچاوی ... :
پروپاگەندەی زان وتا ... لەگەڵ عبد الناصر ... زۆر بەتوندی دواڕۆژی کوردی دەزانێ لەبەر ئەوەیکە گویا عبد الناصر دلسۆزە بو کورد وەیان ... بەلکو ڕا یەتا زانیین میللەتی کورد دەزانین چونکە ولاتەکانی ... تورک وئێران و دەسەلاتی ... عەرەبی کە تالادا ری جمال عبد الناصر ... ئەم دو حکومەتە (تورک وئێران) وا بیر دەکەنە وە بەلە ... بوونی ئەم ٣ دەسەلاتە (انقرا ـ تاران ـ قاهرە) دژ ... لی دا ... ئەوا ... ڕا ن و ... زۆرتر ... خوێنی ... دەستی پێ دەکات . چونکە ... خلاف ... مسرا ... زۆرە .
ـ ... بوونی ... بەڕێوەبەرانی ... دەکەین و ... لە ... دلسۆز ... ماف ... وحکمەتان ڕێگای ... سوودی ... وزتەوە ... سەرکردنی ئەم ... لەمەیە .
ـ لەبەر ... زیاتر و زۆرتر ... خوتان ... کاری ... بەمەنتای حقیقی وراستە ... بەرو سەروکی خوی دەزانێت ... زیاتر و زۆرتر ... ( هەرچەند ... ) ... جونکە دەزانین ... زۆر ... وزۆر ... .
ـ لەبەر ... ئەوا ... حزبمان ... ڕێگە ... کوردستانی ئێران ... ئەوا ... لە ... بەرەو ... ئێران وە ... عبد الکریم ... بووبکر ... وە ... حزبی وکورد ... ١٠ سالە ... ڕوژدەی ... .
(٣) لەو کاتەدا ... ساڵ بەرەو تازە وە ... بەپێویستی دەزانین ... ڕێگە ... بەتحلیلات ... کورد ... حزبمان ... ڕێکی بە بیرو باوەڕو تازا و ... ڕێ ... لە ... ڕوژە ... .
سەرکەوتنی دوایی بوشورشی پیروزی کورد .
شاد بی گیانی پاکی شەهیدەکانی شورش .
سەربەرزی بو هێزی لەشکری شورشگیری کوردستان لەژێر ڕابەری ... مصطفی بارزانی .
بژی کورد بژی کوردستان .
بژی حزبی دیموکراتی کوردستان .

کادر و بەڕێوەبەرانی ...
حزبی دیموکراتی ...

SECRETARIAT

PARTI DEMOCRATE DU KURDISTAN

## پاشبەندی ژمارە (٥٥)

## (أ)

## نامەی جەلال تاڵەبانی بۆ بارزانی

شام

١٩٧٥/١/١

گەورەم جەنابی بارزانی

لە دوای سەلام و ئیحترام

بەهیوای شادی و بەختیاریتانم. ساڵی نوێتان پیرۆز بێت. هیوام وایە ساڵی خۆشی و سەلامەتیی خۆتان و سەرکەوتنی گەلەکەمان بێت.

١- چەند رۆژێک لەمەوبەر چاوم بەیەکێ لەو رووسانە کەوت کە کۆن ئەمناسین. لە دوای چاک و چۆنی پێی گوتم کە راسپاردەیەکیان هەیە بۆ جەنابت بەڵکو بەپەلە بۆتان بنێرم. راسپاردەکە عەلاقەی بەهاتنی بریجنێڤەوە هەبوو. بەڵام پاشان تەلەفۆنی بۆ کردمەوە کە چونکە سەفەرەکە دواکەوت راسپاردەکە نەنێرن. بەڵام من بەپێویستی ئەزانم ئاگادارتان بکەم:

راسپاردەکە بریتی بوو لەوەی کە (سۆڤیەتەکان رجایان وایە کە سەرکردایەتیی کورد بزانێت کە هاتنی بریجنێڤ بۆ هێز و دەسکەوتی گەلانی رۆژهەلاتە وە ئومێدیان وایە کە لە کاتی هاتنی بریجنێڤ بۆ سوریە و عێراق، ماوەی «عەناسیری قەومی کورد» نەدرێت کە هیچ شتێ دژی ئەم سەفەرەی بریجنێڤ بکەن.)

هەروەها باسی ئەوەشیان کرد کە رووس لەو باوەڕەن کە مەسەلەی کورد بەشەڕ لابەلا ناکرێت بۆیە گوایە ئەوان و «حزبی شیوعی عێراقی – لجنەی مەرکەزی» سەعی ئەکەن بۆ حەلی سیاسیی سلمی نەک عەسکەری.

٢- لە دۆستێکی عەرەبەوە بیستم کە بەبۆنەی نەخۆشیی بەکرەوە –کە رەنگە زوو بمرێت– موئامەرەیەکی عەسکەری هەیە بۆ کوشتنی سەدام و لابردنی تاقمەکەی لە حوکم.

خەبەری نەخۆشیی بەکر راستە و نەخۆشیەکەی خەتەرە. وەک تێی گەیشتووم سوریە و میسریش بەتەمای گۆڕانێکن لە بەغدا کە بۆ ئەوان باشتر بێت لە ئێستە.

٣- چاوم بەدکتور خەیروڵلا حەسیب کەوت. بۆی گێرامەوە کە سادات لەو رەئیەیە کە شەڕێکمان لە

پێشە لەگەڵ ئیسرائیل. بۆیە سەعیەکی زۆر ئەکەن بۆ ڕاوەستاندنی شەڕ لە کوردستان تا لەشکری عێراق بتوانی بێتەوە جەبهەی شەرقی.
بەڕەئیی سادات حکوومەتی بەغدا حازرن بۆ مفاوەزە وە سەرکردایەتی کوردیش پێی خۆشە. بۆیە وا تێ ئەگەن کە وەختی ئەوە هاتووە ناوبژی بکەن لە بەینی کورد و بەغدا. بەقسەی خۆیان هەر بەو نیازەش لەگەڵ شای ئێران قسە ئەکەن.

٤- بەینی حکوومەتی بەغدا و تاقمی لجنەی مەرکەزیی (ح.ش.ع) ڕوو لە خراپییە بەینی موسکۆ و بەغداش زۆرباش نییە. بۆیە هەق وایە هەوڵبدرێ بۆ کەڵک وەرگرتن لەم حاڵە و پتر تێکدانی بەینیان.

٥- بەئیعدام کردنی شیعەکانی عێراق وەزعی بەعسی سەر بەبەغدا لە لوبنان زۆر زۆر خراپ بووە.

٦- بەڕەئی من جەبهەی عەرەبی ئیهمال نەکرێت باشە، وە بەرەڵلاش نەکرێت بۆ ئەوەی هەرکەسێک دێت لە وڵاتەوە، بەئارەزووی خۆی بچێت قسەیەک فڕێ دا، چونکە ئەمە زیانبەخش ئەبێت. هەق وایە لە وڵاتەوە یەکێکی مستەوای باش دابندرێت بەمسئوولی ئەم کارە بەو شەرتەوە لە وڵاتەوە بێت نەک لەوانەی دەرەوەن وە ناو بەناو بێت سەردانێک بکات.

ئیتر ئیحتراماتم دووپات ئەکەمەوە

دڵسۆزتان

جەلال تاڵەبانی

شام

١٩٧٥/١/٢

گەورەم جنابی بارزانی

لە دوای سەلام و ئیحترام

بە هیوای شادی و بەختیاریتانم، ساڵی نوێتان پیرۆز بێت.
هیوام وایە ساڵی خۆشی و سەلامەتی خۆتان و سەرکەوتنی گەلەکەمان بێت.

١- چەند رۆژێك لەمەوبەر چاوم بە یەکێ لە رووسەکانە کەوت لە کۆت ئەم مناسەبەتە. لە دوای چاک و چۆنی پێی گوتم کە پرسیارەکیان هەیە بۆ جنابت بەڵکو بە بەلە بۆتان بنێرم. پرسیارەکە عەلاقەی بە هاتنی بریژنێفەوە هەبوو. بەڵام پاشان تەلەفۆنی بۆ کردمەوە کە چونکە سەفەرەکە دواکەوت پرسیارەکە نانێرن. بەڵام من بە پێویستی ئەزانم ئاگادارتان بکەم.
پرسیارەکە بریتی بوو لە رەوی کە سۆڤیەتەکان رەجایان وایە کە سەرکردایەتی کورد بزانێت کە هاتنی بریژنێف بۆ هیندوو ئەسکەری گەلانی رۆژهەڵاتە. وە ئومیدیان وایە کە لە کاتی هاتنی بریژنێف بۆ سووریە و عێراق، ئاوەی زەمانەسیری قەومی کورد (؟) نەدرێت کە هیچ شتێ دژی ئەم سەفەرەی بریژنێف بکەن.
هەروەها باسی ئەوەشیان کرد کە رووس لەو باوەڕەدان کە مەسەلەی کورد بە شەڕ لەبەلا ناکرێت بۆیە گوایە ئەوان واهتری شتێ عێراقی لە ئەنجامی ئەوەن بە حەلی سیاسی نەك عەسکەری.

٢- لە دۆستێکی عەرەبەوە بیستم کە بە بۆنەی نەخۆشی بەکرەوە کە رەنگە زوو بمرێت. خۆبەدرەیەکی عەسکەری هەیە بۆ کوشتنی صدام و لابردنی تاقمەکەی لە حوکم.
خەبەری نەخۆشی بەکر راستە وە نەخۆشیەکەی زۆر گرانە.
هەڵبەت تێ گەیشتم سووریە و میسریش بە تەواوی گۆڕانێکی لە بەغدا کە بۆ ئەوان باشتر بێت ئەیشتە.

٢

٣- چاوم بە دکتۆر عزالدین مصطفی کەوت. بۆی گێڕامەوە کە سادات
لەو ڕەئیەدایە کە شەڕێکیان لە پێشە لەگەڵ ئیسرائیل. بۆیە
سەعیەکی زۆر ئەکات بۆ ڕاوەستاندنی شەڕی لە کوردستان
تا لەشکری عراق بتوانێ بێتەوە جەبهەی شەرقی.
بەڕەئی سادات حکومەتی بەغدا حازرن بۆ مفاوضە وە
سەرکردایەتی کوردیش بەلای خۆشە. بۆیە هواتی ئەکەن
کە وەفدی ئەوە هاتووەوە ناوبژی بکەن لە بەینی کورد و بەغدا.
بەقسەی خۆیان هەر بەو نیازەوەش لەگەڵ شای ئێران قسە ئەکەن.

٤- بەینی حکومەتی بەغدا و تاقمی لجنەی مەرکەزی (ح. ش. ع) زۆر لە خراپیە
بەینی موسکۆ و بەغداش زۆر باش نیە. بۆیە هەق وایە
هەوڵبدرێن بۆ کەڵک وەرگرتن لەم حاڵە و پێی تێکدانی بەینیان.

٥- بە ئیعدام کردنی شیعەکانی عراق وەزعی بەعسی سەر بە بەغدا
لە لوبنان زۆر زۆر خراپ بووە.

٦- بەڕەئی من جەبهەی عەرەبی ئیهمال نەکرێت باشە، وە پەیوەندیش
نەکرێت بۆ ئەوەی هەر کەسێک دێت لە وڵاتەوە، بە ئاوارەیی
خۆی بچێت قسەیەک فڕێ دا، چونکە ئەمە زیان بەخش ئەبێت.
هەق وایە لە وڵاتەوە یەکێکی مستوای باش دابنرێت بە مسئولی
ئەم کارە بە مشارەتەوە لە وڵاتەوە بێت نەک لە وڵاتی دەرەوەوە
وە ناوبەناو بێت سەردانیان بکات.

ئیتر ئیحترامم دووپات ئەکەمەوە

دڵسۆزتان
جلال تاڵەبانی
جلال

(ب)

## نامەی د. فوئاد مەعسووم

بەرز و بەڕێز جەنابی کاک مسعود

سلاوێکی شۆڕشگێڕانە

قوربان:

نیشانە بەنووسراوی پێشووم بۆ جەنابتان لە ٩/١٩ کە بەدەست کاک د. کەمال خەیات ناردم، دەمەوێ لەم نووسراوەدا هێندێ شت هەیە بۆ جەنابتانی بنووسم:

کاک نەجیب بابان کە هاتە قاهیرە گوتی: دەمەوێ لێپرسراوەکانی میری بدینم چونکە جەنابی مەلا مستەفا منی ناردووە بەتایبەتی بۆ ئەوەی بن زبانی میسرییەکان وەرگرم دەربارەی گەر هاتوو حکوومەتێکی عێراقی دامەزرا لە کوردستان.

کە لێم پرسی ئایا چ نامەی لا هەیە بۆ سادات، گوتی: تەنیا نامەیەکی شەفەهی لە جەنابی بارزانییەوە بۆ سادات.

دەربارەی بروانامەی خۆی گوتی: پێم نەدراوە ڕەنگە لەبەر زۆر نهێنیی مەهمەکە بێ، چونکە نابێ کەس پێ بزانێ، وە بەتایبەتی جەلال تاڵەبانی.

منیش لێرەدا مەوقفم زۆر موحرج بوو.

گەر یاریکاری لەگەڵ نەکەم، ئەمە دەبێتە کەموکوڕی، وە شتەکەش زۆر گرینگە وە هەر لەوکاتیشدا دەگونجێ لەگەڵ ئیتجاهی گفتوگۆی برادەرانمان لەگەڵ مسرییەکاندا. من گەر دەیکەم تەنزیمییەن شتەکە تەواو نیە.

دوایی بڕیارم دا کە تەقدیمی میسرییەکانی بکەم، وە دڵنیابووم نەجیب ناتوانێ ئەو ئیدعایە بکا گەر ئەساسێکی نەبێ.

ڕۆژی ٩/١٨ هەروەکو ئاگاداری جەنابتان کرا لەگەڵ کاک نەجیب چووینە سەرۆکایەتیی کۆمار، لەوێ دکتۆر حەمدیمان دی دەستەڕاستی ئەشرەف مەروان لێپرسراوی کاروباری عەرەبی. وە لەگەڵ عبدولرەحمان فەرید. وە گوتیان حەز دەکەین قسەکان بکەینە خاڵ بیهاوێینە سەر کاغەز و بۆتانی ئەخوێنینەوە ئەوجا دەیکەینە یاداشتێ بۆ سەرۆک.

خاڵەکان ئەمانەبوون:

١- جەنابی بارزانی دروودی خۆی پێشکەش بەسەرۆک سادات ئەکا، و هومێدی سەرکەوتنی بۆ ئەکا.

٢- جەنابی بارزانی دەڵێ: مەسەلەی کورد داوێمە ژێر دەستی سەرەک سادات بەئەمانەت لە دەست ئەو دابێ بۆ ئەمەی چارەسەریەکی بکا.

٣- ئێمە دەترسین ئەو پەیوەستیەی ئێستەی ناوانی میسر و عێراق و لێک نیزدیک بوونەوەی هاتوچۆی د. ئەشرەف مەروان بۆ بەغدا و تاران ئەمە هەمووی لەسەر حسابی شۆڕش و گەلی کورد بێ.

٤- عێراق دێ دەوڵەتە عەرەبییەکان خەتابار دەکا بەیارمەتی نەدانیان بۆ کپکردنی شۆڕشی کورد، بۆچی قەبووڵ ناکا مەسەلەی کورد لەسەر مستەوای جامعەی عارەبی چارەسەر بکەن یاخود بەلای کەمەوە لەسەر دەستی دەوڵەتێکی عارەبی، وەک میسر؟!

... وە دوای ئەمە میسرییەکان کەوتنە قسە گوتیان:

یەکەم: پەیوەستی و نێزیک بوونەوەی ئێمە و عێراق بەهیچ جۆرێ لەسەر حسابی ماف و بەرژەوەندیی گەلی کورد نابێ. وە د. ئەشرەف مەروان یەک جار چووەتە بەغدا، ئەویش بەشێک بوو لە تەقەلای رێگە خۆشکردن بۆ گەیشتنەیەکی، و چ ئەنجامێکی لێ دەرنەکەوت.

چوونە تارانیشی بۆ کاروباری خەلیج بووە، نەک بۆ مەسەلەی کورد.

دوای ئەوە ئێمە رێز ئەنێین لە گەلی کورد، وە دان بەمافی ئەهێنین لەناو چارچێوەی عێراقدا.

دووەم: سبەی ئێوارە سەرۆک سادات ئاگاداری ئەم کۆبوونەوەمان ئەکرێ، وە دوای سێ چوار رۆژی تر، ئەنجامتان ئەدەینێ.

رۆژی ٩/٢٢ چوومە ریئاسە بۆ ئەمەی بزانم وەلامیان چیە عەبدولرەحمان فەرید گوتی: سەرۆک فەرمانی داوە کە ئەم مەبەستەیە دراسە بکرێ بۆ دۆزینەوەی نقاتی خیلافی ناوانی هەردوولا عێراقی و کورد، دوای ئەوە بزانین چون لەوانەیە چارەسەرییەکی بۆ بدۆزرێتەوە.

هەر لەو رۆژدا هەڤاڵ کاک عەزیز لە بەیرووتەوە هاتە قاهیرە لەگەڵ مام جەلال وە مام جەلال تەلەفۆنی بۆ عەبدولرەحمان فەرید کردبوو، کە ئەویش باسی هاتنی نەجیبی بۆ کردبوون وا دیاربوو لەم تەلەفۆنەدا جەلال گوتبووی قسەی نەجیب راست نییە، وە تەعبیر لە بیروباوەڕی شۆڕش ناداتەوە.

جا ئێوارە عەبدولرەحمان فەرید و سەمیر حجازی (کە هەردووکیان لە کاربەدەستانی کاروباری عەرەبین لەسەرۆکایەتیی کۆمار) هاتنە ئوتێلی شپرو بۆ لای کاک عەزیز و مام جەلال لە سەرەوە، وە لەراستیشدا بۆ ئەمەی بزانین مەبەستەکە چییە.

عەبدولرەحمان فەرید لەکاتی قسە وای دەرخست کە نەجیب ئامادەییی شۆڕش نیشان ئەدا بۆ وتوویژکردن لەگەڵ بەعثی عێراق.

کاک عەزیزیش گوتی: وتوویژکردن لەگەڵ بەعثی ئێستای عێراقدا بەهیچ جۆری لە خەیاڵدا نییە وە شۆڕش وەنییە لە وەزعێکی وادابێ بیەوێ خۆی رزگارکا بەمفاوەزات. شۆڕش بەهێزە و مام جەلالیش کەوتە باسی جەبهە و سوودی، و چۆنییەتی بەرپابوونی و ئەو شتانە.

لێرەدا: کاک نەجیب گوتی:

تکایە وانەزاندرێ من داوای مفاوەزەم کردووە، وە ئەوە مهمەی من نەبووە، وە وشەی مفاوەزات هەر بەسەر زبانمدا نەهاتووە.

نەجیب ئەمەی دوو سێ جار گوتەوە.
سەمیر حجازی گوتی: دەمانەوێ بگەینە یەک خاڵ؛ چونکە ئێمە لە قسەکانی نەجیب بابان وامان وەرگرت کە ئێوە ڕازین بەمفاوەزە لەگەڵ حکوومەتی عێراق گەر لەسەر دەستی میسر بێ.
وە قسەی کاک عەزیز و مام جەلال ئاشکرایە دەڵێ مفاوەزە نییە.
دیسا نەجیب گوتی ئەوە لەسەر من تەسجیل مەکەن من نەمگوتووە مفاوەزە، گوتوومە سەرۆک بارزانی مەبەستەکە داوێتە دەست سەرۆک سادات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک ئەمەش وەنیە مفاوەزە بگەیەنێ.
دوای لقایەکە گوتیان دوو سێ ڕۆژی تر ئاگاداری ئەنجامتان ئەکەینەوە.
لێرەدا ئەوەی سەرنج ڕائەکێشێ، کاک نەجیب کە د. حەمدی و فەریدی دی یەکەم جار باسی دامەزرانی حکوومەتێکی عێراق لە کوردستان نەکرد، وە تەبیعەتی لقایەکە زۆر وشک و ڕەسمیات بوو. وە کاک نەجیبیش وەنەبوو عەرزی مەوزوعەکە بەڕوون و ئاشکرایی بکا. ڕۆژی ٩/٢٤ لەگەڵ کاک نەجیب چووینە ڕیئاسە بۆ ئەمەی دوعاخوازیان لێ بکا، کە بڕیار وابوو سەفەر بکا وە عەبدولڕەحمان فەرید گوتی: ئێمە مەوزوعەکەمان مناقەشە کرد لەگەڵ د. حەمدی، وە گوتی: هیچ جیاوازیەک نییە لە ناوانی قسەی هەردوولا، هەردووک یەک شتە. وەنییە لە قسەی نەجیب و کاک عەزیز و مام جەلال چە تەناقز هەبێ.
نەجیب زۆر دڵی بەم قسەیە گەشایەوە.. وە کە گەڕاینەوە لە ڕێگە تووشی کاک عەزیز و مام جەلال بووین، هەردووکیان هاتن لەگەڵ ئێمە سواربوون لە ئۆتۆمۆبێلەکەی مام جەلال کە بەدەست نەجیبەوە بوو وە ڕێک کەوتبوون لێی بکرێ، لە ڕێگەدا ئەم مەسرەحیەیە ڕووی دا:
جەلال: مفاوەزات دۆڵی بڵاوبووەتەوە لەناو عێراقیەکانی قاهیرە، وە تازە لای شەخسیەتێکی عێراقی بووم گوتی: لە ڕیئاسە داوایان لێ کردووم کە دراسەی گیروگرفتی کوردی بکەم.
نەجیب: قەشمەری مەکە.
جەلال: قەشمەریی چی و، شتەکە ڕاستە.
نەجیب: ئەو کابرایە کێیە تا بچم ببینم.
جەلال: بەڵکە نایەوێ تۆ ببینێ.
نەجیب: نا، پێویستە ببینم، بۆ بەناوی من شت بڵاوبێتەوە.
جەلال: لەڕاستیدا کابرا نایەوێ تۆ بدینێ، گوتی حەز ناکەم ببینم، چونکە نایەوێ لای هەمووی کەس بزاندرێ چ جۆرە پێوەندییەکی هەیە لەگەڵ میسرییەکان.
«وە ئەو کابرایەی مام جەلال باسی دەکرد ئەدیب جادر بوو».
نەجیب: گەر ئەو نایەوێ من ببینێ، منیش نامەوێ بزانم کێیە و ناشمەوێ ببینم. وە دەرکەوت نەجیب ئەعسابی تێک چووە، وە هەروەها مام جەلالیش سوور بووەتەوە و شتێکی بەدەستەوەیە.

جەلال: ئەتۆ ...ت لە شتەکەدا کردووە پیست کرد، هەر خەریکین قسەی تۆ پینەکەین.
نەجیب: من ...م تێ نەکردووە، تۆ تێت کردووە.
جەلال: دەنگ بەرزمەکەوە هیچ و پووچ.
نەجیب: تۆ هیچ و پوچی دەنگ بەرزمەکەوە.
جا لێرەدا دەنگیان بەرزکردەوە، و یەکتریان دا بەرجوێن، جوێنی وا کە لە هیچ قامووسێکدا نەبێ، خراپتر لە هی سەکن و شوفێری گەراجەکان.

وە ئۆتۆمۆبێلەکەش وردە وردە هەر دەڕۆیی، پێمان ڕاگرتن لە شارع نیل گەڕەکی: عەجووزە.
جەلال دەستی بڵند کرد بۆ ئەمەی لە نەجیب بدا من و کاک عەزیز دەستمان گرت، وە لەناو ئۆتۆمۆبێلەکەدا، من لەتەک نەجیب بووم کە ئەو لێی ئەخوری، کاک عەزیز و مام جەلالیش لەپشتەوە بوون.

وە لەناو ئۆتۆمۆبێلەکەدا هێندێ شووشەی بەتاڵی شیری تێدا بوو مام جەلال یەکیانی هەڵگرت و ویستی لەسەری نەجیبی بدا من دەستم گرت و شووشەکەم لێ ستاند، ئەوە دەستی بریندارکردم وە من و کاک عەزیز بەهەمموو جۆرێ هەوڵ ئەدەین واز لێکتر بێنن فایدەی نەبوو، وە لەڕاستیشدا مام جەلال مبادر بوو، وە ئەوبوو هێدی نەدەبۆوە. تا کاک عەزیز گوتی:
بەناوی حزب لێتان داوا دەکەم بێ دەنگ بن.
وە هەردووکیان وازیان لێکتر هێنا.
بەڕاستی مەوقفێکی زۆر ناخۆش و ناشیرین بوو کاتەکە جارێ سەعات دووی دوای نیوەڕۆ بوو کە هاتوچۆ زۆرە، وە لە شوێنەکی زۆر حەساس بوو، نێزیک ناوچەی زەمالک، کە هەمووی باڵیۆزخانە وە شەخسیاتن، وە زۆر کەس مام جەلال دەناسێ، وە بەتایبەتی عێراقیەکان هەموویان جەلال و نەجیب دەناسن؛ بەڵام چابوو خەڵکمان لێ کۆنەبۆوە، تەنیا دووسێ ڕەش و ڕووت نەبێ.
وە مام جەلال هەر ناوناوە دەیگۆ: ئەگەر ئازایی و مەردی وەرە خوارێ بزانە چیت پێ دەکەم، دوایی کە هەردوولا بێ دەنگ بوون و لەناو ئۆتۆمۆبێلەکە هاتینە خوار مام جەلال بەنەجیبی گوت کلیلی ئۆتۆمۆبێلەکەم بدەوە، ئۆتۆمۆبێل نافرۆشمە پیاوی وەکو تۆ.
ئەویش کلیلەکەی داوە و گوتی: زەمانەیە، تۆش بوویە خاوەن ئۆتۆمۆبێل.
ڕۆژی ١/ ١٠/١٩٧٤ کاک عەزیز گەڕاوە بەیروت، وە مام جەلالیش ڕۆژی ٤/ ١٠ بۆ دیمەشق وە ڕۆژی ٣/ ١٠ لەگەڵ مام جەلال چووینە لای عەبدولرەحمان فەرید کە گوتی: تائێستە چ ئەنجامێکمان وەرنەگرتووە لە سەرۆکەوە، وە شتەکە هێشتا لەژێر لێکۆڵینەوەیە.
جەنابی کاک مسعود: من بەڕاستی لەلایەکەوە خۆم بەبەشدار ئەزانم لەم تەنگوچەڵەمەیەدا، چونکە ئەگەر کاک نەجیب ئەوانی ڕیئاسەی نەدیبایە تووشی ئەم بەزم و هەرایە نەدەهاتین، وە هەروەها ئەو

ئیلتیبیاسەش نەدەبوو؛ بەڵام ئێستاش ئەو ئیحراجەی کە لە ئەوەڵەوە گوتم هەر هەیە.
جا من چاوەنواڕی ئەمری جەنابتم بۆ دوارۆژ، ئایا من چۆن تەسەڕوف بکەم، چونکە مەفروز وایە هەرچی دێ نامەیەکی لە ئێوە یا لە م.س دەوە پێ بێ، وەگەر ممکن بێ بەنسبەت هی وەک کاک نەجیب تەحدیدی مهمەکەشی. وە هەروەها ئەوجارەش تکایەکم هەیە، کە چەند جاریش عەرزم کردوون، بەرژەوەندی وایە هەرکەس ئیشوکار و بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی لە میسر هەبێ شتی وەها حەساسی پێ نەسپێرن وە نەجیب کە هات گوتی: دەمەوێ داوای لجووئی سیاسی لە میسر بکەم، بۆ ئەمەی معامەلەی لاجئیم لەگەڵ بکەن، نەک بۆ پارە، من وەرناگرم، بەس بۆ هاتوچوون و هێندێ ئیمتیازاتی وەک هێنانی ئۆتۆمۆبێل و ئەو شتانەیە.
من گوتم: موافەقەی بارەگای بارزانیت پێیە، کاک مسعود ئیزنی داوی، گوتی مانعیان نییە، گوتم: ئەمە شتێکی کەم نییە، داوا دەکەی مەندووبی جەنابی بارزانی و ئێستاش دەبیە لاجیء ئەوە نابێ، موافەقەی کتابی وان بێنە ئەوجا لێرە ئیتسالێت بۆ دەکەین.
وە لە ترسی ئەوە نەبادا خۆی بچێ پێوەندییان پێوە بکا من وەک دۆستان گوتم:
برا ئەمە تەئجیل کە بۆ سەفەری داهاتووت، چونکە ئێستا ئەو باسە بکەی مهمەکەت فاشل دەبێ. ئەوجا ئیقناع بوو. وە ئێستەش ئەوراقی لامان بەجێ هێشتووە بۆ ئەمەی لە دراساتی عولیای کولیەی حقوق وەرگیراوە ملاحەزەم کردووە دەیەوێ وەک جەلال تاڵەبانی بێ، ئەویش بەناو لە حقوق بوو، وە معامەلەی لاجئیشی لەگەڵ دەکرا.
قوربان: من رۆژی ٤/ ١٠ لە گەڵ مام جەلال چوومە دیمەشق وە بەئاگاداری کاک عەزیزیش بۆ تەمدیدی پاسپۆرتەکەم، کە خەلاس بووبوو، لەوێ ٨ رۆژ مامەوە تا بۆیان جێبەجێ کردم، وە هۆی ئەم درێژەکێشانەش ئەوەبوو پولیان لانەبوو، تا بۆیان هات، ئێستە پاسپۆرتەکەم دوو ساڵی تری بەبەرەوە هەیە، وە ئێستا لە بەیروتەوە ئەم نامەیە ئەنووسم. وە مام جەلالیش کە لە سوریا نیشتەجێ بووە وادیارە سورییەکان ئیهتمامی پێ ئەدەن ئۆتۆمۆبێلێکی بیجۆ ٤٠٤یان پێ داوە، وە دەمانچەیان داوەتێ... وە من سبەی کە دەکا ١٧/ ١٠ ئەگەڕێمەوە قاهیرە، وە کاک مونذر نەقشبەندیش لەگەڵ خۆم ئەبەم وە هومێد دەکەین بتوانین ئیشەکەی بۆ جێبەجێ بکەین.
ئیتر خۆشی و بەردەوامیتان هەردەم ئاواتمانە

دڵسۆزتان
فوئاد مەعسووم
١٩٧٤/١٠/١٦ عەزیز ڕەزا

وە بۆ ئاگاداری: مەوزوعی هاتنی نەجیب و تەفسیلاتەکەی بۆ م.س نووسیوە، وە لەگەڵ ئەم کاغەزەیە پێکەوە دەگەن.

بەڕێزو بەڕێز جەنابی کاک مسعود

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

قوربان :

ئینشائەڵا بە نووسراوی پێشووم بۆ جەنابتان لە ٩/١٩ کە بە دەست کاک [illegible] خەیاط
ناردم، دەربارەی ئەم نووسراوەدا [illegible] بۆ جەنابتانی بنووسم :
کاک حبیب بابان کە هاتە قاهیرە گوتی : دەربارەی لێپرسراوەکانی میرە بەرپێم
چونکە جەنابی مەلا مصطفی منی ناردووە بە تایبەتی بۆ ئەوەی [illegible] مصریەکان
[illegible] دەربارەی [illegible] حکومەتی عێراق [illegible] لە کوردستان.
کە لێم پرسی ئایا جەنابی نامەی لادایە بۆ سادات، گوتی : تەنیا نامەیەکی شەخصی
لە جەنابی بارزانیەوە بۆ سادات.
[illegible] دەربارەی [illegible] گوتی : [illegible]
چونکە ئایا کەس [illegible]، [illegible]
منیش [illegible] موقفم [illegible] محرج بو.
[illegible]
[illegible]
[illegible] تنظیماً [illegible].
دوای [illegible] مصریەکان بکەم، [illegible] حبیب [illegible]
[illegible].
[illegible] ٩/١٨ [illegible] جەنابتان [illegible] لەگەڵ کاک حبیب [illegible]
[illegible] ، [illegible] اشرف مروان
لێپرسراوی [illegible] ، [illegible] عبدالرحمن [illegible]
[illegible]
یادداشتی [illegible].
[illegible] :
١- جەنابی بارزانی [illegible] سادات [illegible]
[illegible].

٢- جونابە بارزانی دەلێ: مەسەلەکە کورد داویە ئیردەستی سەرۆک سادات بۆ ئەوەی مانەمێنێت
لە دەوەستەکە دوای بونەوەی چارەسەریەکی بکا.

٣- ئێمە دەترسین ئەو پەیوەستیەی ئیستای ناوانی میصر و عێراق و تیلی پێزانیان بونەوە پیاو
هاوتوری د. اشرف مروان بو بەغدا و تا ئاوی ئەمە هەموو لەسەر حسابی شۆرشی و
گەلی کورد بێ.

٤- عێراقیەکان دەولەتیمە هەمیشەکان هەتا بارودۆخا بە یارمەتی ئەوانیان بو کپ کردنی شۆرشی
کورد، بو چی ئەو دەولەتانە مەسەلەکە کورد لەسەر مستوای جامعەی عارەبی چارەسەر بکرێ
یا خود ڕێگای کە دەچی لەسەر دەستی دەولەتانی عارەبی بەروەک مصر؟!

.. دوای ئەمە مصریەکان کە وتەخت گوتیان:

یەکەم: بەهیچ شێوەیەک ئیزنیان بو ئەدەین ئێمە عێراق بەهیچ جۆرێک لەسەر حسابی [illegible]
[illegible] مافی و بەرژەوەندی گەلی کورد نابێ.

دووەم: اشرف مروان پەیکی خاص بوو بەغدا، ئەوەیش بەستیانی بو ئەو قەراری
ڕیگاخوش کردن بو ئەو ئیشانە پەیکی، وەچ ئەوجا میکانی دەرئەکەوێت.

وەچونە تا ئێستاش بوکاروباری خلیج بوو، ئەوانیش بوم سەردانی کورد.

دوای ئەوە ئێمە ئەزانین ئەمە لەگەڵی کورد، وە دانی بە مافی ئەوانیشە لەناو چارچێوەی
عێراقدا.

دووەم: سەبارەت بەپێوانە سەرۆک سادات ئاگادارە ئێوە کو بوەوە ماوەی ئەکرێ، وە دوای
ئەوە چونە دەوترێ، ئەوجا ئەمانە ئەدەین.

......

ڕۆژی ١٩٧٥/١/٢٠ [illegible] مناسبە بو ئەمەی بزانم [illegible] عبدالرحمن فرید
گوتی: سەرۆک فەرمانی داوە کە ئێوە مەڕجەتیە دراسە بکرێ بو دۆزینەوەی
نقاطی خلاف بەناوانی هەردولادا عێراق و کورد، دوای ئەوە بزانین چون لە دواتەوە
چارەسەریەکی بو بدۆزرێتەوە.

....

هەموو ڕۆژێک [illegible] عزیز لە بیروتەوە هاتە قاهیرە لەگەڵ مام جەلال
[illegible] عبدالرحمن فرید کردبوو، کە ئەویش باسی هاتنی [illegible] کردبوو.



وەها دیار بوو لەم نامەیەدا مام جەلال نووسیوێ قسەی نەجیب راست نییە ، وە [illegible]
شۆڕشی [illegible] ناداتەوە.
جا [illegible] عبدالرحمن عزیز و سەید [illegible] کە لە [illegible] دەستکاری کاروباری [illegible]
[illegible] کۆمار) [illegible] کاک عزیز و مام جەلال [illegible]
[illegible].
عبدالرحمن عزیز لە کاتی قسەی دا وتی کە نەجیب ئامادەی شۆڕشمان نەداوە
و [illegible] لەگەڵ بەعسی عیراقدا.
کاک عزیزیش گوتی : [illegible] لەگەڵ بەعسی [illegible]
[illegible] شۆڕش [illegible] مفاوضات . شۆڕش [illegible]
مام جەلالیش [illegible]
لێرەدا کاک نەجیب گوتی :
[illegible] مفاوضەمان کردووە [illegible] مفاوضە
[illegible].
نەجیب [illegible] گوتەوە.
سەید [illegible] گوتی : [illegible] کاک نەجیب [illegible]
[illegible] مفاوضە لەگەڵ حکومەتی عیراق [illegible]
[illegible].
[illegible] کاک عزیز و مام جەلال [illegible] مفاوضە [illegible].
[illegible] نەجیب گوتی [illegible] مفاوضە [illegible]
[illegible]
[illegible] مفاوضە [illegible]
[illegible]

.....

لێرەدا [illegible] کاک نەجیب [illegible]
[illegible] حکومەتی عیراق [illegible]
[illegible] کاک نەجیبیش [illegible]

دوای ۱۹/۹ لەگەڵ کاک نەجیب چووینە دەرناسە بۆ ئەوەی دوعا خوازیان لێ بکا، کە
بڕیار وابوو سەفەر بکا. [illegible] لە ڕێگا تووشی کاک عەزیز و مام جەلال بووین،
هەردووکیان هاتن لەگەڵ ئێمە سوار بوون لە ئۆتۆمبیلەکەی مام جەلال کە دەستی نەجیبەوە
بوو [illegible] لە ڕێگادا ئەم مشتومڕە ڕوویدا:

جەلال : [illegible] لە دەرناسە [illegible] کاک [illegible]، [illegible] لای
تخصیصتان [illegible] گوتی: لە دەرناسە [illegible] لێ کردووم کە [illegible]
[illegible] نەکەم.

نەجیب : قسەی شڕ مەکە

جەلال : قسەی شڕ چی، وشەکە ڕاستە

نەجیب : ئەوکاتە [illegible] تا بچم بیبینم.

جەلال : [illegible] ناوی تۆ بدەین.

نەجیب : نا، [illegible] بیبینم، [illegible]

جەلال : [illegible] ناوی تۆ بدەین، [illegible] بیبینم، چونکە ناوی
[illegible]

"[illegible] مام جەلال باسی کرد [illegible]"

نەجیب : "[illegible] بیبینم
[illegible] نەجیب [illegible]، [illegible] مام جەلالیش
[illegible]

جەلال : ئەتۆ [illegible] لە شتەکەدا کردووە [illegible] کرد، [illegible]
کردی.

نەجیب : [illegible] م [illegible] نەکردووە، تۆ [illegible] کردووە.

جەلال : دەنگت [illegible] هیچ [illegible]

نەجیب : تۆ هیچ [illegible] دەنگت [illegible]

[illegible]
[illegible]
[illegible]

پەراوێز:

د. عبدالرحمن عزیز گوتی: [illegible]
هیچ [illegible]
[illegible] نەجیب و کاک عەزیز و مام جەلال [illegible]
نەجیب [illegible]

[illegible]

* لە ڕێگای الجزیرة:

جەلال دەستی پێکرد بو ئێمە لە جیبێکدا منە وکاک عزیز دەستمان گرت، وەلەناو ئوتومبیلێکدا، منە لەناو جیبە بووم کە ئەو لای ئەبوعزیز، کاک عزیز ومام جەلالیش لە پێشەوە بوون.

لەو ناو ئوتومبیلەکەدا لەهیندێ شوێنەوە تاڵی سەیرەبێدا بو مام جەلال و هەڵکیان لەگەڵ گرت و ولیستی لەسەری جیبەکەدا منە دەستم گرت و شوێنەکەم لێ سەقامگیر ئەوە دەستی پێنەکردم. دەمی کاک عزیز: ئەم موجودە لەهەولێر دەدەین و لە ئەوێکدا بێنیمە فایدە نەبو، وەئەوانیش مام جەلال مبارەی بو، وەئێوەش لەهێندێ دەبووە. تا کاک عزیز گوتی:

بناوی حزب لیبیات وا دەکەم لێی دەترسێن.

لەهەر دوولایان وا دیاری لیکەرە لەهێنا.

بەڕاستی موقەعەیکی زۆر ناخۆشی ونا سێرەیی بو، کاتێ کە چارەسەعات دەوری دەوڵەت بۆتەوە بو کە ئەوانەی تێ چووبوون، دەیانشوێنەکی زۆر هەستیار بو، بێزیان ناوچەیان لەمالێکدا بە ئاگاداری سۆفیەکانی بو، بەڕاستی کەسی مام جەلال دەناسێ، وەدەبێ تابەکی عزیز و کاک ئەوانیش جەلال ومجیبە دەناسێ، بەڵام چاو خەڵکیان لێ کوێر بووە، تەنیا دۆستی بەرەوپێش نەبووە.

مام جەلال لەرێگای ناوە دەیگوت: ئەگەر تا ئێستا هەرەوەی حەزم کردبێ بزانم چییە وا دەکەم.

دوای کە ئەوانەی لە دەرگا بوون ئەوانە ئوتومبیلەکان سەیر هات مام جەلال بە جیبێکی گرت کلیلی ئوتومبیلەکەم [illegible] دەوە، ئوتومبیل ناخەرەکی بیارەوە کوتو.

ئەویش کلیلەکەی دایە دەگوتی: تەماشا، ئەوەش بریە خاوەنی ئوتومبیل.


.....

ڕۆژی ٨/١٠/١٩٩٩ کاک عزیز گەڕایەوە بیروت، وە مام جەلالیش ڕۆژی ٩/١٠ بو دیمەشق و ڕۆژی ١٠/٢ لەگەڵ مام جەلال چوینە لای عبدالرحمن خوند کە گوتی: تا ئێستا هیچ ئیجابییەکمان نەبوو لەسەر ئەوەکی، وەدەستی کە لەهێنانی ئەو زیر تیکولیە دایە.

....

چیرۆکی کاک مسعود:

بەڕاستی ڕاوێژکاری خۆم بە بیرخستنەوە ئەوانم لەم نووسینە دا، چونکە ...


-٦-

## چوارەم: کەرتی بیناسازی و خزمەتگوزاری

| ز | ناوی پرۆژەکە | تێچوون بەدینار | قۆناغی جێبەجێکردن و کاتی تەواوبوونی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بیناکردنی (٣٠٠٠) خانووی لادێ بۆ ئەوانەی زیان بە ماڵەکانیان کەوتووە | ٩٠٠,٠٠٠ | وا جێبەجێ دەکریت | |
| ٢ | دروستکردنی خانووی گەشتوگوزاری بەرێگەی چیمەنتۆ (السمنت المنفوخ) | ١ ملیۆن | وا دیراسە دەکریت | بەم نزیکانە تاقیکردنەوەی یەکەم خانوو دەکرێت |
| ٣ | بینای فەرمانگە حکوومەتییەکان | ٥٠٠,٠٠٠ | لە ماوەی ساڵانی داهاتوودا جێبەجێ دەکرێن | |
| ٤ | بینای پرۆژە تەندروستییەکان (نەخۆشخانەکان) | ٤,٠٩١,٠٠٠ | لە ماوەی ساڵانی داهاتوودا جێبەجێ دەکرێن | |
| ٥ | بینای دامەزراوە رۆشنبیرییەکان | ٤,٠٦٤,٠٠٠ | لە ماوەی ساڵانی داهاتوودا جێبەجێ دەکرێن | |
| ٦ | پرۆژەی جیا جیای ئاو | ٤ ملیۆن | وا جێبەجێ دەکرێن | |
| ٧ | پرۆژەکانی چاودێریی لاوان | ٢٥٠,٠٠٠ | لە ماوەی پلانەکەدا جێبەجێ دەکرێن | |
| ٨ | پرۆژەکانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان | ٧٣,٠٠٠ | لە ماوەی پلانەکەدا جێبەجێ دەکرێن | |
| ٩ | پرۆژەکانی هاوینەهەوارەکان و گەشتوگوزار | ١٥٤,٠٠٠ | وا جێبەجێ دەکرێت | |
| | **سەرجەم** | ١٥,٠٣٢,٠٠٠ | ئەم پرۆژانەی کە دەستەی ئاوەدانکردنەوەی باکور لە پاشکۆی (أ)دا ئەنجامیان دەدات، دەرهێنراون | |

سەرجەمی گشتیی تەرخانکردن لە پلانی گەشەکاری بۆ ناوچەی باکور

| ز | | |
|---|---|---|
| ١ | کەرتی پیشەسازی | ٦٠,٥٠٠,٠٠٠ |
| ٢ | کەرتی کشتوکاڵ | ٢١٨,٦٥٠,٠٠٠ |
| ٣ | کەرتی گواستنەوە و گەیاندن | ١٢,٨٩٠,٠٠٠ |
| ٤ | کەرتی بیناسازی و خزمەتگوزاری | ١٥,٠٣٢,٠٠٠ |
| ٥ | قەرزی ئەڵمان | ٢,٦٥٠,٠٠٠ |
| ٦ | تەرخانکردنی تازە لە پلاندا | ٢,٢٩٥,٠٠٠ |
| ٧ | دەستەی ئاوەدانکردنەوەی باکور | ٤,٠٠٠,٠٠٠ |
| | سەرجەم | ٣١٦,٠١٧,٠٠٠ |

## (ج)

## نامەی جەلال تاڵەبانی بۆ بارزانی

بەیرووت
١٩٧٤/٦/٧

گەورەم جەنابی بارزانیی بەڕێز
لەدوای سەلام و ئیحترام
شادی و ساغ و سەلامەتیتان بەئاوات ئەخوازم

پێرێ سۆڤیەتەکان بەپەلە ناردیان بەشوێنما بۆ بەیرووت. پریماکۆف هاتبوو بۆ لای کاک مستەفای جاف و داوای لێ کردبوو کە زۆر بەپەلە بنێرێت بەشوێنما. کە هاتم پێکەوە لە ماڵی کاک مستەفا دیمان. دوای مناقەشە و ڕاز و گلەییێکی زۆر لەیەکتر بۆمان دەرکەوت کە سۆڤیەتەکان دژی جەنابت هیچ شتێکیان نەنووسیوە و بەتەماش نین بنووسن، وە حەز ئەکەن پێوەندییان لەگەڵ جەنابتان بەردەوام بێت. وە زۆریش گلەیی ئەکەن لەوەی هێرشیان ئەبرێتە سەر لە ڕادیۆی کوردستانەوە. هەروەها پریماکۆف دەری خست کە وەزعی سەدام شلۆقە و عەسکەرییەکان سەدام بەمەسئوولی دۆستایەتی لەگەڵ جەنابت دائەنێن وە ئەیانەوێ شانەکە لەسەری ئەوا بشکێنن و ڕووس ترسی لابردنی سەدامیان هەیە.

جا پریماکۆف ئەیگوت: ڕووس دژی شەڕن لەگەڵ کورد و لایەنگری حەلی سیاسی و گفتوگۆکردنن، بۆ ئەمەش بتوانن تەئسیر بخەنەوە سەر بەغدا، وایان بەپێویست ئەزانی کە لەلایەن کوردەوە نامەیێک بۆ سەدام بچێت و بەشێوەییێکی ئیجابی بێت وەک مبادەرەیەک بۆ ئاشتبوونەوە و تەعزیزی مەرکەزی سەدام وە تیا کورد نیشان بدات کە گەر هەقی بدرێتێ عەلاقەی خۆی لەگەڵ دەرەوەی «کۆنەپەرست و ئیمپریالیست» ناهێڵێت. ئەمە گوایە بۆ ئەوەی بتواندرێ عەسکەرییە شەڕخوازەکان لغاو بکرێن. پریماکۆف ئەیگوت ڕووس زۆر زۆر ناڕازین لە دەوروبەرە یەمینییەکانی بارزانی. وە داوای ئەکرد کە (عەناسری تەقەدومی کورد) –وەمنیش– دەوربیینین لەناو بزووتنەوەی کوردا بۆ پەکخستنی ئەم عەناسرە «یەمینی و عەمیلانە» وە بۆ دوارۆژ.

دیارە من و کاک مستەفاش زۆر مجادەلەمان لەگەڵ کرد و زۆر ڕەخنەمان لە ڕووس گرت وە غەلەتەکانی ڕووس و حزبی شیوعیی سەر بەمۆسکۆمان پێ گوتن وە زۆرمان هەوڵدا کە هەقیقەتی وەزعیان بۆ شەرح بکەین. وە من گوتم نەدەبوایە ئێوە مەلا مستەفا بدەن بە بەکر و سەدام وە بۆم شەرح کرد کە لەوەتەی مەلا مستەفام دیوە لە ڕووسیا تا ئیمڕۆ هەر بەقسەی ئێوەی کردووە و چەندین جار ئەمەریکا و ئێرانی لە خۆی عاجز کردووە لەسەر ڕووس. وە یەکێک لە هۆیەکانی تێکچوونی لەگەڵ ئێمە

سەبارەت بەتاقمی حزبی شیوعی بوو، ئەی چۆن ئەبێت وا چاکەی مەلا مستەفا بدەنەوە؟

پاشان بۆ ئیدامەی پێوەندی (ئەلیکسەندەر زایتسیف)یان پێ ناساندین کە لە سەفارەتیانە لە بەیرووت. ئەمە ئەو پیاوەیە کە لە بەغدا لە ساڵی ١٩٦٣ من ئەمدیت لە وەختی مفاوەزاتدا. و کاک ساڵحیش ئەیناسێت.

لە نامەیێکدا کە ئەم پیاوە بۆی نووسیوم ئەڵێت:

«عندي صلاحيات من موسكو لاقوم بالاتصال المستمر مع حضرتك ومع غيرك من المسؤلين في البارتي والحركة الكردية وذلك طبعاً اذا كانوا راغبين في مواصلة العلاقات مع موسكو.» هەروەها بۆم ئەنووسێت:

«يمكنك ان ترسل الى موسكو عن طريقي أنا كل ما تعتبروه ضرورياً من الرسائل المكتوبة والمعلومات الشفهية وطلبات المساعدة وغيرها من الأشياء التي تهتمون بها.» ... وە هەروەها ئەڵێت:

«اذا كانت هناك أسئلة ورسائل من موسكو موجهة الى المسؤلين في البارتي والحركة الكردية، فانا أسلم هذه المواد لكم شخصياً.»

جا ئەم لوتفەی نواندوویانە لەگەڵ بەندە ڕەنگە بۆ ئەمە بێت کە لەگەڵ «برا تەقەدومیەکانی تری ناو بزووتنەوەی کوردایەتی» دەورێکمان پێ ببینن. دیارە من بەبێ ڕەئی ئێوە هیچ دەورێ نابینم! ئەوانی تریش نازانم چۆن ئەبن؟

هەرچەندە من خۆم زۆر گلەیی و ڕەخنە و نارەزاییم لە رووس هەیە، وە هەموو سیاسەتەکەیان بەچەوت و قۆڕ ئەزانم بەڵام دیسان: ١- لام وایە جیاکردنەوەی رووس لە بەعسی بەغدا شتێکی زۆر بەکەڵکە بۆ کوردایەتی. ٢- گەر پێمان جیا نەکرێنەوە هیچ نەبێ محاید بن یان دوژمنایەتیەکەیان کەمتر و سستر و خاوبێت هەر باشترە. ٣- مانی پێوەندیی ئێوە (بارزانی) لەگەڵ سۆڤیەتەکان شتێکی باشە.

جا پێشنیازم وایە کە جەنابت نامەیێکی شەخسیان بۆ بنێریت وە زۆر شتیان بەدووروودرێژی بۆ روون کەیتەوە و بینێرێت بۆ ئێمە بۆ بەیرووت بیاندەینێ. ڕەنگە زۆریش باش بێت گەر ئەمر بکەن جارێ ڕادیۆ – ڕۆژنامە – و دیعایەی کورد دژی رووس بوەستێت تاکو ئەبینین چی تازە ڕووئەدات.

بێگومان لە هەموو حاڵێکدا ئێوە زۆر زۆر لە ئێمە باشتر وەزعەکە ئەزانن و چاکتر هەڵی ئەسەنگێنن و ئەیقرسێنن، بۆیە چیتان بەباش زانی تکایە ئاگادارمان بکەن تاکو ئێمەش وا ڕەفتار بکەین.

ئیتر هەربژی بۆ

دڵسۆزتان

جەلال تاڵەبانی

ئاگاداری:

پریماکۆف زۆر تکای کرد کە بەجەنابتان نەڵێین ئێمەی دیوە و یاخۆ ئەو پێی گوتین ئەم پێشنیازانە بدەینە ئێوە.

بەیروت
١٩٧٤/٦/٧

گەورەم جەنابی بارزانی بەڕێز

دوای سڵاو وڕێزم

شادی وسەلامەتیتان بە ئاوات ئەخوازم .

[illegible]

[illegible]

(ه)

قاهیره
١٩٧٤/٦/٢٨

برایانی خۆشەویستم کاک ئیدریس و کاک مسعودی بەڕێز
سلاوێکی برایانەی گەرم
شادی و سەرکەوتنتان بەئاوات ئەخوازم و منیش باشم.

نامەی ڕۆژی ٦/١٨تان کە بەکاک حەبیبدا ناردبووتان گەیشت، زۆر سوپاس.

١- بێگومـان هیچ درێغـیـیـەک ناکـەم لە جـێبـەجـێکردنی داخـوازی و ئامـۆژگـاریـیـەکـانتـان دەربارەی بەهێزکردنی پێوەندی لەگەڵ عەرەبەکان بەگشتی و میسر و سوریە بەتایبەتی. منیش هەست ئەکەم کە ئەمە زۆر پێویست و بەکەڵکە و کە ئێوەش زۆر بەجدیتان گرتووە. ئەم مەسەلەیە چونکە زۆر گرینگە و ئێمەش داخوازیمان زۆرە، نەختێ سەبر و وەختی گەرەکە.

٢- ئەمجـارە کە کـاک حـەبیب هات، هاتنەکـە لە ناکـاو بوو وە من هیچ پێشـتـر ئاگـادار نەکرابـووم تاکـو تەرتیـبـاتی (مقـابلات)ی بۆ بکەم. وە هەرچەندە میـسـرییـەکـان زۆر زۆر مەشغـوول بوون وە ڕەئیس سادات لە قاهیرە نەبوو – لە ئەسکەندەریە بوو – وە پێشتر ئاگادار نەکرابوون، بەڵام دیسان نەختێ سارد هاتنە بەرچاو.

زۆر هۆ –سەبەب– بەبیر پیـاوا دێت. لەمـانە ڕەنگە هێشـتـا مـیـسـرییـەکان لە دیراسەتی مـەسـەلەکـە نەبووبنەوە. یەکێک لە مـەسـئـوولە گەورەکـانی شـئـوونی عـەرەبی گـوتی «ئەم مـەسـەلەیە بەندێکە لە بەندەکانی کۆبوونەوەی داهاتووی سادات و ئەسەد». بەلای منەوە ئەمە سەبەبێکی موهیمە. هەروەها دیراسـەت نەکـردنی خـۆشـیـان – لەگـەڵ هەمـوو ئەو لـوتفەی نیـشـانیـشـی ئەدەن وە هەرچەندە زرووفی مەوزووعی عەلاقەیان لەگەڵ عێراق زۆر بەرەو خراپتر ئەبات، دیسان ئەبێ وەک سەبەبێک حسابی ئەوەش بکەیـن کە مـیـسـر لەسـەر مـسـتـەوای ڕەسـمی گـەرەکـیـەتی کـە نەوعـە (تەزامنێکی شکلی) عـەرەبی هەر بـنوێنێت. هەرچۆنێ بێت وە هەرچەندە ئەمجارە نەتوانرا کاک حەبیب سادات ببـینێت، بەڵام دیسـان وەزع نەخـتـێک بەرەوپێش ئەڕوات بەدەلیلی ئەوەی ڕێگەی کـردنەوەی مەکـتـەبەکـەیان پێـدراین بەبێ (لەوحە) و ئیـعـلان. هەروەک ڕەنگە گـەر ئەسـەد مـوافـەقـەتی کـرد –کـە ئەمـە زۆر لە گـوینە– مـیـسـر چالاکـانەتر بێـتـە پێش. چونکە لە کـاروباری عـێـراقـدا زۆر دڵی ئەسـەد ڕائەگـرن و نایانەوێ –هەروەک ناشـتـوانن– سـوریە بڕەنجـێنن یان شـتێ بـکەن کـە بۆنی (التـفـاف) لە پشت سوریەوەی لێ بێت.

٣- وەک بیستوومە لەناو بەعسدا خیلاف هەیە لەسەر زۆر شت یەکێکیان هەڵگیرساندنەوەی شەڕە دژی کورد. گوایە میشێل عەفلەق بۆ لابەلاکردنی مەشاکل و ناکۆکی لە ناویان ڕۆیشتووە.

٤- لەسەر هەڵوێستی رووسەکان نامەیێکم بۆ جەنابی بارزانی ناردووە تکایە لەگەڵ سەلام و ئیحتراماتەوە تەقدیمی بفەرموون. هیوام وایە رەئیەکان و پێشنیازەکانتان لاپەسند بێت.

٥- جارێ وا لە میسر ئەمێنمەوە وە وا ڕەفتار ئەکەم کە زستانیش دێمەوە قاهیرە. هاوینەکە منالآن ئەبەمە قوبرس لەبەر (هەرزانی). پاشان نیازم هەیە سەرێک لە ولآت بدەمەوە و بەخزمەتتان بگەمەوە ئەوسا کوێتان پەسندکرد - دیمەشق یان لوبنان یان قاهیرە ئەوا لەو شوێنە ئەبم. خۆ گەر لە ولآتیش ئەمرتان هەبوو ئامادەم. بەلآم منیش لەو ڕەئیەم کە جارێ لە دەرەوە چاکتر خزمەتم پێ ئەکرێت. بەتایبەتی پێوەندی لەگەڵ عەرەب شتێکی گرینگە.

٦- شەریکەی (ئینی)ی ئیتالی و چەندین شەخسیاتی سیاسی و ڕۆژنامەنووسی داوایان کردووە بچم بۆ ئیتالیا بۆ باسکردنی یارمەتیدانی شۆڕشی کوردستان بەو شەرتەی شۆڕش دژی (ئینی) نەبێت. کاک حەبیب گوتی سەفەرەکە بکە. وامنیش خۆم ساز ئەدەم بۆ چوون بزانم چ خێرێکی تیایە؟ پاشان ئاگادارتان ئەکەم.

٧- بۆ ژیانی خۆم: سوپاس بۆ زیادکردنی یارمەتییەکەم، لە وەرامی پرسیارتان کە ئایە بەشم ئەکات یان نا؟ لەگەڵ کاک عەزیزیش باسمان کرد، کاک عەزیز پەسندی کرد کە داواتان لێ بکەم بۆم بکەن بەدوو هەزار لیرەی لوبنانی. جا گەر وەزعی ماڵیمان باشە وە پەسندی ئەکەن وەزعم نەختێک باش بێت ئەوا تکایە بۆم بکەنە (٢) هەزار لیرەی لوبنانی، خۆ گەر وەزع باش نییە وا منیش ئەبێ بەو میقدارەی داتانناوە بیگوزەرێنم. بەلآم ئەو میقدارەی داتانناوە بەو نرخە (کاک ئیدریسییانەی پێشووم!!) بۆم مەنێرن بەڵکو بەنرخی بازاڕ! دیارە ئەمە بۆ گاڵتەیە ئەگینا هەرچەند بێت بەزیاد بێت و زۆر سوپاس.

لە دواییدا ئاواتەخوازم گەلەکەمان سەرکەوێت بەسەر دوژمنانیدا و شۆڕشی کوردستان هاوبەشییەکی تەواو بکات لە هێنانەدیی عێراقێکی دیموکرات و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراقدا.

و هەر خۆش و شادبن و هەربژین بۆ برای دڵسۆزتان

جەلال تاڵەبانی





(ه)

## نامەی جەلال تاڵەبانی

قاهیره

١٩٧٤/٥/٣١

برایانی خۆشەویستم کاک ئیدریس و کاک مسعودی بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

شادی و بەختیاری و سەرکەوتننتان بەئاوات ئەخوازم و منیش باشم.

بەسوپاسەوە نامەکەتانم وەرگرت. زۆر سوپاسی هەستی برایانەتان ئەکەم دەربارەی خۆم، وە من خۆم هەر بەپێشمەرگەیەکی شۆڕشی کوردستان و ڕێگەی ڕزگاری گەلەکەمان لە دوژمن دائەنێم وە لە پێناوی ئامانجەکانی گەل و نیشتماندا بۆ هەموو واجب و کارێک ساز و ئامادەم. هەرچی کردووشمە بەبەشێکی بچووکی واجبی خۆمی ئەزانم. ئەوەی ڕاست بێ زۆر بەکەمیشی ئەزانم، بەڵام هیوام وایە لەمەودوا باشتر بتوانم بەئەرکی سەرشانی خۆم هەڵسم.

برایانی زۆر بەڕێز

من لە شەڕی ژیان و مردنی گەلەکەماندا دژی جانەوەرە فاشستەکانی تەکریتی وە لە پێناوی ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت و داهێنانی حوکمێکی دیموکراسی لە عێراقدا وە بەجێهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، وە بەو ڕێبازە ڕاستەدا کە بۆی هەوڵئەدرێ، ڕێبازی یەکیەتی تێکۆشانی شۆڕشی کوردستان لەگەڵ هێزەکانی گەلی عەرەب لە عێراقدا، من دیسان دووپاتی ئەکەمەوە بۆتان بۆ هەموو شتێ، هەموو فەرمان و کارێک ساز و ئامادەم. وە چۆن هەموو لایەکمان جارێ وامان پەسند کردووە کە من لە دەرەوە بمێنمەوە و لەگەڵ کاک عەزیز هاوکاری بکەم، بۆیە وا خەریکی خۆپێچانەوەم بۆ ئەوەی ماڵ بگوێزمەوە بۆ بەیرووت یان شام. جا بۆ ئەوەی بتوانین زۆرباش بەواجبی خۆمان هەڵسین تکام وایە ئیشی خۆم بەچاکی بۆ دیاری بکەن وە لە وەرامی نامەکاندا بە (تحدید) و بە (نقاط) وەرامەکانم بۆ بنێرنەوە. هەروەها زوو زوو نامەمان بۆ بنێرن وە لە دەنگوباس ئاگادارمان بکەن. بەتایبەتی لەم کاتەدا کە هەنگاوەکانمان بەرەوپێش ئەڕۆن لەلای برا عەرەبەکانمان –وەک پاشتر بۆتان باس ئەکەم.

دەربارەی وەزعی خۆم – بوونی خۆم لە بەیرووت وە لە پەنا کاک عەزیز زۆر بەپێویست ئەزانم وە هەروەها لە قاهیرەش بوونم زۆر بەکەڵک ئەزانم، بەتایبەتی گەر ئیشەکانی کاک حەبیب بۆی هاتووە بەتەواوی سەری گرت.

جـا هەروەک لـە قـاهیـرە بوون قـازانجی هەیە، زەرەریشی هەیە. زەرەرەکـەی عـیـبـارەتە لە دووری لە بەیرووت و شام و ولات وە لە مەرکەزی ئیشـەکەمـان کە بەیرووت ئەبێت. هەرچەندە قاهیرە ناوچەیێکی عــەرەبی وە ئەفــریقــایی زۆر زۆر گــرینگە وە بۆمن لە رووی گــوزەران و هەرزانیی ژیان وە لە رووی سەلامەتیی شەخسیەوە باشترە. جا گەر ئێوەش هاتنی منتان بۆ بەیرووت پەسند کرد (وەک خۆمان لێرە پەسندمان کردووە) ئەوا ئەبێ (مستلزماتی) ژیان و سەلامەتی بۆ هەموومان حساب بکەن. بۆ من ئەوسا ئەبێ حسابی گرانی ژیان بکەن لە بەیرووت کە بەو مانگانەیەی بۆتان داناوم ناژیەم، دووەم حەراسەتێکی ئەمینم پێویستە، سێیەم ئۆتۆمۆبێلێک پێویستە. وە هەرچەندە لەگەڵ کاک حەبیب قسەم کردووە لەم رووەوە و ئەویش بەراسـتی ئەزانی و وەعدیشی پێ داین کە ئەمـانە هەمـووی هاسـانن، بەڵام دیسـان زۆر حەز ئەکەم لە ئێوەشەوە خەبەر وەرگرم.

هاتنی کـاک حـەبیب کـەڵکێکی زۆری هەبوو. بەلێکدانەوە و تێگەیشـتنی مـن نەک هەر بوو بەهۆی روونکردنەوەی گـەلێ شت بۆ تەجـەمـوعی وەتەنی لە سـوریە وە بـۆ بەعـسی سـوریـا، بەڵکو بۆ مـیـسـر و هێندێ ناسری عێراقیی ئێرەش. بەتایبەتی لەگەڵ میسر ئەنجامی زۆرباش و بەکەڵکی بوو کە لام وایە کـاک حـەبیـبیش هەر لای وایە وە بەدووردورێژی بۆتان باس ئەکـات. لێرە زۆریـان پێ خـۆشـە پێـوەندیی بەینی بزووتنەوەی کورد و میسر باش بێت و گەشە بکات وە هەروەها گوتیان کە بۆ یارمەتیش ئامادەن لە هەردوو حاڵدا، لە حاڵی پێکهاتن لەگەڵ قەومی و تەجەموع و ناسرییەکان و دورست بوونی جەبهەیەکی عێراقی دژی حوکم وە لە حاڵی پێکنەهاتن لەبەر رازی نەبوونی قەومییەکان یا سەبەبی تر.

بەلای منەوە وە بەتێگەیشتنی خۆم: لە حاڵی پێکهاتن لەگەڵ قەومییەکانا وە دروست بوونی جەبهەی وەتەنی عێراقیدا ئامادەن زۆر یارمەتیمـان بدەن لە هەموو رووێکی مادی و مەعنەوییەوە. لام واشە کە رووخاندنی حوکمی بەغدا بەشێکە لە پلانێکی گەورە کە رەنگە زۆر هێز لەسەری پێک هاتبێت هەر لە تارانەوە بیگری تاکو جەزیرەی عەرەبی و سوریە و میسر، وە تاکو ئەمەریکا.

بۆیە ئێـمـە ئەبێ زۆر زۆر هوشیـارانە و زیرەکـانە رەفـتـار بکەین بەجـۆرێ کـە لە ئەنجـامـا ئامـانجی دیموکـراسی بۆ عـێـراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کـوردسـتـان بهـێنینەدی نەوەک خـەڵکی تر یاریمان پێ بکەن و بۆ ئامانجەکانی خۆیان هەڵمان سوورێنن.

جا چاککردنی عـەلاقە لەگـەڵ مـیـسـر بەتایبـەتی و لەگـەڵ عـەرەب بەگـشـتی – کـە بۆ کـوردسـتـان و کوردایەتی زۆر زۆر بەکەڵک و زۆر زۆر پێویستە – پێویست ئەکات کە لەلای ئێوەوە بەئیـهتیمـامـاتێکی زۆرەوە سەیر و رەچاو بکرێت. لەو شتانەی بەلای منەوە بۆ ئەمە پێویستی ئەمانەن:

١- بەردەوامیی پێوەندی و هاتوچۆ لەنێواندا.

٢- ناردنی نامـە لە بارزانییـەوە بۆ سادات و حافـز ئەسەد بەتایبـەتی، وە ناوەبەناو بۆ هەمـوو رۆئەسا و ملوکی عەرەب بەگشتی.

٣- لەهجەی دیعایە و ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانمان بەگشتی وە هی تەسریحاتی بارزانی و سەرکردەکانی تری پارتی ئەبێ بگونجێت لەگەڵ ڕێبازی برایەتی و یەکیەتیی تێکۆشانی کورد و عەرەب.

٤- هەوڵدانی نەپساوەوە بۆ پێکهێنانی جەبهەی وەتەنی عێراقی وە بۆ ئەوەی شۆڕشی کوردستان ببێتە شۆڕشی هەموو عێراق.

٥- ڕەچاوکردنی ئەم ڕاستییەی کە لەمەودوا -لای ئەمەریکا و رووسیش- عەرەب بەگشتی و میسر بەتایبەتی دەورێکی زۆر موهیمتریان ئەبێت لە سیاسەتی دونیادا وە قەدر و حورمەتیان زۆر زیادی کردووە لە عالەمدا. ئەم ڕاستییە وردە وردە وە تاکو دێت زۆرتر بەئەهمیەت ئەبێت.

٦- سەبر و حیکمەت لە پێوەندیماندا لەگەڵ (ئەترافی تەجەموع وەتەنی) وە لەگەڵ هێندێ ناسری و قەومی کە هێشتا لە واقیعەوە دوورن. واتە ئەبێ ئێمە خەبات بکەین بۆ پێکهێنانی جەبهەکە، وە پێکهاتنی بەواجبی خۆمان بزانین وە وەک ئامانجێکی گرینگی خۆمان سەعی بۆ بکەین.

٧- ڕەفتاری باش لەگەڵ ئەسیرەکانی عەرەب، وە زەربەی باش وەشاندن لە هێزی بەعس و جیهازە بەعسییە ڕووتەکان واتە ئەوەی بەعسیی ڕووتە.

بەڵام لە هەموو شتێ گرینگتر پاراستن و گەشەپێدانی شۆڕشەکەی کوردستانە وە خۆگرتن و درێژەدانە بەخەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان. بۆ ئەمەش بەلای منەوە ئەبێ هەم پێشمەرگە و هەم پارتی چاکتر بەدەوری خۆیان هەڵسن.

پێویستە پێشمەرگە باش ڕێک خرێن، سەرکردەی ئازا و دڵسۆز و لێزانیان بۆ دابندرێ، ئیمڕۆ هێزەکە زۆر گەورە بووە. بەوپێیە عەقڵیەتی سەرکردایەتی لە شۆڕشدا ئەبێ گەشە بکات. لە ڕووی ستراتیژی و تەکتیکیەوە وە لە ڕووی هەڵسووڕاندنی کاروباری جەنگیەوە ئەبێ گەشەکردن گونجاو بێت لەگەڵ زرووف و وەزعی نوێ. سەرکردە فاشیلەکانی خوارەوە ئەبێ بگۆڕدرێن. سەرکردەی لێوەشاوە و شایستە دابندرێ بۆ هەموو هێز و بەتالیۆن و لقەکان، بێ گوێدانە هیچ شتێکی تر.

ئەبێ هێزەکان باش ڕێک خرێن و ئەرکانی حزب دابندرێت بۆیان وە ئەبێ بەتەواوی شێوەی عەشایری و بەرەڵلایی لەناوبەرین. ئەبێ سەرکردەکان بزانن چۆن بەتالیۆن ویان چەند بەتالیۆنێک لە شەڕێکدا سەرپەرشتی و ڕابەری ئەکەن. ئەبێ بزانن چۆن سیلاحە جیاجیاکان پێکەوە ئەخەنە گەڕ وە چۆن ئەتوانن شێوە و تاکتیکە جیاجیاکانی شەڕ بەکاردێنن.

پێویستە زۆر کەڵک لە زابت و زابت سەف وەرگرین، بێ ئەوەی شێوەی شەڕی پێشمەرگانە ون کەین. وە ئەبێ بەپێی کەفائەت و لێوەشاوەیی و دڵسۆزی و ئازایی کاریان بەسەردا دابەش کەین. لە شەڕی ژیان و مردندا موجامەلە و چاکەدانەوە و ڕەچاوکردنی خزمایەتی و ئیعتیبارات بەوە نابێ لەشکرەکە خراپ و بێ توانا و بێ هێزکەین، بەڵکو ئەمانەش ڕێگەی تری خۆی هەیە بۆ پێ هەڵسانیان بەڵام دوور لە هێزی چەکداری و شۆڕشی ژیان و مردنەکەمان. بۆ وێنە لە مەناسبی ئیداری و مالی و یارمەتیدان و کاروباری

دبلۆماسیدا ماوەی ئەم شتانە ئەبێت.

ئەبێ مبادەرە لە شەڕا بکەوێتە دەست هێزی پێشمەرگە. ئەبێ هێزەکان هەمیشە کۆک بن وە هەمیشە ساز و ئامادەبن بۆ پەلامار بردنە سەر دوشمن لە نوقتەی زەعفیەوە، بۆ هێرش بردنە سەر (رەبایا) و (مەعەسکەرات) بەشەو - هیچ نەبێ تا نەحەسێنەوە، بۆ هەوڵدان بۆ گرتنی هێندێ سریە و فەسیل و یان فەوجی دابڕاو، وە ئەبێ هەمیشە هێزی خۆمان تەرکیز بکەین لەو شوێنانەدا کە زۆر پێویستن یان ئەتوانین تیایا هێزی دوژمن بشکێنین وە لوقمە لوقمە هێزەکەی دوژمن بخۆین.

نابێ ئێمە دەست لە ئەژنۆ بۆی دانیشین تاکو دوژمن دێتە سەرمان، ئنجا بەرەنگاری ببین، بەڵکو ئەبێ ئێمە هەمیشە دەستپێشکەر بین.

مایەوە مەسەلەیەک کە پێشتریش بۆم نووسیبوون ئەویش هی حزبە کوردستانیەکانە. بەلای منەوە (مقیاس و مەحەک) بۆیان ئەبێ هەڵوێستیان بێت لە شۆڕش. هەرچەندی زۆرتر و باشتر پشتیوانی بکات ئەوە باشترە بۆمان.

ئیستە دوو حزب لە تورکیە هەن: ١- حزبی دیموکراتی کوردستان - هی لەمەڕ شوان و ٢- پارتی دیموکراتی شۆڕشگێڕی کوردستان هی لەمەڕ سەعید ئاڵچی، هەردووکیان هەڵوێستیان باشە بۆیە هەقە ئێمەش لەگەڵیان باش بین. لە سوریەش جەماعەتی سەلاح بەدرەدین هەڵوێستیان باشە بەلام جەماعەتی حەمید دەروێش لەژێر تەئسیری حەمید دەروێش دان. حەمید هەڵوێستی زۆر ناپیاوانە و خراپە. جا ڕەئی من وایە هەرچی دۆستی شۆڕشە دۆستایەتی بکرێت وە زۆریش بەلامەوە خراپە کە بەرەڵلایان کەین.

لەدواییدا زۆر عەرزی ئیحتراماتم هەیە بۆ جەنابی بارزانی و هیوام وایە سیحەتی زۆرباش بێت.

هەربژی و خۆش بن بۆ

برای دڵسۆزتان
جەلال تاڵەبانی









(٥)

ئای ئێوە لە دەست لە ئۆرتۆ بووە دانیشتین تا کو دروست دیتە سەرمان ، تکایە
بەرە ئیشارەی بمێنن ، بەڵکو ئەڵێی ئێمە هەیشە لەوسەتپیشکەوین .

هاییعە مەسەلەی لای کۆمیتەی شرتیشیەم نووسیبوون ئەویش لە هۆی حزبە کوردستانییەکانە .
بڵاوکراوەوە (عقیاس و محلی) بۆیان ئەڵێی هەڵوێستیان بێت لە شۆڕش .
هەرچەندی زۆرتر و باشتر پشتیوانی ئەوان ئەوە باشترە بۆ هەمان .
ئێستا دوو حزبمان تورکیا هەن : ١- حزبی دیموکراتی کوردستان ـ هی لە مەروە شوانە
و ٢- پارتی دیموکراتی شۆڕشگێڕی کوردستان هی لە مەرە سەعید ئالچی ، هەردووکیان
هەڵوێستیان باشە بۆیە هەقە ئێوەش ئاگاداریان باش بن . لە سوریە ئێستا
جەماعەتی صلاح بدرالدین هەڵوێستیان باشە بەڵام جەماعەتی حمید دەرویش
زۆر ناشیرن حمید دەرویش دان . حمید هەڵوێستی زۆر ناپیاوانە خراپە .
چارەیەکمان وایە هەرچی دۆستی شۆڕشە دۆستایەتی بگریت .
وە دوژمنیش بڵاوەوە خراپە کە بەرەبلاویان کەین .

لە دوایدا زۆر هەر زۆری ئێحترامات هەیە بۆ جەنابی
بارزانی و هیوام وایە سیحەتی زۆر باش بێت .

هەر بژین و خۆش بن لو

برادەرتان

(و)

## نامەی فوئاد مەعسووم

بارەگای بارزانیی بەڕێز

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

ئەم ڕاپۆرتەی خوارەوە دەربارەی تێڕوانینمانە بۆ پێوەندی و ئەو کەینوبەینەی لە نێوانی میسر و عێراقدا هەیە و، هەڵوێستی میسر بەرامبەر بەشۆڕشەکەمان، لەگەڵ پێشنیازێک بۆ بارەگای بارزانی بەرز دەکەمەوە.

**میسر و عێراق:**

ئەگەر پێشتر پێوەندیی نهێنی نهێنی لە نێوان میسر و عێراقدا هەبووبێ - کە لە کاتی خۆیدا «م. س»مان لێ ئاگادار کردەوە - ئەوا ئێستە ئاشکرایە. ئەوەی بەدوای پێوەندییەکانی نێوان هەردوو لادا بچێت، ئەوەی بۆ دەردەکەوێ کە جۆرێک لە کرانەوە لە نێوانیاندا هەیە، ئەوەی کە وای کرد میسر داوای کرانەوە لە بەرامبەر عێراقدا بکات چەند پرسێکە:

١- میسر بۆ ئەوە کار دەکات وا لە ئەمەریکا بگەیەنێت کە خاوەنی دەسەڵاتە بەسەر دەوڵەتە عەرەبییەکاندا و توانای سەرکردایەتی کردنیانی هەیە و، لەسەر ئەمەریکا پێویستە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ میسر بەهێز بکات و، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پشتی پێ ببەستێ.

٢- میسر ئێستە هەست بەوە دەکات کە لە کرانەوەی تەواو بەرامبەر ئەمەریکا و پێشوازیکردنە بەناوبانگەکەی نیکسۆن پەلەی کردووە، لەو بڕوایەدایە کە ئەمەریکای لە ڕێی سەرۆکەکەیەوە بەلای خۆیدا کێش کردووە. ئینجا نیکسۆن ڕۆیشت و سەرۆکایەتیی بەجێ هێشت و فۆرد شوێنی گرتەوە، ئەویش دوای ئەوەی خولی نیکسۆن تەواو دەکات دوو خولی هەڵبژاردنی لە پێشە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پێویستیی بەدەنگی جولەکەکانی ئەمەریکا هەیە، بەم پێیە دەبێ لایەنی کەم دەست بەپێوەندییەکانی خۆی بەعارەبەوە بگرێت. پاشان ئەمەریکا ڕێککەوتننامەکانی نیکسۆن - ساداتی دەربارەی یارمەتیدانی میسر بە ٢٥٠ ملیۆن دۆلار و پێشکێش کردنی ئەتۆم هەڵپەسارد و بەسەرکەوتنی کۆنگرەی جنێڤی بەستەوە. ئەم یارمەتییانەش بەشێوەی پرۆژە دەبن لە بەری تری نۆکەندی سوێس، ئەگەر کۆنگرەی جنێڤ سەرکەوتن وەدەست نەهێنێ ئەوا لە شیمانەی شەڕ نزیکە، ئەمەریکاش نایەوێ پرۆژەکانی خۆی لەوێدا بخاتە بەردەم مەترسیی تێکدان، کۆنگرەی جنێڤ چەند گرفتێکی عارەبیی لە بەردەمدایە وەک عێراق و لیبیا و گرفتەکانی فەلەستین، لێرەوەیە میسر وەک هەنگاوێک لەپێناوی سەرکەوتنی ئەو کۆنگرەیەدا کار بۆ ئەوە دەکات خۆی لە عێراق نزیک بکاتەوە.

٣- هەروا میسر پەلەی کرد لە تێکدانی پێوەندیی لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەتدا، بۆ نموونە کاتێ باڵەفڕەی بۆد جورنی کە بەرەو سۆماڵ دەچوو لە ڕێگەی خۆیدا بۆ ماوەی نیو سەعات لە ئەسوان نیشتەوە و لە گەڕانەوەشدا بۆ مۆسکۆ بەهەمان شێوە باڵەفڕەکەی نیشتەوە، نە سادات و نە هیچ گەورە بەرپرسێک پێشوازییان لێ نەکرد، بگرە لە هەردوو کەڕەتدا پارێزگاری ئەسوان پێشوازی و بەڕێی کرد. وەک کاردانەوەیەکی سۆڤیەت لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەدا سەردانی وەزیری دەرەوەی میسریان بۆ مۆسکۆ ڕەت کردەوە و بۆ ماوەی سێ مانگ دوایان خست.

میسر ئێستە بەرەو باشی دەچێت - بەهۆی هەڵوێستی ئەمەریکا لە بەرامبەر پرۆژەکانی و هەڵوێستی دۆستانە و ئاشکرای فۆرد بەرامبەر ئیسرائیل و، لێدوانی بەرپرسانی ئیسرائیلی و، لە نێوان گیروگرفتەکانی ئێستەی بەردەم کۆنگرەی جنێڤ - میسر ئێستە هەست بەوە دەکات کە شیمانەی شەڕ نێزیکە. ئەگەر شەڕیش ڕووی دا ئەوا ئەمەریکا دەچێتە پاڵ ئیسرائیل و، دەوڵەتانی ئەوروپاش توانای ئەوەیان نییە ڕووبەڕووی ئەمەریکا ببنەوە، بێجگە لە یەکەتی سۆڤیەت هیچ لایەک نەماوەتەوە چەک بدات بە میسر.

میسرییەکان وای دەبینن کە بەهەر شێوەیەک بێت پلانێک دابنرێت بۆ گێڕانەوەی پێوەندیی دۆستانەی نێوان میسر و مۆسکۆ بێ ئەوەی کەرامەتی میسرییەکان بریندار بکرێت، بەواتایەکی تر ئەم گێڕانەوەی پێوەندییە بەشێوەی پەنابردنی میسر بۆ مۆسکۆ نەبێت، بگرە هەوڵی ئەوە بدرێت سۆڤیەت بەئاراستەی قاهیرە ببزوێندرێ. لێرەوەیە کە کرانەوە بەڕووی عێراقدا، وەک جۆرێک بووە لە کێبەرکێی سۆڤیەت بۆ دەوردانی عێراق، چونکە، ئەگەر مۆسکۆ هەستی بەو کێبەرکێیە کرد، ئەوا بەرەو قاهیرە دێ بۆ ئەوەی ئەم کێبەرکێیە سووک بێت، عێراقیش بەتەواوی ڕوو لە میسر نانێ. هەروەها میسر لە لایەکی ترەوە عێراق بۆ ناوبژیوانیی نێوان خۆی و مۆسکۆ بەکار دێنێت، هەروەک لەگەڵ عەدەنیش هەوڵ بۆ ئەوە دەدات.

ئەوەی وای لە عێراق کرد بەڕووی میسردا بکرێتەوە دۆزی کورد بوو...

میسر - هەر لە سەردەمی عەبدوناسرەوە - ڕێژیمە فەرمانڕەواکانی عێراقی بەو خەیاڵەدا بردووە، کە پێوەندیی دۆستانەی لەگەڵ شۆڕشی کورددا هەیە، بۆ ئەوەی وەک پاڵەپەستۆیەک بۆ سەر دەسەڵاتدارانی عێراقدا بەکاری بێنێ. عێراقیش لەو بڕوایەدایە کە میسر لە نێوانی هەژموونی خۆیەوە دەتوانێ پاڵەپەستۆ بخاتە سەر سەرکردایەتیی کورد، بۆ ئەوەی دەستبەرداری هەندێ لە داخوازییەکانی گەلی کورد بێ، لە بەرامبەر هەندێ تەنازولی عێراق بۆ میسر.

هەروەها میسر - بەگوێرەی بیرکردنەوەی دەسەڵاتی عێراقی - دەتوانێ کار بکاتە سەر دەسەڵاتی ئێران بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەر شۆڕشی کورددا بگۆڕێت.

ئەمە کورتەی ڕوانینمانە بۆ پێوەندییەکانی نێوان میسر و عێراق.

**میسر و شۆڕشی کورد:**

میسر – وەک دیارە – لە پێوەندیی خۆیدا لەگەڵ شۆڕشی کورد وریایە، نایەوێ هیچ پابەندییەکی لە بەرامبەردا هەبێت. بۆ نموونە کاتێ تێکۆشەر کاک حەبیب لێرە بوو، میسرییەکان ئاگاداریان کردینەوە، کە ڕەزامەندییان پێشان داوە بۆ کردنەوەی نووسینگەی حزب لە قاهیرە، مەبەستیشیان لەمەدا – وەک لە دواییدا دەرکەوت – ئەوە بوو کە ئەم هەواڵە بڵاو ببێتەوە و بگاتەوە دەسەڵاتدارانی عێراق، میسرییەکان ئەم پڕۆپاگەندەیە وەک هۆیەک لە هۆیەکانی پاڵەپەستۆ خستنە سەر بەعسی عێراق بەکار دەهێنن، تا بۆیان بگەڕێنەوە.

کاتێ شوێنێکی گونجاومان دەست کەوت، سەیرمان کرد بەچەند شێوازێکی دیبلۆماسی داوای لێبووردنمان لێ دەکەن و وتیان: پێویست نییە و ئێوەش بۆ ڕێکخستن بەکاری ناهێنن، ناشکرێ بیکەنە بارەگایەک بۆ گردبوونەوەیەکی عێراقی، هەڵوێستمان سەغڵەت مەکەن... ئەمە و چەند پاساوێکی تریان هێنایەوە.

لە ڕاستیدا ئەگەر لە سەرەتاوە بێدەنگیمان لێ کردبا و پەنابەرە عێراقییەکانمان لە کردنەوەی ئەو نووسینگەیەدا ئاگادار نەکردبایەوە، ئەوا نووسینگەکەمان کردبووەوە و لەو بڕوایەشدام میسرییەکان دایان نەدەخست.

ئەگەر بارودۆخی بزاڤی گەشتوگوزار لە هاویندا ڕێگەی لەوە گرتبێ کە بەخێرایی شوێنێکی گونجاومان دەست بکەوێ، ئەوا لە ڕاستیدا پارەی تەواومان لە بەردەستدا نەبوو بۆ کردنەوەی نووسینگە.

بەڕێز جەلال تاڵەبانی لەگەڵ هەردوو تێکۆشەر کاک حەبیب و عەزیز شێخ ڕەزا ڕێک کەوت کە بڕی هەزار جونەیهمان بدەنێ و لە بەیروت بۆی سەرف بکەن، بەڵام بێجگە لە ٣٥٠ دیناری لیبی کە دەکاتە ٥٩٥ جونەیهی میسری بەنرخی بازاڕی ڕەش هیچی ترمان وەرنەگرت، ئەم بڕە پارەیەش بەشی بەکرێ گرتنی خانوو یان شوقە ناکات.

هەوڵمان دا پێوەندی بەکاک عەزیزەوە بکەین لە بەیروت بۆ پەیداکردنی باقیی بڕە پارەکەی تر بەڵام لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا لەوێ نەبوو – هەروەک چۆن ئاگاداری کردینەوە – کەسێکی تریشمان لە دوای کاک عەزیزەوە بۆ دیاری نەکرا بوو کە پێوەندیی پێوە بکەین. بەم شێوەیە بەهۆی بارودۆخی گرێدراو بەخۆمان و دەرەوەی ویستی خۆمان نووسینگەکە نەکرایەوە.

ئەمڕۆ ١٨/٩/١٩٧٤ لەگەڵ بەڕێز کاک نەجیب بابان چاوم بەچەند بەرپرسێکی میسری کەوت و جەختیان لەوە کردەوە کە: هیچ ڕێککەوتنێک لە نێوان میسر و عێراقدا نییە و هەرچی لەو بارەشەوە هەبێ ئەوە هەوڵێکی بەرایی و خۆشکردنی ڕێگەیە بۆ کردنەوەی گفتوگۆ و، بێجگە لە سەردانی د. ئەشرەف مەروان بۆ عێراق و بردنی نامەی سادات بۆ بەکر هیچ دیدارێک لە نێوان هەردوو لادا ساز نەدراوە، هەروەها جەختیان لەوە کردەوە کە میسر لەسەر حیسابی گەلی کورد، لەگەڵ عێراقدا بەهیچ ڕێککەوتنێک ناگات.

**پێشنیاز:**

عێراق، بێ گومان، ئێستە لە چالاکییەکی چڕوپڕدایە بۆ پێوەندی کردن بەدەوڵەتە عارەبییەکان و ئامادەیە تەنازولی زۆریشیان بۆ بکات (بەگوێرەی چمکی بەعس) تا هەوڵی گەمارۆدانی شۆڕشی کورد بدات و، ئەو دەوڵەتانەش ناچار بکات لە ڕێگەی پاڵەپەستۆ نێودەوڵەتییەکانەوە، چەند هەنگاوێک لە دژی جووڵانەوەکەمان بگرنە بەر، وەک هەڵوێستی جەزائیر کە گۆڤاری (الحوادث)ی بەیروت لە ٦/٩/١٩٧٤دا ئاشکرای کرد.

بۆچی ئێمەش چالاکی هاوشێوەمان نەبێت وەک هەوڵێک بۆ مایە پووچکردنی چالاکیی ئەوان؟ ئەمەش بەو جۆرە دەبێت کە ئەندامێکی بەڕێزی مەکتەبی سیاسی یان کۆمیتەی ناوەندیی پارتیمان – لە دەرەوە پلە و پایە و شوێن و ڕێزی خۆی هەیە – بارەگای خۆی لە بەیروت یان قاهیرە یان دیمەشق دابنێت و گەشتێکی بەرفراوان بەنێو دەوڵەتە عەرەبییەکاندا بکات و کۆمەڵێک شارەزای کاروباری عەرەبییش یارمەتیی بدەن و، پێوەندی بەبەرپرسانەوە بکات، یارمەتیدەرەکانیشی لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا دابەش ببن بۆ بەدواداچوونی چالاکییە سیاسییەکانی عێراق، هەموو مانگێک کۆبوونەوەیەکی خولەکی لە نێوان یاریدەران و بەرپرسەکەدا هەبێ بۆ شیکردنەوەی ڕووداوەکان و بەستنەوەیان بەیەکترەوە، هەر هەموو مانگێکیش بەرپرسەکە پێوەندی بەبارەگای بەڕێزی بارزانییەوە بکات و ڕا و بۆچوون ئاڵوگۆڕ بکرێت. لەو بڕوایەدابن بەیروت باشترین شوێن بێ بۆ بارەگای بەرپرسەکە چونکە توانای بەربڵاوی هەیە، ئینجا لە دوای ئەوێ قاهیرە دێت کە ڕەگەزی ئەمانی لێ بەدی دەکرێت، لەو بڕوایەشدام دەسەڵاتدارانی میسر ڕێگە لەوە ناگرن. ئەمەش بەڕای ئێمە لایەنی کەم هەنگاوێکی گرینگە لەپێناوی بانگەشە بۆ شۆڕش و پووچەڵ کردنەوەی هەندێ پیلانی بەعس.

لە کۆتاییدا بفەرموون سڵاومان لێ قەبووڵ بکەن

بۆ پێشەوە...

فوئاد مەعسوم

١٩٧٤/٩/١٨

(ز)

**نامەی فوئاد مەعسووم**

برای بەڕێز و تێکۆشەر کاک مسعود بارزانی

دوای سڵاوێکی پاک و بێ گەرد:

وەک لای ئێوە شاراوە نییە کە من ماوەی ساڵ و نیوێکە لە قاهیرەم بۆ وەرگرتنی دکتۆرا، لە لایەن (م. س)یشەوە تەخویل کراوم بۆ ڕێکخستنی ئەو برایانەی بۆ خوێندن لە قاهیرەن، هەروەها ڕێگەی ئەوەشم

پێ دراوه پێوەندی بەدەسەڵاتدارانی میسرەوە بکەم.

دوای ئاداری ١٩٧٤ چەند پێوەندییەکم کرد، بەڵام گرینگترینیان پێوەندی کردن بوو بەعەبدولمونعیم نەجاری باڵیۆزی میسر لە عێراق، کە بۆ ماوەی هەفتەیەک هاتبووە قاهیرە. هەروەها پێوەندیکردن بەبەشی کاروباری عارەبی لە سەرۆکایەتیی کۆماردا و، چاوم بەسەمیر حیجازی کەوت کە یەکێکە لە بەرپرسانی ئەو بەشە. لەبەر ڕۆشناییی ئەم ڕاستییانەی خوارەوە:

١- میسر زۆر بایەخ بەبارودۆخی سوریا دەدات و، نووچدانی ئەرکی کیسنجەر لەوێدا و، دارمانی کۆنگرەی جنێڤ واتای ئەوە دەگەیەنێ کە سیاسەتی میسر نووچی داوە.

٢- میسر ڕووەو ئەمەریکایە و لە دژی یەکەتیی سۆڤیەت دەوەستێ، عێراقیش ئاراستەیەکی پێچەوانەی هەیە.

٣- میسر دەیەوێ ببێتە بنکەیەک تا ئەمەریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پشتی پێ ببەستێ.

٤- ناحەزییەکی نەریتی لە نێوان هەردوو سەرکردایەتیی میسر و حزبی بەعسدا هەیە.

ئەوا میسر ئامادەی هاریکاری و کارکردنە بۆ لادانی حزبی بەعس لە فەرمانڕەوایەتیی عێراقدا، هەر یەکێ لە نەجار و حیجازی جەختیان لەوە کردەوە کە میسر ئامادەیە بەشێوەیەکی مەبدەئی هاوکاری لەگەڵ بارەگای بەڕێز بارزانیدا بکات.

دەبێ ئەو هاوکارییەش لەسەر چەند بنەمایەک بێت بەرژەوەندیی هەردوو لای تێدا بێ، لە نێوان ئەو بنەمایانەشدا: ڕێککەوتن لەسەر ئەو عارەبە عێراقییانەی دەکرێ هاوکارییان لەگەڵدا بکرێت.

تەنانەت ئەگەر ئەرکی کیسنجەریش سەری گرت و، سوریا ڕازی بوو لە کۆنگرەی جنێڤ ئامادە بێت، ئەوا میسر ئامادەی هاوکاریکردنە، ڕەنگە بارودۆخەکان بۆ ئەوە لەبارتر بن.

ئەمە کورتەی پێوەندیکردنەکانم بوو لە قاهیرە و دەیخەمە بەردەستتان تاوەکو ڕای خۆتانی لەسەر بدەن، ئەگەر لە ڕووی مەبدەئییەوە ڕەزامەندیتان پێشان دا، ئەوا پێویست دەکات ئەو کەسەی ئێوە بەباشی دەزانن بێت بۆ میسر بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتە و ڕێنوێنیی فەرماندەی بەڕێز بارزانی مستەفای پێ بێت.

برای بەڕێز: داوایەکم بۆ (م. س)ی بەڕێز ناردووە بۆ دەستنیشان کردنی ئەو لایەنەی پێوەندیی پێوە دەکەم بۆ ئاسانکاریی سەفەری خۆم و خێزانەکەم بۆ کوردستان و پێوەندی کردن بەشۆڕشەوە.

ئێستەش لێرە و ئینجا لەوێ من لە ژێر فەرمانی ئێوەدام.

ڕێز و سلاوی بێ گەردم لێ قەبووڵ بکەن و هەر موەفەق بن.

دڵسۆز

فوئاد مەعسوم

## پاشبەندی ژمارە (٥٦)

## نامەکەی سەدام بۆ پەنابەرەکان لە ئێران

(سەدام ئەم نامەیەی لە مانگی نیسانی ١٩٧٥دا نووسی کاتێک لە تاران بوو)

بۆ ڕۆڵە و برا ئازیزەکانمان، ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەمان لە گەلی کوردمان کە لە ئێران نیشتەجێن، دەمانەوێ ئەوەتان پێ ڕابگەیەنین کە ئەوەی بگەڕێتەوە ئەمانەی خوارەوە لەسەرمانە:

١- دەگەڕێتەوە، لە خۆی و ماڵ و عەرز (ناموس) و دوارۆژی خۆی و منداڵەکانی دڵنیا دەبێت و هەموو ئەو کارانەی لە سایەی بارودۆخی داخباری شەڕ ئەنجامی داون، یاسا و لێپێچانەوە دەستی بۆ نابەن و هەر یەک لە ئێوە ژیانێکی تازە لە سایەی شۆڕشەکەی و لە پێناوی خزمەتی نیشتمانەکەی دەست پێ دەکات.

٢- جارێکی تریش ماوەی لێبووردنەکە درێژ دەکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بگرێتەوە کە لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، بارودۆخەکەیان ڕێگەی پێ نەداون بگەڕێنەوە بۆ نیشتمان و دوایی ئێمە ڕەگەزنامە لە هەموو ئەوانە دەستێنینەوە کە سوود لەم لێبووردنە وەرناگرن و لە دەرەوەی چوارچێوەی گەل و نیشتمانیان دادەنێین و ئێمە بایەخیان پێ نادەین.

٣- گوێ لە پڕوپاگەندەی سەر لێشێوێن و قین لە زگان مەگرن و ئێمە کاتێک کە بەڵێنێک و پەیمانێک دەدەین، ڕێزی لێ دەگرین و ئێمە بەڵێنی پیاوانتان پێ دەدەین و فڕوفێڵ و تەڵەکەبازی لە سیاسەتی ئێمەدا نییە. لێبووردنی گشتی هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە بەبێ هاوێردن جگە لە مەلا مستەفا و کوڕەکانی ئیدریس و مسعود و هەروەها محەمەد خالید و، جگە لەوانە هەموو لێبووردن دەیانگرێتەوە.


٤- فەرمانبەر و کرێکار هەریەکە دەگەڕێتەوە سەر کاری خۆی و هەمان مافی دەبێت کە هاوڕێکانی تری هەیانە و ئەفسەریش یان دەگەڕێتەوە بۆ سوپا، یان لە فەرمانێکی مەدەنی دادەمەزرێت بەپێی ئەوەی کە لە ڕووی یاساوە شایانە، هەروەها سەرباز و پلەداریش لە هێزە چەکدارەکان هەموویان و، قوتابی دەگەڕێتەوە بۆ کۆلێجەکەی یان قوتابخانەکەی لەو پۆلەی کە لە کاتی دەست پێکردنی شەڕدا بەجێی هێشتبوو.

لە خوا دەپاڕێینەوە کە ڕێگە پێشانی گومڕاهان بدات و ڕۆڵە ئازیزەکانی نیشتمان بگەڕێنێتەوە بۆ نیشتمانەکەیان.


جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش

سەدام حوسێن


تاران ١٩٧٥/٤/٣٠



إلى أبنائنا وإخوتنا الأعزاء أبناء وطننا
[illegible]
[illegible]
[illegible]
(١) يعود [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible] لا يطولها القانون [illegible]
[illegible] حياة جديدة [illegible]
[illegible]
(٢) [illegible] فترة العفو مرة أخرى
لكي يشمل من لم تشملهم [illegible]
[illegible] العودة إلى الوطن
[illegible]
عن كل من لا يستفيدون من العفو



ونعتبره خارج إطار الشعب والوطن
ونحن لسنا مسؤولين عن أمره
(٣) [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
العام يشمل كل من [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]



(٤) يعود [illegible] إلى عمله
[illegible]
[illegible] ويعود [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible] ويعود
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
ويعود أبناء الوطن [illegible]
[illegible]
صدام حسين
١٩٧٥/٤/٢٠

## پاشبەندی ژمارە (٥٧)

**(١)**

برایانی بەڕێز کاک ئیدریس و مسعود بارزانی پێشکەش
سەلام و ئیحترام

هیوام وایە سحەتتان باش بێت. سحەتی بابە باشترە و ئەحواڵتان ئەپرسێت وە هەروەها دکتۆری ئێرە تەماشایان کردووە وە پرۆفیسۆرێکی سلق ئیمرۆ تەماشای کرد هەموو متەفیقن لەگەڵ ئەو تەشخیسەی کە لە کاتی خۆی لەوێ دکتۆر جەمال و من تەسەورمان کردبوو و دەرمانیان داوەتێ لەگەڵ کورسێت و ئێستا باشترە و بەرەو باشتریش ئەڕوات بڕیاریان داوە تا دە ڕۆژی تر ئیستراحەتی تەواو و دەرمان بەکاربهێنێت وە پاش ئەوە ئەگەر باش بوو ئەوا لەسەری مستەمر ئەبێت وە ئەگەر خراپتر بوو یان هیچ فەرقی نەکرد عیلاجی تر دائەنێن و دکتۆرەکەی سلق ئیقتراحی کرد ئەگەر تا ١٥ ڕۆژ فەرقی نەکرد بچێتە لای ئەوان بەڵام خۆی دکتۆرەکە ئەیوت و منیش هەروا تەسەور ئەکەم کە ئیحتیاجی بەوە نابێت وإن شاء الله زۆر زوو چاک ئەبێت و دێینەوە و بەمەسلەحەت نازانرێت ئێستە بەپەلە بگەڕێینەوە چونکە مومکنە ئەزیەت بخوات و مەجبوور بێت بگەڕێتەوە ئێرە کە هاتوچۆکە خۆی باش نییە لەبەرئەوە مومکنە ٧ یان ١٠ ڕۆژی تر مەجبوور بین بمێنین هەرچەندە خۆی و ئێمەیش پێمان خۆشە زۆر زوو بێینەوە لەبەر ئەوزاعی شەڕی ئێوە بەڵام وابزانم گەڕانەوە بەنەخۆشی سوودی نییە بەڵکو زەرەرە.

دەربارەی ناحیەی سیاسی و عەسکەری و مەشاکلی ئیقتسادی لێرە لەگەڵ تمسار نەسیری و دۆستی کۆن و نوێ زۆر بەدرێژی باس کراوە وە تمسار نەسیری لەگەڵ گەورەکەی ئێرە باسی کردووە و بڕیاریان داوە تا ئەتوانن هەوڵ بدەن یارمەتی بدەن، بەڵام وا دیارە ناحیەی سیاسی جەماعەتی تاجەدین تائێستە هیچی تازەیان نییە وە لێرەش دیار نییە بەڵام زۆر خەریکن بەهەموو لایەک کە زیاتر دژی تەیارە و دەبابە بنێرن و ئێمەیش هەر قسەیان لەگەڵ ئەکەین. ئێمە کە هاتین من لە نەغەدە و لە ڕێگە بەتەفسیل تەقریرێکی سیاسیم نووسی دەربارەی تەتەورات و شتی موهیمی دوو مانگی پێشوو و پێشکەشی هەموولایەکمان کردووە بۆ مەعلومات و مومکنە مزەکەرەیەکی مختەسەر دەربارەی ئیحتیاجاتی موهیمی ئێمە بدەین بەگەورەی ئێرە و ئەوانی تر بۆ ئەوەی مەتالیب و مەشاکیلمان وازح بێت. ئیتر لە داواکردن و قسەکردن قسوری ناکەین باقیش بەدەست ئەواتی ترە.

بۆ ئەوەی تەئخیر نەبێت ئەوا لەگەڵ کاک سەردار ئەم پارانەمان بۆ ناردن ٣١،٥٠٠،٠٠٠ تومانی ئیرانی – مانگانەی ئەمان – چونکە هەشت ملیۆنیان بۆ پارە گۆڕینەوە داوەتەوە کاک سەردار و دوو ملیۆنیش گێڕاوەتەوە لە باتی قستێکی قەرزەکەی شێخ محەمەد هەرسین – بیست ملیۆنەکە – هەروەها

ملیۆن دۆلارەکەی تاجەدین ۱/۲ (۱۵۰۰۰۰) دینار و نیو ملیۆن دۆلار هەروەها ۱۳۸۰۰۰ دیناری مانگانەی ئەوانی تر وە دە هەزار دۆلاری مانگانەی دەرمان وە ۳۱۰,۰۰۰ دینار کە کاک سەردار خۆی گۆڕیویەتەوە.

تکایە بۆ ئاگاداری. سەلام بۆ هەموو لایەک.

خۆشیتان

براتان

دکتۆر مەحموود

۱۹۷٤/۷/٤

برایانی بەڕێز کاک ئیدریس و مسعود بارزانی
پێشکەش

سلاو و ڕێزم

هیوام وایە صحەتتان باش بێت

ئێستا ، صحەتی بابە باشترە [redacted]
وا موافقەتی ئێوە ... هەروەها دکتۆرەکەی
ئێرە ئەمانەتیان کردووە [redacted]
وە پەرەمیشەورەکانی سلف ئێوە ویستیانە
کرد هەروەها تفتیش لەگەڵ ئەوە کەشێنە
کە کانی خۆی لە وێ دکتۆرەکان دەستی پێ دەکات

(٢)

فەرقی ئەکرد ئیستا لای ئەوان بەلام
خۆی دکتۆرەکە ئەڵێ وەک دەنێت
هەروا تصور ئەکەم کە احتیاجی بەوە
نابێت وان شاء الله زۆر زوو چاک
ئەبێتەوە و ئێمە وە بەمصلحەت
نازانین ئێستا بەپەلە بگەڕێتەوە
چونکە ئەگەر ئێستا بە خواست مجبور
بێت بگەڕێتەوە ئێوە کە هاتن چونکە
خۆی باش بێت لە بەر ئەوە مەگەر
یان (١٠) ڕۆژ باشتر مجبور بێت بمێنێت

(٣)

کردبوو و دەرمانیان دا وەلێ لەگەڵ
کورستێیە و ئێستا باشترە و بەڕێوە
باشترە ئەڕوات بڕیاریان دا وە
تا دە ڕۆژی تر ئیستراحەت بکات
و دەرمان و بەکاربێنێت و پاش
ئەوە ئەگەر باش بوو ئەوا ئەتوانرێ
سەفەر بکات وە ئەگەر خراپتر بوو
یان هیچ فەرقی نەکرد علاجێکی تر
دانرێ وە دکتۆرەکەی سلف اقتراحی
کرد کە ئەگەر تا (١٥) ڕۆژ

(٤)

هەرچەندە خۆی حەز ئەکات بچێتە خۆشی
زۆر زوو بێتەوە لە بەر ئەوەی ئەزانێ
... بەلام وا بزانم گەڕانەوە
بە ئەم خۆشی سوودی نییە بەم شێوەیە
دەربارەی ناحیەی سیاسی و عسکری و ...
اقتصادی لیرە لەگەڵ شاری نصیری
و دەستەکانی خۆی زۆر بە وردی
باسی کراوە وە شاری نصیری لەگەڵ
کە هەرەکانی ئێوە باسی کردووە و بڕیاریان
داوە تا ئەتوانن هەوڵ بدەن یارمەتی
بدەن بەلام وا دیارە ناحیەی سیاسی

(٥)

هەمادی تا جوانی تاشیا هیچی تازەیان
نییە وەلیەشی دیارە نیە بەلام زۆر
خۆزگەی بەهەموو لایەک کە زیاتر
دوای ئەو پارەو دیابە بنێرن وشیەش
هەر هەریان لەگەڵ ئەکەین. شتێکە
هاتی من لە ئەغزەوە لەرێگا بەتفصیل
ئەمریکا سیاحسم نصیحت دەربارەی
تطورات ئوەشتی مەهاو دەو ساڵی پێشو
وپێشووکەشی هەموو لایەکان کردوە
بو معلومات وئەکەم بذکرە یەکی مختصر
دەربارەی إمکانیاتی ... بەکورتی

(٦)

ئێرە وئەوانی تر بو ئەوەیە مطالبت مساعدة
واضح بێت. بێت لە داواکردن و تەرکردن
مصورەکانی باقیشی بەدەست ئەوانی
ترە.
بو ئەوەیە تا خیرتر بێت ئەوا
لەگەڵ کاک سەردار ئەم بڕیارەمان
بو ناردن ۲۱٫۵۰۰٫۰۰۰ تمەنی
ئێرانی _ ماتخانەی ئەمان _ جگە
هەشت ملیۆنیان بو پارە گۆڕینەوە
داوە لە کاک سەردار وە دوو ملیۆنی
گیراوەتەوە. لەباتی ... ئەرزەکی

(٧)

شێخ محمد حوسێنی زیاد ملیۆنێک _
هەروەها ملیۆن دۆلاری تا ئێستا
(١٥٠٠٠)
(½) دینار ... ½ ملیۆن دۆلار
هەروەها ١٢٨٠٠٠ دینارمان ماتخانەی
ئەوانی تر وە دە هەزار دۆلاری
ماتخانەی دەرمان وە (٢١٠٠٠٠)
دینار کە کاک سەردار ... گۆڕیویەتەوە
ئەمانە بو ئاگادارییە. سەلام
بو هەموو لایەک. مەشخیان
... /٧/١٥

## (٢)

برایانی بەڕێز کاک ئیدریس و مسعود بارزانی
سەلام و ئیحترام

هیـوام وایە سـحـەتتـان باش بێت، بابە سـحـەتی باشـە وە زۆر ئەحـواڵی هەمـوو لایەک ئەپرسـێت و بەتایبەتی دایکی محەمەد خالد و دەستی شێخ بابۆ ماچ ئەکات و چاوی محەمەد خالد و هەموو برایانی تر ماچ ئەکات. ئەوی کە پێویست بێت و تازە بێت لەم نووسراوە بۆتان بنووسم ئەمانەن و پێش ئێسـتـە جومعە نووسراوێکم بەعەزیز شێخ ڕەزا بۆ ناردن:-

تکایە دەربارەی تیلیکس چی لێ بکەن ئاگادارمان بکەن.

١- دوێنێ دکتـۆرەکەی تاجەدین بابەی فەحس کرد بەتەفسـیل وەدیارە ئیـخسـائیەکی زۆرباشە و ئەویش تەشخیسی لەگەڵ ئەوانەی تا ئێستـە فەحسیـان کردووە فەرقی موهیمی نەبوو وە زۆر ڕازی بوو لە حاڵەتی سحی بابە و وتی هیچ جێی مەترسی نییە وە زۆرباش چاک ئەبێت و تەئیدی ئەوەی کردووە لێرە ٥ ڕۆژ بەجیهـازێکی خاس کە پێش ئێستە لێرە تەوسیە کرابوو قاچی ڕابکێشن وە لە دوێنێوە خەریکین و چوارشەمـە تەواو ئەبێت و ئێسـتـە قـاچی ٨٥٪ فـەرقی هەیە و سـحـەتی عـامی بەرەئی هەموو دکتورەکان زۆرباشە تەشخیسی دکتۆرەکەی دوێنێ ئەڵێت کەمێک لە (عرق النسا) ئازاری فـەقـەرات و ئەعـسـابی قـاچ و کـەمـێک لە مـەشـاکلی شـەرایین قـاچی هەیە کـە هەردووکی خـەریکن بەباشی زەبت و عـیـلاج بکرێن وە ڕازی بوو لەو مـعـالەجـەیەی، کـە لای خـۆمـان وە لێـرە کـراوە و هێندێک شـتـی ئیـزافـە کـردووە لەبەرئەوە بەناچاری ئێـمـە ئەبێت چەند ڕۆژێکی تر بمێنین وە زۆر محتەمەلە ٥ شەمە بێینەوە و مومکنە هەر شەوی ٥شەمە/جومعە سەحفیە ئەمریکییەکە* ببینین إن شـاء الله جا بۆ ئەو کـاتە مـەوعـدی بۆ دانێن شـەو واتە ئەترافی سـەعـات ٩ لە حاجی ئۆمـەران و تەسـەور نـاکـەم هیچ گـۆڕینێک لە بەرنـامـە بێت بەڵام ئەگـەر بوو فـەورەن خـەبەرتـان ئەدەینێ وە ڕۆژێکیش پێش هاتنەوە خەبەرتان ئەدەینێ و بابە ئەڵێت با مەوعـدی هاتنەوەکە ئێسـتـە ئێوە بزانن چونکە تەحدیدی ڕۆژی تێدایە.

سبەی شەو دکتۆرەکە بابە ئەبینێتەوە.

٢- ئیمڕۆ تمسـار (ن) سەفەری کرد بۆ لای وڵاتی تاجەدین وەکو لە پێش ئێسـتـە بۆمان نووسیبوون وە دوێنێ ئێـمـە لێـرە مەسئولی جەمـاعـەتی تاجـەدینمـان دی وتی (تمسـار لەگـەڵ من قسـەی کردووە و بەتەفـسـیـل باسی مـەشـاکلی ئێـوەی کـردووە وە بەنـاوی گـەورەکـەی ئێـرەوە ئاگـاداری کـردووم کـە برووسکەی مفەسەل بکەم بۆ پایتەختی خۆم کە بەزوویی دراسەتی وەزعی عێراق و وەجهەی نەزەری کـورد و ئێـران بکەن دەربارەی و هەوڵ بدەن کە تمسـار چووە لایان وەڵامـێکی بدەنێ وە کـە گـەڕایەوە

گەورەکەی ئێرە لە رەئی جەماعەتی تاجەدین بگات). ئێمە دوێنێ شەو تمسارمان دی وتی هەوڵ ئەدەین لە سەفەرە و مومکنە ١٠-١٢ رۆژ تەئخیر ببێت و کە هاتەوە ئومێد ئەکات نەتیجەی باشی هەبێت و تەبعەن ئێمە لەم ماوەیە لێرە هەموو لایەکمان بەنووسین و بەقسەی تکرار کراو لە هەموو شتێک بەنیسبەت خۆمان ئاگادارکردووە و بزانین چۆن ئەبێت وە وا تێ بگەم دۆستانی ئێرەش مەوقفی تاجەدین بەسارد ئەزانن وە زۆر هەوڵ ئەدەن کە زیاتر بیانهێننە ناو ئیشوکار. تمسار بڕیاری دا لەم ڕۆژانەدا ١٠٠٠ گوللە تۆپی ئەمریکی ١٢٠، ٥٠٠ سارۆخی R.P.G 7 وە دوو جسرەکە لە ئەرتەشی خۆیان بنێریت بەپەلە. و ٥٠٠ تفەنگی برنەوی درێژ هات بۆتان و زیاتریش بەوەجبە دێن.

٣- دوێنێ مەسئولی جەماعەتی تاجەدین لێرە وتی کە بڕیاریان داوە بەم زووانە پێنج هەزار ٥٠٠٠ کلاشینکۆفمان بۆ ئەنێرن لەگەڵ دوو ملیۆن فیشەکی ڕوسی لەگەڵیان و میقدارێکی باش فیشەکی دۆشکا. هەروەها ٣ سێ سەد هەزار دۆلاریان خستۆتە ژێر تەسەرفی دۆستانی ئێرە بۆ کڕینی زدی دبابە بۆمان وە دەربارەی ئیزگەی ٥٠ کیلۆ واتی دەڵێ لای ئێمە نییە بەڵام بیکڕن پارەتان ئەدەینێ و ئەمەش ئێوە لەوێ لەگەڵ عەبدولخالق و عەزیز تەرتیبی بکەن، چونکە وابزانم لە خارج زۆرە بۆ کڕین. ئیزگە بیست کیلۆ واتیەکەی ئێرە تا بیست ڕۆژی تر بەپێی قسەی تمسار لای ئێمە دائەمەزرێت. و بەو مناسەبەتە ئیزگەکە لێرە زۆربەی شەو دەنگی نایەت لەبەر تەشویش بەڵام چەند شەوێک گوێمان لێ بووە کە تەشویشەکە نەیتوانیوە بەتەواوی داپۆشێت. هەروەها مەسئوولی تاجەدین وتی کە ئەمانە لەو چوار ملیۆن فیشەکە کلاشینکۆفەی دۆستان کڕیویانە لە فنلەندا دوو ملیۆنی ئەمان کڕیویانە و بۆ ئەم مەبەستە شەش سەد هەزار دۆلاریان پێش چەند مانگێک داوەتە دۆستان و ئەمەی وت تەنها بۆ مەعلومات.

٤- (سوری) هاتە لاتان و بەڕەئی ئێمە زۆر بەباشی جەبهەکانی باڵەک و بێتواتە و سەفین و قەلادزە و ڕانیەی پێشان بدەن، بۆ ئەوەی نەواقس تێ بگات و تەقریری پێویست بنووسێت، تەبیعی لێرەش و لای خۆیشیان تەئسیری هەیە، هەروەها وەکو بۆم نووسیبوون ئێوەش پێویستی جەبهەی باڵەک و ڕانیە و قەلادزە بەشەرحەوە و مولحەقاتی بنێرن بۆمان ئەگەر فریاکەوتن ئەگەر فریانەکەوتن کە گەڕاینەوە مومکنە یەکێک بهێنێت بۆ ئەوەی مەتالیبی ئێمە خاسە بۆ ئەو مەناتقانە باش و محەددەد بێت. بابە ئەڵێت ئەگەر زۆر ئیهتمام بەجەبهەی ڕانیە و قەلادزە بدەن موهیمە و پێشمەرگە و مەسئولین لەو ناوە وریا و چالاک بن تا مومکنە باشە. هەروەها بەرەئی من بۆ زدی دبابە داوای B11 لە (سلق) بکەن دیارە ئەوەشیان هەیە و (سوری) شارەزایە.

ئێمەش لێرە زۆر ئیلحاحمان کردووە خۆمان وە بەهۆی (تمساریش) کە ٥٧ ملم زدی جەو و زدی دەبابە و ب ١٠ و ب ١١ زیاتر بنێرن بۆمان و داوامان کرد کە ٥٠٠ سارۆخی تر R.B.G 7 لێرەوە ئێستە بمان دەنێ. وە بۆ مەعلومات لێرە خەریکن هیندێک ئەلغام و متەفەجیرات و پێویستی تری

هەندەسە ئەنێرن وە ١٠ تەن متەفەجیرات بۆ ڕێگەکەی لای ڕوست و بەرسیرین ئەنێرن و هەروەها لێرە تفەنگی برنەوی کورت و وەسەتیش هەیە ئەگەر پێویست بوو برووسکە بکەن بۆیان وە چەند، چونکە ئەمان وا تەسەور ئەکەن کە تەنها برنەوی درێژ بەکەڵکە و ئێمەیش پێمان وتوون کە درێژ ئەفزەلیەتی هەیە بەڵام وەسەتیش باشە بەڵام دەربارەی کورت هیچی محەمەدمان پێ نەوتوون.

٥- ئەوا پارەی دۆستانمان نارد هی ئەم مانگە بۆ ئەوەی تەئخیر نەبێت و بەم جۆرەیە بیست و هەشت ملیۆن تومان وە دوو سەد و پەنجا هەزارە ٢٩,٢٥٠,٠٠٠ یەعنی لە ٤١,٥٠٠,٠٠٠ و ئەمانەی لێ تەرح بووە:-

١- دوو ملیۆن براوە قستی مانگانەی قەرزی شێخ محەمەد.

٢- دە ملیۆن کە پێش بیست ڕۆژ دایان بەسەردار بۆ گۆڕینەوە و ئێمە خەریکین دە ملیۆنی تریان لێ وەرئەگرین بۆ سەردار کە مانگی شتێکمان لێ بگێڕنەوە لە باتی وانە بەقست و ناهێڵین هیچ پارە لە سەردار ببڕێت و چەند بتوانێت دینار بکڕێت.

٣- یەک ملیۆن و سەد هەزار تومان قەرزی شێخ محەمەد کە داویەتی بۆ دەرمان کرین پێش ٣ مانگ وە بەم جۆرە چل هەزار دۆلاری دەرمانەکەی لاتانە بۆ ئێوە ئەمێنێت وە ئەمە بەرەئی بابە لێرە گلمان دایەوە بۆ ئەوەی ئەو حسابە تەسفیە ببێت وە لەمەودوا ئەو پارەیەی تەخسیس کراوە بۆ دەرمان کرین تەسەور ئەکەم بەش بکات و نەبێت بەقورسایی لەسەر میزانیەی عام. هەروەها سەد و پەنجا هەزار تومان گێڕاوەتەوە بۆ کرینی دوو Range Rover بۆ دەربار لێرە لەباتی ئەو دوو Range Roverەکەی خۆیان کە بەغەڵەت لەباتی بێتە ئێرە پێش ٢ مانگ بۆ لای ئێمە هاتووە و ئێستە یەکێکی لای محەمەد خالد و یەکێکی لای بابەیە. هەروەها سەردار نێزیکەی ٣٥٠ هەزار دیناری هەیە کە لەگەڵ ئەم پارەیە ئەینێرێت پارەی تاجەدین مومکنە ٦-٧ ڕۆژی تر حازربێت و ئەینێرن.

٦- دوێنێ چووینە شمال و (قیبتە)مان دی و قسەی عام کرا و شتی محەمەدی ئێمە ئەوە بوو کە هەوڵ بدات بۆ ئیسناد و عەمەلی کردنی فکرەی تەشکیلەی عێراقی و قەناعەت بەسعودیە و میسر بکات بەشکلێکی خاس بۆ ئەم مەبەستە کە ڕەئیان زۆر موهیمە وە هەروەها چەند ئەتوانێت لەگەڵ جەماعەتی تاجەدین خەریک بێت چونکە وتی سەفەری هەیە بۆ ئەوێ و شەرحی ئەوزاعی خۆمان بۆ کرد و تێمان گەیاند کە لە ڕووی عەسکەریەوە موشکیلەی موهیم سەواریخی زدی جەو و زدی دەبابەن و ئەو زۆر زۆر مجامەلەی کرد و دڵخۆش بوو بەبینینەکە وە وەعدی دا کە لەگەڵ ئەو سێ وڵاتە قسە بکات وە قسوری نەکات بۆ یارمەتی چی پێویست بێت و ئێمە بۆ (تمسار) وە هەروەها (قیبتە)شمان شەرح کرد کە عێراق ئەیەوێت بەدرۆ و ساختە خۆی لە تاجەدین و میسر نێزیک بکاتەوە و ئەمە لعبەیەکی سیاسییە و ئەبێت زۆرباش بۆ ئەم وڵاتانەی شەرح بکەن کە هەڵنەخەڵەتێن

لەم ڕووەوە چونکە ئەمە مودەبەرە بەئیتفاقیشە لەگەڵ ڕوس وەکو تەسەور ئەکەین وە قیتە وتی ڕاستە محاولات هەیە بەڵام بڕوا ناکات سەرکەوێت بەتایبەتی لای جەماعەتی تاجەدین وتی من لەگەڵ هەموو جەماعەتەکان لەم بارەیەوە قسە ئەکەم هەروەها تمساریش وتی قسە ئەکات لەم بارەیەوە. لەم بارەیەوە ڕەئی ئێمە و دۆستانی ئێرە فەرقی نییە. بینینەکەی قیتە چل دەقیقە بوو شتی ئەساسی کە باس کرا ئەم نقتانە بوون کە لە سەرەوە نووسیومە. تەبعەن ئێوەش ئەزانن زۆری پێ ناکرێت بەڵام مومکنە تا ڕادەیەک بتوانێت لە محیتی عەرەبی دەور ببینێت.

دەربارەی زستان تەسەور ئەکەم ئێمە چادری دوو قاتمان ئەوێت چونکە موشکیلەی سەکەن بۆ هەموولایەک هەیە جا لێرە چادری باش هەیە وە بەدۆستانیشمان وتووە کە خەریک بن یارمەتیمان بدەن بەرەئی من لەوێ بەپەلە دراسەتی بکەن وە داوای میقدارێکی محەدەد بکەن وە لێرەش ئەگەر ئەتانەوێت هێندێکیش بکڕن ئاگاداری شەفیق و شێخ محەممەد بکەن تەبعەن زۆر باشن بەڵام گرانن مەسەلەن ۳×٤ی زۆر باش بەسەد ۱۰۰ دینارە.

ئیتر تازەترین شت تا ئەم کاتە ئەمەیە و بەخواتان ئەسپێرم و ئومێد ئەکەم لە کاروباری زۆرتان موەفەق بن

هەربژین


براتان


دکتۆر مەحموود


۱۹۷٤-۷-۲۹/۲۸


* سمیث هامپستنی پەیامنێری واشنتۆن ستار.


** ئەو ناوانەی لە ناو دوو کەوانەدا هاتوون ناوی نهێنی هەندێ کەسایەتی و لایەنی سیاسی و دەوڵەتن.




















(٩)

[illegible] بو ئەوە مطالبی ئێمە [illegible]

بو ئەو شتانە باشی مەحمود بێتە . بابە

ئەلێن ئەگەر [illegible] سەرەوەرانی و

[illegible] بوون [illegible] وە پێش [illegible]

مسئولیەت لەو ناوە [illegible]

[illegible] باشە . هەروەها [illegible]

[illegible] داوای ١١ لە سلێمانی [illegible]

دایرە [illegible]

[illegible] لە زۆر [illegible]

[illegible] ٥٠ [illegible]

[illegible] ١٠ [illegible] ١١ زیاتر [illegible]

تومان [illegible] داوامان کرد [illegible]

[illegible]

(١٠)

[illegible] . [illegible] بو معلومات [illegible]

[illegible]

[illegible] ١٠ [illegible]

بو [illegible] روسیا [illegible]

و هەروەها [illegible] تفەنگ [illegible] کوردستان

[illegible] هەیە ئەگەر [illegible] پێویستە بو

[illegible] چونکە ئەمان [illegible]

[illegible] درێژ [illegible]

[illegible] بەیان [illegible] درێژ [illegible]

هەیە بەلام [illegible] باشە بەلام

[illegible] کوردستان [illegible]

(١١)

٥ . ئەوا [illegible]

[illegible] بو ئەوە [illegible]

[illegible] ملیون تومان

[illegible] هەزارە ...,٥٠,٩١٥

[illegible] (٩١,٥٠٠,٠٠٠)

[illegible]

١ . دوو ملیون [illegible]

[illegible] شێخ محمد .

٢ . دە ملیون [illegible]

دایان بە سەردار [illegible]

٣ [illegible] دە ملیون [illegible]

[illegible] سەردار کە [illegible]

[illegible]

(١٢)

[illegible] لە سەردار [illegible]

[illegible]

٧ . یەک ملیون و صەد هەزار تومان

[illegible] شێخ محمد کە [illegible]

[illegible]

[illegible] هەزار دولار [illegible]

بو ئەوە [illegible]


[illegible]

[illegible]

[illegible]


[illegible]

[illegible] . هەروەها




(١٣)

صەدو بیست و [illegible] هەزار تومان گیراوەتەوە
بۆ کڕینی دوو (Range rover) بۆ
دەربار لێرە [illegible] باقی ئەو
دوو (range rover) ەکانا خۆیان
کە بە [illegible] لە باقی [illegible] ئێرە پێش
[illegible] بۆ مانگێ [illegible]
بە [illegible] لایە [illegible]
بابەیە . هەروەها سەردار [illegible]
٢٥٠ هەزار دینارێ هەیە کە لەگەڵ
ئەم پارەیە ئەوی نییەت پارەی
تاج الدین [illegible] ٦ [illegible]
و ئەوە نییەن .




(١٤)

٦. دوەمی [illegible] ساڵ
و [illegible] دە و [illegible] عام کرا
و شتی [illegible] ئەوە بوو کە هەموو
بیانی بۆ ئیسناد و عەمەل کردنی [illegible]
تەشکیلەی عێراقی [illegible]
و [illegible] بە تەشکیلی خاص بووم
[illegible] کە [illegible]
چونکە ئەتوانێت لەگەڵ جماعەتی تاج الدین
[illegible]
هەیە بۆ [illegible]
[illegible]
[illegible]



(١٥)

[illegible] (الدبابە) [illegible]
زۆر [illegible] کرد [illegible]
[illegible] کە لەگەڵ ئەو
[illegible]
بۆ پارەی [illegible]
بۆ [illegible]
[illegible] کە عێراق [illegible]
[illegible] لە تاج الدین [illegible]
[illegible]
[illegible] زۆر باشی بووم [illegible]
[illegible] لەم
[illegible]
[illegible]



(١٦)

[illegible]
[illegible] هەیە [illegible]
[illegible]
تاج الدین [illegible] لەگەڵ [illegible]
ئەم پارەیە [illegible] هەروەها
[illegible] لەم
پارەیە [illegible] ئەم پارەیە [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible] ئەم [illegible]
کە لە [illegible] نووسیومە. [illegible]

(١٧)

ئەزانن زەوری پێ ناکرێت بەڵام ممکنە تا
رادەیێک بتوانێت لە محیطی عەرەبی دوور
بێنێت .

دەربارەی گ زستان [redacted]
ئەکەم بۆم چادری دەوو قاقان ئەوێت
چونکە ئێستا کلای سەخت بوە مولایک
هەیە حالیە چادری باشی هەیە
وە بەدەستانیشان دەرتوە
کە خەریکی بن یارمەتیان بدەن
[redacted] بەرائەمن لەوەی بەیەلە
دراسەی بکەن وە داوای مقداریک

(١٨)

حەوڵ بکەن وە لەوێش ئەگەر شوناسێت
چەند کەسێک بکەن تا ئاگاداری شفیق
و شێخ محمد بکەن حلجە زوو باشێ
بەڵام گرانن مشلگ ٢ × ٤ دوو رب
بە صەد (١٠٠) دینارە .

ئێستا تازەتریش ئێستا تا ئەم لایە
ئەبەیە [redacted] وە بەخواتان ئەسپێرم .
و تکایە ئەکەم لە کار و بارتا زورتان موفق بن .

هەربژێن
بناتان

٢٨ / ٧ / ٩٧٤
٢٩

پاشکۆی ناوەکان

ناوی بارزانی لەو پاشکۆیەدا نەهاتووە چونکە لە زۆربەی لاپەڕەکاندا ناوی هاتووە.

أ

ئەحمەد بارزانی (شێخ): ٢٩، ٤٠، ٤١، ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٦١، ٦٢، ٦٨، ٦٩، ٧٠، ٧٣، ٨٥، ١١٩، ١٢٠، ١٤٦، ١٤٧، ١٥٧، ١٥٨، ١٧٠، ٢٥٧

ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵڵا ئیسحاقی): ٧١، ٧٢، ٩٩، ١٥٤

ئەحمەد حاجی تاتکی: ١٣٨

ئەحمەد حاجی عەلی: ٨٨

ئەحمەد حاجی محەمەد: ٢١٨

ئەحمەد حەبووبی: ٢٥٤

ئەحمەد حەسەن بەکر: ١١٤، ١٤٤، ١٥٣، ٢٤١، ٢٥١

ئەحمەد ڕەشوانی: ٢٤٦

ئەحمەد شاباز: ١١٩

ئەحمەد شانە: ٣٧

ئەحمەد شەدەڵەیی: ٨٩

ئەحمەد شێخزادە زێوکی: ١٣٩

ئەحمەد شوقەیری (سەرکردەیەکی فەلەستینی): ٢٤١

ئەحمەد عەبدوڵڵا: ١٧٩، ٢٤٦

ئەحمەد کەمال: ٢٢٧

ئەحمەد کەمال قادر (وەزیر): ٢٢٩، ٢٣٤، ٢٤٢

ئەحمەد لاوی (باڵەفڕوان): ٢٢٦

ئەحمەد ناڵبەند (شاعیر): ١٤٥

ئەحمەد نەبی: ١٧٧

ئەسعەد خۆشەوی: ٤٨، ٦٧، ١١٦، ١٨٧

ئەسعەد خەیلانی: ١٧١

ئەسعەد شێتنە: ٤٣، ١٤١، ١٤٦

ئەسعەد فەتاح هەرکی: ٨٥

ئەسکەندەر (دوکتۆری دەرمان): ١٥٤، ١٥٥، ١٥٦

ئەکرەم جاف: ٢٢٧

ئەنوەر بەگی بێتواتە: ٦٠، ٩٦، ١٦٢، ١٨٦

ئەنوەر سەعید دارتاش: ١٢٢

ئەنوەر مائی (مەلا): ١٤٦

ئەنوەر هەرکی: ٨٥

ئیبراهیم (موقەددەم): ٢٢٠، ٢٢١

ئیبراهیم ئەحمەد: ١٠٤، ١١٠، ١١١، ١٣٩، ١٤٨، ١٤٩، ١٦٢، ١٦٥، ١٦٦، ١٦٧، ١٦٨، ١٦٩، ١٧٠، ١٧١، ١٧٢، ١٧٣، ١٧٤، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٨، ١٧٩، ١٨٢، ١٨٣، ١٨٤، ١٨٥، ١٩١، ٢٠٤، ٢٠٥، ٢١١، ٢١٣، ٢١٥، ٢٢٥، ٢٣٥، ٢٤٦، ٢٥٣

ئیبراهیم ئەفەندی: ٨٨، ١٤٨، ٢٢٤

ئیبراهیم چەرمەگا (حاجی): ٢٢٣

ئیبراهیم داود: ٢٣٦، ٢٥١، ٢٥٢

ئیبراهیم ڕاوی (لیوای خانەنشین): ٢٢٧

ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری (عەمید ڕوکن): ٩٣، ١٢٥، ١٣٤، ١٤١، ١٤٢، ١٤٣، ١٤٦، ١٤٧، ١٦١، ١٦٢، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٤٧، ٢٥٤

ئیبراهیم مامەند ئاغا ئاکۆ: ٦٤

ئیحسان شێرزاد: ٢٢٧، ٢٤٧، ٢٥٢

ئیدریس بارزانی: ٢٠، ٢١، ٢٦، ٢٨، ٤٤، ٦٨، ٦٩، ٩٠، ١١٩، ٢٠٢، ٢١١، ٢١٧، ٢١٨، ٢٣٣، ٢٣٤، ٢٣٩، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٤٨، ٢٥٢، ٢٥٥

ئیسماعیل ئیبراهیم عەلوەچی: ١٢٢

ئیسماعیل تایە نعێمی (عەمید): ٢٢٥، ٢٢٦

ئیسماعیل عارف: ١٧٩

ئیسماعیل عوزێر چەرمەگا: ٢٢٣

ئیسماعیل مەلا عەزیز: ١٧٩

ئیسماعیل نادر (ملازم): ٩١

ئیقبال هورەماری: ٢٤٥

ئۆسمان ئاغا بارزانی: ٦٢

ب

بابەعەلی شێخ مەحموود: ١٠٤، ١٠٥، ١٥٥، ١٥٦، ٢٤٧

بابەعەلی شێخ مەعرووف بەرزنجی: ١٢٢

بابەکر سەلیم حاجی ئاغا: ٦٤

بابۆ بارزانی (شێخ): ٦٨، ٦٩، ٧٠، ١١٩

بایز بابەکر ئاغا: ٢٠٤

بەدرەدین عەلی (پارێزگاری هەولێر): ٤٢، ١٢٢، ٢٣٤

بەشیر ئیبراهیم (عەقید): ٥٨

بەکر عەبدولکەریم حەویزی (عەقید): ٨٣، ١٠٤، ١٩٩

بلاک بێرن: ٢٦١

پ

پاکرەوان (جەنراڵ): ١٧٦، ١٧٧

ت

تاریق ئەحمەد: ٨٨، ١٤٨، ١٦٨، ١٨٠، ١٨٢، ١٨٧،

١٩٦، ٢٠٣، ٢٠٤
تاریق محێدین (ملازم): ٩١
تانجۆ یونس: ١٩٩
تاهیر بابان: ١٧١
تاهیر شێخ ڕەئووف (ملازم): ٩١
تاهیر عەلی (ملازم): ٩١
تاهیر عەلی والی: ٨٨، ١٦٨، ١٨٢، ١٨٧، ١٩٤
تاهیر یەحیا: ١٠١، ١٠٤، ١٠٥، ١١٤، ١٢٥، ١٤٦، ١٦٢، ١٦٣، ١٨٩، ١٩٠، ٢٠٨، ٢١٣، ٢٤٢، ٢٤٣، ٢٤٦، ٢٥٤
تەها بامەڕنی (عەقید): ١٨٦
تەها شێخ ئەحمەد: ١٠٣
تەها محێدین مەعرووف: ٢٥٣
تەها نەهری (سەید): ٨١، ٨٣
تۆفیق (شێخ): ١٣٢
تیلی گەردی: ٢٢٥

ج
جەرجیس فەتحوڵڵا: ٩٠
جەعفەر ساڵح مستەفا ئاکرەیی: ١٩٨
جەعفەر بەرزنجی: ٢٥٤، ٢٥٥
جەلال تاڵەبانی: ٣٢، ٣٤، ٣٧، ٥٩، ٨٨، ٩٨، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٨، ١١٤، ١١٦، ١٤٩، ١٥٤، ١٥٥، ١٥٧، ١٥٨، ١٥٩، ١٦٢، ١٦٥، ١٦٧، ١٦٩، ١٧٠، ١٧٢، ١٧٣، ١٧٥، ١٧٩، ٢٠٥، ٢١١، ٢١٢، ٢٢٤، ٢٢٦، ٢٢٧
جەلال عەبدوڕەحمان: ١٧١، ١٧٢
جەمال عەبدوناسر: ١٠٥، ١١٣، ١١٤، ١٢٣، ١٦٠، ١٩٢، ٢٢٩، ٢٣٩، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٥٠
جەمال مەحموود بەگ (ملازم): ٩١
جەمال نامیق: ١٨٢
جەمیلە سوور بامەڕنی: ٣٧، ١٤٦
جەنگی تاڵەبانی: ٢٢٦
جونێد (شێخ): ٦٤
جۆلیان ئیمری: ٢٠٦
جۆن کەنەدی: ١٥٤

ح
حاجی باقی: ١٢١
حاجی بەدیع چیوەیی: ١١٦
حاجی بێرۆخی: ٤٨، ٦٧، ١٣٤، ١٤١، ١٩٩، ٢٠٠
حاجی شێخ قادر: ١٦٩، ١٧٠، ١٨٠
حادی حسکۆ: ١٢٦، ١٢٧، ١٣٨، ١٣٩، ١٩٩
حارس بێداروونی: ٧٨
حازم جەواد: ١٠٩
حالی محەمەد دۆڵۆمەری: ١٣١، ١٣٩، ١٩٩
حەبیب محەمەد کەریم: ١١١، ١٧٩، ١٨٦، ١٩٠، ٢٢٨، ٢٣٣، ٢٣٤
حەردان عەبدولغەفار تکریتی: ١٥٣، ٢٥١، ٢٥٧، ٢٥٨
حەسەن خاڵ هەمزە: ٦٧، ١٤١
حەسەن شێخ هەسنی: ٦٣
حەسەن عەبدوڕەحمان (وەزیر): ٢٢٧
حەسەن عەبود (عەمید): ٤١، ٤٢، ٦٢، ٦٣، ٦٤
حەسەن عەلی: ٢١٨
حەسەن عەلی سەبری (حەسەن سیکراب، لیوا ڕوکن): ٢٣٥
حەسەن کانەبی: ١٥٧
حەسەن مراد بامەڕنی: ٣٧
حەسۆ محەمەد شێخ سەیدی: ١٤١
حەسۆ میرخان دۆڵۆمەری:٤٨، ٦٧، ١١٦، ١٨٧
حەسۆ میرخان ژاژۆکی: ١٢٦، ١٤١، ١٨٧، ٢٠٤
حەمەئەمین ئاغاباریّ: ٨٩
حەمەبۆر: ١٢٢
حەمە تەلان (کوێخا): ٣٧
حەمەچاڵەوەیس: ٨٩
حەمەزیاد: ١٩٩، ٢١٩
حەمەزیاد ئاغا غەفووری (کاکە حەمەزیاد): ١٠٨، ١٦٢، ١٧٨، ١٨٦
حەمەزیاد فەقیانی: ١٣٤
حەمەسوور حوسێن: ٩٤، ٢٤٦، ٢٥٨، ٢٥٩
حەمە شەمێرانی: ١٨٠
حەمە سابیر: ٢٤٦
حەمە کەبتانی مامەند ئاوا: ٦٤
حەموودی مەهدی (لیوا): ٢٤٠
حەمیدەفەندی: ٨١، ١٤١
حەمید بەرواری: ١٨٠، ١٩٧، ٢٢٤
حەمید بیری: ٨٠، ١٣٤، ١٤١
حەمید عەماش (ملازم): ٢٤٧
حەمید کاوانی: ٣١، ٣٧، ٨٩

حەنەش (شێخ): ۱۲۰، ۲٤۸، ۲٤۹
حەواس صەدید (شێخ): ۲٤۲
حەوێز مام یەحیا: ۲٤۹
حوسێن بۆسکینی (شێخ): ٦۰، ۷٦، ۸۰، ۱۳۳، ۱٦۲، ۱۸۵، ۱۸٦، ۲۰٤
حوسێن جەرجیس پێندرۆیی: ٤٦، ٤۷
حوسێن جەمیل: ۱۰۵
حوسێن خدر سوورچی: ۱۳۵، ۱۳٦
حوسێن کوڕی تەلاڵ: ۲۰٦
حوسێن مستەفا ئاکرەیی: ۳۱
حوسێن محەمەد ئاغا مێرگەسۆری: ۱۳۸، ۱۳۹
حیکمەت حەکیم (دوکتۆر): ۲۰٤، ۲۵۷
حیلمی عەلی شەریف: ۱۱٦، ۱۷۹، ۲۰۵، ۲۲٤

خ
خالید سەعید (دوکتۆر خالید): ۲٤۹
خالید شەمسەدین: ۱٦۸، ۲۰۰
خالید حەسەن فەرید (عەقید ڕوکن): ۲۲۱
خدر دەباغ: ۱۹۹
خدر سەیداوا (شێخ): ٦۰
خدر عومەر ئەحمەد: ۸۰
خورشید شێرە: ۳۷
خۆشەوی بێخشاش: ۸۰

د
دارا تۆفیق: ۱۳۹
داڤیدی: ۲۵٦
دانا ئادەم شمیدت: ۹۰
دیگۆل: ۲٤۸
دێرک دانکۆرت: ۹۵
دێڤید ئادامسن: ۹۰

ڕ
ڕافید سوبحی (دوکتۆر): ۲۵۷
ڕەئووف ئەحمەد: ۱۷٤، ۲۲۷
ڕەئووف هەنجیرە (شێخ): ۱۸٦
ڕەجەب عەبدولمەجید: ۲۲۹
ڕەسووڵ فەقێ گەرۆتەیی: ۳۱و ۳۷
ڕەسووڵ گدروون (مەلا ڕەسووڵ): ۸۹
ڕەسووڵ مامەند: ۲٤٤
ڕەشید بێشوونی: ۱٤۱
ڕەشید سەعید ئاغا دۆسکی: ۲۲۵
ڕەشید سندی: ۸۸، ۱٦۸، ۱۸۰، ۱۸۱، ۱۸۲، ۱۸۷، ۱۹٤
ڕەشید عارف: ۱۷٤
ڕەشید محەمەد: ۱۳۹
ڕەشید موسلێح (عەمید): ۱٦۱
ڕەشید یونس (ملازم): ۹۱
ڕەزا (ملازم): ۲۰۲
ڕەزا گولانی (شێخ): ۱۸۷
ڕەمەزان ئاکرەیی: ۱۷۹
ڕیاز بەدرخان (ملازم): ۱۹۹، ۲۰۱، ۲۱٦
ڕیچار ئەندرێگ: ۹۰
ڕێنێ مۆریس: ۲٤۸

ز
زەکی حوسێن حیلمی (لیوا ڕوکن): ۱۹٦، ۲٤۰، ۲۵٤
زەید ئەحمەد عوسمان: ۱۰۵، ۲۱٤، ۲۲۷
زوبێر فەقۆ: ٦۳
زێرۆ هەرکی: ۱۹۵

س
سابیر مەلا مستەفا بارزانی: ۱۱۹
سادق برۆ (حاجی): ۳۷، ۵٦
ساڵح شێرە: ۱۷۲
ساڵح عەبدوڵلا یووسفی: ۱۰۳، ۱۰٤، ۱٦۱، ۱۷۲، ۱۷۳، ۱۷۹، ۲۲۸، ۲۳۳، ۲۳٤، ۲۳۵، ۲۳٦، ۲٤٦، ۲۵۲، ۲۵۸
ساڵح مەهدی عەماش: ۱۰۲، ۱۰۹، ۱۱۲، ۱۲۱، ۱۲۵، ۱۵۳، ۲۱٤
ساڵح میران: ۳۲
سالم (عەقید): ۱۵۸
سەعب حەردان (عەقید ڕوکن): ۱۳۰، ۲۵۱
سەردار حەمە ئاغا: ۱۹۰
سەرهەنگ پەهلەوان: ۲۵٦
سەعدوون غەیدان (فەریق): ۲۳٦، ۲۵۱، ۲۵۲، ۲۵۳
سەعید تاجەدین سەرکیری: ۱۳۹
سەعید حەمۆ (عەقید): ۵۸، ۱۳۲، ۱٤۳، ۱۵۱، ۲۱۷
سەعید سلێبی (عەقید): ۲۰۸، ۲۱٤

سەعید قەتان (لیوا): ١٦١
سەعید بەگ مەحموود بەگ: ٨١
سەعید مەسیفی: ١٨٠
سەلام مەلا سابیر: ٨٨
سەلام عادل (حوسێن ڕەزی): ١١٠
سەلیم فەخری: ١٣٩
سەلیم یووسف: ٢٥٧
سلێمان بارزانی (شێخ): ١٤٧
سلێمان شاوالی شانەدەری: ١٣٥
سلێمان میرخان خەردەنی: ٦٣
سلێمان نەبی: ٨٤
سدقی حاجی شەعبان: ٢٢٥
سدیق (مام سدیق): ١٩٩
سدیق شوان: ٨٩
سدیق مستەفا (زەعیم): ١٢١، ١٢٢
سوبحی عەبدولحەمید: ١٥٣، ١٦٢، ١٨٩، ٢٠٨
سیامەند بارزانی: ٢٢٣

ش
شاخەوان نامیق (شوان): ١٦١
شاکر دووری (حاجی): ٢٣٩
شاکر مەحموود شوکری (لیوا ڕوکن): ٢١٤، ٢٣١، ٢٥٤
شامیل سامەڕایی (وەزیر): ٢٤٤
شاهین شێخۆ: ٩٤
شەریف عەبدوڵڵا کرکەمویی: ٦٧، ٨٣
شەریف گەردی: ٢٠٠
شەریف محەمەد کورەماری: ٦٣
شەفیق ئەحمەد ئاغا: ١٩٠، ٢٣٣، ٢٤٦
شەکیب ئاکرەیی: ٢٣٣
شەمسەدین مفتی: ٣٧، ١٧٣
شەوکەت ئیسماعیل: ٧٠
شەوکەت دەهان (دوکتۆر): ٢٥٧
شەوکەت ئاکرەیی: ١٠٤، ١٦٠، ١٨٩، ٢٤٦
شوکر عەبدال شێخکی: ٦٧
شیت سەرکیری: ١٣٨، ١٣٩

ع
عارف عەبدوڕەزاق (عەقید ڕوکنی باڵەفڕوان): ١٢٥، ٢٠٨، ٢٢٨
عەباس مامەند ئاغا: ٦٠، ٧٦، ٩٦، ١٥٦، ١٥٨، ١٦٢، ١٧٧، ١٨٦، ٢٠٥، ٢١١، ٢١٢
عەبدولئیلا نەسراوی: ٢٥٤
عەبدولباقی (مەلا): ١١٧
عەبدولجەبار دلێمی: ٢٥٩
عەبدولحوسێن فەیلی: ١٦١، ١٧٣
عەبدوڕەحمان (دوکتۆر): ١٧٤
عەبدوڕەحمان بەزاز: ٢٠٨، ٢١٣، ٢١٤، ٢٢٨، ٢٢٩، ٢٥٤
عەبدوڕەحمان بناقی: ٥٥، ١٣٠
عەبدوڕەحمان تکریتی (عەمید): ١١٧
عەبدوڕەحمان نۆڕک: ٨٩
عەبدوڕەحمان زەبیحی: ١٧٩
عەبدوڕەحمان سیری (شێخ): ٨٩
عەبدوڕەحمان عەبدولکەریم جاف (عەبدولکەریم نفوس): ١١٥
عەبدوڕەحمان: ٢٣٤
عەبدوڕەحمان قازی (عەقید): ١٨٧
عەبدوڕەحمان محەمەد عارف: ١٦١، ١٦٢، ٢١٤، ٢١٥، ٢٣١، ٢٣٢، ٢٥١
عەبدوڕەزاق سەید مەحموود (عەمید): ١٥٨، ١٦١
عەبدوڕەزاق نایف: ٢٣٦، ٢٥١، ٢٥٢
عەبدوسەلام محەمەد عارف: ١٠٣، ١٢١، ١٢٥، ١٤٤، ١٥١، ١٥٣، ١٥٧، ١٥٨، ١٥٩، ١٦٠، ١٩٥، ٢٠٤، ٢٠٨، ٢١٣، ٢١٤، ٢١٦، ٢٢٩، ٢٥٣
عەبدولعەزیز حەمید چەلەبی (عەمید): ١٥٦، ١٥٨
عەبدولعەزیز دووری (دوکتۆر): ١٠٥
عەبدولعەزیز سەید عەبدوڵڵا شەمزینی (سەید عەزیز): ١٦٧، ١٦٨، ١٧٥، ١٧٩
عەبدولعەزیز عوقەیلی (لیوا ڕوکن): ٢٠٩، ٢١٣، ٢١٤، ٢٥٤
عەبدولغەنی ڕاوی (عەقید): ١٠٣
عەبدولکافی نەبەوی (عەقید ڕوکن): ١١٦، ١٢٠، ١٢٧، ١٣٤، ١٣٥، ١٥٠، ١٥٥، ١٥٧، ١٥٨، ١٥٩، ١٦٩، ١٨٨
عەبدولکەریم فەرحان (عەمید ڕوکن): ١٢٥، ١٤٣، ٢٠٨، ٢٤٤، ٢٥٤
عەبدولکەریم قاسم: ١١، ١٢، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٤، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٤، ٤٥، ٥٥، ٥٧، ٦١، ٦٢، ٦٣، ٦٤، ٦٥، ٧٧، ٨٦، ١٠١،

١٠٢، ١٠٣، ١٠٧، ١١٠، ١٥٩، ٢٢٧، ٢٢٩
عەبدولکەریم هانی: ٢٥٤
عەبدوڵڵا ئیسماعیل (مەلا ماتۆڕ): ٩٦، ٩٨، ١٧٩، ٢٤٦
عەبدوڵڵا ئاغا پشدەری: ٨٨، ١٢٧، ١٣٢، ١٣٣، ١٩٩
عەبدوڵڵا حەسەن (عەقید): ٦٥
عەبدوڵڵا شەرەفانی: ٦٢
عەبدوڵڵا شێخ عەبدولقادر نەهری (سەید): ٢٤٥
عەبدوڵڵا عومەر حەمەڕەش: ٥٥
عەبدولمەجید ڕەشید: ١٢٢
عەبدولمونعیم مەسرەف (عەمید): ٢٢٨، ٢٤٣، ٢٤٤
عەبدولهادی ڕاوی (وەزیر): ٢٤٢، ٢٤٣
عەبدولوەهاب ئەترووشی: ٨٨، ٨٩، ١٨٠، ١٨١، ١٨٢، ١٨٧
عەبدولوەهاب ئاغا جندیان: ٧٧، ٨٥، ١٨١، ١٨٦
عەبدول سۆران: ١٨٢
عەریف دروێش: ٢٥٨
عەریف یاسین: ٦٧، ١٣٤، ١٤١
عەزیز حەمکۆ: ٢٤٥
عەزیز شەریف: ٢٤١، ٢٥٠
عەزیز شێخ یووسف: ٣٧، ٥٩
عەزیز ئاکرەیی (موقەدەم): ٨٢، ١١٦، ١٣٥، ١٦٩، ١٧٧، ١٧٩، ١٨٧، ١٨٨، ١٩٧، ٢٠٨، ٢٥٦
عەزیز محەمەد: ١١٠، ١١١، ١٦٦
عەزیز حاج: ١١١
عەگید سدیق ئامێدی: ١٦١، ١٨٩، ١٩٠
عەلی حەمدی: ١٧٩
عەلی حوسێن (دیکتاریۆڤ): ٨٨، ٢٤٧
عەلی حەمکۆ: ٢٤٥
عەلی حەیدەر سلێمان: ١٠٩، ٢٢٧
عەلی خەلیل خۆشەوی: ٦٧، ١١٦، ١٨٧
عەلی خورشید: ٦٣
عەلی سلێمان هوستانی: ١٣٨
عەلی سنجاری (شنگاری): ١٧١، ١٧٩، ٢٥٥
عەلی شەعبان: ٦٨، ٦٩، ٩٦، ١١٦، ١٨٧
عەلی سالح سەعدی: ١٠٣، ١٠٤، ١٥٣
عەلی سەبری: ٢٥٠
عەلی عامیری (عەمید): ٦٣
عەلی عەباس ئاغا: ٢٢٤
عەلی عەبدوڵڵا: ٤٠، ١٤٩، ١٧٢، ١٧٥، ١٧٩، ٢٠٥، ٢١٢، ٢٢٨، ٢٣٢، ٢٣٣
عەلی عەسکەری: ٣٧، ٤٩، ٧٨، ٧٩، ١٠٤، ١١٦، ١٤٩، ١٦٩، ١٧٩، ٢٠٥، ٢٢٤، ٢٢٦، ٢٢٧، ٢٤٦
عەلی مودەڕیسی (عەقید): ١٩١، ٢٠٧
عەلی هالۆ: ٣٧، ٦٧، ٩٤، ١٤٥
عوبەیدوڵڵا بارزانی: ٧١
عوبەیدوڵڵا کەمالی زادە (شێخ): ٧٧
عوزێر محەمەد دۆڵۆمەری: ٤٨، ٦٩، ١٣٩، ١٨٠، ١٨١
عوزێر محەمەد خەلانی: ٨٠
عومەر ئاغا دۆڵۆمەری: ٦٧، ١٢٦، ١٢٧، ١٣٠، ١٣٩، ١٦٩، ١٧٠، ١٩٩
عومەر بۆڵی (حاجی): ٢٠٣
عومەر خدر سوورچی (سەرچیا): ١٣٦
عومەر شەریف: ١٧٩، ٢٢٣
عومەر مستەفا محەمەدئەمین (دەبابە): ٣٦، ٣٧، ٤٠، ٥٩، ٧٦، ٧٨، ٨٠، ٨٢، ١٠٤، ١١٦، ١١٧، ١٣٢، ١٣٣، ١٤٩، ١٦٧، ١٦٨، ١٦٩، ١٧٢، ١٧٣، ١٧٦، ١٧٩، ١٨٥، ٢٠٥، ٢٢٤، ٢٢٦، ٢٢٧
عوسمان ئەحمەد بارزانی: ٤٥
عوسمان یووسف (عەریف عوسمان): ٣٥، ٢١٨، ٢٤٩
عوسمان ئاغا: ١٢٢
عیزەدین قەرە محەمەد: ٢٥٨
عیزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی: ١١٩، ١٣٤، ١٥٠، ١٩٩، ٢١٩
عیسا پیژمان (عەقید): ١٤٨، ١٦٥، ١٦٦، ١٧٣، ١٧٦، ١٧٧، ١٨٣، ١٩١
عیسا سوار: ٤٨، ٦٧، ٩٢، ٩٣، ٩٤، ٩٥، ١١٦، ١٤٥، ١٨٠، ١٨٧
عیسا شاوی (عەمید): ١٩٥
عیسا عەبدوڵڵا: ٦٣

غ
غازی حاجی مەلۆ: ٦٧، ٢٤٧
غازی داغستانی (لیوا ڕوکن): ٢٠٦
غەزالی میرخان ژاژوکی: ١٢٦

ف
فاتیح محەمەد بەگ: ١٧٩

فاخیر حەمەد ئاغا میرگەسۆری: ١٥٠، ١٩٩، ٢١٩، ٢٣٣، ٢٥٨، ٢٥٩
فارس باوە: ١٩٤، ٢٤٩، ٢٥٨، ٢٥٩
فارس کوورەمارکی: ٣٧، ٦٧، ٢١٨
فازڵ سۆرانی: ٨٨، ١٦٨، ١٨٢
فازڵ تاڵەبانی: ٨٨، ١٤٨، ١٦٨، ١٨٠، ١٨٢، ١٨٧
فازڵ عەباس مەهداوی: ١٠٣
فایق سامەڕایی: ١٠٥
فەتاح ئاغا محەمەد ئەمین: ١٨٠، ١٨٢
فەتاح ئاغا هەرکی: ٨٥
فەتاح ئەرگووشی: ١٤٣
فەتاح سەعید شاڵی (عەمید): ١٠٥، ١٧٤، ٢٤٢، ٢٤٣، ٢٤٤
فەتاح عەودالآن (شێخ): ٥٩
فەتاح فەرەج: ٢٢٣
فەرەنسۆ هەریری: ١٥٠، ٢٣٣، ٢٤٠
فەهد شاعیر (لیوا): ١٢٣، ١٤٤، ١٤٥، ٢٣٩
فەیسەڵ حەبیب خەیزەران: ١٠٥
فکری ئەحیاخان بێرۆخی: ١٤١، ٢٠٠
فوئاد جەلال (دوکتۆر): ١٧٩
فوئاد عارف (عەمید): ١٠٣، ١٠٤، ١٠٥، ١١٤، ١٧٤
فوئاد مەحمود جومعە: ٤٦
فوئاد مەعسوم: ١٧٥

ق
قادر جەباری: ٢٥٨
قادر مەحموود بەگ برادۆستی: ٨١
قاسم مفتی: ٢٥٤
قانیع (شاعیر): ١٨٣
قەحتان (ملازم): ٢٠١

ک
کازم بەرواری: ١٣٩، ١٤٢
کازم شوبەر (دوکتۆر): ٢٢٧، ٢٥٤
کامەران بەدرخان (میر): ٩٠، ٢٤٨
کامیل چادرچی: ٢٣٥
کامیل مەلا وەیسی: ٢٥٤، ٢٥٥
کەریم خان مەحموود بەگ برادۆستی: ٨١، ٨٤
کەریم قەرەنی: ١٠١
کەکشار: ٤٤
کەکۆ مێرگەسۆری: ٦٧، ١٣٤، ١٤١، ١٤٢
کەمال حەمەفەرەج ئەفەندی: ١٢١
کەمال عەبود: ٢٣٦
کەمال عەلی پیرۆت: ١٢٢
کەمال شێخ غەریب: ٨٨، ٨٩، ١٨٢
کەمال مستەفا عەلەمدار (لیوا ڕوکن): ١٤١، ٢٢٨، ٢٤٠، ٢٤٢، ٢٤٣، ٢٥٤
کەمال مفتی: ٨٨، ١٦٩، ٢٠٥، ٢٢٣، ٢٢٤
کەمال نوعمان سابت: ١١٩، ٢١٩، ٢٢١
کێلبراکن (لۆرد): ٢٦٧

ل
لاڤکە سوورچی: ١١٨
لەتیف شێخ مەحموود (شێخ): ١٧٨
لوقمان مەلا مستەفا بارزانی: ٤٢، ١١٩، ١٤١، ١٨٠

م
مارگرێت جۆرج: ٥٥
مەجید ئەحمەد شاباز: ١٥٠
مەجید سەبع (عەقید): ٩٢
مەجید عەلی: ١٧٤، ٢٢٧
مەجید گورگ: ٩٧، ٩٨
مەحموود بابان: ٢٠٦
مەحموود بەگ برادۆستی: ٨٤
مەحموود شڤان شانەدەری: ٧٣، ١٣٨، ١٦٩
مەحموود عەباس ئاغا: ٢٠٤
مەحموود عەبدوڕەزاق (عەمید): ٨٥، ٨٦
مەحموود عوسمان (دوکتۆر): ١٣٧، ١٧٩، ١٨٦، ٢٣٣
مەحموود عرێم (عەمید ڕوکن): ٢٣٩، ٢٤٠
مەحموود عەزیز (موقەدەم ڕوکن): ١٩٧
مەحموود کاوانی: ٣٧، ٧١، ٧٦، ٧٨، ٨٣
مەحموود بەگ گولی: ١٨٦
مەسعوود سادق برۆ: ٥٦
مەسعوود محەمەد: ١٥٨، ١٥٩، ١٩٠
مەلا عوسمان پڵنگان: ١٥٦
مەلا ئەمین: ٦٧، ١٣٤، ١٤١، ١٩٩، ٢١٩
مەلا سلێمان: ٧٠
مەلا شنی قرتاس بێداروونی: ١٢٦، ١٢٧، ١٣١

مەلکۆ زێرِو: ٢٢٣
مەنسوور پوور (جەنراڵ): ١٧٦
مەهدی مورتەزا (دوکتۆر): ٢٥٧
محەمەد ئەمین بۆڵی (حاجی): ٢٠٣
محەمەد ئەمین ئاغا نۆڕک: ٨٩
محەمەد ئەمین زێڕۆ: ١٣٩
محەمەد ئەمین فەرەج: ٢٠٥، ٢٢٣، ٢٢٤
محەمەد ئەمین ئاغا گربداغی: ١٥٧
محەمەد ئاغا مێرگەسۆری: ٤٣، ٤٥، ١١٦
محەمەد ئەمین میرخان مێرگەسۆری: ٣٩، ٤٣، ٤٨، ٦٣، ٦٧
محەمەد شێخ ڕەشید (حاجی): ٨٤
محەمەد حاجی تاهیر: ٧٩، ١٧٩
محەمەد خالید بارزانی (شێخ): ١٤٧، ٢٥٧
محەمەد دەروێش نادر: ١٩٨
محەمەد ڕەحیم: ٢٤٤
محەمەد ڕەزا شەبیبی: ١٠٥
محەمەد ڕەزا (شا): ١٦، ١٤٨، ١٦٥، ١٧٦، ١٧٧، ١٩١، ١٩٢، ٢٢٩
محەمەد سەعید ئەکرەم (ملازم): ٩١
محەمەد سەلیم نێروەیی: ٦٣
محەمەد سەید عەلی حافز: ٨٨، ١٦٨، ١٧٢، ١٨٠، ١٨٢
محەمەد شحادە: ١٢٠
محەمەد ساڵح مەحموود (وەزیر): ٢٢٧
محەمەد عارف جەزراوی: ١٥٤
محەمەد عەزیز قادر: ٢٣٣
محەمەد عەلی سەعید (عەمید ڕوکن): ٢٥٥
محەمەد عیسا سوار: ١٤٦
محەمەد مەحموود عەبدوڕەحمان (سامی): ١٣٩، ٢٣٢، ٢٣٣، ٢٥٨، ٢٥٩، ٢٦٠
محەمەد مستەفا: ٦٩
محەمەد مەهدی جەواهیری: ١٤٥
محەمەد نەجیب بەرواری: ١٥٠
محەمەد نووری خەلیل (لیوا ڕوکن): ٢٢٤، ٢٤٥
محەمەد هەرسین: ١٧٩
محێ ئاغا هەرکی: ٨٥
مریەم (دایکی عەبدوڵڵا عومەر حەمەڕەش): ٥٥
مستەفا ئەحمەد هوستانی: ١٣٨
مستەفا سێلکی: ١٤٦
مستەفا عەبدوڵڵا کرکەمویی: ٦٩، ٧٤، ١٤٢
مستەفا عەزیز: ١٦١
مستەفا قەرەداغی: ١٧٩، ١٨٦
مستەفا کرێکار: ١٧١
مستەفا نێروەیی: ٦٧، ١٣٤، ١٤١
مستەفا ئاغا وەڵاش: ٧٧
مستەفا حاجی ئەمین: ٢١٨
موحسین بەگ بەرواری: ٤٩
موحسین حەکیم (سەید): ٢٣٥
موحسین دزەیی: ٢٢٨، ٢٣٣، ٢٣٤، ٢٤٢، ٢٥٢
مورشید کاوانی: ٣٧، ١٩٥
مونزیر وەنداوی (نەقیبی باڵەفڕوان): ١١٢
میرخان بێداroونی: ١٣٩، ١٦٩
میرزا ئاغا ڕەشو مێرگەسۆری: ٣٨، ٣٩
میرکە خەیلانی: ٣٧
میرۆ عەبدوڕەحمان شێرۆکی: ١٤١، ١٦٩، ٢٠٠
میخائیل: ٢١٨

ن
ناجی تالیب: ١٠٩، ٢٢٩، ٢٤٢
ناجی بێرۆخی: ٢١٨
ناسکۆڤ: ٣١
نازم عاسی (شێخ): ٢٣٦، ٢٣٩، ٢٤٠، ٢٤٧
نازم گزار: ١١٢، ١١٣، ٢٥٤
نافیز جەلال حەوێزی: ١٦٩، ١٨٧، ٢٢٨، ٢٣٣، ٢٣٤، ٢٤٢
نامیق مستەفا بەگ: ١٢٢
ناهیدە شێخ سەلام: ١٧٢، ١٧٣
نەبی سەرئاسن: ٧٦
نەزیر شێخ ئەحمەد بارزانی: ١٤٧
نەزمی نێروەیی: ٤٧
نەژاد بێرۆخی: ٦٣
نەسرەت (شێخ): ٨٩
نەفەر هەنارەیی: ١١٩
نەوزاد خۆشناو: ١٦٨، ١٨٢، ٢٠٠
نوعمان عەلوان (ملازم خدر): ١٥٠، ١٩٩، ٢١٩، ٢٢١
نوعمان عیسا: ١٧٩
نوعمان ماهیر کەنعانی: ١١٢
نورەدین ئەتاسی: ٢٥٠

نورەدین واعیز: ٢٢٧
نووری (ڕائیدی باڵەفڕوان): ٢١٤
نووری ئەحمەد تەها: ١٧٥، ١٧٩، ٢٠٥، ٢١٢
نووری ڕەعناخان: ١٢٢
نووری سدیق شاوەیس: ١٤٩، ١٥٤، ١٥٥، ١٥٦، ١٥٨، ١٥٩، ١٦٥، ١٧٠، ١٧٢، ١٧٥، ١٧٩، ٢٠٥، ٢١٢، ٢٣٢، ٢٣٣
نووری مەلا حەکیم: ١٦٩، ١٨٠، ١٨٢
نووری مەلا مەعرووف (عەقید): ١٦٨، ١٦٩، ١٨٠، ١٨١، ١٨٢، ١٨٣، ١٨٧

هـ
هادی خەماس: ١٦٢
هاشم حەسەن ئاکرەیی: ١٧٣، ١٧٩، ١٩٠
هاشم مێرۆزی: ٩٤
هەژار موکریانی (عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی): ١٤٠، ١٩٥
هورمز مەلەک چەکۆ: ٦٧، ١٣٠، ١٣١

و
وەلی هەسنی: ٦٢
وەهبی (عەقید): ٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٤، ٧٨
وەیسی گرتک (مەلا): ١٥٠
وسو دزەیی (مام وسو): ٢٠٣، ٢١٨، ٢٢٣
ولیەم ڕۆجەرز: ٢٤١

ی
یاسین ساڵح: ١٢٢
یەدوڵڵا فەیلی (عەبدولکەریم): ١٧٩
یونس بیرێژی: ٢١٨

## پاشکۆی وڵات و شوێن و خێڵەکان

أ
ئاغجەلەر (ناحیە): ٩٣
ئاڤدەلی ڕۆمی (گرد): ٧٣
ئاڤاژێری (گەڕەک): ٤٤
ئاڤگەنی (گوند): ٩٢
ئاکۆ – ئاکۆیان (هۆز و ناوچە و گوند): ٣٧، ٧٦، ٨٢، ٩٦، ١٥٦، ٢١٦، ٢١٩
ئاکرێ (قەزا): ٣٩، ٦٥، ٩٣، ١١٦، ١٢٣، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٧، ١٨٧
ئالکە (گوند): ٦٩، ١٣٧
ئالووکە (گوند): ٤٩
ئامێدی – عەمادیە (قەزا): ٤٧، ٤٩، ١١٦، ١٤٤، ٢٢٥
ئەترووش (ناحیە): ٦٣
ئەزمڕ (شاخ): ١٩٨
ئەسپانیا: ١٢٤
ئەسپیندار (گوند): ٨٢
ئەڵمانیا: ٤٦، ١٤٥
ئوردون: ٢٠٦، ٢٣٩
ئورمانا (گوند): ٥٣
ئیسرائیل: ٢٣٩، ٢٤١، ٢٤٢، ٢٥٦
ئیسۆمەر (گوند): ١٣١
ئیشۆکری (گوند): ١٤٢
ئێران: ٢٠، ٢٣، ٢٩، ٣٧، ٤٠، ٧٤، ٧٨، ٨٠، ٨١، ٨٢، ٨٣، ٨٤، ٨٥، ٩٠، ١٠٦، ١١٤، ١١٧، ١٢٣، ١٢٤، ١٥٤، ١٦٥، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٨، ١٨٢، ١٨٣، ١٨٤، ١٨٥، ١٩١، ٢٠٥، ٢٣١، ٢٥٦
ئێزدی (تایەفە): ١٣٦

ب
بابەگوڕگوڕ (کێڵگەی نەوت): ٢٥٨، ٢٦١
باپشتیان (گوند): ٧٣
بادلیا (گوند): ٢٠١
بادینان (ناوچە): ٦٦، ٦٧، ٦٨، ٧١، ٧٢، ٧٣، ٨٢، ١١٦، ١٤٤، ١٧٨، ١٨٧، ٢٢٥
بارزان (گوند و ناوچە): ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٤، ٤٥، ٥٦، ٦١، ٦٦، ٧٣، ١١٩، ١٢٠، ١٢٢، ١٢٥، ١٢٦، ١٣١، ١٣٢، ١٣٤، ١٣٦، ١٣٨، ١٣٩، ١٤٠، ١٤٣، ١٤٤، ١٤٥، ١٤٧، ١٤٩، ١٥٠، ١٦٥، ١٧٠، ٢١٦، ٢٥٧، ٢٥٨
بارزانییەکان (هۆز): ٢٩، ٣٩، ٤٢، ٤٣، ٨٠، ٨٧، ١٤٣
بازیان (تەنگەبەر– نێوان کەرکووک و سلێمانی): ٣٢، ٣٦
باڵەک (ناوچە): ٧٣، ٧٤، ٧٥، ٧٦، ٧٧، ٧٨، ٨٢، ٨٨، ١١٦، ١٣٥، ١٥٠، ١٥٤، ١٩١، ١٩٩، ٢٠٨، ٢١٥، ٢١٦، ٢١٧، ٢١٨، ٢٢٣، ٢٢٤

باڵەکیان (گوند): ١٣٤
بالیسان (دۆڵ): ١١٦
باعەدرێ: ٦٣
بامەڕنی (گوند): ٦٢، ٦٤، ٦٥
بانە (گوند): ١٨٣
بەبانیا (هاوینەهەوار): ٣٨
بەربنیا (ناوچە): ٦٦، ٩٣
بەری خەزێنێ (پێگە): ١٣٧
بەردین (گوند): ١٣٥
بەرزێوە (ناوچە): ٧٦، ٢٣١
بەرسرین (گوند و پرد): ٧٥، ٧٦، ٧٨، ٢١٦
بەرواری (ناوچە و هۆز): ٤٧، ٤٩، ٥٣، ٥٥، ٥٦، ٦٥، ١٣٦
بەریتانیا: ٩٥، ١٢٤، ١٩٢، ٢٠٦، ٢٦١
بەرازگر – دەشتی بەرازگر (دەشت): ٨٥
بەری مەرگە (ناوچە): ٢٠٣
بەڕۆژ (ناوچە): ١٣٠
بەسرە: ١٠٢
بەغدا: ٣٠، ٣٩، ٤١، ٤٢، ٤٥، ٦٣، ٧١، ٨٦، ١٠١، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٨، ١١٤، ١١٥، ١٢٢، ١٢٣، ١٥١، ١٥٣، ١٥٤، ١٥٦، ١٥٨، ١٥٩، ١٦٣، ١٦٧، ١٧١، ١٧٤، ١٨٣، ١٨٤، ١٨٨، ١٩٠، ١٩٢، ١٩٨، ٢٠٨، ٢١١، ٢١٤، ٢٢٧، ٢٢٨، ٢٣٤، ٢٣٦، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٤٢، ٢٤٨، ٢٥٢، ٢٥٧
بەکرەجۆ (ناحیە): ٢٢٥، ٢٤٤، ٢٤٥، ٢٤٦
برادۆست (ناوچە و شاخ): ٧٣، ٧٥، ٨٠، ٨٢، ١١٦، ١٢٧، ١٣٦
برادۆستییەکان (سۆفی) (هۆز): ٤٢، ٧٥، ٧٨، ٨٣، ٨٥، ١٤١
بەمۆ (مۆڵگەی سەربازی): ٨٩
بەنی هەریر (چیا): ١٩٨
بلە (گوند): ١٢٦، ١٢٧، ١٣٧، ١٣٨
بناری سوورێن (ناوچە): ٨٩
بناری مامەندە (ناوچە): ٢٠٤
بناڤی (گوند): ١١٧
بنگرد (گوند): ١٧٥
بنە کاول: ٢١٦
بۆڵێ (گوند): ٢٠٤
بیتوێن: ٣٧، ٦٠، ١١٦
بیرکا ستری (هاوینەهەوار): ١٢٠
بیرە کەپرە (گوند): ١٤٤
بیێ (گوند): ٤٥
بێتواتە (گوند): ٩٦، ٩٧، ٩٨، ١٣٣، ١٨٧، ١٩٩
بێخمە – دۆڵی بێخمە (دۆڵ و ناوچە): ٦٦، ٧٠، ٧٣
بێداروون (گوند): ٤٤، ٦٩
بێدود (گوند): ٤١
بێشوک (گوند): ٧٧
بێشە (گوند): ٧٥
بێگۆڤا (گوند): ٤٩

پ

پاریس: ٢٤٨
پاکستان: ١٢٤
پشدەر (ناوچە): ٣٧، ٦٠، ٦٤، ٨٣، ٩٦، ٩٩، ١٣٣، ١٤٩، ١٨٧، ١٩١، ٢٢٣، ٢٢٤
پیران (شاخ و گوند): ٤١، ١٤١، ١٤٢
پیرانشەهر (شار): ٧٤
پیرانە ڕەش (گوند): ٩٨
پیرس (شاخ): ٣٩، ٤٠، ٤١، ٦٩، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٧، ١٢٨، ١٣٠، ١٣١، ١٣٦، ١٣٧، ١٤٤
پیرەمەگروون (شاخ): ١٩٦
پێنجوین (مەڵبەندی قەزا): ٨٩، ١١٦، ١٤٩، ١٨٠، ١٨٢، ١٨٣، ١٨٤، ١٩٧، ٢٠٧، ٢٠٨، ٢١١

ت

تاران: ٢٣، ١٥٤، ١٦٥، ١٧٧، ١٨٥، ٢٠٥، ٢١١
تاوەگۆزی (ناوچە و هۆز): ٨٩
تەڕوانش (گوند): ٤٩
تەقتەق (ناحیە): ٨٨، ٨٩، ١٣٢
تەل ئەبیب: ٢٤٢
تەلخێم (گوند): ١٢٠
تورکیا: ٤٩، ٨٢، ٨٤، ٨٥، ٩٠، ١٠٦، ١٢٣، ١٢٤، ١٤٤
تورکمان باغ (گوند): ٢٢٦
تۆپزاوە (گوند): ١١٦، ٢٢٧

ج

جافایەتی (دۆڵ): ١٩٦
جەزائیر: ٢٥٠

جنێڤ (شارێکی سویسرییە): ١٧

چ

چالی (هاوینەهەوار): ٣٢
چەمچەماڵ (قەزا): ١٩٤
چەمە (گوند و پرد): ١٤٢
چەمی ڕێزان (دۆڵ): ٣٧، ٥٩، ١٥١
چوارتا (قەزا): ٨٩، ١٨٢، ١٨٣، ١٨٤، ١٨٥، ١٩٨
چوارقوڕنە (ناحیە): ١٠٥، ١٠٨
چۆمان (قەزا): ٧٥
چۆم جیهان (گوند): ٤٧
چیکۆسلۆڤاکیا: ٢٢١
چیغەدەری (ناوچە): ٧٨
چیوێ (گوند): ١١٦

ح

حاجی ئۆمەران (ناحیە): ٧٤، ٧٦، ٩٠، ١٥٤، ١٧٤، ١٧٧، ١٧٨، ٢٠٣، ٢٠٥، ٢١٧، ٢٢٣، ٢٥٠
حافز (پرد): ٧٦
حەسەن بەگ (شاخ): ١٥٠
حەمرین (زنجیرە شاخ): ١٠٦
حەویجە (قەزا): ٢٣٦

خ

خاڵخاڵان (شاخ و تەنگەبەر): ٢٢٦
خانەقین (قەزا): ١٣، ٨٩، ٩٠، ١٠٩، ١١٥، ١١٦، ١٤٨، ١٨٢
خەلەکان (ناحیە): ١١، ٣٢، ٣٦، ١٣٣، ١٦٢
خەلیفان (ناحیە): ١١٧، ١١٨، ١٢٧، ١٣٤، ١٩٩، ٢٠١
خۆشناو (ناوچە و هۆز): ٧١، ٨٢، ٨٣، ٨٥، ٩٦

د

داروسەلام (گوند): ١٥٠
داشتانیە (گوند): ٤٩
دالآنپەڕ (شاخ. سێگۆشەی سنوور): ٨٤، ٩٠
دەربەند (گوند): ٢٢٣
دەربەندی کۆڕێ (تەنگەبەر): ١٣٤
دەربەندیخان (بەست و قەزا): ١٥٩، ١٦٠، ١٦١، ١٩٣
دەرگەڵە (گوند): ٢٠٠، ٢١٦
دەشتی هەریر (دەشتی حەریر): ١٣٤، ١٣٥
دەشتی هەولێر (دەشتی هەولێر): ٨٨، ١١٦، ١٢٠، ١٤٨، ١٩٤، ٢١٨، ٢٢٤، ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٤٩، ٢٥٩
دهۆک: ٣٦، ٣٧، ٥٧، ٦٧، ٩٣، ١١٦، ١٤٤، ١٨٧، ١٨٨، ٢٢٥
دووکان (بەست و ناحیە): ١١، ١٥٩، ١٦٠، ١٦١
دووگۆمان (گوند): ٩٩
دوویز (ناحیە): ٢٤٢، ٢٤٣
دۆرێ (گوند): ٤١، ٤٣، ١٤٠
دۆسکی (هۆز): ٥٥، ٥٦
دۆڵبالیز (گوند): ٧٥
دۆڵە ڕەقە (ناوچە): ٩٨، ١٥٦، ٢٠٥، ٢١١، ٢١٢
دۆڵە هوری (دۆڵ): ٣٠
دۆڵۆمەری (ناوچە و هۆز): ٤٣، ٨٧
دۆڵۆمەیدان (هاوینەهەوار): ٧٨
دۆڵی ئاکۆیان (دۆڵ): ٢١٦، ٢١٩
دۆڵی پیاو (دۆڵ): ١١٦
دۆڵی شەهیدان (دۆڵ): ٢٠٤
دۆڵی هیران (دۆڵ): ٨٢
دیانە (قەزا): ٨١، ٨٤، ١٩٩، ٢٠١، ٢٣١
دیجلە (ڕووبار): ٩٣، ٩٤
دیلمان (گوند): ١١١
دیمەشق: ٢٣٩، ٢٥٠
دینارتە (ناحیە): ١٣٠
دێگەڵە (ناحیە): ١٣٢
دێڵزیا (گوند): ٢٠١

ر

ڕانیە (قەزا): ١١٦، ١٣٣، ١٥٤، ١٥٦، ١٥٧، ١٦١، ١٦٢، ١٦٧، ١٦٩، ١٧٢، ١٧٤، ١٧٥، ١٧٦، ١٨٥، ٢٠٣
ڕاوەشان (گوند): ٩٠
ڕایات (گوند): ٧٥، ٧٦، ٧٧، ٧٨، ٧٩، ١٨١
ڕەبەنۆک (شاخ): ٢٠٠
ڕەژووکەریا (دۆڵ و گوند): ٧٦، ٨٢
ڕەشید (مۆڵگە): ٤٢
ڕەواندز (قەزا): ٣٩، ٤٣، ٤٥، ٧٣، ٧٥، ٧٦، ٧٧، ٧٨، ٨٤، ١١٦، ١٢٣، ١٥٠، ١٩٩، ٢٠٠، ٢٠١، ٢٠٢، ٢٠٣، ٢٣١، ٢٥٦

ڕێدار (ناحیە): ٢٥٩
ڕێزان (گوند، پرد، ناوچە): ٣٨، ٦٩، ١١٩، ١٣٧، ١٣٩
ڕێکان (هۆز): ٥٦

ز
زابی گەورە -زێی گەورە- (ڕووبار): ٤٩، ١٢٧
زاخۆ (قەزا): ١١، ١٣، ٣٧، ٦٧، ٨٤، ٩٠، ٩٢، ٩٣، ١١٥، ١١٦، ١٢٣، ١٤٤، ١٨٧
زاویتە (ناحیە): ٥٧، ٥٨، ٦١، ٦٤، ٨٧
زەمار (ناحیە): ١٠٩
زەنبوور (کێڵگەی نەوتی): ١٩٨
زۆزک (شاخ): ٧٤، ٨٢، ١٥٠، ٢١٥، ٢١٦، ٢١٨، ٢٢٢، ٢٢٣
زینەتیر: ١٩٨
زینوە (گوند): ٧٧
زینی شێخی (گوند): ١٥٤
زێبارییەکان (هۆز): ٤٢، ٦٥، ٦٦، ١٣٦
زێوە (گوند. ئۆردووگای پەنابەران): ١٩٦

ژ
ژاژڵە (گوند): ١٨٢

س
سارکێ (گوند): ٩٨
سەرتەک (مۆڵگەی سەربازی): ٨٩
سەرتیز (شاخ): ٢٠٠
سەردەشت (شار): ١١٧، ١٨٣
سەرزێری (گوند): ٤٩
سەرسەنگ (ناحیە): ٥٧، ٥٨، ٦٢، ٦٤، ٦٥، ١٢٣
سەرسیان (گوند): ١٨٠
سەرگەڵو (ناحیە): ١٨١
سەرمەیدان (گەڕەک لە شەقڵاوە): ١٩٥
سەروچاوە (گوند): ٩٦، ١٥٥
سەریاخیان (گوند): ١٩٦
سەری ئاکرێ (شاخ): ٣٩، ٦٦، ٩٣، ١٢٦
سەری ئاماد (شاخ): ٦٩
سەری باعەدرێ (شاخ): ٦٣
سەری بەرد (شاخ): ٧٥، ٨٣، ٨٤
سەری سادە (شاخ): ١٢٧
سەفتی (گوند): ١٢٧
سەفرە (دۆڵ): ١٨٤
سەفین (شاخ): ٣٥، ٣٧، ٧١، ٨٢، ٩٣، ١١٦، ١٨٧، ١٩٣، ١٩٤، ١٩٥، ٢١٨
سەنگەسەر (ناحیە): ١٥٦، ١٦١، ١٦٧، ١٦٨، ١٧١، ٢٢٦
سەیدان (گوند): ٤٥، ٤٦، ٤٧
سپیلک (ناوچە و پارێزی سەربازی): ٧٣، ١١٦، ١١٨، ١٢٠، ١٢٧، ١٣٤، ١٣٥، ١٣٦، ٢٣١، ٢٥٦
سرێشمە (گوند): ١١٧، ١١٨، ١١٩، ١٥٠
سلێمانی: ١١، ٣٢، ٣٦، ٣٧، ٥٩، ٧١، ٨٨، ١٢١، ١٥٥، ١٦٩، ١٨٥، ١٨٧، ١٨٨، ٢٤٣، ٢٤٤، ٢٤٥
سندی (هۆز): ٥٥، ٥٦
سنجار - شنگار (قەزا): ١٠٩
سنندج - سنە (شار): ١٦٥
سوسناڤا (گوند): ١٣٢
سوورانکێ (گوند): ٧٣، ٧٤
سوورچییەکان (هۆز و ناوچە): ٤٢، ٦٦، ١١٨، ١٣١، ١٣٢، ١٣٦، ١٤١
سوورداش (ناحیە): ٩٣، ١١٦
سووریا: ٤٦، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦، ١١٣، ١٢٣، ١٤٤، ١٤٦، ١٩٢، ٢٣٩، ٢٥٠، ٢٥٦
سۆران (ناوچە): ٦٧، ٧٢، ٧٣، ٧٦، ٨٨، ١١٦، ١٧٨، ١٨٠، ١٨٣
سیدەکان (ناحیە): ٤٣، ٧٥، ٨٠، ٨١، ٨٢، ٨٣، ١١٦
سینا: ٢٣٩
سیوەیل (ناوچە): ١٨٢، ١٨٣
سێلکێ (گوند): ٣٠

ش
شارباژێر (ناوچە): ٨٣، ٨٨، ٨٩، ٩٣، ١١٦
شارەزوور (ناوچە): ١١٦
شانیک (کانی): ١٣٧
شەرەفانی (ناوچە، هۆز): ٦٢، ١٣٦
شەرموشێخ (بەندەری میسری): ٢٣٩
شەرمن (ناوچە): ١٣٠
شەقڵاوە (قەزا): ١٣٤، ١٩٥
شەمێران (ناوچە. هۆز): ٨٩
شەهیا (گوند): ٦٤

شلێر (ناوچە): ٨٨، ٨٩، ١٨٣، ٢٠٧
شوان (هۆز و ناوچە): ٨٨، ١١٦، ١٤٨، ١٥١، ١٦٩
شووش (گوند): ١٢٧، ١٣٠، ١٣١
شیرین (شاخ): ٣٠، ٣٢، ٣٨، ٤٥، ١٢٠، ١٣٠
شێخان (قەزا): ٦٧، ١١٦، ١٤٠، ١٨٧، ٢٤٧
شێخ بزەینی (هۆز وناوچە): ٨٨
شێروان (ناحیە): ١٤٣
شێروانی (هۆز): ٤٣

ع
عەودالآن (گوند): ٥٩، ٨٨
عەین زالە: ٩٣، ٩٤، ٩٥
عوبێد (خێڵ): ٢٣٩
عیساوی (گوند): ١٨٢

ف
فەرەنسە: ٢٤٨
فوراتی ناوەڕاست (ناوچە): ٤١

ق
قامیش (گوند): ١٨١
قاهیرە: ١٠٥، ١١٤، ١٢٢، ٢٠٨، ٢٤١، ٢٥٠
قەلآدزە (شار): ٩٨، ١٠٣، ١١٦، ١٥٧، ١٦٧، ١٦٨، ١٧٩، ١٨٣، ١٨٥، ٢٠٤، ٢٢٦
قەسری شیرین: ٨٤
قەرەداغ (شاخ و ناوچە): ١٦٩، ١٨٧، ١٩٦، ١٩٧، ٢٠٥، ٢٢٣، ٢٢٤، ٢٥٤، ٢٥٥
قەلآتوکە (گوند): ١٧٥

ک
کانیا تۆزی (سەروچاوەی ئاو): ٧٠
کانیا کێندەلا (سەروچاوەی ئاو): ٧٤
کانی بۆت (گوند): ٤٥
کانی توو (گوند): ١٨٠
کانی چنار (سەروچاوەی ئاو): ٧٠
کانی سماق (گوند): ٢٣٧
کانی ماسی (ناوەندی ناحیە): ٤٩، ٥٣
کایسە (لوتکە شاخ): ١٩٥
کەپکە قەل (لوتکە شاخ): ٢٠١
کەرکووک: ١١، ١٩، ٣٦، ٨٦، ٨٨، ٩٣، ١٠٩، ١٢٤، ١٣٢، ١٤٩، ١٨٧، ١٨٨، ١٩٦، ٢١٥، ٢٣٥، ٢٤٦، ٢٥٥، ٢٥٨
کەلار (ناوەندی قەزا): ٢٢٥
کەلەکین (گوند): ١١٨
کرێملین: ٣٠
کوڕکوڕ (شاخ): ١٨٠
کولانەدەرە: ١٤٢
کوێت: ٢٥٤
کۆچەر (هۆز): ١٣٦
کۆدۆ (هاوینەهەوار. شاخ): ٢٠٣
کۆڕەک (شاخ): ١٣٦، ١٩٩، ٢٠١، ٢٠٢
کۆسپە سپی (ئەشکەوت): ٢٠٠
کۆیە (قەزا): ١٠٧، ١٠٨، ١١٥، ١١٦، ١١٧، ١٣٢، ٢٤٩
کێلەشین (شاخ): ٨٤
کێوەڕەش (شاخ): ٢٠٣، ٢٠٤

گ
گەردی (هۆز): ٤٣
گەرمیان (ناوچە): ٨٨، ١١٦، ١٦٩، ٢٠٥، ٢٢٤
گەرووی عومەر ئاغا (تەنگەبەر. شاخ): ٢٠٠، ٢٠١، ٢١٨، ٢٢٢
گەزنە (گوند): ١٥٠
گەلی بە دران (دۆڵ): ٢٠٤
گەلی دەلآش (دۆڵ): ١٣٦
گەلی زەنتە (دۆڵ): ١٢٧
گەلی عەلی بەگ (تەنگەبەر. شاخ): ١٢٧، ١٣٦، ١٩٩، ٢٠١
گەلآڵە (ناحیە): ٧٥، ٧٦، ١٥٠، ١٥٥، ٢١١، ٢١٤، ٢١٦، ٢١٧، ٢٢٢، ٢٢٣، ٢٢٧، ٢٣١، ٢٣٢، ٢٣٧، ٢٤٠، ٢٥٥، ٢٥٧، ٢٥٩
گەلآڵە (گوند): ١٨١
گەناو (گوند): ١٨٣
گربداغ (گوند): ١٥٧
گرتک (گوند): ١٥٠
گردی سەیوان (گۆڕستان): ١٢٢
گلی (هۆز): ٣٧، ٥٥، ٥٦
گڵە زەرد (گوند): ٢٤٧
گۆران (هۆز): ٤٧، ١٣٦

ل
لاهای: ١٧
لەندن: ١٧٠
لبنان: ٢٣
لۆلان (گوند): ٧٨
لێرەبیر (گوند): ٤١، ٤٣، ١٤٠، ١٤٢

م
ماخۆیزنان (گوند): ٢٠٤
ماوەت (ناحیە): ٥٩، ٨٩، ١١٠، ١٦٧، ١٦٩، ١٧٠، ١٧١، ١٧٣، ١٧٤، ١٧٥، ١٧٨، ١٨٠، ١٨١، ١٨٢، ١٨٣
مەتین (شاخ): ١٤٤، ١٤٥
مەرگە (ناوچە): ١٧٥، ٢٢٤
مەزنە (ناحیە): ٩١
مەزنێ (گوند): ٣٩
مەغریب: ٢٠٨
مەقلووب (چیا): ١٤٢
مەندان (بوار، معبر): ٧٣
مەنگۆلیا: ١٢٥
مەهاباد (شار): ٦٨، ١١٧، ١٩١
مرێبا (گوند): ٦٢
مزووری (خێڵ و ناوچە): ٤٧، ٦٥
ملتۆکر (مۆڵگە): ١٩٩، ٢٠١
ملان (زنجیرە تەپۆلکە): ١٣٨
مهاجیر (خێڵ): ٨١، ٨٣
مووسڵ: ٦٣، ١٢٣، ١٢٤، ١٦٣، ١٨٨، ٢١٥
مۆسکۆ: ٣٠، ٣١، ١٢٤، ٢١٤، ٢٥٠
میراودەلی (هۆز): ٩٨، ٩٩، ١٣٣، ١٥٧، ٢٠٤، ٢٢٤
میراوە (گوند): ١٣٤
میۆنیخ: ١٤٥
میسر: ١٠٥، ١١٣، ١٢٢، ٢٠٨، ٢٣٩، ٢٤١، ٢٥٦
مێرگە (گوند): ٤١
مێرگەسۆر (ناحیە): ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٤٨، ٦٨، ٧٨، ٨١، ١٢٥، ١٢٧، ١٣٣، ١٤٠، ١٤٢، ١٤٣

ن
ناڵپارێز (ناحیە): ٨٩
ناودەشت (ناوچە): ٢٠٤، ٢٠٧
ناوکێلەکان (گوند): ٧٦، ١٥٥
ناورۆیین (گوند و دۆڵ): ٧٥
نەجەف: ٢٣٥
نەهلە (ناوچە و دۆڵ): ٣٩، ٦٥، ٦٦، ٦٩، ٧٦، ١٢٦
نەورۆڵی (هۆز و ناوچە): ٨٩
نزار (ناوچە): ١٣٠
نێروە (ناوچە): ٤٧
نێروەیی (هۆز): ٤٧، ٤٩، ٥٦، ٦٦، ٧٥

هـ
هاملتۆن (ڕێگا): ٧٤، ٧٦، ٨٢، ٢١٥
هاودیان (گوند): ١١٦، ١٣٦
هەرکی (هۆز): ٤٢، ٧٨، ٨٣، ٨٥، ١٣٦، ١٤١
هەڕن (گوند): ١٣١
هەڵەبجە (ناوچە): ١٨٢
هەڵشۆ (گوند): ٢٠٤
هەڵگورد (شاخ): ٧٨
هەمەدان (شار): ١٨٠، ١٨٥
هەمەوەندی (خێڵ): ٨٨
هەندرێن (شاخ): ٧٤، ٨٢، ٩٣، ١١١، ١٥٠، ٢٠٠، ٢١٥، ٢١٦، ٢١٧، ٢١٩، ٢٢١، ٢٢٣
هەنارە (گوند): ١١٩
هەولێر: ٣١، ٣٥، ٣٧، ٤٢، ٧١، ٧٥، ٨١، ٨٤، ٨٥، ٨٨، ١٢٢، ١٣٢، ١٤٦،س ١٨٧، ١٨٨، ٢٣١، ٢٤٥، ٢٤٦
هەورامان (ناوچە): ٨٩
هەیبەت سوڵتان (شاخ): ١٣٢، ١٣٤، ١٤٩
هوستان (گوند): ١٤٠
هوڕنی باڵەکی (هاوینەهەوار): ٧٨
هیند: ١٨٩
هیران (ناحیە): ٨٢
هێرۆ (گوند): ١٨٣

و
وەرتێ (گوند – دۆڵ): ٨٢
وشە کەلی (هاوینەهەوار): ١١٩
وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا: ٩٠، ١٥٤

ی

یەکێتی سۆڤیەت: ١٤، ٢٤، ٢٩، ٣٠، ٤٦، ٦٨، ٨٠، ١١١، ١٢٤، ١٢٥، ١٤٦، ١٩٢، ٢٥٠